

تابلۆ: جیریکۆلد - فەرەنسا

# RAMAN

Sep.2005
Issue, No.100

# ڕامان
**100**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات
خولی دووەم - ساڵی دەیەم
ئەیلوول/ **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی**
www.raman-media.net

**فاکسی نێودەوڵەتی**
00448701358681

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٢٢٢٨٥٠٦ - ٤٤٩٤٦٦٢

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(٧٥٠) دینار

# ناوەڕۆک


- **پێڕست** 2
- **سەروتار**
  - ڕامان ژمارە (١٠٠)ی دەرچوو...... سەرنووسەر 3
- **لێکۆڵینەوە**
  - نالی و فەلسەفە...... د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود 4
  - ترسی مردن و ئەفسانەی ئاوی حەیات لە شیعری...... عەتا قەرەداغی 16
  - دوانەکانی سۆسێر...... سەلام ناوخۆش 29
  - بۆچی لە پاش کۆمۆنیزم فێمێنیزم نییە؟...... و/ لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح غەفوور 35
- **ڕەخنە**
  - هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی چامەی (ژێ)...... حەمە کاکەڕەش 45
- **چاوپێکەوتن**
  - چاوپێکەوتنێکی فراوان لەگەڵ بەڕێز (غەریب پشدەری)...... ئا: ئازاد عەبدولواحید 51
- **دیمانە**
  - دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز (حوسێن کورد نەژاد)...... ئا: مەحموود شێرزاد 67
- **فەلسەفە**
  - فەلسەفە و ئەدەب و هونەر یەکڕەنگی و دووڕەنگی و فرەڕەنگی...... د. حەمید عەزیز 69
- **دەروونزانی**
  - کارکردن و نەخۆشییە دەروونییەکان...... زەیتۆ شێخانی 92
- **هزر**
  - هیگڵ و مێژووگەرایی......و/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل 95
- **بیروڕا**
  - شیعر بۆ چێژ و جوانی...... سەباح ڕەنجدەر 105
- **مێژوو**
  - ئەمیر کەبیر و کوردبوونی...... حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور 111
- **وتار**
  - بۆچی پەخشان بە کوردی نەنووسراوە؟...... د. فەرهاد پیرباڵ 116
  - ڕۆشنبیر و دەسەڵات...... ڕابەر تەڵعەت 119
- **شیعر**
  - یەکەم دوایار...... دڵشاد عەبدوڵڵا 122
  - کاممان خەتابارین...... کەژاڵ ئیبراهیم خدر 124
  - تەڤ چاڤێن هە...... درباس مستەفا 126
  - شنەبایە ڕەشپۆشەکان...... خولیا حوسێن 128
  - فەرامۆشی...... کولسووم عوسمانپوور 130
- **شیعری بیانی**
  - مەملەکەتی سێبەر...... و/ لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا 132
- **چیرۆک**
  - پیاوە بەردینەی ڕەنگ قەزوانی...... تەها ئەحمەد ڕەسووڵ 134
  - باژێری خەونان...... نەفیسا ئیسماعیل 140
  - گەشتی مەرگ...... گزنگ ئەسعەد هۆرمزی 142
- **شانۆنامە**
  - هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە...... گەزیزە 149
- **شێوەکاری**
  - نیگارکێشان بە ڕەنگی ئەکریلیک...... وەهبی ڕەسووڵ 158
- **سینەما**
  - هەندێ لە سیفاتەکانی فیلمسازی...... ئا: کامەران حاجی ئەلیاس 166
- **ڕەخنەی شانۆیی**
  - «میوانی ئەم ئێوارەیە»ی گەزیزە...... حەیدەر عەبدولڕەحمان 170
- **کتێب**
  - یەکەمین مامۆستا...... لێدوانی: جەبار سابیر 174
  - ڕۆژی کورد...... لێدوانی: ئازاد عوبێد 177
  - لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی...... لێدوانی: جوان حوسێن 182
  - هەولێر لە سەردەمە جیاجیاکاندا...... لێدوانی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا 185
- **پانۆراما**
  - ڕێبەری ئیندێکسی گۆڤاری ڕامان و ژمارە تایبەتی و دۆسییەکانی...... شوان سلێمان یابە 188
- **نامە**
  - نامەیەکی د. حەمید عەزیز...... ئا: ڕامان 192
- **تیراژ**...... 193
- **دواپەنجەرە**
  - بە مێژووگێڕانی ئەدەب، یان بە ئەدەب گێڕانی مێژوو...... نیگار نادر 208

### لە پەراوێزی کولتوورەوە

# ڕامان ژمارە (100)ی دەرچوو.. کاروانەکەش هەر بەردەوامە

**سەرنووسەر**

* بەدەرچوونی ئەم ژمارەیەی بەردەستمان، گۆڤاری (ڕامان) لە تەمەنی پتر لە دە ساڵی خۆیدا (100) ژمارەی لەماوەی سەد مانگی پشوودرێژی و کاری بەردەوام تێپەڕاند کە لە داهاتوودا بۆ ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان دەبێتە جێگەی بایەخ و لەسەر ڕاوەستان، وەک چۆن ئێستاش جێگەی بایەخ و لەسەر نووسینی لێتوێژەرەوانە، جێی خۆیەتی ئێمەش ئەم ژمارەیە بکەینە وێستگەیەک بۆ (بەخۆداچوونەوە)، کە لە دوو خولی جیاوازدا کاری بۆ کراوە تا بتوانین لە ژمارەکانی دادێ کەموکوڕی و کەلێنەکانی نەهێڵین و لە ئێستا تۆکمەتر و جوانتری بکەین.

* لە ماوەی تەمەنی ئەم گۆڤارەدا بێجگە لەو (11) مانگەی بە دەر لە دەسەڵات و ئیرادەی ئێمە کە (ڕامان)ی تێدا وەستا، لە دوو توێی لاپەرەکانی ئەو (100) ژمارەیەدا کە بەهەزاران لاپەڕە دەبێ، جێگەی شانازیمانە ئەگەر توانیبێتمان قولنچکێکی کتێبخانەی کوردی پڕ بکەینەوە و بەشداربوویەکی بچووکیش بووبین لە شڵەقاندنی گۆمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیمان کە لەساڵانی دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتیش لە کاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆ تووشی ببوو. لەو لاپەڕانەدا بەدەیان و سەدان نووسەری هەر چوار پارچەکەی کوردستان و بەشێکی زۆری نووسەر و هونەرمەندانی کورد لە هەندەران، بەجیاوازی تەمەن و ئەزموون و بیروبۆچوون و پەیڕەوکردنی ڕێبازی ئەدەبی و جیاوازی ئایدیۆلۆژییانەوە بەشدارییان تێدا کردووە.

* ئێمە هەر لە دەرچوونی ژمارە (1)ی ئەو گۆڤارەمانەوە ئەوەمان کردووەتە عادەت کە بارەگا خاکییەکەی (ڕامان)مان کردووەتە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری کارا بۆ کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران کە لە هەموو لایەکەوە دێنە لامان، هەمیشە گوێمان لە پێشنیارەکانیان گرتووە. ئەمڕۆکە لە پاش ئەو تەمەنە، (ڕامان) کۆمەڵێ داوونەریتی بۆ ڕۆژنامەگەری ڕۆشنبیریی داڕشتووە، هەر ئەوەش کردوویەتی بە ڕووگەی نووسەران و ڕۆشنبیران کە ڕۆژانە لە هەموو لایەکی کوردستانی گەورە و لە دەرەوەی کوردستانیشدا بەسەرمان دەکەنەوە و هەواڵی (ڕامان)مان لێ دەپرسن، ئێمەش ئەو بەسەرکردنەوەیەی بارەگای (ڕامان)مان بە هەل و دەرفەت زانیوە بۆ ئەوەی بیکەینە وەرشەیەکی بیروڕا گۆڕینەوە و ڕاپرسین سەبارەت بە هەر شتێ کە پێوەندیی بە (ڕامان)ەوە هەبێ.

* ئێمە نەمانوتووە و ناشڵێین لەم کار و پڕۆژە ڕۆشنبیرییەماندا کارێکمان کردووە سەد لەسەد هەموو زەوق و ئاست و و میزاجەکانمان تێر کردووە، چونکە ئەوە کارێکە لەجێبەجێ کردن نایەت، بەتایبەتیش بۆ بوارێکی حەساس و گرنگی وەک بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کە بەردەوام لە هەموو ڕۆژێکدا وەک جیوە گۆڕانکارییەک بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەتی لە (خولی یەکەم)دا کارەکانمان زۆر مۆرکی پێشمەرگانەی پێوە دیار بوو، چونکە وەک پێشمەرگە کارمان دەکرد، بەڵام گرنگترین شتی لەلای ئێمە کە دڵی خۆمانی پێ خۆش دەکەین ئەوەیە هەردەم خۆمان بە (ئەزموونگەر) لە کاری ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری دەزانین و لە حاڵەتێکی ئەزموونگەریدایین، چونکە دڵنیاین ئەوەی دوێنێ کردوومانە لەوانەیە پێداویستییەکانی ئەمڕۆی پێ تێر نەکرێ، دەمانەوێ بۆ (بەیانی)یش هەر بەو تێڕوانین و نەفەس و شێوازەوە کار بکەین.

* ئێمە هەر لە سەرەتای کارکردنمانەوە دروشمەکەی (ئارسەر ڕامبۆ)مان بەرز کردەوە کە دەڵێ: «پێویستە هەمیشە و بۆ هەتا هەتایە نوێخوازبین»، بۆیە ژمارە لە دوای ژمارە هەست دەکەین لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی نوێدایین و ئەو دروشمەمان زیاتر لەلا بەرجەستە دەبێ کە تا ئێستا پێڕەومان لێ کردووە، کارێکیشمان نەکردووە هیچ گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەک، یان بڵاوکراوەیەک یان تەنانەت کەسێک هەبێ موزایەدە یان فشە موزایەدەی (نوێخواز)یمان بەسەرەوە بکەن، واتە هەموو کات لە ڕاماندا موغامەرەی فۆرمالیزم و تەکنیکی نوێ و داهێنانی گەنجانە و بیروبۆچوون و تەرحی ئازایانە و بوێرانە هەبووە و کردوومانە بە بەشێک لە بەرنامەی کاری خۆمان و شوناسی گۆڤارەکەمان، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە ڕێگەمان دابێ پشیلەمان بە کەروێشک پێ بفرۆشن.

* ئەگەرچی لە (ڕامان)دا هەر لەسەرەتاوە هەوڵمان داوە دوو نەوە و نەسلی جیاواز و بگرە زیاتر کۆ بکەینەوە، بەڵام هیچ کاتێک نەسلێک لەسەر حیسابی نەسلەکەی دیکە بایەخی پێنەدراوە، لەگەڵ ئەوەشەوە (ڕامان) گۆڤارێکی جەماوەری نەبووە و خۆی بەوە هەڵنەداوەتەوە، ئەگەر شەعبیەتیشی هەبووبێ زیاتر لەناو خوێندەواران و توێژی ڕۆشنبیران و دەستەبژێران و داهێنەران بووە، خۆ ئەگەر لەدەرەوەی ئەو بازنەیە توانیبێتی خوێنەر بۆ خۆی دروست بکات و کەسانی دیکەش بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، ئەوە هەرگیز لەسەر حیسابی ئاستی خۆی نەبووە و قەت نەیهێشتووە پشتی بەر ئەرز بکەوێ، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە داوای لێکراوە ببێتە گۆڤارێکی ساکار و سەرپێیی، لەو داوا و پاڵەپەستۆیانە خۆی ڕاپسکاندووە و لەسەر نەهجی خۆی بەردەوام بووە.

* کۆڵەگەیەکی گرنگی دیکە کە (ڕامان)ی لەسەر وەستاوە (ڕاستگۆییە) لەکارکردن و هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ ڕۆشنبیران و نووسەران، کە پێمان وایە بەبێ (ڕاستگۆیی) کاری ڕۆشنبیری جوان و سەرکەوتوو ناکرێ، هەروەک چۆن دۆستایەتی دێرین و لە مێژینەی ئێمە لەگەڵ نووسەران پرد و ڕایەڵی زۆری بۆ گۆڤارەکە دروست کردووە، بەڵام لەوەشدا نەمانهێشتووە دۆستایەتی ببێتە هۆی (لاوازی) ناوەرۆکی کارەکانمان، بگرە وەک دەسمایەیەک بۆ دەوڵەمەند کردنی گۆڤارەکە بەکارمان هێناوە و لەسەر حیسابی ئاستی گۆڤارەکە نەبووە.

* جێی خۆشحاڵییە بۆ ئێمە کە (ڕامان)مان لەسەرەتاوە تا ئێستا لە موهاتەرات و دەمشڕی و بوختان بە یەکتر کردن و دەمەوەری و وەڵام و دژە وەڵام پاراستووە و بەم کارانەی بە ناوی ڕەخنەوە مێشکی خوێنەرانمان سەرقاڵ نەکردووە تا لەسەر ئەو لاپەڕانەدا تەسفییەی حیسابات لەگەڵ یەکتر نەکرێ، کە ئەوەش ڕێچکە و شێوازی کارکردنمان بووبێ، واتە ڕق و کینە و تۆڵە سەندنەوەو گرووپ و گرووپکاری لە کاری ئێمەدا زۆر دوور بووە کە ئەمڕۆ بەسەرنجدانێکی خێرا هەست دەکەین ڕۆژنامەگەری کوردی تەژییە لەو جۆرە شێوازەی کارکردن، کەواتە دروشمێکی دیکەی (ڕامان) (خۆشەویستی)یە و هەرگیز بەبێ خۆشەویستی کاری ڕۆشنبیری ناکرێ.

* لە (ڕامان)دا چ لە ڕابردوو و چ لە داهاتوودا بەردەوام دەبین لە ئیلتیزام کردن بەو بەرنامە و ڕێچکە و ڕێبازەی هەیبووە، ئەو بەرپرسیارێتییەی کەوتووەتە سەرشانی بۆ لەمەولاش هەمان پەیام و بەرپرسیاریی دەگرینە ئەستۆی خۆمان، لەگەڵ هەوڵی بەردەوام بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانمان کە زۆرتر یەخەی خودی نووسەران و ڕۆشنبیران خۆیان دەگرێتەوە کە ئەویش لاوازیی بەدواداچوونی ڕەخنەیە سەبارەت بە کار و بەرهەمە ئیبداعییەکان و گرفتەکانی ژیانی ڕۆشنبیریمان، ئەوەش لە ڕێگەی دیالۆگێکی هاوشانەوە لەنێوان (ڕەخنە) و (داهێنان)دا دێتە دی تا لە ئان و ساتی خۆیدا فەرامۆش و پشتگوێ نەخرێ، بۆیە ئەو داهێنانەی هەمانە لە کاتی خۆیدا کاریگەری و تەئسیری نابێ و هیچ ئاسەوارێک لە پاش خۆی بەجێ ناهێڵێ، کە بەرهەمە ئیبداعییەکان نەدرەوشانەوە خوێنەریشی نابێ و زوو دەپووچێتەوە، بۆیە پێویستە ئەوەی هەموو لایەکمان ناوی دەنێین (داهێنان) خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ تا ئەو دیالۆگە بخولقێ.

* ئێمە لە (ڕامان)دا وەنەبێ هەوڵمان نەدابێ خۆ بناسین، تا بزانین چ دەکرێ و پێویستە چی بکەین؟ چونکە دەزانین وەک زۆر بواری دیکە ئێمەش بە پێوەری ناڕاست و دروست و بێ ویژدانانە لە مەنگەنەمان دەدەن، ڕەخنەی بێ سەروبەر و دوور لە بنەما و پێوەر، واتە میزاجییەت کە بە دەردی (باوکەکە و کوڕەکە و کەرەکە)ی لێ بەسەر هاتووە، واتە هەرچۆنێک و بە هەر شێوازێک کار بکەی، هێشتا کەسانێک دەمێننەوە ئەوەی کردووتە بە دڵیان نییە و بە قسەی سەر تەنوور کارەکان ناشیرین دەکەن، بەڵام دەنگی نەشاز دیارە کە ڕق و کینە لە دڵی هەندێ کەس وا دەکا بەرچاویان تاریک بێ و هیچ شتێ بە جوان نەبینن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە و مایەی سەربەرزییە ئەوەیە کارەکەمان ئیجماعێکی لەسەرە کە پێی وایە پرۆژەیەکە جێگەی خۆی گرتووە و شایەنی ڕێز و بەردەوام بوون و پشتگیری لێکردنە.

* وەنەبێ خەون و خولیا و ئاواتەکانی ئێمەش لە سنوورێکدا قەتیس بووبێ، وەک چۆن پێشتریش لەبەردەم هەر ژمارەیەکی نوێدا خۆمان بۆ لە دایکبوونەوەیەکی نوێ ئامادە دەکەین، ئێشتاش هەر بەو شێوەیە لە ژمارەکانی دادێ زیاتر بایەخ بە ناوەرۆکی گۆڤارەکە و تۆکمەکردن و بەهێزکردنی دەدەین، هەروەها لەسەر لایەنی هونەری و تەکنیکی و نەخشەسازییەکەی ڕادەوەستین، هیواداریشین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشەی (چاپخانە) و گرفتی (دابەشکردن)یش بە چارەسەرکردن بگەن.

* بێگومانم وەک هەموو لایەکیش دەزانن کاری ڕۆژنامەوانی کارێکی ڕۆتینی و وەزیفی نییە، ئەوەندەی کارێکە عیشق و خۆشەویستی گەرەکە، وردەکاری و دیقەت و پشوودرێژی دەوێ، زۆر بەکاری زەڕەنگەری دەشوبهێ کە نەخشێکی وردە لەسەر پانتاییەکی بچووک کە بە دەست بینەخشێنی، واتە تەقەڵی درشت قەبووڵ ناکات، ئێمە لە کاری خۆماندا لە (ڕامان) هیچمان نەکردبێ هەوڵمان داوە ئەو نووسەرانەی بەرهەمەکانیان بۆمان دەنێرن بەوە دڵیان خۆش بکەین کە بە پاکی و دوور لە هەڵە نووسینەکانیان بۆ بڵاو بکەینەوە و بە باشی (ئەدای) بکەین، هیچمان پێ نەکرابێ ئەو قسەیەی (چیخۆف)مان کردووە بە سەرمەشقی کاری خۆمان کە دەڵێ: «لە دنیای نووسیندا گەورەی کار و خزمەتکار هەیە» واتە (داهێنەران) کە گەورەی کارن لەگەڵ ئەوانەی خزمەت و ئاسانکاری بۆ (داهێنەران) پێشکەش دەکەن، هیوادارم توانیبێتمان خزمەتێکی خاکەڕای (داهێنەران)ی خۆمان کردبێ، بۆ (ڕامان)یش دەڵێین خەرمان بەرەکەت!



# نالی و فەلسەفە

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود
(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

ژیان و بوون، بەردەوامی و جاویدانی، فەلسەفەی «نالی»ن و کاری بۆ کردوون. شیعرەکانی وشەو کێش و سەرواو ڕەوانبێژی وشک و برینگ نین، بەڵکو تەن و یەکەیەکی زیندوون و خوێن لە دەمارەکانیان دەگەڕێ.

**(نالی) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**
**مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک**

بەپێی ئەو بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەی زۆربەی زۆری ئەو نووسینانەی لە سەر نالی نووسراون گەیشتمە ئەو ڕایەی بڵێم نالی وەکو شاعیرێکی کورد یەکەمین کەسە کە زۆرترین نووسینی لەسەر نووسرابێت. دەمێکە نووسەرو لێکۆڵەرەوەکانمان خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانەکەو لێکدانەوەی شیعرەکانین، بۆ ژیان و بەسەرهاتەکانیشی نووسینێکی زۆر لەبەر دەستدایە. لە هەندێ لەو کتێب و نووسینانە باس لە حەکیمی یا فەلسەفەی نالی کراوە، بەڵام زۆربەیان تەنیا ناوەکانیان هێناوە یا زۆر بە کورتی بڕاندیتیانەوە، کەمێکیشیان بە چەند ڕستەیەک یا لاپەڕەیەک لەو بابەتە دواون. نالی نە فەیلەسووف بووە نە باسی فەلسەفەشی کردووە، ئەو زۆر باسی حیکمەتی کردووە (ئەگەر بە وردی تەماشای واتای حیکمەت و فەلسەفەش بکەین دەبینین واتای حیکمەت لە فەلسەفە فراوانتر و کاریگەرترە بە دەلیلی ئەوەی واتای فەلسەفە بە خۆشویستنی حیکمەت هاتووە).

**(نالی) نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە**
**ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا**

نالی شیعری نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعرەکانی لە ئاست و پلەیەکی ئاوا تەواو و پتەو دان زۆر جار بابەت و وێنەی شیعری وای وروژاندووە و هێناوەتە ناوەوە چ ڕاستەوخۆ یا لابەلا بە لایەنە جۆراو جۆرەکانی

فەلسەفە گرێ دراون. دەڵێن فەلسەفە (دایکی هەموو زانست و زانینەکانە) هەر بۆیە پاش ئەو هەموو خوێندن و گەڕان و دەورکردنەوە، نالی نەیتوانیوە خۆی لەو مەیدانە ببوێرێ و دووره پەرێز بوەستێ، ئەو بە دەیان ساڵ لە حوجرەی مزگەوت و خانەقاکان خەریکی خوێندن و دەرس وتنەوە بووە، لە شیعرەکانی ڕا دیارە چ زاناو ڕۆشنفکرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، بەو شۆڕشەی بەرپای کرد لە نێو دنیای شیعری کوردی و دەست پێشخەرییەکەی بلیمەتی نالی دەردەکەوێ. بە هێماو ئیشارەو ئیقتیباسەکانی نێو دێڕەکانی دیارە لە زانستەکانی ئایینی ئیسلام و بابەتە وردو دژوارەکانی نێو قورئانی پیرۆزی بە چاکی دەور کردۆتەوەو زۆر باش ئاگادار و شارەزا بووە. لای هەمووانیش ڕوون و ئاشکرایە کە (قورئان کتێبێکی فەلسەفی)(١) نییە، بەڵام ئەویش چ وەکو کتێبێکی ئاسمانی، یا وەک دەستوورنامەیەک کە لێوڕێژە لە هەموو یاساکانی ژیان و پرۆگرامێکە بۆ ڕێکخستنی، بۆیە دەبینین قورئانیش زۆر لە (ڕەگەزەکانی فەلسەفی لە خۆ گرتووە، یا بە لایەنی کەم هەندێ فەرموودەی پێشکەش کردووین کە بابەت و کەرەسەن بۆ سەرنج و تێرامان، لەوانەی پەیوەندارن بە خواو خەڵق و گەردوون و مرۆڤ و چارەنووس و ڕێکخستنی کۆمەڵ)(٢) نموونە لە قورئاندا زۆرە و ئێمە تەنیا دوویان پێش چاو دەخەین: (او لم ينظروا في ملكوت السموات والارض وما خلق الله من شيء وان عسى ان يكون قد اقترب اجلهم فبأي حديث بعده يؤمنون) (٣) واتە: (ئاخۆ ئەوان لە دام و دەزگای پڕ شکۆی عاسمانەکان و زەمین و هەرچی خوا دروستی کردوون، ڕانەماون؟ و پێش دەچێ بەم نزیکانە بە ئاکامی مەرگ بگەن. دیسان لە پاش ئەم قورعانە بە کام قسە بڕوا دەکەن) (٤) لە شوێنێکی تریشدا خوای گەورە دەفەرموێ : (الذين يذكرون الله قياما وقعودا وعلى جنوبهم ويتفكرون في خلق السموات والارض ربنا ما خلقت هذا باطلا سبحانك فقنا عذاب النار) (٥) واتە (ئەوانەی – چ بە وێستاوی و چ لە جێوە، بە دانیشتن، چ لەسەر تەنیشت ڕادەزێن – هەر یادی خودا دەکەن و لە سازدانی ئەم عاسمانان و زەمینە ڕادەمێنن، دەڵێن: ئەی پەروەرندەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بە فیڕۆ ساز نەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە: هەر بۆ خۆشت لە ئازاری بە ئاگرمان بپارێزە)(٦).

**بنوارە بوونی ئەووەلت و چوونی ئاخیرت**
**هاتی چ ڕووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس**

ئەگەر نالی وەک خوێندنی حوجرە زانستەکانی ئیسلامی هەزم کردبێ، بە تایبەتیش زانستەکانی کەلام و زانستی لۆژیک، دیارە لە دەرگاکانی فەلسەفەشی داوە. ئێمە لە قورسی و ئاڵۆزی و تێنەگەیشتنی زۆر لە دێڕە شیعرەکان و نەگەیشتن بە واتاکانی و پەی پێ نەبردنیان، کە تا ئێستاش وەکو تەلیسمێکی نەشکاو و پێچراو ماونەتەوە بۆ ڕۆشنبیری فەلسەفی نالی دەگەڕێنینەوە:

**تۆزی ئایینەی سکەندەر وا بەدەم باوە وەلێ(*)**
**گەردی دامانی غەریبانە بلووری جامی جەم**

شیعرەکانی بە دەیان بوخچەی ڕەنگاوڕەنگی نەکراوە لەو جۆرە نموونەیان تێدایە. نالی بەخششێکی گەورەی پێشکەش بە کورد و دنیا کردووە، بە داهێنان و ئەفراندنەکانی نازناوی ئوستادی پێدراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر باش ئاگادار و شارەزای شیعر و شیعرستان و وەکو شاعیرێکیش مافی تەواوی خۆی داوەتێ، جا ئەگەر ئێمە پرسیارێک بوروژێنین بە تایبەتیش بۆ ئەم شوێنە بە زیادەڕۆیی یا بە خەیاڵ پڵاوی نازانین: دەبێ نالی ئاگاداری کتێبەکەی ئەرستۆ هونەری شیعر (پیوتیکا) نەبووبێت لە ڕێی وەرگێڕانەکەی؟ کە ئەبی بەشر مەتی کوڕی یونس لە سریانییەوە وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی(٧). یا هەر هیچ نەبێت ئاگاداری کورتکراوە جۆراو جۆرەکانی ئەو کتێبە بە نرخە نەبووە؟ کە زاناو فەیلەسووفە گەورەکانی وەک فارابی، ئیبن سینا ، کیندی، ئیبن ڕوشد و هی تریش کورتکراوەکانیان بە ناونیشانی هەمەڕەنگ و بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە. بەرهەم و کارەکانی ئەو زانایانەش ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دنیای ئیسلام و دەرەوەشیان بڕیوە و نووسینەکانیان لای زانا و خوێندەواران باس و گفتوگۆیان زۆر لەسەر کراوە. (ئەدەبی فەلسەفی، سیماو نیشانەی جۆرێکی ئەدەبە، نەک وەکو ڕەگەزێکی تازەی ئەدەب. هەندێ ئەدەبی مەزن و نەمر لەو جۆرە سیماو تایبەتییانە بە خۆ دەگرن و هەیانە)(٨). غەزەل و قەسیدەکانی نالیش وەکو دەقی مەزن و سەبکی گران تاک و بێ هاوتان، لە دەرگا گەورەکانی دنیای نەمری و جاویدانیشیان داوە.

**ئەی دڵ خەراجی حاسیلی زوڵمەتی بەحر و بەڕ**
**میراتی ئیعتیبارە لە فەرزەندی فەیلەقووس**

ئەگەر نالی ناوی یەکێکی وەکو باوکی ئەسکەندەری مەکدۆنی هێنابێ (فەیلەقووس) لە شیعرەکانیدا بەکاری

بردبێ، ناکرێ ئاگاداری ناو و بەرهەم و ناوبانگی کەسانێکی وەکو سوقرات و ئەفلاتوون و بە تایبەتیش ئەرستۆ نەبووبێت. ئێمە وای بۆ دەچین کە وشە یا ناوی (فەیلەقووس) کە وەک دەڵێن ناوی باوکی ئەسکەندەرە، لە پاڵ ئەمەش دیارە نالی واتا فەرهەنگییەکەی یا گۆتە میللییەکەشی مەبەست بوو بێت، کە ئەویش بە هەردوو باری وشەیەکی سووک و بێ سومعەی لێ بەدەست دێت، کە ئەمەش دیارە پلارو تەعلیقێکە بۆ کەسێک کە ئێمە نازانین ئەو کەسە کێیە. یا لەبەر کاریگەری ئایینی ئیسلام وەلانانی هەندێ بیروباوەڕی ڕۆژئاواشی لێ دەفامرێتەوە.

پەیوەندی و لێک ئالانی شیعرو فەلسەفە پەیوەندییەکی زۆر کۆن و لەمێژینەیە: باس و نووسین و کتێبی زۆری لەسەر نووسراوە. (کاری فەلسەفە تێرامانی بوونەوەرەکانە و لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر نییە) (٩) وردکردنەوەی ئەو ڕایە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێین سەرچاوە و کەرەسەکانی شیعر و فەلسەفە یەک شتن، چونکە ئەم گۆتەیە لەگەڵ زۆر بنەماو ڕەگەزەکانی شیعر یەکدەگرنەوە (لە ڕاستییەکان دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەو بابەتانەی لە باری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدان لە ئەدەب و فەلسەفە یەک شتن، کە بە دوو زمان و دوو بەرنامە یا ڕێبازی لە یەک جیا دەردەبڕین) (١٠) ئەو شیعرانەی نالی کە باس لە عیشق و عاشقان دەکات، یا ئەوانەی لە خەمی ئەم و ئەوەوە نووسراون، یا ئەوانەی بیروڕای دژیەک و ئەفسانەیی دەردەبڕن لە ژێر یەک چەتر کۆ دەکرێنەوە (وەک نموونە مردن وەربگرە کە بابەتی شاعیرو فەیلەسووفە، ناوەڕۆکی قەسیدەیە و هەست و ورووژاندنی دیاری کراوت بۆ دەگوزێتەوە، هەمان شت بابەتی باسی فەلسەفییە، کە بە سەر کێشەکانی کاتی و دوورەپەرێز و نادیارەکان پاز دەدات و بۆ ڕەگوریشە و ناخەکان دەگەڕێتەوە، لەو کێشانەش نموونە زۆرە، وەک نەمری مرۆڤ، خۆشی و ناخۆشی، چاکەو خراپە، لە زۆر لە ڕووداوەکانی کەسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی لە کۆنەوە بگرە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە بەردەوامی خەمێکی هاوبەشە لە نێوان ئەدەب و فەلسەفە) (١١) نموونەش لەو بارەیەوە یەکجار زۆرە.

### حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات
### چوستە سستی، قەوییە زیعف و سەریعە کەسەلم

نالی لەو دێڕە بە (دە) وشە (شەش) دژیەکی دروست کردووە، سەرەتا بە پاش و پێش کردنی هەردوو لەتی نیوە دێڕی یەکەم سێ دژیەکی لێ دروست کردووە (حەرەکات X سەکەنات)، (سەکەنات X حەرەکات)، (حەرەکاتم سەکەناتە X سەکەناتم حەرەکاتە) بەرامبەر بە هەر سێ دژیەکەکانی نیوە دێڕی دووەم دەوەستن. بۆ ئەوانەی لە دژیەکی سێیەمی نیوەی یەکەم غافڵ و ناشارەزان، نالی هاتووە دوو دژیەکی عەرەبی هێناوە لەنیوەی یەکەم و دووی تری عەرەبی لە نیوەی دووەمی هێناوە و بەرامبەر یەکتری داناون، بە دژیەکە کوردییەکە (چوستە سستی) لەنگەری پێگرتوون و چەسپاو و وەستاوی کردوون. لەو دێڕە هەر وشە ڕێز نەکراوە بۆ ئەوەی دژیەکی سادەو سانا دروست بێت، واتا و وێنەو ڕیتم و هەڵبژاردنی وشەو کەرەسەکانی تر نەمری بە دێڕە شیعر دەبەخشن نەک کەڵەکە کردن و ڕیزکردنی وشە (دژیەک تەنیا دوو وشەی دژ بەیەک نین وەک مردن و ژین، ئەو دژ یەکانە هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە تا ئەو ئەندازەی لە ناوەوە هەموو شێوەو ڕەوشەکان دەورووژێنن و هەستەکان دەوڵەمەند، کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەڵوێستەکانا پێکدەگەن) (١٢).

### زاراوە فەلسەفییەکان

لەو وشە و زاراوانەی نالی وەکو کەرەسەی شیعر بەکاری هێناوە بە سەدان لەو وشە و زاراوانە لە فەرهەنگەکانی فەلسەفەش تۆمار کراون کە تایبەتن بەو بوارە. زۆربەی ئەو وشە و زاراوانە لای نالی دوور لەو مەیدانەش بەکار هاتوون، هەر بۆیە ئێمە ئەو زاراوانە وەردەگرین کە بیری فەلسەفی نالی دەردەخەن، یا نزیکن لەو بابەتە. شیعرەکانی نالی تەنیا کۆکردنەوەو تێکەڵکردنی وشە و کێش و سەروا نییە، ئەو شیعری زیندووی نووسیوە کە خوێن لە دەمارەکانیان دەگەڕێ و بە مانا فراوانەکەی دنیاو ژیانی نموونەییمان پێ دەبەخشێ، هەوڵی داوە گرێ کوێرەکانی مرۆ بکاتەوەو غەم و ئازارو ئەشکەنجەکان لە ناو گیان و لەسەر شان بڕەوێنێتەوە. ئەگەر قووڵی و گشتگیری دوو تایبەتمەندی زەق و کاریگەری فەلسەفە بن، دەبێ شیعرەکانی نالی بای چەند لەو دنیایە نزیک بێت کە ئەوانیش لێوڕێژن لە قووڵی و گشتگیری. وشە و زاراوە فەلسەفییەکان بە دوو سەرچاوەی زمانی عەرەبی(١٣) و یەکێکی زمانی فارسی(١٤) بەرامبەر کراون، فەرهەنگی شیعری نالی وەک زمان دەوڵەمەندو ڕەنگاوڕەنگ و فرە چەشنە، هەر بۆیە بناغەو یەکەم سەرچاوەیە بۆ ئەو قوتابخانەیەی کە هەر لە سەر دەستی خۆی دامەزراوەو پەرەی پێدراوە و سەرکەوتووانەش بەردەوام بووە و لە دەرەوەی سلێمانیش

لق و پۆپی لێبۆتەوە. قسەکەی ئەرستۆش زۆر ڕاست بوو کە گوتی: (شیعر تەنیا ئەو هونەرە نییە کە زۆر چڕ کرابێتەوەو بەس، بەڵکو لە پاڵ ئەویشدا هونەرێکی پڕ فەلسەفەیە) (١٥). لەبەر کاریگەری بابەتە فەلسەفییەکان و گرنگییان، نالی ڕووبەڕوویان بۆتەوەو نەیویستووە بە پشت تێکردنێک کەلەنێک یا بۆشاییەک بکەوێتە ناو دیوانەکەی. لەبەر درێژدادڕی بە تەنیا زاراوەکان تۆمار ناکەین و لە ناو دێڕەکان لێکیان دەدەینەوە.

**لە کن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە باس**
**لە حیکەم پەروەری یی بووعەلی سینا نییە باس**

نالی لەو دێڕە ئەو زاراوە فەلسەفییانەی بەکارهێناوە:

جەوهەر، فەرد، جەوهەری فەرد، هەیوولا، باس، حیکەم. لەگەڵ ناوهێنانی بوو عەلی سینا(١٦)، کە یەکێکە لە فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی ئیسلام.

**جەوهەر:** چ وەک وشە یا زاراوە لە هەموو فەرهەنگەکان هاتووەو لێکدراوەتەوە، ئێمە چەند لایەنێکی وەردەگرین، واتە: (نەژادو بنیاتی شتەکان و ماددەکەی) (١٧). یا (بوونێکی وەستاو و لە خۆوە) (١٨).

فەرد: (تاق، تەنیا، بێ وێنە، بێ هاوتا) (١٩).

**جەوهەری فەرد:** (گەوهەرێکە، نە بە کارو نە بە هێز پارچە ناکرێ) (٢٠).

**هەیوولا:** (هەیوولا: مادە و توخم و سروشتە) یا (ئەو تەنانەی هەڵگری وێنەکانی خۆیانن) یا (هەموو تەنێک لە هەیوولا و وێنە پێکدێت) (٢١).

**باس:** لە زمان (تێرامان و گەڕان)ە بەدوای شت. وەکو زاراوەش: سەلماندنی ڕێژەکانی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤە لە نێوان دوو شت...)(٢٢).

**حیکەم:** کۆی حیکمەتە (زانستێکە لە ڕاست و دروستی شتەکان دەکۆڵێتەوە، بەو شێوەیەی کە لە بووندا هەن، بەو هێز و توانایەی ئادەمیزاد هەیەتی) (٢٣). ئەو شیعرە حەفت دێڕە، دەنگی - ئا - یا ئەلف سەرواکەی پێک هێناوە و (موڕەددەف)ە، واتە پاش سەروای هەیە کە (نییە باس)ە و هەشت جار بە یەک واتا دووبارە کراوەتەوە، کە ئەمەش کاری سەرەکی پاش سەروایە کە بە جۆرێک لەنگەری پێگرتووە ڕێک وەستاوی کردووە. ئەو شیعرە لە شیعرە گران و نەکراوەکانی نالییە، هەر بۆیە لێکۆڵەرەوانی نالی (دیوان) ناحەق نین ئەگەر لێکدانەوەکانیان لاواز بێت یا بۆی نەچووبن و پەلەیی پێوە دیار بێت. (مێژووی مردنی بوو عەلی سینا لە نالی (دیوان) و ل ٢٣٤ جێگۆڕکێیان پێکراوە (١٠٣٧ کراوە بە ١٠٧٣).

نییە باس وەک پاش سەروایەک کلیلێکەو دەرگا داخراوەکانمان بۆ دەکاتەوە نییە باس لەو شیعرە بە واتای پێویست بە باسکردن ناکا یا شایانی باسکردن نییە و ...... تاد هاتووە. لەو دەقە بە ئاشکرا بیروباوەڕی فەلسەفی و سۆفیگەری و ئایینی و ڕۆشنفکری نالی تیشک دەهاوێژن.

دەقی گران و ڕەسەن، ئەوانەی گومرگی خۆیان داوەو بە ئەفراندن گەیشتوون و هەنگاو بەرەو نەمری دەنێن، وەکو دەقێکی زیندوو لە مێژوو دادەبڕێ، واتە بۆ هەر نەوەو سەردەمێک خێتابێکی تری بۆی دەبێ و خوێندنەوەیەکی تر دەهێنێتە ئاراوە، وەکو سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوو بە بەردەوامی چێژ و خۆشی و ژیانی لە بەر دەڕوا. لەو دێڕە ئاشکرا دیارە نالی خۆی لە بابەتێکی گرنگی فەلسەفە داوە، بەوەی هەیوولا و بوو عەلی سینا ڕەت دەکاتەوە، ئەوە نییە دەڵێ: ئەمانە هەر شایەنی ئەوە نین باس بکرێن هەیوولای چی و ئەو قسانەی لەمەڕ حیکمەت پەروەری بوو عەلیش کراون لەو ئاست و پلەیەدا نین. ئینجا لێرە پرسیارێکی زۆر سادەو ئاسایی خۆی دێنێتە پێشەوە: بۆچی نالی ناوی هەیوولا و بووعەلی هێناوەو هەردووکیانیشی وەلا ناوەو ڕەتیان دەکاتەوە؟ دەبێ هۆ و هۆکاری ئەو هەڵوێستەی چی بووبێ؟ دەبێ نالی نا شارەزاو ساویلکانە ئەو بابەتەی وروژاندبێ، لە سەر چ زەمینەیەک وەستاوە بۆ دەربڕینی ئەو بیروڕایە، ئەو بەڵگانە چین کە لەبەر دەستیدا بوون. زۆر لە زاناو فەیلەسووفە موسڵمانەکان بیرو بۆچوون و ڕاو لێکدانەوەکانی زاناو فەیلەسووفە کۆن و تازەکانیان بە دڵ نییە و هەندێکیان یا سەرتاپایان ڕەت کردۆتەوە و ئەوانیش لێکدانەوەی تازەی خۆیان هەیە و زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕ و ناوەڕۆکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کۆکن. ئێمە زۆر بە کورتی خاڵە گرنگەکانی ئەو ڕەتکردنانەوە پێش چاو دەخەین، بۆ ئەوەی سەرە بابەتەکانمان بۆ لێک گرێ بدەن و لە کرۆکی بابەتەکەمان نزیک ببینەوە. زۆرن ئەوانەی بە کتێب و نووسین یا بە دیالۆگ و گفتوگۆی بەرامبەر بە یەک لەو بابەتە چڕو دژوارو پڕ گرێیە دواون. ئەوانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

١- غەزالی (ئەبو حامید محەمەد)(٢٤)، یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئیسلام، دانراو و کتێبی زۆری لە بابەتەکانی فەلسەفە، سۆفیگەری، خووڕەوشت، کۆمەڵناسی و ... نووسیوە، ئیمامی غەزالی شیعریشی چڕیوە. هەر بۆ خۆی زانستەکانی فەلسەفەی خوێندووە،

(دوو ساڵ خەریکی خوێندنەوەی دانراوەکانی فارابی و ئیبن سینا و ئیخوانوسسەفا بووەو ساڵێکیش لێیان ورد بۆتەوەو بیری لێکردوونەتەوە) (٢٥). لەو سەردەمانە بوو کە شاری بەغدا لە کێشە و ململانێیەکی بێ پسانەوە دابوو لە نێوان دوو سەنگەری دژ بە یەک کە بەرامبەر بە یەک لە گفتوگۆ و چاو سوورکردنەوە دابوون، لە لایەک (زانایانی ئایینی ئیسلام و لە لاکەی تر ڕابەرو نوێنەرانی فەلسەفەی دەهری و هۆشەکی و ماددییەکان) (٢٦). لای غەزالی زۆربەی زۆری فەیلەسووفەکان کافر و گومڕاهن بە تایبەتیش فارابی و ئیبن سینا، چەندین خاڵی لەبەر دەستەو بە سێ لەو خاڵانە هەموو ڕاو بۆچوون و لێکدانەوەکانیان ڕەت دەکاتەوە، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕو ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلام و قورئان کورتیان هێناوە و ناگونجێن، ئەوان دەڵێن: (لەش و تەن حەشر ناکرێن، زانستی خوا بە شتە تەواو و سەرەکی و گەورەکان «کوللییات» پەیوەنداره نەک پارچەو بچووکەکان، دنیا کۆن و ئەزەلییە) (٢٧). ئەوەی ئێمەش گەرەکمانە ئەوەیە: زانایەکی مەزنی وەکو ئیمامی غەزالی کە بە یەکێک لە زاناو خواناسە گەورەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی دانراوە، لەوانە بووە خەڵک و خوێندەوارو ڕۆشنبیرو زاناکان تەماشای زارو نووسینەکانیان کردووەو گوێیان بۆ شل کردووە، حسێبی تایبەتییان بۆ کردووە. ئەگەر بلێ ئەو شتە بڤەیە یا نا تەواوە یا حەرامە، قسەکان وەرگیراون و ئیشی پێکراوە. ئەو کتێبانەی بۆ فەلسەفە یا دژی نووسیوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دنیای ئیسلام و دەرەوەشی کاریگەری خۆی هەبووەو سنووری بۆ هەندێ لایەنی ڕۆشنبیری و کولتووری نەخشە کێشاوە.

کتێب و نووسینەکانی غەزالیش لە کوردستان لە حوجرەو کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە لایەن مەلاو زاناو خوێندەوارەکان باس و گفتوگۆیان لە سەر کراوە.

٢- ڕازی (فەخرەددین، محەممەدی کوڕی عومەر)ە(٢٨)، یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی سەدەی شەشی کۆچی بە دەیان کتێب و نامە و نووسراوی لە پاش بە جێ ماوەکە ڕاستەوخۆ بە لایەنە جۆراو جۆرەکانی ڕۆشنبیری ئایینی و سەردەم پەیوەندار بوونە، ناو و ناوبانگی ئەم سەرو ئەو سەری دنیای ئیسلامەتی داگرتووە و بە تایبەتیش لە ناو کوردەواری خۆمان کە ناوی لە چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی (مەولوودی پێغەمبەر) هاتووە. دیارە ئەویش بەرهەم و کتێبە فەلسەفییەکانی بووعەلی سینای خوێندۆتەوەو دیارە باشیش تێیان گەیشتووە بۆیە نەیتوانیوە خۆی بێ دەنگ بکات لە ئاستیاندا بۆیە بەرپەرچی ڕا و بۆچوونەکانی داوەتەوە. ڕازی لەو نووسینانەی زۆر بە ئاشکرا ناوی بوو عەلی سینا دێنێ و ڕاکانیشی ڕەت دەکاتەوە. ڕازی لە کتێب و نووسینەکانی دژی زۆر بابەت و زانیاری زانستی و فەلسەفی بووعەلی سینا وەستاوە، پێی وابووە بیروڕاو زانیارییەکان یا هەڵەن، یا ئەوەتە لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام ناگونجێن، چونکە ئەو زانیارییە فەلسەفییانەی بوو عەلی هێناویەتە ناوەوە سەرچاوەکەی فەیلەسووفەکانی گریکە و لاسایی و کاریگەری ئەوانیش زۆر بە ئاشکرا لە نووسینەکانی ڕەنگیان داوەتەوە، هۆ و هۆکاری زۆر هەن بۆ ئەوەی بێن بە خاڵی گرنگ و جیاوازی و تایبەتمەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نیشان بدەن، لەو کێشانەی پەیوەندییان بە بوون و ژیان و خەمەکانی دوارۆژەوە هەیە، بەڵام ئێمە ئەو بابەتە لەو شوێنە بە زیاد دەزانین و هەر ئەوەندە دەڵێین کە ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەن کە زۆر لەو زانیارییانەی ڕۆژئاوا لەگەڵ گیان و ڕێبازی ئایینی ئیسلام ناگونجێن و دژی یەک دەوەستن. زۆر بە کورتی هەندێ سەرە قەڵەم تۆمار دەکەین لەوانەی ڕازی لە سەر نووسینەکانی بووعەلی سینای نووسیون و لەگەڵیانا کۆک نییە (فەخرەددینی ڕازی لەگەڵ حەد و سنوورەکەی شێخ نییە کە بۆ پێزانینی داناوە)(٢٩) واتە: (ئیدراک). وەک پێشتر روون کرایەوە (شێخورڕەئیس) نازناوی بووعەلییە. هەر لەو سەرچاوەو بۆ زۆر بابەت و لایەنی ڕۆشنبیری و فەلسەفی ئاماژە بە ڕا و بۆچوونەکانی بووعەلی کراوە لەگەڵ دژە ڕاکانی ڕازی و ئەوانی تر.

تەنیا ئیشارەو هێما بە سەرە بابەت و لاپەڕەکان دەکەین: ئەو ئەنجامانەی وەکو (بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەندێشە) هێناویەتە ناوەوە (ل٤٤)، زۆر لە لێکۆڵەرەکان ئەو ڕایەی بووعەلی ڕەت دەکەنەوە لەوانە (فەخری ڕازی و تووسی) بۆ (هێزی وڕێنەی پێزانینی واتاش) ڕازی و ئیبن ڕوشد دژی ئەو ڕایەی بووعەلی وەستاون (ل٥١). هەروەها بۆ (هێزی هەستی دەروون)(ل٦٣). لەمەڕ بۆشاییەکانیش دیارە ڕازی بە ئەنجامی تر گەیشتووە و هەڵەکان لەو ڕووەوە دەستنیشان دەکات(٣٠)، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە (فەخرەددینی ڕازی وەک تیۆری هەڵڕژان (فیض)ی قەبووڵ نەبووە، تیۆرەکەی تریش کە هەر هی ئیبن سینایە لە زانستی خواوەندی ئەویشی پێی قەبووڵ نەبووە) (٣١)و دژیشی وەستاوە، کە ئەمە ئەو تیۆرەیە باس لە زانستی خوا دەکاو دەڵێ ئاگاداری شتە بچووک و پارچە کراوەکان نییە، خوا تەنیا ئاگاداری بابەتە سەرەکی و تەواوەکانە.

٣- ئیبن خـەلدوون (عــەبدوڕەحــمــان، ئەبو زەید) (٣٢)، نووســەرو ڕۆشنفکرێکی گـەورەیە، پێنج ســەدە زیاترە ناو و ناوبانگی لە دنیای ئیسلام و دواتر دەرەوەی پەرتوبلاو بۆتەوە، نووســینەکـانی خـوێندراونەتەوەو بە تایبەتیش (موقەددیمە)کەی لای خوێندەواران گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە. ئیبن خەلدوونیش وەک غەزالی و ڕازی لەگەڵ زۆر لە بیرو بۆچوونە فەلسەفییەکان نییەو ناوی هەندێکیشیانی هێناوە و بە خراپە باسیان دەکاو گلەیی لە بیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانیان هەیە لە (بەشی بەتاڵ کردنی فـەلسـەفە و خـراپەی ڕێڕەوانی) (٣٣)، لە پێنج لاپەڕە کەمتر، سێ جار ناوی بووعەلی سینای هێناوە و دژی بیــرو بۆچوونەکـانی وەســتـاوە (هەندێ لە ڕێڕەوانی زانست، ئەوانەی خودا گومڕاهی کردوون ئەو ڕێبـازەیان وەرگـرتووەو دەمــەتەقــەی زۆریشــیــان لە ســەر کــردووە، کۆکیش نەبوون، یا جیاواز بیریان لەو کێشانە دەکردەوە کــە لق و پۆپ و بەشی لێ بــــۆوە، لە هەمــــوان بە ناوبانگتــر ((ئەبـوو نەسـری فـارابی)) کــە لە ســەدەی چواری کـۆچی و سـەردەمی سەیفوددەولە ژیاوەو ((ئەبوو عەلی ئیبن سینا))ی سەدەی پێنجی کۆچی و سەردەمی نیزامولملوکی بەنی بووەیهی کە لە ئەسفەهان بووەو چەند کەسـێکی تریش) (٣٤). هەر دوا بە دوای ئەم قسـانە دەڵێ: (بزانە ئەو ڕاو بـۆچوونـانەی ئەوان بـۆی چوون لە هەمـــــوو ڕووێکەوە بێ کـــــەڵک و بـەتاڵن). ئـیبن خەلدوونیش زۆر لەو خاڵانەی تۆمـار کـردووە کـە لەگەڵ لێکدانەوەو بۆچوونەکانی خۆی ناگونجێن، بە تایبەتیش ئەوانەی بە زانستـەکـانی خـواوەند و دواوەی سروشت، یا ئەو بـابەتانەی بە ڕەوحـانیــیـەت و دواوەی هەسـتـەکـان پەیوەندارن. دوو بارە گلەیی زۆر لەوە دەکـا کــە ئەوان هەمــوو شــتــەکـان دەدەنە پاڵ هۆشی یەکـەم و بە ئەوی دەبەستنەوە.

قســەو ســەرچاوەی نووسین بۆ ئەو کـێـشــەو دیاردە ئاڵۆزانەی بیــرو زانست و فــەلســەفــە یەکــجــار زۆر و بەبرشـتـە، بەڵام ئێـمـە بەو هەندە نووسـینە وازدێنین کـە هەندێ نموونەی نـووسـینی سێ کەڵە زانای سێ سەردەمی جیامان هێنایەوە، هەر بۆ ئەوەی بزانین کە یەکێکی وەکو بووعەلی سینا ئەگەر مرید و شاگرد و خوێنەری خۆشی هەبووبێت، زاناو فـەیلەسـووف و ڕۆشنبـیـرێکی زۆریش دژی نووسـینەکـانی وەسـتـاون و ئەوانیش بە نووسین، بە کـتـێب وەڵام و بەرپەرچیـان داوەتەوە، کـە وای بۆ دەچین ئەو نووسین و کتێبانە بە لایەنی کەم ئەم سەرو ئەو سەری سەر زەمـینی ئیسـلامیـان کـردووە. پاش هەمـوو ئەمـانە، ئایا ئێمە ناتوانین ئەم سەرە داوانە پێکەوە ببەستین؟ ئایا ئەم دێڕەی نـالی و ئـەو بـابەتانەی بـاس کـــران لـە یەک سەرچاوەوە سەریان هەڵنەداوە؟ ئەگەر جارێکی تر سەیری هەمان دێڕە شیعرەکەی نالی بکەینەوە دەبینین ئەویش زۆر لایەنی بیــرو بۆچوونەکـانی بووعــەلی وەکـو ئەوان ڕەت دەکاتەوەو ناویشی هێناوە، لەگەڵ غەزالی و ڕازی و ئیبن خـەلدوون و ئەوانی تر لە یەک سـەنگەردایە دژی بەرەی بووعەلی. ئەوەی پێویست و گرنگە ئەو سەرەداو یا تاڵە ئاوریشـــمـــانە و پێکەوە بەســـتـنیـــان زیاتر بە ژیان و ڕۆشنبیری و لایەنە تاریکەکانی ژیانی نالیمان ئاشناتر دەکـاو هەندێ گـرێمـان بۆ دەکـاتەوەو بەربەســتــەکـان هەڵدەوەشــێنێــتــەوە. بەدواداچوون و دۆزینەوەی ئەم سەرەداو و پەیوەندییانە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین بە ڕاستی شیعرەکانی نالی پێویستییان بە نەفەسی درێژو لێکدانەوەی وردو سـەرچاوەی زۆر و پوخت هەیە، بەو هۆکـارانە دەتوانین لە نالی نزیک ببینەوەو ناسین و ئاشنایەتیمان بەهێزتر بێت. پاش ئەو هەموو لێکدانەوانە تەمــاشــا دەکــەین گـەوهەرێک لە پەنا ئەو دێڕە خـۆی حەشـارداوەو دەیەوێ لە پێش چاوان خـۆی بزرو شـاراوە بکا. یەکـێک لەو سـیـفـات و تایبـەتمەندییـانەی دێڕی شیعری نالی کە مەزنی و پێشەنگییان پێوە دیارە و لە شاعیـری تری جیـا دەکاتەوە، بە خۆگرتنی واتای زۆر و دژە واتایە. کە لە نووسینێکی تریش ئیشارەو هێمای بۆ کـــراوەو بە نموونەی شــیـــعــریـیــەوە ئەو لایەنە ڕوون کراوەتەوە(٣٥).

نـالی لەو دێڕەدا ڕێک و ڕاست دوو دژە واتای پێکەوە کۆکردۆتەوە، وەک خۆی گۆتەنی:

**نەزمی (نالی) میسلی ئاوە ئاییـنەی ژەنگی نییە**
**دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر یەک خەفی، یەک ئاشکار**

لەبەر ئەو دەســەڵاتە زۆرو گــەورەیەی نالی لە دنیـــای شیـعـرا هەیەتی کـەرەسـەکـان بە تایبـەتیش وشـەو واتا (شێوەو ناوەرۆک) لە خزمەتی مگێزی خۆیدایە، ئەوەی خۆی دەیەوێ دەبێ وا بێ، نەک کەس و یەکێکی تر. بەو پاش سـەروایەی کـە بۆ ئەم شیـعـرەی داناوە (ئوسـتـادی) نالی ئاشکرا دەبێت. (نیـــیــە بـاس) خــورد کــەینەوە واتایەکی زۆرمـان دەسگیـر دەبێت: شـایانی باس نییـە، پێــویست بە باسکردن نـاکـا، هەر باسی مـەکـە، نایەتە باسکردن و.... تاد. بە وەرگــرتنی هەر یەکـــێک لەو مـانایانە و هەڵگێـڕانەوەی ڕاسـتـەوخـۆو سـەربەخـۆ دژە واتاکــە پێش واتاکــەی یەکــەم دەکــەوێ و نـالیـش دەبێ سـەرلەنوێ سـەنگەری خـۆی بگۆڕێتــەوە. بەو هەڵگێـڕو وەرگێڕ کردنەی مانای پاش سەرواکە، واتای دێڕەکە ڕێک

پێچەوانەی لێکدانەوەی یەکەمان دەردەچێت، کە ئەوەش هەر لە پەنجەو خامەی نالی دەوەشێتەوە. (ئەو دەمەی شیعر خۆی بە کێشەکانی نەمریی دەبەستێتەوە و لێی گیر دەبێ و دەستبەرداری نابێت، ئەو دەمانەن کە ئەگەری نەمری و جاویدانییەکەی زۆر نزیک دەبێتەوە یا تێکەڵی دەبێ، ئەگەر کێشەکان خۆیان لە شێوەیەکی شیعری ڕەسەن دۆزیبێتەوە) (٣٦). ئەو بەخششەی ژیان ببەخشێ و گیان بکا بە کاڵای بەژن و باڵای ئەو بابەتەی کە لە وشەو واتا دروست دەکرێن، بە دەست خستنی نەمری لەو کەرەسانە (وشە، واتا) بۆ هەموو شاعیران چۆن یەکە؟ شیعری ڕەسەن و نەمر لای (شاعیرێکەو دەبێ خاوەن بەهرەو ئەزموونندار بێ، لە دەست ڕەنگینی و داهێنان و ئەفراندن و لە شارەزاییش لێواو لێو بێت، بتوانێ ئەو کێشانەی وشک و برینگن، یا داماڵراون لە بەخشش و بەهاکان بگۆڕێ بە بزاوتنی هەستەکان و وروژاندن و گرژی و بەشداری کردن لە گیان و جەستەی خوێنەر و گوێگر) (٣٧). هێنانەوەی واتای دووەم بۆ پاش سەروای (نییە باس) تەنیا وەک ئەگەرێک وەرگیراوە، ئەگەرنا ئاشکرا دیارە سیاق و شێوەی شیعرەکە (لە خۆی زیاتر) بۆ لای واتای یەکەمی دەچێ.

لە دێڕی دووەم باس لە سۆفییان دەکاو دەڵێ: سۆفییەکان هاتنە مەجلیس، کامە مەجلیس یا کامە کۆڕو کۆبوونەوە؟؟ دیارە نالی باس لە مەجلیس و کۆڕی ڕەندو عاشقان دەکات (بەزمی ڕەندان)ە یا (ئاهەنگ و شایی عاشقانە).

**سۆفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن**
**لە کن ئەو دێمییە ووشکانە لە دەریا نییە باس**

لە نالی (دیوان) و (ل٢٣٤) سێ واتای جۆراو جۆریان بۆ وشەی (وەرەق) هێناوە، بەڕای ئێمە زۆر دوورن لە مەبەستی نالی، بۆیە پاش گەڕانێکی زۆر واتایەکی ترمان بۆی دۆزییەوە:

(الورق: الدم الذي يسقط من الجراحات علقا قطعا) (٣٨). واتە (وەرەق: ئەو خوێنەیە کە تۆپەڵ تۆپەڵ لە برینەکان دادەوەرێن).

لێکۆڵەرەکان بۆ واتای وەرەقی دیدە دەڵێن:

١- ئەو کاغەزەی ئەدرێ بە سەر دەم و چاودا بۆ شاردنەوەی، دێوجامە.

٢- وشەی (وەرەق) ئیشارەت بێ بۆ ئەو گەڵای بەهەشتەی کە ئادەم و حەووا پاش گەنم خواردن و عەورەت دەرکەوتنەکەیان لە بەهەشتا عەورەتی خۆیان پێ دائەپۆشی، کە خوا لە بەهەشتی دەرکردن، ئەویش لە سەر عەورەتیان کەوتە خوارەوە.

ئەگەر وابێ، نالی هاتووە دەم و چاوی سۆفییە ڕیاکارەکانی شوبهاندووە بە عەورەتی ئەوان!

٣- ئەشتوانرێ (وەرەق) بە (وەریق) بخوێنرێتەوە واتە پارەی زیو. بەم پێیە ئیشارەتێکی ناتەواوی تیا ئەبێ بۆ حیکایەتی (اصحاب الكهف).

بەخوێندنەوەو سەرنجدان لەو شیعرە دەتوانین بڵێین: نالی بە نەخشەو پلانێکی زۆر مکۆم دێڕ بە دێڕی داناوە، ئەوەتە لە دێڕی یەکەم باس لە هەیوولا و بووعەلی سینا دەکا، لە دێڕی دووەم باس لە سۆفییە ڕیاکارەکان دەکا، لە سێیەم کۆڕو کۆبوونەوەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە لای ئەو بە هەر شێوەیەک باس لە دنیا بکرێ گرنگ نییە، لە بەر ئەوەی ئەو هەموو دنیای نەویستووە، هەر بۆیە پەندو دەرس و عیبرەت پوولێک ناهێنێ. لە چوارەم کارەکانی واعیز بە هیچ و بێ هوودە لە قەڵەم دەدا، لە پێنجەم نالی یەخەی گەورە دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتووە (کەی، دارا)، (قەیسەر، ئەسکەندەر). نالی پێنج حەقایەت یا پێنج سەرو سەربردە و ڕووداوی درێژ، بەگۆتەیەکی زۆر کورتی واتادار کۆتایی پێ دەهێنێ کە ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونەکانییەتی و تێڕوانینە فەلسەفییەکەی لێ ئاوەژوو دەبێتەوە، ئەویش لە دێڕی شەشەم خۆی حەشارداوە، واتە هەر کارێک بۆ باری تەعالا نەبێت بەلاش و بێ کەڵکە، باشترین نموونەش مۆمی هێناوە، جا ئەگەر بمانەوێ باس لە کارو کاریگەری مۆمیش بکەین دیارە بە چەند نامیلکە و وتار ناگەین بە ئامانج. ئەوەی پێویستە لە سەر وەستانە نالی بە دێڕێکی تەژی لە فەلسەفە دەستی بەو شیعرە کردووە، شارەزاو ئاگادار بە کاریگەری ئەو بوارە، دیارە ئەو پۆلینکردنەش وردیی نالی نیشان دەدا.

**دەهــر، دەهری:**
**تۆ ئەگەر هەستی لە جێ ڕاوەستی دەهری و کافریش**
**دێن دەڵێن بێ شک قیامەت ڕاستە هەستانی هەیە**

دەهر: واتە ڕۆژگار و زەمانەی بێ پایان کە سەرەتاو کۆتایی نەبێت. یا (دەهر ژمارەی شتە بەردەوامەکانە، زەمان ژمارەی شتە زەمانییەکانە، ئەو دوو ژمارانەش تەنیا شتەکان دەژمێرن، واتە ژیان و جوولە) (٣٩). (دەهری) یش نیسبەتە بۆ دەهر (ئەوەی جێی سەر سووڕمانە هەردوو وشەی "زەمان" و "دەهر" لە زمانا یەک واتا دەبەخشن واتە: لاوازی، نابوود بوون، لە ناوچوون) (٤٠). دەهر و دەهری دوو زاراوەی فەلسەفین

و دەهری ڕێبازێکی فەلسەفییە و فەیلەسووفەکانی گریک کە بە خاوەن تیۆری ئەتۆم بەناوبانگن لە سەر ئەو ڕێبازە بوونە (ئەبیقۆرس، لۆقریتس، دیمقریتس، ئەنبادۆقلیس) ئەمانە خاوەن بیرو باوەڕی مادیین و باوەڕیان بە خالیق و باری تەعالا نییە. لە فەرهەنگەکانیش وا هاتووە (دەهری: ئەبیقۆری) (٤١) واتە ناوی خۆیان بە خۆیان وەیە.

ئەوەی لەو دێڕە سەرنج ڕاکێشە، وشەی دەهری پێش کافر تۆمار کراوە. نالی زانیویەتی دەهری یا مولحید زۆر لە کافر خراپترە بۆیە پێشی خستووە، چونکە زۆر کەس هەیە کافرە، بەڵام باوەڕی بە بوونی خالیق و باری تەعالا هەیە. لە دەستەو دامانی نالی هاتووە (کە کافر بڕوای بە خوا نییە)(٤٢) ئێمە تۆزێک پەلەیی بەو ڕستەیە دەبینین حەتمەن بەسەر نووسەری مەسعوود محەمەد تێپەڕیوە. لە شوێنی وشەی (دەهری) لە چاپی نالی (دیوان) وشەی (دێو) تۆمار کراوە. زۆربەی زۆری لێکدانەوەکانی دەستەو دامانی نالی سەرچاوەی لە پەراوێزەکانی نالی (دیوان) وەرگرتووە، لەم دێڕە نازانم بۆ ئەگەری دووەمی وەرنەگیراوە کە هەمان شت لە پەراوێزو لاپەڕەی (٥٧٧) دەهری تۆمار کراوە.

**ئیخوانوسسەفا:**

**ساحیبی عیلمولکیتابە موتریبی هود هود نەفەس**
**یا سلێمانە لە ئیخوانوسسەفا ئاسەف سەفە**

یازدە وشەی واتادار و چەند ئامرازێک ئەو دێڕەیان پێکهێناوە، هیچ کام لە وشەکانیش کوردی نین. بە شێوەی ڕواڵەتی دەرەوە، ئەم دێڕە باس لە دوو بابەتی دیارو ئاشکرا دەکا.

**یەکەم:** ئیشارەتێکە بۆ گەشتەکەی پەپوسلێمانەو چیرۆکی حەزرەتی سلێمان و بەلقیسی شاژنی سەبەء ، کە بە درێژی لە قورئانی پیرۆز باسیان کراوە.

**دووەم:** هاتنی ناوی ئیخوانوسسەفایە لە نیوەی دووەم. ئیخوانوسسەفا وەکو وشەیەکی لێکدراوی عەرەبی زۆر لەمێژە لە شیعرو پەخشانی عەرەبی بەکارهاتووە. شاعیرانی جاهیلی و دوای ئەو قۆناغەش لە شیعرەکانیان بەکاریان هێناوە، لەوانە ئەوسی کوڕی حەجەر، ئەبیلبەڕڕای کوڕی ڕەبعی ئەننەعەمی و...تاد.

ئەبیلبەڕرا دەڵێ: (٤٣)

**اولئک اخوان الصفا رزئتهم**
**وما الکف الا اصبع ثم اصبع**

واتە:

**ئەوانە برایانی بێگەردن و کارەساتی جەرگ بڕیان بینیوە**
**ناو لەپی دەست چییە مەگەر پەنجەو پەنجە نەبێت**

لە پەخشانیش عەبدوڵڵای کوڕی ئەلموقەففەع لە کەلیلە و دیمنە لاپەڕە (١٧٢) ناوی ئیخوانوسسەفای هێناوە(٤٤).

پاشان هەر ئەو ناوە بووە ناوی ئەو کۆمەڵەیە یا ڕێکخراوە سیاسییە کە لە ژێر پەردەوە بە نهێنییەکی یەکجار زۆر کارەکانیان ئەنجام دەدا، دامەزران و بنکەیان لە شاری بەسرا بووە، نامەکانی ئیخوانوسسەفا وەک پرۆگرامێک بووە بۆ خۆیان، لە هەموو ڕوویێکەوە پەیڕەویان کردووە. ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی بواری فەلسەفی، گرنگی خۆی لە دەست نەداوە. لەبەر ئەوەی ڕێکخستنەکەیان ڕێچکەیەکی فەلسەفی گرتبوو بۆیە کارە ڕێکخراوەییەکەیان زۆر تایبەتی بووە نەک گشتی. لە هەموو ئەو گرووپە سەرچاوەکان تەنیا ناوی پێنج کەسیانی تۆمارکردووە(٤٥)، کە یەکێک لەوان ناوی ئەبوسلێمان موحەممەدەو نازناوی (مەقدەسی)یە. ئەو پەنجاو دوو نامەیەی لە پاشیان بەجێماوە دیارە باس لە بوارەکانی فەلسەفە دەکەن و ویستوویانە زانستەکانی ئیسلام تێکەڵ بە فەلسەفەی گریک بکەن. بە ڕای ئێمە ناکرێ و نابێ نالی ئاگاداری نامەکانی ئەو گرووپە نەبووبێ و نەیانی خوێندبێتەوە پێش ئەوەی لەو شیعرە بەرزو نایابە ناویان بهێنێ.

**بورهان:**

**لە نووری موعجیزەی تیغی نەما قەت زوڵمەتی شوبهەت**
**کە ڕووناکی شەوی میعراج و ڕۆژی بەدری بورهانە**

بورهان واتە: ئەندازەو پێوانەی بێگومان و ئاشکرا. نالی بەرامبەر بە زاراوەی بورهان وشەی شوبهەتی داناوەو سیفەتی زوڵمەتیشی داوەتە پاڵ، واتە: گومانێکی تاریک و ڕەش بە بەرزو بڵندی ڕووناکی موعجیزەکانی، یا بە تیشکی ڕووناکی موعجیزەکانی بە ڕۆژ یا بە شەوی بەدر زوڵمەتەکەو بە بورهان شوبهەتەکەی ڕەواندیتەوەو لەناویانی بردووە. لە نالی (دیوان) ل٥٠٨، وشەی (تیغ)یان بە شمشێر لێکداوەتەوە، لەو دێڕە تیغ بە واتای بەرزو بڵند یا تیشکی خۆر(٤٦) زۆر

تەواو و لەبارترە لە وشەی شمشێر. نالی وشەی بەدری بە تەورییە بەکارهێناوە، واتا نزیکەکەی ڕۆژی بەدرو یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی موسڵمانەکانە لەگەڵ قورەیشییە بت پەرستەکان، دوورەکەشی (مانگ لە چواردە بێ حەوجە بە ئەنگوست نییە).

زاراوەی بورهان ئەوەندە جێگیرو بەهێزە دوو ڕاستیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە یەکێکیان لە تاریکی شەودا ڕووی داوە کە (میعراج)ەکەی پێغەمبەرە (د)، ئەویتریان شەڕی بەدرە کە بە نوێژی نیوەڕۆ ڕووی داوە. نالی دەیەوێ بڵێ بیرو باوەڕی موسڵمان هەر ئەوە نییە تۆ ڕووداو و شتەکان بە چاو ببینی و بەس، بەڵکو دەبێ تۆ باوەڕ بەو ڕووداو و شتانەش بێنی کە بە چاوی (سەر) نەت بینیون، کە ئەویش شەوی (میعراج)ە، هەردوو ڕووداویشی خستۆتە قاڵبی موعجیزەو بەو بورهانە ئیسپاتی کردووە و براندیتییەوە. بورهان لای ئوسوولییەکان (لێک جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستە)(٤٧) واتە (حەق و باتیل)، باتیلەکە یەکجار بێهێزە (زوڵمەتی شوبهەت) بەرامبەر بە (ڕووناکی شەوی میعراج) و (ڕۆژی بەدر) کە دوو بەڵگەو دەلیلی زۆر بەهێزن.

**زەمان:**

**غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە**
**دەس لە مافیهای زەمان بڕیاووم ئەز**

زەمان (ئەو ماوەیەیە کە جوولەکان دەژمێری و پارچەو بەشەکانی جێگیرو چەسپاو نین)(٤٨). لە پێش ئەم دێڕە نالی دەڵێ:

**ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن**
**ئاوی چاووم گەر نەبێ سوتاووم ئەز**

بە دوو ڕەگەزی ژیان و بوون (نار، ئاو) وێنەیەکی هونەری یەکجار بەرزی داهێناوە، لەو ئاستەنگ و دژواری دژایەتییە ژیانە کە ماوەو بەردەوامە، بەڵام ژیان و بەردەوامییەکە سروشتی نییە، وەک ئەوە وایە نالی منداڵدانێکی دروست کردبێت و زلفی ئەویش وەک وێڵداش بە (ئەو)ی بەستۆتەوە و بۆیە هیچ ئاگاداری بوون و بوونەوەرێک نییە و لە هەموو شتێک پچڕاوەو تەنیا بە ئەو بەستراوە، مان و بوونی بەو تاڵە مووەی زلفەکەی بەندە، کاری گەورە یا (کاری هونەری ڕاڤەی شتەکان دەکا، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆی)(٤٩).

لە فەرهەنگەکانی زمانی فارسی وشەی زەمان واتای تری بەرامبەر نووسراوە، وەک مەرگ و مردن و گیان لە دەستدان. بۆگەیشتن بە واتای ڕاست و دروستی دێڕە شیعرەکانی نالی، یا نزیک بوونەوە لە واتاکان پێویستە واتای وشەکان لەبەر دەست بن و خۆمان بە یەک و دوو لێکدانەوەی دێڕی نەبەستینەوە ئەگەر وشەکان واتای تریان هەبوو، بۆ لێکدانەوەی دێڕی شیعری نالی دەبێ هەموو ئەگەرەکان وەرگرین و پاشان کاڵا جۆر بە جۆرەکان بە باڵای دێڕەکان بگرین. یەکێک لەو تایبەتییە زەقانەی شیعری بە لایەکی ئەم بابەتەوە گرێدراوە. نالی شیعرێکی هەیە شەش دێڕە یا هەشت دێڕە دەبینین هەر دێڕەو (لە ئاشێک دەکا) واتە هەر دێڕە و بابەت و چیرۆک و سەربردەی تایبەتی خۆی هەیەو هیچ پەیوەندییەکی دوورو نزیکی بە دێڕەکانی ترەوە نییە، وەک پێشتر ئاماژەمان بە غەزەلی (لەکن ئەو جەوهەرە فەردە...) ل ٦٦ کرد کە حەفت دێڕەو هەر یەکەیان دنیایەکە بۆ خۆی و هەر نالی دەزانی چی کردووە. زۆر جار نالی لەوەش تێدەپەڕێنێ بەوەی لە یەک دێڕدا هەیە هەر دوو نیوە دێڕەکان بە هیچ گرێیەک پێکەوە نەبەستراون و پەیوەندییان پێکەوە نییە.

**بێ سوننەتی تەقبیلی دەمت عاتیلە ڕۆژووم**
**بێ حەزرەتی میحرابی برۆت عاتیلە نوێژم**

یان:

**زولفەینی بە خەم مارو بە حەلقەن وەکو عەقرەب**
**شیعری لەفف و نەشرن چ موشەووەش چ مورەتتەب**

ئیسپات، خەت و خاڵ، نوقتە:

**ئیسپاتی خەت و خاڵە بە سەد دیدەیی گریان**
**ناچێتەوە ئەم نوقتە لە نێو دیدەیی تەڕدا**

لەو دێڕەش کۆمەڵە زاراوەیەکی فەلسەفی بەکارهێنراوە. لێکۆڵەرەکان نووسیویانە: (وێنەی باڵای یار کە وەک خەطی جەوهەری لای فەیلەسووفەکان وایە لەگەڵ وێنەی دەمی کە وەک جەوهەری فەردە)(٥٠). وشەو زاراوەکان لای نالی لەو دێڕە دوو سەرەیە، وەک کەرەسەیەک لە خزمەتی وێنە شیعرییەکە دایە، لەگەڵ لە بیرنەکردنی لایەنە فەلسەفییەکەی. سەرتاپای

خۆشەویستەکەی نالی بۆتە بەشێکی دیاری ڕوخساری (خەت و خاڵ) بۆ جارێکی تر چڕی دەکاتەوە، هەمووی دەبێتە نوقتەیەک لەنێو بیلبیلەی چاوی حەشار دەدا، لە هێزو بەرگریش نەکەوتووە، ئەوەتە بە (سەد) شووشتن و فرمێسکی گریان (ناچێتەوە) واتە سپی نابێتەوەو شوونی نابڕێتەوە. ئەو چڕی و چڕبوونەوەیە شتێکمان بە بیر دەهێنێتەوە، دەڵێن: هەموو قورئانی پیرۆز چڕ بکرێتەوە (سوورەتی فاتیحە)ی لێ دەبێتەوە، ئەگەر ئەویش چڕکەینەوە (بسم الله الرحمن الرحيم)ی لێ دەمێنێتەوە. جارێکی تر تەنیا (بسم الله) و پاشان پیتی (ب) و دواجار نوقتەکەی ( . ) ژێر (ب) دەمێنێتەوەو بەس، واتە هەموو قورئان بەو خاڵە یەکسان دەبێت. (ئەدەبی فەلسەفی بەشێکە یا نیشانەیەکی ترە لە جۆرێکی ئەدەب، نەک ڕەگەزێکی تازەی ئەدەبە، ئەو نیشانەیە یا ئەو تایبەتمەندییە لە هەندێ ئەدەبی مەزن و نەمردا هەیە)(٥١). نالی هەمان تێڕامان و بۆچوونی هەیە بەرامبەر بە بەرهەمی مەزن و نەمر کە تەنیا بەهێزی حیکمەت لە دایک دەبێت.

**(نالی) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**
**مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک**

مەعناو لەفز واتە: واتاو وشە یا ناوەڕۆک و شێوە، هەر بابەتێکی ئەدەبی و بە تایبەتیش شیعر خاوەنی ئەو جۆرە پێکهات و دژ یەکە زیندووانە بێت، سادە و سەرەتاترین مەرجی مەزنی و پاشانیش نەمری و جاویدانییە.

نالی وشەی (مەسەل)ی بەکارهێناوە، کە هاوواتای حیکمەتە:

**دەورانییە وەک هێلەکی سەوداسەری گێژم**
**بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم**

هەرچی نالی وتبێتی دیارە حیکمەت و پەندو قسەی نەستەقە، ئەوەی دڵ ئاوەدان و بیر وردو چاوتیژ بێ، لێزان و ئەزمووندار دەبێ چۆن لە داهێنان و ئەفراندنەکانی خۆی ڕوانیبێ، بە ڕاستی هەر خۆی دەزانی چی کردووەو چی بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە.

فەلسەفەی نالی بەرامبەر بە دنیا (ژیان و دەوروبەر) لەو دێڕە ڕەنگ دەداتەوە:

**قەدری من چەندە لە لای دەوڵەتی دونیایی دەنی**
**قەدری ئەو کەمترو هەر دوو لە غەمی یەکدی غەنی**

هاوکێشەکە لای نالی یەکسان نییە، پێوانەکە دەبێ هەر بەلای ئەودا بلەنگێ ئەوەتە قەدرو ڕێزی نالی لای (ئەو) چەندە، نالی دەڵێ: دەبێ هی ئەو کەمتر بێت و بە پێچەوانەش ئەگەر زیادو زیاتر بێت دەبێ هی نالی لە سەرووی ئەو بێت.

لەبەر هەر هۆیەک بێت شیعریش وەکو فەلسەفەو زۆر شتی تریش پێناسە ناکرێن، یا ڕاستتر بڵێین یەک تاقە پێناسەیان نییە، لەبەر ئەوەی تەمەنی درێژە، یا لەبەر پیرۆزییە، یا وەک جیوەن، سرت و دەستباز نین و زوو دەستەمۆ نابن. هەیە باسی شیعری کردووە و لەوەندەی زیاتر دڵی نەهاتووە بە شیعر بڵێ: (الشعر شیعرە)(٥٢). ئەمە پیرۆزیی و گەورەیی شیعر نییە!!. هی تریش گوتوویانە: (شیعر، باشترین وشەو گۆتەیەکە لە باشترین شکڵ و شێوەدا)(٥٣). ئایا نالی ئەو سنوور و توخوبانەشی نەبەزاندووە؟ کورد ڕاستی گوتووە: (زێڕ لای زێڕینگر بە نرخ و بەهایە).

**کە خاکی خاکی دامەن بە وە گەر نە تۆزی بەربادی**
**کە ئاوی ئاوی گەوهەر بە وە گەر نە بڵقی سەر ئاوی**

لە هەر چوار ڕەگەزەکەی ژیان و بوون (خاک، ئاو، با، ئاگر) سێیان لەو دێڕە بەشدارن و وەک زاراوەی فەلسەفی شان بە شانی گەوهەر بەکار هاتوون. بیرە فەلسەفییەکەی نالی لەو دێڕە خۆی بەو وێنە هونەرییە و دواتر بەو پەندو ئامۆژگارییە پێچراوە کە نالی پێشتر نەخشەی بۆ کێشاوە کە وەک واتاو ئەنجام خۆی بە دەست دەدات.

**حیکمەتی تۆ مولهەمە، هەم قەدەمت مەرحەمە**
**موستەحەققی مەرهەمە، سینەیی ئەفگاری من**

### سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) شاخت و بوزورث، تراث الاسلام، ترجمة د. حسين مؤنس واحسان صدقي العمد، عالم المعرفة (١٢)، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، الكويت، ١٩٨٨، ص ٥٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٨.
(٣) سورەتی الاعراف، ئایەتی (١٨٥).
(٤) قورئانی پیرۆز، وەرگێڕدراوی هەژار، ل١٧٤.
(٥) سورەتی آل عمران، ئایەتی (١٩١).
(٦) قورئانی پیرۆز، وەرگێڕدراوی هەژار، ل٧٥.
(*) ئەم دێڕە وەک نموونەی شیعری ئاڵۆزی نالی وەرگیراوە لە دیوانەکەی، پاش گفتوگۆ د. محەمەد بەکر محەمەد ڕای وابوو ئەگەر (وەڵێ) بکرێ بە (دەڵێ) ئاڵۆزییەکەی لە دەست دەدا. ئەمە وەک هەڵەیەکی نووسخەنووس و کرانی (د) بە (و) زۆر لە ڕاستی نزیکە.
(٧) ارسطوطاليس، في الشعر نقل ابي بشر متي بن يونس القنائي، حققه مع ترجمته الحديثة الدكتور شكري محمد عياد، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧.
(٨) محمد شفيق شيا (دكتور)، في الادب الفلسفي، الطبعة الاولى، مؤسسة نوفل، بيروت، ١٩٨٠، ص٢٨٩.
(٩) ابي الوليد محمد بن احمد بن رشد (القاضي)، كتاب فصل المقال، قدم له وعلق عليه الدكتور البير نصري نادر، الطبعة الثالثة، دار المشرق، بيروت، ١٩٧٣، ص ٢٧.
(١٠) محمد شفيق شيا (دكتور)، في الادب الفلسفي، ص ٨٣.
(١١) سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٣.
(١٢) رجاء عيد (دكتور)، فلسفة البلاغة، الناشر منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٩، ص ٢١٨.
(١٣) أ- عبد الامير الاعسم (دكتور)، المصطلح الفلسفي عند العرب، الطبعة الاولى، مكتبة الفكر العربي، بغداد، ١٩٨٥.
ب- جميل صليبا (دكتور)، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٧٩. (دوو بەرگە).
(١٤) سهيل محسن افنان، واژەنامەء فلسفی، دار الشرق، بیروت، ١٩٨٦.
(١٥) سي – دي لويس، الصورة الشعرية، ترجمة د. احمد نصيف الجنابي والاخرون، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص ٦٥.

(١٦) بوو عەلی سینا: (٩٨٠ – ١٠٣٧)، ناوبانگی بە ئیبن سینا ڕۆیشتووەو نازناویشی (ئەششێخوڕڕەئیس)ە، ئیبن سینا زاناو فەیلەسووفی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامەو لە هەموو جیهانیش ناسراوە، بە دەیان کتێب و نامەو وتاری نووسیوە هەندێکیان چاپ و بڵاوکراونەتەوەو زۆریشیان هێشتا دەستنووسن. گرنگترین بەرهەمی لە پزیشکی (کتێبی قانوون)ە کە چوارده بەرگە، لە فەلسەفەش (کتێبی شەفا)ی هەیە کە هەژدە بەرگە، کورتکراوەی (کتێبی نەجات)ی سێ بەرگە، کتێبی (هێماکان و ئاگادارکردنەوەکانیشی) هەیە، کتێبی تریشی زۆرە. کتێبی بۆ ئەم بابەتانەش نووسیوە: مۆسیقا، ئەدەب و زمان، کۆمەڵناسی، نامەی جۆراو جۆر لە فەلسەفە، پزیشکی، ئایین، ئەستێرەناسی و هی تر. بە شیعر باسی لە لۆژیک کردووە، بە قەسیدە بیروبۆچوونە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی دەربڕیوە.
(عبدة الشمالي، دراسات في تأريخ الفلسفة العربية الاسلامية، الطبعة الرابعة، دار الصادر، بيروت ١٩٦٥، ص ٣٤٧).
(١٧) رينهارت دوزي، تكملة المعاجم العربية،الجزء الثاني.
(١٨) دار المشرق، المنجد، الطبعة الثالثة والعشرون، بيروت، ١٩٧٥.
(١٩) حسن عمید، فرهنگ عمید.
(٢٠) عبدالامير الاعسم (دكتور) المصطلح الفلسفي عند العرب، ص ٣٠٧.
(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١٠.
(٢٢) جميل صليبا (دكتور)، المعجم الفلسفي.
(٢٣) ابو المحسن علي بن محمد الجرجاني، التعريفات.
(٢٤) غەزالی (ابو حامد محمد) لە (١١١١)ز وەفاتی کردووە، دەستێکی باڵای لە زانستی کەلام هەبووە، نازناوی (حوجەتی ئیسلام)ی پێدراوە، لە نزیک تووس لە خوڕەسان لە دایک بووە، سەرەتا مەیلی سۆفیگەری هەبووەو تێکەڵ بەو دنیایە بووە، پاشان خۆی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لە (فیقە و کەلام و فەلسەفە) تەرخان دەکا، لە قوتابخانەی (نیزامییە) لە بەغدا مامۆستا بووەو دەرسی وتووەتەوە، (تەهافوتی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و فەیلەسووفەکانی بە کافرو گومڕا ناو برد و بە بیدعەچی ناوی هێنان. تووشی گومان بوو جارێکی تریش گەڕایەوە نێو دنیای سۆفیگەری و وازی لە مامۆستاییش هێناو ڕێ و ڕێبازی تەریقەتی سۆفیگەری گرت. پاش دە ساڵ هاتووچۆ لە نێوان دیمەشق و قاهیرە و مەککە، گەڕایەوە نیساپور و لەوێوەش بۆ تووس هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. (ئیحیا علومددین) (ئەلمونقیز مینەززەلال) لە نووسینەکانی ئیمام غەزالین. (دار المشرق، المنجد).

(٢٥) عبدة الشمالي، دراسات في تاريخ الفلسفة العربية الاسلامية، الطبعة الرابعة، دار الصادر، بيروت، ١٩٦٥، ص ٤٨٣.
(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٨٥.
(٢٧) فتح الله خليف (دكتور)، فلاسفة الاسلام، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٧٦، ص٢٥٦.
(٢٨) ئیمامی ڕازی لە (١٢١٠)ز وەفاتی کردووە، لە ڕەی لە دایک بووەو لە هەرات کۆچی دوایی کردووە، ئیمام و موفەسیر بووەو لە ڕۆژی خۆی بە(شێخولئیسلام) ناسراوە. دەیان دانراوی بە زمانی عەرەبی و فارسی هەیە و شیعریشی نووسیوە لە کتێبەکانی (مەفاتیحولغەیب)ە کە بە تەفسیری گەورە ناوبانگی دەرکردووە، (ئەلمەحسوول فیل فیقە)، (فەزائیل وسەحابە)، (ئەلئەربەعین فی ئووسوولیددین)، (ئیبتالولقیاس)، (ئەلهەندەسە)، (ئەلمیلەلو وەننەحلو)، (لوبل ئیرشادات)، (ئەتتەوبل کەبیر)، (دار المشرق، المنجد).
(٢٩) فيصل بدير عون (دكتور) نظرية المعرفة عند ابن سينا، مكتبة سعيد رأفت، القاهرة، ١٩٧٨، ص١٤.
(٣٠) حسن مجيد العبيدي، نظرية المكان في فلسفة ابن سينا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص١٥٢ و بەسەرەوە.
(٣١) فتح الله خليف (دكتور)، فلاسفة الاسلام، ص ٣٨٨.
(٣٢) عەبدوڕەحمان، ئەبو زەید، (ئیبن خەلدون) (١٣٣٢-١٤٠٦)ز، مێژوونووس و فەیلەسووفی کۆمەڵناسی عەرەبییە، یەکێکە لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی لە کارگێڕی و ڕامیاری، دادوەری و ئەدەب و زانستەکان. لە تونس لە دایک بووەو لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە. لە ئەزهەریش دەرسی گوتووتەوەو دانراوی بەنرخی لە مێژوو هەیە کە بە دامەزرێنەر و ڕابەری زانستی فەلسەفەی مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی دادەنرێت لەو (موقەددیمە)یەی بۆ کتێبی (ئەلعیبەر)ی نووسیوە. (دار المشرق، المنجد).
(٣٣) ابن خلدون، مقدمة، كتاب الشعب، دار الشعب، القاهرة، ؟، ص٤٨٢.
(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ص٤٨٣.
(٣٥) عەبدوڵڵا خدر مەولوود، دورجەکەی نالی، ڕامان، ژمارە (٦٤)، ٥/١٠/٢٠٠١، ل١٢.
(٣٦) محمد شفيق شيا (د.)، في الادب الفلسفي، ص١٣٢.
(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٢.
(٣٨) ابي عبدالرحمن الخليل بن احمد الفراهيدي، كتاب العين، الجزء الخامس، تحقيق الدكتور مهدي المخزومي - الدكتور ابراهيم السامرائي، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص٢١٠.
(٣٩) ابو بكر محمد بن زكريا الرازي، رسائل فلسفية، الطبعة الثانية، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٧٧، ص٢٧٠.
(٤٠) ت. ج. دي. بور (استاذ)، تأريخ الفلسفة في الاسلام، ترجمة الدكتور محمد عبدالهادي ابو ريدة، الطبعة الخامسة، مكتب النهضة المصرية، القاهرة، ؟،
(٤١) رينهارت دوزى، تكملة المعاجم العربية، الجزء الرابع.
(٤٢) مەسعود محەمەد، دەستەو دامانی نالی، ل٢٦٥.
(٤٣) فؤاد معصوم (د.)، اخوان الصفاء، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر، ١٩٩٨، ص٦٧.
(٤٤) بيدبا، كليلة ودمنة، ترجمة عبدالله بن المقفع، مكتبة الاشتراكي، بغداد، ؟، ص١٧٢.
(٤٥) عبدالوهاب الكيالي (د.) وآخرون، موسوعة السياسة، الجزء الاول، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٩.
(٤٦) حسن عميد، فرهنگ عميد.
(٤٧) جميل صليبا (دكتور)، المعجم الفلسفي.
(٤٨) عبدالامير الاعسم (دكتور)، المصطلح الفلسفي، ص١٩١.
(٤٩) عزالدين اسماعيل (دكتور)، الاسس الجمالية في النقد العربي، الطبعة الثالثة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٦.
(٥٠) نالی (ديوان)، ل٨١.
(٥١) محمد شفيق شيا (دكتور)، في الادب الفلسفي، ص٢٨٩.
(٥٢) مارف خەزنەدار، شیعر، ڕامان، ژمارە (٦٧)، ٥/١/٢٠٠٢، ل٧٧.
(٥٣) محمد زكي العشماوي (د.)، فلسفة الجمال، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١، ص١٥٩.

# ترسی مردن و ئەفسانەی ئاوی حەیات لە شیعری «وادەی سفیدەی...» مەولەوی-دا

عەتا قەرەداخی
(سلێمانی)

مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی کە لە مێژووی شیعری کوردیدا جێگای دیاری هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو دەقانەیەوە کە بەرهەمی هێناون، دەقەکانی شیعری مەولەوی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن چ لە ڕووی بنیادی شیعرییەوە چ لە ڕووی پرسیاری شیعری و ئەو جیهانبینییەوە کە هەڵیدەگرن.

سەرەتا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مەولەوی لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە و ئەزموونی شیعری ئەم لە ڕووی مێژووییەوە ناکەوێتە پێش ئەزموونی شیعری شاعیرانی بابانەوە، چونکە بەلای کەمەوە مەولەوی لەدوای هەر سێ کوچکەکەی بابان کۆچی دوای کردووە و نزیکەی (سی و پێنج)ساڵیش دوای دەسەڵاتی میرنشینی بابان ژیاوە (١٨٠٤-١٨٨٢) مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە دەبوا کاریگەری ئەزموونی شیعری بابان (نالی، سالم، کوردی) بە ئەزموونی مەولەوییەوە دیار بوایە، ئەویش لە ڕووی زمان و بنیادی دەق و جیهانبینی شیعرییەوە، بەڵام دەتوانین بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مەولەوی کاریگەری ئەزموونی شیعری بابانی پێوە دیار نییە.

لە ڕووی بنیادی شیعرییەوە،، شاعیرانی بابان لەدوای ئەزموونی دیاری شیعری گۆرانی کە بە کێشی پەنجەیە، ئەمان دەستبەرداری ئەو  شێوازەی نووسین بوون و لەسەر کێشی شیعری عەرەبی، یان باشتر بڵێین لەسەر کێشەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی شیعریان نووسیوە. ڕەنگە ئەوەش لە ڕووی پایەکانی گوتاری نەتەوەییەوە بە خاڵێکی لاواز سەیر بکرێت بۆ شاعیرانی بابان، چونکە شیعری کوردی کە بە کێشی پەنجە نووسراوە بە لایەنی کەمەوە لە کوردستانی ژێر سایەی فارسەکان و باشووری کوردستانیشدا، پشتی بە ڕەگەزێکی خۆماڵی کوردی بەستووە کە ئەویش کێشی فۆلکلۆری کوردییە، کە لە هەمان کاتدا کێشی گاتاکانی ئاینی زەردەشتیش کە بە ئایینی کۆنی کورد و ئێرانیەکان دادەنرێت بە هەمان کێش بووە، بەڵام شاعیرانی بابان دەستبەرداری ئەو کێشە نەتەوەییە، یان میللیەی کورد بوون لە نووسینی شیعردا و پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی کێشە عەرەبیەکان، دیارە کاریگەری کولتووری ئیسلامی لەوەدا دەوری خۆیی بینیوە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی مەولەوی نەکەوتۆتە ژێر کارتێکردنی ئەو کاریگەرییەوە؟ ئایا بۆچی مەولەوی بەکێشی فۆلکلۆری کوردی یان کێشی پەنجە شیعر دەنووسێت لەکاتێکدا لە پێش ئەو و لەسەردەمی ئەویشدا لە سنووری دەسەڵاتی باباندا بە کێشەکانی فەراهیدی شیعری کوردی نووسراوە؟



مەولەوی

بە بۆچوونی من لەپلەی یەکەمدا لەبەر ئەوەی مەولەوی لە سنووری مـیـرنشـینی باباندا نەژیاوە و دیارە هۆی پێوەندیکردنی ئەو سەردەمەش زۆر لاواز بووە بۆیە دەشێ کـەمـتـر ئاگـاداری ئەزمـوونی شـیـعـری بابان بوو بێت، لەلایەکی ترەوە مەولەوی لە قووڵایی هەوراماندا ژیاوە و هەم ئەزمـوونی پێـشـتـری شـیـعـری گـۆرانی و هەمـوو بەرهەمی دەوڵەمـەندی فـۆلکلۆری کـوردی ناوچەی هەورامـان و هەمـان پاشـماوەی دەوڵەمـەندی کـولتـووری زەردەشـتی ئەو ناوچەیەی لەبەردەسـتـدا بووە، هەم ئەو ناوچەیەی کە ئەوی تێدا ژیاوە واتە، هەورامان سەرباری ئەوەی کە فەتحی ئیسلامی گەیشتۆتە ئەوێ و خەڵکەکەی بوونەتە ئیسلام و چەندین مەلای شارەزای وەکو مەولەوی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام کولتووری عەرەبی و کولتووری فارسی و کولتووری تورکی نەیانتوانیوە لەو ناوچەیەدا بە تەواوی ڕەگ و ڕیشـە داکـوتن و جـێـگا بە کـولتـوور و ڕەسـەنایەتی کـوردی لەق بکەن. مـەولەوی کـوڕی ئەو زەمینە و واقـیعە بووە. زەمـینە و واقـیعـێک کە ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنایەتی کوردی هەمیشە تێیدا بەهێز بووە، هەر ئەوەش هۆکـاری سـەرەکـیـە بۆ ئەوەی مـەولەوی بە کـێشی پەنجە یان بە کـێشی فـۆلکلۆری کوردی شیـعـر بنووسێت و لەپاڵ ئەوەشدا فەزای دەقـەکانی فـەزای ئەو سروشتە و ئەو واقـیعە بێت کە تێیدا بەرهەم هاتوون و چەندین ڕەمـز و هێـمـا و ئامـاژە و توخـمی ئەفـسـانە و فـانتـازیای کـوردی و زەردەشـتی بووبنە ڕەگـەزی بەرهەم هێنانی دەقـەکـانی لەلایەکی ترەوە زۆرێک لەوانەی کـە خەریکی شیـعری مـەولەوی بوون، پێیان وایە مەولەوی ڕابەری شـیـعـری ڕۆمـانسـیـە و هەندێکـیـشـیـان زیاد لە سنوور پێی لێ دادەگـرن و پێـیـان وایە مـەولەوی لەپێش شاعیرانی ڕۆژئاوادا ڕۆمانسیەتی بەرهەم هێناوە. ڕاستە شـیـعـری مەولەوی خاڵی نییە لەڕەگەزەکـانی شـیـعـری ڕۆمانسی، بەتایبەتی لە وەسفی سروشت و کارپێکردنی ڕەگـەزی خـەیاڵدا، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ڕۆمـانسـیـەتی ڕۆژئاوا لە ئەنجامی شۆڕشی پیشـەسازی و ئاڵـۆزبوونی پێوەندی کۆمـەڵایەتی و ژیانی شارەوە سـەری هەڵداوە و گـەڕانەوەی مرۆڤ لە واقـیـعی ئاڵۆزی شـار و پێـوەندییـە ئاڵۆزەکـانی ژیانی کۆمەڵگای پیشـەسازی شارەوە بۆ نێو پانتـایی هێـمن و ژیانی سـادەی نێـو سـروشت و خـۆ ڕزگارکردن لەو ژیانە ئاڵۆزە و گەڕانەوە بۆ نێو سروشت بە مـەبەسـتی حـەوانەوە و ئاسـوودەیی خـاڵی سـەرەکی و بەرنامەی ڕۆمانسیەتی ڕۆژئاوایە،

بەڵام مەولەوی خۆی لەنێو سروشتی جوان و سادە و پڕ هێـمنی هەورامـاندا ژیاوە و لە ڕاسـتـیـشـدا لە قـۆناغی ژیانی مەولەویدا کۆمەڵگای کوردی وەکو کۆمەڵگای ناو سـروشت حـساب دەکرێت و نـەک پێوەندی ژیانی ئاڵۆزی شـار دروست نەبووە، بەڵکو لە کـوردسـتـاندا (شـار) بەو مانایەی خاسێتی شاری هەبێت، دروست نەبووە، کەواتە هـیـچ پـاڵـنەرێک لـە ئـارادانەبووە بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی فـیـکرییـەوە وای لە مـەولەوی کـردبێت بیـر لە ڕزگـاربوون بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش بگەڕێتەوە بۆ نێو پانتایی سـروشت، لە هەمـان کـاتدا خـەیاڵی مـەودا فـراوانی مەولەوی زادەی ئەو زەمینە جوگرافیـیە کە تێیدا ژیاوە، هەسـتی جـوانی پەرسـتی و باڵادەسـتـبـوونی لە وەسـفی جوانیدا زادە و بەرهەمی ئەو واقیعەیە کە تێیدا پەروەردە بووە بەمـانایەکی دی مـەولەوی وێنەی ئەو واقـیـعـەی گرتووە کە تێـیدا ژیاوە، کـە بوونی ئەوی پێـوە بەندبووە، کە بینین و بیـستن و هەسـتکردن و چێژ وەرگـرتن ئەوی بەرهەم هێناوە. بە مانایەکی دی ئامادەبوونی ڕەگەزەکانی ڕۆمانسیەت لە بەرهەمی شیعری مەولەویدا پەیوەستە بە پەیوەسـتـبـوونی ئەنتـۆلۆژیانەی مـەولەوی خـۆیەوە بەو جـوگـرافـیـایەی کـە تێـیـدا ژیاوە، نەک سـەرهەڵدانی ڕۆمانسیەت یان دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی ڕۆمانسیەت لە ئەزمـوونی ئەودا بەرهەمی پەرەسـەندنی پێـوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان و زادەی قۆناغێکی مێژوویی بن کە ئەو قۆناغە لە ڕۆژئاوا قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیەتە واتە گەڕانەوەی تاکەکەس بۆ ناوەوەی خۆیی و بۆ نێو سروشت و بۆ خۆ دەربازکردن لە گورشار و جەنجاڵی پێوەندییەکانی

کۆمەڵگای شار و تەکنۆلۆژیا.

لێرەدا هەوڵ دەدەین خوێندنەوەی یەکێک لە شیعرەکانی مەولەوی بکەین و لە ڕووی شیکردنەوەی بنیادی دەقەکەوە و بەدوای ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین کە بەرزی دەکاتەوە،

**وادەی سفیدەی شکۆفەی پیرین**
**شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین**
**شکۆفەی باخچەی پیری سفیدەن**
**سەرمایەی میوەی عیرفان هەر ئێدەن**
**نە باخچەی سونبول تار مووی تاردا**
**سپی شکۆفەی پیریم دیاردا**

مەولەوی لەم شیعرەیدا بەرجەستەی دەرکەوتنی نیشانەکانی پیری دەکات لە ژیانی خۆیدا. دیارە دەقەکانی مەولەویش هەمان شێوەی شیعری کلاسیکی کوردی ناونیشانیان نییە مەگەر بە دەگمەن، لە دیوانەکەشیدا کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس کۆی کردۆتەوە و لێکی داوەتەوە و پاشان چاپی کردووە شیعرەکان بەپێی یەکەم پیتی یەکەم دێڕی شیعرەکە ڕیزکراون، ئەوەش وادەکات کە مێژووی نووسینی دەقەکان و شوێنیان بەپێی مێژووی نووسینیان دیاری نەکرێت و هەر بەو پێیەش ئاستی بەرەو پێشەوەچوون و زیاتر پیگەیشتنی ئەزموونی ئەم شاعیرە بە ئاسانی دیاری نەکرێت، ئەمەش ئەوەمان لا دروست دەکات کە نەزانین ئەم شیعرە کە گوزارشت لە قۆناغی بەرەو پیری چوونی مەولەوی دەکات، ئایا لە ڕاستیدا بەرهەمی ئەو قۆناغەیە یان دەشێ بەرهەمی قۆناغێکی زووتر و هی سەردەمی لاوێتی بێت و مەولەوی بەخەیاڵ بگات بەو قۆناغە و وێنەی خۆی لەو قۆناغەدا کە هێشتا بە چاو نەیبینیوە بە خەیاڵ بەرجەستە بکات،

بە هەرحاڵ کارەکە بە هەر جۆرێکیان بێت، ئەوا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ترس لە پیری ئامادەبوونی هەیە، چونکە ئەوە ئاشکرایە پیری لەگەڵ خۆیدا مەسەلەی مردن لە نەستی مرۆڤدا دەکاتە ڕەگەزێکی ئامادە کە ترسی هەمیشەیی بەرهەم دێنێت. لێرەشەوە لە ئاستی نەگوتراودا مەسەلەی ململانێی نێوان ژیان دۆستی و مەرگدۆستی دێتە ئاراوە و نەک تەنیا مرۆڤ، بەڵکو زیندەوەران بەگشتی لە سروشتی پێکهاتنیاندا ژیان دۆستن، تەنانەت ئەگەر بگەنە ئاستی کوشتن و وێرانکردنی ژیانی ئەوانی تر، ئەوە هێشتا بە گوێرەی خۆیان ژیان دۆستن.

مەولەوی وەسفی باری تەمەنی خۆی دەکات و ئەو وەسفکردنەش لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشتدا هاوشێوە دەکات، یان باشتر بڵێین ڕەگەزەکانی سروشت قەرز دەکات بۆ ئەوەی وەسفی خۆی و تەمەنی خۆی و دەرکەوتنی سیمای پیری لەخۆیدا پێ بکات. کاتێ باسی ئەوە دەکات کە کاتی دەرکەوتنی خونچەی یان گۆپکەی سپییە لە سیمای ئەودا، ئەو خونچە سپیانەش نیشاندەری هاتنی قۆناغی پیرین، قۆناغی پیریش بریتییە لە قۆناغی خەم و خەفەت و دڵگرانی، شاعیر خۆی هاوشێوە دەکات لەگەڵ درەخت یان گوڵدا و مووی سپی سەرو ڕیشی هاوشێوە دەکات بە گۆپکە و خونچەکانی ئەو درەختە، لەم هاوشێوەکردنەشدا درەخت وەکو ڕەگەزێکی نێو سروشت دەبێتە پنتی جێگیر و ئەمی مرۆڤ بەو بەراورد دەکرێت ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سروشت وەکو سەرچاوە سەیر دەکرێت و هەموو ڕەگەزەکانی تر بەمرۆڤیشەوە بەوەوە بەند و پەیوەستن و بۆ ئاشکرا کردنی هەر خاسێت و حاڵەتێکی مرۆڤ، شاعیر خۆی کە نوێنەری مرۆڤە بە سروشت یان بەتوخم ڕەگەزەکانی سروشت بەراورد یان هاوشێوە دەکات، ئەمەش ئەو مانایە بەرهەم دێنێت کە لای مەولەوی بۆ دەرخستنی هەر بارو حاڵەت و تەنانەت بەهایەکی مرۆڤ بەهێزترین شتێک کە مرۆڤ بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی هاوشێوە کردن یان تەنانەت بەراورد کردن لەگەڵیدا سروشت و توخمەکانیەتی ئەمەش گەورەیی و جوانی و بەهاداری سروشت لە ڕوانینی ئەوی شاعیرەوە دەردەخات.

دیسان مەولەوی ژیان هاوشێوە دەکات لەگەڵ باخچەدا، دیارە خونچەی باخچەیەکی لاو ئاڵ و سوور و ڕەنگاو ڕەنگە، بەڵام خونچەی باخچەیەکی پیر، ناتوانێت ببێتە هەڵگری ڕەنگی ئاڵو و سوور و ڕەنگەکانی تر، بەڵکو یەک سیمای دەبێت کە ئەویش سپێتییە، کە بە گوێرەی مرۆڤ سپێتی خاسێتەکانی قۆناغی پیرێتییە. لەم هاوشێوەکردنەشدا شاعیر نەهاتووە لاوێتی پڕ لەچالاکی خۆی، لاوێتی پڕ لە حەز و ئارەزوو، هەڵچوونی خۆی هاوشێوە بکات بە خونچەی تازە شکۆفە کردوو کە هەڵگری گەوهەری جوانی و ڕۆحی خاوێنی بۆن و بەرامە و سەرچاوەی کێش کردن و بەستنەوەی سەرنجە، بەڵکو هاتووە خونچە هاوشێوە دەکات لەگەڵ دەرکەوتنی خاسێتەکانی پیری لە سیمای خۆیدا لەوەشدا هەمان ڕەنگی سپی مووەکانی خۆی دەبەخشێت بە خونچەی درەخت و گوڵەکان. ئەمەش لە گەوهەردا جێگیری

خاسێتی خونچە و گۆپکەی درەختەکان نیشان دەدات، تەنانەت ئەگەر بەپێی سووڕی سروشتی خۆیان لە گۆڕاندابن، ئەوا لە خولی ساڵانەی خۆیاندا جارێکی دی لە سەرەتاوە دەست پێدەکەنەوە تاکو جارێکی تر دەگەنەوە بە قۆناغی پیری، لێرەدا لە ئاستی نەگوتراودا ئەو مانایە بەرهەم دێت کە مەولەوی خوازیاری ئەوەیە کە ئەمی مرۆڤیش لە سروشتدا هەمان شێوەی رووەک بەگشتی یان گوڵەکان بەتایبەتی هەمان ئەو سووڕەی ژیانی هەبوایە و هەمیشە لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا جارێکی دی سەرلەنوێ بژیایەتەوە و گۆپکە و خونچەی نوێی بکردایەتەوە.

مەولەوی لە هاوشێوەکردنی مرۆڤدا بە باخچە بە تەواوەتی خاسێتەکانی ئەو دوولایەنەش هاوشێوە دەکات بەوەش مرۆڤ وەکو ئافریدەیەکی دیاری ئەم گەردوونە وەک باخچە، یان باخ سەیر دەکات، بەرهەمی پیربوونی باخ و باخچەکە لە خونچەکانەوە بەرهەم دێت میوە و بەروبوومەکەیەتی، لە ڕاستیشدا هەر خولێکی ژیانەوەی دار و درەخت بە مەبەستی دیسانەوە بەرهەم هێنانەوەی ئەو بەرەیە کە دەیدات، بەواتا گەیشتن بە ساتەوەختی بەرهەم هێنان و پێگەیشتنی ئەو بەرهەمە و بەخشینی ئیتر قۆناغی بەرەو کۆتایی بە گوێرەی ئەو سووڕە دەست پێدەکات، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هەموو لە دایکبوونێک لە پێناوی جۆرێک لەبەرهەم هێناندایە. هەر کاتێ ئەو بەرهەم هێنانە گەیشتە ئەنجام ئیتر ئەرکی سروشتی ئەو بوونەوەرە چ مرۆڤ بێت یان زیندەوەرەکانی تر یان رووەک ئەوە تەواو بووە، هەر بەو پێیەش مانەوەی لە ژیاندا لەدوای ئەوەی دەشێ بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت.

لەکاتێکدا بەرهەمی قۆناغی پێگەیشتن و پیری درەخت میوەکەیەتی، بە هەمان شێوە بەرهەمی قۆناغی پێگەیشتن و بەرەو پیری ڕۆیشتنی مرۆڤ پێگەیشتنی عەقڵییەتی، بە واتایەکی دی دەرکەوتنی خاسێتەکانی پیربوون لە ڕوخساری مرۆڤدا کە لە پلەی یەکەمدا سپی بوونی مووەکانە، لەگەڵ خۆیدا دەرکەوتنی قۆناغی پێگەیشتن دەهێنێت، قۆناغی پێگەیشتن ئەگەر بە گوێرەی درەخت میوەکەی بێت ئەوا بەگوێرەی مرۆڤ عەقڵ و لێکدانەوە و تێگەیشتنە، لێرەدا مەولەوی لە ئاستی نادیاری دەقەکەیدا دەیەوێت بڵێت قۆناغی گەنجی و هەرزەکاری و هەڵچوونی ئەو بەرەو کۆتایی ڕۆیشتووە و قۆناغی پێگەیشتنی عەقڵ و ڕوانین و لێکدانەوە و تێگەیشتنی دەستی پێکردووە، ڕاستە لە پشتی باسکردنی مەسەلەی پیربوونەوە، ترس لە مردن ئامادەبوونی هەیە، بەڵام مەولەوی دەیەوێت بە ڕوانینێکی کراوەتری مرۆڤێکی ئاسۆ ڕووناکەوە سەیری دنیا بکات و هەر جووڵە و گۆڕانکارییەکیش لە ژیانی تایبەتی خۆی، یان مرۆڤ بە گشتی ببەستێتەوە بە پەرەسەندن و گۆڕانەکانی زیندەوەرانەوە لە سروشتدا بە رووەکیشەوە. ئەمەش لە ئاستێکی تردا سەرنجمان بەلای ئەو بۆچوونەدا ڕادەکێشێت ئایا هێزی بزوێنەری هەموو شتەکان لەم گەردوونەدا لە گەوهەر و ماهیەتی شتەکان خۆیاندایە، یان هێزێکی باڵا لەسەرەوە و لە دەرەوەی خودی شتەکان دەیانجوڵێنێت؟ ئایا سەرلەنوێ بوونەوەی سووڕی ژیانی درەخت، یان رووەک بەگشتی پێوەندی بە دەسەڵاتی ئەو هێزە باڵادەرەکییەوە هەیە یان ملکەچی گۆڕانکارییەکانی سروشت و یاساکانی سروشتە؟ ئایا مرۆڤ و زیندەوەرانی تریش هەر هەمان ئەو یاسایانە نایانبەن بەڕێوە؟ ئەی بۆچی هەمان یاسا ناسەپێندرێ بەسەریاندا و بۆچی هەمان سووڕی زیندووبوونەوە و ژیانەوەیان نییە؟

**باقەی زوێری و زاری و دڵگیریم**<br>**پەی پەی زیاد کەرد پەژارەی پیریم**<br>**ئاخر ڕۆی وەهار نەوجەوانیمەن**<br>**ئەوەڵ ڕۆی پایز زیندەگانیمەن**

لەگەڵ چوونە پێشەوەی تەمەن و زیاتر بەرەو پیری چووندا خەم و پەژارە زیاد دەکات، بە مانایەکی دی لەگەڵ هەڵچوونی تەمەندا خەم و پەژارەی ئەوی شاعیر گەورەتر دەبێت، دیارە هۆکەشی ئاشکرایە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا مرۆڤ هەست بە نزیکبوونەوەی کۆتایی دەکات، بە واتا ناڕاستەوخۆ ترسی مردن و کۆتایی هاتنە کە وا لە مرۆڤ دەکات خەم و پەژارەی زیاتر بێت، لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە مەولەوی بە هوشیارییەوە سەیری ژیان و مردن دەکات و بە ئاگایە لەوەی کە چەندێ تەمەن هەڵبکشێت، ئەوەندەش مردن نزیک دەبێتەوە، بەواتا لەگەڵ دەرکەوتنی هەر نیشانەیەکی پیریدا زەنگێکی وریاکردنەوە بۆ کۆتایی هاتنی ژیان لێدەدات. لێدانی هەر زەنگێکیش لەگەڵ خۆیدا ڕووبەری ترس فراوانتر دەکات بە جۆرێک کە مرۆڤ وەکو ئافریدەیەکی بێ دەسەڵات لەبەردەمی ئەوترسەدا نیشان دەدات.

مەولەوی ڕایدەگەیەنێت کە دوا ڕۆژی گەنجێتی تێدەپەڕێ و یەکەم ڕۆژی قۆناغی پیری دەست پێدەکات، هەڵبەت ئەوەش لە ڕێگای بە ئامرازکردنی ڕەگەزەکانی

سروشت و گەردوونەوە نیشان دەدات، لەوەشدا دوا ڕۆژی بەهار و یەکەم ڕۆژی پایز بۆ کۆتایی هاتنی سەردەمی گەنجێتی و دەستپێکردنی قۆناغی پیرێتی دێنێتە سنووری دەقەکەوە و ئەو پەیوەستبوونەی مەولەوی بۆ بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی سروشت و گەردوون بەگشتی ڕوانینی ئەو نیشان دەدات بۆ پەیوەستبوونی مرۆڤ بەسروشتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ژیانی تایبەتی مەولەوییە لەنێو سروشتی جوانی هەورامان و بە ئاشکرا هەستکردنی بە جوانی بەهار کە ئەو وەکو شاعیر سەردەمی لاوێتی وەکو جوانی بەهار دەبینێ بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە، هەروەک سەردەمی پیریش بە ترسناک و مات و پڕ لە خەم و پەژارە دەبینێت، هەمان شێوەی مات و مەلوولی و ڕووتی و بێ بەرگی پایز. ئەم بەراوردکردنە لە کولتووری کوردیدا ئامادەبوونێکی مێژوویی هەیە و هەمیشە بەهاری پڕ لە جوانی و چالاکی ئەو ڕەگەزە جێگیربووەیە کە سەردەمی لاوێتی لەگەڵدا هاوشێوە دەکرێت، هەروەک پیری و بەرەو کۆتایی چوونی تەمەن لەگەڵ پایزدا هاوشێوەکراوە، بەجۆرێک کە پایز وەکو فەزای مردن و کۆتایی هاتنی ژیان سەیر دەکرێت.

هەستکردنی مەولەوی بەوەی کە سەرەتای پایزی تەمەنی دەست پێدەکات، وای لێدەکات لە بەرامبەر ترسێکی خنکێنەردا ڕابوەستێت، ترس لە کۆتایی و مردن. بە مانایەکی دی مەولەوی لە ئاستی نادیاری دەقەکەیدا لەوە دەدوێت کە مرۆڤ هەرچەندە لە قۆناغی لاوێتیدا کە قۆناغی چالاکی و زیندەگانیە، دنیا دۆستی و ژیان ویستی بە جۆرێک دەسەڵاتی بەسەردا دەکات کە هەست بکات نەمرە و بیر لە مردن نەکاتەوە، بەڵام کاتێ سیمای پیری لە ڕوخساریدا دەردەکەوێت کە ئەویش پێش هەموو شتێ لە سپی بوونی مووەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەوا ترسێک سەرهەڵدەدات کە هەڕەشە لە بوونی دەکات، ئەویش هەستکردنە بە نزیکبوونەوەی مردن، هەر ئەو هەستە وا دەکات وردە وردە ڕووبەری ترس لە بوونیدا فراوانتر دەبێت کە ئەویش ترسی مردنە.

**هەناسەم چون بای خەزان مەخێزۆ**
**پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەڕێزۆ**
**خەدەنگ باڵام چەمان کەمان وەرد**
**ڕاست وە نیشانەی فەنا ڕوو ئاوەرد**
**کەم کەم پیری خەم وە قامەت مدۆ**
**دەم دەم وەعدەی ڕۆی قیامەت مدۆ**
**پیری یەکسەر زۆر جەزانووم سەندەن**
**سەر وە گەردندا هەر وە زۆر مەندەن**

مەولەوی وەسفی سروشتی خۆیی و خاسیێتەکانی خۆی دەکات و لەو وەسف کردنەشدا بەگشتی دەیەوێت زەمینە بۆ نیشاندانی پیری خۆی و سەلماندنی پیربوونی خۆی ئامادە بکات، لەو ئاقارەشدا باری بەرەو پیربوونی خۆی بەهاوشێوە کردن لەگەڵ توخم و ڕەگەزەکانی سروشتدا نیشان دەدات. خۆی دەشوبهێنێت بە سروشتی پایز و هەناسەشی دەشوبهێنێت بە بای پایز ئەو بایەی کە لە دەمی گەڵا ڕێزاندا هەڵدەکات و گەڵای درەختەکان دەوەرێنێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەولەوی خۆی وەکو سروشت دەبینێت کە ئەو بایەی وەسفی دەکات لە خودی ئەو سروشتەوە هەڵدەکات و لە هەمان کاتیشدا بەشێک لە ڕەگەزەکانی تری ئەو سروشتە (گەڵاکان) دەوەرێنێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هەر ڕەگەز و توخمێک لەم سروشتەدا لە بوون و پێکهاتەی مادیانەی خۆیدا هۆکارەکانی بەرەو پیربوون و لەناوچوونیشی ئامادەیە، هەروەک بەپێی هەمان لێکدانەوە لە گەردووندا لە پشتی، یان ل هەناوی هەر ڕووخاندن و لەناوچوونێکدا، سەرەتای لەدایکبوونەوەیەکی نوێ هەیە، ئەمەش ئەو گۆڕانە دایەلێکتیکیەیە کە بەردەوامی هەمیشەیی و نەمری گەردوون بەرجەستە دەکات.

کاتێ ئەم بەرەو پیری دەچێت و پایزی تەمەن و وەرزی خەزانی دەست پێدەکات، شادی و ئاسوودەیی لەژێر کاریگەری فراوانبوونی ڕووبەری خەم و پەژارەی هاتنی ئەو وەرزەدا وەکو گەڵای پایز دەوەرن، بەواتا لەکاتێکدا کە شادی و ئاسوودەیی و چالاکی و زیندەگانی مرۆڤ پێوەندی بە قۆناغی گەنجێتییەوە هەیە کە گەنجێتی بریتییە لە بەهاری تەمەن، بە هەمان پێودانگ پایزی تەمەن وەرزی خەم و پەژارە و ڕەنگ زەردی و مەلوولی و ڕاوەستانە لەبەردەم چاوەڕوانی هاتنی لەشکری مەرگدا. مەولەوی ژیانی خۆی لە ساتەوەختی بەرهەم هێنانی دەقەکەدا دەشوبهێنێت بە پایز و لە پایزیشدا جەخت دەکاتە سەر ئەو ماوەیەی کە گەڵاڕێزانی تێدا دەگاتە ئەنجام، مەبەست لەم بەرجەستەکردنەش نیشاندانی ئامادەبوونی مەترسی هەمیشەیی مەرگە لە ساتەوەختی پیریدا، بەهەرحاڵ تاکو ئێستاش لە ئاستی گوتراوی دەقەکەدا ئەوە دیارنییە ئایا مەولەوی لەبەردەم ترسی مەرگی فیزیکی خۆیدا ڕاوەستاوە، یان سەرهەڵدانی و پیری بۆتە هۆی هەرەس هێنانی هەندێ لە تواناکانی سەردەمی لاوێتی و ئەو هەرەس هێنانەش لە ڕووی مەعنەوییەوە بەجۆرێک لەمردن سەیر دەکات و هەست

بەوە دەکات کە مردنی بەشێک لەتوانا فیزیکییەکانی، دەرکەوتنی نیشانەی مردنی هەمیشەییەتی.

مەولەوی وەسفی بەژن و باڵای خۆی دەکات لە دوو ساتەوەختی جیاوازدا، یەکەمیان ساتەوەخت و قۆناغی گەنجێتییە کە تێیدا بەژن و باڵای ڕێک بوو قنج ڕاوەستاوە، قۆناغی ئێستاش کە باڵای چەماوەتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا باڵای ڕاست و ڕێک هەڵچووی بەڵگەی بەرزبوونەوە و هەڵچوون و گەشەکردنە، بەڵام کاتێ ئەو باڵایە کوور دەبێتەوە چاو هەمیشە ڕوو لە زەوییە و ئاراستەی ڕوانین هەمیشە بەرەو خوارەوەیە کە ئەوەش مانای (گۆڕ) و گەڕانەوە بۆ ئامێزی خاک هەڵدەگرێت، ئەگەر لە دایکبوون هاوشێوە بکرێت لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی زیندەگانی لە سروشتدا واتە خاک بکرێتە هاوشێوەی دایک، ئەوا کاتێ ژیان لە ئامێزی دایکەوە دەست پێدەکات، لەگەڵ ئەم دەستپێکردنەدا لەناوەوەڕا ئاماژەی گەڕانەوە بۆ ئامێزی دایک ئامادەیە کە ئەو دایکەی هەموو بوونەوەران دەگەڕێنەوە بۆ ئامێزی و تێکەڵاوی دەبنەوە خاکە، مرۆڤ زیاتر لە دەرکەوتنی خاسێتەکانی پیریدا هەست بە گەڕانەوە بۆ ئامێزی خاک دەکات، هەر بۆیە سروشتیش وای ڕێک خستووە کە لە پیریدا ڕوانینی مرۆڤ ئاراستەی خاک دەکات و چاوانی وەکو کەوانە ئاراستەی دەکرێت تاکو ئەو کاتەی دوا تیری دەهاوێژێ و بەوەش بوونی خۆی کۆتایی پێدێت و بەدوای تیرەکەدا بەرەو ئامێزی خاک دەگەڕێتەوە پیری لەگەڵ هاتنی خۆیدا بەژن و باڵای دەچەمێنێتەوە، هەتا ئاستی چەمانەوە زیاد بکات ئاراستەی ڕوانین و سەرنجدانی بەرەو خاک ڕێکتر و نزیکتر دەبێتەوە، بە جۆرێک کە خاک لەبەر دیدەی ون نابێت، بەوەش جار لەدوای جار مردن نزیک دەبێتەوە تا ئەوکاتەی ڕوانینی لەگەڵ خاکدا جووت دەبن و چاوی دەلکێت بەخاکەوە و هیچ ماوەیەکی فیزیکی لەنێوان چاوی و خاکدا نامێنێت. ئەوەش سەرەتای دەستپێکردنی تێکەڵاوبوونیەتی لەگەڵ خاکدا کە ئەوەش یەکەم چرکەساتی کۆتایی هاتنی ئەم دنیا و یەکەم چرکەساتی دەستپێکردنی ئەو دنیایەتی کە بە پیریدا تێپەڕی، واتە پیری بریتییە لە قۆناغی گواستنەوە لە گەنجێتییەوە بۆ مردن، کەواتە پیری ئەو قۆناغە ڕاگوزارییە ناجێگیرەیە کە بارگە کراوە بە ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە بەرامبەر مردندا و لە هەمان کاتیشدا قۆناغی خەم و پەژارە و لاواندنەوەی ڕابردووی بەسەرچووە واتە ڕابردووی لاوێتی.

پیری لە وەسفەکانی مەولەویدا پەیوەست دەکرێت بە قیامەتەوە واتە هەتا تەمەن بچێتە سەرەوە و پیری بەرەو دوا قۆناغی بڕوات ئەوە نزیک بوونەوە لە قیامەت دەبێتە شتێکی چاوەڕوانکراوتر، دیارە ئەوەش ئاشکرایە تەمەن لەسەرەتاوە کە هەڵکشان و بەرەو گەورەبوونی چوونە زۆر بەهێواشی دەڕوات چونکە ئاراستەی جووڵە بەرزبوونەوەیە هەر جووڵەیەکی ئاراستەی بەرزبوونەوەش هێواشە، بەڵام دەستپێکردنی قۆناغی پیری کە ئاراستە جووڵەکەی دابەزینە گوڕ و خێراییەکی زیاتری هەیە، هەر ئەوەش وا دەکات کە مەولەوی کاتێ هەست دەکات قۆناغی پیری تەمەنی دەستی پێکردووە، هەست بەوە دەکات بەخێرایی لە مردن و ڕۆژی قیامەت نزیک دەبێتەوە. ئەو هێزەی کە ئەم هەستەی لای مەولەوی دروست کردووە، هێزی ترسە، ترس لە مردن و کۆتایی هاتنی ژیان. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا بۆچی پیاوێکی بڕواداری وەکو مەولەوی لە مردن دەترسێت لە کاتێکدا بەپێی بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەبێ مرۆڤی بڕوادار و پەیڕەوکەری وەکو مەولەوی بچێتە بەهەشت، ئایا دەبێ ژیانی ئەم دنیا بە هەموو کێشەکانیەوە لەو بەهەشتە خۆشتر بێت کە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا باس کراوە؟ یان لە ڕاستیدا مەولەویش وەکو هەموو بڕوادارێکی تر دەترسێت ڕاستەوخۆ بەهەشتی پێنەبڕێت و بەشی ئەوە گوناهی هەبێ کە بیخاتە بەردەم مەترسی ئاگری دۆزەخەوە ئەگەرچی بۆ کاتێکی کورتیش بێت. بوونی ترسێکی لەم جۆرەش ڕووبەرێکی فراوانی لە نەستی هەموو بڕواداران داگیرکردووە و هەر ئەو ترسەش وادەکات کە پەیوەستبوون بە بنەماکانی ئاین و جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینیەکان بەهێزتر بکات.

ئەم ترسە، واتە ترس لە مردن وای لە مەولەوی کردووە کە هەست بکات هێزی بە پێوە ڕاوەستانی نەماوە، ڕاستە ئەو لە ڕووی بایۆلۆژییەوە پیربووە و ئاستی چالاکی و هێز و توانای جەسەدی و فیزیکی لاوازبووە، بەڵام لەگەڵ ئەم بارە جەستەییەشدا ترس لە مردن لە ڕووی مەعنەویشەوە زیاتر ئەوی شاعیری لاواز کردووە، بەجۆرێک کە ترس و پیری واتە لاوازی جەستەیی و لاوازی مەعنەوی پێکەوە زەمینەی خۆ ئامادەکردن، یان بەلایەنی کەمەوە زەمینەی چاوەڕوانی کردنی ئەوی شاعیر بۆ مردن دەڕەخسێنێت کە ئەوەش دەشێ تەنیا لە سنووری خەیاڵدا بێت و لەواقیعدا بوونی نەبێت، ئەمەش لە سنووری دەقێکی شیعریدا زیاتر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، چونکە ئاشکرایە شیعر بەرهەمی خەیاڵ و نەستە .

مەولەوی کاتێ هەست بەلاوازی ئەژنۆکانی دەکات و وا

هەست دەکات کە توانای ئەوەیان نەماوە لاشەی لەسەریان بوەستێت، لە هەمان کاتدا هەست دەکات (ملی)یشی توانای ئەوەی نەماوە سەری هەڵبگرێت. لە ئاستی یەکەمدا لاوازی ئەژنۆکانی ڕووخاندنی توانای فیزیکی ئەو نیشان دەدات، لە ئاستی دووەمیشدا لاوازی ملی بۆ هەڵگرتنی سەری واتە ناوەندی بیرکردنەوە و تێرامان و بڕیاردانی پێکەوە قۆناغی شکستی جەستەیی و مەعنەوی ئەوی شاعیر نیشان دەدات، دەشێ لەپێش قۆناغی پیریدا یەکێک لەو دوو ئاستە هەرەس بهێنێت بەهۆی هەر ڕووداو، یان گۆڕانکاری و کاریگەریەکی ناوەکی یان دەرەکیەوە، بەڵام پیری ئەو قۆناغەیە کە بە سروشتی توانای جەستەیی و مەعنەوی مرۆڤ هەرەس پێدەهێنێت. مەولەوی کاتێ وەسفی جەستەیی خۆی دەکات کە چۆن بەرەو پیری چووە و چۆن ئەندامەکانی لەشی توانای چالاکی و جێبەجێ کردنی کارەکانی خۆیان نەماوە، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ترسی لە کارکەوتن و مردنی تەواوەتی هەموو جەستەی نزیک بۆتەوە، مەولەوی ئەم حاڵەتەی خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام ئایا مەبەستی ئەو لەم ئاشکراکردنە چییە؟ ئایا بۆ ئاشکراکردنی ئازارەکانیەتی بەو ئومێدەی کە ئاشکراکردن و بەشداریکردنی خەڵکی لە بە ئاگابوون لەو ئازارانەدا بە مەبەستی سووککردنی ئاستی ئازارەکانە؟ یان مەولەوی لەم ئاشکراکردنەدا دەیەوێت بێ توانایی و لەکارکەوتنی خۆی ڕابگەیەنێت بە مەبەستی لابردنی بەرپرسیارێتی و ئەرکی سەر شانی لەکۆمەڵگادا؟ یان لە بنەڕەتەوە ئەم شیعرە لە قۆناغی پیریدا نەنووسراوە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە ترسی ئەو لەمردن وەکو ترسی ئەنتۆلۆژیانەی هەر بوونەوەرێک گەیاندوویەتیە ئەو ئاستەی کە هەست بکات مردن لە هەر چرکەساتێکدا هەڕەشەی لێ دەکات، وەکو چۆن کەسێکی پیر و بەساڵداچوو هەست بە نزیکبوونەوەی ئەو مەترسیە دەکات؟

**ساقی، پام بەستەی زنجیر پیرین**
**دەسم دامانت وادەی دەس گیرین**
**چابوک بەو ڕەفتار بێ درەگەوە**
**خەرامان بەو ناز باڵای شەنگەوە**
**جامت جەم ئاسا لەب ڕێزکەر جە مەی**
**پێم نۆش کەر وە یاد بەزم ئارا کەی**
**مەستی وە پیران جوانی مدۆ**
**هێز دووبارەی زرانی مدۆ**
**پێم دەر تا پەی پەی پێوە هەی کەروون**

**ڕای سەخت سارای مەحشەر طەی کەروون**

مەولەوی پێشتر وەسفی پیری خۆی دەکات و لەو ئاقارەشدا ناکارایی خۆی دەردەخات و ڕووبەری ترس لە مردن لە بوونی ئەودا فراوان دەبێت، لەم کاتەدا مەولەوی بەدوای ڕزگاربووندا دەگەڕێت، ڕزگاربوون لە مەترسی مردن، بۆ ئەو مەبەستەش دەشیا باسی ژیانی درێژی خۆی لەو دنیادا بکردایە و لەوە بدوایە کە چۆن بە ئومێدی بە دەستهێنانی بە هەشتەوە ئەم دنیای کورت تەمەن بەجێدەهێڵێت و بەرەو ئەو دنیای نەبڕاوە هەنگاو دەنێت. لێرەدا جارێکی تر ئەو پرسیارە سەرهەڵدەداتەوە ئایا کامیان خۆشترە لە تێڕوانینی مرۆڤێکی خاوەن بڕواوە ژیانی کورت تەمەن و پڕ لە کێشە و پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترس لە ئایندە یان ژیانی ئەو دنیای ئامێزی بەهەشت کە ژیانێکی هەتاهەتایی و پڕ ئاسوودەیی و یەقینی هەمیشەییە؟

مەولەوی لە سنووری دەقەکەدا بەو ئاراستەیە ناڕوانێت کە ترسی کۆتایی هاتنی ژیان و دڵەڕاوکێی بەردەم مردن لە بەرامبەر ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشتدا بڕەوێتەوە، بەڵکو بە ئاراستەیەکی تر کاردەکات، ئاراستەی گەڕان بەدوای ڕزگارکەردا، ئەگەرچی ئەو ڕزگارکەرە لە سنووری خەیاڵدا وێنە بکێشرێت و لە مەستیدا بەدی بێت، لێرەدا لە ئاستی ئاشکرای دەقەکەدا مەولەوی پەنا دەباتە بەردەم ساقی و داوای مەی لێ دەکات، ئەم پەنابردنەش بۆمەی ئامادە بوونێکی بەردەوامی هەیە لە ئەزموونی شیعری مەولەویدا. بێگومان مەولەوی دەزانێت کە مەی ناتوانێت لە مردن ڕزگاری بکات، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بەهۆی مەستیەوە ئەو ترسەی لەبیر بچێتەوە، ئەوە هێشتا بۆ ئەم جۆرێک لە ئاسوودەیی فەراهەم دەکات، کەواتە پەنابردن بۆ مەی بە مەبەستی لەیادکردنە نەک ڕزگاربوون، هەروەک ساقی دەوری شێخ دەبینێ و مەولەویش وەکو سۆفیەک ئومێدی ئەوەی هەیە کە شێخ ڕزگاری بکات، بە واتا مەی زیاتر پەیوەستە بە ڕوانینی سۆفیانەی ئەوەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەو هێزە چییە کە وا لە مرۆڤ دەکات خۆی لە حەقیقەتی تاڵی مردن بێ ئاگا بکات و نەیەوێت لێی بدوێت، لەکاتێکدا دڵنیایە کە ڕزگاربوونی نییە؟ دیارە ئەو هێزەی کە وا لە مرۆڤ دەکات مردن لەبیری خۆی بباتەوە غەریزەی ژیاندۆستی مرۆڤ و ڕێکخستنی سروشتە بۆ بەردەوامبوونی ژیان، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە مردن لە هەر چرکەساتێکدا دەشێ کۆتایی بە ژیانمان بهێنێت کەچی

ئێمە ئەو مەترسییە بەلاوە دەنێین و بە ئومێدی ژیانی هەمیشەین، ڕاستە مەولەوی و زۆرێک لە شاعیرانی تریش بەرجەستەی (ترس) لە مردنیان کردووە لە بەرهەمەکانیاندا، دیارە ئەو بەرجەستەکردنەش بەرهەمی نەستە لەکاتێکدا شیعر خۆی زادەی خەیاڵ و نەستە واتە ترس لە مردن شتێکە لە نەستدا ئامادەبوونی هەیە.

لەو حاڵەتەشدا مەولەوی پەنا دەباتە بەر مەی بەو ئومێدەی ڕووبەری ترس تەسک بکاتەوە، بەو مەبەستەی بۆ ساتێک ئاگای لە ژیان و مردن نەمێنێت، مەولەوی ڕوودەکاتە ئەوی مەیگێڕ و وەسفی باری جەستەیی و دەروونی خراپی بۆ دەکات بەو ئومێدەی ئەوی مەیگێڕ سۆز و بەزەیی بۆی بجووڵێت و داواکارییەکەی جێبەجێ بکات. مەولەوی وەسفی حاڵەتی خۆی دەکات کە دیلی دەستی پیرییە و پیری بە کۆت و زنجیر دەست و قاچی ئەمی پێوەند کردووە، دیارە ئومێدی دیل هەمیشە ڕزگاربوونە، کەواتە لێرەدا مەسەلەی ئازادی و چەمکی ئازادی دێتە ئاراوە، مرۆڤ بە سروشتی بە ئازادی ئەفریدەکراوە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەو ئازادییەی لێ زەوتکراوە، هەمیشەش خەون بە ئازادییەوە دەبینێ و بە ئومێدی دەستە بەرکردنیەتی، بەڵام کاتێ مرۆڤ دەبێتە دیلی دەستی پیری و ئازادی جووڵە و ئازادی کاری لێ داگیر دەکرێت و لە پاڵ ئەوەشدا مردن هەڕەشە لەژیانی دەکات، هیچ دەروازەیەکی کراوەی بەرەو ئازادی لەبەردەمدا نامێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە مردن هەموو ئازادییەکی لێ داگیر دەکات، بەڵام ئەگەر کەسێک بە ئومێدی ئەو دنیایەی تەمەن درێژ و بە ئومێدی بە هەشت بژی، ئەوا دەشێ هیوای بەدەستهێنانی ئازادی ڕەهای لەو دنیادا هەبێت، بەڵام مەولەوی لە ئاستی بینراو و نەبینراوی دەقەکەیدا ڕوانینێکی لەو جۆرە پێشکەش ناکات کە بە ئومێدی ئازادی سایەی بەهەشت بێت، دەشێ هەر ئەو بێ ئومێدییەش وەهای لێ بکات لە ساتەوەختی هەست بە پیری کردنیدا هەموو هەوڵێک بدات بۆ دواخستنی مردن و مانەوەی بەزیندوێتی، ئەو دەزانێت لە پیری ڕزگاری نابێت و دەشزانێت کە پیری زیندانە بۆ جەستە و بۆ ڕۆحیش، بەڵام هێشتا ژیانی بە پیری لە مردن پێ پەسەندترە، ئەمەش حاڵەتێکی سروشتییە لە ژیانی مرۆڤ و سەرجەم زیندەوەرانی تریشدا،

مەولەوی لەم بارە ناهەموار و بارگەکراو بە ترسەی ژیانی پیری خۆیدا داوا لە مەیگێڕ دەکات کە بە خێرایی و بە چوست و چالاکیەوە بێتە پێشەوە و فریای بکەوێت و دەرمانی دەردەکەی پێشکەش بکات کە ئەویش (مەی)ە دەشێ مەی دەلالەتی ئاوی حەیات هەڵبگرێت، بەو پێیەی مەیگێڕ دەبێتە ڕزگارکەر، کەواتە لەم لێکدانەوەیاندا مەولەوی بەدوای جۆرێک لە نەمریدا دەگەڕێت، ئەو نەمرییەش بەنۆش کردنی ئاوی حەیات دەگاتە ئەنجام، لەم بارەدا لێکچوون لەنێوان مەی و ئاوی حەیاتدا دروست دەبێت، بە تایبەتی پەنابردن بۆ مەی لە شیعری کوردی کلاسیکی و تەنانەت شیعری نەتەوەکانی تریشدا دیاردەیەکی لەبەرچاو بووە، بە گوێرەی شاعیرانی کلاسیکی ئێمە، بە گشتی بڕواداربوون و پێناچێت لە واقیعدا ئەهلی مەی خواردنەوە بووبن، بۆیە مەی لە ڕوانینی ئەوانەوە بەدوو ئاراستە دەوری ڕزگارکەری بینیوە، یەکەمیان وەکو هۆکارێک بۆ مەستبوون و لە یادکردنی کێشەکانی ژیان و ترسی پیری و مردن، دووەمیان ڕوانینیان بووە بۆ مەی وەکو ئاوی حەیات کە نەمریان پێدەبەخشێت و ترسی مردن دەسڕێتەوە.

مەولەوی ساقی دەدوێنێ و لەو وەسفەشدا کە بۆ ساقی دەیکات دەردەکەوێت کە ساقی ئافرەتە واتە ڕەگەزی بەرامبەر ئەوەتا دەڵێت «چابوک بەو ڕەفتار بێ درەنگەوە/ خەرامان بەو ناز باڵای شەنگەوە» ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە واقیعدا ئەو ڕووداوەی کە مەولەوی وەسفی دەکات بوونی نییە، چونکە نەک لەسەردەمی ژیانی مەولەوی و لە مێژووی بەرهەم هێنانی دەقەکەدا، بەڵکو لە ئێستاشدا لە کۆمەڵگاکەی مەولەویدا ئافرەت مەیگێڕ نییە لە مەیخانەکاندا، بۆیە لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە مەولەوی لە جوگرافیای خەیاڵدا وێنەی مەیخانە و ساقی کە ئافرەتی شۆخ و شەنگ بە ناز و بە لەنجە و لارەوە، دەکێشێت و خۆیشی وەکو پیری مەیخانە پێشکەش دەکات کە تاکە ڕێگای ڕزگاربوونی پەنابردنە بۆ مەی، لێرەشەوە دەگەینەوە بە هەمان لێکدانەوەی پێشتر کە مەی لە ڕوانینی مەولەوییەوە ئاوی حەیاتە و ساقیش دەوری پێشکەشکەری ئەو ئاوە دەبینێت.

مەولەوی داوا لە ساقی دەکات کە جامی مەی بۆ پڕ بکات، هەمان شێوەی جەمشید، ئەو جامەش لەیادی کەیخەسرەوی شای ئێراندا نۆش بکات، مەولەوی لە ڕێگای بە ئامرازکردنی (مەی) و ناوهێنانی (جەمشید و کەیخەسرەو)ەوە مەسەلەی ئامادەبوون و دەسەڵات دێنێتە بەردەم لێدوان. هەریەکە لە جەمشید و کەیخەسرە و لە مێژووی خۆیاندا خاوەنی دەسەڵاتی دیاربوون و ئەو دەسەڵاتەش وەهای لێکردوون کە ئامادەبوونیان لە

مێژوودا بۆ تۆمار بکات، لێرەدا لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا ئارەزووی پەیداکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات دێتە ئاراوە، بە واتا مەولەوی وەکو هەر کەسێکی دی خوازیاری بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتە هەر شێوەیەک بێت گرنگ نییە، دەسەڵاتی شیعری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، گرنگ ئەوەیە ئەو بتوانێت لە مێژوودا ناوی بە زیندوویی بمێنێتەوە، هەمان شێوەی جەمشید و کەیخەسرەو، دەشێ پەنابردن بۆ مەی کە پێشتر بە ئاوی حەیات لێکمان دایەوە، لە پێناوی بەدیهێنانی نەمریدا بێت، دیارە مرۆڤ لە ژیانی هەمیشەییدا دەتوانێت دەسەڵات بە دەست بهێنێت، بەلایەنی کەمەوە دەسەڵاتی مانەوە و مل کەچ نەکردن بۆ پیری و بۆ مردن.

مەولەوی هەرچەندە ترسی مردن وای لێدەکات پەنا بباتە بەر مەیگێڕ بەو ئومێدەی کە مەی لە مەترسی مردن و کۆتایی هاتن دووری بخاتەوە، ئەویش لەو ڕووەوە یان مەستی بکات و بێ ئاگابێت لە ئازارەکانی پیری و ترس و دڵەڕاوکێی مردن، یان لەو ڕووەوە کە مەی هێما بێت بۆ ئاوی حەیات و نەمری بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام زوو تێدەگات کە مردن شتێکە دەرباز بوون لێی مەحاڵە، بۆیە ئەمجارە داوای مەی دەکات بەو ئومێدەی مەی هێز و چالاکی پێببەخشێت هەتا لە ڕۆژی حەشردا و لە مەیدانی حەشرکردندا چالاکانە بتوانێت ڕێگا بکات و تێبپەڕێت، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا دەشێ بۆ کەسی خاوەن بڕوا بە مەبەستی بچێتە بەردەم ڕۆژی لێپرسینەوە، یان لە ڕاستیدا (مەی) لەم بارەیاندا هێمایە بۆ هێزی بڕواو جێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینییەکان؟ یان (مەی) لای مەولەویش وەکو شاعیرانی تری کلاسیک یەکێکە لە ڕەگەزەکانی بنیادنانی شیعر و لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە بەرهەم هێنانی مانا و دەلالاتی دەقەکاندا؟ مەولەوی لەم بارە دەروونیەدا کە ترس و نیگەرانی لەلایەک و بەپێی داواکەی خۆی لە ساقی مەستیش لەلایەکی ترەوە داگیری کردووە، هەست دەکات دەنگێک وریای دەکاتەوە، ئاشکرا نییە ئەوە دەنگی ناوەوەیە، دەنگی دەروون و ویژدانە یان دەنگی دەرەوەیە، گرنگ ئەوەیە ئەو دەنگە یەقینی مردنی دێنێتەوە یاد و نامەی ڕابردووی خۆی دەخاتە بەرچاو، هەتا بزانێت چۆن خۆی بۆ لێپرسینەوە ئامادە دەکات.

لە کاتی ئەم وریاکردنەوەیەدا مەولەوی جوگرافیای خەیاڵ بەجێدەهێڵێت کە پێشتر لەکاتی هەستکردنیدا بە پیری لەو جوگرافیایەدا فەزای ڕزگاربوون لە پیری و لە مەترسی مەرگی دروستکرد بوو، ئەویش لە ڕێگای پەنابردن بۆ ساقی و داواکردنی مەیەوە، یان لە ئاستێکی تردا داواکردنی ئاوی حەیات، بەڵام دەنگێک بە ئاگای دێنێتەوە لە جوگرافیای خەیاڵەوە دەیگێڕێتەوە بۆ باری ڕاستەقینەی خۆی و ڕاستەوخۆ وێنەی خۆی لەو تەمەنەدا بەرچاو دەکەوێت کە لە دەقەکەدا بەرجەستەی کردووە، وێنەی پیرێکی لە کارکەوتوو کە لەبەردەم دەروازەی مەرگدا ڕاوەستاوە، دیارە ئەو بەئاگاهێنانەوەیە ڕاستەوخۆ دەیگێڕێتەوە بۆ ساتەوەختی هەست بە پیری کردن و بۆ نیگەرانی ساتەوەختی هەستکردن بە نزیکبوونەوەی مەرگ.

**زرنگەی گۆش وێم پێم ماچۆ وەتاو**
**گاهێ خەبەردار، گاهێ سەر حەساو**
**من پەمەی غەفڵەت کەرکەردەن گۆشم**
**هیچ وەکەس نییەن نەگۆش نەهۆشم**
**نەی گوزەرگای تەنگ بازاڕ چەپ گەرد**
**هەر کاتێ زانای ئەجەل سمکۆ کەرد**

مەولەوی باسی باری تایبەتی خۆی دەکات کە چۆن پیری و مردنی بیرچووەتەوە و سەرباری ئەوەش نە ئاگای لەخۆیەتی و نە ئاگای لە کەسی تریش هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوی شاعیر لە بارێکی نائاساییدایە بارێک کە لە خۆی و لە دەرەوەی خۆیشی بێ ئاگایە. مرۆڤی ئاسایی لە دوو باردا ئاگای لەخۆی و لە دەرەوەی خۆی نامێنێت، یەکەمیان لە ساتەوەختی ترسی لە ڕادەبەدەردا، دووەمیان لە ساتی مەستبوونی نائاساییدا، کەواتە بێ ئاگایی بوون لەخۆ و لە دەرەوەی خۆ بە گوێرەی ئەوی شاعیر لە ئاستی یەکەمدا دەرئەنجام و بەرهەمی پیرییە، لەلایەک دەشێ پیری بۆ خۆی ئاستی بە ئاگایی لاواز بکات، لەلایەکی ترەوە پیری لەگەڵ خۆیدا مەترسی مردن دێنێت، دەشێ ئەو مەترسیەش وا لە مرۆڤ بکات کە ئاستی هەستکردن و بە ئاگایی لاواز بکات، هەروەک مەستیش پێوەندی مرۆڤ بەخودی خۆی و بە دنیای دەرەوەش لاواز دەکات، مەولەوی بە هەردوو ئاراستەکە زەمینەی بۆ بێ ئاگایی خۆی ئامادە کردووە، بە جۆرێک خۆی وەکو کەڕ نیشان دەدات بەرامبەر بەوەی کە دەبێ بیبیستێ، دیسان لە ڕووی هەستکردنیشەوە وای نیشان دەدات بە هەستیش بێ ئاگایە لەوەی کە لە دەرەوەی ئەو ڕوودەدات، یان ئەوەی ئاراستەی دەکرێت. لێرەدا مەولەوی وێنەی کەسێتییەکی پەرتبوو لەخۆیی و لە دەرەوەی خۆیشی پێشکەش دەکات، دیارە ئێمە دەزانین

یەکێک لە ڕەگەزەکانی شیعر خەیاڵە و ناکرێت شیعری بەبێ ئامادەبوون و بەشداریکردنی خەیاڵ بەرهەم بێت، بەڵام یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی شیعر ڕۆمانسی ئەوەیە کە شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ناوخۆیی و هەموو گوزارشکردنەکانی پەیوەست دەبن بە دەربڕینی مەسەلە زاتیەکانی خودی شاعیرەوە، ڕاستە مەولەوی لە کێشەی پیری دەدوێت وەکو مەسەلەیەکی زاتی خۆی، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەی پیری مەسەلەیەکی مەوزوعیە و کێشەی سەرجەم مرۆڤایەتییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەولەوی لە ڕێگای بەرجەستەکردن و دواندنی مەسەلە زاتیەکانی خۆیەوە لە مەسەلەیەکی فراوانتر دەدوێت کە ئەویش مەسەلەی پیری و مردنە، بە واتا لە ئاستێکی قووڵتردا مەولەوی لە مەسەلەی بوون و مردن دەدوێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە مەولەوی هەر بە سادەیی لە باسی پیری و لەکارکەوتنی توانای جەستەیی خۆی نادوێت، بەڵکو لە پشتی ئەو ئاستە دیارەی دەقەکەوە لە پێوەندی دیالکتیکانەی نێوان مەرگ و ژیان دەردەکەوێت، مەولەوی بەشێوەیەکی ئاشکرا هەڵوێستی ژیان دۆستی خۆی نیشان دەدات بەوەی کە دەیەوێت مردن لەبیر بباتەوە یان مردن دووربخاتەوە، ئەمەش ئەگەر بۆ کەسێک بڕوای بە زیندووبوونەوە نەبێت، کارێکی ئاسایی بێت، چونکە وای ببینێت کە مردن کۆتاییە و جارێکی تر زیندوو نابێتەوە، ئەوە بێگومان بۆ کەسێکی بڕواداری وەکو مەولەوی ئاسایی نییە لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە لەو دنیای تەمەن درێژ و نەبڕاوەدا بە هەشتی دەست بکەوێت ئەو بەهەشتەی کە لە قورئاندا باس کراوە و مرۆڤ ئاواتەخوازی ئەوە دەبێت کە پێی بگات، بەڵام سەرباری بەڵێن پێدانی بەدەستهێنانی ئەو بەهەشتە بۆ کەسی بڕوادار کەچی هێشتا مەولەوی دەیەوێت نەمرێت و ئەم دنیایە بەجێ نەهێڵێت ، بەواتا مەولەوی نایەوێت ئەم دنیای کورت تەمەن بکات بە قەزاوە گێڕی ئەو دنیای تەمەن درێژ. ئەمەش هەڵوێستێکە بە پێچەوانەی هەڵوێستی گشتی ڕێبازەکانی تەسەوفەوەیە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەرچەندە مەولەوی پەیوەستی ڕێبازی نەقشبەندی بوو، بەڵام ڕوانینێکی سۆفیانەی بۆ مەسەلەی ژیان و مردن نەبووە، بەڵکو ڕوانینی کەسێکی عەلمانی بۆ مەسەلەی مردن و ژیان هەبووە، دەشێ لەئاستێکی نەگوتراودا هەمان هەڵوێست لە پرینسیپ و سرووتەکانی ڕێبازی نەقشبەندیشدا بدۆزرێتەوە و ببینرێت کە دەتوانین بە ئاراستەی دنیایی ئەو ڕێبازە ناوی ببەین، مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نییە کە ڕوانینی ئەم ڕێبازە دژی بنەماکانی ئایینە، نەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لە پرنسیپی ڕێبازی نەقشبەندیدا دین و دنیا پێکەوە دەبەسترێت و درێژی تەمەن هەم زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی مرۆڤ کارە دنیاییەکانی بە باشی جێبەجێ بکات، هەم درێژی تەمەن و بەردەوامی لە ژیاندا بوار دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی مرۆڤی خاوەن بڕوا ئەرکە ئاینییەکانی بەباشی جێبەجێ بکات، هەروەک ئەو دەلالەتەش بەرهەم دێت دین و دنیا پێکە زەمینە بۆ پێگەیشتنی مرۆڤی تەواو و بۆ کۆمەڵگای تەواو فەراهەم دەکەن.

لە بارێکدا کە ئەوی شاعیر بێ ئاگایە لە بوونی خۆی و لەدەرەوەی خۆیشی، لەوکاتەدا دەنگێ بە ئاگای دەهێنێتەوە، لەلایەک دەنگی وریاکردنەوەیەتی بۆ پێشهاتی مردن، لەلایەکی ترەوە دەنگێکە ژمارەی گوناه و کردەوە دزێوەکانی خۆی دێنێتەوە یاد، ئا لەم کاتەدا مردن نزیک دەبێتەوە و ئیزرائیل دەیەوێت گیانی بکێشێت، ئەمەش ئەو کۆتاییەیە کە ڕووبەری مەرگدۆستی لە بوونی ئەوی شاعیردا فراوان دەکات و ڕووبەری ژیاندۆستی تەسک دەکاتەوە. بەوەش مردن نزیک دەبێتەوە. ئەوەی مەولەوی دەیەوێت دوای بخات، ئەو چارەنووسە تاڵەیە کە دەربازبوون لێی مەحاڵە، بەڵام دیارە بۆ کەسی داهێنەری وەکو مەولەوی لەدوای مردنیشی ئامادەبوونێکی مەعنەوی هەیە کە ئەویش ئامادەبوونیەتی لە ڕووی داهێنانەوە کە ئامادەبوونێکە لەدەرەوەی مێژوودا، بەرهەمی هێناوە. ڕاستە مەولەوی لەڕووی فیزیکییەوە و بە گوێرەی خۆی ژیانی تەواو بووە، بەڵام لە سنووری دەقەکانیدا و لە ئامادەبوونی بەردەوامی بەرهەمەکانیدا ئەو دەژی، بەڵام ژیانێک کە تەنیا ئێمە هەستی پێدەکەین و ئەو خۆی لێی بێئاگایە هەڵبەت ئارەزووی ئەو بۆ دوورخستنەوەی مردن بەو مەبەستەیە کە لە ڕووی فیزیکیشەوە بەزیندوویی بمێنێتەوە و ژیانێک بژی کە خۆیشی لێی بە ئاگابێت و چێژی لێوەربگرێت، نەک تەنیا ژیانێک لە چێژوەرگرتنی ئێمە لە جوانی و ئێستیکای بەرهەمەکانیەوە بە دەستی بهێنین و پرسیار و جیهانبینییەک کە ئەو لە دەقەکانیدا بەرهەمی هێناوە لەلای ئێمە ئامادەبوونی هەمیشەیی ئەو بەرجەستە بکات کە ئەوەش ئامادەبوونێکی مەعنەوییە، کەواتە لێرەدا دیسان هەمان هەڵوێستی پێشتر دەردەکەوێتەوە کە مەولەوی بڕوای بە ئامادەبوونی فیزیکی و مەعنەویی یان فیزیکی و ڕۆحی هەیە پێکەوە، ئەوەش پێکەوە گرێدانی

دین و دنیایە ئەمەش ڕوانینی ڕێبازی نەقشبەندییە بۆ پێوەندی دین و دنیا.

لەکاتێکدا کە مەولەوی هەستکردنی بە پیری دەسەڵات بەسەرهەست و نەستیدا دەکات، لە ترسی ئەوەدایە کەی مردن هێرشی بۆ بهێنێت و بیگوازێتەوە بۆ ئەو دنیای تەمەن درێژ، پێشتر داوای لە ساقی دەکرد کە مەی پێشکەش بکات هەتا توانا و وزەی بداتێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێگاو کێشەکانی دەشتی مەحشەر، بۆ ئەوەی بەچالاکییەوە بچێتە بەردەم لێپرسینەوە، دیارە مەولەوی وەها سەیری خۆی ناکات کە جێگای بەزەیی پێداهاتنەوە بێت بۆیە نایەوێت لە ڕۆژی حەشردا لاواز و بێ توانا دەربکەوێت، بەڵکو دەیەوێت چوست و چالاک و بەهێز دەربکەوێت بۆ ئەوەی لاوازی نەبێتە هۆی چاوپۆشین لە گوناهەکانی، بەڵکو بەپێی ئەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت کە لە ژیانی ئەم دنیایدا کردوویەتی. ئا لەم کاتەدا کە مەولەوی هەست دەکات گوناهەکانی حسێب دەکرێن و مردن نزیک بۆتەوەو ئەمیش تاکو ئێستا دنیاویستی و ژیاندۆستی لەمردن و خەمی ئەو دنیا بێ ئاگایان کردووە، داوا لە گۆرانیبێژ دەکات کە گۆرانی یان مەقامێکی بۆ بچڕێت، بەڵکو بە ئاگای بهێنێتەوە و بیخاتەوە سەر ڕێگای بیرکردنەوە لە خودا و لە بەهێزکردنەوەی پەیوەستبوونی بە بنەماکانی ئایین و خوداپەرستیەوە.

**موطرب بەو نەغمەی (شانازی)تەوە**
**یا بەو پەردەی خاک (حیجازی)تەوە**
**بوڵەند کەر دڵ سۆز صەدای دڵ تەنگی**
**بەڵکم بێدار بوو جەی خاو سەنگی**
**های غەفڵەت تاکەی هام سەفەر و بەرد**
**بیزار بەر جە فاو کاروان ویەرد.**

مەولەوی کاتێ هەست دەکات مردن نزیک بۆتەوەو ئەمیش تاکو ئێستا بە ئومێدی دواخستنی مردن و تەنانەت بەدەستهێنانی نەمریش بوو، دەکەوێتە بارێکی ترەوە، بارێک کە تێیدا گەڕانەوەی ئەو لە جوگرافیای خەیاڵەوە بۆ زەمینەی واقیع بەرجەستە دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا مەولەوی دەستبەرداری خەیاڵ نابێت، بەڵکو هەر چۆن بە خەیاڵ ساقی و مەی ئامادە دەکات، بە هەمان شێوە لە سنووری خەیاڵدا گۆرانیبێژ ئامادە دەکات و داوای لێدەکات مەقامی بۆ بچڕێت، لەو مەقامانەی کە ئاوازەکانیان هەڵگری ئیقاعێکی خەم هێنەرە و وا لە مرۆڤ دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ناوخودی خۆی و بکەوێتە باری تێڕامانەوە. بێگومان ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مەولەوی لەم دەقەدا دەیەوێت نمایشێکی دوور و درێژی باری جەستەیی و مەعنەوی خۆی بکات و لەو ئاقارەشدا لەلایەک مەترسی مردن دەربخات و هەوڵی خۆیشی بۆ دواخستنی مردن، یان بۆ بە دەستهێنانی نەمری ئاشکرا بکات، لە هەمان کاتدا مەولەوی هەست بە سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانە دەکات و تێدەگات کە یەقینی مردن شتێکە ڕەت ناکرێتەوە، بۆیە ئەمجارەیان ترس لە قۆناغی دوای مردن دایدەگرێت، ترس لەوەی کە توانای نەبێت لە ڕۆژی حەشردا بەسەرکەوتوویی تێبپەڕێت، ئەویش لە ترسی گوناهەکانی. مەولەوی وەها وەسفی خۆی دەکات کە بەو پیری و لاوازییەوە زەحمەتە بتوانێت لەو تاقیکردنەوە چارەنووسسازە دەربچێت، لە ڕاستیدا ئێمە دەزانین کە پەڕینەوە و دەرچوون لە تاقیکردنەوەی ڕۆژی حەشردا پێویستی بەهێزی جەستە و چالاکی جەستەیی نییە، بەڵکو پێویستی بە توانا و هێزی ڕۆحی و مەعنەوی هەیە کە ئەویش سەرچاوەکەی خواپەرستی و جێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینییەکان و ئەندازەی پەیوەستبوونە بە خودا و پێغەمبەر و ئایینەکەیەوە. لاوازی جەستەیی دەلالەتی لاوازی ئاستی پەیوەستبوون و دڵسۆزی بۆ خوداو پێغەمبەر و بنەماکانی ئایین هەڵدەگرێت، لەڕاستیشدا دەشێ بە گوێرەی مەولەوی ئەو ترسە ڕوویەکی واقیعیانەی نەبێت، چونکە ئەو کەسێکی بڕوادار و پەیوەست بووە بە ئیسلامەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە مرۆڤ چەندێ نزیکتر بێت لە خوای خۆیەوە بەو ئەندازەیە ترسی زیاد دەکات، چونکە لە نزیکبوونەوەدا لە خودا ئاستی هەستیاری بوون زیاد دەکات و مرۆڤ لە بچووکترین جووڵە و قسەی خۆی بە گومان دەبێت لەوەی ئایا سنووری ڕێگا پێدراوی بەزاندووە، یان نا.

مەولەوی لەکاتی هەستکردنیدا بە واقیعی پیربوون و لە بێ ئومێد بوونیدا بەوەی لە مردن دەرباز بێت، ڕاستەوخۆ خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مردن ئامادە دەکات، بەڵام لەپێشهاتی مردندا لە بری ئەوەی داوا بکات کە پێڕەوە جێگیرەکانی ئیسلامی لە تەقسی مردندا بۆ جێبەجێ بکەن لە خوێندنی یاسین و سرووتەکانی تر، کەچی داوا دەکات لە گۆرانیبێژ لەم کاتەدا کە ئەم لە مردن نزیک بووەتەوە مەقامی غەمگینی بۆ بلێت، هەتا لە خەوی خامۆشی بێ ئاگابوون لە خۆیی و لە دەرەوەی خۆی بە ئاگای بهێنێتەوە، لێرەدا دەشێ ئەو گۆرانیەی، یان ئەو مەقامەی کە مەولەوی داوای دەکات

(یاسین) بێت و گۆرانی بێژیش ئەوکەسە بێت کە یاسین دەخوێنێت لە مەلا یان هەر کەسێکی شارەزای ئەو بوارە. ئەوە ئاشکرایە کە یاسین وەکو ئاگادارکردنەوەی مرۆڤ لە چارەنووسی مردن و لەدەستپێکردنی ئەو دنیا وایە، یان ڕێنومایی کردنی ڕۆحە بۆ خۆ ئامادەکردنی بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بە گوێرەی کەسی مردوو، هەروەک لە هەمان کاتدا پاڕانەوەیە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح لە ئازارەکانی گیان کێشان و درێژەنەکێشانی کاری گیان کێشان. لێرەدا جارێکی تر مەولەوی بەدوای ڕزگارکەردا دەگەڕێت پێشتر ئەرکی ڕزگارکەر لە ڕوانینی ئەودا جیاواز بوو، بریتی بوو لە دوورخستنەوەی ترسی مردن، یان بەدەستهێنانی نەمری، بەڵام ئەمجارەیان ڕزگارکردنی ڕۆحە لە ئازاری گیان کێشان، یان هەوڵدانە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح لە ئەشکەنجەی ئەو دنیا ئەوەش بەوە دەبێت کە دەنگی ڕزگارکەر وریای بکاتەوە و پێوەندی ئەو بە خودای خۆیەوە سەرلەنوێ پتەو و بەهێز بکاتەوە و بە بڕوایەکی تەواوەوە ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە.

مەولەوی داوای مەقامی خەماوی دەکات، بەواتا بە جۆرێک دەیەوێت گوێی لەو لاواندنەوەیە بێت کە لەسەر مەرگی دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی وایە ئەو مەقامە خەماوییە بێداری دەکاتەوە و بە ئاگای دەهێنێتەوە لە یەقینی مردن بە تایبەتی کاتێ هەست دەکات پیری توانای لەبەر دەبڕێت و هاوەڵان و هاو تەمەنانی ئەو مەرگ لەگەڵ خۆی پێچاونیەتیەوە، ئیتر ئومێدی ژیانیش لای ئەم هەرەس دەهێنێت و دەبێ لەچاوەڕوانی ئەو چرکەساتەدا بێت.

ئەوەی ئەم دەقەی مەولەوی لە ئاستی دیار و بینراودا بەرجەستەی دەکات ئۆتۆبایۆگرافیای ژیانی ئەوی شاعیرە لەو ساتەوە کە هەست دەکات پیری نزیک بۆتەوە هەتا ئەو کاتەی کە بە ناچاری مل بۆ حەقیقەتی مردن کەچ دەکات، ئەمەش لە شێوەی گێڕانەوە و هاوشێوە کردنی خۆی و بەشەکانی جەستەی لەگەڵ توخم و ڕەگەزەکانی سروشتدا بەرجەستە دەکات. لەکاتی هەستکردن بە پیری و ڕاوەستان لەبەردەم دەروازەکانی مەرگدا پەنا بۆ ڕزگارکەر دەبات کە ئەویش لە پلەی یەکەمدا ساقی و مەیە و لە پلەی دووەمیشدا گۆرانیبێژ و مەقامی غەمگینە، بەڵام نە یەکەمیان دەتوانێت لە پیری و مردن ڕزگاری بکات، نە دووەمیان دڵنیایی و یەقینی بە هەشتی پێبەخشێت و ڕۆحی لە ئازاری گیان کێشان و لە ئازار و ئەشکەنجەی پاش مردن ڕزگار بکات، ئەگەر گوناهەکانی ئەوەندە زۆربن شایانی ئەشکەنجەدان بێت.

مەولەوی بەرجەستەی سەردەمێک لە ژیانی خۆی دەکات، سەردەمێک کە خاڵی نییە لە ئازار و نیگەرانی و ترس. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ژیان جۆرێکە لە تراژیدیا و ئاسوودەیی شتێکی ڕێژەیی کەم و کورت تەمەنە، مادەم چارەنووسێک چاوەڕوانی هەمووومان دەکات کە ئەویش چارەنووسی مەرگە، کەواتە ئێمە بوویەکی قەدەرین و هەموو شتێ بە گوێرەی ئێمە لە دەرەوە و لە سەرەوەی خودی خۆمانەوە بۆمان بڕیار دەدرێت، بە واتا ئێمە ئەو بەرکارەین کە هەمیشەکارمان لەسەر دەکرێت، بەبێ ویستی خۆمان لە دایک بووین، گەورە دەبین، پیر دەبین و دەمرین، ناشتوانین لەم زنجیرە ڕووداو، یان گۆڕانکارییەی کە بوونی ئێمەی پێدا تێپەڕ دەبێت، هیچ بگۆڕین.

ئەو پرسیارەی کە دەشێ لێرەدا بەرزی بکەینەوە کە لە ئاستی نادیاری دەقەکەدا دەبینرێت ئەوەیە ئایا بۆچی مەولەوی خۆی و بەشەکانی جەستەی خۆی بە سروشت و توخمەکانی سروشت بەراورد دەکات؟ یان هاوشێوە دەکات؟ دەشێ لە پشتی ئەم هاو شێوەکردنەوەیەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کە سروشت سەرچاوەیە و ئەو لە پێش مرۆڤدا ئەفرێندراوە و ڕووبەرێکی هێندە فراوانیشە کە بۆ هەر خاسێت و سیفاتێکی نموونەیی لە ئاستی جوانی، شەنگی، سەرنج ڕاکێشی، دەوڵەمەندی، نهێنی، سادەیی، ئاڵۆزی، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ سروشت، چونکە لە هەر کام لەو بوارانەدا ئەو یەکەمە و دەبێ هەر شتێکی تر لەگەڵ ئەودا هاوشێوە بکرێت ئەگەر مەبەست دەرخستنی ئاستی دەوڵەمەندی ئەو شتە بێت لە خاسێتێکی دیاردا.

ئایا هەوڵدانی مەولەوی بۆ هاوشێوەکردنی خۆی و بەشەکانی جەستەی لەگەڵ سروشت و توخمەکانی سروشتیدا بنەمایەکی ڕۆمانسیانەی هەیە و لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مەولەوی وەکو شاعیرێکی ڕۆمانسی گەڕابێتەوە بۆ نێو سروشتی جوان و سادە و پڕ لە هێمنی؟ یان لە بنەڕەتدا مەولەوی پەروەردەی نێو سروشتە و بۆ هەر هاوشێوە کردنێکی خۆی نزیکترین شت کە خۆی لەگەڵ هاوشێوە بکات ئەو سروشتەیە کە تێیدا دەژی؟

دیسان ئەوەی لەم دەقەدا لە ئاکامی شۆڕبوونەوەدا بۆ ئاستی نادیار دەبینرێت ئەوەیە کە مەولەوی لە سنووری خەیاڵدا، یان لە جوگرافیای خەیاڵدا ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام ئەو ئۆتۆبایۆگرافیایە قۆناغێک لە ژیانی ئەو دەگرێتەوە کە قۆناغی پیرییە، هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆش لە دەقەکەدا نابینرێت کە دەری

بخـات بە ڕاسـتی ئەم دەقـە بەرهەمی سـەردەمی پیـری مــەولەوییــە، بۆیە دەشێ وای بۆ بچین کــە ئەم دەقــە بەرهەمـێکە لە ئەزمـوونی شیـعری ئەم شـاعیـرە و دەشێ ئاخـاوتنی قـۆناغـێک لە ژیانی مـرۆڤ بکات کە ئەویش قۆناغی پیرییە و ئەمەش دیاردەیەکی سروشتی گشـتگرە بە گــوێرەی مــرۆڤ و هەمــوو زیندەوەرانی تریش، بۆیە دەشێ وای لێک بدەینەوە کـە وەسـفکردنی پیـری لای مـەولەوی مـەرج نییـە دەرئەنجـامی هەسـتکردن بە پیری خۆی بێت، بەڵکو دەشێ قسەکردنی ئەو لەسەر مەسەلەی پیری و مـردن دەرئەنجامی ڕوانینێـکی فـەلسـەفیـانە بێت کە ڕەخنە لەو چارەنووسە بگرێت کە مرۆڤ بەبێ ویستی خــــۆی رووبەڕووی دەبێــــتـــــەوە و هیـچ ڕێـگایەکی ڕزگاربوونیشی نییە، ئەمەش بۆ دەرخسـتنی ئەوە بێت کە لە ڕاستیـدا مرۆڤ سەرباری چالاکی و ژیری و هەوڵدانی بۆ دەسەڵاتکردن بەسەرگەردووندا، بەڵام بووەکی قەدەرییە و تەنیا لە سنوورێکی دیاریکراودا دەتوانێت بجووڵێت و تـەنیــا دەتوانێت ڕۆڵی لە گــۆڕینی شـتــە ســادە و ئاساییەکاندا هەبێت و تاکو ئێستا لە بەرامبەر کێشـەی پیـربوون و مـردندا دەسـتـەوسـانە و هیـچی پێناکـرێت. ئەمـەش ئەو جیـهـانبینییـەیە، کـە ئەم دەقـەی مەولەوی بەرهەمی دێنێت، واتە مرۆڤ چەندێ ژیری بەکـاربهێنێت و چەندێ بەتوانا بێت لە یەکـەم ئەفـریدەبوونیــەوە تاکـو ئێستا نەیتوانیوە هیچ شتێک سەبارەت بە چارەنووسی خـۆی بگۆڕێت و وەکـو هەر پێکهـاتەیەکی زیندووی تر ملکەچی یاسای پیربوون و مردنە، هەر چۆن لە ڕابردوودا بە ئومـێـدی ژیان و بەدەسـتـهـێنانی نەمـری پەنای بۆ ئەفســانەی ئاوی حـەیات بردووە، ئێــســتــاش لەســەر زەمـینەی واقـیع نەیتـوانیـوە جـێگرەوەی ئاوی حـەیات بدۆزێتەوە. ئومێدی نەمریش لە کۆنەستی مرۆڤایەتیدا ئامادەیە، بەڵام گەیشتن بە نەمری تاکو ئێستا لە سنووری مەحاڵدایە.

**ئایار – ٢٠٠٥**

# دوانەکانی سۆسێر

**سەلام ناوخۆش**
**(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردە)**

**بونیادگەری دی سۆسێر**

زمانناسی سۆسێری (فێرناند دی سۆسێر) زۆر گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕەوت و چەمک و ماهیەتی زمانناسی و ڕوانینی زمان دروست کرد. دی سۆسێر لە کتێبە لە پاش بە جێماوەکەیدا «کۆرسێک لە زمانناسی گشتی» چەندەها بابەتی نوێی لە بارەی زمانەوە دەورووژێنێ. بەر لە هەموو شتێ سۆسێر باوەڕی وابووە زمان سیستەمە، پەیڕەوی سیستەمێک دەکات و ڕەگەزەکانی زمان لە پێوەندی دیالێکتی دان و جێگۆڕکێی هەر دانەیەکی زمانەوانی یاخود ڕەگەزێکی شیرازەی سیستەمی زمان دەشێوێنێ.

لەلایەکی تر، سۆسێر لە کتێبەکەیدا باس لە چەند دوانەیەک دەکات کە هەریەکە زمان بە ئاراستەیەک دەبات. ئەم دوانانە زۆر گرنگن لە توێژینەوەی زماندا بە جۆرێک هەتا لەدوای سۆسێر و بلۆمفیلدیش، چۆمسکی سوودی لە هەندێ لەم دوانە بینیوە.

لەم نووسینەدا بە کورتی لە هەریەک لەم دوانە دەدوێین.

**دوانەی یەکەم**
**دایکرۆنی و سایکرۆنی**

ئەم دوو زاراوەیە سۆسێر دایهێناون. هەردووک پێکەوە وەسفی هەردوو ڕوانینە سەرەکییەکەی توێژینەوەی زمان دەکەن. دایکرۆنی خۆی میتۆدێکی شرۆڤەکاری زمانە. ئەو شرۆڤەکردنە لەسەر بنەما و شەنگستی مێژوو و قۆناغەکانی هەر زمانێکە. بە کورتی ئەم ڕێبازە لە گەشە و پەرەسەندنی زمان دەکۆڵێتەوە. چۆن زمان ئەو هەموو قۆناغەی بڕیوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا هاتوون بابەتی سەرەکی ئەم ڕێبازەن. نووسینەکانی ئەفلاتون و ئەریستۆ و ستۆیکەکان و قوتابخانەی ئەسکەندەرییە و پانینی و هەتا ئەوانەی لە بواری فیلۆلۆژی زمان و فیلۆلۆژی بەراورد کاریان دەکرد لەسەر بنەمای دایکرۆنی لەزمانیان کۆڵیوەتەوە.

ئەو گۆڕانانەی لە زمان ڕوودەدەن چ لەسەر ئاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، یان سینتاکس بێ ئەوا جێگەی بایەخی زمانناسی دایکرۆنی بووە، بەڵام دەکرێ بوترێ کە سەردەمی زێڕینی زمانناسی دایکرۆنی سەدەی نۆزدەیەم بووە. لەو سەدەیەدا زمانناسان مژۆڵی توێژینەوەی گۆڕانە دەنگییەکانی زمانی هیندۆ- ئەوروپییەکان بوون. ئەو کۆششەی ئەوان چەندان یاسای فۆنۆلۆژی لێکەوتەوە. ئەو ئاکامانەی هەریەک لە فرانز پۆپ و ڕاسمۆس مراسک و یاکۆب گریم لە بارەی ئەو گۆڕانە دەنگیانەوە لە سانسکریتی و لاتینی و یۆنانی و ئینگلیزییەوە بە دەستیان هێنا ڕێگەی خۆش کرد بۆ بیرۆکەی «زمان لە گۆڕانێکی سروشتی دایە». لە بارەی ئەو گۆڕانە

سروشتییە و مێژووی قۆناغەکانی ئەو گۆڕانە چەندان لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لێدەرچوو، هەروەها وەک وتمان، چەندان یاسای فۆنۆلۆژیش هاتنەکایەوە، یاساکەی گریم لە یاسا دەنگیبە بەناوبانگەکەی سەدەی نۆزدەیە و هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دایکرۆنی گرنگە لە مێژووی زمانی هیندۆ ئەورووپییەکاندا.

هەرچی زمانناسی سینکرۆنییە ئەوە بریتییە لە دیراسەکردنی زمان لە کاتێکی دیاریکراودا. ئەو جۆرە زمانەوانییە جەخت لەسەر ڕەوشی ئێستای زمان دەکات و خۆی بەو هەموو گۆڕان و پەرەسەندنانەی زمانەوە لە قۆناغە یەک بەدوایەکەکانیدا خەریک ناکات.

ئەم دوو میتۆدە زۆر گرنگن لە دیراسەکردنی زماندا، چونکە زۆر گرنگە زمانەوان ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە بێت کە بەسەر زمانێکی دیاریکراودا هاتوون. ئەو ئاگادارییە وای لێدەکات وێنەیەکی تەواوی لەسەر ئەو زمانە هەبێت کە دیراسەی دەکات. وێڕای ئەمەش زمان خۆی بریتییە لە سیستەمێکی داینامیکی پەرەسەندوو. لەو ڕوانگەیەوە ئەوکاتە دەگەینە ئەو تێگەیشتنە دروستەی کە زمان چۆن کار دەکات کە خودی زمانمان لەو سێ ڕەهەندە دیت، نەک شێوەی دوو ڕەهەندی.

**جیاکردنەوەی دایکرۆنی و سینکرۆنی**

جیاکردنەوەی دایکرۆنی و سینکرۆنی لە چوارچێوەی زمانەوانیدا پێویستییەکی مەنهەجی و تیۆرییە چونکە:

یەکەم: ئەو لقەی زمانەوانی کە لە گۆڕانی زمان دەکۆڵێتەوە و چ گۆڕانێک لە زماندا ڕوودەدا و بۆچی ئەو گۆڕانە ڕوودەدا پێی دەوترێ زمانەوانی مێژوویی و بەراوردکاری. پێی دەوترێ مێژوویی یاخود (دایکرۆنی) چونکە لە مێژووی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە. ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژی و ڕێزمانییانەی لە ماوەی نێوان کۆن و نوێ لە کوردیدا ڕووی داوە پێی دەوترێ دایکرۆنی.

هەچی سینکرۆنییە زمان لە خاڵێکی تیۆری کاتدا دیراسە دەکات. دەکرێ وەسفێکی سینکرۆنی زمانی شیعری (خانی) یاخود (نالی) بکرێ.

دووەم: چەمکی ناسنامە و یەکێتی ناسنامەی یەکە زمانەوانییەکان لەسەر هەردوو پێوەر وەک یەک نین. بە گوێرەی ئەو پێوەرە دوو وێنەی بێژە لەلایەک هەمان یەکەی زمانەوانی دەنوێنن لەلایەکی تر دوو یەکەی جودا دەنوێنن.

سێیەم: چەمکی یاسای زمانەوانی

چەمکی یاسا لە بواری سینکرۆنیدا جیاوازە لە چەمکی یاسا لە بواری دایکۆنیدا. سۆسێر دەنووسێ ئەگەر ویستمان سروشتی یاسای زمانەوانی بزانین یەکەمجار دەبێ ئەوەی بواری سینکرۆنییە لە بواری دایکرۆنی جیابکەینەوە. ئەو یاسایانە پەیوەستن بە دوو جۆری زۆر لە یەک جیای دیاردە زمانەوانییەکان.

١- هەندێ دیاردە پێوەندی بە ئیدراکی ئاخێوەرەوە دەکەن بۆ وێناکردنی بە یەکچوونی ناسنامەیان، یان جیاوازی نێوان یەکە زمانەوانەکان و ئاگاداری بە جۆرەها پێوەندی نێوانیان.

٢- هەندێ دیاردە توێژەر دوای ڕوودانیان تێبینیان دەکات. لەم پێودانگەوە یاسای سینکرۆنی ئێستایی ئیدراکی ئاخێوەرگەی دەکێشێ بۆ دروستکردنی یەکە زمانەوانیە وەک یەکەکان (أ=ب) یان یەکە زمانەوانییە لە یەک جیاکان (أ=/ب) هەرچی یاسای دایکرۆنییە پێوەندی ڕەگەزە زمانەوانییەکان بە یەک ئاراستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە (أــــ ب) لێرەدا هۆکارێکی حەرەکی هەیە بەو هۆکارەوە شتێک لەناو دەچێ بۆ ئەوەی ڕەگەزێکی تر شوێنی بگرێتەوە.

٣- پێویستە سینکرۆنی پێش دایکرۆنی بێت، چونکە زمان سیستەمێکە لە یەک کاتدا سیفەتی نەگۆڕ و گۆڕاو لەخۆ دەگرێ.

**دوانەی دووەم**

**زمان و گوتن**

دی سۆسێر سێ وشەی لە چەمکی «زمان» گرد کردۆتەوە: Parole- گوتە، Langage- توانای گشتی زمان، Langue- سیستەمی پێوەندیکردن. لەو بارەیەوە کریستال (١٩٩١: ٢٥) دەنووسێت: Parole بریتییە لە ئاخاوتنێکی کۆنکریتی کەسی کە ئاخێوەر لە هەندێ بارودۆخی کردەیی دایدەهێنێ هەرچی (langage)-ە بریتییە لە توانای گشتی زمان وشەی (langue)یش بریتییە لە سیستەمی پێوەندیکردن لە ناو کۆمەڵدا.

ئەگەر گوتە- گوتن لایەنی کۆنکریتی زمان بنوێنێ و ڕەفتاری زمانەوانی دەربخا، ئەوا لانگ هێمای ئەبستراکتی زمان دیار دەخا. ئەمەش هەموو بەکارهێنەرانی زمان هەیتیان.

لەگەڵ ئەوەی گوتە لایەنی خودی و بەکارهێنانی کەسی هەر ئاخێوەرێکی زمانە، هەروەها ئەو ناوەندەیە کە زمانەوان لەو ڕێیەوە نەک هەر دەتوانێ لە گوتە بکۆڵێتەوە، بەڵکو دەتوانێ لە (لانگ)یش بکۆڵێتەوە. ڕاستەوخۆ ناکرێ لە (لانگ) بکۆڵدرێتەوە، چونکە بەرجەستە نییە، بەڵکو دەبێت هەر لە ڕێگای گوتەوە

دیراسەی زمان- لایەنی ئەبستراکی زمان بکرێت.

هەرچەندە گوتە ئەو ئەدگارە گرنگەی هەیە و توێژەر ناچار دەکات لە ڕێگای گوتە بگاتە خودی زمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان زۆر گرنگترە لە گوتە و بریتییە لە کرۆکی زمانەوانی و بابەتەکانی. سۆسێر لە بارەی ئەم گرنگییەوە دەنووسێ:

لە جیاکردنەوەی «زمان» لە «گوتە» لەلایەک ئەوەی «کۆمەڵایەتی»یە لە «خودیی» جیادەکەیتەوە هەروەها «جەوهەریەت» لە «لاوەکی» جیادەکەینەوە. ئەم کەلێنەی نێوان (زمان) و (گوتە) سۆسێری بەرەو ئەو ئاقارە برد کە بڵێ (زمانەوانی زمان) و (زمانەوانی گوتە) لە لێکۆڵینەوەی زماندا هەیە.

ئەم جیاکردنەوەی زمان و گوتە کە لە داهێنانی دی سۆسێر بوو لە زمانناسییەکەی چۆمسکیدا ڕەنگی داوەتەوە. چۆمسکی ناسراوە بەوەی Competence- توانست- مەعریفەی زمانەوانی و Perfovmance- بەکارهێنانی زمان لە ڕێزمانەکەیدا داهێناوە. ئەو ددانەی دی سۆسێر زۆر لە توانست و بەکارهێنانی چۆمسکی دەچن، بەڵام هۆرسێی ۲۰۰۱- ۲۱ دەنووسێ ئەم دووە جیاوازییەکی سەرەکی، یان لەگەڵ دووانەکەی چۆمسکی هەیە، دوانەکەی سۆسێر لەسەر بنەمای هۆشەکی پێناسە نەکراون.

(گوتن) و (بەکارهێنان) لەوەدا بەیەک دەچن بەوەی هەردووکیان پەیوەستن بە بەکارهێنەری زمان- بە واتای لایەنی خودی زمان دەگەیەنن، بەڵام وێڕای جیاوازی هۆشەکی، ئەوا لە میتۆدیشدا لە یەک جیاوازن. (بەکارهێنان) یاخود پەیڕەوکردن خۆی پرۆسەیەکی کردارییە. لەو میانەدا کردارەکانی زمانەوانی وەک قسەکردن و نووسین ئەنجام دەدرێن. هەرچی گوتنە ئەوا بەرهەمە تایبەتییەکانی ئەو کردارە زمانەوانییە دیار دەخات. لەسەردەمی دی سۆسێر هەتا بەشی دووەمی سەدەی بیستەم زمانەوانان زێتر گرنگیان بە «زمان» دەدا، بەڵام هەرکە پراگماتیکس دەرکەوت گوتن و ئاخاوتن بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بواری زمانەوانییدا پەرەی سەند.

لە ئاکامدا گوتنەکەی سۆسێر و بەکارهێنانەکەی چۆمسکی بوونە جێگەی بایەخی پراگماتیکس و شرۆڤەکردنی ئاخاوتن Dis course Analysis.

**دوانەی سێیەم**

**پێوەندی پارادیگماتیکی و سیتاگماتیکی**

یەکەکانی زمانەوانی دوو جۆری سەرەکی پێوەندییان هەیە. ئەو دوو جۆرە پێوەندییە دوو جۆری پێوەندی شاقوولی و ئاسۆیی ڕەگەزەکانی ڕستە دەردەخەن.

زاراوەی Pardigmatic- ڕەهەندی ستوونی زمان- لە بونیادگەری سۆسێردا ئەو جۆرە پێوەندییە لە جیاتییە دەگەیەنێت کە یەکەیەکی زمانەوانی کە لەگەڵ یەکەیەکی دی زمانەوانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو هەیەتی. پێوەندی پارادیگماتیکی دەکرێ لەسەر ئاستی هەموو شرۆڤەکاندا دابمەزرێ.

ئەو وشانەی کە لەپێوەندی پارادیگماتیکی دان لە دیدی سۆسێردا بە System «سیستەم» ناودەبرێن.

کریستال (۱۹۹۱: ۲٤۹) دەنووسێ کە لەناو زماندا چەند سیستەمێک هەیە کە لە پێوەندی پارادیگماتیکی دان وەک سیستەمی جێناو، سیستەمی دیارخەر سیستەمی ماڵ، هەروەها لەسەر ئاستی فرمانیش دیاردەی پێوەندی پارادیگماتیکی بەدەر دەکەوێت.

پێوەندی پارادیگماتیکی کە خۆی ڕەهەندی ستوونی زمان دەگەیەنێت، جەخت لەسەر چەمکی لەجیاتی دانان دەکات. دەکرێ لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم ڕستەی خوارەوەدا زێتر چەمکی پێوەندی پارادیگماتیکی ڕوون بکرێتەوە، من پەنجەرەکەم شکاند.

ڕەگەزەکانی ئەم ڕستە (من- جێناو)، (شکاند- فرمان)، (پەنجەرە- بەرکار) دەکرێ لەگەڵ ژمارەیەکی بێ کۆتا.

ڕستە لەسەر بنەمای (بکەر- بەرکار- فرمان) دروست بکرێن ئەویش بە دانانی (بکەر لە جیاتی بکەر) و (بەرکار لە جیاتی بەرکار) و (فرمان لە جیاتی فرمان) بەمجۆرەی خوارەوە بێ ئەوەی ڕستەسازی زمانەکە پێشێل بکرێت.

| ۱ | ۲ | ۳ |
|---|---|---|
| من | پەنجەرەکەم | شکاند. |
| ئەو | دەرگاکەی | شکاند. |
| تۆ | نانەکەت | برد. |
| ئەوان | نانەکەیان | خوارد. |
| ئێمە | گەمەکەمان | بردەوە. |

ئەگەر ئەم ڕستانە بۆ سیستەمی جێناو و فرمان پۆلین بکەین دەبینین کۆمەڵەی یەکەم و دووەم سیستەمی جێناو پێک دەهێن هەرچی کۆمەڵەی سێیەمی سیستەمی فرمان پێک دەهێنێت.

هەروەها دەکرێ ئاوەڵناو لە جیاتی ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان لەجیاتی ئاوەڵفرمان بێت:

نەسرین کچێکی زیرەکە.
شیرین کچێکی جوانە.
ئەو ژنێکی قەشەنگە.

شێروان ئینگلیزی باش دەخوێنێ
سیروان قورئان جوان دەخوێنێ
هێمن بنێشت ژنانی دەجوێ.

لێرەدا دەردەکەوێت کە لە جیاتی دانان Sub-stitutability، مەرجێکی بنەڕەتی پۆلێن کردنی وشە بۆ ناو، فرمان، ئاوەڵناو....تاد. دەگەیەنێ. بەشێوەیەکی تر هەموو (ناوەکان- جێناوەکان) لە پێوەندییەکی پارادیگماتیکی دان، فرمان کە جێی یەکتر دەگرنەوە لە پێوەندی پارادیگماتیکی دان بە هەمان شێوەش ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان کە لە ڕستەدا لە بریتی یەکتر دێن لە پێوەندی پارادیگماتیکی دان بە پێچەوانەش هیچ پێوەندییەکی پارادیگماتیکی لەنێوان (ناو- فرمان) و (ئاوەڵناو- جێناو) و (ئاوەڵفرمان- ئاوەڵناو)دا نییە.

لەسەر ئاستی فۆنۆلۆژیش، ئەم جۆرە پێوەندییە فۆنیمەکانی زمان دەردەخات، لە سیستەمی دەنگدا ئەگەر دەنگێک لە بریتی دەنگێکی تر بێت و واتای وشەکە بگۆڕێ، ئەوا لەو پرۆسە دەنگییەدا ئەو دەنگە فۆنیم پێکدێنێ. بۆ نموونە فۆنیمەکانی/د/ و /ز/ و /ک/ و /خ/ دەکرێ لە کوردیدا لە شوێنی فۆنیم /س/ لە وشەی ساڵ) بێن و وشەی (داڵ) و زاڵ)، (کاڵ) و (خاڵ) پێکبێنن. ئەو هەموو فۆنیمەش لەم چوارچێوەیەدا لە پێوەندیتی پارادیگماتیکی دان:

ساڵ
داڵ
زاڵ
کاڵ
خاڵ

لەسەر ئاستی واتاسازیش ئەم جۆرە پێوەندییە لە هاو واتا Synony my دەردەکەوێت. دوو جۆرە هاو واتا هەیە= هاو واتای تەواو و هاو واتای بەشەکی- ئەوەی یەکەم لە زماندا زۆر دەگمەنە، بەڵام هەرچی ئەوەی دووەمە لە هەندێ چوارچێوەدا دەردەکەوێت، پێوەندی پارادیگماتیکی لەسەر بنەمای لەجیاتی دانان دامەزراوە. ئەو لە جیاتی دانان لە هاو واتای بەشەکی تاڕادەیەک جێی خۆی کردۆتەوە و چەندان وشە و گرێ هەن بەهۆی فرە دایەلێکتی زمانی کوردی لەلایەک شێوازی جیاواز و جیاوازی هۆشەکی و لە یەکنزیکی هەندێ وشەدا دەکرێ هەندێ وشە لە بریتی هەندێکی تر لە هەندێ چوارچێوە بێن:

- ئەمە پلکمە
ئەمە پوورمە دایە لێکت

جەنابتان چی دەڵێن
بەڕێزتان چی دەفەرموون شێواز

- کەوتە، زەبەلاح جیاوازی هۆشەکی

ئەو ئاوارەیە.
ئەو دەربەدەرە. لە یەکنزیکی واتا

بەڵام لە هاو واتای تەواودا هەموو کاتێک ناکرێ (وشەیەک) (لە ڕووی واتا و بەکارهێنانەوە ) لە جیاتی وشەیەکی تر لە هەموو چوارچێوەیەکەوە بێت. لە ئاکامدا ئاخێوەر دووچاری ئاستەنگێکی زمانەوانی دەبێت کە پێی دەوترێت (Caphasia- بە واتای ناتوانێ ئەوەی دەیەوێ دەربببڕێ یاخود لە ئەنجامی هزرکردن و نەشیان تووشی هێدمەیەکی دەماغی دەبێت.

پێوەندی دووەم، کە ڕەهەندی ئاسۆیی زمان دەگەیەنێ، پێی دەوترێ پێوەندی سینتاگماتیکی. ئەو ڕەگەزانەی ڕستە کە پێوەندییەکە پێک دەهێنن پێیان دەوترێت (Structure)- پێکهاتە. کریستال (١٩٩١= ٣٤١) دەنووسێ: ئەو پێوەندییەی لەنێوان بەشەکانی پێکهاتەیەک (یاخود گرێیەک) هەن بریتیین لە پێوەندی سینتاگماتیکی، چونکە ئەو جۆرە پێوەندییە ڕەهەندی ئاسۆیی زمان لە فۆنیمێک، وشەیەک یاخود وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی تر لە ڕستەیەکدا دەردەخات. لەلای خۆیەوە تراسک (١٩٩٨= ٢٧٣) لەسەر ئاستی ڕستەسازیدا پێوەندی سینتاگماتیکی لەنێوان (بکەر- فرمان) و (فرمان- بەرکار) دەبینێت.

ئەو پێوەندییە کە خۆی بریتییە لە دابەشبوونی ئاسۆیی فۆنیم و وشەکان دەکرێ لەسەر ئاستێک زیاتر دەربکەوێت. بۆ نموونە لەسەر ئاستی فۆنۆلۆژی، فۆنیمێکی وەک /ک/ لە زمانی کوردیدا بەم شێوەی خوارەوە دێت:

کەسک پانکە دایک

ئەو دابەشبوونەی /ک/ لە وشەی کوردیدا شیانی دابەشبوونی ئەو فۆنیمە پیشان دەدات. هەروەها لێرەدا ئەرکی فۆنیمی /ک/ لە فۆنۆلۆژی کوردیدا بە دیارکردنی

پێــوەندییــە ئاســۆییــەکــانی لەناو وشــەی کــوردیدا بەدەردەکەوێت.

لەسەر ئاستی ڕستەسازیشدا کە دەڵێین:

- ئازاد پەنجەرەکەی شکاند.

هەرسێ ڕەگەزەکەی ئەم ڕستـەیە (ئازاد) (پەنجەرەکە) (شکاند) لە پێـوەندییـەکی ئاسـۆیی دان. هەروەها کـە دەڵێین:

ئاسۆ ماسیەکەی گرت و برژاند و خوارد.

تەواوی ڕەگـەزەکـانی ڕسـتـەکـە (ئاسـۆ)، (مـاسی)، (گـرت)، (برژاند) و (خـوارد) لە ڕێزبوونێکی لۆژیکی و ڕێزمـانی دان. هەر گـۆڕانکاریەک لە جێگۆڕکێ کـردنی وشـەکـاندا تەواوی واتای لۆژیکی و ڕێزمـانی ڕسـتـەکـە دەگۆڕێ:

+ ئاسۆ ماسییەکەی برژاند و گرت و خوارد.

+ ئاسۆ ماسییەکەی خوارد و گرت و برژاند.

+ ماسییەکەی ئاسۆ برژاند و گرت و خوارد....تاد.

ڤــینـچ (٢٠٠٠= ٢٤) باوەڕی وایە کــە ئەو دوو پێوەندییە (پێوەندی پارادیگماتیکی و سینتاگماتیکی) لەناو سیستـەمێکی زمانەوانی هەمەلایەندا ناسنامەی وشــە پێک دەهێنن.... بەواتایەکی تر هەر دانەیەکی زمانەوانی- فۆنیم، مۆرفیم، گرافیم، وشە، چۆن هەریەک لە پێوەندییـەکـانی پارادیگمـاتیکی و سینتـاگـمـاتیکی پێک دێنێ.

## دوانەی چوارەم
## دال و مەدلوول

ئاماژە (Sign) خۆی دەبێتە دوو بەش: دال (Signi Fier) و مــــەدلوول (Signi Fied). لە زمـــــان و فـەلسـەفـەدا باس لە مـەسـەلەی ئامـاژە و دال و مـەدلوول کـراوە. لە زمـاندا (دال) وشـەیە. لە نەزەری سۆسـێریش (وشـە) دوو ڕەگـەزی جـیـاواز لەخـۆ دەگـرێت= یەکـەم. وێنەی دەنـگ (Sound image). ئەم وێنە دەنگییە بریتـیـیـە لە (دال) هەروەها دەکرێ ئەو وێنە دەنگیـیـە شێوەی گۆکردن و دەربڕینی وشە بێت. دووەم. چەمک و واتـا دەگـەیەنێ. ئەمـەش بریتـیـیـە لە (مـەدلوول) مەدلوولیش خۆی ئەو شتانەیە کە هێماکە دەینوێنێ.

مەسەلەی (دال) و (مەدلوول) کاریگەرییەکی زۆری لە ڕەوتی زمـانناسی کـردووە، هەروەها بە حـوکـمی ئەوەی هەردووک لە (ئامـاژە- هێـمـا) سـەرچاوەیان گـرتووە ئێـسـتـاش زانسـتێک هەیە دیراسـەی هێـمـا- ئامـاژە دەکات، لەم ڕوانگەوە هەست بە پێوەندی نێوان (ئاماژە ناسی) و (زمانناسی) دەکرێ.


هەر لەسەر ئەم شەنگست و بنەما زەینی و ئاماژەییە، وشـەکـان جـیـهـانێک، بە ڕێگای هێـمـایی نەک بەرجـەسـتـەیی، دەنوێنن. دەرک کـردن بەو پێـوەندییـە هێـمـاییـانە ئاخـێـوەری زمـان لە (نا- ئاخـێـوەر)ی زمـان جـیـادەکـاتەوە. سۆسـێـر خـۆی زیاتر بە چەمکی هێـمـا زمـانەوانییـکانەوە پەیوەست کردبوو، باوەڕی وابوو کـە یەکە زمانەوانییەکان یاخود (ئاماژەکان) خودی شتەکان نانوێنن. لێرەدا پرسـیـارێک دروست دەبێت:" ئایا دال و مەدلوول دوو بوونی فیزیکین (Physical entities) دەکرێ بە جـیـا دیراسە بکرێن؟ هەروەها دەبێ پێـوەندی نێوانیان سروشتی یاخود هەرەمەکییە؟

لە دیدی ســۆســێــر دال و مــەدلوول هیچ بوونێکی فـیـزیکیـان نیـیـە. بوونەکـەیان تەنیـا لە مـێـشکی قسـەکـەرەکـاندایە. هەر سـۆسـێـر (لاپەڕە ٣٣) خـۆی دەنـووسێ: دال و مــەدلوول دوو کــاری ئەبســتــراکین و هەردووکیان تەواو یەکتر نانوێنن و هەردووک سروشتێکی دەروونییان هەیە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو پێوەندییـە هەرەمـەکییـەی نێـوان دال و مـەدلوول دەکـرێ بۆ نموونە وشـەی (دار) بە نموونە بهــێنینەوە. وشــەی (دار) لە وێنەیەکی دەنگی (Sound image) پێکهــــاتووە پێـی دەوترێ دال واتاکەشی کە (دارێتی) دەبەخشی، مەدلوول دەگەیەنێ. پێــوەندی نێـوان وشــەی دار- دال و دارێتی- مــەدلوول پێـوەندییـەکی سـروشـتی نییـە، بەڵکو پێـوەندییـەکی زاراوەیی هەرەمـەکییـە arbitrary، چـونکـە دال وەک ناسنامـەیەک ڕەفـتـار دەکـات، هەرچی مـەدلوولە ناتوانێ وەک شتێکی هەقیقی ڕەفتار بکات. ئەمەش هەر تەواو ڕایەکەی سۆسێر دەگەیەنێ بەوەی بە هیچ کلۆجێک زمان تەنیا لیستێک لە وشە نییە بەرامبەر بێ بەو شتانەی لە جیهاندا هەن.

بیـرۆکـەی ئەوەی کـە وشـەکـان لەناوەوە وەک ئامـاژە ڕێکخـراون و جـیـهـان بەشـێـوەیەکی هێـمـایی دەنوێنن کـاریگەرییـەکی گرنگی لەسەر توێژینەوەی زمـاندا هەیە. ئەو کــاریگـەرییــە زۆر بە قــووڵی لە واتـاســازیدا (Semantics) هەســتی پێ دەکــرێ، چونکـە لە واتـاسـازیدا دیراسـەکـردنی پێـوەندییـە واتاییـەکـان (Semantic Relations)- پێــــوەندی نێــــوان مەدلوولەکان، دال لە زەینەوە بەرەو بەرجەستە بوون دەبات و دال لە ڕێگای پەرتبـوونی (ئامـاژە)دا بەرەو بوونی فـیـزیکی دەچێت. ئەم هێـڵکارییـە تەواوی ئەو ڕێگایە ڕوون دەکـــاتەوە کـــە چۆن دال و مــــەدلوول لە ڕێگای (ئامـاژەکـردن) و (سـەرچاوە)وە تەواوی واتای زەینی و

فیزیکی دال دەبەخشێ:
نموونە: ئاماژە- دار




**دوانەی پێنجەم**
**ئاخاوتن و نووسین**

پێش سۆسێر، نووسین ناوەندی دیراسەی زمان بوو. هەتا جۆری نووسین، نووسینی ناودارانی زمان و ئەدەب و فەلسەفە یاسای زمان بوو. دەبوو پەیڕەو بکرێ، بەڵام سۆسێر لە زمانناسی گشتییدا ڕەوتی زمانناسی بە ئاقارێکی تر دەبات، جەخت لەسەر ناوەندێتی وشەی دەربڕاو و ئاخاوتن و گوتە دەکات. سۆسێر لە مەدا مەبەستی ئەوە بووە کە نووسین بخاتە پەراوێزەوە و ئامادەگی ئاخاوتن و وشە سەرزارەکی ئاخێوەران بگاتە ناوەندی بوون و چەقی ئامادەیی. لەمەش زیاتر، سۆسێر پێی وابووە مەبەست لە شیکاری زمان شیکارکردنی وشەی دەربڕاوە- ئاخاوتنە نەک نووسین. بەواتای زمان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە نووسینەوە نییە، بەڵکو دەنگ یان گوتن وێنەی ڕاستەقینەی زمانە.

بە کورتی دەکرێ جیاوازییە سەرەکییەکان لەنێوان ئاخاوتن و نووسین لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو.

**ئاخاوتن**

١- لە دەنگ پێک هاتووە.
٢- هێز و ئامرازی تێدا بەکاردێ.
٣- کاتییە.
٤- بە گوێ وەردەگیرێت.
٥- قسەکەر + گوێگر، ئامادەبوونیان هەیە.
٦- ڕەمەکییە.
٧- شێوازێکی سروشتی و ڕاستەوخۆیە.
٨- چەقی زمانەوانیی بونیادگەرییە.
٩- بەشێکی گرنگی دیراساتی پراگماتیکی و شرۆڤەکردنی ئاخاوتن پێکدێنێ.
١٠- زمان خۆی خویەکی ئاخافتنی هەیە.
١١- ئاخاوتن زمانێکی یەکگرتووی نییە.

**نووسین**

١- لە پیت و هێما پێک هاتووە.
٢- خاڵبەندی تێدا بەکاردێ.
٣- تا ڕێژەیەک کاتی نییە.
٤- بە چاو وەردەگیرێت.
٥- قسەکەر دیار نییە، خوێنەر دیارە.
٦- ڕەمەکی نییە.
٧- شێوازێکی نییە.
٨- چەقی فیلۆلۆژی زمان و لۆجیکە.
٩- لە لێکۆڵینەوەی پراگماتیکیدا ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە.
١٠- نووسین لە قوتابخانەوە فێر دەکرێ.
١١- نووسین زمانی یەکگرتووی هەیە لەوانەیە لە دوو زمانی ئاخاوتن زمانی ستاندەرد پەیدا بێ.

**ژێدەر:**

1- Aitchison, J. 1992, Linguistics London.
2- Akmajin, A etal 1997 Linguistics Cambr,dge: The MIT Press.
3- Cry stat, D. 1991. A Drictionary of Linguist. es and Phonetics London,
4- finch C. 2000. Liguistics Terms and Concepts.
5- from kin, V. and Robert Rodman 1988. An Introduction to language. London.
6- Hud Son, 2000. Essential Introduetory Linguistcs oxford.
7- Sassure de, f. 1954, A Course in General Linguist,cs.
8- Trask, R.L.1993. A Dictionay of Gammatical Terms in Linguistics. London.

# بۆچی لە پاش کۆمۆنیزم فێمنیزم نییە؟

جێفری سی. گۆلدخاب
و/ لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح غەفوور

ئەگەر وجوودی فێمینیزم تەنیا پشت ئەستوور بێت بە وجوودی نایەکسانی ڕەگەزی و پێویستی باس کردنی، ئەوا فێمینیزم پرۆژەیەکی پەرەپێدراوی ئەورووپای ناوەڕاستە، ئافرەت لە قۆناغی گواستنەوەی بەرەو دیموکراسی بارێکی گرانی هەڵگرتووە. ئافرەت بە ئەزموونێکی تاڵی دانەمەزراندن لە دەزگاکان تێدەپەڕن. هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە ئارادایە بۆ لە باربردنی مافەکانیان. لە دایکبوونەوەی دابونەریت ئافرەت وەک سیمبۆلی بەهاکانی ماڵ و بەرئاگردان و بووژانەوەی کۆتەکانی ئایین بەکار دەبات. ئافرەت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی لە دەست داوە. ژمارەیان بەشێوەیەکی کاریگەر و خێرا لە دەزگا پەرلەمانییەکان کەم بووەتەوە.

ئێستاشی لەگەڵدابێت، ئافرەت لە ململانێیەکی گەورەدایە لەگەڵ بارە قورسەکانی شینی دووەم و ئەزموونی باڵای ڕێژەی توندوتیژی ناوماڵ. لە جەنگی هەرێمەکانی یوگسلافیای پێشوودا، ئافرەت ببووە کانگای شاڵاوی توندوتیژی سێکسی و هەتک کردن و یەکەم قوربانی جەنگ بوون.

وێڕای ئەمانەی سەرەوە، سیاسەتی دیموکراسی نوێ جۆرە نایەکسانییەکی بۆ ئافرەتە بوێرەکانی دیموکراسی ناوەتەوە. ئەم کێشەیە کاریگەرترە لەنێو ڕەوشی وڵاتی پۆڵەندا. لەوێ، ئەرکی بنەڕەتی بزاڤی نهێنی یەکبوون دەوەستێتە سەر کارەکانی ئافرەت. ئافرەت کەسانی سەرەکی بوون لە بواری ڕۆژنامەوانی نهێنی و لە بونیاتنانی گواستنەوە و پێوەندی تۆڕی بزاڤی یەکبوون کە ئەمەش بە دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیست نەدەکرا.

کەچی ئێستا، جگە لە هەندێ ئافرەتی شاز نەبێت، ئەوی تر هەمووی بە گورزێکی تۆبزییەوە لە ژیانی گشتی بەدەر دەنرێت و هەرچەندە کۆمەڵگایەکی کراوەتر بەرجەستە کراوە، بەڵام ئافرەت خۆیشی بێدەنگە لە مەڕ هەموو ئەو بەشداریانەی کە پێشتر کردوویەتی و ئێستا لێی سەندراوەتەوە.

ئەمە دواتر نەبووە زەویەکی بە پیت بۆ فێمینیزم. گەر ئافرەتەکە کاریگەر و چالاکە سیاسییەکان لە کارەکانیاندا متمانە وەرنەگرن، ئەوا فێمینیزم هەلێکی نابێت بۆ گەشەسەندن و پێشەوەچوون. هەرچەندە، جۆنا سزینا (Joanna Szesna) وەک ئافرەتێکی بەرهەڵستکاری پێشوو ئەم یاسا گشتییەی شکاند و کۆششێکی کرد تا چیرۆکی ئەو دەسکەوتە سیاسیانە بگێڕێتەوە، بەڵام خۆی بە فێمنیستێک دانانێت. لە جیهاندا ئافرەت ئەزموونێکی زۆر نایەکسانی بەرجەستە کردووە و بەوە ئاگادارە کە دژایەتیەکی کراوە لە ئارادایە بۆ فێمنیزم.

بە پێچەوانەی پروپاگەندە ڕەسمیەکانی کۆمۆنیستەکان نایەکسانییەکی بەرچاو هەیە لە سیستەمی کۆندا هەروەها بە پێچەوانەی هیواکانی لیبراڵەکان و دیموکرات

و پاڵپشتانی کۆمەڵگای مەدەنی نایەکسانی نەک هەر تەنیا ماوە لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیدا بگرە زیادیشی کردووە. ئەم زیادبوونەش لە لەدەستدانی یەکسانی سێکسی و مافە ڕەواکانەوە سەرچاوەی گرتووە لەژێر باڵی کۆمۆنیستەکاندا، یەکسانی خەیاڵێکە زۆرداری سیاسەتی سەلماندووە بۆ پیاو و ئافرەت بەگشتی بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ ئافرەت.

چەوساندنەوەی ئافرەت بەشێک، بەڵکو پاشکۆی چەوسانەوەی هەموو کۆمەڵگایە. لەگەڵ چاکسازییە دیموکراتیەکاندا، چەوسانەوە ئاکامی کارەکانی کۆمەڵگایە هەروەکو چۆن دژایەتی یەکسانی دەکات و دووپاتی زەق بوونەوەی دابونەریتەکان دەکاتەوە. ئەمە پێدەچێ بە پیتترین زەوییە بۆ فێمنیزم و بزووتنەوەی یەکسانی، بەڵام فێمنتیک وجوودی نییە جگە لە نوخبەیەکی پەراوێز کراو نەبێت کە کۆمەڵگا هەر هەماهەنگیشیان ناکات، هەروەک چۆن سەرنجی ئەوەمان داوە لە ئافرەتە چالاکەکان، بەڵام (زۆربە) زیاتر تێکگلاوەتە نێو بزووتنەوەی فێمنیستی نەک پەرەدان بە وجوودی نایەکسانی. نایەکسانی دەبێ درکی پێ بکرێ و ئەو درک پێکردنەش دەبێ لەسەرانسەری جیهان فۆرمێک وەربگرێ. دنە و پەرە بە فێمنیستەکان بدات دەروازەیەک هەیە بۆ فێمنیستەکانی ڕۆژئاوا بۆ دەست تێوەردانی کاروباری ڕۆشنبیری کە بە ئاسانی دەتوانێ ڕەوتەکە بەرەو جارسبوون و تێنەگەیشتن ببات! ئەمەش کارەکتەریستە نامۆکانی ڕەوشی ئافرەت لە ناوەڕاستی ئەوروپا و یەکسانییە نائاساییەکەی فێمنیزمی ڕۆژئاوا وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕۆژهەڵاتی دەخاتە ململانێوە. بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە نایاساییەی کە لەناونیشانی ئەو وتارەمدا هاتووە، من باوەڕم وایە کە نەبوونی یاخود بەلانی کەم بێ هێزی فێمنیزم لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا کەمتر ڕەوشی ئافرەت لەو بەشەی جیهاندا بەدەردەخات و زیاتر بایەخ بەو کێشانەدا دەدات کە فێمنیستی ڕۆژئاوا تێی گەیشتووە و کێشەکان دەخاتە پاڵ وڵاتە کۆمۆنیستەکانی پێشوو. پێوەندی پڕ گرفتی نێوان ڕووناکبیرە سیاسییەکان و ڕووناکبیری گشتی لە مشتومڕدایە بەتایبەتی کاتێ ڕووناکبیرەکان سنووری کولتووری سیاسی پێچەوانە و سەراوژێر دەکەن. لە هەمان کاتدا مشتومڕی پرسیاری تیۆری لە مەڕ پێوەندی نێوان تیۆر و ئەزموونی سیاسی لە ئارادایە.

دۆشدامان لە بەرامبەر ئەوەی بۆچی فێمنیزم لە ناوەڕاستی ئەوروپا بەدی ناکرێت دەنگدانەوەی ئەو سەدایەی سۆشیالیستە کۆنەکان کە دەپرسن بۆچی سۆشیالیزم لە ئەمریکادا نییە. هەردوو پرسیار ئاقارێکی فراوانی بیروبۆچوون دەگرنە خۆ کە وجوودی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئاسایی و سروشتی دەکاتەوە، نەبوونی ئەمەش شرۆڤە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری گەرەکە.

ڕووناکبیران ئەو جۆرە پرسیارانە قوت دەکەنەوە لەبەر نامۆییەکەیانە، لەبەر دووریانە لە بایەخ پێدان و درک پێکردنی هاونیشتمانەکانیانە، چوونەتە نێو خەیاڵپلاوی تیۆری تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مێژوویی و فەلسەفە و ئەزموونی سیاسی، جا لە هەر کوێیەک بێت. ڕووناکبیران دەزانن کە دەبێ شتێ ڕەوبدات، ئەگەر ڕووشی نەدا ئەوا ڕەوشەکە پێویستی بە لێکدانەوە و شی کردنەوەیە.

دوای هەموو ئەمانە، بۆچی دەبوایە سۆشیالیزم لە ئەمریکا هەبێت؟ گریمانەکە وابوو کە بزووتنەوەی سۆشیالیزم گەشەی سروشتی نایەکسانی کاپیتالیزم بوو. لەوکاتەی هاوکێشەکە وابووە، دوا بەدوای ڕوانگەی ئەزموونی ئەوروپی و تیۆری مارکسیزم ئەرکی هەمووان بووە شەرح کردنی ئەو نهێنییە. تیۆر بۆ وەڵامی پرسیارەکان ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبوو، بەڵام ئێستا درک پێکردنی ئەو پرسیارە تەنیا ئارەزوویەکی مێژووییە. دواتر، تیۆر بەرەو جۆرە پشت گوێ خستنێکی ڕەوشی ڕاستەقینەی کرێکاران چوو و هیچ بایەخێکی بە ئارەزوو و تێگەیشتنی کرێکاران بۆ یەکخستنەوەیان نەدا. بە لەدەستدانی شکۆمەندی سۆشیالیزم وەک ئەلتەرناتیڤێکی کاپیتالیزم وای لە پرسیارەکە کرد چی تر بایەخی پێ نەدرێت جگە لە خولیایەکی مێژوویی.

**بەم ڕێگایە، دەشێ فێمنیزم وەک سۆشیالیزم بێ؟**

لێکدانەوە و شەرح کردن بۆ نەبوونی فێمنیزم لە ناوەڕاستی ئەوروپا لەلایەن فێمنیستەکانی ڕۆژئاواوە هاتەکایەوە. چاودێرە هاوسۆزەکان [Sympathetic Ohservers] لەناوچەکە کێشەکە جیا لەوانی تر شی دەکەنەوە. ئاماژە بەوە دەکەن کە ژن و پیاو لە خێزانی ڕۆژهەڵاتی هەستی هاوکارییەکی چەسپاو و ڕەگ داکوتاو لەلایان گینگڵی نەداوە. بۆیە فێمنیزم لەناوچەکەدا وەک مانیفێستۆی تاکگەرایی دەردەکەوێ و کەموکوڕی زۆرە. فێمنیزم وەک ئایدۆلۆژیایەکی بێگانە بەوان دەردەکەوێ و بەترسەوە سەیری ئەوانی تر دەکات و هەندێ جار تەواو ڕەت دەکرێتەوە و نەویستراوە و وەک بڵێی بۆیان ئیستراد کراوە. ڕەخنەگرانی فێمنیستی ژیانی تایبەت و پرسیارکردن لە دەسەڵاتی پووکاوەی ئافرەت گومان لە

دەسکەوت و بەها هەرە بەرزەکانی پیاو و ئافرەتی ناوەڕاستی ئەوروپا پەیدا دەکات کە تەواو قەناعەتیان بەوە هاتووە سیاسەت هاو واتای فەساد و نزمیی مرۆڤە. ڕزگاریخوازی ئافرەت کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە ڕەگی داکوتا بە فاشلی تەماشا دەکرێ و کاتێ قسەی لەسەر دەکەن گومانیان لە ڕەوتەکە بۆ دروست دەبێ. بۆ گەلێ لە ئافرەتان ژیان خەڵاتێکە بۆ خێزان و زیاتر ئارەزووی ناوماڵ دەکەن نەک پەیوەست بە جیهانی جەنجاڵی دەرەوە بن. هەموو ئەوانەی کە دەڵێن ئەو پەیوەست بوونە بە جیهانی دەرەوە کاریگەرییەکی زۆری مارکسیزمی لەسەرەو ئێستاش قسە لەسەر زمانی لیبراڵی و هەڵقوزتنەوە و ئینتەرناشنالیزم دەکەن وەک فێمنیستەکانی ڕۆژئاوا نەک وەک مرۆڤی سەر هەسارەیەکی تر وەرناگیرێن، بەڵکو وەک نوێنەرانی چڵێسی ئەو سیاسەتەی کە لە زوڵم و زۆرداری ڕابردوو پەیڕەو دەکرا.

لۆرا بوشکین Laura Busheikin کە یەکێکە لە فێمنیستەکانی ڕۆژئاوا لە «پراگ» کار دەکات دەڵێ: «ڕەفزێکی نەریتی لە ئارادایە کە پێشتر بەشێک بووە لە بیری ئەوروپا و ڕۆژهەلاّت، ئەویش ڕەفزی پروپاگەندەیە ڕەفزی ئایدیۆلۆژیا و گڕی سیاسەتە و ڕەفزی بیرە گەورەکانی لیبراڵییە».

بەرگری لە فێمنیزم بەرسڤێکە دژی ئایدیا جێگیرەکانی فێمنیزمی ڕۆژئاوا و پابەندبوونێکە لە ئایدیا نەریتییەکان لە بارەی پەیوەندیە ڕەگەزییەکان و هەروەها گومانێکیشە لە فۆرم و ناوەڕۆکی فێمنیزمی ڕۆژئاوا. گومانێک کە فێمینیزم وەک سیاسەتە ڕزگاریخوازەکانی دژی لیبرالیزم ئافرەت لە بیرۆکەکانی خۆی هەڵدەگەڕێنێتەوە. تا ئێستاش وەک پرسیارە کۆنەکەی دەربارەی سۆشیالیزم، وەلاّمەکانی ئەو پرسیارەی کە بۆچی فێمینیزم نییە پابەندە سیاسیەکەی ئافرەت پشت گوێ دەخات ئەویش بە هەندێ ڕێگا کە هەندێ جیاوازە لەو ڕێگایانەی ڕۆژئاوا دەیانگرێتە بەر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بزاوتی ستایلی ڕۆژئاوایی شتێکی سروشتییە و زۆر بایەخ بەو ڕێگا جیاوازانە نادات کە ئافرەتی پابەند کردووە بە سیاسەت. نیگەرانییەکی زۆری کۆمەڵایەتی لەئارادابوو دژی شەڕانگێزانی کاپیتالیزم لە ئەمریکا کە وەک سۆشیالیستێکی تەواو خۆی نیشان ئەدا بۆ سەرنجدەرانی ئەوروپا. ئایا دەشێ چاودێرانی ڕۆژئاوا بە هەمان شێوە بە هەڵە لە پابەندبوونی ئافرەت بگەن لەناوەڕاستی ئەوروپا؟

فێمنیزمی ڕۆژئاوا چاو بە کۆمەڵگای مەدەنی هەڵدێنێ. گەلێ فێمنیستی ڕۆژئاوایی هەن ئیرادەیەکی باشیان هەیە و کاری باشیان ئەنجام داوە لەگەڵ ئافرەتانی دیموکراسی نوێ. ئەو ڕووناکبیرە چالاکانە هەوڵی خۆیان خستە گەڕ بۆ دامەزراندنی چەند سەنتەرێک بۆ دراسەکردنی ڕەگەز، وەک ئەوەی لە پراگ بەرچاو دەکەوێ. هەروەها لە یوگسلافیای پێشوو، هەماهەنگی دامەزراندنی سەنتەرێک کرا دژی پێشێلکارییەکانی ئافرەتان وەک سووکایەتی پێکردن و زۆری لێکردن بۆ کاری سێکسی. هەروەها چاودێری کۆنفرانسە نێو نەتەوەییەکانیان دەکرد لەسەر گرفتی ئافرەت کە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبۆوە. فێمنیستە ڕووناکبیرەکان وەک زانایانی دەستوور نووسین و گەشەی ئابووری و زانکۆکان و لەنێو زۆرانی تر سەرنج و پەلکێش دەکران بۆ ناوچەکە لەبەر چەند پاڵنەرێکی هەمەجۆر: هەندێ لەبەر ئەوە بوو چونکە وێڵ بوون بە دوای بلاوبوونەوەی ڕاستی.

هەندێکی تر خۆیان لە ڕەوشێکی هاوچەرخی سیاسی لە هەرێمەکەدا دۆزیەوە کە پێیان وابوو هەلێکە بۆ سەرنجدانی مەسەلەکان لە نزیکەوە، هەندێکی تر لەبەر کاریگەریی گۆڕانکارییە مێژووییەکان بوو. هەندێکی تریش بەو ڕایەدا چووبوون کە ئەزموونی خەڵکی هەرێمەکە فێری بایەخدان بە بوارە سیاسی و تیۆرییەکان دەکات و بەهیوای ئەوە بوون ببنە هاوبەشێکی سیاسی لە هەرێمەکە. تێکەڵەیەکی هەموو ئەو پاڵنەرانە ئاسایی ئێستا بوونی هەیە.

هەموو ئەوانەی دژی فێمنیزمن نوێنەرایەتی گەوجیەتی ڕۆژئاوا دەکەن و هەڵگری مەشخەڵی گەمژەیین لەڕۆژئاوا، هەر ئەوانەشن فێمنیستەکانی ڕۆژئاوا پۆلێن دەکەن. ئەوانە وەک پەیام هەڵگرانی عەلمانی چەپ سەیر دەکرێن، ئەوانە چەند ڕووناکبیرێکی داخراون و هیچ ناخەنە ئەستۆی خۆیان هەروەک پۆل جۆنسن Paul Johnson وەسفی ئەو جۆرانە دەکا و دەڵێ: «ئەوانە تەنیا ئافرەتن! وا دەردەکەون وەک بلێی بێگانەبن و هەمیشە هەڕەشە و گوڕەشە و هێرشیان دەکرێتە سەر و لە مەیدانەکە دەردەکرێن». هەموو ئەوانەی بە قووڵی پارێزگارن و ئایینیان وەک نەریت وەرگرتووە و ناشنالیستن وەکو ئەوانەی ڕۆژئاوا دژی فێمنیزمن و زۆر بە سووکیش دەڕواننە فێمنیستە ڕووناکبیرە چالاکەکان.

بەلاّم ئەی لیبرالەکان و عەلمانییە خنکاوەکان چی؟

ئەی پاڵپشتانی ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراسی و میسالیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چۆن وەلاّمی میسالییەکانی فێمنیستەکان دەدەنەوە؟

ئەم پرسیارانە هەلێکە بۆ چاولێکردنی ئەو ڕێگایەی کە

میسالیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕەخنەگرانی ئەو میسالیانە دەشێ بیگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەگونجان و ناسازییەی کە لە هەڵوێستە سیاسی و بەرهەڵستکارانەیاندا هەیە، ئەم چارەسەرکردنەش دەشێ بەشێوەیەکی سیاسی بێت نەک تیۆری.

میرا مارۆدی Mira Marody کۆمەڵناس و دەروونناسی کۆمەڵایەتی پۆڵەندایە. لە گەشتە درێژەکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وتارێک لەژێر ناونیشانی «بۆچی من فێمینست نیم» دەنووسێت. وتارەکەی یەکێک نییە لە هێرشە پۆست فێمنیستییەکان بۆ فێمنیزم کە ئێستا ئێمە لە ڕۆژئاوا تەواو لەگەڵی ئاشنابین، بەڵکو وتارەکەی پەردە لەسەر پرسیارێک لادەدات: «بۆچی فێمنیزم لە ڕۆژهەڵاتدا نییە؟» ئەو پرسیارە تەواو یەکسانە لەگەڵ پرسیاری: «بۆچی فێمنیزم لە ڕۆژئاوادا نییە؟»

میرا مارۆدی لە وتارەکەیدا ئەو پرسیارە بەشێوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی و نابابەتی دادەڕێژێتەوە و پرسیار دەکا: لە چ هەل و مەرجێکدا ناسنامەی سێکسی دەبێتە ناسنامەیەکی ڕەگەزی؟ کەی جیاکاریەکانی نێوان پیاو ئافرەت دەوەستێ کە بووەتە هەستێکی سروشتی و بایۆلۆژی لەنێو ناخی تاکەکاندا و بەردەوام لەنێو کۆمەڵگا درێژەی هەیە؟ بۆچی ئەو جیاکاریانە ناوەستێ؟ ئایا ئەمە تەنیا گرفتی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە لە نێو تاکەکاندا یان ئایا ئێمە دەتوانین هۆکارە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان دەست نیشان بکەین کە پەرە یان قەدەغەی گەشەسەندنی هۆشیاری فێمنیستی دەکات؟ وەڵامەکانی میرا بۆ ئەو پرسیارانە بەرەو حوکمێکی ڕەخنەئامێزمان دەبات بۆ ئەو شتەی کە میرا پێی وایە ناڕەزاییەکی جیهانی لە مەڕ فێمێنیزم لە ڕۆژئاوا لە ئارادایە.

میرا مارۆدی هەڵوێست وەردەگرێت بەرامبەر هەموو هەڵوێستە نائاسایی و غەریبەکانی فێمنیستەکان. هەر هەڵوێستێکی تایبەتی لەلایەن ئافرەتانەوە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت وەربگیرێت نابێ وا تێی بگەین کە ئەوە فێمنیستە. فێمنیزم چەند ئەرکێکی پیرۆز لەخۆ دەگرێت وەک: یەکسانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و کولتووری و ژیانی کۆمەڵایەتیی خێزان. سەربەست بوون لە هەر نەریتێک وا دەزانرێ ئەمە پێناسەیەکی پیاوسالارییە بۆ سروشت و شوێنی ئافرەت و پرسیارێکە لە تێگەیشتنە هەمەجۆرەکانی پیاو لە سێکس.

میرا مارۆدی بێ ئەوەی بەشداری لەو پابەندبوونانە بکات لە بارەی کێشەی فێمنیزمەوە دەنووسێ، بەڵکو دەپرسێ ئەو مەرجە کۆمەڵایەتیانە چین کە یارمەتی گەشەکردنی ئەو پابەندبوونانە دەدەن. ئەو پێی وایە کە ئەوگرفتانەی ئافرەت لە پۆست کۆمۆنیستی تووشی دەبێت، تەواو جیایە لەوانەی لە فێمنیزم تووشی دەبێت.

بۆ نموونە، ئەو دەڕوانێتە کۆمەڵگایەکی کاسۆلیکی کە لووتکەی ڕێژەی لەباربردنە (وەک پۆڵەندا) وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زەق و دیار. ئەو وای بۆ دەچێت کە ئافرەت زۆرترین باج بۆ سەربەستی سێکسی دەدات.

لەنێو فێمنیستە ڕۆژئاواییەکاندا، کێشەی لەباربردن درکی پێکراوە وەک کێشەی ماف بۆ هەڵبژاردن، ماف بۆ زاڵبوون بەسەر جەستە و چارەنووسی خود. بە مەزندەی من میرا مارۆدی بە هەڵوێستەکەیان ڕازییە، بەڵام چونکە حوکم لەسەر بنچینەی ئەزموون و درکی هاونیشتمانەکانی دەدات پێی وایە ڕێژەی بەرزی لە باربردن بارێکە بەسەر ئافرەتانەوە و هێمایەکیشە بۆ پشت گوێ خستنی ئافرەت لەلایەن نەتەوەوە. میرا مارۆدی دەڵێ: «هەرچەندە ٦٠٪ دانیشتوان ئەنجامدانی سێکسی لەگەڵ جگە لە هاوسەرەکەی قبووڵە و ٣٪ش منداڵ بوون لە ماوەی هاوسەرێتیدا قبووڵ نییە و ٤٠یش تەڵاقی قبووڵە، ئافرەت هەر موعەرەزە بۆ حەپەسانی لەبارچوون لە ڕێژەسیەکی زۆر بەرزدا. ئەوە پێوەندی بەوە نییە کە لەبارچوون دەبێ وەک تاوانێک سەیر بکرێ، پرسیار دەکات لەمەڕ کارلێکی نێوان مومارەسەی سێکسی گۆڕاو و بێ بایەخی کۆمەڵگا بۆ کۆنترۆڵکردنی لە دایک بوون.

میرا مارۆدی ڕوانگەیەکی مێژوویی وەردەگرێت. سەرنجی ئەوە دەدات کە ئافرەت لە پۆڵەندا وەک ئافرەتی هەر جێگا و کاتێکی دیکە ڕەنگە قایل نەبن یان لە چارەنووسی خۆیان هەڵگەڕێنەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە چارەنووسی مێیەتی خۆیان قایل نین، کەچی دژی ئەو کۆمەڵگایە ناوەستن کە مامەڵەیەکی نایەکسانی بە زۆر ڕێگە لەگەڵ دەکات. ئافرەت زیاتر بایەخ بە تەندروستی سەربەستی خێزانەکانیان دەدەن کە ئەمەش دەمێکە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە خزێنراوەتە نێو سیاسەت. ئافرەت بایەخ بە پاراستنی زاڵی تایبەتی خۆی دژ بە داگیرکاری گشتی دەدات نەک پاراستنی مافەکانیان دژی نایەکسانی لەنێو خێزانەکانیاندا. بە ڕای میرا مارۆدی، فێمنیزم لە ڕۆژئاوا لەسەر ڕوانگەیەکی تاکگەرایی وەرگیراوە کە ئەمەش بێگانەیە بۆ ویستەکانی پۆڵەندا. بێگومان فێمنیستە ڕۆژئاواییەکان وا لە هەڵوێستی میرا مارۆدی دەکەن کە پیاو سالاری دەسەلمێنێ. ئەوا وا پێدەچێ ئۆتۆنۆمییەکی تاکگەرایی بۆ پیاو دەستەبەر بکات و تەنیا پرسیاریش لە ئۆتۆنۆمی ئافرەت بکات.

مارۆدی هەلومەرجە وەحشیەکانی ژیانی نێو خێزانی پشت گوێ خستووە، بەڵام ئەوکەسە کێیە دەڵێ جەخت کردنەسەر خێزان و پاراستنی ژیانی تایبەتی دژی هێرشە گشتییەکان هەڵەیە؟

مارۆدی ئەنجامێکی پەیوەست بە سەرنجێکی رووبەڕووبوونەوە دەخاتە روو: بەم شێوەیەی خوارەوە!

بەلای فێمنیستە ئەمریکییەکان گرینگترین گۆڵ لە ژیان بەرگریکردنە لە مافەکانیان و هاوکاری گەشەسەندنی باری تاکیەتی خۆیانە. بە پێچەوانەوە، ئافرەتە پۆلەندیەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن گەشەی تاکیەتی خۆیان بخەنە ژێر باڵی گۆڵەکانی خێزان، ئەو گۆڵانەی کە هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی رێگای تایبەتی خۆیان بە فروفێڵ بەدەستی بهێنن. هەردوو بیروبۆچوون لەناو خۆیاندا سلبیات دەدەنەوە. لە پۆڵەندا، سەرنج دەدەین شەپرێوی ژیانی خێزان کە کێشە پشت گوێ خراوەکانی تاکگەرایی لەسەر یەک کەڵەکە دەکات لە گەشەکردندایە. هاوکات گەلێ فێمنیستی ئەمریکی وا پێدەچێ بۆ یەکسانی کۆمەلایەتی باج بدەن لەگەڵ زیادبوونی کێشە تایبەتییەکانیان کە زۆربەیان ناتەبان لەگەڵ خێزانیاندا.

لەمەڕ داهاتووی ئافرەت لە هەردوو کۆمەڵگاوە هەرچییەک بگوترێ ناتوانم بەوە قایل بم کە چارەسەر بۆ کێشەکانیان دەوەستێتە سەر هەڵبژاردنی بە زۆر لەنێوان مافەکانی تاکێک و ژیانێکی خۆشی خێزانێک.

زەحمەتە چ لە رۆژئاوا یان رۆژهەلات فێمنیستێکی جدی بەدی بکەیت باوەڕی بەوە بێت کە ئەو هەڵبژاردنە بە زۆرە چارەسەرێک بێت کە دراوەتە پاڵ پابەندبوونەکانی خێزانێکی ئاسایی لە رۆژهەلاتی ئەورووپا. بۆ دڵنیابوون، دەسەلاتی پێوەندیەکان و پێکهاتەی نەریتی خێزان بوونەتە بابەتی رەخنەگرە فێمنیستەکان، بەڵام ژوورێکیش هەیە لە پاڵ ماڵی فێمنیستەکان بۆ نرخاندنی پێوەندییە قووڵ و بەرگەگرەکانی خێزان. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕای مارۆدی ئەو رێگایەی خێزانی پێدەناسرێ بە روانگەی فێمنیستەکان پڕ لە گرفتە. ئەو رێگایە پیاوسالاری لێ دەکەوێتەوە کە فێمنیستەکانیش دەزانن پێوستە بەرەنگاری ئەو رێگایە ببینەوە بە مەرجێ مافەکانی ئافرەت بەسەرکەوتوویی رەچاو بکرێ. تا ئێستاش قسەکردن لە بارەی پێوەندییەکانی خێزان کە ئەو جۆرە بەرەنگارییە مکومی دەکات لە روانگەی رۆژهەلاتی ئەورووپا نەک تەنیا قێزەون و نەویستراوە، بەڵکو یوتۆپیایەکی مەترسیدارە.

بنبەستێکی تیۆری لە ئارادایە. ئەو بنبەستەش لە بواری سێکسەوەیە بە روانگەی فێمنیستەکانی رۆژئاوا و رای گشتی خەڵکی ئاسایی رۆژهەلاتی ئەورووپا، بەڵام لە روانگەی رۆژهەلاتی ئەورووپا و فێمنیستە رەخنەگرەکانی خێزان شان بە شانی لێکچوونێکی تیۆری لە ناوەڕۆک و فۆرمدا بنبەستێکی پەسەند نەکراوە.

بە پشت بەستن بە ئەزموونی زیندوو، فێمینیزم بۆ تێگەیشتن یان کارکردن لە جیهاندا هیچ رێگایەک بەرجەستە ناکات تەنانەت کاتێ باس لە خەمە واقیعییەکانی ئافرەتیش دەکات، بەتایبەتی کاتێ هەموو قسە و باس و پرسیارەکان لە مەڕ کێشەی ئافرەتانەوە لوول پێچ کراون و لە رەفەکانەوە تۆز دایانپۆشیوە.

زیاتر لە بارەی ئەو بابەتە تەداخولی جۆزێف سکڤۆرکی [Josef Skvorecky] بێنە بەرچاو لەسەر مەسەلەی جارسبوونی سێکسی و بەرواری دەستپێکی سێکس بە خورتی سکڤۆرکی رۆماننووس و چالاکێکی سیاسی و کولتووری ناوداری «چیک»ە. خاوەنی کتێبی «ئەندازیاری رۆحی مرۆڤ و سەکسەفۆنی باس»ە و رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە زیندووکردنەوەی ئەدەب لە سەردەمی رژێمی کۆمۆنیستیدا. کارەکانی زۆر جەخت دەکەنە سەر مەودای کولتووری نێوان رۆژهەلاتی سیاسی و رۆژئاوای سیاسی. لە وتارێکیدا لە ساڵی (١٩٩٢) کە لە هەفتانەی چیکی بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی «دەشێ سێکس هەبێت دوور لە زۆری لێکردن؟» بەردەوام دەبێت لە کارەکەی لەسەر کولتووری هەردوولا.

وتارەکەی بەو رستەیە دەست پێدەکات [خراپترین شت کە دەشێ بۆ ئایدیەکی باش رووبدات هەبوونی هەندێ دەمارگیرییە کە دەبێتە بناغەی ئایدیۆلۆژیایەک].

سکڤۆرکی بەهایەک دەبەخشێ بە فێمنیزم و دەڵێ مامەڵەکردنی ئافرەت بە یەکسانی لە هەموو بوارە تایبەتی و گشتییەکانی ژیان ئایدیەکی زۆر شایستەیە بەلام دەوەستێ و دەڵێ ئەو ئایدیایە زیاتر بەلای باشتربوونی ئافرەتدا دەچێ نەک گۆڕانی. زۆر بە پەرۆشەوە لەبارەی ئایدۆلۆژیایەکی نوێ دەنووسێ بەناوی «فێمنیزمی خاڵی لە سێکسی بە خورتی» (Lesboid Eeminism) کە ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ ئافرەت بەشێوەیەکی نائاسایی بەتاوان لە قەڵەم دەدات. زۆر بە توندی پێناسەی شێواوی تاوانی سێکس بە تۆبزی رەت دەکاتەوە کە تێیدا سێکس بەشێوەیەکی نائاسایی کراوە بەسەر ئافرەت وەک پێشلێکی جەستەیی.

دوو جۆرە بە خورتی جووت بوون دەخاتە پاڵ تێگەیشتنە تەقلیدییەکە. کە هێماکانی خورتی جەستەیی لەلایەن نەناسراوێکەوە بە روونی لێک جیادەکرێتەوە.

دوو جۆرەکەش ئەمانەن:

ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ ئافرەت لەلایەن پیاوەوە بە خورتی بێ ئەوەی ئافرەتەکە ئارەزووی بکات. دووەمیش کاتێ پیاو بەزار بە خورتی ئافرەتەکە ڕازی دەکا بۆ ئەنجامدانی سێکس بێ ئەوەی دەستیشی بگەیەنێ.

سکڤۆرکی پێی وایە ڕازی کردن بە زار و جووت بوون بە خورتی تەواو شێوێنراون و بە هەڵە لێکدراونەتەوە لەلایەن فێمنیستەکانەوە. بە توندی ڕەخنە لە فێمنیستە ئەمریکییەکان دەگرێت کە دەڵێن: «هیچ سەیر نییە لە باکووری ئەمریکا زۆر لە پیاوە گەنجەکان لایان پەسەندترە بچن بۆ خواردنەوەی بیرەیەک نەک بۆ ژوانێک . سکڤۆرکیش دەڵێ: «هیچ سەیر نییە کاتێ زۆرێک لە کچان شیوەنیانە کە بۆچی هەموو ئەو پیاوانەی پێوەندیان لەگەڵ دەکەن پیاوی بێ هەڵسوکەوتن یان ژنیان هێناوە یان مێبازن».

وتارەکە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر حەزەکانی دژە فەمێنیستەکان و ترسی خەڵکی چیک. هەروەها هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر نێگەتیڤانە لەلایەن فێمنیستەکانی «پراگ»ەوە سەیر کرا. وایان زانی ئەو وتارەی سکڤۆرکی بلاوکردنەوەی بیری دژە فێمنیستیە و خەڵک هان دەدات و هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی کاریگەری فێمینیزم لەسەر ئافرەتانی چیک. وای بۆ دەچن کە وتاری نێگەتیڤ مەبەستی قەناعەت پێهێنانی ئافرەتە بەوەی کە ئەوان بەشێکن لە فەرمانە نەریتیەکانی کۆمەڵگا.

زیاتر نیگەرانی ئەوەن کە گفتوگۆ لەسەر کێشەی فێمنیستی کە زۆر نوێیە بە کۆماری چیک بخرێتە نێو چوارچێوەی کارەکانی سکڤۆرکی کە کەسایەتییەکی کولتووری ناوداری (چیک)ە. دەسەڵاتی سکڤۆرکی لەکارەکانیەوە سەرچاوەی گرتووە وەک ڕۆمانووس و رووناکبیرێک. پاڵەوانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی یاخی کار دژی خەباتی فێمنیستەکانی چیک دەکات هەندێ پێیان وایە کە سکڤۆرکی ئەو وتارەی بلاوکردەوە تا دنە بە گفتوگۆی گشتی بدات و دڵخۆش بوو بەوەی کە وتارەکەی نەبووە هۆی دروست بوونی مشتومڕێکی گشتی و کراوە لەسەر کێشەکانی فێمنیزم.

فێمنیستە چیکیەکان وای بۆ دەچن گەر ئەو وتارە لە کەنەدا بلاوکرابوایەوە کە سکڤۆرکی پرۆفیسۆری ئەدەبە لە زانکۆی تۆرنۆتۆ لە کەنەدا ئەوا بیروبۆچوونە کولڵەکانی لەمەڕ سێکس بە گاڵتەجاڕی و ناڕەزاییەکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکرا، بەلام لە کۆماری چیک ڕەخنەگرەکانی ئەوەندە بەهێز نین ڕەخنە لە بیروبۆچوونەکانی بگرن، هەروەها ڕاسترەوی سیاسی لە ڕۆژئاوا ڕەنگە ڕێگە بەوە نەدات بەکراوەیی گفتوگۆ لەسەر بیروبۆچوونەکانی سکڤۆرکی بکرێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە باکووری ئەمریکا و ڕۆژهەلات و ناوەڕاستی ئەوروپا گفتوگۆی ڕۆشنبیرانەی کراوە سەبارەت بەو کێشە و مەسەلانەی فێمنیزم دەیخاتە ڕوو شتێکی وا ئاسان نییە.

وجوودی فۆرمی نوێی ژیانی مەدەنی گشتی بەشێوەیەکی تۆماتیکی ڕێگە بەو فڕوفێڵە نادات.

بیروبۆچوونی سکڤۆرکی لەمەڕ بە خورتی جووت بوون ڕەنگە شێوازێکی کۆن و ناڕاست بێت. لە ڕاستیدا، نوێنەرایەتی ئەو بۆ فێمنیزم پەردە لەسەر ڕق لێبوونەوە لە ئافرەت هەڵدەماڵێت و نوێنەرایەتیەکی دژوارە، چونکە بەو ڕێگایە فێمنیزم خاپوور دەکا وەک دیاردەیەکی گشتی بۆ نێو زۆربەی فۆرمە نابابەتییەکانی ئەو توخمە لیبراله دەسڕێتەوە کە کرۆکی پێکهاتەی نەریتی فێمنیستییە. سکڤۆرکی بەرسڤێکی توند بۆ فێمنیزم دروست دەکات بێ ئەوەی هیچ وەلامێکی ئەو بدرێتەوە.

وەک ئەوە وایە ئێمە لێرە تەنیا بەزار دژە سامیمان هەیە جگە لە جوولەکە کە بوونەتە خاسیەتی کولتووری سیاسی ناوەڕاستی ئەوروپا دوای هۆلۆکۆست. لەگەڵ ئەوەش شتێک هەیە بۆ دەمەتەقێکەی. چەند ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی هەیە لە بزووتنەوەی فێمنیزم وەک ئەوانەی کە بانگەشەی بیروبۆچوون و هەڵوێستێکی پاک دەکەن و ئەوانەشی کە وەک پەیمانگەیەکی چەوسێنەر لە خێزان گەیشتین و ئەوانەشی کە دژی کارە ڕووتەمەنیەکان دەوەستنەوە وجوودیان هەیە. سەیر لەوەدانییە سکڤۆرکی وەلامێکی بەهێزی هەموو ئەو ڕەوتانە دەداتەوە لەناو فێمنیستەکان و باڵی ئەستۆش دەگرێتە بەر بۆ تێگەیاندنی هەموو خەڵک لە بابەتەکە.

بە ڕێگایەک ئەو کارەی کرد کە بووە مایەی ڕق و کینەی فێمنیستەکان و وای لێبکردن سەرلەنوێ فێمنیزم بونیات بنێنەوە. ئەمەش پێوەندی هەیە بەو ناوەندەی نێوان ئەو ئەزموونەی فێمنیزمی بەرزکردەوە و ڕووناکبیرانی وڵاتە کۆمۆنیستەکانی پێشوو.

کەنداوێکی سیاسی هەیە کە ئەو خەڵکانە لێک جیادەکاتەوە کە ئیرادەی باشیان هەیە و خولقاندنی گرژی و بە هەڵە لێک تێگەیشتن مسۆگەر دەکات.، میسالیەکانی ژیانی گشتی و سەربەخۆ لە کۆمەڵگای مەدەنی پێدەچێ ژوورێکیان نەبێت بۆ فێمنیزم و جێگای ناکەنەوە.

شرۆڤەکەی ماردۆی و نووسینەکەی سکڤۆرکی ئەوە

دەگەیەنێت کە کەنداوی نێوان فێمنیستەکان و دیموکراتەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا هەرگیز پردی بۆ دروست ناکرێت کە ئەمەش دیموکراسی لیبرال وەک فۆرمێکی چەوسانەوە و پیاوسالاری دەخاتەڕوو. هەموو ئەمانەش خۆی لەخۆیاندا بەشێکن لە کێشەکە نەک چارەسەرێک، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە سەیری چالاکییەکانی فێمنیستە ڕووناکبیرەکان بکەین لە ناوچەکە بە ئاکامێکی تر دەگەین ئەویش ئەوەیە:

### ئافرەت کۆمەڵگای مەدەنی ڕادەگەیەنێ

بەرگریکردن لە فێمنیزم لە دیموکراسی نوێی ناوەڕاستی ئەوروپا ئاسۆیەکی ڕێکخراوی هەیە، شان بە شانی ئەو ئاسۆیە ئایدیۆلۆژییەی کە پێشتر گفتوگۆی لەسەر کرا. هەروەها ئەمەش بەرسڤێک بەرپا دەکات بۆ ئەزموونی کۆمۆنیست.

پاڵپشتی ئایدیۆلۆژێکی ڕەسمی و ڕاستییەکی ڕەسمی دێنێتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی. ئەمانە هەموو پێکهاتەکانی بزاوتی بە کۆمەڵ و گوریسی گواستنەوەی ئایدیۆلۆژێکی ڕەسمی بوون.. ئەویش لە یەکێتییە پیشەسازییە ڕەسمییەکانەوە بۆ کۆمەڵەکانی جووتیاران و بۆ یەکێتییەکانی نووسەران و بۆ بزووتنەوەکانی ئافرەت و ئاشتییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئافرەتە چالاکەکان پێدەچێ دڵخۆش بن بە دامەزراندنی بزووتنەوە یان ڕێکخراوێکی ناوەندی ئافرەتان بە تایبەتی ڕێکخراوێکی یەکگرتوو کە کۆک بێت لەسەر هەموو ئایدۆلۆژیاکان، چونکە دەترسن لەوەی کە نەوەک ئەو ڕێکخراوەش وەک ئەوانی ڕابردوو بێ.

بەبێ ئەزموونی یەک حزبی باڵادەست (Totalitavianism)! فێمنیستەکان لە ڕۆژئاوا کەمتر دڵخۆشن بە دامەزراندنی هەماهەنگییەکی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی کارە سیاسیەکان. ئێستا وێڕای ئەمە ئەوە لە ئارادایە کە ئافرەتە ڕووناکبیرەکانی دیموکراسی نوێ پێشکەوتوون لە وەڵامدانەوەی ئەو گرفتە نوێیانەی دوچاری دەبنەوە. بە دەرزەن سەنتەر و پەیمانگەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئافرەتان هەیە بەهۆی کوتلەی سۆڤیەتی پێشوو: لە هەنگاریا و کۆماری چیک و ئیستۆنیا و تاجیکستان و ئۆکرانیا.

فۆرم و پابەندبوونی وەسفی ئەو وەڵامانە لە ناوەڕاستی ئەوروپا دیارە لەلایەن کولتووری دیموکراتی بەرهەڵستکار بە کۆمەنیستەکان ڕادەگەیەنرێت، هەروەها بە ڕێگایەکی گرینگ ئەو کولتوورە بەزیندوویی دەپارێزێت. هەروەک ئێلزبیتا ماتینیا Elzbieta Matynia، سەرنجی داوەتە ئەو مەسەلەیە لە کۆرسی نەوەدەکان پێشکەش کرد لە وارشۆ و بودابێست و پراگ و براتسلاڤیا کە تێیاندا ڕەوشی سیاسی بە بێزاری و نائومێدییەکی ئێجگار زۆر سەیر دەکرێ. لەو شوێنانە، دەتوانی خووڕەوشتی گشتی ساناتر بدۆزیەوە لە زاتی ئافرەت و گرووپەکانیان لە پەرلەمان و دەزگاکانی تر. ئەو خووڕەوشتە ئەزموون و پابەندبوونی مەدەنی یاخیبوانی پێشووی هەفتاکان و هەشتاکان تێکەڵ بە یەکتر دەکات لەگەڵ ئامادەباشی بۆ ڕاگەیاندنی ڕووبەڕووبونەوە نائاشناکانی بارودۆخی نوێی ئابووری و سیاسی.

ئەو ئافرەتانە لە سەرەتای ئەو قۆناغەدان کە گشت و نوخبەی سیاسی ڕێزیان لێدەگرن ئەویش لەبەر پابەندبوونیان بە مەسەلە و کێشەکانی ئافرەت.

لە هەنگاریا و پۆڵەندا ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی کۆمۆنیزم بووژاندنەوەی مافەکان بەرەنگاری کرا. ئافرەت پێش هەموو شتێ خۆی یەکخستەوە و بەرگری لە مافەکانی کرد لە دەرەوە و ناوەوەی پەرلەمان. دواتر، چەند بڵاوکراوەیەکی بەدواداهات و جاری یەکەم جەختیان لەسەر ئەزموونە تایبەتییەکانی ئافرەت لەژێر باڵی کۆمۆنیزمدا دەکردەوە.

ئافرەت درکی بەو خەونە کرد کە بۆ دەرخستنی سکاڵاکانی پێوەندی بە بەهێزی ئەورووپاوە بکات یەکسەر دوای ڕێکەوتننامەی هێلسینکی بۆ برەودانی مافەکانی مرۆڤ لە حەفتاکان و هەشتاکان، پێوەرەکانی کۆمەڵگای ئەورووپی و ئەنجومەنی ئەورووپی لە بارەی یەکسانی پیاو و ئافرەت بۆ گۆڕانکاری لە ڕێکەوتنە دەستوورییەکان بەکارهێنرا، بەڵام ئەم هەوڵ و کۆششانە و تەقەللای لیژنەکانی چاودێری هێلسینکی لە هەفتاکان ڕەنگ نەبوو سەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ بەدەست بێنێ.

شوێنی کۆبوونەوە و دامەزراندنی «ROSA» لە پراگ کە لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕەگەز پاڵپشتی کرا، لە بارەی کێشەکانی ئافرەتەوە، گفتوگۆی گشتی خولقاند، ئەو گرووپانە هەماهەنگی سەنتەرێکی بە دواداچوونیان کرد بۆ ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانی توندوتیژی. ئافرەت ئاشتەوە بوون بەهۆی و لە کۆنفرانس و سمینار و محازەرەکان و هەروەها کاریان کرد لەپێناو خستنە ڕووی کێشە و گرفتە تایبەتیەکانی ئافرەت لە ئەگێندەی سیاسی.

لە براتسلاڤیا، دەرکراوی ڕۆژنامەوانی ئافرەت بەناوی ئاسپێکت (Aspekt) سەرەڕای پێوەندییەکانی لەگەڵ گشت دژی توندوتیژی و ماوەی سەرەکی دوای

(١٩٨٩)وە کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی هەمان کۆتایی دژە لیبرالە گشتە بە تواناکانی سلۆڤاکیا.

لە هەنگاریا، دوو دەزگـای ناوداری نەتەوەیی خـەم لە مەسەلەکانی ئافرەت دەخۆن. دەزگای ئافرەتانی هەنگاری کە جێگای ئەنجومەنی ئافرەتانی پێشووی گرتەوە و لە ساڵی (١٩٨٩) دامەزرا. ئەنجومەنی ئافرەتانی پێشوو گـەیەنەرێکی کـۆنی کـۆمـۆنیـسـتـەکـان بـوو. تۆڕی فـێمنیسـتـەکان ژمـارەیەکی کـەمی ڕۆژئاوایـیـەکـان وەک چەند ئەندامێکی چالاک و بەرچاو دەگـرێتـەوە. گـرووپی یەکـەم جـێگای مـتـمـانە نین، چونکە زۆر پەیوەستن بە ڕابردووەوە، دووەمـیـشـیـان چونکە زۆر پەیوەستن بە ڕۆژئاوا، بەڵام گرووپی دواتر ستراتیژیەکی نوێی گرتۆتە بەر و بووەتە تۆڕی پرۆژەکان لەگەڵ هەندێ دووری لەگەڵ ناوێکی ئایدۆلۆژی و بێگانە ئەویش «فێمنیزم»ە. ئەوان بەرەو ئەنجـامـدانی چەند چالاکـیـەکی ڕاست و دروست دەچن. کار دەکەن بۆ ئافرەت لەپێناو ئافرەت و دژی توند و تیژی ناوەخۆ و ماڵی ئافرەتان.

ڕوون و ئاشکرایە بەدەستهێنانی ئەم قۆناغە، هەوڵێکە بۆ گـەیشتن بە بازنە ئەکـادیمیـیـە تەسکەکـان و نـوخـبـە کولتوورییە شارستانییەکان کە ئەو گرووپانەیان زیندانی کردووە. ڕووناکبیرە فێمنیستەکان هەوڵ دەدەن بگەن بە (گشت) بە هەمـوو بوارەکـانیـەوە و لە سـەرکـردایەتـیـیـە چەوسێنەرەکان دوور بکەونەوە.

لە پۆڵەندا، ماتینیا (Matynia) دەڵێ: «واپێدەچێ مـیـراتی کـۆمـەڵگایەکی مـەدەنی بەرهەڵسـتکار ببـێـتـە فاکتەرێک بۆ ئەوەی درێژە بەو کاریگەرییە بدات بەسەر گـرووپەکـانی ئافـرەتانەوەیە. گـفـتـوگـۆکـان کـە لەبارەی کێشەکـانی ئافرەتەوە دەکرێ، زۆر کەم بەلای ئەزموونی ڕۆژئاواوە دەخولێتەوە؛ بەڵکو زیاتر کێشەی ڕەسەن و بنج و بنەوانە. دەمەتەقێکان لەگەڵ کەنیسە بەتایبەتی لەسەر پرسیاری لە باربردن سەنتەری گفتوگۆکانە. گرووپەکانی ئافرەت پەیوەستن بە پێکهاتە ئاسۆییەکانەوە دژی بنەمای ڕێکخـراوەکـانی کـۆمـۆنیـسـت کـاردەکـەن و بەرەو دروستکردنەوەی بنەماکـانی ڕێکخـراوە هاوکـارییـەکـان بەشێوەیەکی یاسایی و لە بنەڕەتییەوە هەنگاو دەنێت. دواتر، ئافـرەت ڕۆڵێکی سـەرەکی بینی لە چالاکی ڕێکخراوەییەکان و لەگەڵ ئەزموونی ئەو چالاکییانە بوونە خـەمـخـۆری کـێـشـە و مـەسـەلەکـانی ئافرەت. چالاکی ڕێکخـراوە نەتەوەییـەکـان کـەوتۆتە ژێر باڵی دەسـەڵاتی ئاڵۆزی کەنیسەی کاتۆلیکی لە ژیانی پۆڵەندا. هاوکات دانیشتوان گاڵتە بە تێڕوانینەکانی کەنیسە دەکات، بەڵام ناتوانێ بەشـێـوەیەکی کـراوە و زەق و ڕێکوپێک سووکایەتی بە کـەنیـسـە بکات. ڕێکخـراوی نامـەرکـەزی ئافـرەت بەرەو هەندێ کـاریگەری سنوورداری پەرلـەمـان دەچێت و بەرەو سـەرەتایەکی فـراوانی گـەشـەسـەندنی کـەلتـوور و بەرەو هەوڵی بەرگـریکردن لە ئافـرەت دژی پێوەندە نایەکسانەکانی ئابووری دەچێت. گۆڵەکە چوونە ناوەوەی کـۆمـەڵگایەکی مـەدەنی وەک گـرووپێکی دامەزراوی ئەو دەزگایانەی بە ویستی خۆیان کاردەکەن و هاوکاری دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەکەن و شکڵی کۆمەڵگاکە لە پرۆسەکە دیاری دەکەن.

**ماتینیا بەم ئاکامەی خوارەوە دەگات:**

«بزووتنەوەکـانی ئافـرەت پێگەیەکی بەهێـز لە زۆربەی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا دەستەبەر دەکەن. هانی پێگەیشتن و گەشەسەندنی کۆمـەڵگای مەدەنی دەدەن. گـەر سـەرکـەوتوو بن، لەوانەیە کـێـشـە و مـەسـەلەکـانی ئافـرەت نەخـەنە سـەر خـوانی ئەگـێندە ڕەسـمـیـەکـانی حکومـەت و پەرلـەمـانە بەرێزەکـانیـان بەڵکو لەوانەیە کـاریگەریان لە پرۆسـەی دیموکـراتیـزەکـردن لە کۆمەڵگاکانیان هەبێت».

ئەو پێشـبـینیـەی کە فـێمنیـزم دەتوانرێ بگوازرێتـەوە یاخود ببرێتە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا بە هەمان ناوەڕۆک و فـۆرمی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخـراوەیی، سـەیر نیـیـە، کـە هێـشـتـا پشـتـیـوانی لێ ناکـرێ، بەڵام بزووتنەوەکانی ئافرەتان وەک بەشێکی بنەڕەتی کولتووری سـیـاسی پەرە دەسـێنێت. ئەو بزووتنەوانە پاڵپـشـتی دەکرێن و لەلایەن فێمنیستەکانی ڕۆژئاوا و فێمنیزم لە ڕۆژئاوا ڕادەگەیەنرێن، بەڵام کاتێ ئەوەش ڕوودەدات ئەوا بزووتنەوەکان شتێکیان دەبێت بیڵێن بۆ هاوشانەکانیان لە ڕۆژئاوا.

حەساسیەتی چالاکەکانی ئافرەت بۆ ئایدیۆلۆژیا تەنیا گـەمـژایەتی قـوربانیـەکـانی کۆمـۆنیست نییـە کە وایان لێدەکەن لەلای تیۆری چاکی ڕۆژئاوا بێ ڕێز و حورمەت بن، بەڵکو مـانایەکی هەیە و ڕەخنەیەکە بەلانی کـەم بۆ هەندێ ئایدۆلۆژیا و دەزگای فێمنیستەکان لە ڕۆژئاوا. تێگەیشتنیان لەوەی کە بزووتنەوەکان دژی میسالیەتی کۆمەڵگای مەدەنی کارناکەن تێڕوانینێکی گرینگە.

بەڵام سێتێکی جیددی لە کێشەکـاندا دەمێنێتـەوە وەک: ئایا بە دەرزەن بگرە بەسـەدان باری جـۆراوجـۆری ئافـرەت و فـمـێنیـزم هەیە لە سـەرهەڵدانی دیموکـراسی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاسـتی ئەورووپا باس دەکـرێ؟ ئایا پێناسەیەک هەیە بۆ خراپتربوونی ڕەوشی ئافرەت؟ ئایا

گەشبینی ماتینیا مسۆگەر دەکرێ؟

ڕێگای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ڕێگایەکی هەستیارە بە قەد ئەوەی بەڵگەویستە، بەڵام چەند حاڵەتێکی بێزارکەر هەیە دەبێ دانیان پیابنرێن.

سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کراوە و ژیانێکی گشتی سەربەخۆ لە کۆمەڵگاکانی کۆمۆنیستی پێشوودا، هەروەکو سەرنجمان دا، ڕەوشێکی بچووککراوەی ئافرەتانی لەخۆ گرتبوو. ئەمەش لێکدانەوەیەکی کراوە دەگەیەنێ کە ڕەوشی بچووککراوەی ئافرەت لە سەرهەڵدانی دیموکراسیدا بەشێکی پێویست و گرینگی پێکهاتەکانی لیبراڵە دیموکراسیەکانە. ئەم مشتومڕە لە مارکسیەتی کۆن و فۆرمەکانی دژە لیبراڵەکان کەمتر وەرگیرا و پەسەند کرا. کاپیتالیزمیش کارێکی وا باش ناکات و ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیست هیچی زیاتر نییە لە سەرکەوتنی دەسەڵاتی کاپیتالیزم. با کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ژیانێکی گشتی سەربەخۆ هەبێت، بەڵام نەک بنە دیواری پێشەوەی واقیعە پەراوێزەکانی کاپیتالیزم. پیاو سالاری کۆڵەگەیەکی پێویستی چاکسازییەکی قێزەون و زۆر خراپی کۆمەڵایەتییە.

بەڵام ئەو لێکدانەوەیە دەکرێ لەگەڵ هۆشیارییەکی بەرچاو و بەرەنگاری تێگەیشتنمان لە بارودۆخی ئافرەت پاش ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیست و تێگەیشتنمان لە ئەگەری کارێکی ڕۆشنبیرانە لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا پێشکەش بکرێ.

پێگی واتسۆن مشتومالی ئەوە دەکات کە سەرهەڵدانی گۆڕەپانێکی گشتی ئۆتۆنۆمی بەندە بە جیاوازی سیاسی کۆمەڵگاکانی دوای کۆمۆنیزم، لەژێر باڵی کۆمۆنیزمدا پیاو و ئافرەت بە یەکسانی مافی دەنگدانیان لێ سەنرابوو. هەردووک بە یەکسانی کەموکووڕی چوونە نێو سیاسەتیان هەبوو. نەبوونی ئافرەت لە ژیانی سیاسیدا دوای ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیزم جیاوازیی نێوان پیاو و ئافرەتی بایەخدار کرد کە وجوودی نەبوو لە کۆمۆنیزمدا. بۆیە واتسۆن پێی وایە دەبێ لەوە بگەین وەک پرۆسەیەکی گشتی کە سەرهەڵدانی ناشنالیزم، ململانێ و ناکۆکی ڕەگەزی دەگرێتەخۆ.

خەڵک کاتی خۆی هەموو لەناو یەک کەشتیدا بوون و یەک گرفتیان هەبوو، هەموویان بە یەکسانی دەسەڵاتی لێ سەنرابوو لەژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستدا، بەڵام ئێستا هەندێکیان سووکانی کەشتییەکەیان گرتووە و هەندێکی دیکەش لەسەر تەختەکانی کەشتیەکە فڕێ دراون.

واتسۆن بە پێچەوانەی تیۆریستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی هەموو جیاوازییە لە یەکچوونەکانی خود دەجووڵێنێ کە گەردوونە میسالییەکەی تێک و پێک دەشکێنێ. واتسۆنی ئافرەت دەڵێ: «مەیدانە سەرهەڵدراوەکانی ژیانی گشتی سەربەخۆ تەنها پیاو دەگرێتەوە و خاڵییە لە ئافرەت»

گواستنەوەی گشت و تایبەت ئافرەت بەرەو ناوچەیەکی تایبەت دەبات. دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی ناوەڕاستی ئەورووپا مانای بە دەسەڵاتبوونی پیاوە، زەمینەکە بەرەو پیاوێتی (نێرینەیی) masculinism دەبات، بەڵام چونکە ئافرەت خراوەتە پەراوێزەوە، بەشێوەیەکی داڕێژراو لە بازنەی گشتی بەدەر دەبێت و لە هەمان کاتیشدا هەلی سەرهەڵدانی فێمنیزم دەستەبەر دەبێت. نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان لەنێوان پیاو و ئافرەت کە ئەویش لە کۆمۆنیستەکانەوە نەگوێزرایەوە ئێستا جێگای باسە لە دووبارە پێناسەکردنەوەی بازنە تایبەتی و گشتیەکان و ئاست نزمەکانیش بە سیاسەت دەکا، بەڵام هاوکات بەرگەگرتنی ئاست نزمەکانیش بە سیاسەت دەکات.

ئالێرەدا، پێدەچێ دووری نێوان فێمنیستەکانی ڕۆژئاوا و هاوشانەکانیان لە ڕۆژهەڵات کەم دەبێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا، ماتینیا Matynia، پێی وایە سەرهەڵدانی گرووپەکانی ئافرەت گەشە و فراوانی بەرهەڵستکارانی دیموکراسییە لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا، بەڵام واتسۆن (watson) پێی وایە ئەو پێشکەوتنانە وەک بزووتنەوەیەک دژی دیموکراسیەتی پیاو (نێر) لە دەسەڵاتدا خۆیان دەبیننەوە.

ماتینیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو پابەندبوونانەی کە نێر و مێ (پیاو ئافرەت) وەک چالاکەکانی دیموکراسی تیایدا هاوبەشن بۆ کردنەوەی بازنەیەکی گشتی ئازاد و کۆمەڵگایەکی مەدەنییە.

لە کاتێکدا واتسۆن سوورە لەسەر ئەوەی کە بوونی ڕاستەقینەی بۆشاییەکی گشتی ئافرەت وەک بەشێک لەبەردەوامی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەدەر دەکات. هەموو پێشنیارە سیاسییەکانی ئەو دژیەکە زۆر مەزنن ماتینیا ئاماژە بە شەرعیەتی فراوانبوونی ڕای گشتی دیموکراسی دەکات تا کێشە تایبەتییەکانی ئافرەت بگرێتەوە. واتسۆن ڕەخنە لە کارەکتەری پیاو سالاری ڕای گشتی سیاسی دەگرێت کە ئێمە لە نووسینەکانی مارۆدی و سکڤۆرکییەوە بۆمان ئاشکرا بوو هەروەها واتسۆن ئاماژە بە پێویستی هاریکاری یەکتری فێمنیستەکان دەکا لە بەرهەڵستکردنی ڕای گشتی سیاسی.

لەگەڵ ستایشی بەشداربوونی ڕووناکبیرەکان لە ژیانی سیاسیدا ڕوون دەبێتەوە بۆچوون و بڕیاری تیۆری ماتینیا و واتسۆن لە ململانێی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەکانیان ئارەزوومەندانە نییە. گرژی نێوان ململانێکانیان دەبێ سیاسییانە بخرێتە ڕوو نەک تیۆرییانە تەنیا قسەی لەسەر بکرێت.

ڕووناکبیر و سکۆلەرەکان، وەک واتسۆن و ماتینیا، ململانێ و پێشبڕکێی زۆریان دەبێت لەسەر هەڵوێستەکانیان و لە هەمان کاتیشدا کات و شوێن کراوەیە بۆ ڕاوێژکاری و دانوساندن. ئەمەش مەجالێکە بۆ ئەکتەرە سیاسیەکان تا نمایش بکەن و گرژییەکانیان لەسەر هەڵوێستەکانیان چارەسەر بکەن. فێربوون لە هەردوو هەڵوێست لە مەڕ کێشەی فێمنیزم لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا، لە چوارچێوەی یاسایی دیموکراسی نمایش دەکەن. دوور لە هەڵوێستی ماتینیا هەردوولا شەرعیەتی فەرمانە دیموکراسییەکانیان قبوڵە و دژی دەسەڵاتن. کارکردن لە ڕوانگەی واتسۆنەوە هەوڵ دەدەن بۆ ساختەکردنی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ سروشتی مێژووی پیاو سالاری و پێویستیی دروست بوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فێمنیستی هۆشیار. باشترین پرسیار ئەوە نییە کە بۆچی لەپاش کۆمۆنیزمەوە فێمنیزم نییە؟ بەڵکو ئەوەیە، چۆن ئافرەت ڕووبەڕووی گرفتەکان دەبێتەوە لە بیناکردنی ڕەوتێکی دیموکراسی مەدەنی؟

ئەرکی ڕۆشنبیران دنەدان و هاندانی سازدانی گفتوگۆیە لەمەڕ ئەو کێشە و گرفتانە. هەروەها ئەرکی ئەکتەرە دیموکراسیەکانیش خستنەڕوو و چارەسەرکردنی ئەو دوورایییەیە بەشێوەیەکی سیاسی.

**سەرچاوە:**

لە ئینتەرنێتەوە.

# هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی چامەی (ژێ)

**حەمە کاکەڕەش**
**(سوێد)**

ئەدۆنیس دەڵێ: من شاعیرێکم بە زەحمەت پۆلین دەکرێم، من لە خانەیەکی دیاریکراودا پۆلین ناکرێم. دەکرێت بڵێین فەرهاد شاکەلی بە هەمان شێوە لە خانەیەکی دیاریکراودا پۆلین ناکرێت، چونکە شاکەلی لە هەموو دەرگاکانی داوە و جێدەستی بە پڕی بە جێ هێشتووە. لە شیعردا یەکێکە لە داهێنەرەکانی گرووپی کفری کە بەر لە ڕوانگە شیعری کوردییان تازە کردەوە. خاوەنی دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)یە و لە وەرگێڕان و چیرۆک و پەخشان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفە و تەسەوفدا، گوتار و کتێبەکانی شایەتحاڵی توانا و ئەزموونی پڕ بەرهەمین. لە زماندا شارەزایەکی لێهاتووە و خەمخۆرێکی تەواوی زمانی کوردییە. ئەزموونی فەرهاد شاکەلی لە هەر یەکێ لەو بابەتانەدا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و پوخت هەڵدەگرێ. بەڵام ئەوەی من لەسەری دەوەستم و هەوڵی خوێندنەوەیەکی دەدەم، گەڕانەوەیە بۆ چامەی (ژێ)، چونکە ژێ نەک هەر لە شیعری شاکەلیدا پانتاییەکی داگیر کردووە، بگرە لە شیعری نوێی کوردیدا شیعرێکی گەورە و دیار و پڕ ئەزموون و جوانییە، بەڵام بەداخەوە نەبوونی ڕەخنەگری چاک و سەربەخۆی کوردی وای کردووە ژێ ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، یان ڕوونتر بڵێم، بە هۆی پاوانکردنی هەموو دەزگاکان، سیاسەت سەرپشکە و دەچرپێنێ بە گوێی بەناو ڕەخنەگرەکانماندا کە لەسەر کام دەنگ و ڕەنگ بوەستن و کام دەنگ و ڕەنگیش گەر پڕ داهێنان و جوانییش بێت، کە نابێتە پاشکۆی سیاسەت، پێویستە پشتگوێ بخرێ و گەر کرا لە هەوڵی بچووککردنەوەیدا بن. لێرەدا قسەیەکی ئەدۆنیسم بە بیردا دێت کە دەڵێ: لە شیعری جەواهیریدا گەلێ ئاڵۆزی و قۆقزی و موفرەداتی مردوو و لێکدراوی بەسەرچووی تیایە، بە چەشنێ، لەتەک گرنگیی شیعرەکانی، بەڵام بۆنی گوڵی زۆر کەم تێدایە بە بەراورد لەگەڵ شاعیرێکی وەک (بدوي الجبل)، کەچی جەواهیری لەبەر کۆمەڵێ هۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەلای ڕژێمەکان ناودارتر و بڵاوتر بوو. هەست دەکەم لە لای ئێمەی کوردیش بە درێژایی مێژوو ئەم حاڵەتە دووبارە و چەندبارە بووەتەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو شاعیرانەی کە لە سیاسی و ڕژێمەکانەوە نزیکترن، زیاتر لە بەرچاون، هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە ئاستێکی بەرز و پڕ داهێناندان، چونکە هەر دیسان وەک ئەدۆنیس دەڵێ: باوەڕم وایە ئەدیب یان هونەرمەند یان ڕۆشنبیر هەرچەند بتوانێ مەسافەیەک لەنێوان خۆی و سیاسەتدا دابنێ، ئەوسا پتر دەتوانێ خزمەتی ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب و کێشەکەی خۆی بکات. دەبینین شاکەلی بە ئاگاییەوە


فەرهاد شاکەلی

پەیڕەویی دووەمیانی کردووە و بەردەوام ئەو مەسافەیەی داناوە، تا نەبێتە پاشکۆی سیاسەت و هەستی بە گەورەیی قەڵەمەکەی کردووە و نەیکردۆتە قوربانی سیاسەت و سیاسەتبازی و لە بەرامبەر ئەمەشدا باجەکەی داوە ، کە بە قەد توانا و داهێنانی خۆی قسەی لەسەر نەکراوە و هەقی نەدراوەتێ. گەر وا نییە بۆ دەبێ چامەیەکی وەکو ژێ، کە لە ڕۆژگارێکدا نووسراوە کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە لە شیعری کوردیدا چامەیەکی تر نابینین بە هەمان هەناسەدرێژی و جوانی زمان و تەکنیکی ژێ نووسرابێ، کەچی چەندین ساڵ دوای ژێ کەسانی تر باس لەوە دەکەن کە چامەی درێژیان داهێناوە لە شیعری نوێی کوردیدا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ چامەی ژێ بکەن. کە ناکرێت شیعرییەت و جوانی و تەکنیکی ژێ هەر بۆ درێژییەکەی بگەڕێنینەوە، چونکە ژێ چامەیەکە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە لە شیعری نوێی کوردیدا، چ وەک زمان و وێنە و چ وەک مانا و خەیاڵ. لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم قسە لەسەر هەریەکێک لەو پایانەی شیعر بکەم لە چامەی (ژێ)دا.

**زمان لە چامەی (ژێ)دا**

ڕۆلان بارت دەڵێ: ئەدەب جگە لە زمان شتێکی دیکە نییە. گەر لەم ڕوانگەیەوە چامەی ژێ بخوێنینەوە دەبینین شاکەلی بە ئاگاییەوە کاری بۆ ئەوە کردووە بە زمانێ بنووسێ پڕ لە ناسکی و جوانی و وەک دەریا قووڵ و وەک کانی سادە و ساکار بنوێنێ. کە چامەی ژێ دەخوێنینەوە هەست دەکەین ژێ دەقێکە لەگەڵ خوێندنەوەکاندا نوێ دەبێتەوە و کۆتایی نایەت و لەناو ناچێ. ئەوەش جیاکارییەکانی کاری شیعری داهێنەرانەیە. کۆکتۆ لەبارەی (مالارمێ) دەڵێ: تەمومژاوییە وەک ئەڵماس. هەموو شاعیرێکی گەورە وەک پێویست تەمومژاوییە، شێوەی ئەڵماس لە توانایدایە لە ڕێگەی تیشک و درەوشانەوەوە بە قووڵایی بگات، بێ ئەوەی دیار بێ یان بێ ئەوەی تەعبیر لە مانایەکی دیاریکراو بکات. چامەی ژێی شاکەلی پڕە لە دەستەواژەی پڕ ڕاز و نهێنی و فرەشێوە و مانا و بەکارهێنانی زمان وەکو تیشک و تێکەڵکردنی ماناکان، بە شێوەیەک شاکەلی کە باس لە خواوەند دەکات وا دەزانی گۆرانی بۆ خۆشەویستەکەی دەڵێ. بە پێچەوانەوە کە باسی خۆشەویستەکەی یان نیشتمان دەکات، بە زمانێک دەبێژێ چەندین مانا هەڵدەگرێ و لە هەمان کاتدا لەنێو دڵی وشەکاندا ڕازێک بە سادەیی خۆی ئاشکرا دەکات، وەک دەبێژێ:

**گەر تۆ نەبی، هانا بەرمە بەر کێ**
**گیانی گیانان.**
**هەموو نامۆن، هەموو نەیارن،**
**هەموو تینووی خوێنی منی دەردەدارن.**
**هەر ڕوومەتی تۆیە**
**ئەم مەلە بێباڵەی دڵم، شەو و ڕۆژ،**
**ڕووی لێ دەکات و دەجریوێنێ.**

لێرەدا شاکەلی دەمانخاتە گومانێکەوە کە بە خۆشەویستەکەی دەڵێ گەر تۆ نەبی هانا بەرمە بەر کێ؟ یان حەسرەتی نیشتمانە یان وەک عاشقێکی سۆفی ڕوو دەکاتە خواوەند و لەوێوە بە چەند وشەیەک دنیایەکمان بۆ دەخوڵقێنێ کە لە سادەییدا قووڵە و لە ماناشدا فرەمانایە و لە زماندا زمانێکی کپ و پڕ جوانی دەنەخشێنێ. بە زمانێک نانووسێ وەک ڕەشەبا، پڕ بێ لە هات و هاوار و دروشمی بریقەدار و خاڵی لە جوانی و ناسکی. زمانی شاکەلی زمانێکە لە ئەزموونەوە هەڵقوڵاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی فیکریش لە هەڵقوڵانیدا بەشداری کردووە. لە زمانی شاکەلیدا کڵپەیەکی جوان و نەرم و هێمن و ناسک هەموو ئەگەرەکان هەڵدەلووشێ. دەقەکە

دەکاتە پارچە کریستاڵێکی ورشەدار. زمانی شاکەلی هەر تەنیا هەستکردن نییە بە شتەکان، بەڵکو بیر لێکردنەوەش دەگەیەنێت. لە (ژێ)دا دەبینین شاکەلی لە خەمی ئەوەدایە بە زمانی دوێنێ نەنووسێ و وێنەکان هەمان وێنەکانی ڕابردوو نەبن. ئەیەوێ بە زمانێک بنووسێ بۆن و ڕازی تایبەتمەندی خۆی هەبێ و بتوانێ بە زمانێکی وا ڕازی شەوانەی بگەیەنێتە نێو دڵی خۆشەویستەکەی. دەبێژێ:

**کێ بێ زمانێکم پێ بناسێنێ**
**ڕازی شەوانەی من**
**بە ڕۆژ بگەیەنێتە نێو دڵی تۆ؟**

بەم چەند دێڕە شیعرەی دەزانین خەمی شاکەلی بۆ زمان تێکەڵ بە عەشقی خۆشەویستەکەی بووە، تا خەمی شەوانەی بە ڕۆژ بگەیەنێتە نێو دڵی، چونکە بەو زمانە باوە ڕازی نابێت. خەونی ئەوەیە زمانێکی پێ بناسێنین مانای تازە لە خۆ بگرێ و بتوانێ ڕازی شەوانەی بە ڕۆژ بدرکێنێ، دوور لە ترسی داب و نەریت و بەربەستە گەورەکانی تر.

شاکەلی بە زمانێک دەنووسێ و گۆرانیمان بۆ دەڵێ پێی وایە گەر لە زمانی مردن نەگەین، چۆن دەتوانین گۆرانییەکەی لە بەر بکەین، گەر هاودەمی ئێش نەبین ناتوانین لە زوانی ئەو تێبگەین. دەبێژێ:

**تۆیێ**
**زمانی مردن نازانی**
**چۆن دەتوانی**
**ئەم گۆرانییە لە بەر بکەیت؟**
**تۆیێ هاودەمی ئێش نەبیت**
**لە زوانی من چۆن دەگەیت؟**

ئەدۆنیس دەڵێ: زمان وەک هەر شتێکی جوان بۆ ئەوەی شتە جوانەکەی بزانیت پێویستی بە کۆمەڵێ موعاناتی گەورە هەیە تا بگەیتە جوانییەکەی. شاکەلی بە تونێلی ئەو موعاناتەدا تێپەڕیوە، بۆیە بە زمانێک دەنووسێ سادەییەکی قووڵ و جوان بەبێ تەمومژی دەستکرد بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە؛ زمانێک هەموو ڕەگەزەکانی گەشەکردنی تێدایە... دیسان ئەدۆنیس دەبێژێ: دەقی جوان ئەوەیە کە دەروون بە هەموو ڕێبازێکەوە بە ناویدا گوزەر دەکات یان بە زمانی ڕەخنەی نوێی ئێمە واتە فرەمانا و شێمانەیی دەگەیەنێت.

کێش بە نیسبەت ئێمەوە هیچ ناگەیەنێت، هەروەها بانگەشەی شیعری لە پێناوی کێشدا ناکەین، بەڵکو لە پێناو جوان نواندن و خواستن و ئیشارەدایە تا دەبێتە دروستکراو و تایبەت. کەواتە زمانی مەجازی سیحرە، هەرچۆنێک دەربیبڕین گوتن بەرجەستە دەکات، هەتا هەتایە وێنەکانی نوێیە. زۆرترین مانا بە کەمترین واژە دەگەیەنێت. زەمەنی مەجازیش چەندان پلەی هەیە، کە بەرزترینیان خوازەیە. مەجاز وەک سیحر کار دەکات، وەک ئەوەی دووریی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کورت بکاتەوە، ئاوا دژەکانمان بە سارێژبوو نیشان دەدات و ژیان و مردن، ئاو و ئاگر بە یەکەوە دەخاتە ڕوو.

لەژێر وردبینی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، دەتوانم بڵێم چامەی ژێ ئەو شیعرەیە کە دەروون بە هەموو ڕێبازێکەوە بەناویدا گوزەر دەکات و هەست بە هاژەی شەپۆلە نەرمەکانی شیعر دەکات. شاکەلی نە بۆ کێش و نە بۆ سەروا نانووسێ و کاری شیعر لەوە بە گەورەتر دەزانێ کە لە چوارچێوەیەکی بچووکدا مەلی شیعر تەنگەنەفەس بکات. بەڵکو شاکەلی لەپێناو جوان نواندن و بەکارهێنانی زمانێک کە بتوانێ وێنەیەکی تر و دنیایەکی تر و مانایەکی تر بخولقێنێ، دەبێژێ:

**لەگەڵ پەلکەڕەنگینە و باراندا**
**سترانی ئەشقێکی بێ سەروشوێنم دەگوت.**

شاکەلی لە مرۆڤ دوور دەکەوێتەوە و باوەش دەکات بە باران و پەلکەڕەنگینەدا و سترانی عەشقێکی بێ سەروشوێن دەڵێ، بۆ ئەوەی ئەو زمانەی عەودالێتی لەوانەوە فێر بێت، چونکە سروشت لانکەی هەموو جوانی و دەنگ و ڕەنگەکانە.

### وێنە و خەیاڵ و مانا

ئەبو تەمام، کە لە ساڵی ۲۳۱ی کۆچیدا، کۆچی دوایی کردووە، لە ڕێی ئەزموونە شیعرییەکەی و ڕوئیاکەیەوە تێمان دەگەیەنێ، شیعر جۆرێکە لە دروستکردنی دنیا بەڵام بە زمان. هەروەها پێوەندی نێوان شیعر و وشەیش بە پێوەندی نێوان دوو عاشق دەچوێنێ. شاکەلی لە (ژێ)دا ڕژاوەتە پێوەندی نێوان شیعر و وشەوە و بووە بە ئاشقی سێیەم و دنیایەکی تەواو تایبەتی دروست کردووە. بە زمانێکی چڕ شتەکانی بەسەر یەکدا شکاندووە و جارێکی تر شێوە و ڕەنگ و مانای تازە و جوانتری پێ بەخشیون. بۆ شایەتحاڵی ئەو دێڕانەی

سەرەوە چەند وێنەیەک لە چامەی (ژێ) دەخوازین، با وێنەکان خۆیان قسە بکەن کە پڕن لە خەیاڵی شاعیرانە و فرەمانایی.

**وێنەکان**

ملی ڕۆژ، بسکی شەوان، زمانی خوێن، بەندەری تەنهایی، چەپکێ گڕ، زمانی ڕێگە، هەستی باراناویم، زمانی باران، بەژنی باوبۆران، ناخی ئاخ، گۆلی شەوگار، وردەواڵەی ئارەزوو، مەشخەڵی یاد، تیشکی باوەڕ، برینێکی بێدەنگ، دڵی پرسیار، بروسکەی تووڕەیی، بۆنی کرێوە، چەمەری نیگام، تاری ڕۆژانی ژینم...

*** شەوانە وەکو گومەزیی کۆنە مزگەوتێ**
**خۆم گرمۆڵە دەکەم.**

*** هەر ڕوومەتی تۆیە**
**ئەم مەلە بێباڵەی دڵم، شەو و ڕۆژ،**
**ڕووی لێ دەکات و دەجریوێنێ.**

*** گەر ئێوارە وەکو پشکۆ**
**بچزێ بە لێوی شەوگاردا**

*** ئەگەر گزنگ ببێتە ئاگرێک و**
**بەر بێتە کۆتەڵی تاریکایی**

*** پەڵە پەڵەی هەور**
**وەکو پینە بە کراسی شینی ئاسمانەوە**
**دیار بێ.**

ئەم چەند وێنەیەی چامەی ژێ بەسن بۆ ئەوەی بزانین دنیای خەیاڵ و مانا لە لای شاکەلی تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕازی نابێت شتەکان بە چەقبەستوویی بێننەوە و یەک شێوە و مانا و ڕوانین لە خۆ بگرن. ئەوەتا مل دەبەخشێ بە ڕۆژ و گەردانەیەکی سپی مرواری دەکاتە مل، بسک بە شەوان و قردێلەیەکی گوڵڕەنگی هەورێشم دەدا لە بسکی شەوان، زمان بە خوێن دەبەخشێ و بەندەر بە تەنیایی و چەپک بە گڕ و بەژن بە باوبۆران. هەست لە لای شاکەلی باراناوی دەبێ و شەوگار گۆلی دەبێ و ئارەزوو پڕ دەبێ لە وردەواڵەی ڕەنگاوڕەنگ و یاد مەشخەڵ بە دەستەوە دەگرێ و دوودڵی دەبێت بە کوورە و پریشکی لێ بڵاو دەبێتەوە. پەلکەزێرینە دەستی هەیە و ژاوەژاو وەک دەریایەک کەناری هەیە. پرسیار دڵ و تووڕەیی برووسکە و کرێوە بۆنی هەیە. ئاسمان کراسی شین لە بەر دەکا و تاسە چرا و ڕووناکی ڕوومەتی هەیە و خەون وەرز و ژین ژێ. شاکەلی لە وێنەکێشاندا بە وشە دەستێکی باڵای هەیە و دەبێژێ:

**شەوانە وەکو گومەزیی کۆنە مزگەوتێ**
**خۆم گرمۆڵە دەکەم.**

ئەم وێنەیە هێندە کاریگەرە، مرۆڤ لە هەرکوێ گومەزی کۆنەمزگەوتێکی بەرچاو کەوێ وا هەست دەکات کەسێکە و خۆی گرمۆڵە کردووە. بە پێچەوانەشەوە کە مرۆڤێک ببینی خۆی گرمۆڵە کردبێت، گومەزی کۆنە مزگەوتێکت دێتەوە بەرچاو. شاکەلی دەبێژێ:

**هەر ڕوومەتی تۆیە**
**ئەم مەلە بێباڵەی دڵم، شەو و ڕۆژ،**
**ڕووی لێ دەکات و دەجریوێنێ.**

چ وێنەیەکی خەیاڵیمان بۆ دەکێشێ؛ دڵ مەلێکی بێباڵە و ڕوومەتێک دەکاتە ڕووگە و ڕووی لێ دەکات و دەجریوێنێ.

**پەڵە پەڵەی هەور**
**وەکو پینە بە کراسی شینی ئاسمانەوە**
**دیار بێ.**

لە شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا زۆر قسەیان لەسەر هەور و ئاسمان کردووە، بەڵام ئاخۆ کێ توانیویێتی وەک شاکەلی بینینمان ڕاوەشێنێ و ... پەڵەهەورەکان بە پینەی کراسی شینی ئاسمان بچوێنێ. ئەمە کاری شیعری داهێنەرانە و خەیاڵی شاعیرانەیە. ئێمە ڕۆژانە پەڵەهەورەکان بە ئاسمانەوە دەبینین، بەڵام ناتوانین وەکو پینەی کراسی شینی ئاسمان بیانبینین، چونکە جیاوازی و ناولێنانی شتەکان خەیاڵ و جورئەتی ئەوێ. شاکەلی فەزا و حاڵەتێک لە خەیاڵ و وێنە دەسازێنێ، هەرگیز خۆی بە هەڵوێستێکی ڕوون و ئامادەوە نابەستێتەوە. ئاسۆیەک لە وێنە بۆ خوێنەر دەخاتە سەر پشت، کەش و هەوایەک لە خەیاڵ دروست دەکات. لەلای شاکەلی ئێوارە وەکو پشکۆ دەچزێ بە لێوی شەوگاردا و گزنگ دەبێتە ئاگرێک و بەر دەبێتە کۆتەڵی تاریکایی. ئەوپەڕی جوانی و هەستکردن بە مانایەکی خەیاڵییە ئێوارە بچوێنی بە پشکۆ و بچزێ بە لێوی شەوگاردا و گزنگ کە سەرەتای

ڕۆژهەڵاتنە، بیچوێنی بە ئاگرێک و بەر ببێتە کوتەڵی تاریکایی. لێرەدا واقیع بوونی هەیە، بەڵام بوونێکی خەیاڵی. شاکەلی لەپێناو دەربڕینی پڕ مانا و نوێدا هەوڵی ئەوەی داوە کە گرامەتیکی زمانی کوردی تێک بشکێنێ و جوانتر بینووسێتەوە. دەبێژێ:

* لە توێی برینێکی دڵما دەهێورێن.
* کە ساڵ دەپاییزێت.
* نە بە تاریکی دەسیسێت و ...
* گەڵای داری بیرەوەریت دەزەردێت.

لە زمانی کوردیدا کورد ناڵێ: دەهێورێن، دەپاییزێت، دەسیسێت، دەزەردێت... بەڵکو ئەمە خەیاڵی فراوانی شاکەلییە کە دەتوانێ دەستەواژەی وا بخولقێنێ کە پێشتر بوونی نەبووبێت...

چامەی ژێ هێندە هەناسەدرێژ و پڕ ئەزموونە، دەکرێت لە زۆر ڕوانگەوە بخوێنرێتەوە ، چونکە هەر یەکێک لەم چەمکانە بە قووڵی لە (ژێ)دا پانتاییەکیان داگیر کردووە، وەک نیشتیمان، مێژوو، کوردایەتی، عەشق، تەسەوف و چەوسانەوە، بەڵام قسەکردن لەسەر هەر یەکێک لەو چەمکانە کاری ئەم نووسینەی من نییە. لە کۆتایی نووسینەکەمدا قسە لەسەر وێنەی دوو سەرکردەی نەمری کورد دەکەم کە یەکەمیان بارزانیی نەمر و دووەمیان پێشەوا قازی محەمەدی نەمرە. شاکەلی هێندە شاعیرانە وێنەیانی کێشاوە، دوو پەیکەری زێڕینی تریفەدار دەبینین، دوور لە هەموو هات و هاوارکردنێک بوون و ژیانیانی کردۆتە دوو تابلۆی شیعریی جوان و سەرنجڕاکێش. کە لە خوێندنەوەی ژێ دەبینەوە ئەوسا دەزانین چەند ڕاستگۆیانە هەستی خۆی دەربڕیوە. بەبێ ئەوەی ناوی ئەو سەرکردە نەمرانە بهێنێ، خوێنەری زیرەک هەست بە بوونیان دەکات لە دووتوێی چامەی (ژێ)دا.

لە وەسفی بارزانیی نەمردا دەبێژێ:

**من چۆن بتوانم**
**باسی مەرگی دڵدارێکم لە دەم دەربچێ...**
**شۆڕەسوارێک بوو**
**هەمیشە ڕووی دەکردە هەوراز.**
**هەڵۆیەک بوو**
**هەردەم لە ترۆپکی شاخان دەژیا،**
**ڕووبارێک بوو**
**بەبێ خاک نێوی خۆی لە دەست دەدا...**
**لە گڵکۆشدا نێوی دەبێتە شەوچرایەک**
**لە ئەشکەوتی دڵی بێهومێدانا**
**دەدرەوشێتەوە...**
**ئەگەر بەرۆکی کەژ و بەندەن دەگرن**
**گۆرانییەکەی تۆ دەڵێتەوە،**
**ڕێگە بە چەم دەگرن**
**دەنگی لە دەنگی تۆ دەچێ،**
**دەست دەنێنە بینی کانیاو**
**نێوی تۆی لە بیر ناچێتەوە.**
**نێوی تۆم چۆن لە بیر دەچێتەوە؟**
**مەشخەڵی یادت**
**هەرێمی تاری ئاوەزم ڕوون دەکاتەوە.**
**بە هەر ئاوایەک قسەم بۆ دەکەی بیکە،**
**من چاوەڕێی تاکە وشەیێکم لە زارت بێتە دەر...**
**دەنگت وێرانان ئاوەدان دەکاتەوە،**
**دیدارت لە تاریکستاندا تریفەیە...**

لە وەسفی پێشەوا قازی محەمەدی نەمردا دەبێژێ:

**لە کەوشەنی ئازادیدا میرێک بوویت و**
**لە کۆڕی جەنگاوەریدا شاسوارێ،**
**کە تۆ تاف بووی**
**هەودای تیشکی زێڕینت**
**دەکردە گەردەنی دوندی ئەم زێد و بوومە،**
**چرایەکت لەنێو دڵتا هەڵکردبوو**
**پەنگر بوو، پەنگرێکی ئاڵ،**
**ڕۆژی سوور بوو... یاران هەموو**
**بە دڵ گۆرانییان دەچڕی.**
**کام نهێنی ئاشکرا بکەم؟**
**ڕازی دڵم لای کێ بدرکێنم؟**
**خۆ تۆ نەماوی تا پێمان بڵێی**
**کێ بوو تیربارانتی کرد؟**
**شێوەی شیرینی تۆ پەڵەهەورێکی خەفەتبارە.**

لە دوایین هەناسەی نووسینەکەمدا دەڵێم ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی چامەی (ژێ)، چونکە ژێ دەقێکە فرەمانا و فرەڕەهەندە و چەندین خوێندنەوە هەڵدەگرێ و بە بێدەنگی جووڵە دەکات و لە گوتنیشدا بێدەنگە. دەقێکی ڕەسەنە، چونکە ئەزموون دەکێشێ، دووبارەکردنەوەی تیا نابینرێ، بەڵکو هەمیشە لە

نوێکردنەوەدایە.

د. ماجیدە حەمموودی دەڵێ: قەسیدەی گەورە وەک نان لە پێشت ئامادە نییە، یان وەک گلاسێک ئاو. شتێک نییە دەستی پێدا بهێنی و دەستی لێ بدەیت و یەکبار دەوری بگریت، بەڵکو دنیایەکی فرەڕەهەندە، دنیایەکی شەپۆلدارە دێتە ناوەوە، وێڕای ڕۆشنییەکەشی چڕە، وێڕای درەوشانەوەکەی قووڵە. لەناویدا دەژیت، کەچی ڕێگە نادات بیگری، بەرەو تەمێک لە هەست و شعوور دەتبات، تەمێک کە بە واژەیەکی تایبەتی پێشوازیت لێ دەکات. ئەدۆنیس تەمومژێک ڕەت دەکاتەوە کە ئامانجی یاریکردنە بە زمان، هەستیاری و چڕییەکەشی وەلا دەنێت. تەمومژێکی دەوێ کە سەرەڕای ئەوەی لە ناخەوە چڕە لە جیهانبینی و فکر و هەڵچوونەکان، ڕوون و ئاشکرا خۆی دەنوێنێ. واتە سەرەڕای ئەوەی ناتوانین بە وردی لەسەری بڕۆین و دەستی بەسەردا بگرین، بەڵام هەست بەو جۆرە شیعرە دەکەین و ئاوێتەی دەبین.

لێرەدا قسەکانم لەسەر دەقی شیعری (ژێ) کورت دەکەمەوە. ئەو دەقە تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەر لە ڕێگەی ئەو تایبەتمەندیەشەوەیە پێناسەی خۆی دەسازێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە وەک کارێکی ئێستێتیکی دەبینرێت، واتە چەشنێکە لە بەکارهێنانی زمان و دۆزینەوە و مەعریفە.

**سەرچاوە:**

(١) فەرهاد شاکەلی: ژێ، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوێد ١٩٨٥ ، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٠. [چامەی ژێ لە ماوەی نێوان ١٩٨٣/٧/٢٨ تا ١٩٨٤/١١/١٠دا نووسراوە].

(٢) ادونیس: سیاسة الشعر، دار الاداب، بیروت، الطبعة الثانیة ١٩٩٦ . [فصل شعریة القراءة].



# غەریب پشدەری:
# ڕوانگە دووکەڵێک بوو گڕی لێنەکەوتەوە، بۆیە هەوڵم دا تەسلیمی نەبم

هەڤپەیڤین:
ئازاد عەبدولواحید

لەمێژە (غەریب پشدەری) دەناسم، لەوساوە کە ناسیومە لە کۆنگرەکانی یەکێتی نووسەران و لە کۆڕ و فیستیڤاڵە ئەدەبی و هونەرییەکاندا بە یەکتر دەگەیشتین، هەر کاتێکیش سەردانی (قەڵادزێ)ی دوو جار شەهید و پاشان کە چووە (ڕانیە) (غەریب پشدەری)م دەبینی. لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ دەگا ئەو پیاوەم چۆن دیوە و ناسیوە هەر وەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە، نەگۆڕانەکەشی ئەوە نەبێ خوانەخواستە بە بارێکی سەلبی لێکبدرێتەوە، بگرە هەر وەک جاران پیاوێکی تا سەر ئێسقان عاشق و دڵپاک و برادەردۆست و بە وەفایە، هەمیشە مەجلیسی گەرمە و بە قسە خۆشەکانی دەیڕازێنێتەوە، لە دانیشتنی تایبەت و دۆستانەدا بە دەنگە خۆش و بە سۆزەکەی دەبێتە گوڵی مەجلیس و بە قەتارەکانی (ماملێ) تێ دەچریکێنێ.

(غەریب پشدەری) عیشق و دڵتەڕییەکەی مانا و تاموچێژێکی تایبەتی بە ژیانی داوە، ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان) هێنامانە دوان، تا ئەزموون و تاقیمانە و کارەکانی لە بواری شیعر و وەرگێڕان بەسەر بکەینەوە.

**رامـــان:** حەز دەكەم بە سەرەتایەكی تەقلیدی دەست پێبكەم، تۆ چۆن لە دنیای شیعردا خۆت دۆزییەوە؟ بۆ لە بواری دیكەدا خـۆتت نەدۆزییـەوە؟ بۆ نموونە من ئاگـام لێیە دەنگت خۆشە، چۆن بوو نەبوویە گۆرانیبێژ بۆ بووی بە شاعیر؟

**غـەریب پشـدەری:** ئەوەی ڕاسـتی بێ من لە سـەرەتای ژیانم لە ناوچە و دەڤەرێكی دوورە دەستی ئەم كوردستانە كە هاتوومەتە دنیـا، لە بەرو باوەشی دایک و باوكێكی زەین كوێری نەخوێندەوار، وەک هەمـوو مندالآنی دیكەی دەڤەرەكە، مندالێكی بێناز بووم لە خواردن و جلوبەرگ و تەنانەت لە یاریی مندالآنە و لە پێـوەندییـەكـان دەگـەڵ یەكـدا، كـە لە مندالآنی گـەڕەک هیـچـمـان لە یەكێكی دیكەمان فـراژووتر و تێرو تەسەلتر نەبووین. ژیان لەوێ وەكو دەقی گرتبێ وابوو. ئەودەم وەكو ئێستا تەلەڤزیۆن و ڕیكۆردەر و هۆی تەمـاشـاكـردن و ڕابواردنی شـەوانە یان كتێب خوێندنەوە لەو دەڤەرەی ئێمە هەر نەبوو. ئەوەی كە خەڵقی سەرگەرم دەكرد، كۆمەڵە پیاوێک هەر شەوەی لە مـاڵێک بەتایبەتی لە وەرزی زسـتـاناندا، كە زسـتـان لەو دەڤەرەی ئێمە چەند مـانگێكی دوورو درێژی دەخایاند و بەفـروبارانێكی زۆر دەباری، ئەوانە دەسـتـیـان دەكـرد بە گێڕانەوەی حەكایەت و جارجارەش گەڕەلاوژە دەكەوتە نێو حەكایەتەكان، بە نۆرە هەریەكە و لە گۆرانییە فۆلكلۆرییە هەرە كۆنەكانی كوردەواری بەتایبەتی لە دەڤەری پشدەر و دەڤەری موكریان كە لەیەكتـرەوە نزیک بوون و هاتوچۆی یەكتریان دەكرد، دەگوتران.

پێـمـوابێ حـەفـتـەی دوو شـەوان وەبەرمـالّی ئێـمـە دەكەوت. ئەو دەمە چووبوومە قوتابخانە. لە پۆلی سێ و چواردا چاوی ئەوەم كـرایەوە كـە گـوێ بۆ ئەو چیـرۆكـە مـیلليـیـانە هەلّخـەم، یان بۆ ئەو گـۆرانی و بەیت و بالۆرانەی كـە دەگـوتران ڕادێرم، وردە وردە تامـوچێـژ و هەستی ناخی ناوەوەی من بەرەو ئەو شتانە دەبزووت.

حەزم لێدەكردن، بەتایبەتی لەو بەیتە كوردییانەی وەكو ناسـرو مـالّمـالّ و شـێخ فـەرخ و.. تاد، كـە دەگـوتران، تەمـاشـام دەكـرد ئەو زمـانەی كـە لەوێدا بەكـار دەهێنرا، جودابوو لەو زمانەی كـە ڕۆژانە لە ناو خەلّكیدا قسـەی پێدەكرا. بەلای منەوە شتی خۆش بوون. ئێستاش ئەوەم وەبیرە كە گۆرانییە میللییەكانیان دەگوت و دێڕە شیعرە فۆلكلۆرییەكانیان دەگەڵ دەگوتن:

**ئێوارە وەختی مانگای دەدۆشی**
**پێم گوت بۆ ماچێ ڕووی دادەپۆشی**



**ئازاد عەبدولواحید – غەریب پشدەری**

**تازە داهاتووە ئاوی بەلووعە**
**پێم گوت بۆ ماچێ گوتی مەمنووعە**

بە ڕاسـتـی وشـەی «بەلووعـە» بەلای منەوە شـتـێكی ئەوەندە سەیر بوو، گەورەش ببووم، پرۆژەی ئاوی دەولّەتی كـەوتبـووە ناو شـاریش، من هەر باوەڕم نەدەكـرد كـە ئەوە (بەلووعـە) بێ! ئەمـەش ئەوەی تێگەیاندم شـتـێک لە بەینی «بەلووعـە» و «مـەمنووعـە» دا دروست بووە وەک دوو تای تەرازوو، لایەكـان هاوسـەنگ دەكـا، بەلاّم من نەمـدەزانی ئەوە شیـعـرە، شیـعری فـۆلكلۆرییـە. ئەوەندە هەبوو لە زمـانە ئاسـاییـەكـەی ڕۆژانە، خـۆشـتـر بوو. خوێندنی ئێـمە لە سێ و چواری سەرەتایی لە سەتاسەت خـوێندنێكی بە كـوردی نەبوو زۆربەی زۆری وانەكـانمان عـەرەبی بوو، بەلاّم یەک كـتێبی كوردیمان هەبوو، كـتێبی خوێندنەوە بوو، من لەو كتێبەوە زۆر چاوم لە خوێندنەوەی كوردی ڕاهاتبووم.

ئێــوارەیەكی بابم هاتەوە، هەر لە دالآنی خــوارێڕا قوولاندی و هاواری كرد، كردیە هەرا، گوتم داخوا چییە، گوتی وەرە غـەریب دیاریم بۆ هێناوی. كە گەیشتمە بابم، تەمـاشـا دەكـەم كـتـێـبـۆكـەیەكی بەبن هەنگلّی وەناوە، وەللاّهی شوان نانی ئاوا بەسینگی خۆیەوە نانێ. گوتی: لە بابت كەوی ئەوشۆ دەبێ بۆ بابی خۆتی وەخوێنی.

من وەمزانی دیارییەكەی لەو دیارییانەیە كە مندالێک حـەزی پێـدەكـا! كـە تەمـاشـا دەكـەم دەبینم، «لەیل و مـەجنوون»ی مـوفـتی پێنجـوینی-یە. چاک بە بیـرمـە، شــەوانە تا خــەو بەلایدا دەبردن، ئەمن دەبا لەیـل و مـەجنونیـان بۆ بخـوێنمـەوە. لەبن كـتـێـبـەكـەیڕا كـە تێمدەڕوانی و تەمـاشای دەموچاویم دەكرد، بابم ڕەنگ و

ڕوو ژاکاو، دەموچاو و ڕوخساری جاری وابوو دەگۆڕا. گرژ دەبوو، جاری واهەبوو مۆن دەبوو، یان هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، جار هەبوو دەکشییەوە، جاری وا هەبوو دەهاتەوە پێشێ.

جاری وابوو لە ئەژنۆی خۆی دەدا، دەیگوت ماڵت خەرا بێ یاخوا مەجنوون! چۆنیشم دەخوێندەوە؟ لامپایەک هەبوو بە دیواریەوە، تەنەکەیەکیان دێنا، سەرونخونیان دەکردەوە و چراکەیان لەسەر دادەنا، دەبایە لەبەر چرایە وەیخوێنم.

ئەوە هیچ کە چێشتەنگاو قایم دەبوو و بابم وەدەر دەکەوت، دایکم بانگی دەکردم: غەریب داکت بە قوربان بێ تۆزێکیش بۆ من وەخوێنە. ئەگەر دەستم بە خوێندنەوە دەکرد، ئەو داکە بەستەزمانەی من چاوی وشک نەدەبۆوە. ئەمن نەمدەزانی نە بابم شەوانە بۆ وا دەکات و نە دایکم بەیانیان بۆ وا دەگریا؟ شتێکم هەڵدەکراند، بەڵام نەمدەزانی مەسەلەکان چین. کە گەورە بووم، تێگەیشتم گریان و ئاخ و ئۆف و داد و هوڕەی داک و بابی من ئەوەی هێناوە کە بۆیان کردووە.

## پێم وایە گەورەترین موعجیزەی شیعر زمانە

**ڕامـــان:** پێشم وایە ئەو زمان پاراوییەی ئێوە کە وەرگێڕانەکانتی پێ دەخوێنینەوە یان شیعرەکانت، لەو سەرچاوەیەوە هاتبێ کە بەو بەیت و حەکایەتە کوردییانە ئاشنا بووی؟

**غەریب پشدەری:** ئەمن ئەو کاتە بیرم لەوە نەکردۆتەوە تەنانەت وشە و موفرەداتی زمانەکەش بۆ ئەوە فێر ببم کە دواتر شتی پێ بنووسم. ئەو هەستەی کە جەنابت دەفەرمووی لە دوای پۆلی سێی ناوەندییەوە دەستم پێکرد. من سروشتی ناوچەی پشدەرم یەکجار زۆر خۆش دەویست، کە هەڵبەتە ئێستاش هەروام. ئەو دەمە بە چاوێکی دیکە سەیری ئەو ناوچەیەم دەکرد. هاوینان کە لە قوتابخانە دەبوومەوە، کە ئیشێکم نەبایە بە ناوچەی پشدەردا دەگەڕام. بۆ دەگەڕام، نازانم! لە تەواوی ناوچەکە کوێرە دێیەک و کوێرە کووچەیەکیش نەماوە شەوێکی تێدا نەمێنمەوە، یان لەگەڵ خەڵکەکەی نەدوێم و نەیمە ئاشنا. جار و بارەش سنوورەکەم دەبەزاند، لە کەوشەنێ دەچوومە ئەودیوی. ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕیش دەگەڕام، هەر پێم خۆش بوو. لە سەرەنجامی ئەو گەڕان و سووڕان و چوون و گەوێ هەڵخستن لە دەمودووی بەتایبەتی گوندییەکان، کە ناوچەیەکی دوورەپەرێزە و زمانەکەیان بە پاکی ماوەتەوە، ئەمە وای کردبوو زمان فێربم. لە هەموو شتم دەپرسی. ئەگەر لووتکە شاخێک لەپشت گوندێک با دەبایە نێوی بزانم. ئەو ڕێیە، ئەو چۆمە، چی پێدەڵێن؟ بۆ کوێ دەچن؟ تەنانەت ئەو گژوگیایانەی بۆ کاری پزیشکی بەکاردەهاتن و وەستایەک لە وەستا هەرە گەورەکانی ناوچەی ئێمە کە ئەو گژوگیایانەی بەکاردەهێنا وەستا ساڵح-ی بابی وەستا هەمزەیە، دەڵێن ئەوەندە پزیشکی چاک بوو لە برینان، تەنانەت ئەگەر گوللەیەک لە لەشی یەکێکدا مابایەوە کە گیای لێدەنا، هەر بە گیاوگۆڵی وڵاتی خۆمان گوللەکەی دەردەکێشایەوە دەرێ.

من هێنابووم هەرچی گیاوگۆڵێکە، ناوی چییە، لە چ دەڤەرێک شین دەبێ، نموونەیەکم وەرگرتبوو، ڕەنگ و ڕاژایەکەم نووسیبوو. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی فێری وشە و موفرەداتی زیاتر بم. من لەوێوە فێری زمانی کوردی بووم و پاراوی زمانی خۆمم لە کن خۆشەویست بوو.

بەتایبەتی من کە لە سلێمانی پەخشانم دەنووسی، بەشێوە زمانی سلێمانی دەمنووسی و پێم وابوو ئەگەر بەو شێوە زمانە نەنووسم بە کوردی حیساب ناکرێ، کەچی دوایە تەماشام کرد ئەوەی ئەمن دەیزانم و شێوەزمانی خۆمە، تاموچێژێکی زیاتر بەرجەستە دەبێ. لەبەرئەوە زۆر زوو بام دایەوە. کە ئەمن پێم وایە زمانی ستانداردی کوردی لەوێوە دەست پێبکەین.

**ڕامان:** بەو ئەزموونەی خۆتەوە چ قسەیەکت بۆ لاوەکان هەیە، چونکە دەبینین لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خوێندەواری باشن، بەڵام زۆربەی زۆریان لەبەر ئەوەی زمانەکەیان سەقەتە، بۆچوونەکانیان ناگاتە خوێنەر، تۆ بۆ ئەوانە چ دەڵێی؟

**غـەریب پشـدەری:** من پێم وانییە زمان تەنیا لەنێو کتێبانەوە خەڵک فێری دەبێ، کەس زمان لەناو کتێبانڕا فێر نابێ. ئەو زمانە لە پێشەوە هەیە کە کتێبی پێ نووسراوە. گەنج و لاوەکانی ئێمە، بەتایبەتی هی ئەو سەردەمە، هەم دەتوانم بڵێم ناهەقیان نەبووە، هەم دەتوانم بڵێم هەقیشیان نییە، لە لایەکەوە ئەو قۆناغەی کە نەتەوەی کوردی پێدا تێدەپەڕی، بەو هەموو گرانی و

فشارەی لەسەری بوو، ئەو هەموو شەڕ و هەرا و لێدان و کوشتوبڕ و ڕەشبیگرییەی لەسەری بوو، ڕەنگە ڕێگای ئەوەی بەلاوەکانی ئێمە نەدابێ بتوانن لە سنووری شاری خۆیان وەدەرکەون. ئەگەر توانیبایان هەریەکە پەنجا دێ گەڕابا و شێوەزارەکانی بیستبان، پێم وایە هەر بۆخۆی، هەر بە تەبیعەتی حاڵ زمانەکەی دەگۆڕا. چونکە وەک گوتمان زمانی پاک لە دەرەوەی شارە. زمانی شار بە دەردی عەزیز نەسین دەڵێ: لە بۆنی دووکەڵی بەنزین و گازۆئیل زیاتر هیچی دیکەی لێ نایە. ئەگەر لەشار وەدەرکەوتبان و لەگەڵ ئەو سروشتە جوانەی خۆمان تێکەڵاو بووبانایە، دەگەڵ خەڵکە سروشتییەکە کە بە زمانی زگماکی دایکی خۆی قسە دەکا لەوانە فێر بووبانایەو شتیان لێوەرگرتبانایە، مەخزوونێکی فیکری و فەرهەنگێکی زمانەوانییان لەوێوە دەست بکەوتایە، بێگومان ئەوانیش ئێستا ئەو زمانە سەقەتەیان تووش نەدەبوو.

لە لایەکی دیکەوە نەک وەک گلەیی و گازندە، بەڵکو من وەک پەرۆشییەک ئەوە دەڵێم لاوەکانی ئێمە تۆزێک بەخۆیاندا بچنەوە، هێندە کەمتەرخەم نەبن بەرامبەر بە زمانەکەیان. با لەنێو شارەکانیش بن. شارەکانی ئێستا وەک جاران نییە، تایبەتمەند بێ بە کۆمەڵێک خەڵکی ئەو شارە کە تێیدایەتی. شارەکانمان ئیستا تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونێکی سەیریان تێدایە. بۆ نموونە شاری هەولێر، ئەو هەموو گوند و ئاوەدانییانەی کوردستان کە وێران کرا و چۆڵ کرا و کۆمەڵگایان بۆ کرایەوە و دواتر زۆربەی زۆریان هاتنە ناو شار و هەموو شێوە زمانەکان لە هەولێردا تێکەڵ بوون، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی هەست بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە زمان و ئایندەی خۆمان ناکەین، جار بەجار گاڵتە بە شێوە زمانی یەکتر دەکەین! دەیکەینە مایەیەک بۆ ئەوەی لە یەکتر دڕدۆنگ بین. بە هەموو ئەو شێوە زمانانەوە زمانی کوردییان پێک هێناوە.

**ڕامان:** پێت نەگوتین بۆ شیعرت هەڵبژارد بۆ نەبوویە گۆرانیبێژ؟

**غەریب پشدەری:** من وەک پێم گوتی زیاتر بەیتە فۆلکلۆرییەکانم لەبەر دەکردن و لەوێوە هەستم کرد شێوە زمانێکی دیکە هەیە کە پێی دەڵێن شیعر، بەتایبەتی لە لەیل و مەجنوون-دا، زمانی شیعریم لە زمانی قسە پێکردنی ڕۆژانە جیا کردەوە و ئەو وەزن و قافیە و ئەم شێوە نووسینە بۆ من خۆشتر بوو.

من هەتا ئێستاش دەنگی خۆم پێ ئەو دەنگە نییە کە بێتە کۆڕی گۆرانی و هونەرەوە. ئەوەندەی گوتوومە یان دەیانڵێم، لە خۆشی دۆست و یارانی خۆمە، یان دەربڕینی غەمێکە بۆ خۆم یان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆڕ و دانیشتنێکە.

ساڵی ١٩٥٦ حەسەن زیرەک هاتە قەڵادزێ، لە ماڵێک گۆرانی دەگوت، من شەو تا بەری بەیانی وەکو منداڵێک خۆم مات کردبوو، بۆ ئەوەی تەنیا گوێم لە دەنگی ئەو بێ. گۆرانییەکانی ئەوم وەک خۆی دەگوتەوە، کە باوکم زۆر زوو چووە بەر ڕەحمەتی خوا، لە دەڤەری ئێمە ئەوە نەبوو هەتیوێک دەست دە بنا گوێی نێ و گۆرانی بڵێ، چونکە بابیشم مابوو نەمدەوێرا گۆرانی بڵێم، دەیانگوت بۆتە چاوەش! ئەگەر بارودۆخی ئەودەم وەک ئێستا بوایە لەوانەیە بووبامایە گۆرانیبێژ.

**ڕامان:** شیعر لای تۆ هۆیە، یان ئامانجە یان چییە؟

**غەریب پشدەری:** قوربان تۆ لەلایەکی دیکەوە بۆم دێی! بە تەمای پێناسەیەکی شیعر بە من بکەی، بەڵام من پێم وانییە، ئەو ئیلهامە، ئەو ڕۆحییەتە، ئەو شتە ناسکە، ئەو پەرییە، بتوانی بیهێنی لە بەرامبەر خۆتی دانێی و پێناسەیەکی بۆ بکەی. هەر لە جەمهوورییەتی ئەفلاتوونەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەی شیعری گوتووە و شیعری گوێ لێ بووە و شیعری خوێندۆتەوە، پێم وانییە توانیبێتی پێناسەیەک بۆ شیعر دابنێ، بەڵام هەر کەسە لەلای خۆیەوە دەتوانێ تەفسیرێکی هەبێ یار هەر یارە بەڵام هەر کەسەو بە جۆرێکی پێ هەڵدەڵێ.

**ڕامان:** ئەگەر بۆمان ڕوون بکەیەوە ئایا شیعر بەلای تۆوە وەسیلەیە بۆ ئەوەی شتێکی پێ دەربڕی و پەیامێکی پێ بگەیەنی، یان هۆیەکە بۆ جوانی و چێژ گەیاندن و جوانکردنی ژیان؟

**غەریب پشدەری:** ژیان بۆ خۆی جوانە، ئەگەر ناشیرین نەکرێ. شتە ماددی و مەعنەوییەکانی دەوروبەری ژیانیش، بەزمانیشەوە، بە هەموویان هەوڵی ئەوەیانە ژیان جوانتر بکەن. شیعریش دەتوانم بڵێم هۆیەکە، لە ڕێگایەوە دەتوانین زۆر کار بکەین. جاری وا هەیە شیعر دەبێتە تفەنگێک، لە سەنگەرێکدا وەکو پێشمەرگە شەڕ دەکا، ئەوە لە کاتێکدا کە نەتەوەکە لە حاڵەتی بەرگریدایە، جاری واش هەیە هەر شیعرە، دەبێتە کچۆڵەیەکی ناسک و نازدار تۆ ژوانی لەگەڵ دەبەستی و حەزی لێدەکەی. جاری واش هەیە شیعر دەبێتە گوڵێک بۆ یەخەی میللەتێک.

جاری وایە شیعر، شاعیر دروست دەکات، ئینسان دروست دەکات، ئینسانێک دروست دەکا لە زۆر لە ئینسانەکانی دیکە جیاواز بێ. نەک لە بارەی هەناسەدان و خواردن و جلوبەرگ لەبەرکردنەوە، بەڵکو لە بارەی بیروبۆچوون و ناسکی و دەربڕینەوە.

کە بە هەوڵ و غەمەکانی خۆی ئەوەی خەڵک لێی ون دەبێ، ئەو دەیاندۆزێتەوە. دەنا جیاوازیی شاعیرێک لەگەڵ مرۆڤێکی دیکەدا چییە؟

**ڕامان:** دیسان دەمەوێ بزانم چۆن لە ئەرکی شیعر تێدەگەی؟

**غەریب پشدەری:** شیعر بەپێی قۆناغ و سەردەمەکەی، ئەرکەکانی جێبەجێ دەکا. هەر شاعیرێکیش مرۆڤی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئینجا ئەو دیتن و بیستنانەی کە لە خەڵقی شاراوەن، ئەو دەیاندۆزێتەوە و تەسلیمی خاوەنەکانیان دەکاتەوە.

**ڕامان:** ئایا شیعر لە لای ئێوە جۆرێکە لە ئیلهام و سروش، یان ئەوەتا جۆرێکە لە سنعاتسازی و باگراوەندی ڕۆشنبیری پێتی دەنووسێ؟

**غەریب پشدەری:** نازانم، لەوەتی دەستم داوەتە شیعر، ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆم بۆ ئەوە حازر نەکردووە بڵێم ئەوە دادەنیشم شیعر دەنووسم. ڕەنگە لە کاتێکدا کە خەریکی کارێکی دیکە بوویم، لەپڕ کەوتوومەتە نێو دنیای شیعرەوە، هەستم بە حاڵەتێک کردووە کە دەبێتە حاڵەتی ئەو دەروێشانەی جەزبە دەیانگرێ. دانیشتووم، قەڵەمم بە دەستەوە بووە، کاتێکم بەخۆم زانیوە پارچەیەک شیعرم نووسیوە کە لە خەیاڵی من نەبووە و ئاگام لێی نەبووە و خۆم بۆ ئامادە نەکردووە، کە بیرم لێ نەکردۆتەوە، بەڵام کەفوکوڵ و گرژبوونێک لەناو مندا دروست بووە بۆ ئەوەی بەرەو ئەو لایەنەم پەلکێش بکات و وازم پێ لە کارەکەی دیکە بێنێ. جاری وا هەبووە کە لە پشت مێزەکەم دانیشتووم و قەڵەم و کاغەزم بە دەستەوە بووە و لە دنیای شیعرێکدا ون بوومە کە قاچم خستۆتە سەر قاچم، نەمزانیوە چەپەم لەسەر ڕاستەمە یان ڕاستەم لەسەر چەپەمە. دەستم داوەتێ بۆ ئەوەی ڕاستەو چەپەی خۆم بناسمەوە و قاچم هێناوەتە خوارێ. من کە شیعریشم تەواو کردووە نەمزانیوە چم نووسیوە، وازم لێهێناوە، حەفتەیەک دوای ئەوە بۆی گەڕاومەوە..

جارێک، ساڵی ١٩٧٥ لە ئێران هاتبوومەوە، مێشکم ئەوەندە گرژ بوو، دنیام ئەوەندە لێ تاریک بوو، قۆڵم لە کراسی هێنابووە دەرێ و تووشی یەئس و نائومێدییەکی



**غەریب پشدەری - قەڵادزێ - ١٩٥٤**

سەیر ببووم. ڕۆژێک شیعرێکم نووسی، چوارپێنج کۆپلە بوو، کە خوێندمەوە هیچم لێ هەڵنەکڕاند، دامنا لەوێ. ڕۆژێک کەمال میراودەلی- یادی بەخێر- لەگەڵ جەزای عەلی ئەمین هاتنە ماڵی مە. ئەمن لە دەرێ بووم و ئەوان لە ژوورێ بوون، کە چوومەوە ژوورێ پارچە کاغەزێکیان بە دەستەوە بوو.

گوتیان: غەریب ئەو شیعرە هی کێیە؟ گوتم: ئی منە و فڕێشم داوە، هەر چەند دەکەم بۆم ناچێتەوە سەریەک. گوتیان: لەوەتی تۆ شیعر دەڵێی لەوەت چاتر نەگوتووە. گوتم دەباشە ئەوە کۆرپەیە و ئێوە ناوی لێ نێن. ئەوان ناویان لێنا «ژانی وەرزەکان» کە بوو بە ناونیشانی یەک لە کتێبەکانیشم، کەچی کە دوایی تەماشا دەکەم، ئەو شیعرەیە کە گوزارشتی لەو هەموو ژان و ژوار و نائومێدییەی من کردووە.

**ڕامان:** کەواتە لای تۆ ڕوون نییە کەی شیعر میوانتە؟

**غەریب پشدەری:** قەت، جاری وا هەبووە لە زیندەخەو ڕاپەڕیوم و شیعرێکم نووسیوە و جوانیش دەرچووە.

**ڕامان:** ئەی بۆ تۆ وەک شاعیرێک شەو لەبارترە بۆ شیعر نووسین یان وەختی تر؟

**غەریب پشدەری:** من ئەو کاتانەم بۆ خۆم دەستنیشان نەکردووە.

**ڕامان:** ئەی بۆ ئەو ڕایە دەڵێی چی کە دەڵێ ئەرکی

شیعر زیاتر ئەرکێکی ئیستێتیکییە؟ واتە بۆ ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر لەبار نییە؟

**غەریب پشدەری:** جا خۆ باشە هەر ئەزموونی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی خۆمان ئەوەی سەلماندووە کە شیعر دەورێکی کاریگەری لە هەوڵ و تێکۆشان هەبووە. من بۆ خۆشم بەو قۆناغەدا تێپەڕیوم. من باسی خۆم دەکەم، «ئاواتی پێشمەرگەیەک» یان «نامەیەک بۆ دایکم» کە نووسیومن، ئەوەندەی منیان لەناو خەڵکدا ناساندووە زیاتر لە ڕێگەی ئەو شیعرانەوە بووە. زۆر کەس پێیان گوتووم ئەو شیعرانەی تۆ ئەوەندە هانی منیان داوە کە بچم چەکی پێشمەرگایەتی لە شانی خۆم بکەم. باشە جاری وایە کابرای سیاسی و پێشمەرگەش شاعیرە، ئەویش ئینسانێکە و تەعبیر لە زاتی خۆی دەکا. بە دەردی مام هێمن دەڵێ: من شیعر بۆ دڵی خۆم دەنووسم، بۆ کەسی نانووسم. بەڵام لە شیعرەکاندا بەشی جەنابتی تێدایە و بەشی کەسانی دیکەشی تێدایە.

لە قەڵادزێ بووم. شیعرێکم نووسیبوو لە «هاوکاری» بڵاوم کردەوە، شەوێک تەلەفۆنیان بۆ کردم. گوتیان پرسیارێکمان هەیە. ئەو شیعرە ئێمە (١٢) کەس خوێندوومانەتەوە. لە دوازدە کەسەکە، یەکێک دەڵێ سیاسییە و یازدە کەسیش دەڵێن، نەء، ئەو شیعرە دڵدارییە و بۆ «نوقڵێ»ی نووسیوە، تۆ ڕات چییە؟ کاممان ڕاست دەکەین؟ گوتم هەردوولاتان ڕاست دەکەن.

**ڕامان:** بەلای تۆوە بوێری و جورئەتی شاعیر لە چیدایە؟

**غەریب پشدەری:** من بوێری و ئازایی لە هەڵوێستی شاعیرەکەوە دەبینم. بەرامبەر بە ژیان و تەنانەت شتە جوانەکان دژ بە شتە دزێوەکان.

شاعیر کەسێک نییە لە دەرەوەی جوغزی کۆمەڵگایەکەی خۆی بێ، کۆمەڵی وا هەیە دەردی ئەوەندە گەورە و کوشندەی تێدایە، نەک هەر شاعیر لە توانای زۆر کەسدا نییە کە چارەسەریان بکا، تەنیا هەندێ جار زەمەن کەفیلە بۆ ئەوەی زۆر لە شتە دزێوەکان ڕابماڵێ، بەڵام شاعیر ناتوانێ وەک پزیشکێک یان وەک لێتوێژەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەر دەردێک شیعرێک بنووسێ، زۆرجار ئەو شتانەی کە ئازاری ڕۆحی ئینسان دەدا یان ئازاری ڕۆحی نەتەوایەتی ئەو شاعیرە دەدا و وای لێدەکا هەست بە زۆر لێکراویی خۆی بکات، ئەوکاتە هاواری لێ هەڵدەستێ و بەیەک لە شێوەکان دەربڕینێک دەکات، بەڵام مەرج نییە هەموو شاعیرێک داوای ئەوەی لێ بکرێ. لەوەتی بیرم لەوە کردۆتەوە کە شیعر بە چ ڕێچکەیەکدا بەرم و پێکەوە بەو ڕێیەدا بڕۆین، خەریکی ئەوەم جوانییەکان لە کوێ هەن، بیانهێنم پێشانی خەڵکیان بدەم، بەکەسیش ناڵێم ئەو شتە ناشیرینە. لە ڕێی پێشاندانی جوانییەکانەوە، با خەڵک دزێوییەکان ببینێ، من تەنیا جوانییەکانیان دەدەمێ.

**ڕامان:** ئەی چەند خۆت بە ڕەخنەگری خۆت دەزانی؟

**غەریب پشدەری:** ئەمن کە شیعرێک دەنووسم هەتا سێ مانگانیش لەرزم دێتێ، داخۆ ئەو شیعرە چەند بەکەڵک دێ. هەتا لە خەڵک نەبیستمەوە، من هەمیشە خەڵکم کردۆتە پێوەری سەرکەوتنی شیعرێکم.

## ئافرەت نیشتمانی منە،
## مرۆڤی بێ نیشتمان ناژی

**ڕامان:** جاری وا هەبووە شیعرێکت نووسیبێ و دوایی خۆت وەک ڕەخنەگرێک پێیدا چووبێتییەوە و دڕاندبێتت، یان بڕیاری بڵاونەکردنەوەیت نەدابێت؟

**غەریب پشدەری:** من پێم وانییە تا ئێستا شیعرێکم نووسیبێ و لێی پەشیمان بووبم، بەڵام لە داڕشتن و شێوە دەربڕیندا ڕەنگە یەک لە یەکیان بۆ من چاکتر بووبێ. بۆ خۆشم ڕەخنەم لێگرتووە کە ئەوەیان چاترە لەوی دیکە.

جاری وابووە لە شیعرێکدا بایی دە شیعرم وشە و بیرو بۆچوون تێدا بەکارهێناوە، یان مۆسیقام تێدا دۆزیوەتەوە. جاری واش بووە لەگەڵ شیعرێکدا کوڵاوم و بۆ خۆمم گوتووە، بۆ نموونە ساڵی هەشتایەکان شیعرێکم لە «کاروان»دا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «دوو ڕووی ئاوێنەی عیشقێک» ، بەیانییەک گەنجێکی زۆر ڕێکوپێک و بەویقار، هات چاک و چۆنی لەگەڵ کردم، گوتی: جەنابت غەریب پشدەری؟ گوتم فەرموو: گوتی ئەو شیعرەی لە کاروان بڵاوبۆتەوە هی تۆیە؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: ئەتۆ بە چ دەستێکی دەنووسی؟ گوتم: بۆ ، بەدەستی ڕاست دەنووسم. دەستی ڕاستمی گرتە ناو هەر دوو دەستەکانی، وردە وردە پەنجەکانمی کۆکردەوە و من هەر تەماشای دەکەم. گوتم: کاکە کەرەم کە، ئەتۆ چت دەوێ؟ گوتی: توخوا بەو پەنجانە دەینووسی. ئەگەر لەپڕ هەمووی لە زاری خۆی نان و پێکەوەی ماچ کردن، گوتم:

بابەگیان بۆ وا دەکەی؟ گوتی: ئەوشۆ نۆزدە جارم خوێندۆتەوە، ئەتۆ چۆنت زانیوە ئەمن ئەوەم، تۆ شیعرت بۆ من نووسیوە!

**رامان:** ئەی دیاردەی لەخۆبایی بوون بەتایبەتی لای شاعیرانی لاو چۆن تێدەگەی؟ ئەی خۆت ڕێکەوتووە هەستت بە لە خۆبایی بوون کردبێت؟

**غەریب پشدەری:** من وەکو لەخۆبایی بوون، نا، بەڵام سەروەختێکی زۆر زوو هێندەم بەخۆ ڕادەپەرموو، هێندە بە پەلە بووم، هێندە پڕ کەفوکوڵ و هەڵچوو بووم و پێم وابوو دەبێ بە مانگێکی ببمە شاعیرێکی هێندە گەورە، لە ئاراگۆن-ی فەڕەنسی بەولاوەتر بچم. سەربردەیەک دەگێڕمەوە کە ناتوانم بڵێم لەخۆبایی بوونە، بەڵکو بە هەڵەی هەرزەکاری دەزانم، حەریق شیعرێکی هەیە دەڵێ:

**بێرە مەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لینگ دە حەریق**
**تا بزانم کێ بە شیعرت سوحبەت و بازی دەکا**

غەریب پشدەری زۆر بە ڕووی حەریق-دا هەڵشاخیتەوە:

(داوای لێبوردن لە تاک تاکی وشەکانی حەریق و زاتی حەریقی شاعیر دەکەم)

**دێمە مەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆشم لینگ دەدەم**
**تا بزانم کێ بە شیعرم سوحبەت و بازی دەکا**

ئاگاشم لەوە نییە هەموو سەبک و داڕشتنەکەشم هەر ئی حەریق-ە.

جا ئەمن ئەوانە بە لەخۆبایی بوون نازانم. لەخۆبایی بوون ئەو کاتەیە کە شاعیرێک تەکامول دەکات و لووتی بچێتە ئاسمان و پێی وابوو هەموو کەس دەبێ بە پەنجە ئاماژەی بۆ بکا و لەسەر شانی دانێن و دەستی شاعیرێتی بۆ بەسەر سینگەوە بگرن. ئەو دیاردەیە دەتوانێ شاعیرە لاوەکانمان زوو تووشی هەڵدێر بکاو ببێتە هۆی ئەوەی لە تەمەنێکی کورتدا بمرن.

**رامان:** زۆر باسی ئەوە دەکرێ کە چاخ، چاخی تەکنۆلۆژیایە و ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێستا هەیە زۆر جار پاشەکشە بە شیعر دەکا. تۆ ئەو مەسەلەیە چۆن دەبینی؟

**غەریب پشدەری:** تەکنەلۆژیا هەرچەند پێش بکەوێ، لە ئامێرێک بەو لاوەتر نییە، بەڵام هەست و نەستی ئادەمیزاد کە ئۆرگانێکی زیندووە ئایا لەگەڵ ئامێرێک بەراورد دەکرێن کە ئینسان خۆی دروستی کردووە؟ ئایا گەورەترین ڕۆبۆت بە هەموو عەقڵی ئەلەکترۆنی دنیاوە بیهێنی، دەتوانی ئەو هەست و سۆزە دڵدارییەی لە بەینی دوو ئینساندا دروست دەبێ، مومارەسەی بکات، ڕەنگە بتوانێ لاسایی بکاتەوە، بەڵام ئایا ئەو هەڵقوڵێن و کەفوکوڵ و جۆشان و بەدواداچوون و ڕۆحە ئینسانییەی کە لەو خۆشەویستییەدا هەیە، لە ڕۆبۆتێکدا دروست دەبێ؟

تەکنەلۆژیا هاتووە بۆ ئەوەی بەلایەنەکانی خۆیەوە خزمەتی ئینسان بکا. ڕاست دەفەرمووی، تەلەفزیۆن دێت، سەتەلایت دێت، ئینتەرنێت دێت، ئیلهای خەڵک دەکەن بەلای خۆیانیدا ڕابکێشن و کەمتر بەلای شیعر و خوێندنەوەدا برۆن، بەڵام ناتوانێ لە ئیحساس و هەست و نەست و سۆزی ئینسانی کەم بکاتەوە. هەتا ئینسان بمێنی، پێویستی بە شیعر و دەربڕینی جوان هەیە.

**رامان:** کەواتە تەکنەلۆژیا لەمڕۆکەدا هیچ تەئسیرێکی لەسەر ڕەواج و برەوی شیعر نییە؟

**غەریب پشدەری:** بە کۆمەڵگا دەگۆڕێ. ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەنی تەکنەلۆژیایەکەن جیاوازن لەو کۆمەڵگایانەی تەکنەلۆژیایەکە بەکاردێنن. ئەو کۆمەڵگایەی خاوەن تەکنەلۆژیایەکەیە، لاوەکانی هەر لە ڕێوە بەرەو لایەنە زانستییەکە دەبات، بەڵام کۆمەڵگاکانی وەک هی ئێمە کاتمان بۆ ئەدەب و شیعر زیاترە.

**رامان:** شیعر خوێندنەوەی ناو کۆڕەکان چۆن تێدەگەی؟

**غەریب پشدەری:** من زۆر کۆڕی شیعر خوێندنەوەم دیتوون. (بەداخەوە دەڵێم) کۆمەڵە شیعرێک لەو سەردەمەدا هاتۆتە دنیا، کۆمەڵە قەڵەم بەدەستێک (کە ناتوانم بڵێم شاعیر) هەموویان دەمودوویەکیان هەیە و یەک شت دەجوونەوە. ئەگەر شیعری دە کەسیان بەبێ ناونیشان بەدوای یەکدا ڕیزکەی وەدەزانی یەک شاعیر نووسیویەتی. یەکێکیان هەوڵ نادا خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆی بێ، خاوەنی ڕێچکەیەکی خۆی و هەست و زمانێکی خۆی بێ. من پێم وایە گەورەترین موعجیزەی شیعر زمانە. شیعرەکانیش زۆر بێ سەروبەر و بێتامن و وەبەر شەپۆلی ڕۆشنبیریی دەرەوەی وڵاتی ئێمە کەوتوون. شاعیرە لاوەکانمان وەک خۆیان بیر ناکەنەوە، وەک خەڵکی تر بیر دەکەنەوە. لەبەر ئەوە ئەو تاموچێژەی نە لای من و تۆ هەیە و نە لای کەسی تر...

**رامان:** مەبەستم ئەوەیە لە کۆڕەکاندا شیعر خوێندنەوە بۆتە باو. ئێستا ئەو تەکنیکە گۆڕاوە. زۆر کەس لەجیاتی ئەوەی شیعر لە کۆڕدا بخوێنێتەوە کە ڕەنگە ئیلقاشی باش نەبێ، لە جیاتی ئەوە دەخرێتە سەر کاسێت، یان دەیدەنە ئەکتەر، بێژەرێکی باش، کە دەنگ و ئیلقای باشی هەبێ، کەچی لای ئێمە لە ساڵانی حەفتایەکانەوە



**کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە ڕانیە - ١٠/١٠/١٩٨٥**

بەشێوەیەکی زۆر تەقلیدی ڕوومان کردۆتە شیعر خوێندنەوەی ناو کۆڕان، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر شێوەو ئیلقاو شێواز و تەکنیکی خوێندنەوەی شیعردا هاتبێ؟

**غەریب پشدەری:** ئەمن ئەوە بە کەم ڕۆشنبیریی شاعیرەکان دەزانم کە ئاگایان لە پێشکەوتنی ئەو بوارانە نییە. ئاخر ئێستا ئامێری وا هەیە، ئەتۆ دەنگت ناخۆشیش بێ، گۆرانی بلێییت دەنگت خۆش دەکا، بەڵام ئەگەر بمانەوێ شیعر مکیاج و ڕتووش و ڕەنگ بکەین، بەراستی بەوشتانە نابێتە شیعر. وەک گوتم ڕەنگ و ڕواژا و جوانی شیعر لە موعجیزەی زماندا خۆی بەرجەستە دەکات، بێجگە لەو توخمانەی کە بۆ شیعر پێویستە و دەبێ تێیدا بێ. جاری وایە دیومە شیعریان نووسیوە دێڕێکی دوورودرێژ، وەک پارچە پەخشانێکیش نەبووە، گوتوومە شیعر ئەگەر مۆسیقای تێدا نەبێ، کەی شیعرە؟ شیعری واهەیە هەر خۆی ئاهەنگەکە بە کابرای ئاهەنگساز دەسازێنێ.

**ڕامان:** مانای وایە تۆ شیعری لاوەکان دەخوێنیتەوە؟

**غەریب پشدەری:** حەتمەن، من هەموو شتێک دەبێ بخوێنمەوە.

**ڕامان:** باشە سەرنج و ڕەخنە و تێبینیت لەسەر ئەو شیعرانە چییە؟

**غەریب پشدەری:** ئەمن پێم خۆشە شاعیرەکانی ئەوڕۆمان لەپێش هەموو شتێک پێیان عەیب نەبێ و ئەو جورئەتە بە خۆیان بدەن، ئاوڕێک لە شیعری کلاسیکمان بدەنەوە، پێیدا بچنەوە، تێی بگەن، هەزمی بکەن، کابرایەکی وەکو نالی، لە سەنعەتی شیعریدا هەتا ئێستا کێ توانیویەتی تۆزی پێی بشکێنێ؟ هەر وشە سادە و ساکارەکانی من و تۆ قسەی پێدەکەین، بەکاری هێناوە، بەڵام ئافەرین بۆ ئەو وەستایەی توانیویەتی هێند بەلەبارییان دانێ، ئەگەر بە شاقوولیش بیپێوی یەکێکیان لە دیواری شیعر نایەنە دەرێ بۆ ئەوەی نەشازی بکەن.

یان کەسێکی وەک مەحوی.. من ئێستا دەرفەت نییە باسی هەموویان بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی بونیانی شیعری ئەوڕۆمان لە بەینی ئەوڕۆ و دوێنێ بۆشاییەکی تێنەکەوێ، ئێمە بەسەرماندا باز داوە، دەمانەوێ هەنگاومان لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری خۆمان جووت کەین، ئەوان دەرفەتی پتریان هەبووە و دەوڵەمەندترن، لە باری زمان و فەرهەنگەوە، ئەوان دەوڵەتیان هەبووە و خاوەنی خۆیان بوون.

کوردێک هەتا ئەوڕۆش نەبۆتە خاوەنی حەقێکی نیوە دەڵەمە، ئەی ئێمە بۆ بچین بە دەهۆڵ و زوڕنای خۆمان لە شایی و زەماوەندی ئەم و ئەو هەڵپەڕین؟ کاکە، بووکەبارانەکەی خۆمان لە بووکەخانەکانی ئەوان جوانترە.

**ڕامان:** ئەوە بەو مانایە دێ کە تۆ لەو بڕوایەدا بیت شیعری کوردی لە قەیران و تەنگژەدا بێ؟

**غەریب پشدەری:** من وەکو قەیران ناوی ناهێنم. من گلەیی لەوە دەکەم بۆ ڕێگای ئەوە بدەین، بۆ بەو شێوەیە بەرێچکەی شیعردا بڕۆین. من دەڵێم با لە دنیای دەوروبەر و دنیای دوور بتەکێنەوە و بێینەوە ناو دنیای خۆمان. ئێمە فۆلکلۆرمان هەیە، بایی ئەوە دەکا سەدان شاعیری دی دروست کا. ئێمە بۆ خۆمان بەکەم بزانین؟ بۆ پێمان وابێ شیعری کوردی لە بەرامبەر شیعری دەرەوە چاوی هەڵنایە. ئێمە شیعری وامان هەیە سەد ساڵی دیکەش ئەوروپا ناتوانێ شیعرێکی ئاوا دابنێ.

**ڕامان:** تۆ وەک شاعیر و وەرگێڕ ناسراوی. بەڵام زیاتر سیفەتی وەرگێڕییەکەت بەسەرتدا زاڵە وەک شاعیرێتییەکەت.. ڕات لەسەر ئەوە چییە؟

**غەریب پشدەری:** من تا ماوەیەکی درێژ زۆر بە دنیای شیعرەوە مەشغووڵ بووم، بەڵام تەماشام کرد ئەو هەموو حەز و ئارەزووەی لە ناخی مندا هەیە بۆ خزمەتکردنی وشە و ئەدەبی کوردی، لە شیعردا جێی نەدەبۆوە. بەتایبەتیش کە فێری زمانی فارسی بووم، بەم قووڵاییەی کە چوومە ناو ئەدەبیاتی فارسی (ئەوە نەبێتە ستایش کە من هەمیشە ڕقم لێیەتی) توانیم لەخۆم ڕاببینم کە ئەو زمانە کوردییەی دەیزانم، زمانە فارسییەکە و زمانە عەرەبییەکەی زۆر چاک تێدا جێ دەبێتەوە و بۆ هیچ شتێکی ئەو زمانانە پەکی ناکەوێ، هەستام دەستم دایە

وەرگێڕانیش.

هەڵبەتە ئەمن هەمیشە بیرم لەوە کردۆتەوە کە نەتەوەی ئێمە لە ڕووی وەرگێڕانەوە زۆر هەژارە، هەرچەند ئەوە کارێکی تاقە سوارانەیە ئەمن دەیکەم. دەشڵێن تاقە سواری تۆزێ ناکا، بەڵام تۆزێ بکاونەکا ئەوەندەی لە دەستم بێ و هەتا دەشمێنم بەردەوام دەبم. زمانی ئێمە ئەگەر خزمەت نەکرێ و هەمـوو لایەک بۆی بە پەرۆش نەبین، ئەگەر لە دنیـای بیـروڕا و بۆچوونی خـەڵکانی دیکەوە شـتی بۆ نەهێنین و دەوڵەمـەندی نەکـەین، زمانەکەی خۆمان دەپووچێتەوە.

**ڕامـان:** ڕات بەرامبەر ئەو قۆناغبەندییانەی بۆ شیعر دەکرێ چییە؟ بۆ وێنە هەر دەساڵ جارێک بە قۆناغێک دابنرێ؟

**غەریب پشدەری:** ئەی باشە شیعری نالی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی لە چ قۆناغێکی دابنێین؟ ئەوانە چەند ساڵ لەدوای یەک هاتوون؟ شیعر کەی زەمەنی هەیە؟ شیعر ئەگەر لە من دەپرسی، لە هەموو کاتێکدا مەوجوودە و لە هەمانکاتدا دیاریش نییە. ئیتر ئەو خەتە چییە بۆیان دەکێشن و بەدەردی سنووری نێوان دەوڵەتانی دەبەن؟

**ڕامـــان:** تایبەتمەندی بۆ شیعری سالانی حەفتاکان دادەنێن و دەڵێن تایبەتمەندی شیعری ئەو شاعیرانەی لەو دەساڵەدا شیعریان گوتووە ئەمەیە، ئی هەشتایەکان دەڵێن ئێمە جیلێکی ترین و تایبەتمەندی خۆمان هەیە، نەوەتەکانیش هەروا دەڵێن. ئینجا بۆتە گەڕەلاوژە و پاشاگەردانی زاراوە داتاشین؟

**غـەریب پشـدەری:** کەس ڕێی لەوان نەگرتووە ئەوان شاعیری سەردەم و قۆناغی خۆیان نەبن، بەڵام بۆچی جیای دەکەنەوە؟ خۆ شاعیر عومری نوحی بۆ نەهاتووە. ئەو لە قۆناغ و ماوەیەکی کەمدا شیعر دەڵێ و بەجێی دێڵێ.

وەکـو زەمـەن دەتوانین بۆی دیاری بکەین کـە لەو قۆناغەدا ژیاوە، بەڵام ئایا ئەو شیعرەی گوتوویەتی چەند ساڵ پێش سەردەمی خۆی کەوتووە؟ چەند سالی دیکە دەتوانێ بمێنێتەوە؟ باشە نالی بەکام قۆناغ دابنێین؟ سالانی هەزار و هەشتـسەدو چەند؟ هەر کاتێکی دەیخوێنینەوە نوێیە و داهێنانێکی نوێی تێدایە.

بەڵێ دەڵێن شاعیرەکە لە فلان سەروەختدا ژیاوە، بەڵام وەک شیعر کە دەیخوێنیەوە هەموو ئیحساسە ئینسانییەکانت دەگەڵی دەبزوێ و لە ناوەوە ڕادەچڵەکێی.

**ڕامـــان:** کەواتە تۆ لەگەڵ قۆناغ و ئەو دابەشکردنەدا نیت؟

**غەریب پشدەری:** هەرگیز.. هەرگیز.

**ڕامـان:** ئەی بۆ داهێنانی دەقێکی جوان ڕاستگۆیی بۆ شاعیر و نووسەر چەند کاریگەریی هەیە؟

**غەریب پشدەری:** من وەکو ئینسان ناڵێم سەد دەرسەد، چونکە حوکمدان لەسەر هیچ شتێک بە موتڵەقی خۆش نییە و هەموو شتێک ڕێژەییە، بەڵام لە ڕێژەیەکی زۆر گەورەدا لەگەڵ دیوی ناوەوەی خۆی ڕاستگۆ نەبێ، چۆن لەگەڵ خەڵکی دی ڕاستگۆ دەبێ؟ ئەی شاعیر بۆ خۆی شیعر ناڵێ؟

خەڵک کە هەستی کرد لەگەڵی ڕاستگۆ نیم، هەر جارێک هەڵدەخەڵەتێن. ئەگەر جارێکم خەڵک هەڵخەڵەتاند خوا بمگرێ، ئەگەر دوو جارم خەڵک هەڵخەڵەتاند خوا خەڵکەکە بگرێ.

**ڕامـــان:** ئەدی لە بارەی نیفاق لە نێوەندی ئەدەبی کە خەریکە دەبێتە پەتاو دیاردەیەکی زۆر زەق چی دەڵێن؟

**غـەریب پشـدەری:** ئەمن پێم وایە ئەوە لە پێکهاتەی دەروونی خودی شاعیرەکانەوە سەرهەڵدەدا. پێم وانییە شیعر یان هەر دەقێکی ئەدەبی، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو نیفاقە هەبێت، هەر کەس قەڵەمی خۆی بە دەستەوەیە. من بۆ بیر لەوە بکەمەوە چۆن ڕقم لە فلان کەس دەبێتەوە. ئەوەماڵەکەیە لێم دەکڕی سەرچاوم، لێم ناکڕی مالی قەڵب سەر وەساحێبییەتی، ئیدی بۆ دەبێ ئیللا کە ڕقم لە فلان و فیسار بیێتەوە و بڵێم من شاعیری چاکم. ڕەنگە من شیعری یەکێکم بە دڵ نەبێ، بەڵام قەت ناتوانم ڕقم لەخۆی ببێتەوە، ڕەنگە من شیعری کەسێکم هەر قبووڵ نەبێ، بەڵام دێم موناقەشەی دەقە شیعرییەکەی دەگەڵ دەکەم. ڕەنگە ئەو لێم قبووڵ نەکا، من ڕای خۆم هەیە و ئەویش ڕای خۆی هەیە، بەڵام نایەم بیگەیەنمە ئەوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتی و ئینسانی و نەتەوایەتییەکەی من لەگەڵ ئەو ئینسانە بپچڕێت و بیکەمە نیفاق و ئەوەندە خۆم بچووک بکەمەوە کە ئەو بە هیچ نەزانم. با ئێمە ئەوەندە ئازا بین یەکتر بخوێنینەوە و یەکترمان قبووڵ بێ، یەکترمان خۆش بوێ. دۆستی یەکتر بین و لەیەکتر نزیک ببینەوە. پرس و ڕامان بەیەکتر بێ.

من سەد سالی دیکەش بژیم هەمیشە پێویستم بەوە هەیە پرس و ڕا بەیەک لە خۆم زاناتر بکەم، ئەوی پێی وابێ لە هەموو کەس زاناترە، لە هەموو کەس نەزانترە.

**ڕامــان:** جیـاوازی تۆ لەگەڵ نەوەونەسلی پێش خۆت لەچیدا دەبینی؟

**غـەریب پشدەری:** جیاوازییەکان لە ماوە زەمەنییەکەدا دەبینم. من لە سـاڵی (١٩٦٨) بەولاوەتر هەسـتم بەوە کرد کە دەزانم شیعر بنووسم، لەو کاتەوە کە ئەمن دەستم دایە، لەسەر بونیاد و بنچینەی کلاسیکەوە هاتم. بەڵام کە کەوتینە نێو ساڵانی حەفتایەکان، هێندێک دیاردەی دیکە سەری هەڵدا. یەک لەو دیاردانە «ڕوانگە»بوو. کە کۆمەڵێک کەس هاتن و ویستیان نیشانێک، خەتێک دابنێن، بۆ گواستنەوەی قۆناغێکی شیعری بە قۆناغێکی دی. ویستیان لاسایی شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و ئەمانە بکەنەوە کە دنیای شـیـعریان لە کـلاسیـکەوە گـواسـتـەوە بۆ دنیـایەکی تازەتر. ئەوان ویسـتـیـان لە (گــۆران) و (شــێخ نووری)ش تێــبــپــەڕێنن، بەڵام دووکـەڵێک بوو ئاسـمــانی ئەو ئەدەبەی تەنی و پاشی ماوەیەک دووکەڵەکە ڕەوییەوە و ئاگرێکی لێ شین نەبوو. هەڵبـەت ئەو کـۆمـەڵە شـاعـیـرەی لەو سـەردەمـەدا پەیدا بوون، شـێـوەی نووسین و زمـان و بەکـارهێنان و پاک کردنەوەی زمان بەتایبەتی لە وشە بێگانەکان، وای کرد کە ڕەنگ و ڕواڵەتێکی دیکە بداتەوە بە شیعر.

هەتا ئەو دواییـەش، (شـێخ حـەسیب قـەرەداغی) کە مـابوو، لەگـەڵ ئەودا نیــازێکمـان هەبوو، گـوتمان چۆن بتـوانین پردێک لە بەینی شـیـعـری دوێنێ و ئەوڕۆدا دروست بکەین؟

دوێنێـیـەکـە لەوڕۆکـەدا ڕەنگ بداتەوە و ئەوڕۆیەکی تازەتریش بێنینە وجوود، بەڵام بەداخەوە شێخ بەسەردا مرد و پرۆژەکەمان بەنیوەچڵی مایەوە.

**ڕامان:** تۆ لەمێژە شیعر دەنووسی، بەڵام وەک پێویست ڕەخنە ئاوڕی لە بەرهەمەکانی تۆ نەداوەتەوە.. هۆی ئەوە بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**غەریب پشدەری:** ئەوەی ئەمن ئاگام لێبێ، شاعیرێک کە بەرهەمێکی بڵاودەکاتەوە ئەگەر دەستەو داوێنی زۆر کەسـان نەبێ کە بابڵێین لە کاری ڕەخنەدا ئیش دەکەن، کـەسـێک نیـیـە لەخـۆوە بێ، بەپێی ئیـرادەی خـۆی بەرهەمـێک بخـوێنێـتـەوە، لە ویژدانی خـۆیدا هەڵیسـەنگێنێ، تاوتووی بکات و شـتـێکی لەسـەر بنووسێ.

هەڵبـەت من هەتا ئەو ڕۆژەی دەمـرم لە دەرگـای هیچ ڕەخنەگرێک نادەم، من هەر شـیـعـرم بۆ خـۆم نووسـیـوە، مـاڵەکەم ئەوەیە. لە پێشەکی هەر نووسینێکی خۆشمدا ئەوەم ئاشکرا کردووە. ئێـوە بەهەر گەز و ڕەبەیەک بۆ من دەپێون من پێی قایلم.

ئەمــە ئاڵەکـۆکـێکە و دیاری شـوانکارەیەکی پیـر و مـاندوو و کوێرە، ئەگەر شیـعری من خۆی نەسەلمێنێ و خەڵـک باوەشی بۆ بگرێتـەوە، بەخوا بە دەهەزار ڕەخنەش نابێتە شیعر.

## من هەمیشە خەڵکم کردۆتە پێوەری سەرکەوتنی شیعرەکانم

**ڕامــان:** دوای ئەوەی شیـعـرەکانت لە چەند دیوانێکدا بەچاپ گەیاندووە، هەست دەکەی لە کام شیعـرەتدا زیاتر لە شیعری هونەریی نزیکتر بوویتەوە؟ لە ڕووی هونەری و ڕوئیا و گەیاندنی ئیحساسی خۆت کە بە دڵت بێ؟

**غــەریب پشــدەری:** من لە دوای هەردوو دیوانەکــەم کۆمەڵێک شیعری دیکەم نووسیون. تەکامولی خۆم زیاتر لەوێدا نابینمەوە. ناڵێم بە ڕۆحێکی عـەقڵانی، بەڵام بە ڕۆحێکی ناسکتـر، بە دید و بیـروبۆچوونێکی ناسکتـر، بەو هەست و نەستەی کە شیعر پێویستی پێیەتی، شیعرم پێ نووسیـوە. لەوێوە هەستم کردووە کە ئێستا خەریکە دەتوانم شـتـێک بۆ شـیـعـر بکەم، هەم لە بارەی شـێـوەی نووسین، هەم لە بارەی ناوەرۆک و هەم لە بارەی مۆسیـقا و وێنەی شـیـعـرەکـان، هەم لە بارەی فـراوانی خـەیاڵ و فـانتـازیای شـیـعـرەکـان. دەتوانم دەسـتـنیـشـانی یەک دوانێکیان بکەم. یەکیـان «لە دایکبوونەوەیەکی تر» بوو. یەکێکیشیان بەو دێڕانە دەست پێدەکا.

**ئەگەر گوتم خۆشم ناوێی**
**باوەڕ مەکە درۆ دەکەم**
**ئاخر منیش درەختێکم**
**کە بەهار هات چرۆ دەکەم**

بەتایبـەتی ئەو شیـعـرانەی کـە پێـشکەشی «شـەرا»م کردوون. لەوانەدا تەنانەت خۆ دۆزینەوەیەکی دیکەم تێدا بەدی کردووە.

**ڕامــــان:** ئەوە خـۆت ئێـسـتـا درکـاندت. ڕەنگە ئەوە پرســــیــــاری زۆر خــەڵکیش بێ، زۆربەی هەرە زۆری شیـعـرەکـانت یان بۆ نوقـڵێ گـوتووە یان بۆ «شـەرا»خان. ئەگەر دەکرێ لەو بارەوە بۆمان بدوێ؟

**غەریب پشدەری:** بەدەردی دەڵێ ئەگەر قسەیان لە بارەوە بکەم وەکو ئەوە وایە بەڕەی لەسەر هەتیوان لابەم. لە وڵات و کۆمەڵگای ئێمەش کە بەڕەت لەسەر هەتیوان لابرد عەیب و عاریان بەدەردەکەوێ. زۆرجار لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەنگە خۆش نەبێ قسە بکرێ و زۆر ڕاستی هەیە بدرکێن، بەڵام ئەوانەی من گوتوومن، لە پێشکەش کردنەکەیاندا، چ لەسەر وەختی کە پێشکەشی «نوقڵێ»م کردوون و چ لەسەر وەختی ئێستادا کە پێشکەشی «شەرا»یان دەکەم. خەڵکەکە با بۆ خۆی شیعرەکە لەگەڵ پێشکەش کردنەکەی بەراوورد بکا.

**ڕامان:** پێدەچێت بەبێ «نوقڵێ»یەکان و «شەرا»یەکان شیعرت بۆ نەگوترێ؟

**غەریب پشدەری:** ئەگەر ئەوان نەبوونایە من دەمێک بوو بەگۆڕی یادگارەکان سپێرابووم. ئەگەر «شەرا»خان نەبایە کە جارێکی دیکە وەک عیسا نەفەسێک بەسەر ئیسقانە مردووەکانی مندا هاتەوە و سەر لەنوێ منی لەناو گۆڕی مەرگی ئەدەبیاتدا هێنایەوە دەرێ، ئێستا دەمێک بوو کەلەلا ببووم.

**ڕامان:** کەواتە ئافرەت چەند پێویستە بۆ ژیانی شاعیران؟

**غەریب پشدەری:** ئافرەت نیشتمانی منە. مرۆڤی بێ نیشتمان دەبێ چۆن بژی؟

**ڕامان:** ژیانی شاعیرانەی خۆت بۆ چەند قۆناغ دابەش دەکەی و گۆڕانکاریی هەر یەک لەو قۆناغانە چۆن دەستنیشان دەکەی؟

**غەریب پشدەری:** من شیعر بەسەر زەمەندا دابەش ناکەم، من شیعرم نووسیوە. لە تەمەنێکدا شیعرم نووسیوە و لە تەمەنێکی بەرەو ژوورتریشدا شیعرم نووسیوە، لەو ڕێچکەیەدا نەپچڕاوم، بەڵام تۆ بفەرموو لە سەرەتای دەست پێکردنی شیعرمەوە تا ئەوڕۆ چەند توانیومە لەگەڵ ڕۆشنبیریی سەردەم بڕۆم، زیاتر بخوێنمەوە، زیاتر فێر ببم، بێگومان ئینسان هەتا بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ لە ڕووی عەقڵ و جەستە و ڕۆح و ئیحساسەوە لەگەورە بووندایە، ئەگەر یەکێک بیەوێ لەو بابەتانەدا گەورە بێ.

لەو چل ساڵەدا من (٢٤)ساڵ لە دنیای «نوقڵێ»دا شیعرم نووسی، ئەگەر یەکێک بە چاوێکی عادیلانە و بە ویژدانێکی زیندووەوە سەیریان بکات، دەزانێ چەندی دنیای شیعری عاتیفی و سۆز و هەڵچوون و داچوونە، چەندی گلەیی و گازندە و چەندی ئێش و ژان و دەردی کۆمەڵایەتی تێدایە، لە قۆناغی دیکەدا کە بۆ «شارا»م نووسیوە، چەند توانیومە لە ڕێگای ئەوەوە ئەو دنیا و هەوێنە گەورەیەوە کە من ناسیومە، چۆن توانیومە سەردەمێکی جیاواز لە سەردەمی نوقڵێ نیشان بدەم.

**ڕامان:** ئەی لە ڕووی لایەنی هونەرییەوە؟

**غەریب پشدەری:** ڕەنگە زۆر جار ویستبێتم خۆم لە تەواوی دەقە کلاسیکییەکانیش بدزمەوە، بەڵام هەر ویستوومە سەرە پەتێک لە بەینی دوێنێ و ئەوڕۆدا هەبێ، من داد و بڕۆی ئەوەمە پاشی پەنجا ساڵی دیکە بێین ئاوڕ لەو سەردەمەی ئێستای ئەدەبی کوردی بدەینەوە، تەماشا دەکەین لە بەینی دوێنێ و ئەوڕۆی ئەو ئەدەبەدا خەرەندێک و بۆشاییەک هەیە، چونکە ئەدەبی ئەوڕۆی میللەتی ئێمە بە ڕێچکە سروشتییەکەی خۆیدا نەهاتووە، بازی داوە، لاسایی خەڵکمان کردۆتەوە، وەبەر تەوژمی ئەدەبیاتی خەڵکی دیکەوە بووین.

وەکو ژنە جوولەکەکەمان لێهات، ژنێکی جوولەکە، کوڕێکی هەبوو. کوڕەکەی مسوڵمان بوو. کە مسوڵمان بوو پاشی حەفتەیەکی مرد. دایکی بۆی دەگریا. دەیگوت ئەتۆ بە حەفتەیەکی «محەمەد»ت نەناسی، «مووسا»شت لەخۆت کرد.

**ڕامان:** شاعیریێتی کام شاعیری کورد سەرنجی ڕاکێشاوی و لەسەری وەستاوی و کاریگەریی بەسەرتەوە هەبووە و ئەو تەئسیرە چەند بەردەوام بووە؟

**غەریب پشدەری:** نەبێتە خۆ هەڵکێشان، شیعری هەموو شاعیرە کلاسیکەکان ئەوەی بەردەست و بەرچاوی من کەوتبێ هەمووم خوێندۆتەوە. لە سەرەتای شەستەکان و دواتر کە هەستم کرد دێمەوە دنیای شیعر، یەکێک بووم لەو کەسانەی یەکجار زۆر لە دنیای (گۆران)دا توابوومەوە. تا ساڵی حەفتایەکان کە بە دیداری مام هێمن شاد بووم. نازانم ڕێکەوتەکە چۆن بوو. ساڵی ١٩٧٢ من لە بازاڕ بووم گوتیان لە ماڵەوە میوانێکت هەیە. کە چوومەوە کابرایەک دانیشتبوو، ڕەشتاڵە، ناوچەوان زەقێک، پیاوێکی لووت بەرانی، سەر و ڕیش ماشوبرنج، تۆزی ڕێگا پێوە، ئەگەر هەزار سوێند و تەڵاقت خواردبایە ئەوە شاعیرە کەس پێی بڕوا نەدەکردی. هەر کە لێی وەژوور کەوتم، سڵاوم لێکرد، ڕاست بۆوە، گوتی ئەتۆ غەریب پشدەری؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: ئەمنیش هێمن موکریانی-م، مەیکە هەرا وەرە دانیشە. ئیتر لەو دانیشتنەوە ئێمە پەیوەندییەکی وامان پەیدا کرد وەکو مام و برازامان لێهات.

زۆربەی زۆری کاتەکانمان پیکەوە بووین، ئەو کاتەی لە قەڵادزێ بووم بە زۆری لە خزمەتیدا بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەکانی خۆی دەگواستەوە، واش بوو هەر لێم دانەدەبڕا، ئەگەر لە بەغدا بوو یان لە سلێمانی، جوابی بۆ دەناردم و لە قەڵادزێوە دەچوومە خزمەتی. ئەوەندە چووبووینە ناویەک من کە سەردەمانێک شیعرم دەنووسی، هێندە بە تامو چێژ و حەز و ئارەزووی شیعرەکانی مام هێمن-ەوە شیعرم دەنووسی و دەمودووەکەشمان یەک شت بوو کە هەر دووکمان بەشێوە زمانی موکری دەماننووسی.

**ڕامان:** دەمویست ئەوەت پێ بڵێم. ئەو قسەیە هەیە کە زۆر لەژێر تەئسیری هێمن-دا شیعرت نووسیوە؟

**غەریب پشدەری:** ئەمە لای من هیچ شاراوە نییە و من هیچ پێشم عەیب نییە، بگرە ئەوە بە میداڵێکی شانازی بەیەخەی شاعیرێتی خۆمەوە دەبینم.

تا سەردەمانێکی زۆر ئەوەم کرد. بەڵام ئینسان لە ئەنجامی ئەزموون و خوێندنەوە و بیروبۆچوونی زیاتر دێتە سەر ئەوە کە دەنگ و ڕەنگێکی تایبەت بەخۆی پەیدا بکا، شێوە نووسینێک بۆ خۆی پەیدا بکا، منیش گەرچی هەرگیز خۆم لە مام هێمن نەدزیوەتەوە، بەڵام حەزم لێیە ببمە ساحێبی ماڵ و حاڵی خۆم.

کوڕ لە ماڵێ ژنێ دێنێ، پێی خۆشە جێگاوڕێگا و کیانی خۆی هەبێ، منیش لەم مام و برازایەتییەم لەگەڵ مام هێمن پێم خۆشە ئەگەر بۆم لوابێ و لە دەستم هاتبێ، دەنگ و ڕەنگێکی خۆم ببێ.

**ڕامان:** هەروەک باس کرا لە حەفتاکاندا تەوژمێک پەیدا بوو بە ناوی «ڕوانگە» شیعریان بە ئسلووبێکی تایبەت دەنووسی، هەست دەکەم ئەو تەئسیراتە لەسەر شیعری تۆ زۆر دوورە؟

**غەریب پشدەری:** ئەمن پێم وابوو ڕوانگە بەشێکە لەو هەنگاوەی دوێنێ لەوڕۆ دەپچڕێ. پێم وا بوو خەرەندێک دروست دەکا. لەبەر ئەوەی هیچ بونیانێکی ئەدەبی و زانستی بۆ گواستنەوەی قۆناغی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ لە «ڕوانگە»دا نەدەبینرا، بۆیە پارێزگاریم لەوە کرد تەسلیمی ئەو تەوژمە نەبم. موناقەشەشم دەبوو، تانە و تەشەریشیان لێدەدام. وەک ئێستا بە سەلەفیمان دەزانن، ئەوکاتیش شتی دیکەیان پێدەگوتین. بەڵام هەر کەس با شیعری خۆی بنووسێ، تۆ ئەو ڕێگایەت پێخۆشە، من ئەم ڕێگام پێخۆشە، وەک گوتم دووکەڵێک بوو و هیچ گری لێنەکەوتەوە هەڵبەت ئەوە ڕای منە و من وەکیلی خۆمم. ناڵێم کاریگەری نەبوو. کەسانێک لەگەڵ ئەو تەوژمەدا ڕۆیشتن، ئێستاش کە دەنووسن، لەو دنیایەدا دەژین.

**ڕامان:** منیش تێبینی و گلەییەکم لە شیعری تۆ هەیە، من وەک خوێنەرێکی شیعری تۆ، قاڵبی شیعری کلاسیک کە تا ئێستاش بە شیعرەکانتەوە لکاوە، بۆچی هەوڵت نەداوە ئەو قاڵبە تەقلیدییە بشکێنی؟

**غەریب پشدەری:** من پێم خۆش نییە هێندە بە پەلە لە دنیای شیعری مندا ئەو دیاردەیە سەرهەڵبدات، وەکو وجوود و تەمەنی خۆم ویستوومە ئەوە پێشکەش بکەم و ڕێچکەکە بۆ شاعیرانی دوای خۆم بەجێ بێڵم. پێم خۆشە شیعرێک بڵێم هەموو توخمەکانی لیریکی لێوە بەدی بکرێ، زۆر شیعری شاعیرانی نوێخواز دەبینن، کە ناتوانین یەک دێڕی بکەینە گۆرانی!

**ڕامان:** بەڵێ شیعری تۆ زیاتر شیعری لیریکین. ئەو شیعرانەش بۆ گۆرانی لەبارترن؟

**غەریب پشدەری:** من هاتووم دوور و نزیک، ناڵێم وەک تۆژەرەوەیەک، بەڵام من کۆمەڵگای خۆم چاک دەناسم. ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای خۆم زۆر چاک ئاگا لێیە، ئایا ئەو شیعرانەی ئەوڕۆ دەنووسرێن، بۆ خەڵکەکە تێیان ناگا؟ گرفتەکە لە کەم ڕۆشنبیریی کۆمەڵگایەکەیە یان لە هی شاعیرەکەیە؟ کەموکورییەکە لە شیعرەکەدایە یان لە لای خوێنەرە؟ دەتوانین بڵێین لەهەر دوولایاندایە. شاعیرەکە شیعرێکی وای نەنووسیوە کۆمەڵگایەکە تێی بگا. کۆمەڵگایەکەش ئامادە نەبووە ئەو شیعرە هەزم بکا.

بەڵێ ڕەنگە شیعرەکەم بخوێنرێتەوە، بەڵام کە دەکرێ بە گۆرانی، سەدان قاتی ئەوە خەڵک بە گوێ دەیخوێنێتەوە، لەبەری دەکا. دەیڵێ. ئەو شیعرەی من: «بیستم غەمێکت هاتۆتە پێشێ» کێ دەیزانی.. بۆ خۆم نەمدەزانی ئەو شیعرە ئەو هێزەی تێدایە. کە بوو بە گۆرانی، بۆ خۆم لەبەری دەکەم و گۆرانییەکەی دەڵێم. ئەی هەتا دوێنێ بۆ نەمگوتووە؟ ئەی ئەوەی ئەو شیعرەی هەر نەخوێندۆتەوە و ئێستا لەسەر زمانیەتی بۆ؟ چونکە خەمی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

**ڕامان:** ئەی سیاسەت چەند خزمەتی ئەدەب دەکا؟ لە کوێ زیانی پێدەگەیەنێ؟

**غەریب پشدەری:** بەڕای من شاعیرێک ئەگەر بە بیرێکی ئایدیۆلۆژییەوە شیعر بنووسێ، شیعرەکانی ناگاتە ئەو قۆناغەی ناوی شیعری ناسکی لێ بنێی، هەتا

ئەدەب لە ئایدیۆلۆژی دوور بێ ئەدەبێکی سەرکەوتووترە.

**رامـــان:** تێگەیشـتنێک هەیە و تا ئێسـتاش هەر باوە پێی وایە، شـاعـیر و ئەدیب لەناو ئازار و ناگـوزووری و مـەینەتی و وەزعی ناخـۆشـدا نەبێ ناتوانن دەقی جـوان بنووسێ، رای تۆ لەو بارەوە چییە؟

**غـەریب پشـدەری:** من پێم وایە ئازار و ژان تەنیـا هەر لە هەژاریدا نییە، ژان لە زۆر شتی دیکەشدا هەیە. کەی ژان گـەیشـتـە رادەیەک کـە ئەو ئینسـانە بهـەژێنێ، جـا چ هەژار بێ و چ دەوڵـەمـەند، دەگـاتە ئەو رادەیەی قـەڵەمی بداتە دەسـتی. رەنگە نەبوونی و نەداری بە یەکـێـک لە هۆیەکان بزانم، بەڵام وای دانانێم دەبێ هەموو شاعیرێک وا بێ ئنجا ببێتە شاعیر. بارودۆخ و زەمەنی شاعیرەکان جیاوازن.

**رامـــــان:** بەڕای تۆ پێـوەر بۆ خەڵات کـردنی شـاعـیران چییە؟

**غـەریب پشـدەری:** ئەگەر پێوەر هەبێ بۆ خەڵات کردنی شاعیر، شیعرەکەیەتی.

**رامـان:** نەتەوەیەک چەندین شاعیری هەیە و هەر یەکە و دەنگ و رەنـگ و تامـوچێـژ و خـوێنەری خـۆیان هەیە، بەڵام تۆ دێی لەنێـو ئەو کـۆمـەڵە شـاعـیـرەدا یەکـێـکیـان هەڵدەبـێــژێری و خــەڵاتی دەکــەی وەک گــەورەترین و باشترین شاعیر، ئایا ئەوە رەوایە؟

**غـەریب پشـدەری:** من پێم وایە ئەوە ناهەقییـە دەرهەق بە شاعیـرەکان و دەرهەق بە نەتەوەکەش، ئێمە کە رێز لە شاعیران دەنێین با وا نەکەین. با بەتەنیا یەکێک خەڵات نەکـەین کـە ئەوە ئیـتـر گـەورەی شـاعـیـرانە. گـەورەی شاعیران لە هیچ کوێ بوونی نییە.

**رامــــــــان:** ئەگــەر رەخنەگــرێک بێت رەخنەیەکی بونیـادگـەرانە لەسـەر شـیـعـرەکـانت بنووسێ تا چەند ئەم رەخنەیەت پێی خۆشە؟

**غـەریب پشـدەری:** وەکی عەرزم کردی ناتوانم دەست بە رووی هیـچ کـەسـێکەوە بنێم کـە تەعـبـیـر لە راو بیـر و بۆچوونەکـانی خـۆی دەکا بەرامـبـەر بە شـیـعـری من. کە نووسـینەکـەی تەواو بوو و خـوێندمـەوە، تاوتووم کـرد و هەزمم کرد، هەموو رەهەندەکانیشم تەماشا کرد، ئەو کاتە دەتوانم رای خۆم لەسەر نووسینەکەی ئەو دەربڕم.

**رامـــان:** بۆ نووسینی شیعر چەند سوودت لە مۆسیقا وەرگرتووە؟

**غــــەریب پشـــــدەری:** مـن نـەهـاتـووم لـە رێـگـای مۆسیقایەکەوە خۆم ئامادە بکەم و شیعر بنووسم. کە گوێ لە مۆسیقا دەگرم، وەکو ناسکی خودی مۆسیقاکە چەند دێتە ناو رۆحی من و دەمبزوێنێ، ئاخر مۆسیقاش وەک شیعر ئینسان دەبزوێنێ، جا بە دەنگ و ئیقاعیەوە. کە تۆ گوێ لە سیمفۆنیایەک دەگری، نەبێتە خۆ هەڵکێشان، من یەکجار زۆر لە دنیای سیمفۆنیادا دەتوێمەوە. تۆ بە گــوێ و بە چاوی رۆحت ئەو ســەردەمــە دەبینی کــە مۆسیقاژەنەکە دایناوە. دەگەڵ دەنگەکان و رەشەباکەی و هێـــوربوونەوەیدا دەڕۆی، غــــار دەدەی، خـــۆتی لێ دەدزیییەوە.. ئەمانە هەموو جووڵەیە لەناو تۆدا دروست دەبێ.

**رامــان:** پاش ئەو تەمەنەی کە شیعرت تێدا نووسیوە، چەند لە شیعری خۆت رازیت؟

**غەریب پشدەری:** ئەگەر پێم باوەڕ دەکەی، هەتا ئێستا نەمتوانیـوە ئەو رێگایە بە خۆم بدەم بە خۆم بڵێم شاعیر. زۆر جار کە دێن لێم دەپرسن، ئەتۆ فلان کەسی شاعیری؟ دەڵێم خــەڵک وا دەڵێن. مـن ئەو بوخـتــانەم بە خــۆم نەکردووە.

**رامــان:** ئێستا دێینە سەر تەوەری وەرگێران، تۆ کە لە زمـانی عـەرەبی و فـارسـیـیـەوە وەرگـێـڕانت هەیە و چەند کـتـێـبـێـکت بە چاپ گـەیاندووە، لەسـەر چ بنەرەتێک بەرهەمێک بۆ وەرگێران هەڵدەبژێری؟

**غــەریب پشـــدەری:** من لـە سـەرەنجـامی خـوێندنەوەی زۆرەوە و بە لە خۆڕادیتنی ئەو شێوە زمانەی لەلام هەیە، ئەوە هانی دام بۆ ئەوەی بچمـە ناو دنیـای وەرگـێـڕانەوە. من کـە شـتـێکم خـوێندۆتەوە ئەوەڵ جـار بە نیـازی ئەوە نەبووم کە بڵێم وەری بگێـڕم، بەڵام کاتێکی کە زانیـومە لەگەڵ رۆحییـەتی من و نەتەوەی من، لەگەڵ هەسـتـان و دانیـشـتن و خـوونەریت و پێکهـاتەی کـۆمـەڵایەتی من، ئەگــەر بە رێژەیەکی ســەتا ســەتیش گــونجــاو نەبێ، وەرمگرتووە و پێـشـکەشی خـەڵکەکـەم کـردووە. زیاتر هەوڵی ئەوەم داوە هەمـــوو چینێک پێی رازی بێ. لە خـوێندەواری نوخبـەوە بۆ خـوێندەواری مـامناوەندی و بۆ بەرەو خـوارتریش، چونکە هەیە نەخـوێندەوارە، یەکـێک بۆی دەخوێنێتەوە. بەرهەمـەکە کـە کاری لە خـۆم کردووە ئینجـا هاتووم وەرمگـێـڕاوە. بە تایبـەتی شـتـێک کـە خزمـەتی نەتەوەی منی تێـدابووبێ. بۆ نموونە کـە رۆمـانی «دایکم دوو جــار گــریا»م وەرگــێــڕا، هەر مــێــژووی تێکۆشـانی میللەتی خۆمـە. «گـۆڕسـتـانی غـەریبـان» کە ئێـسـتـا لەژێر چاپدایە، ئەم دوو رۆمـانە هی رۆمـاننووس «ئیبراهیم یوونسی»ین کە خۆی کـوردە، بەڵام بە فـارسی

دەنووسێ، هەمـوو کەشوهەوایەکی کە تێیدایە کوردانەیە. هەمـوو لە ناو مـاڵی کـوردەوە هاتووە. چ خـۆشـە من ئەوە بگەیەنمەوە بە هاوزمانەکەی خـۆم و بە خاوەنی بکەمەوە. واشم تەرجەمە کردووە ئەوی دەیخوێنێتەوە پێی وابێ هەر بە کوردی نووسراوە.

**رامـــــان:** کـەواتە وەرگـێـران لە لای تۆ لاواندنەوەی حـەزێکی خـۆتە، زەروورەتێکیـشـە بۆ پڕکـردنەوەی کەلێنەکانی نێو کتێبخانەی کوردی؟

**غەریب پشدەری:** بەڵێ، من بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام وەک پێشتریش گوتم من تاقە سوارە کارم کردووە و تاقە سوارە تۆزێ ناکا، بەڵام خۆ کەلێنێکی هەر پڕ دەکاتەوە.

**رامـــان:** ئەی پێویست بوونی وەرگێڕان بۆ زمانی هەر نەتەوەیەک چۆن تێدەگەی؟

**غـەریب پشدەری:** من پێم وایە مـرۆڤ لە هەر شوێن و لەناو هەر نەتەوە و هەر پارچەیەکی جوگرافیی ئەو دنیایە بێ، پەیوەندی دوور و نزیـک و ڕاسـتـەوخـۆی بە یەکـەوە هەیە. ئینسـان گـوزارشت لە ئینسـانیـەتی خـۆی دەکـات. ژانی ئینسـانـی دوور و نزیکی بۆ نـیـیـە و بەرهەمـێـک ئەگـەر لە ئەمـریکا یان ئەوروپا بنووسـرێ وا نیـیـە ئێـمـە خـۆی تێـدا نەبینینەوە. ئێـمـە لە ڕێگای ئەزمـوونی وەرگێڕانەوە دەتوانین نەتەوەی خۆمان پێبگەیەنین.

**رامـــــان:** ئیـتـاڵیـیـەکـان دەڵێن: «هۆ وەرگـێـڕ.. هۆ تاوانبـار»، ئەو وتەیە وەرگـێـڕانی ڕۆمـان و چیـرۆکـیش دەگرێتەوە، یان زۆرتر هەر بۆ شیعر وایە؟

**غـــەریب پشـــدەری:** من پێم وا نییە شیعر تەرجەمە بکرێ. ڕای مـــام هێـــمن-یش هەر وا بوو. دەیگـوت: «وەرگێڕانی شیعر وەکو ماچکردنی کیژێکی جوان وایە لەودیوی شـــــووشـــــەی پەنجـــەرەوە»، یان دەیگـوت: «وەرگـێـڕانی شـیـعـر وەک ئەوە وایە سـەیری نەخـشی پشتەوەی فەرش بکەی».

**رامـــان:** ئەو ڕایەی یەکـەم هی مـەحـموود دەرویشـە و ئەوەی دووەم هی ڕەسووڵ هەمزاتۆڤە..

**غەریب پشدەری:** نازانم، من لەوم بیستووە.

**رامـــان:** ئەی چۆن بوو لە شیعرەوە ڕووت کردە دنیای وەرگێڕان؟

**غەریب پشدەری:** تەماشام دەکرد لە شیعردا کەمدەستم و ناتوانم هەمـوو حەزەکانی خۆم دەربڕم. من ئەوەڵ جار بە پەخشـان دەسـتم پێکرد. لە پەخشـانەکـەدا خـۆم بە سەربەسـتـتـر دەزانی، ئەویش لەبەر ئەوەی بەری تەسکە تێـری نەدەکـردم، بەڵام کـە زمـانی فـارسی فـێـربووم و عەرەبییەکەشم دەزانی ڕووم کردە وەرگێڕان. وەرگێڕانەکە دوو لایەنی هەیە، هەم دەتـوانم ئەو زمانەی لە لای منە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بیپارێزم و واژە و دەستەواژەکانی ون نەبێ، لە لایەکی دیکەشـەوە ئەو فـەرهەنگ و هونەرەی مـــــیللەتێکی دیکـەی دراوسێ، یان دوورەدەست بۆ نەتەوەکەم سوودبەخش دەبێ.

**رامان:** سەرەتای وەرگێڕانت لە کوێوە بوو؟

**غەریب پشدەری:** من بە «نظرات وعبرات»ی «مستەفا لوتفی ئەلمەنفـەلووتی» دەسـتم پێکرد، بەڵام بە داخـەوە زەمانە وای کرد ئەوانەم هەموو لەدەست بچێ، بە تایبەتی لە بۆمبارانەکەی قەڵادزێ هیچم نەما.

**رامــــان:** لە وەرگـێڕانـەکانی تۆ دەبینین مـەیلت بۆ لای شیعر نییە، لە کاتێکدا خۆشت شاعیری، ئەمەیان بۆ؟

**غـــەریب پشــدەری:** من ڕێگام بە خـۆم نەداوە شـیـعـر تەرجەمە بکەم، ئەگەر خوا بیکا «گۆڕستـانی غەریبان» دەرچێ، لە ناو کـتێبەکەدا کە شیعری فـارسی هەبوون، هەر بە شـیـعـر تەرجـەمـەم کـردوون. ئومـێـد دەکـەم واشم کـردبێ، خـوێنەر پێی وانەبێ ئەو شـیـعـرە فـارسـیـیـە و تەرجەمە کراوە. بە ئەمانەتیشەوە و بە هەمـوو ڕۆحییەتی شیعرەکەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

بەڵام بە گشتی من شیعرم بۆ تەرجەمە دەست لێنەداوە، چونکە پێم وایە ئەو تـامـــوچێـــژ و ڕۆحـــیـــیـــەت و ئێستێتیکایەی شاعیر بە کاری هێناوە، وەرگێڕ ناتوانێ وەک خـۆی بیگوازێتـەوە و قـەت بۆی نایەتەوە جـێگای خۆی.

**رامـــان:** دیارە ئێمە تا ئەو ساتەوەختەش پەنجەرەیەکی فـــراوانمان بە ڕووی دنیـــای دەرەوەدا نەکـــردۆتەوە و بۆ وەرگێڕان ئەرکێکی گەورە و قـورس لەبەر دەمماندایە، بە ڕای تۆ لە کـوێوە دەست پێبکەین و چ تەرجـەمـە بکـەین باشە؟

**غـەریب پشـدەری:** من پێم وایە مـیللەتی ئێمـە توانای زۆری تێدایە، خوێندەوار و ڕۆشنبیری زۆر چاکمان هەیە، ئەگەر دامەزراوێک پشتگیری ئەم کارە بکا و تایبەت بێ بەو بوارە و بە ئیـمکانیـاتی زۆرەوە ئەو لایەنە بگرێ و چاپخـانەیەکی تایبـەتی تەنیـا بۆ وەرگـێـڕان دابنێ، ئەمـە دەبێـتـە چاکـتـرین هەنگاو و نزیکـتـرین ڕێگا بۆ ئەوەی بتـوانین لە سـەرەتاوە بە جێ پێـیـەکی پتـەوەوە دەست پێبکەین.

**رامـــان:** ئێستا وا دەزگای وەرگێڕان هەیە و دامەزراوە، دوای ئەوەی ڕۆشنبیـران لەبارەی پێویست بوونی وتاری

زۆریان نووسی کە هەوڵ بدرێ دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان دابنرێ؟

**غەریب پشدەری:** سوپاس بۆ خوا کە ئەو دەزگایە دامەزراوە، من ئەوە بۆ یەکەم جارە لە جەنابتی ببیستم.

**ڕامان:** بەڵێ دەزگاکە کەوتۆتە سەر پێ و داوایان لە وەرگێڕان کردووە کتێبەکانیان بدەنە ئەو دەزگایە. وەک پێشنیارێکیش بۆ ئەو دەزگایە، ئەمڕۆکە چی پێویستە بۆ ڕۆشنبیریی کوردی تەرجەمە بکرێ؟

**غەریب پشدەری:** ئەو دەزگایە ئەگەر لە هەموو بوارە ڕۆشنبیرییەکاندا لیژنەیان هەبێت و هەر یەکە و لە پسپۆڕیی خۆیدا بێت ئیش بکا، دێین ئەوەی ئیشمان پێیەتی، بە پێی لێکۆڵینەوەیەک ئەوە بکرێ کە میللەتی ئێمە پێویستی بە چییە، ئەوانە تەرجەمە بکرێن.

**ڕامان:** ئێستا کە ئەو دەزگایە دامەزراوە، پێویست بەوە ناکا، سیمینارێک بگێڕێ تا ئەوانەی گرنگی بە بواری وەرگێڕان دەدەن کۆبکرێنەوە و ڕا و تەگبیرێک پێکەوە بکەن؟

**غەریب پشدەری:** دەبێ ئێمە لە پێشەوە زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکەین، ئەوانەی پسپۆڕی ئەو بوارەن و ئەوانەی لە دەرەوەشن و فێری زمانی دیکە بوون داوایان لێبکەین، هانیان بدەین و بکەونە کارکردن. ئینجا ئەو کەسەی کە شتێکی دەدەینێ، لێپرسینەوەیەکیشی بەدوادا هەبێ، چونکە هەیە زمان دەزانێ، بەڵام نازانێ تەرجەمە بکا. ئەگەر لەپێشەوە ئەو ئامادەکارییە نەکرێ و هەر بێی داگژێیە تەرجەمە، من ناتوانم هەموو زاراوەکانی دنیایە، لە فەلسەفە و لە ئابوورییەوە... تاد دابین بکەم.

**ڕامان:** ئەو گرفتانەی لە کاتی وەرگێڕاندا هاتە سەر ڕێگات چی بوون؟

**غەریب پشدەری:** زمانی کوردی ئەوەندە خزمەت نەکراوە کە بتوانێ هەزمی زۆر زمانان بکا. پێی دەوێرێ، من ناڵێم دادەمێنێ، بەڵام هەندێ جار زاراوەی وا دێتە پێشێ کە لە فەرهەنگی زمانی ئێمەدا نییە. ئێمە زۆر پێویستیمان بە قاموسی کوردی هەیە. دووەمیان، کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە. تۆ نازانی چی هەڵبژێری، جێگایەکیش نییە ڕابسپێری کە ئەو وەرگێڕانەی بۆ بکەی، یان ئەوانەی کە تەرجەمە دەکەن جاری وا هەیە لەگەڵ سەلیقە و بیروبۆچوون و حەزەکانی خۆیان نایەتەوە و دەبینی خۆشی لێدەدا.

**ڕامان:** وەرگێڕانێکی کوردیت بینیوە کە تەمەننات کردبێ خۆت بتکردبا؟

**غەریب پشدەری:** دوو کەس هەن کە زۆر ئیرەییان پێدەبەم. یەکێکیان جەنابی بەڕێزی گەورە «عەبدوڵڵا حەسەن زادە»یە لە پرۆژەکانی «حەمەدۆک» و «دوعا بۆ ئارمین»، ئەوی دیکەشیان وەرگێڕانەکانی مامۆستای خوالێخۆشبوو جەنابی «شوکور مستەفا» کردی.

**ڕامان:** ئەی عەزیز گەردی؟

**غەریب پشدەری:** عەزیز گەردی-ش یەکێکە لە وەرگێڕە هەرە بەرجەستە و زاناکانی کورد کە لەززەت لە تەرجەمەکانی دەبەم، چونکە دەیانکوردێنێ.

**ڕامان:** ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی وەرتگێڕاون، حەزت نەکردووە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆت نووسەریان بیت؟

**غەریب پشدەری:** یەکێ لەو هۆیانەی کە هانی داوم زیاتر دەست بۆ وەرگێڕان بەرم، حەزەکانم بووە کە من ڕۆماننووس بم و چیرۆکنووس بم، بەڵام کە نەمتوانیوە و لە توانای خۆمم ڕانەدیوە، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەوە بکەمەوە، هاتووم دەستم داوەتە وەرگێڕان.

**ڕامان:** باسی ئاشنایەتی خۆت لەگەڵ مامۆستا هێمن کرد، باسێکی نێوانی خۆت و ماملێ-ی هونەرمەندیشمان بۆ بکەی باشە.. چۆنت ناسی؟

**غەریب پشدەری:** پەیوەندیی ئێمە و ماڵی ماملێ وەکو خێزان، لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە دەست پێدەکا، ئەو کاتە من کە تەمەنم (١٣) ساڵ بووە، هیچ پەیوەندییەکم بە دنیای هونەر و ئەدەبەوە نەبووە. من کوڕێکی هەرزەکار بووم، بەڵام ماڵی ئامۆزاکانم لە ڕێگای سیاسەتەوە پەیوەندییان بە ماڵی ماملێ و زۆر ناوی دیکەوە هەبوو کە نامەوێ باسیان بکەم. ئەو کاتەش کە ماملێ ویستی ئەو خێزانەی خۆی بێنێ کە خاتوو «ئامین» بوو، لە قەڵادزێ لە ماڵی کاکم بوو. هێنانی ئەو ژنەی کە سێیەمین هاوسەریەتی، هێنانێکی سیاسییانە بوو. وەنەبێ کاک محەمەدی ڕەحمەتی خۆی بۆ ئامادەکردبێ، یان ئەو ئافرەتە خۆی بۆ ئەو هاوسەرێتییە ئامادە کردبێ.

بەڵام ناسینی من لەگەڵ جەنابی محەمەدی ماملێ لە ساڵانی حەفتاوە بوو و لە ساڵی ١٩٧٤ بە تەواوی بووینە دۆستی یەکتر. کە زانی من یەکێکم لە ئەندامانی ئەو خێزانە، چوومە ناو ئەو پەیوەندییەوە، بەڵام لە ڕێگای ئەدەبیشەوە کە تێکەڵ بە هونەری ماملێ-م کرد و شیعرم بۆ دانا و ئەگەر نهێنییەکیش ئاشکرا بکەم، شریتێکیشمان بە یەکەوە گوتووە.

**ڕامان:** شریتەکە ماوە؟

**غەریب پشدەری:** لای من نییە و لای خۆی بوو. لەبەر

ئەوەی من شتی سیاسیم گوتوون و ئەویش هەر شتی سیاسی گوتوون.

**رامـــــان:** ئەی ئەو شیعرانەی بۆ خۆی هەڵبژاردن بیانکات بە گۆرانی چۆن بوو؟

**غەریب پشدەری:** جارێکی دانیشتبووین، گوتی: دە بێ قەزا بی، شیعرێکی بڵێ با ئاهەنگی بۆ دانێم. ئەو کاتەش کە تازە شۆڕشی کورد تووشی ئەو نسکۆیە ببوو، شیعرێکی زۆر سادە و ساکاری دڵداریم نووسی، بەڵام لە حەقیقەتدا من ڕووی دەمم لە شای ئێران بوو کە لە سەردەمی نەمر مەلا مستەفای گەورەوە ئەو قسانەم کردووە. شیعرەکە دەڵێ:

**ئەگەر دەمزانی خۆشەویستی تۆ**<br>
**ئاوا دەبێتە ڕاز و تان و پۆ**<br>
**خۆم نەدەخستە داوی دڵداریت**<br>
**بە زەردەخەنەی سەر لێوی درۆ**<br>
**کە سووریی دەست و پەنجەتم بینی**<br>
**وامزانی خەنەبەندان دەنوێنی**<br>
**نەمزانی خوێنی دڵی زامدارم**<br>
**کە جوانیی خۆتی پێ دەنەخشێنی**<br>
**ئێستاش ماڵئاوا.. بەجێم بهێڵە**<br>
**هەردەی ناسکی دڵم بکێڵە**<br>
**ئێمە هاودەردی غەمی یەکترین**<br>
**منی کەساس و ئەو دڵە وێڵە**

**رامـــــان:** ئەی پیاوی گەورەی تر کە ناسیبێتت و لە بیرت نەچووبێتەوە، کێن؟

**غەریب پشدەری:** زۆر لەوانە لە یادم ناچنەوە: کەریمی حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی و جەنابی شوکور مستەفا نزیک بووم.

زۆر کەسیش هەبووە کە دوور بە دوور ناسیومن، وەک زاتێکی وەکو گۆران، کە لە جادەی سابوونکەران سەردەکەوت پێم خۆش بوو لە دووی بڕۆم و قەد و باڵای ببینم و ئینجا لە پێشەوە دەموچاوی ببینم. ئەوەندەی من چووبوومە نێو دنیای ئەو، خۆی نەیدەزانی من بە چ پیرۆزییەکەوە تەماشای دەکەم، بەڵام غیرەتی ئەوەم نەبوو هەر نەبێ بچم دەستی ماچ کەم، یان تەوقەیەکی لەگەڵ بکەم، چونکە سەردەمی ئێمە سەردەمی گەورە و بچووکایەتی بوو، کەسێکیش نەبوو دەستەوەگرۆییمان بکا.

ئەوە بێجگە لەوانەی کە ئێستا لە ژیانیشدا ماون.

یەکێکی وەک حەسیب قەرەداخی وەکو دوو برا بە یەکەوە دەژیاین، هەردووکمان موعجەب بووین بە شیعری یەک.

**رامان:** ئەی یادداشتی خۆت نووسیوە؟

**غەریب پشدەری:** ئەوەی ڕاستی بێ شارا خان داوای لێکردم، گوتی ئەگەر بە کورتیش بێ شتێک لە ژیانی خۆت بنووسی. من (٩٠) لاپەڕەم نووسیوە و لای ئەو مرۆڤەیە. هیچ کەسیش بۆی نییە خۆی بە خاوەنی ئەو یادداشتەی من بزانێ، تەنیا ئەو ئینسانە نەبێ. چاپی دەکا، دەیدڕێنێ، دەیدا بە دامەزراوێک، کەیفی خۆیەتی. ئەو (٩٠) لاپەڕەیە بیرەوەریی سەرەتای ژیانمە تا دەگاتەساڵی دامەزرانم بە مامۆستا. بەردەوامیش دەبم و ئەوەندەی تەمەن ڕێگا بدا دەینووسم و پێشکەشی «شارا»ی دەکەم، بەڵام «شارا» کێیە؟ ئەگەر دوای من ما، دەتوانێ لە بانگەوازێک بدا کە ئەو شتە لای ئەو هەیە.

**رامان:** ئەو ناوانە لای تۆ چی دەگەیەنن؟

**جەمال شارباژێڕی:**

**غەریب پشدەری:** فریشتەی شیعری ڕاستگۆ.

**جەلالی میرزا کەریم:**

**غەریب پشدەری:** دوورا و دوور شتەکانم خوێندۆتەوە.

**ئەحمەد هەردی:**

**غەریب پشدەری:** ئەو شاعیرە بەرجەستە گەورەیە پێشڕەوی شیعری ڕۆمانتیکی سەردەمێکی ژیانی منە.

**عەزیز گەردی:**

**غەریب پشدەری:** هەرچەندە بە خزمەتی نەگەیشتووم، بەڵام کەم بەرهەمی هەیە نەمخوێندبێتەوە.

**عەزیزی مەلای ڕەش:**

**غەریب پشدەری:** ئەگەر هێندە تووڕە نەبێ، بەرهەمەکانی یەک لە یەک جوانتر خۆ دەنوێنن.

**عەبدولڕەقیب یووسف:**

**غەریب پشدەری:** خوا تەمەن درێژی بکات، یەکێکە لەو سەربازە ونانەی کتێبخانەی کوردی ئاوەدان دەکاتەوە.

# فەلسەفە و ئەدەب و هونەر یەکڕەنگی و دووڕەنگی و فرەڕەنگی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەرچی ڕێبازی سەرنجڕاکێشی ڕۆمانتیکی، چ لە لایەنی فەلسەفەیی و چ لە لایەنی ئەدەب و هونەرییەکەیدا، وەک بزووتنەوەیەکی کاریگەری سەدەی نۆزدەهەم، ئەمڕۆ لەم سەردەمەماندا بووە بە بەشێک لە مێژووی بیری ئەدەبی و هونەریی و فەلسەفە، ئەوا لە هەندێ خاڵ و بابەت و لایەندا، کە لە تایبەتمەندییەکەیەوە کەوتۆتەوە، بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و هەر ماوە، ئیتر ئەم بایەخ و گرنگی و ڕۆڵە لەو کارەدا بەدی بکرێت کە لە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری و شانۆگەریی سەردەم و دوای خۆی یاخود لەو ڕێبازە جۆر بەجۆرە فەلسەفییانەدا کە لە پەیڕەو و بابەتدا لەسەر بنەما و لە کایە و قەدەخە و پاوانی ئەو بزووتنەوەیەدا شین بوون و هاتوونەتە بەر، کردوویەتی. بۆیە دەگونجێ و دەکرێ کاتێک مرۆڤ سەرگەرمی خۆ خەریک کردن بێت بەم بابەتەوە، دوو جۆرە هەڵوێست لە چوارچێوەی کارلێکردن و کاردانەوەدا لەم کایەو بوارەدا دەستنیشان بکات:

یەکەم: هەڵوێست بەرامبەر بەژێر بەتایبەتی و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە بە گشتی.

ئەم ڕێبازە لە بواری ئەدەبدا بە گشتی دڕی بە ژێر داوە و لە مەیدان دووری خستۆتەوە، بە شێوەیەکی مەبەستەکییانە جارێکی تر گەرموگوڕیی ژیانی بە بەر ناخ و هەست و سۆز و دەروون و ڕەواندا کردۆتەوە.

ئەوی لێرەدا جێگای ڕامان و پرسیارە، دوای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرەی بە سەر جیهان و ژیاندا هاتووە، دوای ئەو پەرەسەندنە تیژڕەوەی تیشک ئاسای زانست و تەکنەلۆجی و جیهانگیری و کۆمپیوتەر کە هەموو کون و کەلەبەر و قوژبنێکی بوون و ژیانیان گرتۆتەوە، دەبێ ئەم لایەنەی هەست و سۆز و ناخ و دەروون کە ئەم ڕێبازە لە سەردەمی خۆیدا بایەخی پێداون، لەم سەردەمەماندا لە جیهانی ریالیستیدا چی لە دەست بێت و چی بکات و چی لێ بکەوێتەوە؟

ئەم سەردەمەمان کە سەردەمی تێپەڕاندن و بەزاندنی سنوورە و چاخی هاوکاری و پێکەوە ژیان و کۆمەکی نێونەتەوەییە، دەبێ پێداگرتنی ڕۆمانتیکییەکان لەسەر ڕێوشوێن و دابونەریتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی تەسک و تەنگەبەردا، هاندانی ڕەوتی تاکڕەوی و گۆشەگیری بایەخدان بە بوونی تاکەکەسی، ئەمڕۆ چ سوودێکی لێ وەربگیرێ، چ گوڵێک بخاتە سەر خەرمانی شارستانی پێشکەوتووی ئەمڕۆی مرۆڤی حەپەساو لە بەرامبەر گۆڕانی سەرتاپاگیری هەموو شتێکی ژیان و کۆمەڵ و دەوروبەردا؟! ئایا ئەم پرسیارانەی لەم سەردەمەماندا کە ڕووبەڕووی ڕێبازێک دەکرێنەوە کە هەر لەسەردەمی خۆیدا کێشەی لەگەڵ بەردەوام بوون و درێژەدان بە ژیانی تایبەتی خۆی هەبووە، لە جێگای خۆیدایە و جۆرە سروشتێکی ڕاستەقینەییانە

نیشان دەدات؟ پێداگرتن لەسەر بایەخدان بە خۆییتی و خودی مرۆڤ و تاکڕەوی ئەگەر لەلایەکەوە، لە ڕواڵەت و ڕوخساردا جۆرە بە گرنگ دانانێکی کەسایەتی کەسیی مرۆڤی لێدەربکەوێت، لەلایەکی تریەوە پتر چاونووقاندنە لە ئاقار ڕاستی و دوورکەوتنەوە و دوورەپەرێزییە لە ڕاستەقینە.

دووەم: فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزم هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە، لەلایەن فەیلەسووفی دانیمارکی سورین ئابای کیرکێگارد تاوەکو گابریال مارسێل، ئەلبێر کامۆ، مارتن هایدیگەر، کارڵ یاسپەرز، میشیل دو ئونامورنو، ژان پۆل سارتر لە پشت ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی فەلسەفەییانەی ئەو چەمک و بۆچوون و بابەت و پرسیار و کێشانە کە ڕۆمانتیکییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەردی بناخەی تەلار و کۆشکەکەیان دانابوو، بەولاوە نەبووە.

٢- ڕاستە ئەم ڕێبازە فەلسەفەییە لە لایەن هەندێک لە ڕابەرانێکەوە لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا بێپێز و لاوازکراوە و لە هەموو جیهانی پان و بەرینی فەلسەفەدا ئامرازێکیان شک نەبردووە بیروبۆچوونی خۆیانی پێ دەرببڕن و ڕەنگی جیهاندیدییەکەیانی پێ بڕێژن لە ڕۆمان و شانۆ بەولاوە!! ئەم دوانەش فریان بەسەر جیهانی بە پێزی فەلسەفەوە نییە، لەگەڵ ئەم لایەنە لاوازەدا کە دەکرێ لە فرە لایەنەوە ڕەخنە بگرێت و دوچاری گازندە ببێ ئەوا لە ناوەرۆکدا بە ڕاشکاویی تایبەتمەندی خۆی لە بەرابەر بابەتەکانی تردا بەوپەڕی دیار و ڕوون و ئاشکراییانە پاراستووە!.

ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازە فەلسەفەییەدا چەندین لایەنی جیاواز بەدی دەکرێن کە بەرچاوترینیان لایەنی بەبڕواو ئیمان و لایەنی بێ بڕواو بێ ئیمانە سەرەڕای ئەو جیاوازییە ئاشکرایەی لەنێوان تاکە فەیلەسووف و بۆچوون و جیهانبینییە فەلسەفەییەکەیاندا سەرنج ڕادەکێشێ، بنەماو خاڵی ناوکۆیی و هاوبەش و هەڵوێست و چەمک و کاتیکوریی و بیروڕای ناوکۆیی و هاوبەشییان هەیە و دەکرێت ئەو لەیەک چوون و هاوبەشییە ببێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ هەموویان بەگشتی بخاتە نێو ئەو خانەیەی لەم سەردەمەماندا بە فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزم ناودەبرێت.

بابەتی توێژینەوە کێشەی واتای ژیان و ڕاستی و بنەماکانی کردار و ڕەفتاری مرۆڤی تاک و تاکە کەسان و ئامادەبوون و هەبوونی کردەکی لە هەڵوێست و ڕەوشە جەنجاڵ و سەختەکانی ژیانی ڕۆژانە لە جیهاندا، واتە دیاریکردنی هەڵوێست لە بەرامبەر کێشە تایبەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، ئەو کەرەسەیە بووە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە بەگشتی پێوە خەریک بووە و قسەیان لێوە کردووە. ئەمانە دەکرێ بە تێکڕایی بە کێشەی بوون دابنرێن، چونکە وەک خۆیان لافیان لێداوە بوون و مەبەست و هەست و نەست و ئارەزوو و تانوپۆی ئەو بابەتەیان لێ پێکدێت کە بە ڕاست و ڕاستەقینە ناو دەبرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤی بیرمەند دەبێ، وەک ڕابەرانی ئەم فەلسەفەیە داوایان کردووە، وەک بابەتی فەلسەفەکردن ئەم خاڵانەی لەبەرچاو و ناخ و دەروون بێت و سەرگەرمی توێژینەوەیان بێت:

کە دەوترێت ئیگزیستێنتس یاخود دازاین (Dasein) مەبەست لە بوونی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤی دیاریکراوی لە خوێن و گۆشت و ئێسقان، لە بوونی خودی خۆی هەست و نەست و ناخ و دەروون پێکهاتوو، بۆیە ئەم فەلسەفەیە بە مرۆڤپەروەر ناو دەبرێت، چونکە مرۆڤ وەک تاک ناوەندی بایەخ پێدان و توێژینەوەیە(١) و بوون Exist یاخود وشە ئەڵمانییەکە (Dasein) هەمیشە بوونی مرۆڤی تاک مەبەستە نەک بوون بە گشتی بەبێ دیاریکردن و دەستنیشان بوون. لێرەوە بوونی گشتی لە بوونی هەندەکی و تایبەتی جیا دەکرێتەوە و سنوور لەنێوان ئەم بوونە هەندەکییە تاکییە و بوونی شت و بابەتەکانی نا من دەکێشرێ و بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبرێتە بەر ڕێباز و میتۆدەی فینۆمینۆلۆجی ئیدمۆند هوسەرل. بوونی مرۆڤ بەوەدا لە بوونی شت و گشتی جیا دەکرێتەوە کە هەمیشە بوونێکی کاریگەری دەستبەکارە، بوونێکە بریتییە لە بوون لە ناو جەرگەی جیهاندا، ئەم بوونە لەلای خۆیەوە لەلایەن بوونی «ئەوانی تر»ەوە دەستنیشان دەکرێت و سنووری بۆ دادەنرێت. بوونی من بەرامبەر بە بوونی نامن.

وەک ئاشکرایە لەم سەردەمەماندا هەرسێک بابەتی سۆسیۆلۆجی و دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆجی بایەخ بە بوونی مرۆڤ دەدەن و هەریەکە لەلای خۆیەوە بەشێکی تایبەتی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە بابەت و کەرەسەی لێکۆڵینەوەی خۆی. بۆیە بە لای ڕابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزمەوە ئەم زانستانە بە تەواوەتی بایەخ بە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ نادەن و هەریەکە پارچەیەکی لێ دادەبڕێ و دەیکات بە کەرەسەی توێژینەوە، بەڵام مرۆڤ لەوە پتر و گەورەتر و گرنگترە بتوانرێ بە تەواوەتی بزانرێ و پەی بە نهێنی پیرۆزی بوونی ببردرێ. مرۆڤ وەک شیاوەکییەکی بەردەوام و هەبوو لەوە مەزنترە تەنیا وەک چەند توانا و هێزێک کە

دەكرێ بزانرێ و پەی پێببردرێ، دابنرێت. مرۆڤ بوون و هۆش و هوشیارییە لەوە پتر و گەورەترە وەک بابەتێک بابەتییانە پەی پێببردرێ(٢)، بوون، بوونی مرۆڤی تاک ناکرێ و لە تواناد‌ا نییە بەهۆی چەندین چەمکی وشک و بێ گیان باس بکرێت و وەک ئامرازێک بخرێتە دووتوێی سیستەمێکی بێ سەروبنی سەرتاپاگیری کلۆم و داخراوەوە، ئەم بوونەی دەکرێ تەنیا سەرنجی بۆ رابکێشرێ و روون بکرێتەوە، ئەم سەرنجراکێشان و روونکردنەوەیە تەنیا بەهۆی چەمکەکانی بوونەوە دەبێ کە هەمیشە و بێ پسانەوە بوونی مرۆڤی دیاریکراو ساخ و پشتڕاست دەکەنەوە، ئەم چەمکانە لە ئازادی و پێوەندی دەستیاوی و بوونی مێژوویی بەولاوە نین.

ئەم سێ چەمکە سێ بابەتن مرۆڤایەتیی مرۆڤ پشتراست دەکەنەوە، دەبێ بوون و ژیان بەبێ ئازادی چ بایەخێکیان هەبێ؟ بەڵام ئایا ئەم رێبازەی فەلسەفە چۆن لە ئازادی دەگات و بە چی دادەنێ؟

پێوەندیش لەلای خۆیەوە شتێکی دەستیاویی ئاساییە. ژیان لە كۆمەڵدا ئەوەندە سەخت و ئاڵۆزە هیچ کەسێک بەبێ كۆمەک و هاوکاری کەسانی تر لە توانایدا نییە بەو شتە بگات کە مەبەستیەتی و سەرگەرمی پێگەیشتنیەتی. بوونی مێژووی Ces-chichtlichkeit یاخود مێژوویێتی کردن بابەتێک بووە لەو بابەتانەی کە بە درێژایی قۆناخەکانی پەرەسەندنی ژیانی كۆمەڵایەتی خامە و بیری بیرمەندانی وروژاندووە. ئەم بابەتە توندوتۆڵ بەکات و زەمەنەوە بەندە وەک دوو جەمسەری سەربەخۆ و جیاواز و یەکتری تەواوکار. واتە مێژوویێتی لەسەرێکیەوە بە کات و گۆڕان و لە ناوچوون و كۆتایی هاتنەوە بەستراوە و لەلایەکەی تریەوە هەمیشەیی و بەردەوامی و نەمری و نەپساوەیی و بێ کۆتایی نیشان دەدات. ئەم چەمکە بریتییە لە یەکێتی و یەکرەنگی کات و هەتاهەتایی. ئەمەیە مەبەستی رابەرانی ئەم رێبازە کە ئەم بابەتە بە بڕیاردان و هەڵبژاردن ناو دەبەن.

لە ژیاندا چەندین رەوش و هەڵوێست هەیە کە سنووری بڕیار و هەڵبژاردن و هەڵوێستی مرۆڤ دەبەزێنێ، ئەگەرچی ئەم رەوش و هەڵوێستانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بوون دەکەن بە شتێکی راستەقینە(٣).. چونکە لە توانای هیچ هێزێکدا نییە خۆی لە بەرابەریان رابگرێت یاخود تۆزقاڵە گۆڕانێک بەسەریاندا بهێنێت. لەو هەڵوێست و رووداو و رەوشانەدا سنوور و رادەی بوون دەبن بە شتێکی راستەقینە، ئەمانە بریتین لە: مردن، ئێش و ئازار چەشتن، تێکۆشان و تاوان و ئۆباڵی ئەستۆ(٤). ئەم رەوشانە بە دوو چاو دەبینرێن و هەستیان پێدەکرێت و دەبن بە بەشێکی سەرەکی و پوختەی بوونی مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ لە بەرامبەریاندا چی لەدەست دێت بیکات؟

٣- هەندێک جار مرۆڤ دێتە سەر ئەو باوەڕە کە بە کەم زانینی رێبازی رۆمانتیکی لەخۆیدا جۆرە ناڕاستی و نارێئالیستییەکی تێدایە، ئەم ناڕاستییە بریتییە لەوەی ئەڵقەیەکی گرنگی زنجیرەی پەرەسەندنی ئەدەب و فەلسەفە بەگشتی پشتگوێ بخرێت. ئایا ئەم بە کەم زانینەی رابردوو چ دەگەیەنێ و ئایا ئەمە جۆرە بایەخدانێکی بەسەردەم و هاوچەرخ لێناکەوێتەوە؟

دەبێ هەڵوێستی رۆمانتیکییەکان کە رابردوویان بە چەرخی زێرین داناوە و سەرگەرمی گەڕانەوە بۆ دوێنێ و ئارامگرتن لە باوەشی سروشتی بێگەرد بوون، لە کام هۆکار و فاکتەرەوە هان دراوە و سەرچاوەی گرتووە؟

جەنجاڵ و هەراوهۆریای سەردەم، تەنگژە و قەیرانی پێکەوە هەڵنەکردن و شەڕی دەستەو یەخە و بەگژداچوونی نێوان کۆن و نوێ، کێشە و بگرە و بەردەی نێوان بەهاو نەریت و داب و دەستور و رێوشوێنەکانی ژیان کە زانستی ئاکار لە کایە و پاوانی خۆیدا رەنگیان دەرێژێ، لە چوارچێوەی بایەخدان بە پرۆسەی بەرەوپێشچووندا مرۆڤ هان دەدەن بۆ سەردەرکردن لەم تەنگژە و بگرە و بەردەیەی لە بە پیت و پێزی و فرە رەنگیی ژیان دەکەونەوە ئاورێکی وردبینانە، ئەگەرچی جاروبار سیماو روخساری بێهیوایشی پێوە دیاربێت لە رابردوو بداتەوە، بۆ ئەوەی هەر نەبێ برە سوودێک کە لە توانادا بێت، لە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی وەربگرێت و لەو تێکشکان و سەرنەکەوتنانە کە لە رابردوودا مرۆڤ دوچاریان هاتووە و تێیان کەوتووە خۆی بپارێزێ. ئایا ئەم هەڵوێستەی ئەم رێبازە کە بریتی بووە لە ئاوڕدانەوە لە رابردوو، هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکانی کردووە بە مەبەست و ئامانج یاخود رازی نەبوونی سەردەم و رەت کردنەوەی بووە، یاخود پرۆسەکە لە خۆیدا ئامراز و رێگا و رەوا کردنی شتێکی دیار و تایبەتی بووە کە دەکرێ بە جۆرە هەڵوێست و جیهاندیدی ناو ببرێت؟ ئەگەر رێگامان بدرێت دوو وشە لە جیهانی پانوبەرینی سیاسەت بخوازینەوە، دەکرێ بڵێین ئەم گەڕانەوەیە بۆ رابردوو جۆرە کۆنەپارێزی و کۆنەخوازی پەرستیەکی تێدا دەردەکەوێ؟!

دانانی بەردی بناخەی کۆشکی ژیانی شارستانی

سەردەم ئەمڕۆ، ئەگەر دواڕۆژیش لەبەرچاو بگیرێت، ناکرێ و ناگونجی ڕابردوو پشت گوێ بخرێت بۆ ئەوەی خەسڵەتی مێژوویی لە پرۆسەکەدا دانەبڕێت و کۆششی قۆناخەکانی پێشتر لە بۆشایی و بازنەیەکی بێ سەرەتا و کۆتایی و نەزۆک و بێبەر گیر نەخوات، بەڵام جارێکی تر هەمان پرسیار دەگرێتەوە گەرانەوەکە بە چ مەبەست و چۆن کاری هەڵسەنگاندنەکە دەدرێت؟!

هەندێک جار بزووتنەوەی پرۆسەی بەرەوپێش چوو و پەرەسەندووی ژیان هێمن و لەسەرخۆ دێتە بەرچاو بە ڕادەیەک لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا سەرنج ڕادەکێشێ، جۆرە وێنەیەکی جارسی و بێزاری و یەکڕەنگییەکی درێژخایەن و بەردەوام دووبارەبووەوەی سارد و سڕ و بێ گیان نیشان دەدات کە ژان پۆل سارتر لە چەند ڕۆمان و بەرهەمێکیدا بە «بێزاری و قێزهاتنەوە و جارسی» ناوی بردووە. کەچی لەبەرامبەر ئەم ڕەوشی بێزاری ئامێز و یەکڕەنگییەی ژیاندا کە لە دووبارەبوونەوە بەولاوە نەبووە، بۆیە هەندێک بیرمەند وەک هایدیگەر لە زۆر بابەتدا چەمکی «هیچ»ی بەرامبەر بەکارهێناوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەرنج بدرێت و پێودانگێکی تر بکرێت بە سەرپشک، گۆڕانی خێرا و لەپساوە نەهاتووی ڕووداو و شت و دیاردەکانی دەوروبەر بە ئاشکرایی هەست پێدەکرێت. مرۆڤیش ناچارە گیرۆدەی دەستی سەرسوڕمان و حەپەسان و ڕامان بێ، چونکە لەنێوان دوو هێزی بەرداش ئاسای بێزاری بەخشی ژیان و پرۆسەی دەرکەوتن و ون بوون و لەبەرچاونەمان و گۆڕانی خێرای دیاردەکان سەرگەردان دەبێ.

٤- ئەو بەرهەمانەی، بە ئەدەبی و فەلسەفەوە، لە سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپا بڵاوکراونەتەوە و ئەو نووسینانەی دەربارەی ئەم بابەتانەی ئەم قۆناغە نووسراون سەرنج بۆ لای چەند خاڵێک ڕادەکێشن کە دەبێتە مایەی لێوردبوونەوە و ڕامان و سەرنجدان. لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕێبازی ئەدەبی و هونەری ڕۆمانتیکی و دوای مردنی هیگڵ (١٨٣١)، فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی هەرەسی هێنا و (٥) دیاردەی ڕقەبەری کردنی فەلسەفەی ئایدیالیستی و میتافیزیک بروانەمان بە ڕێوشوێنەکانی ئایینی و بڵاوبوونەوەی نائومێدی و ڕەشبینی و تاکڕەوی و گۆشەگیری هەموو گۆشەیەکی ژیانی گرتۆتەوە، بە چاوی ئەگەر و گومانەوە ڕوانراوەتە ئەنجامەکانی زانستەکان و گۆڕانە سیاسییەکان، گیانی تاکڕەوی و خۆپەرستی و گۆشەگیری هەموو کون و کەلەبەرێکی گرتۆتەوە. لە بەرهەمەکانی ئەم سەردەمەدا چ فەلسەفە بووبێ و چ ئەدەب، هەڵوێستی جیاواز و بیروبۆچوونی سەیر و سەرنجڕاکێش بەرچاو دەکەون کە تێیاندا پتر ئەنجام گازندە و ڕەخنە کراوە و هۆکار و فاکتەرەکان وەک پشت گوێ خرابن وا دێتە بەرچاو، لە هەندێک بەرهەمدا ئۆباڵی ئەم پاشاگەردانییە و ئەم دواکەوتوویی و بێ سەروبەرەییە خراونەتە ئەستۆی فەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی ئایدیالیستی و میتافیزیک بە تایبەتی(٦)، لە هەندێکی تردا بیروبۆچوون و ڕێوشوێنە ئاینییەکان وەک هۆکارێکی ئەم نەهامەتی و دوچاری و خوم شێواوی و ڕەشبینییە دانراوە. لەم بوارەدا فەیلەسووفی وەک فۆیەر باخ، نیتشێ، کیرکیگارد(٧) بەرچاو دەکەون.

کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە کە قۆناخی پەیدابوونی ڕێبازی ڕۆمانتیکییە، ڕقەبەری و پێکهەڵپڕژانی بیرمەندان بە نووسین و وتار لەنێو خۆیاندا، وەک دیاردە جا ئیتر ئەمە بەشێک بووبێ لە میراتی پێشووتر، بەتایبەتی سەردەمی ڕاپەڕین، یاخود بارودۆخ و سروشتی گۆڕانە هەمەچەشنەکان خستبیانەتەوە، دوو ڕێباز لە چوارچێوەی بیروبۆچوون و جیهانبینیدا بەدی کراوە:

یەکەم: بریتی بوو لە کۆشش کردن و هەوڵدان بۆ پیادە و جێگیرکردنی نەزم و ڕێکوپێکی و دیسپلین و تەرازوو ڕاگرتن و ڕێزلێنانی قانوون و ڕێوشوێن و دابونەریت و دەستووری باو و ڕشتنی ڕەنگی بۆچوونێک وەک چوارچێوەیەک تێیدا هەمەکی و گشتی لەسەر و هەندەکی و تایبەتیدا دابنرێت.

دووەم: لەم لایەن و ڕێبازەدا کۆشش کراوە بۆ دووپاتکردنەوە و پێداگرتن لەسەر ڕەوتی تاکڕەوی و گۆشەگیری و تاکە کەسی و جۆرە سەربەخۆییەکی خۆ (خود) و هەندەکی و تایبەتی بە گرنگ دانراون و دژ بە هەمەکی و گشتی دراوە. ئەم جۆرە هەڵوێستە کە دەکرێ بە بایەخدان بەتایبەتی و پشت گوێ خستنی گشتی و هەمەکی وا پێدەچێ پاشماوەیەکی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی بێت(٨) و لەو سەردەمەدا زیندوو کراوەتەوە. دیار و ئاشکرایە کە ئەم ڕێبازە لەلایەن ڤیلهێلمی ئۆکامییەوە گیانی بە بەردا کراوە، بۆیە فەلسەفەکەی بە نۆمینالیزم ناوبراوە.

ئەم ناکۆکی و ڕقەبەری یەکتری کردنە و پێکهەڵپڕژانە لەبیروبۆچوون و ڕێباز و فەلسەفە و جیهانبینیدا وەک جۆرە بەگژیەکتریدا چوونی دوو جۆرە جیهانبینی هاتۆتە بەرچاو کە لە دوو جۆرە بەهاو نەریت و داب و ڕێوشوێنی

جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبێ! بۆیە دەکرێ و شیاو و گونجاوە هەوڵ بدرێت ئەو لایەن و کارە کە لەم بوار و کایەدا لە فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیکی کراون، ڕوون بکرێتەوە.

ڕۆمانتیکییەت وەک ڕێبازێکی ئەدەب و هونەر، بە لق و بەشە فرە ڕەنگ و جیاوازەکانییەوە، ئەگەر لە ڕواڵەتدا بووبێ یاخود ئەگەرچی لەو ئەنجامانەی کە دەکرێ لە بۆچوون و بەرهەم و هەڵوێستەکانیانەوە بکەونەوە، بەدڵی خۆیان نەبووبێ و نەبێت ئەوا لە ڕەوتی گشتی و پرۆسە هەمەکییەکەیاندا سەرگەرمی بایەخدان بوون بە بەرهەمی سەدەکانی ناوەڕاست (مەسیحی ئەوروپا) و هەست و نەست و بزووتنەوەی نەتەوەیی و تایبەتی و هەندەکی و سروشت و دیمەنە دڵڕفێنە جیاوازەکانی، ئەو سروشتەی هەر بە کچی و بووکی ماوەتەوە و دەستی تێکدەرانەی مرۆڤی شەیدای تەکنەلۆجی نەیگەیشتوتێ، ئەمەش بە شارەزایی و لێزانین و ئەزموونێکی (خیبرە)ی ڕاستەوخۆی تاکەکەسی دانراوە.

تیشکی مانگەشەو و خوڕەتاو و بەربەرۆچکەی پایز شەوی کشومات و ژین و مردن و خەونەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مرۆڤی تاک (٩) باخ و ڕەز، خوڕەی شیو و دۆڵ و قەڵبەزەی ئاو، ئەو بابەتانە بوون لەگەڵ چەندین بابەتی تر کە خامەکانیان و پەڕەمووچی هونەری خۆیانیان پێوە خەریک کردوون. مرۆڤی ڕۆمانتیکی مرۆڤێک بووە تەنیا بە شێوە و شێوازی تایبەتی بە بارێکی دیاریکراودا بیری کردۆتەوە، سەرنجی داوە و وردبۆتەوە. خۆی و ناخی خۆی ئەو دوو ئەژنۆیەی بووە کە (مام هێمن موکریانی) خۆی وتەنی، هەمیشە توند گرتوونیەتە باوەشی! بۆیە بەدڵ و ئارەزووی خۆی کونجی قەناعەتی گرتووە، بەوەی گۆشەگیرە و تاکڕەو بێ و ئەگەرچی دوچاری ئێش و ئازار و بێزاری و جاڕسی بێ بە جۆرێکی تایبەتی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات و جۆرە چێژێکیان لێوەربگرێت! گوایە پەنابردنە بەر هەست و سۆز و شۆڕبوونەوە و قووڵ بوونەوە بەناخدا جۆرە سەربەستییەکی بێ ڕادە و سنوور دەستەبەر دەبێ و کەچی وا دێتە بەرچاو ئەمانە جۆرە یاخی بوونێکیان تێدا بێ و مرۆڤی یاخیبوو بە مانای ئەم ڕێبازە و بەپێی تێگەیشتنی ئەم ئەدیب و هونەرمەندانە ئەو کەسەیە کە بەهیچ شتێک ڕازی نەبێت. مرۆڤی ڕۆمانتیکی یوتۆپیستی دواڕۆژی (١٠) دڵیان بە بێ سەروبەری و ئاژاوە دەکرێتەوە لە ڕابردوودا ئەو هەتوانە بەدی دەکەن کە برینی سەردەمیان ساڕێژ دەکات و ئەو ئازارشکێنە دەبینن کە ئێش و ئازاریان هێور و کپ دەکات ئەو کەرەسەیە دەبینن کە خەمیان دەڕەوێنێتەوە.

ڕاستە سروشت و دەوروبەر، گەردوون و ئایین و ژیانی ژیری و گیانی و کولتوور ئەو بابەتانەن کە ڕاستەوخۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و مرۆڤ نە لەتوانایدا هەیە و نە دەخوازێت دەستبەرداریان بێ، بەڵام کە دەڵێین ژیان، بە هەموو جۆرەکانیەوە بە پێزی و فرە ڕەنگی، بزووتنەوە و گرژبوون، بێ سنووریی و ڕادە و لە ڕادەبەدەریی بابەتە بە یەکتری ناکۆکەکان ئیتر لە بیرو کرداردا بن یاخود لە خواست و ئاوات و ئامانج و کرداردا، دێنە بەرچاو و بەهیچ جۆرێک چاوپۆشییان لێ ناکرێت.

پەنابردنە بەر هەست و سۆز و ڕێزلێنانی ئازادی و سەربەستی تاکەکەسی ئەگەر لەچوارچێوە تیۆرییەکەی بچێتە دەرەوە، ئەگەر بە تەواوەتی مەبەست لەو ئازادییە پێناسە و دەستنیشان بکرێت، بکرێت بەسەر مەشقی ژیان کاتێک بنج و بناوان و بنەمایەکی پتەویان دەبێت، ئەگەر جۆرە سەربەخۆییەک لە ژیاندا دەستپاکی و چاکەخواز لەبڕیارداندا و ئارەزووی ڕاستەقینەی خێر و خۆشی گشتییان لێ بکەوێتەوە(١١) دڵ سووتان و دڵ لێدان بۆ ڕابردوو پشت کردنە ئەمڕۆ، نە ئازادییە و نە هیچ جۆرە سەربەستییەک دەستەبەر دەبێ، بگرە جۆرە لێکدانەوە و پێناسەکردن و تێگەیشتنی ئازادییە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئازادیدا تەبا و گونجاو نییە ئەگەر ئازادییەکە خۆی لەکەدار و بێ سەروبەر نەکات!

٥- لە هەست و سۆزدا، دەکرێ و دەگونجێ، جۆرە ڕەهایی و سنوور بەزاندن و بێ کۆت و پێوەندییەک بە بیردابێت و هەستیش پێبکرێت و دەشێ لەم ڕەوشەدا مرۆڤ وەک کایەیەک سەرچاوەیەکی بەپێزی داهێنانی شیعر و بابەتی هونەری دەستگیر بێ، بابەتێک تان و پۆیەکەی ئەندێشەی دوور لە ژیرەوە بێ، بەڵام بەبێ ئازادی ڕاستەقینە کە بەبیری ڕاستەقینە پشت ئەستور بێت کە زۆر جار جۆرە یاخیبوونێک لە بنەما و ڕێوشوێن و نەریتە باوەکان و دەسەڵات بە مانا جۆر بە جۆرەکانییەوە نیشان دەدات، ناشێ و لە کردن نایەت.

پێوەندی کۆمەڵایەتی بە برشتی نێوان مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵ و دەوروبەر ئەو بنەمایەیە شارستانی لەسەر ڕەنگ دەڕێژرێ، کۆمەڵ، بنەوێ و نەمانەوێ لە چین و توێژ و پلەو پایە و ئاستی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهاتووە، هەر پلەیەک، هەر پارچەیەک کە ئەرک دیاریکراو و مافی تایبەتی لێدەکەوێتەوە کە بەمرۆڤ بەخشرێت هەڵوێست و باجی سەرشان و ئۆباڵ و فرمانی

دیاریکراو ئەوەندەی خۆی پێداویست دەکات. هەبوونی هەمەڕەنگی و ناکۆکی و ناتەبایی، سەرەڕای ئەو تەباییەی نێوان کۆمەڵ و تاکە کەسان «مرۆڤ» دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە و بە پیت و پێزی و بڕشتی ژیان خۆی نیشان دەدات و وەک تەرازوویەک هەوڵی بەربەستکردنی لاسەنگیی لە دیسپلین و نەزم و ڕێکوپێکی کۆمەڵ و پرۆسەی بەرەوپێش چوونی شارستانی دەدات. ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە نموونەیەک بهێنینەوە دەڵێین:

ئەو کۆششانەی بۆ بە لایەکدا خستنی ئەم بەگژیەکدا چوون و پێکهەڵپڕژانە کراون یاخود بۆ سەرخستن و زاڵکردنی لایەنێکیان بەسەر ئەوی تریاندا یان بۆ لەسەرکردنەوەی یەکێکیان دژی ئەوی تریان هەمیشە سەرنەکەوتوو و مایەپووچ بوون، چونکە ئەم فرە ڕەنگی و هەمەجۆریی هەمیشە بە بڕشت و بەپێزیی و فرە لایەنەیی ژیان خۆی پشت ئەستور بووە.

ئەگەر هاتبایە لە جیهاندا تەنیا تاکە دەسەڵات و هێزێکی بەتوانای دەست ڕۆیشتووی سیاسی یاخود تەنیا هەریەک ئاییینی هەبوایە بێگومان ئەو دەسەڵاتە یاخود ئەو تاکە ئاییینە ئەوپەڕی زەبر بەدەست و ترسناک و دیکتاتۆر و زەبر و زەنگی پیادە دەکرد و پەکی بە هیچ شتێک نەدەکەوت و لە هەموو شتێک بێ خەم دەبوو.

خۆ ئەگەر لە جیهاندا تەنیا دوو هێزی دەسەڵاتی سیاسی یاخود دوو ئایین هەبوایە ئەوا هەمیشە هەردووکیان بەشێوە و جۆری جیاواز لەنێو خۆیاندا خەریکی پێک هەڵپڕژان و بەگژیەکداچوون و شەڕ و جەنگ دەبوون(١٢). بوونی فرەڕەنگی و جیاوازی و هەمەچەشنەیی بابەتێکە، ڕەوشێکە شتێکە ژیان خۆی دایهێناوە. ئەوی ژیان دایبهێنێ بێگومان دەستەبەری بەردەوام بوون و مانەوەشی دەبێ. ئەوی لەناودەچێ و نامێنێ ئەو بنەما و پوختە و جەوهەرەی نییە کە ببێتە مایەی ئەوەی شایستەی مانەوە و ژیان بێت.

لەبەر ئەوەی لە ژیاندا سێ ئاییینی جیهانی هەیە و ئەمەش لەخۆیدا جۆرە فرەڕەنگییەکی ژیان دەردەخات و پشتڕاست دەکاتەوە بۆیە هەر نەبێ تاڕادەیەکی بەرچاو ئەگەر لە ڕواڵەتیشدا بێت هەرسێک ئاییینەکە بە ئاستی شان بەشانی یەکتری دەژین و بەردەوام سەرگەرمی کاروباری تایبەتی خۆیانن. بۆیە ئەو هەوڵانەی بۆ تەبایی کردنی ڕەوش و پێکەوە گونجاندنی لایەنە جیاوازەکان دەدرێت هەمیشە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، چونکە جیاوازی جەوهەری ئەم بابەتە جیاوازانە لەبەرچاو گیراوە و پشت گوێ نەخراوە. ئەم هەڵوێستە، وەک من تێی بگەم پتر بۆتە مایەی درێژەکێشان و بەردەوام بوون و بەرەوپێش چوونی ڕەوت و پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵ و شارستانی. تەبایی کردن و پێکەوە گونجان لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی و تایبەتمەندی تایبەتی خودی هەر لایەن و بابەتە شتێکی سروشتییە و تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ژیان و مێژوو و شارستانییەت و مێژوو نیشان دەدات، بەپێچەوانەوە پەنابردنە بەر تۆبزی و ناچاری بۆ گۆڕینی ئەوەی کە هەیە نەک هەر بە پێزی و فرەڕەنگی سروشتی و نەزۆک و بێ پێز دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی ژیان و مێژووەوەیە.

هەبوونی چەندی ڕاستی، ڕاستی ئایین و ڕاستی زانست و ڕاستی فەلسەفە هەمیشە جەوهەری ژیانی پشتڕاست کردۆتەوە. ئەمەش ئەگەرچی شەڕی دەستەویەخەی نێوان دوو جۆرە بەهایە:

یەکەم: بەهایەک هێز و توانا و ڕەوایی خۆی لە مەنتیقی ژیان و (١٣) پەرەسەندنەوە هەڵدەهێنجێ.

دووەم: بەهایەکی تر کە کۆمەڵ بەهۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ئیتر ئەمە ئایین و کڵێسە و کەنیشتە بووبێ یاخود شتێکی تر سەپاندوویەتی و ڕەوایی بوونەکەی پێبەخشیوە.

ئەوی بایەخی بەلایەنی یەکەم داوە سەرگەرمی پشت ڕاستکردنەوەی زانست بووە بە لقە جۆر بەجۆرەکانیەوە. ئەوی تریان بانگەشەی بۆ جیهاندیدی ئاییینی کردووە. هەبوو ڕاستی و دڵنیایی و بڕوا «یەقین» چ لە فەلسەفە و چ لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگدانەوەی هۆکار و فاکتەرە سیاسی «دەسەڵات و ڕێژیم» و هۆکارە فەلسەفەیی «بە ڕێبازە جۆر بەجۆرەکانییەوە» و هۆکاری ئاییینییە بە هەرسێک ئاییینە جیهانییە سەرتاپاگیرەکەوە بووە جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام.

٦- من وای بۆ دەچم ئەو سەرچاوە و قەباڵە و بەڵگانەی لەو باوەڕەدان کە ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمان لە سەرەتادا دیاردەیەکی جوانناسیی (ئیستێتیکی- فەلسەفە و هونەر) بووە، بەهۆی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی بەسەریدا هاتوون لە ناوەرۆک و ڕوخساردا گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە و بەهۆی لاهووتی یا کوبی و فەلسەفەی سپینۆزاوە بووە بە بزووتنەوەیەکی ئاییینی(١٤) و سەرگەرمی جارێکی تر دامەزراندنەوەی یەکگرتوویی لە دەست چوونی ئاییینی مەسیحی بە لایەنە جیاوازییەکانیەوە بووە ئەو یەکگرتوویی و تۆکمەییەی لە کۆتایی سەدەکانی

ناوەڕاستدا گوایە هەرەسی هێناوە. ئەم بۆچوونە، یاخود ئەم بڕیار و حوکمدانە چاو لە هەندێک ڕاستی مێژوویی و بابەتییانە دەپۆشێ.

کۆمەڵی ئەڵمانی، وەک سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەریانخستووە، کۆمەڵێکی ئایین دۆست و بڕواو ئیمان پەروەر بووە (بە مانا مەسیحییەکەی). تەنانەت لە بواری فەلسەفەشدا هەمیشە ڕێبازی ئایدیالیزم کە بە ئاشکرا ئاسەوار و جێدەستی ڕێوشوێنی ئایینی پێوە دیارە باڵادەست بووە! هیچ ئەگەر و گومانی لەو ئایینە نەبووە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆی ماوەتەوە. گەورەترین بیرمەند و فەیلەسووفەکانی تا کۆتایی سەدەی نۆزدە پێویست بووە لە سەریان لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکاندا ئایین و لاهووت بە دەرس بخوێنن. لە لایەکی ترەوە ئەو کارەی کە ئایین لەو ڕێبازانەی کردووە ئاشکرایە و کەس لاری لێ نییە، بەڵام ئەم کارلێکردنە جاروبار کاردانەوەیەکی نالەبار (نێگاتیڤ)ی لێکەوتۆتەوە و بووە بە مایەی لەڕێوشوێنەکانی ئایین لادان لەلایەن هەندێک ئەدیب و هونەرمەند و فەیلەسووفەوە ئەگەرچی بە پەنجەی دەستێک ژمێردرابن. یاخود ئەمانە پشتیان کردۆتە ئایینە مەسیحییە باوەکە و هەوڵی داهێنانی ئایینێکی تریان داوە. نۆڤالیس و تیک هیلدەرلین و.. تاد، چەند نموونەیەکن ئەم لایەنە بەدەردەخەن. جگە لەمە گەورەترین گۆڕانێکی سەرتاپاگیری چاکخوازییانە پشت ئەستوور بە باوەڕ و ئیمان کە بەسەر ئایینی مەسیحیدا هاتبێ و کە ڕێبازی پرۆتستانت (ئیڤەنگلیست)ی لێکەوتۆتەوە لەسەر دەستی لوتەری ئەڵمان نەژاد بووە.

لوتەر بە پێچەوانەی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی مرۆڤێکی بە ئیمان و ئایین پەروەر بووە، هەوڵی داوە بنەما ڕەسەنەکانی ئایینی مەسیحی لە گەرد و خەوشی ڕۆژگار پاک بکاتەوەو لە گیاکەڵەی پیاوانی کڵێسە و دەزگاکانی ئایین و لاهووت بژار بکاتەوە. بەلای ئەم کەڵە پیاوە چاکخوازە مەسیحییە، ئایین بە هیچ جۆرێک پەکی لەسەر ژیر و ڕێوشوێنەکانی مەنتیق نەکەوتووە، هەموو شتێک چاوەڕێی بەهرە و بەزەیی و ڕەحم و لوتفی ڕەب دەکات، مرۆڤ، ئەوی بەسەری دێت و لێی دەقەومێ لە ئاسمانەوە لەناوچاوان و چارەی نووسراوە.

بە پێچەوانەی لوتەرەوە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، هەر لە کانتەوە تا هیگڵ و فیختە و شیلنگ و شۆپنهاوەر خەسڵەت و تایبەتمەندی و سروشتێکی دنیاییان بە لوتف و ڕەحم و بەزەیی و بەهرەی ڕەب بەخشیوە(١٥)، بە واتایەکی تر ئەگەر هەموو خێر و بێر و بەختەوەری و خۆشییەک لە بەهرە و لوتفی ڕەببەوە بکەونەوە ئەوا ئەو خەسڵەتانەی بەهرەکە کاتێک سروشتی دنیایی جیهانییان پێدەبڕێ، دەبن بە خەسڵەتی پرۆسەی زانین، بۆیە هۆشی ترانسندنتالی و ژیری هەمەکی و گیانی ڕەها کە چەمک و بۆچوونی سەرەکی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانن چەند شێوە و ڕوخسار و وێنەیەکی بەهرە و لوتفی ڕەببن کە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی زانینن. ئەمە لەلایەک، بەڵام لەلایەکی ترەوە لوتەر کە زۆربەی هەرە زۆری میللەتی ئەڵمان زمان شانازی پێوە دەکەن، بە هیچ جۆرێک، وەک سەرچاوەکان بە زمانی ئەڵمانی باس دەکەن، بیری لە کاروباری دنیا نەکردۆتەوە، بەلایەوە پاکبوونەوە لە خەتا و گوناه بەهۆی بڕوابوون و ئیمان هێنان بە ئینجیل دەبێ، ئەو ئینجیلەی بەلای لوتەرەوە سرووش و پەیام و وەحی ڕەب(١٦) بووە بۆ مرۆڤ، بۆیە بەوپەڕی بڕوا و پێداگرتنەوە لاهووت و فەلسەفەی لە یەکتری جیا کردۆتەوە و بە چاوێکی نزمەوە سەرنجی ژیری داوە و کردوویەتی بە هۆکار و مایەی بەدکاری و پشتی بە سرووش (وەحی) بەستووە، ئەگەرچی، ئەوەندەی من خوێندبێتمەوە هیچ جۆرە وەحیەکی ئاسمانی لە مەسیحییەتدا نەبیستراوە لەو حیکایەت و سەرگوزشتانە بەولاوە کە یاوەرانی عیسا لە چوار ئینجیلەکاندا تۆماریان کردووە و سەردەمی لوتەر و پێشتریش شتێک نەبووە کە وشەی ڕاستەقینەی ئایین پڕ بە پێستی بێت. مەسیحییەت بڕوایەکی بێ پابەندبوونە و هیچ جۆرە ئایینێک نییە! چونکە هەموو شارەزایەک دەزانێ کە ناوەڕۆکی ئەو چوار ئینجیلانەی کڵێسە پەیڕەویان دەکات فریان بەسەر سرووش و سەروو سروشتەوە نییە و چەند کەسانێکی ناسراو نووسیویانەتەوە و لەنێوان پتر لە سەد ئینجیلی جیاجیا لە نیکیا ئەم چوارە پەسەند کراون!.

ئەم لایەنە هیچ کاتێک بابەتێکی سەرەکی ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفیی سەردەمی ڕۆمانتیک نەبووە، مرۆڤی ڕۆمانتیک ئەگەر جۆرە هەست و سۆزێکی لەناخی خۆیدا شک بردبێ یاخود هەست پێکردبێ، ئەم هەستە ناکرێ بە ئایین و بڕواو ئیمان دابنرێت، خۆشی لە خۆیدا ئەنجامی هۆکار و فاکتەرێکی تر بووە کە دەکرێ لە تێکڕای دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەوتبێتەوە، ئەو دیاردانەی کە لەلای خۆیانەوە ئایینەکەش وەک دیاردە و فاکت و فاکتەرێک دەگرنە خۆ.

وەک من بۆی دەچم ئەگەر فەلسەفەی سپینۆزا

بەتایبەتی و بیروبۆچوون و جیهانبینییەکەی بەگشتی جۆرە رۆڵێکیان گێراوە و کاریگەرییان لە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری رۆمانتیکیدا کردبێ، ئەو کارە لە چاو ئەوەی لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا کردوویانە لاوەکی و هەندەکییانە دێتە بەرچاو. ئەو جۆرە کارتێکردنە وا پێدەچێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووبێ کە دەکرێ بگوترێ لە ڕێگای هەندێک فەیلەسووفی ڕێبازی ئایدیالیستی ئەڵمانەوە بووبێ کە ئەوان لەلایەن ئەم فەیلەسووفە جوولەکەوە کاریان تێکراوە و ئەوانیش کاریان لە ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و دیدی کۆمەڵایەتی و جیهانبینی گشتی رۆمانتیکییەکان کردبێ.

٧- سپینۆزا چ وەک کەسایەتی (کارەکتەر) و چ فەلسەفەکەی دەرفەتی ئەوە دەدەن و مەودا دەرەخسێنن بەشێوەی جیاواز لێک بدرێنەوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کاتی خۆی لەبارەی گوزەران و ژیان و کەسایەتی سپینۆزا کرابوون و هەوڵیان دابوو وەک مرۆڤێکی سۆفی گۆشەگیر و تاکڕەوی دوورە پەرێز و دوور لە ڕووداو و جەنجاڵی ژیانی دەوروبەرو کۆمەڵ نیشان بدەن تا ڕادەیەک لە ڕاستییەوە دوور بوون.

وەک لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەریان خستووە سپینۆزا هیچ کاتێک نە بە کرداری ژیانی رۆژانە و نە بە نووسین و بەرهەمەکانی شتێک نەبووە دوور و نزیک لە رۆمانتیکییەکان و ڕێبازەکەیانەوە نزیک بووبێ یاخود بووبێ بە مایەی ئەوەی وەک نموونەیەک ڕەچاو بکرێت یان سوودی لێوەربگیرێت. وەک مرۆڤ و فەیلەسووف لە بارەی ژیان و کۆمەڵ و سیاسەت و بڕوا و ئایین و کێشەکانی سەردەمی خۆی هەڵوێستی دیار و بەرچاوی هەبووە. هەندێک جار هەندێ لایەن و نووسەر ئەوەندە بە پێشکەوتنخوازیان داناوە تا ئەو ڕادەیەی وەک نموونەیەک سەرنج دراوە کە گوایە لەسەر نەتەوەی ئەڵمانی ڕەگەز (جەرمان) جۆرە مەترسییەک بووبێ (١٧).

٧- فەلسەفەی سپینۆزا لەلایەکی ترەوە، وەک من تێی گەیشتبم ناکرێ بە سەرچاوە و هۆکاری هاندەری ڕێبازی ئەدەبی و هونەری رۆمانتیکی دابنرێ، وەک هەندێک نووسەر ئەم لافەیان لێداوە(١٨)، ئیتر چ شاکاری ئاکار Ethic یاخود شاکاری تراکتاتی تیۆلۆجی- سیاسی مەبەست بێت. ئەم بلیمەتە ڕەنگی جیهانبینییەکی سەرتاپاگیری ڕێکوپێکی سیستەم ئاسای ئایینی و ئاکاری و میتافیزیکی و ئیستاتیکی بەشێوەیەکی ڕێبازەکی- میتۆدەیی ئەوتۆ ڕشتووە کە بە هیچ شێوە و شێوازێک و ناوەرۆکەوە لەلای ڕێبازی رۆمانتیکییەکان بەرچاو ناکەوێت و واش نایەتە بەرچاو ئەو خۆی کاری تێکردبن.

دوور نییە بگوترێ سپینۆزا شارەزاییەکی فرە خاسی لە تەورات و ڕێو شوێنی جوولەکایەتی هەبووە و دەکرێ وادابنرێت کە داهێنانە فەلسەفییە سەرتاپاگیرەکەی ئەم کەڵە بیرمەندە لە سەرچاوەی هەست و هۆشیاری ئایینییەوە هەڵقوڵابێ و کەوتبێتەوە، تاڕادەیەکیش رۆمانتیکییەکان هەڵوێستێکی سۆزاوی پەسەند کردنانەیان بەرامبەر بە ئایینی مەسیحی و هەندێک لایەنی میراتی کەلەپووری سەدەکانی ناوەڕاست هەبووە. ئەم بۆچوونە تاڕاددەیەک لە جێگای خۆیدایە و شیاوەکییە، بەڵام بەهیچ جۆرێک تاکە خشت و کەرپووچێک ناخاتە سەر بناخەی دیواری دامەزراندنی پێوەندی پردئاسای نێوان هەردووک لا. جۆری بیرکردنەوەی سپینۆزا و ئەو کێشە و پرسیار و بابەتانەی مێشک و بیروناخیان ورووژاندووە، زەوی و ئاسمان لە هی رۆمانتیکییەکان جیاوازن.

لە کاتێکدا رۆمانتیکییەکان وەک شاعیر و ئەدیب بە چاوی هەست و سۆز و پشت ئەستوور سەرنجی کێشە سەختەکانی ژیانیان داوەو بە ئەسپی باڵداری ئەندێشە و خەیاڵ لە بەرزایی ئاسماندا لە شەقەی باڵیان داوە و خەونەکانیان دەربڕیوە، سپینۆزا ژێری کردووە بەسەر پشک و پێودانگ و حەکەم و بەهیچ جۆرێک، بەپێی ڕەوشی پەرەسەندنی سەردەمی خۆی ڕێگای نەداوە، هەر نەبێ لە وتوویژ و ژیانی رۆژانەیی و لە هەڵوێست و بەرهەمەکانیدا ژێر ببێ بە قەرەواش و خزمەتکار و پابەندی لاهووت، چونکە بەلایەوە هەر یەکێک لەم دووانە، ژێر کە ئامرازە و سرووش و لاهووت کە بابەتی ئایین کایە و پاوان و مەڵۆی تایبەتی خۆیانیان هەیە ڕاستی پاوان و کایەی ژێرن، لاهووت دەست بە دامێنی «ڕەب پەرستی» و تەقواو پابەندبوون و ملکەچییەوە دەگرێت. ئەم فەیلەسووفە ئازا و بوێر و بەڕاشکاویی و چاونەترساو دەری بڕیوە کە هیچ کاتێک لە توانای لاهووتدا نییە شتێک بکات یاخود شتێکی لێبکەوێتەوە دژ و ڕقەبەر و پێچەوانەی ژێربێت. لاهووت هیچ شتێکی نوێ ناخاتە بەردەست، لەوە بەولاوە ئەوەندەی خواپەرستن بە پێویستی دادەنێ، بنەماکانی بڕوا هێنان دیار و دەستنیشان دەکات و ڕێگا بۆ ژێر چۆڵ دەکات، ئەو ژێرەی تیشک و ڕووناکی بیرو مێشکە، ڕاستی بڕوا دەستنیشان بکات، ئەو لاهووتەی بەبێ ژێر دەکەوێتە چاڵی بێ بنی خەون و خەیاڵ و ئەندێشەوە و بەهۆی

ژیرەوە لاهووت ڕاستی دەستگیر دەبێت. بۆیە بەبێ پاریز و سڵ کردنەوە نابێ ژیر بە هیچ شێوازێک پابەندی تەورات و تەوراتیش لەلای خۆیەوە نابێ پابەندی ژیر بێت، چونکە هەریەکەیان کایە و پاوان و بابەتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە(١٩).

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجێک لە ناوەڕۆکی کتێبی (ئاکار)ی سپینۆزا بدرێت کە بە ئاشکرا تێیدا ڕێباز و پەیڕەو و میتۆدی ئەندازە پیادە دەکرێت، ناکرێ بەسەرچاوەیەکی سرووش بەخشی ئەدەب و هونەری ڕۆمانتیکییەکان دابنرێت. وەک ئاشکرایە ئەم شاکارە تەنیا فەلسەفە و لاهووتە. شیعر بە گشتی لەلای ڕۆمانتیکییەکان بە چەند بنەمایەک بەندە وەک هەبوونی جۆرە لە یەکچوونێکی نێوان مرۆڤ و سروشت یاخود لە ڕوانگەی بایەخ و بەهاکانی مرۆڤییەوە دەڕوانێتە سروشت و بڕوای بەوە هەیە کە هەست و سۆز و هەڵچوون و دەمارگیران و بەهرەی بۆهاتووی تاکەکەسی تایبەتی سەرچاوەی لەبن نەهاتووی شیعرن، ئەمانەش بە تێکڕایی بەهیچ جۆر و شێوەیەک بەلای سپینۆزاوە پەسەند نین، چونکە ئەمانە بەلایەوە، واتە هەست و سۆز و هەڵچوون، مۆرک و خەسڵەتێکی کۆیلێتی و بەندایەتی نیشان دەدەن و جۆرە ئازادییەک بە ڕواڵەت دەردەخەن کە بەپێچەوانەی ئەو ڕێوشوێن و تۆبزی و ناچارییەن (دیتر مینیزم) کە ئەو خۆی بڕوای پێیان بووە(٢٠) و لە بەرهەمەکانیدا داکۆکی لێکردوون. هەست و سۆز و خۆشەویستی و هەڵچوون و تووڕە بوون و ناخ ورووژان و بەزەیی پێدا هاتنەوە بەرچاوی ژیر و مێشک لێڵ و تەمومژاوی دەکەن و دەبنە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم دیتنی ڕاستی و ڕاستەقینە.

٨- شتێکی گومانهەڵنەگرە کە ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە فەلسەفە و ئایینی سوودمەند بووە، بەڵام سوود وەرگرتنێک کە لە ڕوانگەی بۆچوونێکی دەستڕەنگین و وردەکاری و وەستایانە و بەچاوی کرپار و ڕەخنەگرانەوە بووە. وەنەبێ فەلسەفەی سەدەی نۆزدە پریشکی هات و هۆریا و هاوار و نەڕەنەڕی شاعیر و ئەدیبانی بەرنەکەوتبێ، بەڵام ئەوی ڕاستە و هیچ گومان هەڵناگرێت کاتێک مرۆڤ بە وردی سەرنج بدات، ئەوەیە کە هەر یەکێک لەم دوو بابەتەی سەدەی نۆزدە (فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیکی) تایبەتمەندی خۆیانیان هەبووە و چاوپۆشین لەم ڕاستییە جۆرە ئەگەرکردنێک لە سەربەخۆیی ڕوخسار و ئامراز و ناوەڕۆکی هەر لایەک لەم دوو لایەنە جیاواز و دەستیاو بەیەکەوە بەندە نیشان دەدات. بە واتایەکی تر هیچ شتێک لەم ژیان و جیهانە فراوان و پان و بەرینەدا نەیتوانیوە و لەدوا ڕۆژیشدا ناتوانێ جێگای شتێکی تر بگرێتەوە و ناتوانێ ببێ بە شتێکی تر، شت خۆی هەر شتە و نابێ بەشتێکی تر، چونکە ئەگەر وانەبوایە و وانەبێ ئەو شتە خەسڵەتی شتێتی خۆی کە جەوهەرەکەیەتی دەدۆڕێنێ. گۆڕان هەیە، بەڵام ئەم گۆڕانە هەرگیز قەرەی پوختە و جەوهەر ناکەوێ، ئەگەر وێنە و ڕوخسار گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئەگەرچی ئەمەش جێگەی ئەگەر و گومانە، ئەوا بە جەوهەر و پوختە هەمیشە خۆیان دەمێننەوە. ئەگەر ئەم بابەتە وەک نموونەیەک پتر سادە و ساکار بکەین بەو مەبەستەی باشتر وێنەکە لە مێشکدا بنەخشێ، دەڵێی بەهیچ جۆرێک ناکرێ فەلسەفە جێگای شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی بگرێتەوە، ناشێ شوێنپێی شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندان هەڵبگرێ.

هەر هەوڵێک درابێت و بدرێت، هەر کۆششێک کرابێت و بکرێت بە مەبەستی پێکەوە گونجاندنی بیری فەلسەفەیی و شیعری شاعیر بەرهەمی ئەندێشە و سۆز و ناخی ئەدیب لە جۆرە هەست و نەستێکی جۆرە «میتافیزیکێک» ئەگەر بشێ لەم بوارەدا ئەم وشەیە بەکاربهێنین، بەولاوە نییە. ئەم تێکەڵ و ئاوێتەکردنەی ئەم دوو بابەتە لە یەکتری جیاوازە بەهیچ شێوەیەک ناکرێ بخرێتە خانەی ئەو بابەت و کێشەیەی کە لە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەمدا بە «هۆشیاری و هەست کردن بە خۆ- خود» ناوبراوە، یاخود دۆزینەوەی ئەو هێز و توانایەی کە وەک جادوو تەلیسم و نوشتە «دەستیاوی ئاسا» سەرنجی شاعیر و ئەدیب و فەیلەسووفەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەردوو بابەتی فەلسەفە و ئەدەب لە یەکتری جیاواز بووە و لە پەیڕەو و بابەت و کەرەسە و مەبەست و ئامانجدا بە دەگمەنیش یەکترییان نەگرتۆتەوە.

ئەو کۆششەش کە بۆ پەیبردن بەوەی کە بە خۆ (ذات) ناودەبرێ فەیلەسووفەکان کردوویانە، لەلای خۆیەوە لە هی ڕۆمانتیکییەکان جیاواز بووە، چونکە فەیلەسووفەکان بەپێچەوانەی ئەوانی تر (شاعیر و ئەدیب) پتر بەلای ئەبستراکتدا شکاندوویانەتەوە، ئەبستراکت بریتییە لە جیاکردنەوە و دابڕینی وێنە لە کەرەسە و بابەت، ئەمە پرۆسەیەکی بیرییە تەنیا لە مێشکدا پیادە دەکرێت، ئەو جۆرە خەسڵەت و تایبەتمەندییە سۆفییەتییەی ڕۆمانتیکییەکان کە لە دواییدا بەلای تاکڕەوی و خۆپەرستی و خۆ پەسندیدا

کەوتۆتەوە لەوێ بەدی ناکرێت. ئەم هەڵوێستە ئەگەر بلوێ لێکی بدەینەوە دەڵێین: کۆرپەی ڕەسەنی هەست و سۆز و ئەندێشەیە، داهێنانێکە لە چوارچێوەی ئەو بابەتە ناچێتە دەرەوە کە ئەدەب و هونەری پێدەوترێت و بەچاوی سەیر و سەمەرەی دڵ و دەروون و ناخ و سۆز سەرنج دەدات.

فەلسەفە بابەتێکە پشت بە مەنتیق دەبەستێ و لە ئەرکی ڕەخنە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا ژێری کردووە بە سەرپشک و سەرمەشق. بەهیچ جۆرێک، لەگەڵ ئەم هەڵوێستە سەرەکییەیدا، دەستبەرداری هەست و سۆز نابێت، بەڵام بە تەواوەتی پشتیان پێ نابەستێ و بەپێی پێویست بۆ تەڕو پاراوکردنی بابەتی ژێر پەنایان دەباتە بەر.

کاتێک مرۆڤ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە، ڕەخنەیەک کە بابەتی بێت و لە ڕاستی دوور نەکەوێتەوە، سەرنجی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بدات و لەگەڵ فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا بیخاتە تای تەرازووەوە، ئەم چەند پرسیارە لە مێشکیدا دەورووژێ:

کامەیە ئەو نموونە ئەدەبی و هونەرییە مرۆڤییە نوێیەی ئەم ڕێبازە بە سەرجەمی خۆشی و ناخۆشییەوە، بەکێشە و قەیران و تەنگژە و سەرکەوتن و تێشکانەکانیەوە بەرجەستەی کردووە و لە چوارچێوەی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی شاکار یاخود چەند شاکارێکدا پێشکەش بە مرۆڤ و شارستانی کردووە؟! ئەو کارەی ئەم ڕێبازە لەژیاندا بەگشتی ویستوویەتی بیکات، یاخود کردوویەتی کامەیە و تا چەند بڕی کردووە و چ سنوور و ڕادە و مەرزێکی تێپەڕاندووە و بەزاندوویەتی؟! ئایا دەکرێ شاکارەکانی دیستۆیڤسکی ئیرۆس بەتایبەتی برایانی کارامازۆف و چەند یاداشتێکی جیهانی، بەجۆرە ئەدەبێکی نزیک لە ڕۆمانتیکییەوە دابنرێن؟ ئایا ئەو بابەتانەی ئەم کەڵە نووسەرە ئیرۆسە وەک کێشە لە ڕۆمان و شاکارەکانیدا خستوونیەتە ڕوو بەرجەستەی کردوون جۆرە بابەتی داهێنانی ئەدەبین و تەنیا لە ئەندێشە و هەست و سۆزی شاعیر و شیعرەوە کەوتوونەتەوە یاخود دەکرێت بخرێنە چوارچێوەی چەند کێشەیەک کە لە گۆڕەپان و کایەی فەلسەفەدا باس کراون و قسەیان لێکراوە؟! دەبێ تا چەند قسەکەی فەیلەسووفی مەجەرستانی گیۆرگ لوکاچ ڕاست بێ کە وتوویەتی:

لەناکاو لە وڵاتێکی دواکەوتوودا کە کێشە و زۆرانبازی و ململانێی شارستانی نوێ تێیدا بە تەواوەتی خەت و خاڵیان نەداوەو کامڵ نەبوون چەند شاکارێک، بەهۆی ئامرازی ئەندێشەوە، بە چاکترین شێوە و ناوەرۆک هەموو کێشە و بەرەی شارستانی مرۆڤایەتییان دۆزیوەتەوە و سەرنجیان بۆ ڕاکێشاون و نیشانیان داوە.. جۆرە دیدێکی هەمەکی پێشکەش دەکەن پێشتر کەس بەلایدا نەچووە(٢١).. دید و جیهانبینی و ڕوانگە یەک کێشە و بابەتە گیانی و ئاکاری و فەلسەفییەکانی ئەو چەرخە دەگرنە خۆ.

ئەو قسەیەی لوکاچ کردوویەتی یاخود ئەو هەڵسەنگاندنە و بڕیارەی ئەو داویەتی جۆرە تێکەڵکردنی ڕۆڵی ئەدیب و فەیلەسووفی لێدەکەوێتەوە و ئەرکی هەر لایەکیان بەجۆرێک لێک دەداتەوە کە پتر بۆنی مەبەستی سیاسی لێ بێت! کامیان بەلای هەریەکێک لە ئەدیب و هونەرمەند و فەیلەسووفەوە گرنگە و بایەخدارە، پێشکەشکردنی چارەسەرێک بۆ کێشەیەک، ئیتر ئەو کێشەیە ڕاست و دروست بێت یان وەک بابەتێک تەنیا لە مێشک و دڵ و ناخی بیرمەنددا وورووژابێ و پەنگی خواردبێتەوە، یاخود چارەسەرکردن و بەلایەکدا خستنی کێشە ئەرک و فرمانی ئەدیب و فەیلەسووف نییە، گرنگ چۆنیەتی نیشاندان و داڕشتنی کێشەکە خۆی و ئینجا پێناسەکردن و لێکدانەوەیەتی، دیارە لوکاچ وەک سیاسییەک کامیان هەڵدەبژێرێ! پتریش ئەو پشتگیرییەی لێدەکەوێتەوە کە پێش ئەوەی هەلومەرجی پێداویستی گۆڕان لە دەوروبەرێکدا خەت و خاڵ بدەن دوور نییە و شیاوەکی بە گۆڕانەکە ڕوودات. ئەم بۆچوون و بڕیارە لە سنووری بابەتی فەلسەفە و ئەدەب دەچنە دەرەوە.

٩- ئەو قسەیەی پاڵەوانێکی شاکاری برایانی کارامازۆفی دیستۆیڤسکی کردوویەتی و بگرەو بەردە و هاتوهاوارێکی زۆر و وتووێژێکی تێروتەسەلی لەسەر کراوە دەکرێ وەک نموونەیەکی دیار و بەرچاو لەم بوارەدا لە چوارچێوەی کێشە و پرسیارێکی فەلسەفە- ئاکاردا بخرێتە ڕوو. دیستۆیڤسکی بە زمانی پاڵەوانێکی ئەم شاکارە- ڕۆمانە وتوویەتی:

ئەگەر ڕەب، بوونی نەبێت هەموو شتێک ڕێگا دەدرێت، هەموو شتێک ڕێگا دراو دەبێت.

ئەگەر ئەم بڕیار- قسەیەی ئەم کەڵە نووسەرە ئیرۆسە لەگەڵ ئەو کۆششەدا ئاوێتەی یەکتری و تاوتوێ بکرێن کە بۆ بە تەواوەتی ناسینی خۆ، خۆ ناسین بە ڕێگای تاقیکردنەوە ئەزموون لەگەڵ خۆدا دراوە کێشەیەکی بابەتییانە و بگرە شاکێشە و بابەتێکی ئەدەب و فەلسەفە و ڕۆشنبیری سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای

سەدەی بیستەمی ئەوروپامان دێتە بەرچاو!

ئەگەرچی بابەتی خۆناسین و «خۆت بناسە» لەم سەردەمەماندا هیچ بایەخ و باوێکی نەماوە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەرنج بدرێت، هەر لەسەردەمی فەلسەفەی کۆنی یۆنانەوە خراوەتە سەر خوانی باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بە جۆرێک وێنەیەکی تەمومژاوی لە مێشکدا دەنەخشێنێ، بابەتەکە بە جۆرێک خراوەتە بەرچاو هەروەک ئەوەی ئۆباڵی هەموو بەدکاری و نالەباری و نێگەتیڤێک بخرێتە ئەستۆی مرۆڤ خۆی و مرۆڤیش ئەگەر ئامادەنەبێ و لەتوانایدا نەبێ بە تەواوەتی خۆی بناسێ دەبێ چی لەدەست بێت و بتوانێ چی بکات و چ گۆڕان و چاکسازییەکی بۆ بکرێت؟!. ئەو پرسیارانەش کە بابەتەکە ورووژاندوونی بە ڕێکوپێکی وەڵام نەدراونەتەوە و کێشەکەش بەباشی بە لایەکدا نەخراوە. دەبێ چۆن ئەم خۆناسینە بکرێت و چی لێبکەوێتەوە؟ ئایا ئەم ئەرکە بە ڕێگای شیکردنەوەی خودی خۆوە دەبێت یاخود بەهۆی شیکردنەوەی ئەنجام و چالاکی و کردارە جۆر بەجۆرەکانی خۆوە دەبێت کە خەسڵەت و تایبەتمەندی خاوەنەکەی نیشان دەدەن؟! دەبێ بۆچی مرۆڤ کە خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراوە، فێرنەبێ بزانێ چۆن خۆی بناسێ(٢٢)؟.

ئایا بە گرنگ زانین و بایەخدان بەخودی خۆ و پرۆسەی زانینی خۆ جۆرە لایەنێکی خۆپەرستی و خود پەسەندی و خۆ خۆیی لێناکەوێتەوە جگە لەوەی گۆشەگیری و تاکڕەوی هەمیشە لەبەرچاو دەبێت و جیهانی کەسانی تر و بوون و هەڵوێست و کردارەیان و جیهانی (نا-من) نامۆ و بیانی دێنە بەرچاو؟ ئایا هەر ئەمە نەبووە مەبەستی هەندێک لە بیرمەندانی فەلسەفەی ئێگزیستیانیتالیزم کە وتوویانە: «کەسانی تر، نا من دۆزەخن؟» ئایا دەکرێ ئەم قسەیە لەگەڵ قسەکەی دیستۆیڤسکی بخرێنە خانەیەکەوە و پێوەندی هەردووکیان بە ئازادییەوە چییە؟

هەویری ئەم کێشەیە ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ، خۆ ئەگەر بەوردی لە هەندێک لایەوە سەرنج بدرێت زیاتر ئەم بابەتە لە چوارچێوەی «دەربرینی هیوا و ئاوات» دێتە بەرچاو نەک بابەتی کێشەیەک بداتە دەست کە پشت ئەستوور بە ئامرازی دیاریکراوی شیکردنەوە و توێتوێ کردن بەلایەکدا بخرێت و گرێکوێرەکانی بکرێنەوە و ئەو پرسیارانەی کە بەشێوەیەکی شاردراوە تێیدا ورووژاون وەڵام بدرێنەوە.

بوون و نەبوونی بابەتی «ڕەببی» دیستۆیڤسکی فەلە (مەسیحی) دوو لایەنی لە یەکتری جیاوازی لێدەکەوێتەوە کە هەریەکەیان لەوی تر پتر گرێکوێرە و تەمومژی و سەرسوڕهێنەرە، لەتواناشدا نییە بەناکردەو یاخود بە ئاکردن وا بە ئاسانی هیچیان بەلایەکدا بخرێن:

یەکەم: ئازادی، سەربەستی، خواستی ئازاد.

دووەم: ئاکار و ڕێوشوێنەکانی ڕەفتار و کردار.

لە قسەکەی دیستۆیڤسکی و هەندێک فەیلەسووفانی ئێگزیستیانتیالیزم بەتایبەتی لەلای ژان پۆل سارتری فەڕەنسایی وا دەردەکەوێ کە گوایە «بڕوا بوون بە ئایین و بڕوا هێنان بە بوونی بوونەوەرێکی ترانسندنتالی سەروو سروشتی کۆسپ و تەگەرەبن لەبەردەم ئازادیدا و جۆرە سنوور و ڕادەیەک بۆ سەربەستی دابنێن». پێش ئەوەی ئەم لایەنە ڕوون بکەینەوە وا دێتە بەرچاو کە لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی تایبەتییەوە سەرنجی وشە و چەمک و بۆچوونی ئازادی بدرێت. دەبێ ئازادی لەخۆیدا چی بێت؟ بە چی لە نا ئازادی و ژێر دەستەیی جیا دەکرێتەوە؟ ئایا بۆچوونەکەی ڕۆمانی برایانی کارامازۆف و سارتر و هایدیگەر لەم بارەیەوە دروستە کە وایان داناوە گوایە ئایین و بڕوا و ئیمان کۆک و تەبانین و هەر لایەنە ئەوی تر ئەگەر ڕەت نەکاتەوە ئەوا سنوورداری دەکات، ڕادە بۆ ڕوخسار و ناوەڕۆکەکەی دادەنێت؟ بۆ دەبێ پەکخستنی بڕوا و ئیمان جۆرە ئازادییەکی لێ بکەوێتەوە و پێچەوانەکەشی ڕاست نەبێت؟! ئەوە نییە هەموو ئایینە جیهانییەکان وا لاف لێدەدەن کە گوایە هەوڵی پیادە و جێگیرکردنی داد و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدەن و لەم پرۆسەیەشەوە ئازادی پەیدا دەبێ! ئەوە نەبوو ئایینی ئیسلام، ئەگەرچی چەند تیرەیەکی بەدەوی عەرەبی کرد بە میللەتێکی مەزن و باڵا دەستی جیهان و هەموو موڵکی میللەتانی تری ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقای خستە بەردەستیان، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئیسلام بناخەی ڕژێم و سیستەمی ستەمکاری کۆیلایەتی هەڵتەکاندووە، کۆیلە و بەندەکانی ئازاد کردووە؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ بڵێ بڕوا و ئیمان وەک پرۆسە و وەک هاوکێشە لە دوو لایەن بەولاوە نین؟

یەکەم: بڕواو ئیمان هەبێ ئەمەش ملکەچی و پابەندبوونە بە مانا گشتی و تایبەتییەکەیەوە.

دووەم: ئەم دووانە بخرێنە لاوە و گوایە بەم کارە ئازادی دەستەبەر دەبێت؟

کەوابوو لە چوارچێوەی ئەم کێشە و بەرەیەدا ڕۆڵی ئاکار چی دەبێت و دەبێ ڕێوشوێنەکانی ئاکار بخرێنە چ خانەیەکەوە؟

ئەم پرسیارانە توندوتۆڵ بە چەند و پرسیارێکی ترەوە بەندن و سەرجەم بە تێکڕایی وەک ئەڵقەکانی زنجیرێک یەک لەدوای یەک دەکرێ وەڵام بدرێنەوە و یەکتری لە نێو خۆیاندا ڕوون بکەنەوە.

ئایا ئازادی تەنیا ئاوات و ئامانجە یاخود هەستێکە لەناخ و دەرووندا یاخود تەنیا چەمک و بۆچوونێکی میتافیزیکییە یان لەخۆیدا جگە لەمانە ڕەوش و پرۆسەیەکی ڕاست و ڕاستەقینەیە و مۆرک و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی بە ژیان و بەها و نەریتەکان دەبەخشێ؟

بەهەر جۆرێک و لە هەر چ ڕوانگەیەکەوە سەرنجی ئازادی بدرێت و لەگەڵ چ لایەن و شتێکی تردا بخرێتە نێو دوو تای تەرازووەوە، هیچ لاری لەوە نییە کە ئازادی- سەربەستی ڕەها و بێ سنوور نە هەبووە و نە لەمەولا دەبێت و نە بوونێکی تایبەتی خۆی کە سەربەخۆ بێ هەیە بە واتایەکی تر ئەگەر ئازادی بەو چاوە سەرنج بدرێت کە ڕەوش و کردارێکە دوور لە تۆبزی و ناچاری و بەو کەسە بوترێ مرۆڤێکی ئازادە کە بەبێ پاڵنەر و هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و بەبێ پاڵەپەستۆ خستنە سەر و چاولێ زکردنەوە و تۆبزی هەڵوێست دیاری بکات و بڕیاربدات و کردار بکات، ئەوا ئەم ئازادییە تەنیا بۆچوونە و وەک ئاوات لە مێشک و دەروون و ناخدا هەیە.

ڕاستە ئەم قسەیە بە ڕێکوپێکی پێناسەی ئازادی ناکات و ئازادی و مرۆڤی ئازاد تێکەڵ و پێکەڵ و تەمومژاوی دەکات، بەڵام ئەگەر ئەم پێناسەیە لە ڕاستییەوە نزیک نەبێت، دەبێ کام پێناسە پەنای بۆ ببردرێت و پشتی پێ ببەسترێت؟

بەدوور گرتنی مرۆڤ لە هۆکار و پاڵنەر و فاکتەر و ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژی و دەستیاوی کارلە یەکتری دەکەن و هانی هەڵوێست نیشانکردن و کرداری تایبەتی و هانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازادی دەدەن نە ڕاستە و نە لەتوانادایە و نە لە کردن دێت. بۆیە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک ئەگەر ناوی بیری ئازادی لێبنرێت، هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن ئەگەر تۆبزیکردنێکی هاندەرانەی لەگەڵدا نەبێت و هەموو کردارێک کە بە ئازادی دابنرێت تەنیا لە چوارچێوەی گریمانەیەکی تیۆری- بیری بەولاوە نین و ئەم سنوورە نابەزێنن و لەم مەیدان و کایە ناچنە دەرەوە.

هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەک، هیچ جۆرە کردارێک..تاد، بەبێ هاندەر و هۆکار و فاکتەری پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی نییە و نابێت، بۆیە ئازادی سەربەخۆ و ئازادی لەخۆیدا دوور لەهۆکار و هاندەر و فاکتەر نە هەبووە و نە هەیە و نە بوونی دەبێت، کەواتا کامەتا ئازادی، ئەو ئاواتەی تا ئێستا مرۆڤ پێی نەگەیشتووە؟

هەموو بیرکردنەوەیەک چ وەک چالاکی مێشک و چ وەک پرۆسە، هەموو کردارێک، هەموو ڕەفتارێکی هەڵبژاردن بە هەر شێوە و جۆرێک بێت لە چوارچێوەی گشتی و تایبەتیدا هاندەر و پاڵنەری خۆی هەیە و مەبەست و ئامانجێکی لەبەرچاو گرتووە هەوڵی بۆ دەدات یاخود ئاواتی پێگەیشتنی دەخوازێ.

بۆیە من وای بۆ دەچم نە قسەکەی دیستۆیڤسکی لە جێگای خۆیدایە و نە ئەو ئەنجامە هەڕەمەکییەی سارتر لەم تێزەیەی ئەم کەڵە نووسەرە ئیرۆسە خستوویەتیەوە تێی گەیشتووە ڕاست و دروستە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئاکار وەک قانوون و ئینجا ڕێوشوێنەکانی سەر مەشقی ژیان و کرداری مرۆڤن و جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان ئاکارو ئازادیدا هەیە، بەڵام ئایا ئەم پێوەندییەی ئاکار و ئازادییە بە بڕواو ئایین و ئیمانەوە چۆنە؟

ئەگەر جارێکی تر بچینەوە سەر قسەکەی دیستۆیڤسکی کە وتبووی: «ئەگەر ڕەب، نەبێت هەموو شتێک ڕێگا دراو دەبێت» دەبێ تا چ ڕادەیەک ئەم بڕیارە نیشانی قانوونەکانی ئاکار بپێکێت؟

هەرسێک ئایینە جیهانییەکە پێ لەسەر پابەندبوون بە ڕێوشوێنەکانی ئاکاردا دەگرن و داوا لە ئیماندار و لایەنگرانیان دەکەن قانوون و ڕێوشوێنە ئاکارییەکان لە ژیانیاندا بکەن بەسەرمەشق، بەڵام ئایا تەنیا هەر مرۆڤی بە بڕوا و ئیماندار پابەندی قانوونەکانی ئاکارە؟ ئایا مرۆڤی دوور لە ئایین و بڕوا و ئیمان بیر لە قانوونەکانی ئاکار ناکاتەوە و نرخ و بایەخێکیان بۆ دانانێ؟ کەوابوو «مەسەلەی ویژدان»ـەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟ ڕۆڵ و دەوری پەروەردە و خوێندن و ژیر و ڕووناکبیری و شارستانی لەم بوار و کایەیەدا دەبێ چی بێت؟ ئایا ئەم پرسیارە لەخۆیدا ئەو مانایەی لێ ناکەوێتەوە کە لە سەردەمی شۆڕشی زانست و تەکنەلۆجی و جیهانگیری و شارستانیەتدا، ئایین و بڕوا ڕۆڵ و بایەخ و گرنگی خۆیان لە دەست دابێت و خوێندنگا و پەروەردەی زانستی و زانکۆ و ڕووناکبیری جێگای ئەوانیان پڕ کردبێتەوە؟

مرۆڤی ڕووناکبیر، مرۆڤی خوێندەوار و مۆدێرن و شارستانی ئەگەر کارێکی چاک دەکات چاوەڕێی پاداشت نییە و ئەگەر خۆی لەکاری بەدکاری دەپارێزێ لەوەوە نییە

ترسی پۆلیس و دادگا لە مێشک و ناخ و بیریدایە، بەڵکو کۆمەک و هاوکاری و چاکەکاری و خۆلادان لە بەدکاری بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ، بە بۆچوونی من هیچ جۆرە پێوەندییەکی هۆیەکی، هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان قانوونەکانی ئاکار و بڕوا و ئایینداا نییە. بڕوا هێنان و هەبوونی ئیمان هیچ کاتێک ناچارەکی و هەمیشە پابەند بوونیان بە قانوونەکانی ئاکارەوە لێ ناکەوێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

1- Storig, H.J., Kleine Welt-geschichte der Philosophie. Stuttgart. 1961. S.681.ff.

2- Storig., Ebenda, S. 685.ff.

3- Storig., Ebenda. S.686.ff.

٤- ئەوی سەرنجی بۆ ئەم بابەتە ڕاکێشام بڕگەیەکە لە کتێبی مارتن هایدیگەر «Sein und Zeit» تێیدا ستایشی ڕۆمانێکی تۆلستۆی دەکات بەناونیشانی مردنی ئیڤان ئیلیتش. داخی گرانم زۆر هەوڵم دا بە هیچ جۆرێک ئەم ڕۆمانەم دەست نەکەوت!

5- Schnadel bach, H., Philosophie in Deutschland Stw. 401. S.135.

6- Lange, A., Geschichte des Materialismus. Stw. Bd.2.

٧- بوبنر، رودیجر،، الفلسفة الالمانية الحديثة. ت: فؤاد كامل. م: د. عبدالأمير الاعسم، بغداد (١٩٦٨) ص٢٨.

ئەم کتێبە بە ئینگلیزی لە چاپخانەی زانکۆی کەمبێرج ساڵی (١٩٨١) بڵاوکراوەتەوە.

٨- حسان، د. عبدالحكيم، مذاهب الأدب في أوروپا. دارالمعارف بمصر (١٩٧٩)، ص١٥١.

٩- الرومانتيكية في الادب الانكليزي. سلسلة الالف كتاب. ت: عبدالوهاب المسيرى و آخرون القاهرة، (١٩٦٤)، ص١٣، (ئەم بەرهەمە بریتییە لە زنجیرە وتارێک کە چەند نووسەرێک نووسیویانە و لە ئینگلیزییەوە کراوە بە عەرەبی).

10- Meyer Hans., Abendlandische Weltanschauung. Bd.4. Wurzburg 1950. S.514.

١١- الرومانتيكية، هەمان سەرچاوەی پێشوو..ل٢٢.

١٢- راندال، جون هرمان، تكوين العقل الحديث. ج١. بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين. بدون تأريخ. ت: جورج طعمة. ص٤١٤.

١٣- د. عبدالحكيم، حسان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١١١.

١٤- أنجيلوز، جان فرانسوا: الادب الألماني. ت: هنري زغيب بيروت (١٩٨٠) ص٧٦. (ئەم کتێبە لە زمانی فەرەنساییەوە وەرگێڕدراوە).

١٥- بردیائف، نیقولای، العزلة والمجتمع، ت: فؤاد كامل مصر (١٩٦٠)، ص٤٨.

16- Storig, H.J. Kleine Welt-gesshichte der Philosophie Stuttgart 1961. S.328.

١٧- زکریا، دکتۆر فؤاد، اسبینوزا، بیروت (١٩٨٣)، ص١٠-١١.

١٨- بڕوانە پەراوێزی ژمارە: (١٤)،

19- Spinoza, B., Tractatus Theologico- Politicus.

ئەم بەرهەمە کراوە بە عەرەبی بڕوانە:

- سبينوزا، رسالة في اللاهوت والسياسة، ترجمة الدكتور حسن حنفي مراجعة الدكتور فؤاد زكريا، مصر (١٩٧١)، ص٣٧١.

٢٠- زكريا، د. فؤاد هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

٢١- لوكاش، جورج، دوستویفسكی. في كتاب: دوستويفسكي تحرير رينيه ويليك. ت: نجيب المانع. بيروت مع مؤسسة فرانكلين (١٩٦٧)، ص٢٣٨، (ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک، چەند فەیلەسوف و بیرمەندێک نووسیویانە لەدوو توێی کتێبێکدا کۆکراوەتەوە و لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە.)

٢٢- لوکاچ، گیورگ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٤٣). (لوکاچ فەیلەسووفێکی مەجەرستانییە، ناچار کراوە لە سەردەمی جەنگی ساردا وڵاتەکەی بەجێی بهێڵێ، چەندین نووسینی بەناوبانگی بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە وەک:

- تێکدانی ژیر.
- هوشیاری چینایەتی.
- هیگڵی لاو.
- فەلسەفەی هونەر و جوانی....تاد.

لوکاچ داکۆکی لە جۆرە جیهانبینییەکی مارکسی دەکات کە لە مۆسکۆ کاتی خۆی بە ڕیڤیزینیست ناویان دەبرد.)

# کارکردن و نەخۆشییە دەروونییەکان

زەیتۆ شێخانی

لە وەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی ژیاوە گرنگییەکی زۆری بەکارکردن داوە، چونکە جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ نان پەیداکردن، بەشێکیشە لە کەسایەتی مرۆڤ.

کوردیش دەربارەی هەردوو گرنگییەکە دەڵێت:

– ئیشکەری خۆی خۆشەویستی خەڵکی

– مەعاشی بەلاش بێ پیت و بێ خێر

دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر

پەندی یەکەم کارکردن بە بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤ دادەنێت، چونکە خۆشەویستی دەوروبەر بۆ تاک پێداویستییەکی دەروونییە.

پەندی دووەم پیرەمێردی شاعیر و فەیلەسوف لەشێوەی شیعر دایڕشتووە باسی گرنگی نان پەیداکردن دەکات.

زانایانی دەروونزانیش لەسەر ئەو بۆچوونەی کە کارکردن بە بەشێک لە کەسایەتی دادەنێت، کارکردنیان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان بەکارهێناوە. هەروەها دەڵێن کارکردن لای گەوران وەک یاری کردنە لای منداڵان، چونکە جۆرێکە لە دەربڕین. بۆیە چارەسەرکردن بە کار لە ڕێگای بەشداری پێکردنی نەخۆشی لە چالاکی پیشەیی لە گرنگترین ڕێگاو شێوازی چارەسەرە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و تەواوکەری چارەسەری جەستەیی و دەروونییە بۆیە دیاریکردنی کاری گونجاو بۆ نەخۆش لە لایەن چارەسەرکاری دەروونی لە هەموو شتێک زیاتر گرنگی پێ دەدرێت.

چارەسەرکردن بە کار چارەسەرێکە بە هەموو مانای وشە. بۆیە بە وردی کات و جۆری کارەکە دیاری دەکرێت و لە کاتی کارکردنیش نەخۆشی تێبینی دەکرێت. جۆری کارەکەش دەوەستێتە سەر کەسایەتی نەخۆش و تەمەن و تەندروستی گشتی و جۆری نەخۆشییەکە و ئەو قۆناغەی کە پێیدا تێدەپەڕێت...تاد.

**بەکارهێنانەکانی چارەسەرکردن بە کار**

چارەسەرکردن بە کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەکاردێت:

١– ئاراستەکردنی نەخۆش بۆ کاری چالاک وەک بازرگانی و ئاسنگەری چونکە ئەم دوو پیشەیە وا لە نەخۆش دەکەن دوور بێت لە ئاراستەکردنی شەڕانگێزی بەرامبەر بە خودی خۆی و شەڕانگێزییەکە ئاراستەی دەرەوە بکات، بەم شێوەیە ئومێدی بۆ دەگەڕێتەوە و متمانەی بەخۆی زیاد دەبێت. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەتی سوودی زۆری بۆ نەخۆشی خەمۆکی هەیە.

٢– گۆڕینی وزەی نەخۆش بۆ پیشەیەکی بەسوود. پێویستە وزەی نەخۆش تا بکرێت بەکاربێت، ئەگەرچی

بەرهەمەکەی بەهایەکی دیاریکراو و کەمی هەبێت. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت سوودی زۆری بۆ نەخۆشی (مانیا Mania) هەیە.

٣- یارمەتیدانی نەخۆش بۆ ڕزگاربوون لە دەست تەرکیزکردن لەسەر هەڵچوونە دەروونییەکان کە بەشڵەژان دەناسرێت ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت لە چارەسەکردنی نەخۆشییە دەروونییە جەستەییەکان بەکاردێت.

٤- یارمەتیدانی نەخۆش بۆ دەربڕینی هەستەکان و سووککردنی حەزە نا کۆمەڵایەتییەکان و زیندەخەون و کەم پێوەندیکردن بە واقع، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ بەئاگابوون. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت سوودی بۆ بارەکانی نەخۆشی شیزۆفرینیا هەیە.

### بەشی چارەسەرکردن بە کار

بەزۆری بۆ چارەسەرکردن بە کار بەشێکی تایبەت دەگرێتەوە و بۆ چەند لقێکی جیاواز دابەش دەکرێت، وەک بەشی چارەسەرکردنی پیاوان و بەشی ئافرەتان. هەروەها ئەو نەخۆشانەی ناتوانن جێگای خۆیان بەجێ بهێڵن بەهۆی فاکتەری جەستەیی و ئەقڵی دەتوانن کاتیان لە شوێنی خۆیان خەریک بکەن.

ئەو کەسەی سەرپەرشتی ئەم بەشە دەکات پێویستە لەم بوارە پسپۆڕ بێت. هەروەها پێویستە کۆمەڵێک شارەزای لەگەڵدابێت بۆ ڕاهێنانی پیشە جیاوازەکان.

گرنگترین ئەو کارانەی کە نەخۆش دەتوانێت ئەنجامی بدات ئەمانەن:

١- کاری ڕۆتینی وەک پاککردنەوە و جل شووشتن.

٢- کارکردن لە چێشتخانە.

٣- کارە جیاوازەکانی دەستی وەک دروستکردنی مافوور، چنین، دورمان، پیشەسازی پێستە، وێنەکێشان، دروستکردنی کەلوپەل و یاری منداڵان...تاد.

پێویستە نەڕوانینە ئەم پیشانە بەچاوێکی ماددی، بەڵکو تەنیا بۆ چارەسەکردن بەکاربێت.

### ڕێگای کارکردن

دەتوانین نەخۆشەکان بەپێی چارەسەرکردن بە کار بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش بکەین:

١- نەخۆشە بەتواناکان: ئەوانەی گرنگی بە چارەسەرکردن دەدەن و بەرەو پیری دەچن.

٢- ئەو نەخۆشانەی توانای کەمتریان هەیە بۆ گرنگیدان بەم جۆرە چارەسەرە، بەڵام ئومێدی چاکبوونەوەیان هەیە.

٣- نەخۆشە درێژخایەنەکان.

هەر دەستەیەک لەمانەی ئاماژەمان بۆ کرد جۆرە کارێکی پێ دەسپێردرێت کە لەگەڵ توانای بگونجێت. ئاشکرایە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەم زۆر ئاسانترە لەوانەی تر، وە بە زۆری ئەنجامیشی باشترە، بەڵام دەستەی سێیەم پێویستی بە بزواندن و هاندان و ڕوونکردنەوە و ئاسانکردنی کارەکان هەیە ئەمەش لە ڕێگای ڕێنماییەکانی کار دێتە دی.

هەر پێشکەوتنێک نەخۆش بەدەستی دەهێنێت هەرچەندە بچووکیش بێت گرنگە بۆ چارەسەرکردن.

پێویستە بەکاری ئاسان و سادە و هاندەر دەست پێبکرێت بۆ ئەوەی نەخۆش هەست بەسەرکەوتن بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامبوون و زیاتر خۆماندووکردن. لە پاشان کارەکان بەپێی وەڵامدانەوەی نەخۆش بەرە بەرە گرانتر دەکرێت، پێویستە پسپۆڕی دەروونی لەگەڵ پسپۆڕی چارەسەرکردن بە کار هاوبەشی بکات بۆ دیاریکردنی جۆری کار و بڕەکەی و کاتەکەی. لە ژێر تیشکی ناسینی نەخۆش و حەز و ئارەزووەکانی و تەمەن و تەندروستی گشتی و جۆری نەخۆشییەکەی و ئەو قۆناغەی پێیدا تێدەپەڕێت، کارەکە بۆ نەخۆش دیاری دەکرێت.

هەندێک لە چارەسەرکاران دەڵێن پێویستە ئازادی بە نەخۆش بدرێت بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی دیاری بکات.

ئەم چارەسەرکردنەش بە دەرچوونی نەخۆش لە نەخۆشخانە کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستە نەخۆش جار جارە سەردانی بەشی چارەسەرکردن بە کار بکات بۆ دابینکردنی خۆپاراستن لە گەڕانەوە بۆ نەخۆشیەکەی.

### ڕۆڵی چارەسەرکار

پێویستە لەسەر چارەسەرکار هەندێک پسپۆڕی تر وەک یاریدەدەر بەشداری پێبکات بۆ ئەوەی بارگرانییەکە بە تەنیا نەکەوێتە سەر شانی ئەو و نەخۆش.

پێویستە چارەسەرکار دەرکی ئامانجەکانی ئەم چارەسەرە و بەهاکەی بکات و ئەم قەناعەتە بۆ نەخۆش بگوازێتەوە تاکو وا تێنەگات بۆ بەرژەوەندی ماددی و تایبەتی بەکاردێت. هەروەها پێویستە چارەسەرکار بە وردی ماوەی چارەسەر و کاتەکەی دیاری بکات. پێویستە کەش و هەوایەکی دەروونی گونجاو بۆ کارکردن

دابین بکات. ئەمە گرنگترین کارەکانی چارەسەرکاری دەروونییە. لەوانەیە نەخۆش تووشی هەندێک باری هەستکردن بەسەرنەکەوتن و نائومێدی بێت بۆیە پێویستە چارەسەرکار یارمەتی نەخۆش بدات بۆ ئەوەی بەسەر ئەم بارە دەروونییەدا زاڵ بێت.

پێویستە لەسەر چارەسەرکار تێبینی ڕادەی وەڵامدانەوەی نەخۆش بکات و هەر گۆڕانکارییەک بەسەر ڕەفتاریدا دێت لای خۆی تۆماری بکات.

پێویستە چارەسەرکار ئامادە بێت بۆ هەموو ناکاوێک کە لە بەشەکە ڕوودەدات، چونکە ئەم بەشە چەندین کەلوپەلی تێدایە بۆ شەڕ و خۆکوشتن بەکاردێت.

**سوودەکانی چارەسەرکردن بە کار**

دەتوانین گرنگترین سوودەکانی بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١- نەخۆش دەپارێزێت لە بێزاری و کاتی خەریک دەکات و ئەمە لەکاتی چارەسەرکردن سوودی زۆرە.

٢- شڵەژانی دەروونی کەم دەکاتەوە و وای لێ دەکات کەمتر پێویستی بە دەرمانە هێورکەرەوەکان بێت.

٣- ئەم کارە چالاکییەکی جەستەییە. نەخۆشە تەمبەڵەکان چالاک دەکات و وا لە نەخۆش دەکات زیاتر گرنگی بەخۆی بدات و نیشانەکانی نەخۆشییەکەی لەبیر بچێتەوە.

٤- ورەی نەخۆش بەرز دەکاتەوە و وای لێ دەکات هەست بکات دەتوانێت شتی بە سوود ئەنجام بدات. هەروەها متمانەی بە خۆی زیاد دەبێت و هەست بە ئاسایشی دەروونی دەکات و هیوای چاکبوونەوەی لا پەیدا دەبێت.

٥- پێوەندی نەخۆش بە جیهانی دەرەوە نوێ دەکاتەوە و یارمەتی پێوەندیکردنی بە واقع دەدات.

٦- ئامادەی دەکات بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە هاوکاری و پێشبڕکێی تەندروستی.

٧- گۆڕانکاری لە ژینگەی کەسایەتی و هەڵچوونی نەخۆش دروست دەکات.

٨- لەوانەیە نەخۆش ئامادە بکات بۆ کارێکی باش دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە.

٩- لەکاتی کارکردن دەتوانین ڕەفتار و هەست و ئاراستە و پاڵنەرەکانی نەخۆش بزانین، بەم شێوەیە دەتوانین جۆری نەخۆشییەکە دیاری بکەین.

١٠- لەگەڵ چاکبوونەوەی نەخۆش کارەکانیش بەرەو باشتر دەچێت.

دوای خستنەڕووی گرنگترین تەوەرەکانی چارەسەرکردن بە کار بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە چارەسەرکردنە بە سوود و کاریگەرە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان. بەکارهێنانیشی تەنیا بەند نییە بە وڵاتە پێشکەوتووەکان. ئێمەش لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ دروستکردنی نەخۆشخانەی ئەقڵی و دەروونی دەتوانین بەشێکی تایبەت بەم جۆرە چارەسەرکردنە بکەینەوە و خولی تایبەت بۆ پسپۆڕانی دەروونزانی بکەینەوە و کادیری لێهاتوویان لێ دروست بکەین.

شایانی باسە نووسەری بابەت لە گەشتێکی زانستی بۆ نەخۆشخانەی ڕەشادی نەخۆشییە دەروونییەکان و ئەقڵییەکان لە بەغدا، سەردانی ئەم بەشەی کرد و زۆر تابلۆی ڕەنگین و کاری دەستی نایابی بەرچاو کەوت کە بەڵگەن لەسەر سەرکەوتنی بەشەکە.

**سەرچاوەکان:**


١- د. زهران. حامد عبدالسلام، الصحة النفسية والعلاج النفسي، ط٢، عالم الكتب، القاهرة، (١٩٧٧).

٢- د. زهران. حامد عبدالسلام، التوجيه و الارشاد النفسي، عالم الكتب، القاهرة، (١٩٧٧).

٣- فائق هوشیار، مستەفا ساڵح کەریم و هی تر، پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا (١٩٩٥).

٤- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، پەندی کوردی، بەغدا (١٩٨٥).

# هیگڵ و مێژووگەرایی

هنری لۆڤیڤەر
و/ ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

مێژوو پێناسە دەکرێت، لە هەموو پێناسەیەکیشدا، بەتایبەتیش لەو پێناسەیەدا مەبەست و ئامانجێکی کۆتایی هەیە کە سێ لایەنەیە:

(١) تەناهی، واتا سەیروورەت دیاریکراو و دەستنیشانکراوە، سنوورێکی هاوشان بە مەرجی ئەو شتانەی لەنێو بزاڤی مێژوودا لەدایک دەبن.

(٢) مەبەستگەرایی، واتا ڕووگە، ماناکەش لێرەدا مانایەکی دوانەییە، خودی - بابەتی، ڕووگە یا چارەنووسێک کە ڕادەگەیەنرێت، سەیروورەتێک ئەگەرچی لەناکاوە، بەڵام دەشێت پێشبینی بکرێت، بەکورتی ماقوولییەتێک لە پشت ئەو ڕێکەوتە ئاشکرایانەدا هەیە.

(٣) دەسکەوت، واتا کامڵ بوون بەپێی نموونەی هونەری، دەسکەوت و کامڵ بوونێک کە لەگەڵ سروشتدا هاوشان و یەک بن، یا لەگەڵ چییەتی شتەکەدا، کەواتە شێوەی هاوشان لەگەڵ ناوەڕۆکدا.

ئەوانە سێ لایەنی پێویستن و هەمووشیان عەقڵانین - پێویستن بۆ عەقڵ و بەپێی ئەویش بەڕێوە دەچن - ناکرێت لە یەکتریش جیابکرێنەوە. هیچ دەسکەوتێک و کامڵ بوونێک نییە بەبێ تەناهی کە ڕۆمانسییەت داخ لە بوونی دەخوات. هیچ مەبەستگەراییەک نییە بەبێ ڕووگەیەک و ئاراستەیەک کە هاوشانی سەیروورەتی داهێنەرانە بێت و دەستنیشانی ئامانجە وشیارەکان و ناوشیارەکانی بکات.

### ژیان و مردنی مێژوو لەنێو هزری هیگڵ-دا

شۆڕشی فەرەنسی مێژووی دروست کرد، لەبەرئەوە نا، هەر تەنیا گۆڕانێک بووبێ و نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، هەروەها لەبەرئەوەش نا، چونکە ڕووداوێک بوو جیهانی هەژاند و جیهانێکی نوێ و باشترو عەقڵانیتری بەرهەم هێنا، بەڵکو لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی کردەییانە هەموو کردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەیەکەوە بەستایەوە، هەموو ئەو ڕووداوانەی وا تەماشا دەکران کە لەیەکتری دابڕاو و جیاوازن و تەنیا لە ڕووی پێوەندییە دەرەکییەکانیانەوە بەیەکەوە پەیوەست بوون، وەکو سروشت و عەقڵ و گەل و نەتەوەو زانست و مەعریفەو دامەزراوە جیاجیاکان و ماف و شێوەی ژیان - ئەخلاقی خودی و بابەتی و شێوەی دەرکەوتن و دابونەریت و پۆشاک و جەژنەکان و .. تاد.

مومارەسە یا کار، دەبێت وا تەماشا بکرێت وەکو ئەوەی بەشێوەیەکی هەمەکی و گشتی مێژووییەو مانای ئەو وشانە ئافرێدەیان دەکات. ئەو هەمەکییەش، هەمەکییەتی فەلسەفی نییە، واتا ماقووڵ نییە، بەڵام

کاری شۆڕشگێڕی ئەو هەمەکییەی ئافرێدە کردووە کە ناوی دەوڵەتە. ئەو بەشە، یا ئەو گردبوونەوەیە بریتییە لە مێژووگەرایی.

شۆڕشی فەرەنسی ئەو مێژووگەراییەی ئافرێدە کرد کە ماوەیەکی زۆر بوو لەلایەن فەلسەفەوە ئامادەسازی بۆ دەکرا، بۆیە مێژووگەرایی بەشێوەی تەواوی خۆی لە ساڵی (١٧٨٩)دا دەردەکەوێت. کەواتە ئەوەندە بەس نییە بڵێین شۆڕش واقیعێکی مێژووییە، بەڵکو دەبێت بڵێین مێژوو لەگەڵ شۆڕشدا لەدایک دەبێت، لەگەڵ مێژووگەراییدا، بەبێ ئەو چەمکە بۆ مێژوو کە پەیوەستی مێژووگەراییە، لەبارەی گێڕانەوەی مێژووییەوە چی بڵێین؟ تەنیا ئەوە نەبێت ئەو مردووەیە کە دەست بە زیندووەوە دەگرێت.

بەمجۆرە هیگڵ ویستی بەپێچەوانەی ئەوە، دەست بەسیستەمی ئەو چەمکانەوە بگرێت کە لە سایەی مێژووەوە دایناوە، مێژوو کە زیندووە. پێناسەکردنی مێژوو هەر تەنیا لەڕێگای دانانی چەمکی وەکو خود، یا بابەت، یا ڕۆحی مێژووییەوە نابێت، بەڵکو وێناکردنی مومارەسەی مێژووییە، شۆڕشی فەرەنسی و ناپلیۆنیش گەیشتنە ئەو مومارەسە مێژووییە. ناپلیۆن لەو مێژووەوە سەری هەڵدا کە شۆڕش دروستی کرد، لە هەمان کاتیشدا ئەنجامیشی دا. قۆناغی دواتر لەکێشەکانی شۆڕشی فەرەنسی هاتە دەرەوە - واتا نەیتوانی لێیان بێتە دەرەوە، لەو کێشانە بێتە دەر کە ناپلیۆن پێشکەشی کردبوو، ناپلیۆن کە شۆڕش بەدی دێنێت و ئیلغاشی دەکاتەوە، بەوەی یاساو ماف و دەوڵەتی نوێ دادەمەزرێنێت.

کەواتە بەر لەمێژوو هەیە، لەگەڵ پاش مێژوو - پۆست مێژوو. توخمەکانی مێژوو لە قۆناغی بەر لە مێژوودا لەدایک دەبن و دەردەکەون، تەنانەت ئەوە عەقڵ و زمانیش دەگرێتەوە، کاری ڕێکخراو و خێزان و دەوڵەت و.. تاد دەگرێتەوە. مێژوو و مێژووگەرایی هیچ شتێک ناخەنە سەر ئەو توخمانەی کە پێشتر بوونیان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێکی دەخاتە سەر بۆ ئەوەی لەیەک کاتدا بیکات بە واقیعی و عەقلانی، دواتریش ئەو زەمەنە دووداڵە کۆتایی بێت کە ناتوانێت یەقین دەسگیر بکات. ئینجا پۆست مێژوو دێت، بۆیە هەمەکی فەلسەفی بوونی نابێت، تەنیا ئەگەر مێژوویی نەبێت، واتا کردەیی و واقیعی بێت.

## هیگڵ و زەمەن

هیگڵ دەڵێت: «زەمەن ئەو چەمکەیە کە لەوێدا بوونی هەیە و خۆی وا پێشکەش و وشیار دەکات بەو سیفەتەی کە حەدسێکی بۆش و بەتاڵە. بەهۆی ئەوەوە ڕۆح لەنێو زەمەندا بەرجەستە دەبێت، ڕۆح لەنێو زەمەندا بەرجەستە دەبێت مادام درک بەچەمکی پەتی خۆی ناکات، واتا زەمەن ئیلغا ناکاتەوە، زەمەن ئەو خودە دەرەکییەیە کە لەڕێگای ئیدراکەوە حەدس دەکرێت، ئەو چەمکەیە کە لە ڕێگای حەدس ئیدراک دەکرێت بەتەنیاو لەمیانەی خودەوە ئیدراک ناکرێت. کاتێک چەمک خۆی ئیدراک دەکات، وێنەی زەمەنی خۆی دەسڕێتەوە، وێنای حەدس دەکات، بۆیە حەدس وێناکارو وێناکراو دەبێت. کەواتە زەمەن وا بەرجەستە دەبێت وەکو ئەوەی چارەنووس و پێداویستی ڕۆح بێت کە لەناوەوەی خوددا تەواو نەکراوەو بەدەست نەهاتووە».

بەم شێوەیە دەبینین کە چەمکی ئامانج یا کۆتایی پەیوەستە بەهەر سێ لایەنی زەمەنەوە - تەناهی، مەبەستگەرایی، دەسکەوت - تەنیا لەبەرئەوەی زەمەن بابەتی وێناکردنەو خودی چەمکی خۆی لەناوەخۆیدا هەڵدەگرێت. زەمەن ڕوخسار نییە، بەڵکو دەرکەوتنە، بەرجەستە بوونێکی دواتری زەمەنەو لەوەوە مەملەکەتی ڕۆح لەدایک دەبێت. تێڕامان لە زەمەنی بەدەستهێنراو.

ئەو مەعریفە ڕەهایەی بەو شێوەیە لەدایک دەبێت، هەڵگری ڕازیبوونێکی بێ وێنەیە. خود، منی فەلسەفەکار دەبێتە خواوەند، خۆی وا دەناسێنێت کە خواوەندی زانستەو لەنێو ئەو زانستەی کە لە خودی خۆی ڕادەمێنێت، کە ئیدراکی خەڵقی خۆی دەکات، پێشڤەچوونی و دەسکەوتی، زەمەنی عەقلانی لە قووڵایی خۆی و لە بنچینەدا وا دەناسێنرێت کە دووبارەبوونەوەو گەڕانەوەیە بۆ خود بەدەسپێکردن لە ئەسڵەوە.

لەبەرئەوەی زەمەن دەگاتە حاڵەتی تەواوبوون، بۆیە ئامانج و مەبەستی خۆی لەنێو خودی خۆیدا هەڵدەگرێت. چرکەیەک دێت تێیدا هەموو شتێک دەزانێت و دان بەهەموو شتێکەوە دەنێت و هەموو شتێکیش کۆتایی دێت: مێژوو و زانست، ڕۆحی بابەتی و ڕۆحی خودی، مەبەست، زانستی ڕەها و ئەو ڕۆحەی خودی خۆی دەناسێت بەو سیفەتەی کە ڕۆحێکە ڕێگای گەیشتنی بریتییە لەسەر لەنوێکردنەوەی ڕۆحەکان وەکو ئەوەی لەنێو خودەکاندایە، وەکو چۆن ڕێکخستنی مەملەکەتی ڕۆحی خۆی تەواو دەکات، مانەوەی لەبوونی خۆیدا - لەوێدا

بەئازادی، بەشێوەی شیان بەرجەستە بوو، مێژوو پێکدێنێت، بەڵام بەشێوەی ڕێکخستنی چەمکگەرایی خۆی دەبێت، مێژووی زانستی فینۆمینۆلۆژی، بەکۆکردنەوەی هەردوو وێنە. بەگوزارشتێکی تر، مێژووی وێناکراو سەرلەنوێ کۆکردنەوەی ڕێگاکانی ئازارە بۆ ڕۆح و ڕەهایی، نەوەکو سۆزی ڕاستەقینە و یەقین بەو عەرشەی کە بەبێ ئەو یەقینێکی بێ ژیانە.

### مێژوو و مردن لەنێو هزری هیگڵ-دا

بەڵێ، شۆڕش و شۆڕشگێڕان مێژوو دروست دەکەن بەو ڕادەیەی کە بەرگەی بەرپرسیارێتی خەبات تاوەکو مردن دەگرن لەدژی خەڵکانی تردا، لەدژی خودەکانی تردا. بێگومان، بەڵام لە دژی ئەو شتانەشە کە پێوەندی دەرهاوێشتەیی لەنێوان شتەکان دروست دەکەن. ناپلیۆن بەو سیفەتەی کە ڕۆحی جیهانە بەرپرسیارێتی ئەو خەباتەی گرتە ئەستۆ. هەمەکییەک کە تەناهییەکی جیاواز لەخۆیەوە دەگرێت، بەڵام ئەو کاتە کۆتایی دێت وەکو چۆن خەباتە تراژیدییەکانی تریش کۆتاییان دێت و لەناودەچن، واتا ڕووداوەکانی تریش دەگەیەنێتە کۆتایی. مێژووگەرایی سیفەتی موتەناهی و پێوەندی مەبەستگەرایی خۆی دەردەخات، بەبێ ئەوەی ئەو تەواوبوونە بسڕێتەوە، یا بەلاوەی بنێت کە ئەنجامی ئەو ئیمتیازەیە، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خەبات تاوەکو مردن؟ ئایا لە ویژدانێکی باڵاتر لە مەعریفە و حەدس و حەزکردن بەسەرکێشی و چێژی گەمە سەرهەڵدەدات؟

بەردەوامیش ئەو مەسەلەیە لای هیگڵ ڕوون نییە ئەگەرچی ئیمتیازی کۆتایی باڵا تایبەتە بەمەعریفە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مومارەسەیەکی مێژوویی نییە - کردەیی مێژوویی داهێنەر - بەبێ بوونی سەرکێشی و موجازەفەیەکی هەمەکی، هەمەکی بەقەد هەمەکییەتی ئامانج و مەبەست. بەمانایەکی تر، ئەوانەی مێژوو دروست دەکەن، هەر ئەوانەن کە جەنگێکی هەمەکی بەرپا دەکەن لەگەڵ ئامانجێکی هەمەکیدا و هەموو شتێک دەخەنە ژێر گرەو و پرسیار.

لە سەردەمی هیگڵەوە، ناپلیۆن دوچاری هەموو جۆرێنێک بووەتەوەو لە هێرش دەربازی نەبووە، بەڵام هیگڵ، فەلسەفەکاری هەمەکی مێژوویی - سیاسی دەستی بە مەزنێتی و گەورەیی ئیمپراتۆری فەرەنساوە گرت، دەستی بەزۆرداری و داگیرکەری ئەوروپاوە گرت، گوایە ئەو ڕۆحی جیهانە، پاڵەوانێکی جیهانییە و زەمەنی تەواو کرد و لە ڕێگای خەباتەوە ڕۆحی بونیاد نا تا وەکو مردن گەیاندییە کۆتایی خۆی، ئەوە حەقیقەتی مێژووە، کوشتنی ناپلیۆن واتا کوشتنی مێژوو.

### مێژوو و سیستەم لەلای هیگڵ

کۆجیف زۆر بەقووڵی ئاماژەی بۆ پێوەندی ناوەکی نێوان مێژوو و سیستەم کردووە، شوێنگەی ئەو پێوەندییەش لەنێو تەناهی یا مردندا دەدۆزینەوە، سیستەمی باو لەسەر سارای ماهییەتدا، چونکە ئەوە کۆیلەیە کە مرۆڤی مێژوویی سەرلەنوێ دەگێڕێتەوە لە ڕێگای کار و خەباتدا، لە ڕێگای ڕووخاندنی گەورەکەیەوە، ئەگەر مرۆڤی کۆیلە بوو بەهەڵگری حەقیقەتی بەدەستهێنراو - فەلسەفەکار - ئەوە ئەو کارە ئاستێک بۆ مێژوو دادەنێت.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە مەعریفە لە بنچینەدا ناسین و زانینە، ئەوە لەڕێگای تێگەیشتنی خۆیەوە سەیرورەت تەواو دەکات. مادام سروشت لە ڕێگای کارو خەباتەوە دەگۆڕێت بۆ جیهانێکی مێژوویی، ئەوە کۆتایی خوازراوی ئەو خەباتە خوێناوییە سەیرورەتێکی مێژوویی ئیلغا دەکاتەوە. مادام فەلسەفە وەکو سیستەم هەموو فەلسەفەکانی تری پێش خۆی کورت دەکاتەوەو لەخۆیان دەگرێت، ئەوە چرکەساتی سەرەکی ئەو چرکەساتەیە کە تێیدا هەموو ئەو ڕووگە فەلسەفییانە دادەڕێژرێنەوەو بەدی دێن، ئەوە چرکەساتی فەلسەفەی هەمەکییە، کەواتە ئەوەش فەلسەفەی تەواو و ڕاستەقینەیە، بەوەی هەموو فەلسەفەکان دەپارێزێت و دەیانبەزێنێت و بەدییان دێنێت، ئەوە چرکەساتی زانستی ڕەهایە.

لەمیانەی مێژوو و خەباتە مێژووییەکاندا، فەلسەفە بووە کردە، واتا بەسیاسی بوو، چونکە سیستەمی فەلسەفی و سیستەمی سیاسی یەک شتن، هەمەکییەکی دوولایەنە. لە سەرەتادا یەکێکیان لەویتر دابڕاوەو نامۆیە، دەگاتە واقیعی ماقووڵ و لەنێو واقیعدا بەرجەستە دەبێت. ماقووڵییەتی فەلسەفی بەواقیعی دەوڵەت دەگات، ئەو کاتەش فەلسەفە لەنێو واقیعدا بەدی دێت و مێژووش بەدی دێت و تەواو دەبێت.

### هیگڵ و کۆتایی مێژوو

ئێمە لەنێو سەرجەم هزری هیگڵیدا دەبینین ئاماژە بۆ گرنگی ئەو پرۆسەیە دەکرێت - مێژووگەرایی ناسراو بە مەبەست و ئامانج، بۆیە دەبینین بەچەندین شێوە و

ڕوخساری جیا جیا دەردەکەوێت. لەنێو ڕەزامەندی فەلسەفیدا و لەبەردەم تەواوکاری بەدەستهێنراودا حیکمەت بەزانست دەگات.

لە بەرانبەر ئەو ڕەزامەندییە فەلسەفییەدا، دەبینین پەژارەی فەلسەفەش دەگاتە کۆتایی کە نزیکە لە تەناهی بەگشتیکراودا. لەلایەک نزیکبوونەوەی مردن و وشیاری مردن پەیوەستن بەخود، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستن بەسیستەم، چونکە لە هەردوو لایەنەوە بەیەک ڕیتم بەرەو تەواوبوون دەچن، بەرەو تەواوبوونی زەمەن. لە کۆتاییشدا دەوڵەت لەکاتی تەواوبوون و پیریشدا لە حیکمەت و نامۆبوونیدا بەشێوەیەکی قووڵ خاوەندارێتی شتێکی هاوشێوە دەکەن: «چوارەم چرکەی مێژووی گشتی: بەراوردکردنی سەردەمەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی پیری دەبێتەوە، پیری سروشتی لاوازییە، بەڵام پیری ڕۆح بریتییە لە پێگەیشتنی تەواو - ڕۆح - کە کارەکەی بەرهەم هێناوە، ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەکان ون بوون، بەتایبەتیش ئەوەی لەنێوان کڵێساو دەوڵەتدا هەبوو، چونکە ڕۆح لە خۆ گونجاندنی لەگەڵ واقیعدا کە لەمیانەی بوونی ئۆرگانیدا پێکیهێناوە. دەوڵەت لە پلەوپایەیەکی نزمتر نییە لە ئاست کڵێسادا و ملکەچی کڵێساش نییە، کڵێسا چیتر خاوەنی ئیمتیازات نییە و ڕۆحیش نامۆ نییە لە ئاست دەوڵەتدا. ئازادی شێوازێکی جیای دۆزیوەتەوە بۆ بەدیهێنانی چەمک و حەقیقەتی خۆی، ئەوەش کۆتایی مێژووی گشتییە».

هزری هیگڵی بیر لە تەواوبوون و چوونە پێشی داهێنەرانە و ئارەزوو و مومارەسەی مێژوویی و خەبات تا مردن دەکاتەوە، ئەوەش سنووردارە، شۆڕش داهێنەری جیهان و دەوڵەتی تازەیە لەگەڵ داهێنەری چین و توێژی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەو چینی ناوەڕاست و بیرۆکراتییەتی عەقڵانی، مەسەلەکەش کۆتایی هات و ئەو شێوازانەش جێگیر بوون، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا پاراستنی ئەو شتانەیە کە مێژووگەرایی بەرهەم هێناوە و شرۆڤەکردنیەتی لە ڕووی فەلسەفییەوە. دەوڵەت زەمەن بەرهەم دێنێت و خاوەندارێتی شوێنیش دەکات.

### هیگڵ و مێژووگەرایی

کەواتە زانستی ڕەها، وشیاری هەمەکی خود، چەمکی تەواو بوو، یەکەی دەسپێک و کۆتایی واقیعی ماقووڵ زەمەن سەرقاڵ دەکات. ئەو زەمەنە چڕە کە وەکو هێلکە پڕە، بەتەواوی لەنێو سیستەمدا خۆی دەناسێنێت، خودی سەلبکراو خۆی وەکو بوونێک پیشان دەدات و پاساو و بابەتی خۆی پیشان دەدات، وێنەی چەمکی ناوەڕۆک وەردەگرێتەوە و بەتەواوی لەنێو کات و شوێندا دەبێتە خاوەنی هەمەکییەتی ڕەها، سێ ڕەوت - کاروانی وشیاری لەسەرەتاوە، ئێستاو ئێرە، هەست و ئیدراک بەچەمک لەسەرەتاوە، جیاوازی نێوان بوون و حەقیقەت، نێوان چەمک و ژیان - بەرانبەر بەمێژوو هەر لە سەرەتاوە، سروشت و شەڕی نێوان مرۆڤ و سروشت، ئەو سێ ڕەوتە یەک دەگرن، ئەو یەکگرتنە، مێژووی قووڵ لەپشت مێژووی دیاردا، ئەو هەمەکییە پەرت و سەلبکراوە چڕتر دەکات، مەعریفە لەڕێگای نێوەنکارییەوە بەرەو ڕاستەوخۆبوونی تەواوبوو دەگەڕێتەوە، لێرەیە، کۆتاییە لەنێو سەرەتادا، سەرەتایە لەنێو کۆتاییدا. بریتییە لەبازنە، یا بەمانایەکی تر، بازنەی بازنەکانە، سیستەمە.

مەعریفە تەماهی دەبێت - ناسنامە دەناسێت - لەگەڵ ناسینی خوددا، بابەت لەنێو خود دەتوێتەوە، کەچی خود پڕ دەبێت بەبابەت، بەڵام بەسەرکەوتن لە پڕکردنی زانست. ئەو سەرکەوتنەیە دەستنیشانی چرکەساتی لەیەکدابڕانی مێژوو و پۆست مێژوو دەکات، ئەو واقیعە جیاوازە هەڵگری سیمایەکی هەرە مەزنە، ئەویش هیگڵیزمە.

بەڵێ، بەڵام بابەت تەنیا ڕوخسارێکە، پاساوە، بەربەستە، وەهمە! کردەی مەعریفە وەڵامی مێژووی خۆی ناداتەوە تەنیا لەسەر ڕێگایەک نەبێت کە لەلایەن نەمری شاراوەوە ئامادەکراوە و پەیوەستە بەوەهمێک کە پێشکەش دەکات و چاودێری سەراب دەکات، سەرابی خود، کردەی ئاوێنە؟ ئایا ئەو سەرابە وێنەیە لەنێوان خودو ناخوددا، لەنێوان بوون و نەبووندا، لەنێوان ڕاست و هەڵەدا، لەنێوان ئەوەی کە خۆیەتی لەگەڵ ئەوی تردا، بەڵام ئەی گوێ پێنەدان؟ ئایا لەنێو چاودێریدا نییە؟ لەکوێیە؟ لەلایەنی خودەوە؟ لەلایەنی بابەتەوە؟ لە هەموو لایەکەوە؟ گاڵتەجاڕی مێژوو گاڵتەجارییەکی هیگڵ-ییە و باڵاتره لە مێژووگەرایی هیگڵ-ی و پاڵ بەمێژووی هێگڵ-ییەتەوە دەنێت.

### دژکاری هیگڵ-ی

بەرلەوەی قسە لەبارەی دژکاری - چارەسەرنەکراوی - شاراوەی نێو تیۆری هیگڵیزم بکەین لەبارەی دژکارییەکان، کە هیگڵ پێی وایە پێشتر چارەسەر کراوە،

دەكرێت قسە لەبارەی موفارەقە هیگلێیەكان بكەین.

فەلسەفەی مێژوو ئاستێک بۆ مێژوو دادەنێت، پاش ئەوەی ڕوونی كردەوە یا مێژووی بوونی مرۆڤی زانی. باشە ئەوە موفارەقە نییە؟ مادام مێژوو كۆتایی نایەت، مادام ناكرێت كۆتایی مێژوو دەستنیشان بكرێت بەدەستنیشانكردنی ئامانج و مەبەستەكانی، ئەوە دیارە پێویستە كۆتایی نەیەت، ئەوەش كارێكە هزری هیگلی بەرگەی ناگرێت. هیواو بێ هیوایی هیگل. هیگل هۆی بوونی كانتیزم ڕەت دەكاتەوە، بۆ؟ چونكە هزری هیگلی تیۆری مومارەسە لەخۆ دەگرێت، تیۆری كردەو بوونی ئێستا.

دەبێت دان بەو شتانەی هیگل-دا بنرێت، ئەو چەمكی پراكسیسی هەڵهێنجاوە. لەلای ئەو هەموو شتێک لە پراكسیس هەڵدەهێنجرێت و لەدایک دەبێت، هەموو شتێک ئەنجامی پراكسیسی تیۆرییە، هەموو چركەساتەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی. مێژوو خۆی بەرهەم و بەرهەمهێنراوە. مادام مەعریفەی تیۆری توخمی باوە لەنێو مومارەسەی هێگل - یدا، ئەوە چەمكەكە بەو شێوە وردە دەستنیشان دەكرێت - كە دەبێت بۆ هیگل بگێڕدرێتەوە ئەگەر دەركەوت كە بەڕاستی چەمكە - مومارەسەی تیۆرییە.

ماركس بەتەواوی لەو لایەنەی هیگلێزم تێگەیشتبوو، ئەوەش بەڕوونی دیارە لەنێو دەستنووسەكانی ساڵی (١٨٤١)دا، بەوەی بەتوندی ڕووبەڕووی مەتریالیزمی باو و ئەنترۆپۆلۆژیای فیورباخ بۆوە. ئەوەش ئەو بەرهەمەیە، ئەو مومارەسە مێژووییەی كە - مێژووگەرایی داهێناوە - ناشێت تەنیا بەدوای بیرۆكەدا نەڕوات بەشێوەیەكی ورد و سیستەم تێیدا ڕەنگ نەداتەوە. بیرۆكەی شۆڕشگێڕانەی بەرهەم - بیرۆكەی بەرهەمی شۆڕشگێڕی - لای هیگل لەخۆی دەخشێت و خۆی ئیلغا دەكاتەوە. خودی مومارەسەی تیۆری تێكدەشكێنێت.

ئایا دژكاری سەرەكی لێرەدا دەردەكەوێت كە هیگل ئاماژەی بۆ دەكات: لەنێوان كرانەوەی دیالیكتیكی و داخرانی سیستەمدا؟ هەروەها دژكاری لەنێوان مومكین و نامومكیندا هەیە، لەنێوان موتەناهی لای مرۆڤی نەوعی، تواناكاری ناموتەناهی، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ - تاک دەمرێت و دەزانێت كە دەمرێت و ملكەچانەش قبووڵی دەكات. دوچاری وشیاری مردنی تەناهی و ناتەناهی دێت كە وازی لێدێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ خودی خۆی دەناسێت، لەڕێگای مردنەوە نا، بەڵكو لە ڕێگای یەقینەوە دەزانێت كە دەمرێت.

بەگشتی مرۆڤ لای هیگل بریتییە لە ناموتەناهییەكی خراپ، بەو سیفەتەی كە موتەناهییەكی كراوەیە و بڕوای وایە ناتەواوەو خۆیشی هەر ناتەواوە. لەكاتێكدا حەقیقەت شتێكی بازنەییە. بۆیە حەقیقەتی فەلسەفی و بەدەسهێنانی فەلسەفەی سیاسی و كردەیی لەگەڵ كۆتایی مێژوودا هاوشێوە دەبێت. ئاینده؟ ئەگەر ئاییندەش هەبێت، ئەوە ناكرێت پێشبینی بكرێت. ئایا زەمەن و مێژوو خاوەنداریتی واقیع دەكەن؟ بەڵێ، بەڵام ئەو واقیعەی كە حەق و واقیعە، ئازادو پێویستە، ئەویش ڕۆحی ڕەهایە، نەوەكو مرۆڤی مێژوویی. ئەو ڕۆحە هیچ شتێک نییە تەنیا ئەو هەمەكییە تەواو بووە و بەدەستهێنراوەی مێژوو نەبێت: پۆست مێژوو.

## شێوە و سیستەم لای هیگل

سەدە و نیوێک دوای ئەوەی هیگلێزم گەیشتە لووتكەی بەرزی خۆی و بەتێڕامان لەو ڕێگایەی پێیدا تێپەڕیوە، دەبینین هیگل بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش باس لە هەندێک چەمک دەكات كە ئێستا بوونەتە چەمكی باو و بڵاو بوونەتەوە، چەمكی وەكو: وشیاری و ناوشیاری، دەلالەت و مانا، ڕەمزو فۆرم. بەڵام هەموو شێوەو هەموو چركەیەكی فینیمینۆلۆژیا هەر وەكو مەتەڵ دەمێنێتەوە و ئەوەش دەزانین كە هەندێک كەس دەستیان داوەتە پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی یەكجارەكیانەی ڕەمزەكان و كردوویانەتە پرۆژەیەک بۆ ڕاڤەكردن. هەموو شێوەیەكی وشیاری دەبێتە ناوشیاری بەهۆی تێپەڕین لە میانەیەوە. ئایا بەباشی دەزانێت چی هەڵدەگرێت و پەیامەكەی چییەو چی تێدا نووسراوە؟ نا، نە كۆیلەو نە خاوەن كۆیلە و نە خەباتەكەیان تاوەكو مردن ئەو ڕوونییە هەڵناگرێت كە دواتر، لەكۆتایی كاروانەكەدا دێت.

مانا و ڕەمز، هەموو شتێک دەلالەتی خۆی هەڵدەگرێت - لەپێناو خۆیدا - و دەلالەتێكی تریش - لەپێناو ئەویتردا - واتا لەپێناو ئەوەی دواتر دێت. هەموو ڕووداوێک مانای خۆی هەیە كە دواتر ئاشكرا دەبێت و بەشێوەیەكی تەواو دەرناكەوێت تەنیا لەكۆتاییدا نەبێت. ئەوە مانای مێژووییە. فرە مانایی بەسیفەتە كۆییەكەی وا دەكات بوونی مانای كۆتایی و دوا مانا مەسەلەیەكی پڕ لە ئیشكالییەت بێت. بۆچی ئەو جۆرە لەهەڵوەشاندنەوە پەسندە؟ لەبەرئەوەی دەبێت بوەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا

هزری میتۆدی و مێژوویی جەخت دەكاتە سەر بوونی مانای كۆتایی، خوێندنەوەی تەواو. ئەگەر ئەو جەختكردنەوەیەی بەلاوە نا، ئا ئەوەتا لەسەر لێواری جەختكردنەوەیەكی تردا دەوەستێت.

بەم جۆرە فۆرمی هیگڵ-ی بۆ دیاری نەكراو - یا بۆ خودی خۆی وەكو پێدراوێكی ڕاستەوخۆ و جیاواز. بۆیە لەمەودوا مێژوو بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە - لە كۆیلە و خاوەن كۆیلە، ناپلیۆن و ڕۆحی جیهان. یا ئەوەتا خۆیان دەبیننەوە ئاراستەی جۆرە ڕاڤەكردنێكی تر كراون، یا بەبێ وەستان لەڕاڤەكردنێكەوە بەرەو ڕاڤەكردنێكی تر ئاراستە دەكرێن. مێژووگەرایی توێژراوە لەكاروانەكەی بەردەوام بەكۆتاییەكەی دەناسرێتەوە. تەنیا مەگەر بەناوی هیگڵ جەخت لەسەر ئەوە بكاتەوە كە ناشێت هیچ جۆرە شێوەو فۆرمێك بەدی بێت بەبێ خەباتێكی نەپچڕاو و شێوەكانیش بەردەوام دەبن لەجەنگ و كۆیلەو خاوەن كۆیلەو ڕۆحی جیهانیش هەرگیز كارەكانیان تەواو نابێت، بۆیە شێوەیەك نییە بشێت بمرێت یا سەربكەوێت. شتی زۆر لەبارەی شوێنگەی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح" لەنێو هزری هیگڵ-ی و تیۆرەكەیدا نووسراوە، ئایا فینۆمینۆلۆژیا ڕێگاو ڕووگەی كاروانەكەیە؟ گەشت و بە سەركەوتنە؟ فێربوونە؟ وەرگێڕانێكی تێگەیشتراوە بۆ ڕۆمانی فێربوون؟ یا بونیادنان؟ وەكو ئەوەی گۆتە وێنای كردبوو؟ كاروانێكە ڕووەو زانست؟ ئایا دەبێتە دەروازەیەك؟ دەروازەیەك كە ئەو لۆژیكە ڕەتی دەكاتەوە و بەدرۆی دەخاتەوە؟ - ئەوەش مەسەلەیەكە پێدەچێت هیگڵ لەكۆتایی ژیانیدا بیری لێكردبێتەوە، یا تەنیا دەروازەیەكی لاوەكییە و توخمێكی دەرەكی فەلسەفەیە؟ بۆ مێژووی فەلسەفە یا فەلسەفەی مێژوو؟ ئایا بۆی هەیە لەڕێگای گەڕان بەدوای فۆرم و ڕەمزەكان لەگەڵ ڕاڤەكردندا یەكبگرێت؟

دەكرێت فینۆمینۆلۆژیا بخرێتە بەرانبەر سیستەم، بەوەی هەموو شێوەیەكی ڕۆح تێیدا وا پێش دەكەوێت وەكو ئەوەی تەواونەبوون بێت. تەنیا ڕۆحی دوودڵ و دڕدۆنگ كە لەمیانەی دیاردەكاندا بەدوای خۆیدا دەگەڕێت مولكدارێتی تواناو ئایندە دەكات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو شتانەی دەشاردرێنەوە. تەنیا ڕۆح شتەكان ئاشكرا دەكات و خۆیشی ئاشكرا دەبێت. ئەو جۆرە بیركردنەوەیەی ڕابردووی تیۆری هیگڵ - ی دەگێڕێتەوە، بێگومان لێرەدا هێڵی دابڕان و خاڵی دەسپێكردن دەدۆزێتەوە. لەو ڕاڤەكردنە بۆ فینۆمینۆلۆژیا - لە دژایەتیكردنی لەگەڵ لۆژیكدا - یا دەگوترێت ڕۆژێكی زەمەنی لەدژایەتیكردنی لەگەڵ موتەزامیندا - ئەو هیگڵ-ییەتە دەست پێدەكات كە بەچەپگەرایی ناودەبرێت، دواتریش ماركس.

ماركس بەرەخنەیەكی قووڵ دەست پێدەكات، بەڵام ڕەخنەیەكی داماڵراوە لە فەلسەفەی دەوڵەت و فەلسەفەی ماف (١٨٤٢ - ١٨٤٣)، لەو كاتەشەوە تیۆری هیگڵ - ی بۆ دژكاری سەراوژێر دەكاتەوە لەدژی هیگڵ، سیفەتی دژكاری تیۆر ئاشكرا دەكات و ئاستێك بۆ دژكاری نێو مێژوو و كۆمەڵگا دادەنێت. دواتریش ماركس پاڵپشتییەك بۆ فینۆمینۆلۆژیا دەدۆزێتەوەو تێیدا تیۆرێك بۆ ئەو مرۆڤە دادەنێت كە لەڕێگای هەوڵ و كۆششی خۆیدا خۆی بەرهەم دێنێت، لەڕێگای كارو خەباتی لەمیانەی زەمەنی مێژووییدا و ئەنترۆپۆلۆژیای فینۆمینۆلۆژیای فیورباخ - یش دەگرێتەوەو لایەنی نێگەتیڤی هەڵچوو ئاشكرا دەكات، ئەگەرچی لەلایەنی مومارەسەوە گرنگە وەكو ئەوەی فیورباخ باسی لێوە دەكات، تا دەگاتە فینۆمینۆلۆژیای هیگڵی لە ساڵی (١٨٤٤)دا، دەستنووسەكان. دواتریش لەكاتێكی دواتردا (١٨٥٧) ماركس ڕووەو لۆژیكی هیگڵ دەچێت تاوەكو پاڵپشتییەك بۆ بیرۆكەی دیالیكتیكی خۆی بدۆزێتەوەو لە ڕێگای میتۆدەوە دایبڕێژێتەوە.

بەم جۆرە، لەتێڕوانینێكدا بۆ فینۆمینۆلۆژیا دەشێت لە لۆژیك داببڕێت، هەروەها لە بونیادی سیستەمیش. بەكردەییش ئەو شێوە ڕاڤەكردنە بۆ كەموكوڕی لای مرۆڤ بەشێوە هیگڵ - ییەكەی نەماوەتەوە، سیستەمی تەواو، سیستەمی سیستەم، هەمەكییەك كە هەموو هەمەكییە بەش بەشەكان لەخۆیەوە بگرێت، ڕەهاییەكی ناسراو و دانپێدانراو، داخراو و تەواو كراو. لەگەڵ دەوڵەت لەهەمان پێگەی فەلسەفی و سیاسیدا.

### لەبارەی عەقڵانییەتی هیگڵییەوە

ئەو گوتە دوانەییەی دەلالەت و مانا، كە لەلای هیگڵ زۆر قووڵە و دەیگوازێتەوە بۆ ئەوانەی لەدوای خۆشییەوە دێن، ئاماژە بۆ ئاڵۆزییەكی دوانەیی دەكات، بەڵام پاشكۆ و بەدواداچووی حەقیقەتە، واتا بەپێی پێوەندی ڕاستەقینەی لەگەڵ هەمەكییەتدا وێنا كراوە - بۆ نموونە، گەڕانەوە بۆ ئاڵۆزی و تەمومژی نێوان دەلالەت و فینۆمینۆلۆژیا.

ئاماژە بۆ وشیاری و بوون، بۆ ناوەرۆك و شێوە -

وێنە، گوزارشتە بۆ بوون و ناوەڕۆک، دەلالەتە بۆ وشیاری و بۆ وێنەو بۆ مەعریفە - چێژ وەرگرتن لەگەیشتن پێی دەلالەتێکی پۆزەتیڤ هەڵدەگرێت، لەبەرئەوەی بۆتە یەقینی خود بۆ بابەت، بەڵام وشیاری خودەو خاوەندارێتی دەلالەتێکی نێگەتیڤ دەکات، دەلالەتی ڕەتکردنەوەی خود بۆ خودی خۆی. دەلالەتی دوانەیی ئەو مانایە دروست دەکات کە شوێنگەیەک لەنێو حەقیقەتدا دەدۆزێتەوە، بەبێ بوونی توانای ململانێ ناتوانێت چارەسەری لەنێوان ئەو سنوورانەدا بدۆزێتەوە. مانا لەلای هیگڵ هەڕەشە لە حەقیقەت ناکات. ئارەزوو خودی خۆی دەدوێت. دەبێتە ئارەزوو بەوە یان بە ئەویتر، بەبێ ئەوەی لەمیانەی ئەوەدا ببێتە ئارەزوو: ئارەزوو بە ئارەزوو و بەئارەزوو بەوەی ئارەزوو پێکراو بێت. دەگۆڕێت بۆ پێداویستی بۆ شت، نێچیری ئەو شتە، ئاستەنگ، مەودا، بەرەنگاربوونەوە. ئارەزوو لە ڕێگای ئەو شتەوە دەبێت کە ئارەزووپێکراوە و خودی خۆی دەناسێت و دان بەوە دادەنێت کە ئارەزووە. چونکە ئارەزوو پێویستی بەوەیە بەدی بێت، لەبەرئەوەی ئارەزووێکی دوانەو دوو قاتە، دەبێتە پێداویستی، زمان، کار. چی دەوێت و مەبەستی چییە؟ چێژ وەرگرتنە لە شتەکە، خاوەندارێتی کردنییەتی، بەکاربردنییەتی، بەو کارەش ئارەزوو مەبەستی کۆتایی هێنانییەتی. لە ڕێگای بەدیهێنانی چێژدا خۆی لەناو دەبات، بەو شێوەیەش چیرۆکەکەی تەواو دەبێت، ئەوەش مانای ئەو حەقیقەتە دەگەیەنێت کە: هەمەکی بەش بەش لەنێو هەمەکی تۆتالیتاری بەشێوەیەکی پڕ لە ململانێ، دەلالەتی ئێستا دروست دەبێت و ماناش دوای کات بەسەرچوون ئاشکرا دەبێت، تەنانەت مانای مێژووش - سەرجەم مێژوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەنێو هەموو کردەیەکدا، چرکەساتێک بۆ ئارەزوو بوونی هەیە، بەڵام خودی ئارەزوو خۆی تەنیا یەک چرکەساتە، لەڕێگای چێژوەرگرتنەوە خودی خۆی ئیلغا دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بەسەرهەڵدانی بکەر لە حەقیقەتی هەموو چرکەساتێک و ئارەزووێک و چێژێکدا بگات، هەروەها لەحەقیقەتی کۆش تێدەگات. دەلالەتی چرکەساتەکان کۆدەکاتەوە، لەنێویشیاندا ئارەزوو و چێژ وەرگرتن لەگەڵ مانا، واتا حەقیقەتی هەمەکی.

## تەناهی هیگڵی

چەند ژمارەیەکی دیاریکراوی فۆرم - شێوە هەیە لەو چرکەساتانەی هاوشانی سەیرووڕەتن. پێوەندییەکانی و ناسینی و پەیوەستیان بەو ڕۆمانە کۆییەی کە دەشێت ناو بنرێت مێژوو، ڕێگای پێدەدات لەسنووری ناهیگڵیدا بخولێنەوە، بۆیە دووبارەبوونەوەیەکی تەواو هەیە. دووبارە نووسینەوەی زەمەنیش بەسانایی بەبێ هیچ بەربەستێک بەڕێوە دەچێت. نموونەش بەفەلسەفە دەبەخشێت - نەخشەیەکی میتۆدی و داخراو بۆ دژکارییەکان و یەکەی گونجاندن «پێوەندی - پەیوەست» بۆ سەیرووڕەت «زنجیرەیەک مەعیشەت بەبێ وشیاری بە پەیوەستبوون»، مەبەستی چ مێژوویەکە؟ مێژووی ڕۆح - هزری و نموونەیی - کە بەگریمان بەمێژوو دەگات - واقیع.

ئایا دەکرێت شێوەو چرکەسات و توخمەکان تەنیا لەگەڵ هزردا کۆبکرێنەوە؟ نەخێر. لەنێو بیرکردنەوەی هیگڵیدا دواتر هزری تەئلیفی دێت وەکو پێکهاتەیەکی کۆتایی. چرکەساتەکان و پەیوەستبوونیان - دژکاری و پێوەندییان - دەبووایە لەنێو خەباتی واقیعدا قسەی لەسەر بکرێت. مرۆڤ یا ڕۆح بەو تاقیکردنەوانەدا دەڕوات کە لە ئەسڵییەوە بەرەو مەعریفەی دەبات. ئەوە چارەنووس و سیستەمە، جارێکیان ڕۆح و جارێکی تریش ئارەزوو و تێگەیشتن و کۆیلەو خاوەن کۆیلەو ئەو کرێکارەی لەوەهم ڕزگاری بووە. ئەو فشارە، ئەو داخوازییە، ئەو پێداویستییە ئایا بەپێی بۆچوونی هیگڵ پەیوەستە بەرەگەزێکی ئەسڵی و سەر بەئەسڵە؟ نەخێر. داخوازی خەبات تاوەکو مردن لەسروشت دەرناچێت، بەڵکو لەخودی ڕۆح دەردەچێت، لەو تەناهییەی کە تێیدا ڕۆحی ڕەها بەدی دێت.

ئەو لۆژیکەی هاوشانی مێژووە هەرگیز نابێتە ڕێگر لەبەردەم بوونی بەدواداچوونەدا و سەرلەنوێ بەدواداچوونەوەی مێژوو بەبێ بازدان لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی. خودی مەعریفەی فەلسەفی خۆی ناتوانێت زەمەن ئیلغا بکاتەوەو تابلۆیەکی تەواوبوو لەجێگای ناتەواوبووی فینۆمینۆلۆژی دابنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی لۆژیک و حەقیقەتێک بۆ مێژوو وەکو یەکەیەکی ڕێکخراوی فۆرمەکان لە بزاڤ و جووڵەدا، باشە ئەوە مزگێنی بەخش نییە بە بوونی تابلۆی هاوشانی کۆتایی؟ بەڵێ. دارشتنی لۆژیک لەگەڵ کۆتاییدا بەیەک دەگات، پیری، دانایی، ئاوابوون، شەو. مێژوو کۆتایی هات و مرد، تەواو بوو، چونکە ناشێت تەنیا خەیاڵی ئەوە نەکەین - نەوەکو وێنایەکی چەمکگەرایی بکەین یا

دروستی بکەین - زەمەنێکی نامێژوویی.

**لەبارەی میتۆدگەرایی هیگڵییەوە**

لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن بۆ دەربازبوون لە هیگڵیزم، دژکارییەکی ناوەکی لەنێو هیگڵیزمدا هەیە، دژکارییەک لەسەردەمی مارکس و ئەنگلسەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەزارجار باسی لێوە کراوەو خراوەتە ڕوو: سیستەمی دیالیکتیکی دادەڕمێنێت وەکو چۆن پێکهاتەی تایبەتی خۆیشی دادەڕمێنێت. بەپێچەوانەی ئەوانەی کە بەتوندی دەست بەماقووڵییەتی سیستەمەوە دەگرن و دەیکەن بەمەرجێک بۆ هزری پتەو، دژکارییەک لەنێو فەلسەفەی هیگڵ-یدا هەیە. هیگڵ نەیزانیوە چۆن سیستەم دابنێت و پارێزگاری لێبکات، واتا ماقووڵییەت، کۆی پێوەندییەکان، شەفافییەت بەبێ گەڕانەوە بۆ شتێکی تر: ئەسڵ، قووڵایی، دوانەییەک کە بە خراپە باسی لێوە کراوەو هەرگیز وەسف نەکراوە، ڕەمزێک کە خاوەنی ماقووڵییەت نییە (بیرۆکە، ڕۆحی ڕەها، ناموتەناهی خراپ یا باش).

مادام هیگڵیزم لەڕوانگەی هەندێکەوە دوچاری زەحمەتییەکی مێژووگەرایی هاتووە، ئەوە لەڕوانگەی هەندێکی تردا، لەگەڵ سروشت دوچاری زەحمەتییەک هاتووە.

باشە ئەو بەدواداچوونە بۆچوونێکی سەیرمان لا جێ ناهێڵێت؟ سیستەمی گوتەزایی کانتی کە بەشێوەیەکی سکونە وەرگیراوە بەرەو نامەرجداربێتیمان ئاراستە دەکات، باڵابوون، نومین، شتێک لەنێو خودی خۆیدا، ئەسڵ و ئەنجام، دەسپێک و کۆتایی. سیستەمی هیگڵ - ی کە بەشێوەیەکی میکانیکی توێژرابێتەوە (مێژوو و دیالیکتیک)، ئەویش ئاراستەی شتێکی ئەسڵیمان دەکات، بەڵام ئەوە شتێکە لەنێو ئاڵۆزیدا. باشە ئەو کێشەیەی کە ئەنجامی درزبردنی هیگڵیزمە و دەردەکەوێت، هەمان کێشەی ئەو ئاڵۆزییە نییە کە دواتر شی دەبێتەوە؟ سروشتی و مێژووگەرایی، پێوەندی نێوانیان چۆنە؟ ئایا لەبەرئەوە مێژوویە چونکە سروشتییە، پێکهاتەیە، نەسەبە، خاڵی دەسپێکە؟ ئایا سروشت تەنیا موسەلەمەیەکی مێژووگەراییە؟ ڕەمزییە؟ ئەی ئەوەی دوای شیبوونەوە ماوەتەوە، ئایا لەبەردەم سیستەمدا دادەڕمێ و مێژووگەرایی لەگەڵ خۆیدا بێنێت؟ دەشێت پرسیاری ئەوە بکەین کە ئایا هزری فەلسەفی دوای هیگڵ لەسەر لێواری جەوهەرییەتدا دەجووڵێتەوە و هەرگیز ناتوانێت شەرعییەت و فۆرمالیزم بەدەست بێنێت و ناوەستێت. باشە ئەوە ڕەوشێک نییە دەبێت لەڕێگای هزری پۆست - فەلسەفییەوە ببەزێنرێت؟

**هیگڵیزمی نوێ**

بەم شێوەیە دەوڵەت بەتەنیا پشت بە پۆلیس و سوپاو دادگاو دامەزراوە جیا جیاکان نابەستێت، پشت بەو توانا سەرکوتکەرانە نابەستێت کە لەبەردەستیدایە، چونکە ئەو هێزانە بەشی ناکەن. دەوڵەت جگە لەوانە، پێویستی بەبرِوانامەی ڕەفتار باشی هەیە، پێویستی بە بروانامەی ژیان و دابونەریت باشی هەیە. بروانامەیەک شایەد بێت لەسەر عەقلانییەت و ئاستی بەرزی ئەخلاقی، ئەوەش شتێکە فەلسەفە دەیبەخشێت. هەر لە سەردەمی هیگڵەوە، شەڕو خراپەکارییەکی بنچینەیی هەیە لەنێو کاری ڕەسمی فەلسەفەکاردا. بەو مانایەش، هیگڵ فەلسەفەی بەرەو کۆتایی برد، مۆری کۆتایی لە فەلسەفە دا، بەوەی فەلسەفەی کردە خزمەتگوزارییەکی گشتی، وەکو هەر جۆرێکی تری خزمەتگوزاری کارگێڕی، لەلایەنی ئەخلاقییەوە، کەمێک لە سەرووی ئەو خزمەتگوزارییە کارگێڕییانەوەیە، بەڵام بەهەمان شێوەیە، ئەنجامدانی کار و فرمان و ئاراستەکردنییەتی بەرەو بەرژەوەندی دەوڵەت و شەرعییەت پێدانی.

لێرەدا فەلسەفەکار دەبێتە خزمەتکار، خزمەتکاری ئایین نییە، بەڵکو خزمەتکاری میرە، بەبێ ئەوەی پاداشتی زۆریش وەربگرێت. کێشەو داماوی هیگڵیزم لەوەدایە ناتوانێت دانپێدانان بۆ خۆی بەدەست بێنێت، ئەگەرچی کۆششی زۆریش دەکات. ستالینیزم، لە ماهییەتدا هیگڵیزمییەتێکی نوێیە، خۆی ئەو ڕەوشەی بۆ خۆی نەدەویست و بەوەشی نەدەزانی، بگرە هیگڵیزمی قەدەغە دەکرد، لەبەرئەوەی هیگڵ ئەڵمانی بوو.

ئەوە پرسیارێکە کۆتایی نەهاتووە، چونکە نە هیگڵ و نە هیگڵیزم هێشتا کاری خۆیان تەواو نەکردووە، هەڵوەشاندنەوەی مارکسییانە بۆ هیگڵ نەبۆتە هۆی کوشتنی هیگڵیزم، پارچە پارچەکردنی لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێک لە پارچەکانی: نامۆیی، دیالیکتیک...تاد، بۆیە هیگڵیزم ئەژدیهایە و زیندوو دەبێتەوە. هیگڵییە تازەکان، خزمەتگوزارییەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن و جۆرێک لە گونجاندن لەنێوان سەرمایەداری دەوڵەت و سۆسیالیزمی دەوڵەتی پێشکەش دەکەن، هەردوو شێوەش دەوڵەت دەخەنە

پلەیەک دەبێت بپەرسترێت و داوا دەکەن شەرعییەتی پێبدرێت و ئایدیۆلۆژیایەکی گونجاویشی بۆ دەدۆزنەوە. سەیر ئەوەیە کە هیگڵیزم تا ئێستاش لای هەندێک کەسی سادە وا دەردەکەوێت کە بریتییە لە ئازایەتی.

## هیگڵیزم و مۆدێرنە

جیهانی ئێمە عاقڵ و ماقووڵە، هەموو شتێک بەپێی ئەو چەمکە ڕوو دەدات و بەڕێوە دەچێت، بەبێ ئەوەی بەتەواوی بەدی بێت. بۆیە هەموو شتێک بوونێکی دووانەیی هەیە: مادی و شێوەیی، کۆمەڵایەتی و زەینی، کردەیی و دامەزراوەیی، هەستپێکراو و ئەبستراکت، کاراو بیرۆکراتی. ئەوەی یەکەمیان، لاسایی ئەوەی دووەمیان دەکاتەوە. ئەوە بەتەنیا بەسەر دەوڵەتدا پراکتیک نابێت، بەڵکو بەسەر شتە ڕۆژانەییەکانیشدا دەسەپێت. بەو جۆرە ئەدەب زیاترو زیاتر لەڕێگای چەمکەکەیەوە دەستنیشان دەکرێت. ئەویش نووسینە، واتا ئەو شێوازەی نووسەر دەیگرێتە بەر، ئەدیبی پسپۆڕ ئامادەو بینراو و خوێنراوە ئەدەبییەکان وا دەگونجێنێت تاوەکو لە بازاڕی نووسیندا بەکار بێنێت. دەتوانین بروامان وا بێت کە بەکارهێنانی ئەو شتانەو زێدەڕۆیی کردن لە بەکارهێنانیان، ڕەنگە ببێتە هۆی زەرەربەخشین بەو کارە پسپۆڕێتییەو زوو بەزوو خوێنەریش لەو گەمەیە بێزار دەبێت: ناسینی ئامادەو جۆری جیاوازی جۆرایەتی و تەکنیکی دروستکردن لەو کارانەدا دەخرێتە پێشی. بەپێچەوانەوە، ڕەزامەندی عەقڵانی زانست و حیکمەت، لە هەموو ڕەوش و بارودۆخێکدا توانای خۆی دەسەلمێنێت.

باشە، ئەو جیهانەی ئێمە جیهانێکی هیگڵییانە نییە؟ لەبەرئەوە نا کە دەوڵەت لە هەموو کاتێک زیاتر توند و پتەو و بەهێزترە و بەتەنیا بەحوکمکردن ناوەستێت و پاڵپشتی لە کۆمەڵگاش دەکات و بەرجەستەی دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی عەقڵانییەتێک هەیە ڕۆچووەتە نێو هەموو شتێک. هیگڵ هەر تەنیا لەسەر لووتکەی ئاسۆی فەلسەفە نییە، ئاسۆی فراوانی مەعریفەو کار، بەڵکو ئەوەی دەمێنێتەوە تاقیکردنەوەی هزرە، سەنگی مەحەکی قبوولکراو یا قبووڵ نەکراو.

ئەوەی ئەمڕۆکە لەسەردەمی گەشی مۆدێرنەدا هیگڵی قبووڵە وەکو نموونەیەک بۆ فەلسەفە، ئەوە دیارە فەلسەفەی دەوڵەتیش قبووڵ دەکات، ئەو دەوڵەتەی بەڕاشکاوی لەلایەن فەلسەفەوە شەرعییەتی پێدراوە، فەلسەفە بەو سیفەتەی کە دامەزراوەو خزمەتگوزاری گشتییە و تەماهی نێوان واقیع و ماقووڵ لەنێو ماقووڵییەتێکی باڵادا بەرز دەکاتەوە، لەگەڵ فەلسەفەدا لۆژیک و سیستەمی دەوڵەتیش قبووڵ دەکات. خودی ڕۆح خۆی ئاوێزانی نێوان لۆژیک و مێژووی قبووڵە، لۆژیکی دەوڵەت بەناوی لۆژیکی مێژوو، بەکورتی، دەوڵەت بەناوی مێژووگەراییەوە. هەر هزرێک ڕەخنەی ریشەیی نەگرێتە بەر - ڕەخنەیەک لە ڕەگوڕیشە و بنچینەوە بێت - درێژەپێدەری فەلسەفەی سیاسی هیگڵە. چەمکی سیستەمی بونیادنراو دەخاتە ڕوو و شەرعییەتی پێدەدات، ئەوەش فرمانەکەیەتی. هیگڵیزمی نوێ خزمەت بەدەوڵەت دەکات و دانیش بەوە دادەنێت، ئەوەش دەزانێت کە مەعریفەکەی ئەو ئا لێرەدایە.

کەواتە ئەو جیهانە هیچ هێزێکی ڕەتکەرەوە و نەفیکردنی تێدا نییە لە دەرەوەڕا ڕەخنەی ڕیشەیی بسەپێنێت کە لەلایەنی تیۆرییەوە ڕەتی دەکاتەوە، ئەوە بەشێوەیەکی قووڵ جیهانێکی هیگڵییانەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی خاوەنی قووڵاییەکی مێژوویی بێت. بەپێچەوانەوە، لەناوی دەبات و ئەنجامەکەشی دەپارێزێت. ئەوانە هیگڵین کە پێیان وایە دەوڵەت نامرێت و نەمرە، هیگڵین ئەو تەکنیکارانە و ئەوانەی بروایان بەیەکێتی واقیعی و عەقڵانی هەیە، هیگڵین ئەوانەی خاوەندارێتی ئیمتیازی مەعریفە دەکەن، ئەوانەی ئیمتیازی پێدەدەن و بەدامەزراوەیی دەکەن.

## مێژوو و دیالیکتیک دوای هیگڵ

مادام تیۆری هیگڵی بۆ دەوڵەت و چارەسەری لۆژیکی فشار لە سەیروورەتدا و پرسی بەکاربردنی زەمەنی مێژوویی بڕیاری مردن دژ بەدیالیکتیک دەسەپێنن، ئەوە شتێکی تێگەیشتراو و زانراوە. بەشداری فەلسەفەی ڕەخنەیی و ڕەخنەگرتن لە فەلسەفە هزری دیالیکتیکی دەمرێنێت لە هزری نێگەتیڤ و بیرکردنەوە لە نەفی، لە سەرکەوتنی دەوڵەت و سیستەمدا دوای ئەو درێژە بەفەلسەفە بدەن و وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام دیالیکتیک لەسەر ئاستی ئەبستراکت و تیۆرەوە لەیەک کاتدا دابڕاو بێت لە لۆژیک، لە کار، لە مومارەسە و لە ئیشکالییەتی مەلموسدا، ئەوە هیچی تێدا نامێنێتەوە، تەنیا سەفسەتە و دیالیکتیک نەبێت، وتووێژ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بێهوودە لەنێوان دژەکاندا،

تەنانەت هەر ئەوەتە سەرقاڵی کۆتایی مێژوو یا دەرچوون لێی دەبن.

دیالیکتیک نەفییەکی دابڕاوە و لە دەرەوەی خۆیدا خولدەخواتەوە، ئەو لۆژیکەی قبووڵکراویشە - کۆمەڵناسی و ئایدیۆلۆژیا - لۆژیکی دەوڵەتە، ئەوە لەنێو قبووڵکردنێکی هێدی هێدی و لەسەرەخۆدا دەتوێتەوە، کەچی دیالیکتیک لەنێو غروری نەفی ئەبستراکت کراو بەواقیعدا ون دەبێت، یا ئەوەتا دەبێت دان بەکۆتایی دیالیکتیکەوە بنێت، جا لەنێو زانستێکی پسپۆڕ و تایبەتمەنددا بێت، یا لەنێو پراگماتیزم لە قبووڵکردنی جۆرێک لە پۆزیتیڤیزم بێت کە لە ئاستی خۆی تێپەڕێت، ئەوەش مەسەلەیەکە لەلایەکی تر و ڕێگایەکی ترەوە قبووڵکردنە بەدەوڵەت و عەقڵانییەتی دامەزراو.

کەواتە، ئەوە ڕەوشی تیۆرییانەی دیالیکتیکە لە دوای هیگڵ. ئەو ئەگەر ڕەخنەی ڕیشەیی لە سیستەمی فەلسەفی و تەنانەت لە فەلسەفەش دانەبڕێت، ون دەبێت، وەکو چۆن لقێکی درەخت دەبڕێتەوە و لێدەکرێتەوە تاوەکو لەگەڵ درەختێکی تردا موتوربە بکرێت.

ئەگەر دیالیکتیک ناوەرۆکێک نەدۆزێتەوە و لەلایەنی ڕەخنەییەوە بیخاتە بەرباس و توانای بونیادنەرانەی خۆی پراکتیک نەکات، دووچاری ونبوون دێت و دەفەوتێت. ئەو ڕەوشەش لە ماوەی سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوودا نەگۆڕاوە.

کێشەیەک هەیە، کێشەکەش بریتییە لە ڕاکردن لەو کێشەیە و ڕێگا نەدان بە هەردوو لایەنی ماشەکە بۆ ئەوەی هزر لەخۆوە بگرن. بۆ ئەوەی کێشەکەش بەشێوەیەکی فەلسەفی دابڕاو نەبێت، دەبێت بازێک بدات، تەنانەت ئەگەر پێویست بوو، دەبێت بەرەو پێشەوەش ڕابکات، بەرەو میتا فەلسەفە.

**تێبینی:**

ئەم نووسینە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەیە:

نهاية التاريخ، هنري لوفيفر، ترجمة: د. فاطمة الجيوشي، دمشق، ٢٠٠٢

# شیعر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانی بۆ هەموومان

سەباح ڕەنجدەر

-١-

لە نێوان بوون و هەقیقەتدا بیری مرۆڤی بەرهەمهێنەر بار و بوار و ئاراستەی خۆبوونی وەردەگرێت، لەناو دوو کەوانەی هەمیشە ئامادەی سەرسامبوون بەرەو ئامانجی تایبەت دەڕوا و خۆی لە ناو چڕکردنەوەی کات و شوێن و بێگەردکردنەوە دەستنیشان دەکات. خودی پاراو و گەشاوەی دابەشی سەر هەموو جوانییەکان دەبێت و ختووکەی ڕسکانیان دەدات. جوانی گشتێکە پارچە پارچە ناکرێت، هەموومان پێویستمان پێیەتی و ئاسوودەیی هەمیشەییمانە.

بەرهەمهێنی جوانبەخش هەست و سۆز و خەون و بیر لە ڕێگەی وشە و وێنەوە دەگەیەنێ و هەرگیزیش ئامادە نییە خۆی لە پاڵ دەسەڵات و گرووپی هەڵەشە و خۆبژێین و دیکتاتۆر ڕابگەیەنێ و ڕستەکانی بکاتەوە.

گیانی پڕە لە بەدواداگەڕان بۆ داهێنان و بە گەرمی دادەگیرسێ. شوێنی مرۆڤ لە ژیان دەدۆزێتەوە و دەستنیشانی دەکات. بۆچوون و بیروڕای کەسی باش بیرکەرەوە لە لێکحاڵیبوون و خەیاڵی جوولێنەری دەق دەچێنێت و دیدگا و شێوازی، فۆرمی پاکی خۆی وەردەگرێت.

نهێنییەکان بیرکردنەوە دروست دەکەن. هیچ شتێک بۆ ئەو مرۆڤەی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە بیردەکاتەوە و خۆی بە تیشکۆی جوانبەخشییەوە خەریک دەکات مەحاڵ نییە، ئەو بەرهەمەی دەیخوڵقێنێت گەردوون و هەموو شتەکانی لێ دەکەوێتەوە. لەناو ئەو گەردوونەدا هەمیشە شتەکان لە پێناو ئامادەکردنی بوون و هەقیقەت بۆ مرۆڤ دەبن بە سێبەر و هەتاوی فریا و یارمەتی یەکتری دەدەن بۆ پێکهێنانی شتەکان. هاوسەنگی پێداویستییەکانی ژیان لەوەوە ڕادەگیرێت.

گەردوون بۆ پێکهێنانی شتەکان، بۆ گشت مرۆڤ و کۆمەڵگایەک ناوەندێکی هاوبەشی هەیە. لە بە کەڵکترین شێوەدا بیری پێ دەکاتەوە و دەیڕسکێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و جیاکاری خوڵقاندن و بەخششی کولتووری گشتی و کەسی.

ڕۆژگار، ڕۆژگاری داهاتوو نییە، بگرە دەچێتە تێکڕای سەردەم و کات و هاودەقی پێکدەهێنێت، شتەکانیش دەکات بە ئیماژە لە هەستیاریی بیری مرۆڤی بەرهەمهێن. بەرامبەر پرسیارە گرینگ و کاریگەرەکانی بوون و هەقیقەت ئاگادارمان دەکاتەوە. دەشبێت بەو بڕوایەمان بگەیەنێت ئەو پرسیارانەی کارلێک لەگەڵ ئەفسانە و داستان و مێژوو و ئەوانی دیکەدا دەکەن لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، کەموکوڕییەکان لە چیدا ئاشکرا دەبن، پەیدابووەکانیش چین.

بوون و دۆزینەوەی سەرەتای شتەکان پێوەری مرۆڤ و کۆمەڵگا و هەموو شتەکانە نەک هەقیقەت.

جیاکارییەکانی نێوان بوون و هەقیقەت پێویستە بەردەوام بە کاریگەرییەکی زۆرەوە گفتوگۆی دەربارە بکرێت و کاریگەری خۆی بسەپێنێ. هەوڵەکانیش بێئومێد نەبن. هەقیقەت بینینە، بوون بیرکردنەوەیە لە بینین و ئەفسوونی ژیان.

دۆزینەوەی سەرەتای شتەکان بنەمای ژیانی بە بەرهەم و ئارەزوویەکی بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی نوێبەخشی و جوانبەخشی. هەنگاوی یەکەم لەم دۆزینەوەیەوە دەبێتە ئەزموونێکی خاوەن کارکردن لە سەر مۆتیڤە هونەرییەکان و ماناداریان دەکات، هەروەها ختووکە و چەشەی ئەوی دیکە دەدات بۆ جیاکاری خوڵقاندن.

ئازادکردنی نووسین، جووڵەیەکی هەمیشەییە کە بیرکردنەوە پەیدای کردووە. زۆر وێستگە هەن جوانبەش تێیدا هەڵوەستە دەکات و دەوەستێت و دەکەوێتە باری لێ وردبوونەوە و تێڕامانی کارا و دوورودرێژ، بەڵام هەریەک وێستگەیان ورووژێنەر و دیاریکراوە دەتوانین قسەی تێدا بکەین. هیچ شتێک لەم بوونەدا نوێ نییە تا مرۆڤیش دۆنایدۆنی گیانێکی بەر لە خۆبەتی. ژیان منی دووبارە کردووەتەوە و دەبێت قسەی ئەم دووبارەکردنەوەیەی خۆمم هەبێت و بیکەم، بەڵام وەک خۆم و خۆم لەگەڵ خۆم، ئەم خۆم لەگەڵ خۆمەدا لەناو دووکەوانەی هەمیشە ئامادەی دۆخگۆڕین ئازادی تەواو دەرەخسێنێت کەرەستەکانی گوزارشتکردنی خۆی دەناسێت. ئەو پێوەندییانەی هەستەکانی کەسی جوانبەخش لەگەڵ پانتایی فۆرم و فرە بنیادی و فرە ریتمی دەق دروستی دەکات بانگهەڵدانی نوێبەخشی نییە، بگرە بەدیهێنانی نوێبەخشییە.

نوێبەخشی گەشەکردنێکی سەرتاپاگیرییە، لە ئەفسوونی کراوەی بوون و ژیانی مرۆڤ، بوارێک دەکاتەوە بۆ شکاندنی گەمارۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگە. ئەو کەرەسانەش دەناسێت کە نوێکردنەوەی بیر و کۆمەڵگە هەڵدەسووڕێنێت، هەستی گۆڕانکاریی کاریگەر دەهێنێتە ناو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیانمانەوە. ژیانێکیش نوێبەخشی بەرهەم بهێنێت سەر بە بیرێکی خوڵقێنەرە و بینینێکی تەواوە بۆ گەردوون و پێکهێنانی شتەکان.

نوێبەخش هەمیشە هەوڵ دەدا ژیان لە بینینی ئەوانەی پێش خۆی ژیاوە دەسکاری بکات و بیروڕاکانی بۆ گۆڕان بخاتە گەڕ. جوانی لە چاوی خەڵک زیاد و بە پیت بکات و پاشخاپەرۆکی داهێنان بسڕێتەوە.

زمان بە شیعر دەستی پێکردووە و خۆی ناساندووە، بووەتە دیاردەیەکی تەندروستیی کۆمەڵایەتی و نیشانەی ئادەمیزاد، ئەم نیشانە ئادەمیزادییە بەشێکی دەبێت لە منیشدا بڕسکێت و لێکدانەوەیەکم هەبێت بۆ ڕسکان و گواستنەوە و کارپێکردن.

شارستانیەتی بوونیش لە ڕێگای هۆشێکەوە بۆ هۆشێکی دیکە بەردەوامی داهێنان بەدەست دەهێنێ. گۆڕانە بە دوای یەکدا هاتووەکانی نێوان کەسایەتی و کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات.

بەبێ خەیاڵبڵاویی نەمریی، مرۆڤ ناتوانێت گوزارشت و داهێنان لە جوانییەکانی ژیان بکات و بچێتە ناو بەردەوامییەوە. داهێنان خۆی وزەیەکی شاراوە و دەنگدانەوەی هەستییە، بوون دەدۆزێتەوە و ئاشکرای دەکات. دەچێتە ناو کرۆکی کارتێکەرە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان. دەربارەی شتێک قسە دەکات کە گەردوون و مان و لەناو نەچوونی تەواوی سەرزەمینە و دەبێتە ناوەند. وەک بنەڕەتێک، بۆ ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیرییانەی بوون بەڕێوە دەبەن، لە سەری دادەمەزرێن، لە ڕێگەی جوانییەوە درێژە بە بەخشش دەدەن، وەک پێویستییە هەستییەکان دەڕۆن بەڕێوە. مەشق دەکەن، مەشقی بەردەوام بیرتیژ دەکات و لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستیمان پێی هەیە. ئاماژەی کارا و گرینگە بەدوایدا دادەچین بۆ پێوانەکردنی پاشەڕۆژ، لە هەمان بار و بواریشدا بوێریی چوونە ناو و قسە لە بارەوەکردنی.

بەرهەمهێنی جوانبەخش، بینینی خەونی بۆ ژیان، هەستەکانی ڕازاندووەتەوە و ئارامییەکی تێدا بەدی دەهێنێت، کەشە دەروونی و پێشهاتەکان بە ئاستێکی هونەری و کاریگەرییەکی ئاشکرا دەگوازێتەوە بۆ واقیعی نووسین کە برینی کاریگەری شەڕی خۆ بەخۆ لە گەڕەکەکاندا دیدگا و ئارەزووی مرۆڤیان شێواند و جوانی و توانا و بەهرەیان کوشت و پەیوەستبوون بە ژیاندۆستی و شەیداییان تاڕادەی لەناوبردن کز کرد.

بەرهەمهێنی جوانبەخش ناچاربوو بەرهەم وەک ئامراز و ئامانجی کاریگەر بۆ ژیاندنەوەی جوانی و توانا و بەهرە بەکاربهێنێت و چاکە بناسێت. بووژێنەری جوانی و توانا و بەهرە لە خەونێکدا لە هێلکەی هوما تررووکا. خواوەند بەهێزی بەخشندەیی بۆ ناوچەیەکی دیکەی ئاسمان بەرزی کردەوە تا فێری بلیمەتی و پەرجووی بەرزایی و گەیشتن بە بەهەشتی بکات، سەرەتاکانی هەستپێکردن بنووسێتەوە. هونەر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانی بۆ هەموومان. لەم کردەیەدا شیعری پاراو دەدۆزرێتەوە، شیعری بووژێنەوەی جوانی و توانا و بەهرە. هیچ

بووژێنەوەیەکی جوانی و توانا و بەهرەش لێڵ و نارِوون نانووسێت. زاڵە بەسەر ئاگایی نووسین و ئامرازەکانی گوزارشتکردن و کاکڵی مەبەستدا. وەرگر بانگهێشت دەکاتە سەر خوانی فرە بنیادی و فرە ڕیتمی و فرە دەنگی خۆی بۆ خوێندنەوە و چێژ و تێگەیشتنی هاوبەش.

-٢-

مرۆڤ یەکەمجار کە بەهرەی گوزارشتکردنی تێدا ئاشکرابوو لە خانەی شیعردا جێکردووەتەوە، بۆ مانەوەشی لەم خانە پیرۆزکراوەیدا هەمیشە قوربانی لە ئەژمار نەهاتووی داوە و هێڵە ئەفسوونییەکان و چالاکی درێژ کردووەتەوە. زمانیش وەک یەکەیەکی پڕ جووڵە بوونی خۆی ڕاگەیاندووە. گیانی لێوڕێژ لە شەپۆلدانی لە ئاراستەکراوە سرکەرەکان ڕاپسکاندووە و پاراستوویەتی، هێز و ئاماژەی خستووەتە وێستگە داهێنانەکانی. پێوەندی نێوان مانا و شیعرییەتی لەناو فۆرمدا بەستووە و شکۆی داوە بە گوتن و زمان.

زمان کەرەستە و بەخششێکی خوداییە و دەسەڵاتی دەربڕین و هێزی گیانی دەدات بە خۆویستی شیعر، شیعریش یەکپارچەیە لە خۆویستی و خولْقاندنی شیعرییەت و مانا لە زمان و جوانیدا، زمان و جوانی ڕووبەرێکن خود و خەیاڵ خۆش دەکەن و بیریان تێدا دەکرێتەوە، ئاست و جیاکارییەکان دەردەکەون.

هێمای درەوشاوە زۆرن توانا و بوێریی نەخێریان تێدا بوو، بوون بە دەربەدەری شیعر. هەموو پەیامێکیان لە شیعرەوە بۆ شیعرییەت هێنا. پەیامیش جگە لە شیعری پارا و بۆ شتێکی دیکە نییە. دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم پەیامهێنانەوەیاندا گوزارشت لە بارێکی دەگمەن، ئاوێتە بە جووڵە و وێنەی ناوازە و شایان بکەن.

تەنیا شیعری پاراو و ڕەها، لە سەرچاوەی خود و خەیاڵەوە، بنەچەی ڕاستەقینە و بەهانەی هونەری وەردەگرێت و بۆشی دەگەڕێتەوە، ئاماژەی گەمە مەحاڵییەکان دەدات. تانوپۆی فۆرمی ناوەکیی خۆی تۆکمە و پتەو پێکدەهێنێ. هەموو بوون دەخاتە ناو پرسیاری خود و خەیاڵەوە، تەنیا خود و خەیاڵیش هونەری بێگەرد دەخولْقێنن و بڕوا بە گفتوگۆی هەستیاری دەهێنن.

کێشەی نێوان شاعیر و ڕەها هەڵبژاردنی پەرگیرییە و شیعر دەکات بە پاراو و خۆویست.

هەموو پەلەکانی دیکەی ئەدەب: پەخشان، شانۆگەری، چیرۆک، ڕۆمان تەواوژیری دەیانجووڵێنێت و بزووتنەوەیەکی وریاکردنەوەی جەماوەرین. لە ڕێگەی ئەم جووڵانەشیدا جۆرێک تێکەڵی دێتە ناوەوە، هێزی دەستی هاوسەنگی تێکدەچێت و ڕەهایی و پاراوی لە ناخ و بیرکردنەوەیدا دەبێتە پاشخاپەرۆکێکی بێزراو. جومگەکانی پێوەندی لەگەڵ دەربەدەرەکانی شیعر لە بەریەک هەڵدەوەشێنێتەوە و دەچێتە ناو پێزانینە بە ئاگاکان و دەربڕینی فریودەر لە پێناو دەسەڵاتی دیاریکراودا، بینای کولتووری خۆی پێکناهێنێ و گفتوگۆ لەگەڵ کولتووری ئەوی دیکەدا دەکات. لە هەموو کارێکی ڕۆشنبیری گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوی دیکەدا لە سوود گەیاندن بەدەرنییە. تەنیا لە شیعردا زەرەرمەندە. بەهۆی ئەم گفتوگۆیەی هێزی کەسێتی ون دەبێت، ونبوونێک کە دۆزینەوەی دەبێتە جۆرێک لە ئەستەم.

جوانی شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە. هەیە لە کەشوهەوا هەستییەکانیدا جوان بیردەکاتەوە کەچی لە هەنگاوێکی نزیک ئامادە دەبێت بچێتە ناو خۆ هەڵبژاردنی لیستێک کە حزبێک بۆ کارپێکردنی خۆی ئامادەی کردووە و پڕوپاگەندەیەکی بێ ژماریشی لە پەناکردووە بە قەڵای هەڵخەڵەتاندن و دابەشی سەر گوێڕایەڵەکانی خۆی دەکات. هەر کەسێ پێودانگێک بۆ کەسایەتی خۆی دابنێت، گەورەیی نەخێر لە دەست بدا و ملکەچ و ئامادەی بەڵێ بێت بۆ هەمیشەیی بەختیاری گیانی دۆڕاندووە. ملکەچکردن بۆ دەسەڵات، ژیان و شێوازی بیرکردنەوەت دەکەن بە ڕۆتین و نووسینەکانت نابن بە سەرچاوەی هونەر.

هونەر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانی بۆ هەموومان.

شیعری پاراو ئەی بەختیاری بەهرەوەرانی سەر زەمین. مێژووی خۆدروستکەر لە خاڵێکدا کورت دەکرێتەوە و دەبێتە تیشکۆ و بوێری ئەوە بکات بڵێت نەخێر. نەخێر پرۆژەیەکە بۆ بە جوانی بیرکردنەوە. جوان بیرکەرەوە جووڵەی سروشت هاوتا دەکات بە جووڵەی ئازادیی مێشک و هۆشمەندی. بیرکردنەوەش وەک پرۆژەیەک لە پێناو خۆدۆزینەوە و خۆبوونی و ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر دەسەڵات.

ئەو کەسایەتییە تێکەڵە لە بڕیاری ناوەوەی، پێوەندییەکانی هونەری نووسین و جوانی و ڕەها دایە کە شیعری پاراوە. لە دەرەوەش لە ناو تاکتیک و زانیاریدان بە حزب و گوێڕایەڵی دەسەڵات کە هەموو دەسەڵاتێک بەشێک لە دیکتاتۆریەتی بە جووڵە و وێنەوە لەناو خۆیدا پەروەردە کردووە.

شیعری پاراو ئەی پاکیزەی دووەم. لەگەڵ یەکەم هەست بە ئارامی کردنی دەروونی بەرامبەر دیمەنی جوانی دەستت پێکردووە، بە وەشاندنی گوورزێک ئاگری بێئامان کۆتاییەکان دەستنیشان دەکرێن کە لە سەر زەوییەکی گرکاناوی ڕامانگری و هەموومان بە سووتان جەزرەبە بدەیت. تەنیا ئەو سەمەندەرانە بەردەوامی وەردەگرنەوە کە پەرگیریی شیعرییان هەڵبژاردووە و پێشەنگی تێدا بە دەست دەهێنن. لەم گۆشە زۆر هەستیارەدا شێواندن دادەڕێژنەوە و دەیکەن بە بوونی جوان و یادەوەریی داهاتوو.

بەهرەوەر گەر تۆ خەونی داهاتووت لە دەستدابێت بۆچی دەژیت، چۆن بوونت دیاری دەکەیت. پێویستە سەرەکیترین پرسیار دروستکردن لە بیرکردنەوەماندا ئەوە بێت من چ جۆرە بەهرەوەرێکم. گوێڕایەڵ و ئەڵقە لە گوێ و بەرفەرمان، یان کەلکێش و ئازاد. پێکهاتەی زەمین چۆنە، شکۆداری بەرهەمی کامە قوربانییە. بۆ ئەوەی سیبەکان بپارێزین لە ڕزیبوون پێویستمان بە چ جۆرە هەوا وەرگرتنێکە. پێمان لەناو خۆڵی نەرموونیان، یان مشکی فریودەر پشوو پێ بدەین.

شیعری پارا و ئەی پاکیزەی دووەم

ئەی تەنیا دایکی شاعیرە کەلکێش و ئازاد و دڵکەشەکان.

-٣-

بەرهەمهێنەرانی شیعری پاراو و جوانبەخش لە پێناو چێژی نادیار گیانیان وەک دیاریکردنی ناوەندێک لەناو کردەی نووسین و هونەری بێگەرد و باڵا پیشان دا. هیچ کامێکیشیان شیعریان تایبەت نەکردووە بۆ ڕووبەر و ڕواڵەتی واقیع، بیرکردنەوەی داخراویان وەک پێوەدانگێک بۆ پێوەندی زەینی و بوونی شتەکان بەکارنەهێناوە. لە سەر بنەڕەتی بەهرە و جوانبەخشی جووڵاون و تێگەیشتن و تاسەیان بۆ جوانبەشی کار پێکردووە، ئاسۆی توانای تەنیایی، کە داهێنەر هەمیشە توانایەکی تەنیایە. بە سەر دیاریکردنی ناوەندی گیانیان کردووەتەوە، لەو ڕەگە دووروودرێژەی شیعر لە بەردەوامی و گۆڕان بۆ خۆی ئەزموونی کردووە و لە خولیاماندا دەسووڕێتەوە، هیچ کاتێک نەبووەتە بنەما و بنچینەیەک یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پرۆگرام و پلانی ساڵانەی داو و دەزگایەکی لە سەر دابمەزرێندرێت، بگرە بمانەوێت نەزاندراوێک بزانین لە کولتووری ناسراوی زانستەکان بە هەموو بەشەکانییەوە نزیک دەبینەوە، سەرقاڵی سوود لێ بینین و پەیڕەوکردنی دەبین.

شیعر بۆ دۆخی دەروونی و وروژانی گیانی لە نێوان مەوداکاندا دێت و دەچێت، دۆخی دەروونیش بەشێکە لە وزە زیندووەکانی زانیاری، چونکە بینین دەگۆڕێ، بەڵام جیهان ناگۆڕێت بگرە جیهان بۆ شێوە هەڵسووڕانێکی شیاو و چەشەی جوانویستی و جواننواندن ئامادە دەکات. بە تەنیا شتێک دەتوانێت جیهان بە بارێکدا بگۆڕێت ئەویش سیاسەتە، سیاسەتیش کاری کۆیە، تاکیش لەناو کۆدا بزر دەبێت و نادۆزرێتەوە.

لێرەدا پرسیارێک، کە کاری شاعیری نوێبەخش و جوانبەخش داهێنانی پرسیارە، دەبێتە بوار بەهۆیەوە دەتوانین لە نێوان مەوداکان بێین و بچین و چالاکی بیرکردنەوەی ئەوڕۆییمان بەتاو و تینی جوانی دەربڕین.

نوێبەخش کە مامەڵەی جوانبەخشی لەگەڵ هەستەکانیدا دەکات، شیعرییەتی لە ناو سروشت دەرهێنا و گواستیەوە ناو هەستەکانی مرۆڤ و لە ناوەڕۆکیدا ڕسکاندی، ئەفسوونی خود و هێزی تاکی تاقیکردەوە، کە دەتوانێت گیان وەک ناوەندێک دیاری بکات.

کۆمەڵێک بەهای جوانی هەیە سروشت پشتگوێی خستوون. جوانبەخش جموجووڵی هێماکانی دەدۆزێتەوە و دەیانهێنێتە پانتایی نووسین و دەیانکات بە هونەری پاراو و باڵا.

داهێنەری پرسیار ئاراستەی فۆرم لای پاڵنەری کردارییە و لێیەوە شوێن بۆ پەیژەکانی کارکردنی دەستنیشان دەکات. کردەی بەردەوامبوون لە بیرکردنەوەیدا کەرستەیەک نییە بۆ ناسینی جیهان، کەرستەیەکە بۆ ناسینی خۆی و لە پاشانیشدا بۆ ناساندی خۆی و شکۆدارکردنی جیهان بە داهێنان.

-٤-

شاعیرە نوێبەخش و جوانبەخشەکان بەرپرسن لە خوڵقاندنی شیعر و ئامادەکردنی کۆمەڵگا بۆ جوانیویستی و کارکردن و مانەوەی لە ناو کردەی جوانیناسیدا، قۆناغی یەکەمی نوێبەخشی شیعری کوردی هەندێک جووڵە و پانتایی و ماکیان لە بیر و هونەری قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی وەرگرت و لە برەوپێدان و چارەنووسی داهێنان و دۆخگۆڕینی ناوازەدا فۆرمی جیاکارییان تێدا خوڵقاند، قۆناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردیش بە هەمان شێوە هەندێک جووڵە و پانتایی و ماکیان لە بیر و هونەری قۆناغی یەکەمی نوێبەخشی شیعری کوردی وەرگرت و کاری بەرەوپێشەوە چوونیان لە سەر کرد، ئەنجام کۆمەڵێک

کاری جوانیان لە زەمینەیەکی بەپیتدا دامەزراند، بەڵام قۆناغی سێیەمی نوێبەخشی شیعری کوردی، لە ئاماژەی هەریەک لەم قۆناغانەدا، مەبەستم شاعیرە نوێبەخش و جوانبەخشەکانە، نەک پاشخاپەڕۆکە بێزراوەکان، هەوڵیان بۆ خولْقاندن و ئاشکراکردنی بیرو هونەری جیاکاری بوو، دلێرانە داکشانە ناو خود و پاراویان کرد. لەم پاراوییەدا زەمینەی پڕۆژەیان بۆ کێلان ئامادەکرد و تۆوی بەهرە و ڕۆشنبیرییان لەناو داوەشاند.

دەستەیەکی کارا لە ناوەند و پڕبەهرەی دیاردە دینامیکییەکانن. شیعریان بە ژیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و نانی گیانیان لە دەستی میهرەبانییەوە خواردووە. هەژانێکی توند لە بیر و هونەری پێشوو ڕووی دا کە لە دەقە نایابەکاندا خۆی نواندووە و زمان تێیاندا زوو خۆی ئاشکرا ناکات و ماناکانی ڕاناگەیەنێ.

شیعری پاراو لە کرۆکی خۆیدا مەسەلەیەکی بوونی و ژیانی دەروونییە، پێویستی بە هێنانەوەی هیچ پاساو و هۆ و بەهانەیەک نییە بۆ بوونی خۆی. کارکردن لە جیاکاریی بیر و هونەر، دەرکەوتن و شەوق و توانا و بەهرە بە کەسی بیرکەرەوە دەدەن و هێزی سووربوون لەسەر بنەمای جیاکارییەکان بنیات دەنێن کە جیاکاریی سووربوون و بوونی کردەی نووسینە. لەم بنیادنانەدا تێگەیشتن و قبووڵکردنی وەرگر لە سەر جیاکارییەکان ڕادێن و جیاکارییەکان خانەی دیاردە و جووڵە و مانەوە و خۆبوونی وەردەگرن.

گیانی نوێبەخش و جیاکارییەکان هەستەکانی لە ناو شاکار و ژیانی دەروونی پەرەپێدەدا و زیرەکانە شێواز لەناو شێوازدا دەگونجێنێت، شکۆی ناخی مرۆڤ بەجێدەهێنێ و مانا ڕانەگەیاندراوەکان ڕووبەڕووی مانا ڕاگەیاندراوەکان دەکاتەوە.

جیاکارییەکان بە پێی جیاکارییان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئاستدار دەبێت. ماک و ئاسۆی هەستیاری و ئاست لە بیری زمان وەردەگرێت و پڕشنگیش لە تیشکە بەهێزەکان. یەک ئاستیش بیرو هونەر لە پاشخاپەڕۆکی بێزراو وەردەگرێت و گەشەدار نابێت.

من لە ئەزموونی خۆمدا زۆر شەونوێژ و کەلکێشیم بۆ شیعری پاراو کردووە. ئەو کاتەش شەونوێژ و کەلکێشی لە شاعیر وەردەگیرێت کە شیعر بە ژیان بکێشێت و وەک کێشەی مردن و ژیان لێی بڕوانێ و کاری بۆ بکات.

مردن و ژیان پێکهێنەری بوونن، شیعریش کە ڕەگەزێکی بوونییە دەبێت لەم ڕوانگەیەوە لە دڵەوە لێی بڕواندرێ و کاری بۆ بکرێت. نووسین لەوپەڕی شادی، یان ئەوپەڕی ناشادی بەرهەم نایەت کاتی ئەفسووناوی خۆی پەیدا دەبێت کە خورپەی شاراوەی ناخ دروستی دەکات. تەنیا ئەو خورپەیەی کە دەچێتە ناو کردەی نووسینەوە ڕوونی دەکاتەوە و ئاماژەی حەسانەوەی گیانی دەداتێ.

سەرنجڕاکێشترین ئەزموونی جیاکاری لە ڕووبەڕووبوونەوە و هۆشمەندیی نووسیندا بەرجەستە دەکرێت، جیاکارییەکانی ئارەزوویەکی تەنک پەیدای نەکردبێت بەڕێگای ئەزموونەوە دەیگەیتێ، بڕوایەکی بەرزی تێدا بەدی دەکرێت و هێزە سەیر و سەمەرەکانی مرۆڤ دەخاتە گەڕ و مانایەک بۆ بوون لە گیان دەبووژێنێتەوە و ئەویندارى دەکات بە ژیان. چێژ بەردەوام لە مرۆڤی هەستداردا دەگۆڕێت. هەرگیزاو هەرگیزیش ژیان دامەزراو و دەوڵەمەند نابێت بەو دیاردانەی لە پێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤ خۆیان پێشکێش دەکەن. بەڵکو بەردەوام کۆمەڵێک بۆشایی پڕ جادووی لێ بەدەردەکەوێت.

پێویستە مرۆڤی نوێبەخش و جوانبەخش بچێتە ناویان و گەوهەرەکانیان بدۆزێتەوە و مشتومالیان بکات. ئەم دۆزینەوە و مشتومالکردنە چییەتی جیاکاریی مرۆڤ و جیهانبینییەتی.

بەرچاوییەک لە ئەزموونی جیاکاریدا، لە بەشی زۆری دەقەکانم دێڕێک وەک ناوەند هاوبەش دەکەم لە نێوان دوو وێنەدا، هەم تەواوکەری وێنەی یەکەمە و هەم تەواوکەری وێنەی دووەم.

ئەم ڕووبەر و جووڵە و ڕووداوەش بۆ سەرسامی وەرگر بەکاردەهێنم، ئەگەر وەرگر بە تەواوی هێزی هۆشمەندییەوە ئەم ناوەند و هاوبەشییە لەگەڵ هەردوو وێنەدا وەرنەگرێت و جۆرە ڕێکخستنێک لە ئاگادارییەکانی ناو دەق پێکنەهێنێ هەردوو وێنەکەی بە لێڵی و ناتەواوی دێتە بەرچاو و زەین. یەک لە گیروگرفت و لێکحاڵی نەبوونی ئەدەبی جیاکار لەگەڵ وەرگردا ئەوەیە ئەم هونەرە وردانە هەست پێناکەن، یان خۆیانی لە ئاستدا نەبان دەکەن، یان توانایان نییە لە جیاکارییەکانی جوانبەخشی جیاکار تێبگەن. بەوەشەوە لەوە دەترسن هەستەکانیان لەگەڵ ئەویدیکەدا بەشداری پێبکەن. جیاکار پێویستە لە هۆی بوونی خۆی بپرسێت، پرسیارێک وەک دۆخگۆڕین لە پنتی پێکهێنان و بنەمای کراوەدا ئیش بکات.

-٥-

بە ڕۆشنبینییەکی خەونی، بە یادگەی کۆمەڵگادا

چوومەتە خوارێ و خانەیەکی سستبووم لە جەستەی شیعری کوردیدا تەواو زیندوو ڕاگرتووە، خانەی دەقی خەونی. لە سادەترین ئاستیدا خەسڵەتی کیمیاگەری پەیدا دەکات دەتوانێت توخمێک بە توخمێکی دیکە بگۆڕێت. پێکهاتە و داڕشتنێکی توند و تۆکمەی لێیەوە درێژ بکاتەوە. لە چالاکییەکی دیکەیدا بیکات بە دیمەنێکی بە شکۆ. هەوڵێکی خواڕسکی بەهرەمەندە؛ پێوەندی مرۆیی و گەردوونی نزیک دەکاتەوە، پەلە بکەین بە دوای هەستیارییەکانی ئەم پێوەندییە لەناو ژیانی گەشاوە بگەڕێین. وێنەکانی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر چارەنووسی چێژ و جوانی بەرز دەکاتەوە و خۆی دەناسێنێت.

-٦-

دروستکردن و دروستبوونی یەکەم مرۆڤ، یانی هونەری بوون و جوانی. هەست و گیان و خەون لە هەموو چەشنە شیعر و گۆرانی و مۆسیقا و تابلۆیەک هەن و دەدۆزرێنەوە. لە دروستکردنی یەکتریدا بۆ یەک پێویستن. چالاکی ژیان لەناو ئەم دۆزینەوەیدا دەردەهێنن و کاریگەری بەسەر سایکۆلۆژیەتی یەکەم مرۆڤ و دوایین مرۆڤەوە دادەنێت. ئەم ڕەگەزانە دەستنیشانکەری بەهای دروستکردنی یەکەمین مرۆڤن و دەربڕین لە چەمکی جوانی و تاسە و گوڕوتینی دوایین مرۆڤیش دەکەن.

داهێنەرەکانی ئەم چەشنە دەقە بەرهەم دەهێنن، هەموویان بەهرەداری بێپایانن و خولیا بەتین و کاریگەرەکانی خۆیان پێشکێش بە مرۆڤایەتی کردووە؛ بنەما هەمەجۆرەکانی جوانیویستی و جوانئواندن و جوانبەخشییان کۆکردووەتەوە. هەست و گیان و خەون کە سەرچاوەی ئەفسوونی دەقن، بەردەوام ئەمڕۆ بە بیرکردنەوەی دوێنێ ناپێون و لە دۆخگۆڕیندان. جوانی لە خۆیاندا پڕ خورپەی بەهێز دەکەن.

دەقێکیش ئەم خورپە بەهێزکردنە لەگەڵ بیرکردنەوەی هونەری بەڕێوەی نەبەن، خۆی ئەم کردەیەی قبووڵە لە ژێر پاڵەپەستۆ و چەپۆکی شتە رووکەشەکان بخنکێت. دەقیش پەیوەستە بە ترپەی دڵی ژیان و بوارەکانی جوانی و هونەری بوون، ئەگەر پەیوەست نەکرێت بەو ترپەیە، دەقێکی تەکنیکاری مۆمیاکراوە، لە پێکهاتەی مێژووی گیان، دەسخەڕۆ و ڕەنجەڕۆیە. دەقی تەکنیکاری مۆمیاکراو فرە مانایی جیهان دەکوژێ و ژیان وەک جەستەیەکی داماڵدراو لە هەستەکان نیشاندەدات. بەشە هەرە گرینگە گەرموگوڕەکەی مێژووی گیان، ئەفسانە و ئایینەکان پێکیانهێناوە و بەردەوامی گەشەکردنیەتی، بە پیتی دەکەن و بگرە و بەردەی جیاکار دەورووژێنن. تەنیا وەرگرتن و کارپێکردنی دیمەنی شڵەژاوی دەرەوە و بەهرەی تایبەت، فریای شیعر ناکەوێت ئەگەر ڕەگی شکۆی خواست لەناوبوون ئاوی نەخواردبێتەوە، کە ئاو هێمای سەرەتا و هێز و بەردەوامییە. تێڕامان دروست نابێت، پڕمایەترین ئەدەب لە جیهانی نووسیندا ئەو ئەدەبەیە پەیوەست بکرێت بە ئەفسانە و ئایین. ئەو ئەفسانەیەی هاتووەتە ئاراوە گوزارشتکردن بووە لە بلیمەتییەک، کۆمەڵێک ڕووداوم وەک ئەفسانە هێناوەتە ناو نووسین. هەموویان دروستکراوی هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵمن. ئەفسانە و ئایین بۆ کڵپەپێکردنی مێژووی گیان گەنجینەن و لە پانتایی بیرکردنەوەدا بە نەرمونیانی بای پەڵە جووڵە دەکەن. لێکدانەوەی گیانیم بۆ هێز و کاریگەری کەسانی ناو ئەفسانە و مێژوو، وەک پشتیوانیکەرێکیش لە بیرکردنەوە و مانا و ئاسۆی جۆراوجۆر و ئایندەبینینیان، مرۆڤ دەخەنە سەر ئەو باوەڕەی جوانییەکانی زەمین حیکمەتێکی پەرتو بڵاوە پێویستە بە تەنافەوە هەڵبواسرێنەوە بۆ حیکمەت و بینینی دیکە.

-٧-

داهێنان ڕێخۆشکەرە بۆ یەکگرتنی کولتوورە هەمەجۆرەکان. هەرچی هونەری شێوە و شێوازە لە ڕۆشنبیرییە بە زەبرەکانی بێگانە فێری بین. نەک لاسایی بکەینەوە و بیخوازین یەکگرتنەوەی مرۆڤایەتییە لە داهێنان و جوانیدا. دەقئاوێزانی هەر لەم بوارەدا دروست دەبێت. ڕەخنەگرانێکی زۆر و هەمەچەشنیش بایەخیان بە چەمکی زمان و دەقئاوێزانی داوە و بارو دۆخەکەیان لەبەرچاوگرتووە، بەڵام ئاشق بە ئەدەبی بێگانە بوون بە نیازی دەستبەردابوون لە ڕەگی زمانی زگماکت وات لێدەکات بەهرە و بیری زمانت ناتەواو بێت. ئەگەر بەهرە و بیری زمانیشت ناتەواو بوو هەوڵدەدەیت خوێنەر لە کرۆکی شیعرییەت دووربکەیتەوە و سەرقاڵی شتێکی ناکامی بکەیت. چونکە شیعرییەت لە بەهرە و بیری زمانی دایکدا پەروەردە دەکرێت و دەڕسکێت.

خەیاڵ و زمان لە سەر ئاستی شیعرییەت و ئاستەکانی دیکەوە دەچنە ناو یەک و ڕێژەی شیعرییەت بەرەو بەرزبوونەوە دەبەن، شیعرییەتیش بە جوانی خەیاڵ و زمانی خۆڕسک و خودایی پەیوەستە و لە چێژدا دەبێتە خاڵێکی بەهێز.

هەیە زانیارییەکی بێشوماری لە ڕێگای خوێندنەوە و

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کەڵەکە کردووە، بەڵام نازانێت بەکاری بهێنێت چونکە لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی ڕستەی ناو ناخی خۆ بنیادنەر و خۆبوونی نەبووە. کاریگەری و پەرەسەندنی زمان لەو ئاستەدا دەردەکەوێ و دەستنیشاندەکرێت.

-٨-

هەموو دیاردەکانی بوون مرۆڤی داهێنەر بەرهەمیانهێناون، پڕ کاریشن لە بەرەوپێشبردن و کرانەوەی کۆمەڵگا بۆ قبوولکردنی جیاکارییەکان.

کۆششی شێلگیرانە دەکەم دەقەکانم بابەتی تێڕامانبن بەرامبەر دیاردەکانی بوون، وزەی شاگەشکەیی چێژ و جوانییان تێدا نەمرێت، بەڵام لەوە دڵنیام بە نیازی هۆ و ئامانج و هیچ شتێکی نزیک لەو مانایانە نانووسم. پێوەندییەک لە جەستەی دەقەکان نیشتەجێیە، پێوەندی شیعرییەت و زمان. سەرچاوەکانم لە دەروونم دۆزیوەتەوە و ڕاستییەکانی دەرەوەش تێکەڵاوی خەیاڵ و هێما و ئەفسانە دەکەم. مرۆڤێکم تێکەڵاو لە گشت گۆڕانکارییەکان، گیانم لە قووڵاییمدا دەردەهێنم و بە یارمەتی کەشوهەوای ڕستەسازی زمان پێشانی دەرەوەی دەدەم. ئەم خۆپیشاندانەم ختووکەیەکی کورتخایەن نییە ڕەگەزی حەز بەرپێوەی ببات، شێوازی ژیانە مرۆڤی خاوەن سیمای پاک لەناویدا نیشتەجێیە. گونجاویشە پێش ساڵانێکی زۆر وەک ئەم چرکەیە گیانم هاتبێتە ژان و هەراسان، دوای ئەم چرکەیەش بەشێوەیەکی دیکە لە چرکەیەکی پڕ پشووی گیانی لە لانکی منداڵیمدا بنوومەوە. ئەم نووستنەش دوا مانا و شێوە وەرناگرێت.

شێواز دەبێتە خاڵێکی بەهێز لە داهێناندا، لەوەش گرینگتر، وشە دەبێتە خاڵێکی بەهێزتر لە ڕستەدا. هیچ شێوازێک تا سەر جێگای سەرسامی ناوەندی ڕۆشنبیریی نییە. جێلەق دەبێت، بەڵام ناکرێت بە کۆتاهاتنی یەکجارەکی ناوی ببەین و وەک سڕاوەیەک دڵخۆشبین پێی. تا ئەو ئاستەی دەسەڵات و هێزی ژیریم گوتوویەتی، ئەوەندەم توانا و بەهرەیە، خۆم کۆکردووەتەوە شێوازی شعرییم هێڵی بەرزبوونەوەی ئاشکرا بێت. تێکۆشاوم بەهۆی پەخشان، بە گیانی شیعریی نیشانە و هێما لە داڕشتنێکی قووڵبووەوە لە ئاخاوتنی مرۆڤ و جوانناسیدا بهێنمە ناو زەینی ڕۆشنبیری بێگەردەوە. بە دوای ئەو هۆکارانە بگەڕێم منی سەرنجکێش کردووە. گرفتارییەکانی ناوەوەی کۆمەڵگا بکەم بە بابەتی جوانی. لە ناخی هەر هەموومان دەستەیەک چاودێر خۆی پەناداوە، هەیە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی و هەشە لێیان لادەدات. خۆم لە دەستەی ئەم دەستە چاودێرە ڕاپسکاندووە. ئاستە قووڵەکانی ئاگایی دەورووژێنم.

دەقی خەونی، لە خەونی ڕاستەقینە نزیک بکەمەوە، وەک چۆن ڕاشکاوانە قوربانی بۆ ژیان دەدەم. بە هەمان شێوەی ڕاشکاوانەش شێوازێک لە هەستیارترین ئاستدا کارپێبکەم. شێوە و ڕستەیەکیش نییە شێواز لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتە ئارا و نەیجووڵێنێت.

-٩-

داهێنان هێما و هێزی بوونە. لەمڕۆی بە چەقەڵ و پڕ مافیای ئەدەبی و حەربای هەموو لەش ڕوو؛ بەردەوامبوون لە داهێنان چاوقایمی دەوێت. تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینانە ئاسوودەم کە شیری گیانمن و مایەی سەرسامین، دەمگەیەنن بەو ڕووناکییە خوداییەی لە هەستیاریدا پەیدا بووە. هەموو وزەیەکی گۆڕان و پێشکەوتن لە گیانی مرۆڤی یاخی و کەلکێش گەشە پێدەدات، بوار بۆ دەربڕین و کرانەوەی بەردەوام دەدۆزێتەوە. هزری دەوڵەمەندیش بەرهەمدەهێنێ و خۆشی و ئارامی ویژدانی و پەناگەی خەیاڵی پاراوە.

سەرچاوەی جوانبەخشی هێڵێک بۆ نوێبەخش دروست دەکات. ئەم هێڵە بە جووڵەخستنی نوێبەخشی هونەری خۆیەتی کۆمەڵگا بانگ دەکات بۆ ناو ژیانی ئاسوودەیی ئەدەب. بەهەشتی شادمانی ژیانی ناو داهێنانە. مرۆڤی جوانبەخش دەخوازێ تەمەنێکی پڕ بەرەکەت لە ناو ژیانی ئەدەب بژیت نەک لە ئارامی ساختە و خۆشدوویی دەسەڵات.

-١٠-

بەشێکی زۆری قۆناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردی زیاتر وشەیان لەناو مانادا تواندەوە، لەوەی وشە بارگاوی بکەن بە بزێوی زمان. وشە هەستی دروست نەکردووە، بەڵکو مانای گەیاند. جۆرە پێوەندییەکی هێمائارا لە نێوان توانەوەی وشە لەناو مانا و وشە بارگاویکردن بە شیعرییەت خۆی ڕوونکردووەتەوە. شیعرییەتیش دەمانکات بە ئەندێشەی خۆی و ڕازی بەهێزی ئەندێشەکردنمان لە بیرکردنەوە و دۆخی دەروونیدا دەخولقێنێت. ئەمەش تەنیا لە هاڵاوی مەستی دەقدا موچرکە نەرمەکانی خەیاڵ و چێژ پەی پێدەبەن. تواناکانی خۆگۆڕین و دۆزینەوەی خود ئاشکرا دەبێت. بەهۆشێکی ڕووناک و شکۆوە ئەم خەسڵەتەیان دەستنیشاندەکەین لە

دیدو دیدگای قوول دووری خستوونەتەوە و لە دەربڕین نزیک.

هەموو هەڵچوونە نەستییەکانی خۆیان تێیدا هەڵڕشتووە، هەڵڕشتن دەروون پاکدەکاتەوە و ئاگری نادیار و نهێنی نووسین تەواو گەرمیان ناکاتەوە، ناوەناوە تەزووی بەتینیان لە لەشەدا پەیدا دەکاتەوە.

لە بێئومێدی دەریاندەهێنێت و لە شەقامێکدا بەرەو پیاسە و ونگەی خەیاڵ دەیانبات.

نەست کاریگەرییەکانی خۆی کۆدەکاتەوە و لە خرۆشی نووسین دێنە ناو ئاگادایی و دەبێتەوە بوونێکی وشیاری.

وتووێژیان لە سەر ئاستی هونەری و ئاستەکانی دیکەوە لەگەڵ شیعر و ژیان نەکردووە، بەڵکو جەختیان لەمەودا دەرەکییەکان کردووەتەوە، دانەکشاونەتە ناوەوە. کە ناوەوە تایبەتکاری کەسایەتی بەرهەمیدێنێ و زەین توانای بەگەڕخستنیەتی.

مانا مەجازییەکانی زمانیان ڕاو نەکردووە و نەیانتەقاندووەتەوە. زیاتر وەک گەمەیەکی ئایدۆلۆژی کاریان بە شیعر کردووە. لە بنجیشدا ئایدۆلۆژیا ڕەگی جوانبەخشی دەبەستێ و هەموو هۆیەکانی گەشەسەندنی لێ دەستێنێتەوە.

سەرەتای دامەزراندن و کرانەوەی شیعری کوردی ڕۆڵی خۆیان بەرزکردەوە و هەموومانیان بە خوێندنەوەی خۆیانەوە خەریک کرد، کۆمەڵگاشیان خستە مشتومڕیکی ناتەبا و سەختەوە. کردنەوەی دەرگا و پێشاندانی سەرەتایەک بوو بۆ قۆناغی سێیەمی نوێبەخشی شیعری کوردی و خاڵێک بوون بۆ جۆشدان.

قۆناغی سێیەمی نوێبەخشی شیعری کوردی بە فۆرمێکی جیاکار ئاستی داخوازییەکانی خۆیان پیشاندەدەن. بەوەی ئەو وەڵامانەی ئەوان بۆ واقیعیان دایەوە، ئێمە دەیکەینەوە پرسیار و لەناو گیانی دەقەکانمان دەیکەین بە ڕیتمی نوێبەخشی و وێناکردنی جیهان و چالاکییە هونەرییەکانی کەشی خۆدەربڕین.

ئیقاعی قۆناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردی زیاتر لە ئیقاعی مۆسیقای جەنگ دەچوو. قۆناغی سێیەمی نوێبەخشی شیعری کوردی لەو ئیقاعە دەریانهێنا و شکاندیانەوە بەرەو ناوەوەی ڕستەی سەربەخۆ و جووڵەی وێنە. شاعیری نوێبەخش بڕوای بە بوونی ئەو هەقیقەتە هێناوە کە ئیقاع پێوەندی بە جوانبەخشی مرۆڤەوە هەیە و وزەیەکی خۆشگوزەرانی ژیانی کۆمەڵگایە.

**١ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ هەولێر**

# ئەمیر کەبیر و کوردبوونی

**حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور**
**(سەردەشت)**

کورد گەلێکی کۆنە و مێژوویەکی خوێناوی هەیەوە و خاوەنی ناسنامە و کەسایەتی نەتەوەیی خۆیەتی، بۆیە زۆر ناشیرین دێتە بەرچاوان ئەگەر بێتو گەورە پیاوێکی سیاسی یان ئەدەبی غەیری کورد بە کورد بناسێنین لەبەر ئەوەی کورد بۆ خۆی گەلێکی نە ناسراو و بێ ناوونیشان نییە کە لەم ڕێگایەوە ناوودەنگی بۆ دەستەبەر بکرێت. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە کورد گەورە پیاوی زانا و ئازا و بلیمەتی کەم نەبوون و نین کە بچێت و لەبەر دەرگای گەلانی دیکە سواڵی ئەم جۆرە کەسانە بکات.

لەنێو گەلانی ئێراندا زۆر کەم کەس هەیە گوێی بە ناوی میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیر ئاشنا نەبێت. هەر کات باس لە چاکخوازی دەکرێت، ئەوا بەبێ سێ و دوو لێکردن، ناوی میرزا تەقی خان خۆی قوت دەکاتەوە. خۆ هەر ئان و ساتێکیش باسی خوێندنی بە چەشنی نوێ لە ئێراندا بکرێت ئەوا مەدرەسەی «دار الفنون» و میرزا تەقی خانی بنیاتنەری ئەم قوتابخانە مۆدێرنە دێتە سەرووی ناوانەوە.

بەڵام جێگەی داخ و کەسەر و لە هەمان کاتدا سەرسووڕمانە کە لە هیچ نووسراوەیەکدا باسی ئەسڵ و نەسەب و بنەماڵەی ئەم گەورە پیاوە ناکرێت، تەنیا ئەوە نەبێت بە پاشگرێکی «فەراهانی» دەیکەن بە خەڵکی شارێکی دەوروبەری ئوستان (پارێزگا)ی ئەراک. تۆ بڵێی ئەمەش کار و پیشەی ناحەزان نەبێت بۆ سڕینەوەی مێژووی کورد هەروەک ئەوەی مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی زانای ناو بەدەرەوەی خەڵکی بێتووشی ناوچەی ئالانی سەردەشت دەکەن بە خەڵکی «ئەحساء»!.

بەپێی بەڵگەی مێژوویی و توێژینەوە لە ژیانی ئەم گەورە پیاوە ئەوەی لە زەمانی خۆی و پاش لابردن لەسەر ئیشەکەی و پاشان کوشتنەکەی، ئەوەی بە سەر کوردستان و بە تایبەتی ڕۆژئاوای ئێراندا هات سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەمیر کەبیر کوردە و خەڵکی ناوچەی کرماشانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. میرزا تەقی یان میرزا محەمەد تەقی کوڕی حاجی قوربان لە دامودەزگای قایمقامی فەراهانیدا بوو لەوانەیە هەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی کە بڵێن میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیر خەڵکی «فەراهان» بووە، بەڵام هێندێ لێکۆڵەرەوە و مێژوونووس لەسەر ئەم ڕایە کۆکن کە میرزا تەقی هیچ پێوەندییەکی بە دەڤەری فەراهانەوە نییە و تا ئێستا کەس لەو دەڤەرە ڕاست نەبۆتەوە بڵێت میرزا تەقی خزمییەتی و لە پاش شەهیدکردنەکەشی کەس لە دەڤەری فەراهان خۆی نەکردە خزمی دوور یان نزیکی ئەم گەورە چاکخوازە بلیمەتە کە جووڵانەوەی «مەشرووتە» خوازی لە ئێراندا وەڕێخست و بە ئەنجامی گەیاند، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت تاقە کەسێک لەو دەڤەرە خۆی بە خزمی ئەو باوک و کوڕە نەناساندووە.

هەروەک لە هێندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن لە دەورەی وەلیعەهدی محەمەد میرزا لە تەورێز

زۆرێک لە گەورە پیاوانی کورد کاروباری ئازربایجانیان بە ڕێکوپێکی هەڵسووڕاندووە کە بەناوبانگترینیان محەمەد خانی ئەمیر نیزامی زەنگەنەی کرماشانی و عەزیز خانی سەرداری موکری و ... تاد، بوون و ئەمیر کەبیر خۆی یەکێک لە دەستپەروەرەکانی محەمەد خانی ئەمیر نیزامی زەنگەنەی کرماشانی بووە و سەرەتای ژیانی سیاسی و نیزامی میرزا تەقی لە دامودەزگای ئەمیر نیزام لە تەورێزدا تێپەڕیوە.

پێویستە بگوترێت کە محەمەد خانی زەنگەنە کوڕی خوالێخۆشبوو حاجی عەلی زەنگەنەی کرماشانی بەرپرسی فەوجەکان و حاکمی کرماشان بووە و محەمەد خانی کوڕیشی یەکێک لە ئەمیرە گەورەکانی زەمانی پاشایەتی فەتح عەلیشا و محەمەد شای قاجار بووە و ماوەیەکی زۆر فەرماندەی هێزی ئازربایجان و ماوەیەکیش والی ئازربایجان بووە. ساڵی (١٢٤٤ک.م) کاتێک «گریبایدۆف»ی نێردەی تایبەتی ڕووسیا و خوشکەزای «پاسکیۆڤیچ»ی سەرداری بەناوبانگی ڕووس لەسەر دەستی خەڵکی تاران (کە بۆ خۆی مێژوویەکی تایبەتی هەیە) کوژرا، بە پێی بەرژەوەند و پێشنیاری «ئیڤان پاسکیۆڤیچ» گەورە فەرماندەی قەوقاز بڕیاردرا شازادە خوسرە و میرزا کوڕی حەوتەمی عەبباس میرزا نایبی پاشایەتی لەگەڵ ئەمیر نیزامی زەنگەنەدا کە میرزا تەقی خانیش لەگەڵ وەفدەکە بوو بچێت بۆ سانپترس بۆرگ پایتەختی ئەو کاتی ڕووسیای تەزاری و نزیکەی دە مانگ و پازدە ڕۆژان لەم پێ سپێردراوییە سەرکەوتووانە بگەڕێنەوە.

بە کورتی میرزا تەقی خان جگە لە ماوەیەکی کورتی سەردەمی لاوی کە کاتبی قایقامی فەراهانی بووە باقییەکەی چۆتە ریزی لایەنگرانی ئەمیر نیزامی زەنگەنەی کرماشانی و ئەم دووانە هەردووکیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاری کرماشانن و میرزا تەقی ماوەیەک لە ریزی سوپای ئەمیر نیزامی زەنگەنەدا بووە و لە پاشان لە ساڵی «١٢٥١ک.م»دا ڕاگوێزراوە بۆ کاروباری نیزامی ئازربیجان لە تەورێز و ماوەیەکی زۆر چەندین پۆست و مەقامی گرینگی نیزامی و سیاسی لەسەر شان بووە و ساڵی «١٢٥٣ک.م» بە ئەمری محەمەد شا لەگەڵ ناسرەدین شای قاجار-دا چووە بۆ شاری «تەفلیس» و «یەریڤان» و نیکۆلای یەکەم ئیمپراتۆری ڕووس هات بۆ دەوروبەری قەوقاز. لە پاشان ساڵی «١٩٦٠ک.م» کێشەی سنووری «ئەرزرۆم»ی چارەسەر کرد و لە دوای مردنی محەمەد خانی ئەمیر نیزامی زەنگەنە لە ساڵی «١٢٥٧ک.م»دا تا ساڵی «١٢٦٤ک.م» ناونیشانی ئەمیر نیزام نەدرابوو بە کەس، بەڵام لەم ساڵەدا کاتێکی میرزا تەقی لە گوازرانەوەی شا بۆ تاران بە ڕێکوپێکی بەشداری کرد و دەوری باشی بینی ئەم ناونیشانەی درایە و کرا بە فەرماندەری گشتیی هێز.

لە پاش سەرکوتی سەربزێوییەکانی دەوروبەری شیراز عەزیز خانی سەرداری موکری نایبی میرزا تەقی خان بوو و شا و میرزا تەقی لە تاران جێگیر بوون.

هەروەک زانراوە عەزیز خانی سەرداری موکری زاوای میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیر بووە. (میرزا تەقی خوشکی خۆی داوەتێ) و لە دامودەزگای ئەمیر کەبیردا ئەوپەڕی لێهاتوویی لە خۆی نواندووە و پلەوپایەی بەرزی پێ سپێردراوە و لە پێ سپێردراوییە سیاسی و نیزامییەکانیدا سەرکەوتوو بووە و باسیلی نیکیتین دەڵێت: «عەزیز خانی موکری کاتێک گەیشتە تاران بە ئەمری ناسرەدین شا دایرەی ئینتیزاماتی پێتەختی دانا و زۆر کوردی موکریان، کەڵهوڕ و کرەند و هەوشاری لەژێر فەرماندەیی عەلی خانی کوڕیدا خزمەتیان دەکرد و بە پاداشتی ئەم ئەرکە کرا بە ژەنەراڵ لە سوپای ئێراندا...».

کاتێک ناسرەدین شا لەگەڵ میرزا تەقی خاندا چووە ئەسفەهان، عەزیز خانی سەرداری موکری بەرپرسی پاراستنی پێتەخت (تاران) بوو. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا پاراستنی باری ئاسایش و نەزمی پێتەختی لە ئەستۆ بوو ئەویش بە هۆی هێزە کوردییەکانەوە دەیپاراست.

لە سەرانسەری ماوەی خزمەتی عەزیز خانی سەرداری موکری و میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیردا کوردستان بە تایبەتی ڕۆژئاوای ئێران بە گشتی وەک کرماشان و هەمەدان و لوڕستان لەوپەڕی ئارامیدا بوو و کاروبارەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچوون و ئەمن و ئاسایش باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو و لە پێتەختی ئێرانیش کوردەکان زۆر کاروباری حکوومەتیان ڕادەپەڕاند.

ساڵی «١٢٦٨ک.م» هێندێ دەستی ناپاک و ناحەزی کوردان بەم ڕێکوپێکییەی کاری کوردان دڵخۆش نەبوون و بە پیلان مەرگی ناجوامێرانەی ئەمیر کەبیریان وەڕێ خست و بە ئەمری ناسرەدین شا، ئەمیر کەبیر لە حەمامی «فین»ی شاری کاشاندا کۆتایی بە ژیانی هێنرا و شەهید کرا.

دەڵێن لە کاتێکدا جەللادی تایبەتی نێردراوی شا لە شادەماری ملی میرزا تەقی خانی دەدا و دەیبڕی، گوتی: (بچۆ بە شای بڵێ من ئەو کاتە لە دەماری ملی ویم داوە کە «دار الفنون»م بنیات ناوە...).

هەرچەندە عەزیز خانی سەرداری موکری بە زانایی و لێهاتووییەوە لەسەر ئیشەکەی خۆی مایەوە و ئیشەکانی بەڕێوەدەبرد، بەڵام ئەو بەکرە شۆفارانەی وەک «میرزا ئاقاخانی نووری» کە بە کرێگیراوی سەفارەتی بەریتانی و ماکەی فەساد و هۆی بە کوشتدانی ئەمیر کەبیر و ناپاکی پلەیەکی مێژووی سەردەمی قاجارەکان بۆ لێدانی سەری عەزیز خانیش تێیچاندبوو، هەروەک نیکیتین دەڵێ: «بەهۆی شەیتانی و شۆفاری میرزا ئاقا خانی نووری، عەزیز خانی سەرداری موکری تاوانبار کرا بەوەی کە لە ژێرەوە بۆ سەربەخۆیی کوردان و جیاکردنەوەی کوردستان لە خاکی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیس تێکۆشاوە، عەزیز خان بەم هۆیەوە لەبەر چاوی شا ڕەشبوو و گەڕایەوە زێدەکەی موکریان...».

لە پاش مەرگی ئەمیری کەبیر بوو کە حەسەن سوڵتانی هەورامی ڕاپەڕی و عەزیز خان بەوە تاوانبار کرا کە لەگەڵ ناوبراودا هاودەست بووە و یارمەتی داوە و هەروەک «توحفەی ناسری» ئاماژەی پێداوە ساڵی (١٢٦٨ک.م) حەسەن سوڵتانی هەورامی بە پشتگەرمیی عەزیز خانی سەرداری موکری ڕاپەڕینی ساز کرد و بەپێی نووسراوەی نادر میرزای دانەری مێژووی تەورێز ڕاپەڕینی هەورامان بە پشتگەرمی و دنەدانی عەزیز خانی سەرداری موکری ڕێکخرا و لە پاشان لەم بارەیەوە بەڵگەیەک لە عەزیز خانی سەردار دەستکەوتووە کە دەبێ بۆ محەممەد بەگی هەورامی نووسیبێت.

بۆ دوا وتە، نووسینی ئەم چەند دێڕە جێگەی سەرنج و ئاماژە پێدانە:

سەبارەت بە ئەسڵ و نەسەب و بنەماڵەی میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیر «فریدون آدمیث» نووسەری ئێرانی لە دوای باسوخواس لەسەر ئەسڵ و نەسەبی میرزا تەقی خان دەنووسێت: (... نەزانرا بۆچی هێندێ نووسەر و لێکۆڵەرەوە وەک «ئووسیل» و «برۆتشین» و... تاد، ئەمیر کەبیر بە کرماشانی دادەنێن). بەڵام چەند دێڕ لە خوارەوەتر باسی نامەیەکی تایبەتی قایمقامی فەراهانی دەکات و دەڵێت: «کەربەلایی قوربان باوکی ئەمیر کەبیر کرماشانییە وەک باقی خەڵکی کرماشان....».

**سەرچاوەکان:**

(١) گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (١).
(٢) سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگە مێژووییەکاندا، فەرەیدوون حەکیم زادە.
(٣) زانیارییەکانی نووسەر لەمەڕ میرزا تەقی خان و عەزیز خانی سەرداری موکرییەوە.

# بۆچی پەخشان بە کوردی نەنووسراوە؟

**د. فەرهاد پیربال**
**(زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردە)**

ئایا بۆچی تا دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم- لە چەند شاعیرێک زیاتر لە هەر سەدەیەکدا کە شیعریان بە کوردی نووسیوە- هیچ مەلا و میر و موفتی و میرزایەک (کە منەوەر و نووسەرەکانی ئەوکاتە بوونە) نەهاتوون کتێبێک لە بارەی ژیان و واقیع و کۆمەڵ و زانست بە زمانی کوردی بنووسن؟

بۆچی ئەگەر چەند کتێبێکیشیان نووسیبێت ئەوا تەنیا بەزمانی تورکی یان فارسی بەتایبەتیش بەزمانی عەرەبی بووە؟ ئەوەتا شاعیرێکی گەنجی کۆتایی سەدەی نۆزدەم، حاجی قادری کۆیی، یاخیگەر، ڕەخنە لەم تەوەزەللی و خۆ بە کەم زانینەی نەسلی ڕووناکبیرانی پێش خۆی دەگرێت و دەڵێ (حەیف):

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنووسرایە زەمانی**

**مەلا و میر و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی**

هیچ خواجە و خان و میر و موفتی و مەلایەک (کە منەوەرەکانی ئەوکاتە بوون) هیچ نووسراوێک و هیچ پەخشانێکیان (لە شیعر زیاتر) بەزمانی کوردی نەنووسیوە. هەمان شاعیری یاخی، کە سەر بە نەسلێکی تازەی ڕاچەنیوی کۆتایی سەدەی نۆزدەیە، بە هوشیارییەکی هێرشکارانەوە گلەیی لە مەلا و «عولەما» و ئوستادە کۆنەکانمان دەکات و گەواهیمان بۆ دەدات:

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**
**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت**
**یەکسەر عولەما درشت و وردی**
**ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی**
**ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە**
**وەک دی لە زوبانی خۆیدا نەزانە**

هۆی ئەمە، بێگومان، تەنیا ئەوە نەبووە کە مێژوونووسەکان دەڵێن: چونکە چاپخانە نەگەیشتبووە کوردستان (خۆ لە سەردەمی ئەحمەدی خانیی مەزنیشدا چاپخانە نەگەیشتبووە کوردستان!)، هەروەها تەنیا ئەوەش نەبووە کە ناسیونالیستە توندڕەوەکان دەڵێن: نەتەوەکانی باڵادەست (تورک و عەرەب و فارس) هانی نووسینی کوردییان نەداوە یان ڕێگەیان لە نووسینی کوردی گرتبێ (ئەگینا مەلای جەزیری چۆن وێراوە بە کوردی شیعر بنووسێ؟).. هۆی سەرەکی، بە باوەڕی من، لەوەدایە کە خواجە و کوێخا و مەلا و میر و موفتی و میرزاکان، واتە نەسلی پیری دەسەڵاتدار، نەیانویستووە نەسلی گەنج و نەوجەوان و قوتابی (واتە شاگرد و سوختە و موستەعید و فەقێکان) لەو نیعمەتە بەهرەمەند بن کە ناوی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و هونەر و زانستە! ئەمەش چونکە، هەموومان دەزانین: توانای نووسین و خوێندنەوە، یان سوود وەرگرتن لە زانست و ڕۆشنبیری و

هونەر، گەنج و خوێندەوار دەگەیەنێتە لێوارەکانی یاخیبوون و ئازادی؛ ئەمەش مەترسی دروست دەکات بۆ سەر دەسەڵاتی پیر و میر و مەلا.

موفتی و مەلا و میر و منەوەرەکانمان (چەند تاکێکی وەک شەرەفخانی بەتلیسیی لێ بترازێ- کە ئەویش هەر بە زمانێکی غەیرە کوردی نووسیویەتی) لە بەرژەوەندییاندا نەبووە «تەنانەت هەر دژی بەرژەوەندیی ئەوان بووە» کە خەڵکی نەوجەوان و گەنج و شاگردەکانیان (ئافرەت ئەوا هەر هیچ) فێری خوێندەواری و زانست و هونەر ببن و بیریان ڕووناک ببێتەوە. بۆیە نەک هەر هانی خەڵکە ڕەشوڕووتەکەیان نەداوە فێری خوێندەواری ببن، بەڵکو بۆ خۆیشیان کاتێ کتێبێکیان نووسیبێت ئەوا هاتوون تەنیا بە زمانی عەرەبی یان فارسی و تورکی ئەو بەرهەمەیان نووسیوە. ئەمەش بۆ ئەوەی تەنێ چەند کەسێکی ئەو توێژە منەوەرە باڵادەستە سوودمەند ببن کە لەسەدا سەد نەک هەر مەترسییان بۆ سەر کولتووورە کلاسیک و باوەکە نییە بەڵکو هەر خۆشیان بەگەرەنتییەکی دڵنیاوە پارێزگاری ئەو کولتوورە تۆتالیتارەن و دەروێشی دەسەڵاتە مەعریفییە کلاسیکەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە دیسان، بەم پێودانگە، لەوەش دڵنیا بوونە کە ئەو چەند گەنجە فەقێ و موستەعید و شاگردەی کە عەرەبی یان فارسی یان تورکی دەزانن ژمارەیان زۆر زۆر کەمە و لە سۆنگەی ئەم ژمارە کەمییەی خۆیانەوە ناتوانن هیچ هێز و مەترسییەک بۆ سەر ئەوان و دەسەڵات دروست بکەن.

بە کوردی نووسین یان توانای کوردی خوێندنەوە، یان تەنانەت هەر فێری خوێندەواری بوون و ڕۆشنبیربوون، لە دیدی ئەو مەلا و میر و منەوەرە پیرانەدا، دەکاتە: مەترسیی ئەوەی بەرژەوەندی و پایە و بەهاکانی خۆیان بەسەر خۆیاندا قلْب ببێتەوە. بۆیە زۆربەی هەرە زۆریان، نەک هەر بەلایانەوە گرنگ نەبووە خەڵک فێری خوێندەواری و نووسین بە کوردی و خوێندنەوە بە کوردی بکەن، بەڵکو ڕێگەشیان لێ گرتووە؛ تەنیا ئەوەیان لەلا بەس بووە کە چەند ژمارەیەکی کەمی فەقێ و شاگرد لە حوجرەکانیاندا ڕابگرن ئەویش لەژێر سانسۆر و زەبری دار حەیزەراندا!

بەم شێوەیە، ئیتر هەر نەسلێکی پیری مامۆستا و مەلا، لەلایەن نەسلێکی دیکەی پەروەردەبووی دەستی ئەو نەسلەی پێشوو جێگەی گیراوەتەوە. هەر نەسلێک چەند تەمەنی زیاتر هەڵکشابێ، ئەوەندە زیاتر لە غەمی لغاوکردنی نەسلە گەنجەکە بووە. ئیتر بەم شێوەیە، نەسلە گەنجەکەش، کاتێ وردە وردە ئەو- بۆ خۆیشی کاتێ تەمەنی گەیشتۆتە تەمەنی پیری، ئەویش بە هەمان شێوە بۆتە هەمان مامۆستای تۆتالیتاری کە بیەوێت ئەویش لەخۆی گەنجتر بچەوسێنێتەوە، بەم شێوەیە ئیتر بواری هیچ هەناسەدانێکی گەنجانەیان نەهێشتۆتەوە؛ ئەسڵەن گەنجێتییان لە کۆمەڵی خۆیاندا سەربڕیوە؛ وایان کردووە تا هەتایە تەنیا عەقڵی پیر و زەوقی پیر و ئەخلاقی پیر دەسەڵاتدار بێت و باو بێت. وەک حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**سەد شێخ و مەلا و ئەمیر و خانی**
**بۆ لەززەتی عەیش و زیندەگانی**
**لەولاوە ئەوان بە حیلەسازی**
**لەملاوە ئەمان بە تەقڵەبازی**
**قوڕیان بە هەموو وڵاتەوە دا**
**تا مولک و ڕەعیە پاکی فەوتا**

یان لە شوێنێکی دیکەدا، حاجی تێدەگا کە مەلا و پیرەکانمانن کە لێناگەڕێن گەنج و شاگرد و نەوەی نوێ چاویان بکرێتەوە و یاخی ببن، ڕوودەکاتە شاگرد و خوێندکارە گەنجەکان و ئامۆژگارییان دەکا:

**دەستگیریت لە عەمەلدا قەت نەکا مورشیدی پیر**
**دەستی تۆی گرتووە، پێی بەستووی مانەندی ئەسیر!**

وڵاتێک، ئینجا کە سەدان ساڵە خاوەنی ئەم کولتوورە حوجرەییە تۆتالیتارە بێت، کە ئەم عەقڵیەتە پیرە پڕ ستەمە لەناو خوێن و هەستیدا ڕەگاژۆ بووبێت، ئایا ئامادەیی ئەوەی دەبێت کە خۆی بنووسێتەوە؟ ئارەزووی ئەوەی دەبێت هوشیاریی خۆی و ئاگایی خۆی لە بارەی خۆی و سەردەمەکەیەوە بنووسێتەوە؟

بێگومان: زەحمەتە، چونکە ئەم شتانەی دەیاننووسێتەوە، شتی ئاوها نابن شانازییان پێوە بکات.

نەتەوەیەک، کە مەلا و میر و مامۆستاکانی، سەدان ساڵە بەهەنجەتی دین و شتی دیکەوە، هاتبن دینامیکیەتی بە کوردی نووسینی زانست و هونەر و ڕۆشنبیری لە گەنج و قوتابی حەرام بکەن و بە هەرچی شێوەیەکی پێیان کرابێ گەنج و فەقێ و شاگردیان بە چاوی «کۆیلەی زانست» و خزمەتکاری خۆیان تەماشا کردبێت، ئایا چاو و ڕووی ئەوەی دەبێت کە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە؟

بێگومان: زۆر زەحمەتە، چونکە ئەم شتانەی دەیاننووسێتەوە، دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و شۆرەت و مەجدی خۆیان دەکەوێتەوە.

هەر لێرەشەوە، سەدەکانی ڕابردوو خاسیەتێکی

شەرمەزاری هەیە لەم بەستێنەدا ئەویش ئەوەیە کە هیچ هۆشیارییەکیان لە بارەی خۆیانەوە نەبووە؛ هیچ هۆشیارییەکمان لە بارەی خۆیانەوە ناداتێ. ئەمەش بە پێچەوانەی (ئەمڕۆ)کە جورئەتی پەیدا کردووە هۆشیارییەک لە بارەی خۆیەوە ببەخشێت و خۆی بنووسێتەوە!

کۆمەڵگەیەک، کە سەدان ساڵە گەنج و قوتابییەکانی بە ترس لە ئازادی و سڵەمینەوە لە یاخیبوون گۆش کراون، هەروەها کە ئەم حەز و ئاواتەی ڕازیکردنی مامۆستا و لەخۆ گەورەتر لەناو خوێن و هەستیاندا ڕەگاژۆ بوو‌بێت، ئایا وزە و جەسارەتی ئەوەی دەبێت کە ئەم مەعریفە ترسنۆک و شەرمەزارەی خۆی بنووسێتەوە؟

بێگومان: نەخێر، چونکە ئەم شتانەی کە حەز دەکات بیاننووسێتەوە، ناوێرێت بیاننووسێتەوە؛ تەنانەت ناتوانێ بشزانێت چۆن بتوانێت.

کەواتە، ئەمەیە هۆی ئەوەی کە هیچ نەوەیەک لە نەوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی کوردستان (نە مەلا نە فەقێ) نەهاتن- بە غەیری شیعر- مەعریفەیەکمان لە بارەی خۆیان و سەردەمی خۆیانەوە بە زمانی کوردی بۆ بەجێ بهێڵن. هیچ وەچەیەک لە وەچەکانی ڕابردوو، چاو و ڕووی ئەوەیان نەبوو هیچ وێنەیەکمان لە بارەی واقیعی زوڵم و ستەمی ئەوکات بۆ تۆمار بکەن، نەوێران بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە بدەن کە لە زەمانی ئەواندا زوڵم هەبووە، ڕیسواکردنی گەنج و فەقێ و شاگرد و ژن هەبووە؛ خەساندنی هێزی گەنجانە و وزەی لاوان و ئافرەتان هەبوو. چونکە بۆ خۆشیان، چ بکەن- داردەستێکی لاڵ یان شاهێدێکی ڕازی و ترسنۆک بوون لە هەمبەر ئەو ستەمە.

هەر ئەمەیشە هۆی ئەوەی کە لەسەردەمی هیچ نەسلێکدا، بەدرێژایی مێژووی کوردستان، هیچ پەنجەرەیەک بەسەر کولتوورێکی بیانی و ڕۆژئاوایی (ئەورووپایی) جگە لەو کولتووره ئیسلامییە نەکرایەوە؛ هەر بۆیەش هیچ ژانرێکی ئەدەبی (غەیری شیعر و مەولوودنامە) لە ئەدەبی کوردیدا لە دایک نەبوو: شانۆنامە، ڕۆمان، چیرۆک، نۆڤلێت، هیچ سەفەرنامە و ژیاننامەیەک، هیچ وتارێک، هیچ ژانرێکی دیکە.. بەو زمانە شیرینەی کوردی نەنووسرا کە ژیانی ئەو زەمانە سەقەت و پیرانەمان بۆ بگێڕێتەوە.

هەر ئەمەیشە هۆی ئەوەی کە لەزەمانی هیچ نەوەیەکدا، تەنانەت لەناوجەرگەی ئەو پایتەختە زێڕەوشانانەی وەک دیاربەکر و بەتلیس و ئەردەڵان و جەزیرەش، دەبینین هیچ هەرایەکی ڕۆشنبیری و هیچ پشێوییەک دروست نابێ؛ هیچ کتێبێک نییە هیچ گفتوگۆیەک بنێتەوە. بە کورتی: هیچ درزێک ناکەوێتە قاڵبی مەحکەمی ئەبستمۆلۆژیای کوردییەوە. بەدرێژایی مێژووی کوردستان هیچ ڕاپەڕینێکی فەقێ و مەلاکان لە کوردستاندا نابینین؛ تەنیا یەک یاسا باڵادەستە: خزمەتکردنی دین و هونەری دین و زانستەکانی دین. ئەمەش تەنیا و تەنیا بە زمانی فارسی و تورکی و بەتایبەتیش بە عەرەبی. هەرچی موفتی و مورید و مەلا و میرزا و خواجە و کوێخا و ئاغاکانی کوردستان هەبووە لە خانەقا و تەکیە و حوجرەکاندا هەموویان پێکەوە باوەڕیان وابووە کە:

**«عەرەبی هونەرە**
**فارسی شەکەرە**
**کوردی گووی کەرە..»**

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە (عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادیە)دا، گەواهی دەدات: «دنێڤ ئەکراداندا مەکتووب و کاغەزێد وان فارسی العبارە دبن».

بەم شێوەیە، نەوەکانی ڕابردوو، نەهاتن بە زمانی کوردی مەعریفەیەکمان لە بارەی خۆیان و سەردەمی خۆیان بۆ بەجێ بێڵن: تەنێ لە بەستێنی خزمەتکردنی زانستەکانی دین نەبێ، ئەویش تەنێ بە عەرەبی و تورکی و فارسی. ئەمەش بۆ ئەوەی تەنێ توێژێک، تەنێ ئەو کەسانە لێیان تێبگەن و هۆشیار ببنەوە کە دەروێشی خۆیان و پارێزگاری کولتووره تۆتالیتارە چەوسێن و داپڵۆسێنەکەن: خۆیان و دەروێش و میر و مەلا و میرزا و فەقێ بەستەزمانەکان..

کەواتە، یەکێک لەو نیشانانەی کە ئەمڕۆمان لە سەدەکانی ڕابردوو جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە سەدەکانی ڕابردوو هیچ هۆشیارییەکیان لە بارەی خۆیانەوە بەرهەم نەهێناوە، بەڵام «ئەمڕۆ» بەوە دەناسرێتەوە کە هۆشیارییەکی بەردەوام و تێر و پڕ، تەنانەت پڕ وردەکاری، لە بارەی سەردەمی خۆیەوە بەرهەم دەهێنێت. هەر ئەمەشە کە ترووسکاییەک ئومێد دەبەخشێتە ژیانی گەنج و نەسلی نوێ و کەڵکەڵەی نوێخوازییەکانیان.

# ڕۆشنبیر و دەسەڵات

ڕابەر تەلعەت

ڕۆشنبیر کەسێکە لە ڕێگای چالاکییە هزرییەکانیەوە دەتوانێت بەشداری بەرچاو بکات لە ئاراستەکردنی دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگاکەیدا.

ڕەخنەش دەرگایەکە، ڕۆشنبیر دەتوانێ لەوێوە بەشداری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکا. وەلێ ئەم بەشداری کردنەش کاتێک لەجێی خۆیدا دەبێت کە ڕۆشنبیر لەنێو چالاکییەکانی خۆیدا ڕەخنە و ئەلتەرناتیڤ بکات بە گرێدراوی یەکتری، چونکە ڕەخنە گرتنێکی ڕووت بەبێ خستنە ڕووی ئەلتەرناتیڤی باشتر بۆ ئەو شتەی ڕەخنەی لێدەگیرێت ڕەخنەیەکی بێ بنەمایەو ناتوانێت ئامانجێکی ئەوتۆ وەدی بهێنێت، خستنە ڕووی ئەلتەرناتیڤی تازەش زۆر پێویستە تا جێگای کۆن و تەقلید بگرێتەوە. بەمەش کۆمەڵگاو هەموو بونیادەکانی تێیدا دەکەونە سەر ڕێڕەوێکی دینامیکی و بەرەو گۆڕان هەنگاو دەنێن.

ڕەخنەگرتن تەوەرێکی گرنگی ئەرکەکانی ڕۆشنبیر پێکدەهێنێت و هەر لە ڕێگای ڕەخنەوەیە ڕۆشنبیر دەتوانێت پارێزگاری لە پێگەی سەربەخۆیی خۆی بکات لە کۆمەڵگادا و بەرامبەر بەدەسەڵاتیش.

کاتێکیش دەمانەوێت قسە لەسەر پێوەندی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە بکەین، لە ڕووی مێژووییەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو جێگایەی کە لە مێژووی هزری فەرەنسیدا بە کێشەی «دریفۆس» ناسراوە، لەساڵی ١٨٩٤دا ئەو مەسەلە سیاسییە ترسناکەی، ماوەیەکی زۆر کۆماری سێیەمی فەرەنسای هێنایە لەرزین.

دەتوانین بڵێین کێشەی دریفۆس بەرهەمهێنەری یەکەم گوتاری ڕۆشنبیری بوو بەرامبەر بە دەسەڵات، لەوکاتەوە تا ئێستا دەسەڵات دەبێتە جێگای گرنگی پێدانی ڕۆشنبیران و وەک هەمیشە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لە دەرەوەی دەسەڵات و بەرامبەر بە سنوور و مەوداکانی ئەم دەسەڵاتە دێتە ئاراوە.

بەم شێوەیەش دەبینین ڕۆشنبیر هەمیشە ڕوخسارێکی بەرهەڵستکار بەخۆیەوە دەگرێت، هەڵبەت مەرج نییە ئەو دوژمنی دەسەڵات بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی دادوەری و لەکاتی پێویستیشدا مافی ڕەخنەگرتن لە هەر دەزگایەکی سیاسی بەشێوەیەکی سەربەخۆ، بەخۆی ڕەوا دەبینێت.

بەلای «ڕیمۆن ئارۆن»یشەوە، ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە ڕەخنەگرتنی بنیاتنەر و ڕۆشنکەرەوەی بەهاکاندا کورت دەکرێتەوە، لەو ڕووەوە بەڕای ئارۆن بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر ڕۆڵێکی گشتگیر و جیهانگیری هەبێت، دەبێ لە خزمەتی حەقیقەت و ئەقڵی ڕەخنەگریدا بێت.

وەک ئاشکرایە لەکایەی ڕۆشنبیریدا و بۆ دەرخستنی پێگەی ڕۆشنبیر، ڕەخنە گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام چۆن ڕەخنەیەک؟ لە مەشیاندا وا باشترە ڕۆشنبیر وەک میکانیزم سەیری ڕەخنە بکات، بەو مانایەی کە ئامانجی ئەو ڕەخنەگرتن نەبێت تەنیا لە پێناوی ڕەخنەدا، چونکە ڕەخنە وەک باسمان کرد میکانیزمێکە بۆ خولقاندنی چاکسازی لە هەموو ئەو شتانەدا کە ئەم ڕەخنەیە ڕووی تێدەکات.

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ڕەخنە جەوهەری خۆی لە دەست دەدات و ڕەنگە ببێتە گەڕەلاوژە و لەلایەن کەسانێکەوە کە ئیدعای ڕۆشنبیر بوون دەکەن هەمیشە بگوترێت و بگوترێتەوە.

کەواتە تێگەیشتن لە مانا و مەبەستەکانی ڕەخنە، لە پێش هەموو شتێکدا زۆر گرنگە تا بزانین چۆن چۆنی ڕەخنە دەگرین و ڕەخنە دەکەینە پاڵنەرێک بۆ گۆڕان.

هەروەک چۆن گومانی بەردەوام و بڕیاری لە پێشینە بەرامبەر حیزب و دەسەڵات، ڕۆشنبیر ناکەن بە مەخلووقێکی جیاواز لە هەموو ئەوانە و خاوەن گوتارێکی جددی و سەربەخۆ، بەڵکو ئەوەی خزمەت بە ناسنامە سەربەخۆکەی ڕۆشنبیر دەکات خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی وردە بۆ مەسەلەکانی حیزب و دەسەڵات و سەمتی مێژوویی ئەم چەمکانە و ڕۆڵ و پێگەیان لە کۆمەڵگادا.

گومانەکانی ڕۆشنبیر لە دەسەڵات نابێت بیگەیەننە ئەو باوەڕەی کە ئیدی هەموو دەسەڵاتەکان بەسروشتی خۆیان گەندەڵ و تۆتالیتارین و هەموو حیزب و گرووپێکی سیاسیش جێگای مەترسین و دەبێت لەناوبچن، تا خەڵک و کۆمەڵگاش لە گێژەڵووکەی مەترسییەکانیان ڕزگاری بێت. چونکە هەڵوێست وەرگرتنی لە پێشینە بەرامبەر بەهەر شتێک، خۆی لەخۆیدا کارێکی نا ئەقڵانییە و مرۆڤ تووشی هەڵەی گەورە دەکات. لەم ڕووەشەوە ڕۆشنبیر یەکەم کەسە دەبێت خۆی لەم جۆرە هەڵوێستانە بەدوور بگرێت و خەیاڵدانی لە پێشینە بەرامبەر بە شتەکان لەگەڵ خودی شتەکان لە یەکتری جودا بکاتەوە و کار بە بڕیاری هەڕەمەکی و پاڵنەرەکانی سۆزدارییەوە نەکات.

لۆژیکی هەموو مانگاکان لە تاریکیدا ڕەشن، هەموو دەسەڵاتەکان خۆڵەمێشین، هەموو حیزبەکان تۆتالیتارن، هەموو گوتارێک فاشیستییە، ڕۆشنبیر ناکەن بە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگا و ڕێگر لەبەردەم گەندەڵکارییەکاندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەڵکی بەلاڕێدا دەبەن و زیادەڕەوی لە گوتاری خۆیاندا دەکەن و ڕاستییەکان وەکو خۆیان ناخەنە ڕوو.

بەڕەهایی بەرزکردنەوەی دروشمی خاچ بۆ حیزب جا لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت، گەر لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە خوێندنەوەیەکی سادەی بۆ بکرێت، دەبینین ئەم جۆرە گوتارە ڕاستەوخۆ کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ سەر پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسی، بابەتی بەشداریکردنی سیاسیش پێوەندی بە پێگەیاندنی سیاسییەوە هەیە.

پێگەیاندنی سیاسیش پرۆسەیەکە بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی هاوڵاتی تا بتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا بکات. سروشتی ئەم پێگەیاندنە سیاسییەو ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە تێیدا هاوڵاتی دەستی دەکەوێت ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ بۆ تێگەیشتنی لە مافەکانی خۆی و لە سەرووی ئەمەشەوە مافی خۆی لە بەشداریکردن لە بڕیاردانی سیاسیدا جا بەلایەنی باش بێت یان خراپ.

هەروەک چۆن دەریش کەوتووە کەوا چەندە بەشداریکردنی سیاسی هاوڵاتیان زیاد بکات ئەوەندەش مەیلی توندوتیژی سیاسی لایان کەم دەبێتەوە، واتە پێوەندیی نێوان ئەم دوانە پێوەندییەکی پێچەوانەیە.

بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەڵوێستی نێگەتیڤی ڕۆشنبیران بەرامبەر بە دەسەڵات و حیزب، لەپاڵ چەندین فاکتەری دیکەی وەک نەزانی و نەخوێندەواری و ترس لە دەسەڵات و ناڕازیبوون بەرامبەر بەدەسەڵات و... تاد ئەنجامی خراپیان دەبێت بۆ سەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و بەشداریکردنی سیاسی لە کۆمەڵگاکاندا.

جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەم دیاردەیە ئێستا بەزەقی لە کوردستاندا دەبینرێت، بەو پێیەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران باوەڕێکی وایان لای خەڵکی بەتایبەتیش لاوەکان دروست کردووە کەوا چاکە خۆیان لە سیاسەت و حیزب و دەسەڵات و گرفت و سەر ئێشەکانی بەدوور بگرن و ئەمە لێگەڕێن بۆ پیاوانی خۆی. ئەگەرچی خودی حیزب و دەسەڵاتی کوردیش لەم مەسەلەیە بێبەری نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا هاتنەکایەوەی ڕیفۆرم لەو حیزب و دەسەڵاتەدا، پێویستی بە بەشداری هەموو لایەک هەیە، بەتایبەت ڕۆشنبیران کە دەتوانن قورسایی خۆیان لەم بوارەدا دەربخەن و خەڵکیش بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لە پێناو بەهێزکردنی هەڵوێستە ڕیفۆرمخوازییەکانی خۆیاندا ئاراستە بکەن.

هەروەها ڕۆشنبیری کورد نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری

گوتارێک کە فۆرمەلەی کاتێکی جیاواز و فەزایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازە.

لەبەر ئەوەی گوتاری ڕۆشنبیری گوتارێکی خوازراو نییە تا لە نێوان کولتوور و کۆمەڵگا فرەچەشنەکاندا بێت و بچێت و بەبێ جیاوازی قسەی بەسەر هەموویاندا بڕوات، بەڵکو واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەی ڕۆشنبیر تێیدا ئەندامە، کەرەستەکانی ئەم گوتارە پێکدەهێنن و ڕەهەندە جیاوازەکانی دەستنیشان دەکەن. هەر بۆیەش ڕۆشنبیران بەگشتی کە سەر بە کولتوور و کۆمەڵگای جیاوازن ناتوانن بەتاکە زمانێکی هاوبەش موخاتەبەی خەڵکی خۆیان بکەن، مەگەر لەسەر هەندێک مەسەلەی ئەخلاقی نەبێت کە پەیوەستن بە هەموو مرۆڤایەتییەوە.

لەهەر کۆمەڵگایەکیشدا ئەو هێڵە فیکرییانەی ڕۆشنبیر کاری لەسەر دەکات شتێک نین لە پێشدا دیاری کرابن و لە دەرەوەی واقیعی مێژوویی خۆیاندا بن، بەڵکو بارودۆخی کۆمەڵگایە دەبێتە کەرەستەیەکی بەرجەستەی هزری ڕۆشنبیر و دەرکەوتنی هەڵوێستەکانی، بۆیە ئەرکە ڕۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێن.

گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردیش ئەمڕۆ وا دەخوازێت خۆی گوتاری خۆی بەرامبەر بەدەسەڵات و ئایین و کولتوور و هەر شتێکی دیکە بەرهەم بهێنێت، نەک لە ڕێگای کەسانێکەوە بکەوێتە ژێر کاریگەری گوتارێکی خوازراوی ڕووت کە پێموایە جگە لە گەمەیەکی زمانەوانی بە چەمک و قوتابخانە فیکرییەکانی خۆرئاوا هیچ شتێکی دیکە نییە..

**سەرچاوەکان:**

١- ڕامین جەهانبەگلوو/ مۆدێرنیتە، دیموکراسی و ڕۆشنبیران/ و: موسلح ئیروانی و مراد حەکیم - چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢

٢- محەمەد ئەلشێخ/ ڕووناکبیر و دەسەڵات. و: ئاوات ئەحمەد، سلێمانی، ٢٠٠٢

٣- د. إبراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، دار الشروق للنشر والتوزيع.

# یەکەم دوایار

دڵشاد عەبدوڵڵا

سی و یەک ساڵ لەمەوبەر، وەکی ئەوکەسەی دوای
مەرگی دۆستێکی، لە گۆشەیەکدا بە کزی دانیشێ. لە
ماڵێکی لاتەریکدا بێ نەخشەی پێشوەخت و هیچ جۆرە
مەبەستێکی دیاریکراو بەڵێنم بەخۆم دا:
درێژە بەو جەنگە بدەم
کە پێشتر دۆڕاندبووم!
یەکەمجار بنی زمانم هەڵکۆڵی، ئەو ڕستانەم لە ڕەگەوە
دەرهێنا
کە چەشنی ئەنتیکەی دانسقە لە موزەکاندا
لە پشت شووشەی جەللاتینی دەست و دەم بەستراو
نەدەمردن نە یاخی دەبوون
بۆ چیمە ڕستەی وا؟ هەڵگژامە سەریان
پووش و پەڵاشی تەماشام ئاگریان تێبەربوو
لە بەرانبەر وێنەیەکی نەبینراوی مەرگی خۆمدا
بۆ چیمە وشکە تەماشا؟ کەوتمە لەناوبردنیان
جەنگ بەو دوانە دەکەم: زمان و خەیاڵ!
وەکی ئەوەی ڕووبار دەیکا
بەهاژە و کەفچڕین لە جێی عاسێ و نادیار.
ڕەشنووسی ئەو هەورانەم سووتاند
کە بۆ کەسێک و بۆ مەبەستێک و بە ڕیتمێک و
ئاوازێک
چووبوونە ئاسمان
شیعر جەنگە لەگەڵ کۆکەسێک
لەگەڵ کۆمەبەستێک
بەکۆ ڕیتم و کۆئاواز.
هەی ڕۆحی باریکتر لە با، با شۆڕبینەوە
باپچین
هەتا ئەو جێیەی بزردەبین لەخۆدا!
ئەو خواری خوارەوە زەنەک و گومانە و پڕ ئەفسوون
داری ئێجگار پڕسیحری تێدایە، بۆنخۆش و بۆنناخۆش
هەردووکیان بە کەڵکن بۆ مراز
وەکی مرۆ لچکی ڕۆحی خۆیانی لێ گرێ دەدەن
دەیکەنە جۆلانە بۆ پشوودان
هەر دارە و سێبەری دەدا لەمەملەکەتێک بۆنی دەڕوا بۆ
چەندان
لەو خواری خوارەوە تەماشای ڕەگی خۆم دەکەم بە حەواوە
دڵی خۆم بە قسەیە داوە کە شمشاڵ بەدڵی کون کونی
خۆی وتبوو:
ئەوەی دێتە ژووری
چەن قات و زیاتر و پەشێوترە
لەوەی دەچێتە دەرێ
مرۆ تا دەمرێ
ناتوانێ هەموویان بژەنێ.
با بچین باپچین باپچین
هەتا شۆڕبینەوە ئاسمان نزیکترە لێمان
تا ئەو ئاستەی لە لێ و پەلم گیردەبێ پەراسووی
تێکەڵ بەخاک و خۆڵم دەبێ
کە سەرلەنوێ شین بووەوە
شێوەمان لە یەکتر دەچێ!
سی و یەک ساڵ لەمەوپێش، لەناو بەلەمێکی شکاو
کە نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبا
لەسەر گازی پشت ڕاکشابووم
لەو باڵندە سپیانە وردەبوومەوە
کە چووبوونە خەونی (بۆدلێر)ەوە
باڵیان لەسەر برژانگی جێما بوو
بەو باڵانە فریم تا ئەوپەڕی گوڵستان
ماڵی گوڵە بەدەکان!
گوڵە بۆنخۆشە بەدەکان!
باڵندە ئارامی دەبەخشێ تێکیشی دەدا
ڕزگارمان دەکا وەکی کو بە چرنووک دەمانکوژێ
لەبەر خۆم دەموت و دەموتەوە:
باڵندە ئارامی دەکوژێ
بەچرنووک ڕزگارمان دەکا
لەناکاو، ماسیگرێک تۆڕی پڕ ماسی بەدوای خۆی
ڕادەکێشا
ئەوانە ئێمەین!
خوا بەدوای خۆیەوە ڕاماندەکێشێ
جێ قولابی ڕاوچی دیارە بە قورگمەوە
بۆیە هەرچی دەیبێژم ئازارم پێ دەبەخشێ.
سی و یەک ساڵ بەرێ، دەموت لێرە کەس نامناسی
کەچی ئەو هەموو وردە ماسیانە
گشتیان کەس بوون خزم و ناسیاو

خۆم و خۆم و خۆم
ماوەیەکی زۆر هیچم نەنووسی
وێنەی خۆمم لەبەرچاو بزر نەدەبوو؛
لەناو تۆڕێکی دڕکاوی گەورەدا!
شەوێکیان، کەسێکی سەر و ڕیش مەیلەو نارنجی
بەسەر پشتی حووتێکی سپییەوە
گەیشتە کۆلانی (بیریژیان)
وامزانی باپیرم لە خۆشناوەتیەوە پەلی عەیشێی گرتووە
دەیهێنێتە شار
خۆرێکی خورمایی بەسەر شانیەوە
کە دەستی بە ئاستەم دەجوولا
ڕووناکی دەکەوتە سەر ئەرزی
هەی بەخێرهاتی وەبان چاو..
هەفتەیەک لەلام بوو لەو ماوەیە،
کەمێکی پێ بەخشیم و زۆری برد لەگەڵ خۆی
لەوانە: دۆستایەتی لەگەڵ چیا
کە ئەو بە پشتی نەهەنگی دەشووبهاند
خۆت هەڵدەیتە سەری دەتبا.
پاشان پشتێنی پشتی بابمی بەو مارە دەچوواند
کە لەوەتی دنیا دنیایە لە مرۆ نابێتەوە
دەمێکە هاو دەنگن
چارەنووسیان بەیەکەوە گرێ دراوە
دەبێ دانی پێدابنێین:
ئەو لەبەرمە لە بەهەشتێ دەرکراوە
ژیان چەند لێکمان دوور بخاتەوە
مردن دەمانگەێنێتەوە یەکتری
لەو شوێنانەی کە بای زەرد هەڵدەکا
ئێسک و پرووسک ڕادەماڵێ
بن هەر بەرد و پنچکە گیایەک بگەڕێی
یەک دووانێکیان چاوەڕوانمن لەوێدا.
سی و یەک ساڵ لەمەوپێش، شەوێکی سارد
پیاوێکی سپیلکەلانەی قژ کەوتوو بەلادا
لە سیبریاوە بەڕێی کاکێشان
بە سواری گالیسکەیەکەوە کە ڕەوەسەگێک ڕایاندەکێشا
گەیشتە یەکەم ماڵی بەفرنووس
بەو زمانەی کە دوو کەسی ناسیا و قسەی پێ دەکەن
بردمە ژووریّ: فەرموو
ئەوەش هەر ماڵی خۆتە
تکایە دەرگا توند داخە
لێرەش ژەنەڕاڵە سوورەکان دەستیان دەڕوا
ئەو زیندانەی لەوێ دروستیان کردووە
بۆ ئەنتلیگنسیا و شاعیرانی نەهلستی
سوچێکی گەیشتۆتە ئێرە
کەڵکی نەماوە مەملەکەت
پڕبوو لە پیاوە پووچەکان
پیاوە پووچەکان!

پیاوە هەرە پووچەکان!
ئەوانەی سێبەری قەڵەڕەشن لەسەر زەوی
خۆیان بەسەد تەرز و سەد تەحرەئۆین گۆڕیوە
بە کلاوی گوڵینگە بەسەریان باوەڕ مەکە
بە کراسی ئاوریشم و بۆینباخی ئاماڵ شین و بە پێڵاوی
چەرمی ئیتاڵی و
بە بۆن و جەنتای بۆس و
قایشی پێستی تیمساحیان باوەڕ مەکە
پیاوە پووچەکان گوڵاڵە سوورەنین
کاتی هاتنی ئەو جۆرە گوڵانە بەسەرچووە.
سی و یەک ساڵ لەمەوبەر تێگەیشتم ئەو شەڕە نابڕێتەوە
لێرەش کۆتایی بێ
لە جێیەکی تر سەرهەڵدەداتەوە.
سی و یەک ساڵ لەمەوبەر سی و یەک ساڵی تەواو
کە ویستم ڕزگاربم لە وەهمی قەفەس
هونەری چرینم بە جۆرێک گۆڕی
کە ڕاوچی بە مەلێکی بەستەزمانم تێ نەگا
وەکی فرندەیەکی بەسام
سەرەتا لێم دوورکەوێتەوە
کە مەوداش کەتە بەینمان
بە ئاسانی نەگیرێم
وەکی ئەو کەسەی لە خشپەی مێژوو ڕاچڵەکێ
خوێنەرم هۆشدارکرد: ئەوەی ڕوودەدا نە لافاوی نووحە نە
هی تسوونامی، نە شەڕی قابیلە و نە هی ناپلیۆن
جەنگێکە لەناوخۆ، خۆت لەگەڵ خۆتدا، یا خۆتی بە تەنیا
لە بەرانبەر کۆدا.
من کە لەگەڵ خۆم دۆڕاندم
نایبەمەوە لە هیچ کوێدا.

# کاممان خەتابارین

کەژاڵ ئیبراهیم خدر
(سلێمانی)

(١)

لە بەردەم دادگایەکی بێ دادوەردا
وەستاوین بزانین کاممان خەتابارین لە ئاستی
ئەوی ترماندا
تۆ کە کاروانچییەک بوویت و توولە
ڕێگەکانت نەناسی
ئەو ڕێگایانەی دەیانگەیاندیە
مەڵبەندی دڵ
من کە بێریەک بووم و نەمتوانی
گەرووی وشکت بە قومێ شیر
تەڕ بکەم
خەتای تۆ بوو فێری زمانی ڕووبار نەبووی
تا لە شەپۆلەکان بتپەڕێنێتەوە و
بتگەیەنێتە لای من
خەتای من بوو لەسەر خواردنی گوڵە گەنمەکان چۆلەکەکانم
لەخۆم زویر کرد

(٢)

من چیبکەم نەتتوانی لە گێژەنی
کەنارێکدا ڕامبگری
دەتزانی خەوتن لە نیوەڕۆیەکی هاویندا
لەژێر درەختێکی بێ گەڵادا سووتانە
دەتزانی کەس ناتوانێ ڕێگە لە تەرزە بگرێ و
نەهێڵێت هەڵاڵەی گوڵەکان بوەرن
وەرە ئەو سروودانەم بۆ بچڕە
لە دوای خۆرئاوابوون دەتنووسێن

(٣)

ئازیزم درەنگ گەیشتی
نەتتوانی بۆن بە قژ و دەستمەوە بکەی
نەتتوانی گیانی ڕژاوی هەناسەم
بگەڕێنیتەوە بۆ سەرچاوە
فریای پرسەی خونچە گوڵەکانی دڵ نەکەوتی
نەتتوانی میوانێکی ناوەخت بی و
لەسەر سفرەی سینەم پێکێک لە شەڕابی
حەزە شێتەکانم نۆش بکەی



(٤)

پێم بڵێ چۆن ئەو دادوەرە تێبگەیەنم
بێ تاوانم
چۆن ئەو منداڵە ڕازی بکەم بیانووی
شیرم پێدەگرێ و لە سنگم نابێتەوە
چۆن ئەو ڕاستییە لای دایکم بدرکێنم
لە کاتێکدا ئەو بێ ئاگایە
لە خەونە وەنەوشەییەکانم

(٥)

بە چی دەچێ ئازیزم
خەونەکانی ئەوسا
ناتوانن لە شەققەی باڵ بدەن و
بگەنە باخچە
فرمێسکەکانی منداڵی ناتوانن
بچنەوە شانەکانی پێکەنین
چی لە دە پەنجەی وەریو بکەم
نەیزانی بنووسێ دەزگیرانم بە
چی لە دوو لێو و زمانم  بکەم
نەیوێرا بڵێ خۆشەویستم بە

(٦)

ئای چ حەزێکی گەورەی لە ناخمدا
سەرچاوەیەک لە ڕۆحت
یا دڵۆپێ ئاوی لێ بخۆمەوە
لە کاتێکی نادیاردا هاتیتە تەمەنمەوە
تاوانم نەبوو
نەمتوانی بۆ تۆ بژیم
دەخوازم بۆ تۆ بمرم

# ئەڤ چاڤێن هە

درباس مستەفا
(دهۆک)

(١)

ئەڤ چاڤێن شەڤی
حەزەکا هار
دجانێ من دا دچینن!
سینگێ من یێ شڕبوویی
ل هیڤییا تێکئالینا تە
یێ دبتە بیابانەک و
دەرگەهەکی بێ چارچۆڤە
خەونێن دبنە تلۆڤە
زیق و زیق ل من نەنێڕە!
ل پشت رەشکا چاڤێن تە...
سحربەندییەکا ل دارە!
من ئالۆزدکت
هەموو خورستکێن من.
هەڤبەر پەنج دبن.

پەرستنا خەونەکا بنەفشی، د چەند چرکەیان دا، نە دوورە، مینا شێتان من بێختە کۆلانێن باژێری. هەموو دەرگەهان بقۆتم، ل دووڤ بەژنا تە بگەڕم. باژێری متە! چیرۆکا هەڤپەندییا مە نزانت. حەیران، لێ بنێڕە، سوبەیە و خەونێن بووینە داستان. د خەونێ دا، هەموو حەز دبنە عەشق و ڤیان.

(٢)

چاڤێن تە یێن کەربگرتی
دەریایەکا فووریایینە
کەڤرێن زناران..
هەمبێز دکت
و..
ل بەرانبەر پێلێن عەشقا تە
ئەم پەپووکن
هەموو شیانان سنووردار دکی!
د جانێ خوەدا د کەلم
ژ دیدارا تەڕا بەندەوارم
ئەی زینا زینا...
ملحەما برینا...
بەس من ل ژڤانێ رۆژەکا نوو ژاربکە
ل پاپۆڕا خەمان سوار بکە
ل گۆڤەندا دینان پەیا بکە



بەسە لێ یێ یێ...!

ئاوڕێن تەی دژوار من دحەلینن، خوەڕاگرییێ ل با من دمەحینن. د کەڤلۆژانکێ خوەدا بچووک دبم و بۆ حالێ مە دلۆرینم. ئێدی ڕۆندک ژی نەماینە، ژ تەڕا ببارینم. حەزێن خوە ل ڕۆژەکا بارانی سوار بکەم، ل دەشتا بەرینا سینگێ ئاڤرمووشی بڕەشینم. باران حەزەکە ئارامیێ دجانێ من دا دچینت، چیرۆکا تە ژ منڕا دخوونت. کووڤی نەبە! دێ تە هەر ئەڤینم

تویا بوویە عەشقەکا خودایی و پەیڤەکا تێڤەدایی، وا ب هەستێن من ڤە نووسیایی.

(٣)

ئەڤ چاڤێن هە خەونن!
بێگونەهییا ژێ دبارت
پاریەکی نانینە
د دەستی زارۆیێن هەژاران دا
ل بانگا سوبێ
یارییا ب فیستانێ برسێ
دکن
من و وان چاڤان
ژڤانە
سترانا دەولەتبوونێ
ب هەڤڕا ببێژن
خوە بخەملینە
دەم نەمایە
بۆ وان چاڤان دێ بتە کل
خەون یا بوویە دوجانی
بڤێت، نەڤێت دێ ژ کەڤلۆژانکێ
خوە دەرکەڤت
لەو دبیبیکا چاڤێن تە یێن ڕەش دا
خوە دبینم
سەماکەرەکێ بێ بەڤل
نیگار کێشەکێ بێ سەودا
هەلبەستڤانەکێ یاخی

بۆ وان چاڤێن ئاگری و بەژنا گارەی، هەلبەستەکێ د ڤەهوونم، ئاوازێن کووڤی ژ نارینا خوەڕا دسترینم. دوور نەچە! هەر پێنگاڤەکا بەر ب من ڤە دئێی، نێزیکبوونەکا جانی دنێڤبەرا مەدا ژ دایک دبت. سمبۆلا ڕۆژەکا نوو سەرهلددەت. وەرە... سەرکێشا زەریانی، هلبوونا تەڤ چرانی، ل پایتەختێ دلی، سەرکێش و سولتانی!.

(سێمێل)

# شنەبایە ڕەشپۆشەکان

خولیا حوسێن
(کەنەدا)

تۆ باخچەیەک بوویت
لە گۆرانییە سووربایەکانی
عەشق و
نەمامێک بوویت
لە تەمەنە بەهارییەکانی ئارامیدا
بەرەو ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی ئومێدەکانت
هەڵدەکشایت و
ژوانگەیەک بوویت
بۆ ئاوێزانبوونی پەپوولەکانی بەختیاری و
ڕووبارێک بوویت
بەرەو گەیشتن بە نهێنییەکانی دڵی دەریا
شەپۆلت دەدا و نەدەسرەوتی
تا ئەو ڕۆژەی
ماری قەدەر
باڵای لە قەدی
بەرزترین داری ئومێدەکانت ئاڵاند و
بەسەر گەڵا و لق و چڵ و
ڕەگەکانیا ڕشایەوە
لەوساوە
دەنگە کابووسییە
نەفرەتییە ناسازەکان
لە خەوی سەر باڵی پەلکەزێڕینەی خۆشەویستی
ڕایانچڵەکاندی و پێیان وتی
ئێرە وێستگەی لێکترازانی زنجیرەکانی ئارامیتە،
ئیرادەت تەسلیم بە ڕەشەبا کە،
چاوی تابلۆکانی عەشقت هەڵکۆڵە و
خەیاڵە نارنجییە مەخمەرییە یاخی بووەکانی،
هەرزەییت دەستەمۆ کە و
باڵات تا ئەبەد لە شەوەزەنگ هەڵکێشە و
باڵی پەپوولەکانی ئازادیت بسووتێنە،
تۆش.....
بوخچەی یادگارییەکانت پێچایەوە و
خۆڵەمێشی ئومێدەکانت لە مۆزەخانەی سینگتدا شاردەوە و
کەزی تەمەنت لەژێر ساپیتەی شێداری نەریتە گەنیوەکانی
ئەم
دەڤەرە دەهۆنیتەوە،
بووی بە شنەبایەکی ڕەشپۆش و



ڕێگای هەورازە سەختە بێکۆتاییەکانی ژیانت دایە پێش
خۆت و
لە ژێر زەردەی ئێوارە خۆڵەمێشییە پاییزییەکاندا،
لە بازنەی شەوێکی تر دەڕوانی..!
چاوم لێتە
هەموو شەوێک دەبم بە پەڵە هەورێکی سپی و
لەسەر بانی ماڵی دڵت دەخولێمەوە
گوێ دەگرم
لەو گۆرانییانەی ئاوێزانی بێدەنگین و
هەنسکی خەمی تەنیاییت دەخۆنەوە
ئەمشەو هاتووم
پێڵووی چاوی خەونەکانت هەڵدەمەوە،
هاتووم
پەنجەی تێکئاڵاوت لە باڵای حەسرەتی ئەژنۆت بکەمەوە
ئەمشەو هاتووم..
وەک شەوانی تر تەنیا نیم..!
شەپۆلی ئارەزووە چەپێنراوەکانی گەورە کچان و
ئومێدە گرمۆڵە بووەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات و
ئاوازی عەشقێکی ڕەهاییم هێناوە و
بانگت دەکەم، تا باڵات لە شەوەزەنگ دەربکێشی و
لێوەکانت بە شەونمی
سەر گەڵای
خەونە سپییەکانت
تەڕ کەیتەوە...!

بەفرانباری ٢٠٠٣

# فەرامۆشی

کولسووم عوسمانپوور
(سنە)

چەندە پاییزە من
یەکە یەکە ڕازەکانم
تیرۆر دەکەی
کەسێک نییە
سەرەخۆشییەک داگیرسێنێ
تەنانەت شار
ناڵێی، تۆ خۆش...
کەس نەزانێ.
تۆ و شیعر و
شەقامی ئەم ئێوارانەش باش ئەزانن
تەمرینی ئازیزمەردەیی خۆم کردووە
من مامۆستام وانە دەڵێم
قەرار وایە نموونە بم بۆ ژنی شار
نەجیب، بێدەنگ
درۆزنێکی پیرۆز بم
ژمارەکان لەبیر بکەم
زۆر پێویستم بە وانەی فەرامۆشییە
وانەی جوغرافیا، مێژوو
کیمیا، حیساب
فێریان نەکردم، نازانم
چۆن لەبیر کەم...
چۆن لەبیر کەم...
تەلەفۆن مۆسیقا نییە
تەعبیری خەونی ژنێکی سادە نییە
چۆن فێر ئەبم
«تۆ» تەنیا زەمیرێکی تاکە کەسە
لەبیر کەم، کە ماڵەکەم
بۆنی مەتبەخ
ژێر سووراوی قاچاخی من
ئەو قەڵەمەی کەژەڵی چاوم دەکێشێ
پڕە لە تۆ...؟!
ئەبێ هەر جۆرێک بووە
لەبیرت کەم
تاوانی گەورەی بەڕێزم!
لەبیرکەم چەندە پاییزیی
یەکە یەکە
ڕووسووری من و دارەکان
لەبیر ئەچێ
ئەم ڕۆژانەم فەرامۆشی هەناسەیە
زۆر پێویستم بە وانەی فەرامۆشییە
قەرار وایە نموونە بم بۆ ژنی شار
نەجیب بێدەنگ.



## تابلۆ

پەنجەرەی ماڵەکەم
ڕوو لە باخچەیەک دەکرێتەوە
تۆ لەوێی
نیگارم دەکێشی
بمکێشە
لەسەر تابلۆیەک
بە قژ بمکێشە، لە چەپەوە
تا ڕاستیت ڕەنگ بداتەوە
من لەو دەستانەی بێزارم
ئالاندن دووپات دەکاتەوە
خرینگەی بازنە ڕایچڵەکێنێت
دەنگت بێنە خوارەوە
ئابڕووم لێرە دانیشتووە
من ئەبێ بۆ عاشق بوونم
ئیجازەیەک وەربگرم
بۆ تالانم نازانم...!
ئێستە وەرزی بڕنەو و نانی جۆ نییە
ئەوین باوی نەماوە
خۆ ناسووتێنم
با پێکەوە وەرزێکی یادگاری بگرین
دەزانم تا دێمەوە «با» ئەتبا
تۆ لەوحێکی بەردینی هاوچەرخی
هەموو وەرزێ
«من» هەڵدەکەنم
تا لە مێژووی ئەم ژنە بمێنیتەوە
تووڕەییم دەگرمە قاپی سی و شەشەم
تا سی و پێنج بزەی تالانم
بچریکێنم
من، تۆ، ئەو
بە خوا لێڵ ئەبم
ئەم فەرهەنگۆکە جێی من نییە
بە جێی دێڵم
کاتێک لە تۆ دێمەوە
بۆنی پرسیارم ئەدەم
بۆنی ئەگەر
ئاخ کوشتمی ئەم ئەگەر و نەگەرە
ئەم شیعرەم زۆر شپرزەیە
تازە لە شەقامی نانفرۆشەکان
گەڕاومەتەوە
نیچە دینی تف کردەوە
من خۆم.
ئەم ژاراوە و دەلاقەیەک لە ئاسمان
مارەیی من
شارەزایی چوارڕێیەکانیش
بەشی تۆ!

# مەملەکەتی سێبەر

هانس ماگنۆس ئینچێنسبێرگر
لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا
(ئەڵمانیا)

(٣ - ٣)

بلووزەکانی چینی ناوەڕاست(*)
ئێمە ناتوانین سکاڵای خۆمان هەڵڕێژین
ئێمە شتێکمان هەیە بیکەین!!
ئێمە تێرین و
ئێمە دەخۆین

گژوگیا
بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان،
نینۆکەکان،
ڕابردوو، هەموو گەشە دەکەن

شەقامەکان چۆڵن
کۆتاییەکانیش پڕ بەپێستی خۆیانن
زیرە دەنگی وەئاگاهێنەر وا بێدەنگ کەوتووە
ئەمانە هەمووی بەسەر دەچن.

مردووەکان وەسییەتنامەکانی خۆیان نووسییەوە
بارانیش هێور بووەوە و
هێشتا، بڕیاری جەنگ نەدراوە

ئێمە گژوگیا دەخۆین
ئێمە بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان دەخۆین
ئێمە نینۆکەکان دەکرۆژین
ئێمە ڕابردوو دەخۆین

ئێمە شتێکمان نییە حەشاری بدەینەوە
ئێمە شتێکمان نییە لە دەستمان بچێت
شتێکیشمان نییە بیڵێین.
ئێمە هەمانە

کاتژمێر بەرەو پێش چوو
پێوەندییەکان ڕێک خرانەوەو
ئامانەکانیش شۆردران
دوا پاسیش تێپەڕ بوو

ئەو چۆڵ بوو

ئێمە ناتوانین سکاڵایێ هەڵڕێژین



ئیدی چاوەڕوانی کێ بین؟

خۆشییەکان

ئەو نایەوێت من سەبارەت بە ئەوەوە بدوێم
ئەو بە ڕووی کاغەزا ئۆقرە ناگرێ
ئەو ئۆقرەی نییە بۆ پەیامبەرێ

ئەو هەموو شت هەڵدەدا بۆ ئەوەی شتێک تۆکمە بوەستێ
ئەو درۆ ناکا
ئەو یەخەگیر دەبێ

ئەو بە تەنیا دادگەواهی منە
ئەو تێگەی منە
ئەو هی من نییە

ئەو بیانییە و بوێرە
من ئەو حەشار دەدەمەوە
وەک خەوشێ

ئەو ڕاکردووێکە
کەسێ ناتوانێ وەلاوەی نێ
کەسێ ناتوانێ بۆ خۆی دەستەمۆی بکات

من خۆم ناگرم و
هەموو شتێکی لەگەڵدا بەش دەکەم
ئەو دەڕوات..

ئەو لەم ڕاکردنە سەرکەوتووەیدا
لە تاریکە شەوێکی زۆر دوور و درێژدا
یەکێکی دیکە دێت و داڵدەی دەدا.

بیبلیوگرافیا

ئەمەیان بۆ تۆ نووسراوە
خوار و خێچییەکانی ژێر توێژ
نووسینە تەزووداڕەکانی پشت ئەنی
ڕێچکەکانی مێروو.

هونەرێ نییە...
گەیاندنی چاپکراوێ
کۆمەنیستگەری،
توخمی هەرسکردنی هەموو شتێ

کلیلە گوڵینەی ئەلکترۆنی
کلاوکوڕەی پرۆگرامکراو.

بیگرە و بیخوێنەوە،
ئەی پیرەمێردە خۆکوژەکە،

ئەم مانیفێستە توخمڕسکە
ئەم دەوروودەستە، ئەم هەڵهەلانە،
هەر کریستاڵێکی (Chef d'oeuvere)یکە.
هونەرێک نییە نیگاری چاوی
پەپوولەکان بکێشێ
خۆ شانشینەکانی جیهانیش
هەر بە سانایی دروست کراون

ئەم قونجیلکەیە دەکرا (Feedback- system)ی
پلە دووی
پرۆست بێت و زیاد لە پێویستیش
مەنگ و وەستاوە.

تا ئەم کتێبەت بە دەست دەگات
ئەوا بۆ خوێندنەوەی
ڕەنگە کات تاریک و نووتەک بێ

گەر پەپوولەکان دوور لە ئێمە
بیانتوانیبوایە بێن یا نەیەن،
ئەوا ئێمە نازانین- کە ناگرێ وا نەبێ-

دە ئەم کتێبە تووڕ هەڵدە و
بیخوێنەوە.

* جۆرێکی ناسراوە لە گۆرانییە باوەکانی ڕۆژئاوا

سەرچاوە:

Hans Magnus Enzensberger
Gedichte 1955- 1970
Suhrkamp 1971 Franfurt/ M

# پیاوە بەردینەی ڕەنگ قەزوانی

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

لەبەری چەپەوە، لەسەر ئەو لاپاڵەی پێش چەند مانگێک ببووە گرێ و دەیڕوانییە سەر جادەی سەرەکی ناوچەکە، لە نزیکییەوە سەنگەرە بچووکەکە دامەزرابوو و دوو چەکدار لە هەوەڵ تیشکەکانی سپێدەوە تاوەکو ئێوارە لەوێدا چاودێرییان دەکرد و بەدرێژایی سێ ڕۆژ چ شتێکی ئەوتۆ و سەرنجڕاکێشەریان نەبینی و بەڵکو ڕووبەڕووی هیچ شتێکیش نەبوونەوە، سەرباری ئەوەش دەیانزانی و لایان ڕوون بوو کە سەرلەنوێ ڕوودەداتەوە.

یەکەمجار کە ڕوویدا، لە نیوەی یەکەمی مانگی بەفرانباردا بوو، ئەوەبوو دەمەو عەسرێکی درەنگ ئۆتومبێلێک بەوێدا ڕەتبوو و گوللەی ئارپیجییەک ڕاستەوخۆ پێکای و ڕووەو نشێوەکەی برد، ئەوەی لەو کارەساتەدا قوتاری بوو تەنیا لاوێک بوو کە ئەویش زۆر بە خەستی بریندارببوو و واپێدەچوو بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتومبێلەکەوە بووبێت.. دەنا ئەوانی دی، پێنج کەسەکەی تر، هەر لەوێدا دوا هەناسەیان داو هەندێکیان لە ئاکامی لێکۆڵینەوەدا ناسرانەوە.. چوار ڕۆژی تری نەخایاند و لە هەمان شوێندا، دەمەو نیوەڕۆیەکی سارد و باراناوی، جێبێکی دیش بەو ئاکامەی پێشوو گەیشت، وەختێک سێیەم کارەسات، ڕوویدایەوە ڕێکوڕاست دوای چوار ڕۆژی تر بوو، هەموو ئەو ئۆتومبێلانەش تایبەتی بوون و جگە لە چەکدار چیدی نەبوون.

لێپرسراوی ناوچەکە دەگەڵ پۆلیسی ئاسایش و کەسانی شارەزادا چەند جارێک سەردانی شوێنەکەیان کرد و سەرەنجام گەیشتنە ئەو بڕوایەی دەستی تێکدەران ئاشکرا بکەن و سەرچاوەی پەشێوییەکە یەکالابکەنەوە، سەرەتاش بڕینەوەی جادەکەیان بۆ بووە خاڵی سەرنج، چونکە لەوێدا قیرەکەی هەڵتەکیبوو و لە چەپەوە بۆ ڕاست تەقیبوو، ئەوەشیان بۆ ڕوونبۆوە کە بەهۆی دانانی تی ئێن تییەوە بووەو مەبەستیش لەو کارەدا تەنیا خاوکردنەوەی خێرایی ئۆتومبێلە و بۆ خاتری پێکانیان ئەنجامدراوە.. ڕێک لە ئاستی قەڵشبوونی جادەکەشدا قۆڵتی نێوان لاپاڵەکە لە بەرزییەوە دەیڕوانییە دیمەنەکە، لێپرسراوەکە وتبووی:



– لەو قۆڵتەوە کەسانێک خۆیان حەشارداوە و هەر بۆیە ئەم جادەیەشیان وا لێکردووە تا باشتر نیشان بپێکن، بڕوانن، هەموو ئۆتومبێلەکان لەو شانەوە پێکراون، ئۆتومبێل لێرەدا ناچارە هێواش بڕواو ئەوانیش لەسەرەوە سێرەی لێدەگرن!

سەرەتا ڕێگەکەیان وەک خۆی لێکردەوە و چەند چەکدارێکیان ناردە سەر بەرزاییەکە بۆ ئەوەی چاودێری بکەن، چەند ڕۆژێک تێپەڕی و هیچ ڕووی نەدا، تەنانەت باڵندەیەکیش بۆ حەوانەوە لای نەدایە لاپاڵەکە و بەردێکیش

خل نەبۆوە.. لێپرسراوەکە پێشنیاری کردبوو:

– باشتروایە چەکدارەکان بگەڕێنەوە و ئەوێ جێبهێڵن، ڕەنگە ئەوانیش ئاگاداربن شوێنەکە چاودێری دەکرێ، پاشان ڕێگەکەش چاک کراوەتەوە، ئوتومبێل خێرا ڕەتدەبێ و ناتوانن هەروا بە ئاسانی بیپێکن.

ئیدی پەشێوییەکە پاشماوەی نەما و بارودۆخەکە ئاسایی بۆوە، ئەوانەیشی لەوێوە گوزەریان دەکرد وەک جاران بەسەرسوڕمانەوە نیگایان نەدەبڕییە جێگەکە و وەک هەموو شوێنەکانی تری لێهاتەوە... لە بەهاردا سەرلەنوێ دیاردەکە سەری هەڵدایەوە، چوار کەس لە پشتی پیکابێکدا گیانیان لەدەستداو بەدوشیاندا ئوتومبێلێکی تر کەوتە ڕووداوەکەوە، بەهەمان شێوە گوللەی ئارپیجی لێیدابوون و ئوتومبێلەکەی پاشەوەیان لە حەژمەتا خۆی پێدا ماڵیبوون.. دیسانەوە قیرەکەش هەڵتەکیبۆوە و وەک ئەوان دەمانی لێ هاتبۆوە.. لێپرسراوەکە داچڵەکیبوو و وتبووی:

– واز ناهێنن.. ئەمجارەیان سەنگەرێک دروست بکەن و ڕێگەکەش چاک مەکەنەوە، دەبێت دەستگیر بکرێن و لە نزیکەوە چاودێری ئەو شوێنە نەفرەتییە بکرێت، کات بەفیڕۆ مەدەن و هێندە ناخایەنێت دووبارە دەبێتەوە.

ئیدی چوارەم ڕۆژ بوو، سێ ڕۆژ هیچ ڕووینەدابوو و بەپێی ئەزموونی پێشتر دەبوو سەرهەڵبداتەوە، هەردوو چەکدارەکە دەیانڕوانی و لە ساتی تێپەڕبوونی ئوتومبێلە تایبەتییەکاندا لەسەر بەرزاییەکە ورددەبوونەوە، ئەوەی کە دووربینەکەی لە ملدا بوو کوردۆی ناو بوو، وتی:

– من بزانم هیچ ڕوونادات، ڕەنگە ئاگاداربن ئێمە لێرەین! وەنییە سمایل؟

سمایل کە قەمسەڵەیەکی چەرمی ڕەشی لەبەردابوو، وتی:

– ئێمەش ئەوەمان دەوێت.. کێ حەز بەوە دەکات بکەوێتە ناخۆشییەوە، بەڵام دەبێت هەر وریا بین.

کە ئەوەی وت، تەماشایەکی دووربینەکەی ملی هاوەڵەکەی کرد و ئەویش وەک ئەوەی لە نیازی حاڵی بووبێت ڕوانییە بەرزایی و پاشان نیگای بڕییە کاتژمێرەکەی، کوردۆ وتی:

– ئەمڕۆ نۆرەی منە، وا سەعات یانزەیە!

– تا دەڕۆیت و دەگەڕێیتەوە سەعاتێکت پێدەچێت، بەڵام وابزانم جارێ زووە.. بەڕای من نیو سەعاتی تر بڕۆیت باشترە، دوێنێ لە دوانزەدا خواردنەکە حازربوو.

– باشە.. چونکە تاوەکو دەگەمە ئەوێ نیو سەعاتم پێدەچێت، یانی یانزە و نیو...

پاشان تەماشای مەنجەڵە بچووکەکانی نێو سەنگەرەکەی کرد و وتی:

– لەوێ جوان دەیانشۆم و... لەڕاستیدا دەبوو ئەوان خواردنیان بهێنایە ئێرە!

ئوتومبێلێکی تر گەیشتە جێگەکە و هێوربۆوە، بڕێک لایدایە سەر گڵەکە و بەدەم هەڵتەکەوە گەڕایەوە سەر جادەکە، بەقووڵییەوە سەرنجیان لە بەرزاییەکە دایەوە و قەیرێک بێدەنگ بوون، کوردۆ تێهەڵچۆوە:

– شتێکی ناخۆشە.. داروبەردمان لێبووەتە تارمایی!

– باشە ئەمانە لەکوێوە دێن؟

– کەس نازانێت، ئەوان دەزانن جێگەیان پێ لەق دەبێت هەربۆیە ئەوە دەکەن، تۆ بڕوانە ئەو خەڵکەی لێرەوە تێدەپەڕن، لەودیو جامی ئوتومبێلەکانەوە دەڵێی بەدوای دێو و درنجدا دەگەڕێن! ئەم شوێنە چەند سامناک بووە!

چەند ئوتومبێلێک ڕووبەڕووی یەکتری هاتن و لە چاڵ و چۆڵی جادەکەدا هێوربوونەوە، دوای کەمێک سمایل وتی:

– دووربینەکەتم بدەرێ و بڕۆ، بەڵام زۆرت پێ نەچێت، چونکە ئەمڕۆ چوارەم ڕۆژە! کوردۆ بە پێکەنینەوە وتی:

– سمایل لەو باوەڕەدایت؟!.. مەرج نییە وابێت.

– ئەی جاری پێشوو وا نەبووە!

– وا دەڵێن.. بەڵام ئێستا ئێمەی لێین.

سمایل بەشێوەیەک لە نائومێدییەوە ڕوانییە سەر بەرزاییەکە و وتی:

– ئێمە ناو قۆڵتەکە نابینین تا لێمان بسڵەمێنەوە!

– ئێ قۆڵتەکە هەر ئەو تۆزەیە، ئەوەی بچێتە ئەوێ لەو بەرزاییەوە شۆڕدەبێتەوە کە دەیبینین، دەڵێی زۆر ترساویت سمایل؟!

سمایل بزەیەکی دەربڕی و بەشێوەیەک لە سەرسوڕمانەوە وتی:

– بڵێم چی!!

کوردۆ بزەکە هەر بە ڕوخسارییەوە بوو و دووربینەکەی دایە دەستی، وتی:

– کەواتە من بڕۆم، خەم مەخۆ زوو دێمەوە.

– خەم نەخۆم یان نەترسم!!

بەدەم پێکەنینەوە مەنجەڵەکانی هەڵگرت و چەکەکەی لە پەنایەکەوە دانا، وتی:

– سمایل ئێرە جێنەهێڵیت، ئەوە چەکەکەم لێرە دادەنێم ئاگات لێی بێت، چەک و مەنجەڵیان نەوتووە.

پاشان بەسەر بەرزاییەکەدا شۆڕبۆوە و گەیشتە سەر

جادەکە، لە نزیک چاڵ و چۆڵییەکەدا وەستاو ڕوانییە قۆڵتەکەی بەرامبەری، دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد:

– مەترسە، هیچی لێ نییە.

.....

هەوایەکی خۆشی هەبوو، دوو پەڵە هەوری بچکۆلە شان بە شانی یەکدی ئاسمانەکەیان بە نەرمییەوە دەبڕی، گژوگیای سەوزئامالی تەڕ و ناسک بڕێک بلندببوونەوە، سمایل کە پشتێنەکەی بەستەوە، ڕوانییە سەر بەرزاییەکەی جۆگەلە ئاوەکە و هەنگاوی نا، بازێکی دایەوە ئەوبەر و بەسەر خڕە بەردەکاندا ڕۆیشت، لە شوێنێکدا ڕاوەستاو پاش ئاوڕدانەوەیەک بڕێک گەڕایەوە، چەمایەوە و بەردێکی دەست دایێ، بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کرد و هەڵەوگێڕی کرد، بەردەکە درێژکۆلەیەکی مەیلەو سەوز بوو، هێندەی لەپی دەستێک دەبوو، لە هەموو لایەکەوە سەرنجی لێداو هەستی کرد دڵی خێراتر لێی دا، بەردەکەی بردو لە جۆگەلە ئاوەکەدا نقومی کرد، تەواوێ دەستی لێخشاند و دیمەنێکی جوان ڕژایە چاویەوە، بەردەکە تۆختر بوو و چەند هێلێکی تێکەوت، وەک شارەزایەک بەردەکەی لە چاوی نزیک خستەوە و گرنجی و قوولاییەکانی لێکدایەوە، لە بەشی سەرەوەیدا ڕوخساری بنیادەمێکی بەرجەستە دەکرد.. لە ئاوەکەدا نقومی کردەوە و کەوتە پاککردنەوەی، ئینجا هەستی بە ڕیشێکی درێژ کرد شۆڕببۆوە و بە سنگییەوە نووسابوو.. لەسەر لا ڕوخسارەکە نیگارەکەی خۆی لەدەستدا و لە نێوقەدا قۆڵێکی نیشاندەدا بە گیانییەوە لکابێت، پاشان بەرەوخوار لە شێوەی پالتۆ، یان بەرگێکی درێژدا دەینواند، لەلایەکی دییەوە سەرنجی لێدا و ڕوخسارەکە وەدەرکەوتەوە، کونێکیش کە هەر لە جێ بلقی تەقیو دەچوو لە ئاستی گوێچکەیدابوو، بڕێک سووراندییەوە و کلێتەیەکی لاری بینی، لە شوێنی لووتەکەی قووڵبۆوە و لەسەر ڕوو تەماشای کردەوە، شوێن لووتەکە بەنێودا چووبوو و دەتوت کەرتبووە، نزیکتر نیگای تێبڕی و بڕێک پەنجەی پێداخشاند،، هەستی بە زبرییەک کرد لە ئاستی لووتەکەدا، پاشان لەنێو چاڵە چاوە ناهاوسەنگەکانەوە ڕەنگێکی تری بەرچاوکەوت، هێلێکی سپی دەکشاو لەوێدا وەک تۆپەلێک دەگیرسایەوە، بزەیەکی دەربڕی و لە دڵی خۆیدا وتی:

«شتێکی کۆنە، ڕەنگە لووتەکەی شکابێ و لە قوڕ و ئاودا لووس بووبێت!!»

بەردە سەوزەکە کێشی لە قەبارەی خۆی قورستر بوو، لوولەیی بوو و دەتوت قوڕ و مارمارۆکە کراوە، بنەوەی ڕێک و تەخت بوو و چەند هێلێک قەڵشی باریکیان تێدا نەخشاندبوو، بڕێ هێڵ و خەتی بچووکیش سێگۆشەیی وێکهاتبوونەوە و ڕاست و چەپێکیان دروستکردبوو، لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری کرد و هێلێکی بەرجەستەی بەدی کرد، هێلەکە لەژێر دەستەکەرتبووەکەدا بەرە و خوار دەکشاو گرنج گرنج شۆڕببۆوە، زیاتر لە سەری قایشێکی دەکرد کەمەری بەستبێ و لە پێشەوەڕا گرێدرابێت، تەماشای بەری پشتەوەی کرد و دەمارێکی ئەستووری بینییەوە.. ڕوونتر سەرنجی لێداو هەستی کرد بەری پشتەوە لاربۆتەوە و بەچەشنی پەرۆ گووشراوە، ئاراستەی سەر شانەکان ڕۆیشت و تەنیا لاربوونەوەیەکی لەلایەکدا بینی، لەسەر قۆڵەکەوە بەنێودا چووبوو و ملێکی کورتی دەنەخشاند، لە ڕیشەکەی قوولبۆوە، بێ ئەوەی سمێڵ و هێلی دەمولێوی تێدا بێت بەرزببۆوە و تەواوی گەردنی داپۆشیبوو، سووراندییەوە و لە تیشکی هەتاوەکەدا ڕایگرت، ئەو سێبەرەی بەلایەکدا خۆی دەکێشا بە ئاستەم هێلێکی وەهمیی سمێلەکەی وەدەردەخست، هەستایە سەر پێ و بیری کردەوە.

«ئەمە تەواو نەکراوە، یان ڕەنگە لێی هەلوەریبێ و بەپێی ڕۆژگار لووس بووبێت.. ئەم بتە تەواو نەکراوە» لە هەموو گۆشەکانەوە تەماشای کردەوە و بینی ڕەنگەکەی کالتربۆوە، سەرلەنوێ لە ئاوەکەی نقوم کردەوە و ڕەنگە تۆخ و ئالەکەی دەستگیرکردەوە، سەوزێکی قەزوانیی بریسکەداری پیشان دەدا، ئینجا ڕوخسارەکەی بینییەوە.

«زۆرم بینیوە لەمە.. ئاوا تەواو نەکراون»

سەری هەڵبڕی و بەسەرسامییەوە لە بەرزاییەکان ڕاما، ئەو گوڵاڵەسوورانەی سەرەلەقەشیان دەکرد زۆر بە جوانی لەنێو گژوگیا و گوڵە بەیبوونەکاندا دیاریيان دەدا، قایشی چەکەکەی بەرزترکردەوە و چەند هەنگاوێک ڕۆیشت، بیری لەوە کردەوە بەردەکە لە جێیەکدا بشارێتەوە تاوەکو هاوەڵەکەی و کەسانی دیکە نەیبینن، ڕۆیشت و لەتەنیشت تاوێرێکەوە داینا، دوو سێ بەردی خستە سەرو ونی کرد، نیگای بڕییە بەردەکانی تر و ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو لەو شوێنەدا چ بەردێکی سەوزئامالی وای تێدا نەبوو لەوەی خۆی بچێت، جێگەکەی دەستنیشان کرد و بەسەر بەرزاییەکەدا هەلگەڕایەوە.

کوردۆ لەو ساتەدا بە دووربینەکە دەیڕوانییە ئاستی دەربەندە دوورەکە، دەربەندەکەش لێل دەچۆوە و بە ئاستەم دەبینرا، کاتێک هەستی بە دەنگی پێی سمایل کرد،

وەک ئەوەی بسلـەمێتـەوە، خێـرا ڕووەو لای ڕووانی و سەرنجێکی وردی لەسەر بەرزاییەکە دا، وتی:

– بۆ ئەوەندەت پێچوو؟

ســمــایـل وەک ئەوەی لەنێــو خــەیاڵێکی قــووڵدا وەئاگاهاتبێتەوە، وتی:

– کەمێک ڕووانیمە بەری پشتەوە، هیچ نیشانەیەک دیاری نادات.

– ئەوەی دوێنێ وتت زۆر ســەیر بوو، باشــە تۆ لەو باوەڕەدایت ئەشکەوتێک لەم نزیکانە هەبێت؟

سمایل سەرلەنوێ وەئاگاهاتەوەو وتی:

– من وا هەست دەکــەم ئەشکەوتێک لەم ناوچەیەدا هەیە و داپۆشراوە، ئەوانیش لەوێ خۆیان مـەڵاس داوەو جارجارە لێوەی دێنە دەرەوە.

پاشان خەیاڵی بۆ بەردە ڕەنگ قەزوانییەکە درێژبۆوە و لەگـەڵ دیمەنی ئەشکەوتێکی قـووڵدا گرێی دا، بەخـۆی وت:

«ئەو بتـە نیـشـانەی ئەوەیە ئەشکەوت هەیە لێـرەدا.. دەنا چی دەکات لەوێدا»

بەو بیرۆکـەیە هێندەی تر لە قسـەکەی خۆی قـایل بوو، هێندەی تریش بەردەکەی چوو بەدڵدا و شاگـەشکە بوو.. پاشـان دیمەنی ئەشکەوتێکی قـووڵ و پێـچـاوپێچی هاتە پێش چاو، دەکشـاو درێژدەبۆوە، وای بە خەیاڵدا هات لە چەند جێیـەکی دووردا زارک و کونی جیاجیای تێدابێ و هەندێکیـان نەمـاون و بڕێکـیشــیـان بە دەسـتی بنیـادەم داپۆشـرابنەوە، ڕوانیـیــە ئەولای بەرزاییــەکـە و لەخـۆوە شـارێکی گـەورەی دروست کـرد، شـارەکـە دەکـەوتە ژێر زەوییەوە و دەرگا و پلیکانەی جۆربەجۆری لەخۆ دەگرت، کەسانێکی زۆری تێدا بینییەوە هاتوچۆیان دەکرد و چەک و تەقەمەنییەکانیـان لە تاقەکاندا دانابوو، ئینجا بیری بۆ ڕابردوویەکی دوور کشـاو مەملەکەتێکی سەمەرەی خستە بەر نیگا، وێنەی چەند بەردێکی تاشـراو تاقـەکـانیــان داگیر کرد، بتە بچووکەکان پێکەوە دەچوونە پاڵ یەکتر و ڕیزیان دەبەست، ڕەنگەکـانیـان دەگۆڕاو شێـوەی باڵندە و ئاژەڵی ئەفـســـووناویان پێکدەهێنا.. دواتر وێنـە و نووسراوەکەی حامورابی بیرکەوتەوە، تاتەبەردێکی ڕەشی درێژ و حامورابی لەسەر کورسییـەکی شاهانە دانیشـتبوو، وێنەی پیـاوێکی تریش دەهاتە دیمەنەکـەوە، بەڵام ڕدێن و بەرگـەکـەی حـامـورابی دیمەنەکـەی دەتەنی، وەک ئەوەی شتێکی وەبیـرهاتبێـتەوە بڕێک سـەری هەڵبڕی، کوردۆ خەیاڵەکەی لێ پووچ کردەوە و وتی:

– ئێمە بە زیادە لێرە چاوەدێری دەکەین.

ســمــایل وەک ئەوەی گـوێی لێ نەبووبێ چ وەڵامـێکی نەدایەوە، پاشان پەیکەری ئافرەتێکی هاتەوە پێش چاو، بەردێکی ڕەشی قــەترانی وێنەی یەکـێک لە خـاتوونە فـیرعـەونییـەکـانی (١) لێ دروستکرابوو، بتێکی تا نێوقەد بە کەڵلەو ملەوە، بەخۆی وت:

«ئەو بتە فیرعەونییە هەر لەم ناوچانەدا دۆزرایەوە و بە بێگانەکانیان فرۆشت»

تاوێک بیری کردەوە و لەدواییدا وتی:

– کــوردۆ.. تۆ هیــچت لەو بتــانە نەبینیــوە کــە بە بێگانەکانیان فرۆشت؟!

کـــوردۆ چاوی لە دووربینەکــە کـــەلاخـــست و بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– کام بتانە؟!

– ئەوانەی دۆزرانەوە و فرۆشران! شتی کۆن!!

– شــتــێکی وام گـوێ لێ بووە، بەڵام هیــچـیــانم نەبینیون.. بۆچی؟

– هەروا...

کوردۆ وتی:

– لای ئێمە یەکێک سینییەکی دۆزیبۆوە، دەیانوت هی سەردەمی ئاشورییـەکـان بووە، کـابرایەک لەو ڕێکخـراوە بیانییـانە لێی کڕیبۆوە، وابزانم بە دوو هەزار دۆلار.. من بزانم لە کوەیتەوە هێنرابوو.

سمایل خۆی بە پشتێنەکەیەوە خەریک کرد و شتێکی تری بیـرکـەوتەوە، بەر لە سـاڵانێک کە چووبووە شـار لە چایخـانەیەکـدا دوو کـەسی بینیــبـوو باسی ئەو شـتـە کۆنانەیان بۆ یەکتر کردبوو، لە پاشاندا بەردێکی بینیبوو لەنێـو دەسـتیــانـدا، وێنەی بەردەکـەی دەبینیـیـەوە لەگـەڵ ئەوەی خــۆیدا بەراوردی دەکــرد.. ســەری هەڵبــڕی و تیــشـکـێکی ڕۆشنی لە ئاســمــانـدا بەدیکرد، ئەگــەر بەردەکــەی خــۆیشی ڕاست بێ و ئەو بڕە پارەیە بکات، پیـشـانی چەند کـەسێکی شـارەزای بداو... خـەیاڵی بۆ دوورتر ڕۆیشت، پارەکــەی چنگ کــەوتووە و دەڕوات، دەگاتە تورکیاو بەڕێی ئاودا بۆ یۆنان و لەوێشەوە دەچێتە وڵاتێکی ترەوە، دیمەنی شـەمەندەفەر و فڕۆکەیەکی زۆری بینی، پاشان دەبێتە کەسێکی تر و ژیانێکی خۆش بەسەر دەبات، لەناکـاودا جــووڵەیەک وەئاگـای هێنایەوە، دڵی بەلەز لێیداو وتی:

– شتێکم بینی جووڵایەوە، لەسەری زەلام دەچوو!!

کوردۆ بە شپرزەییەوە ئاوڕی لێدایەوە، وتی:

– لەکوێ؟

– لەوێ.. لە شوێنەکە.

هەردووكیـان بەترسـەوە ڕووانیـیـانە جێی قـوڵـتـەكە و هێندەی نەخـایاند دیمەنی قـەلەڕەشـێكیـان بیـنی، كـوردۆ پێكەنی و وتی:

– بەڕاستی ترساندمی!!

قـەلەڕەشـەكـەش دەنـووكـێكی كـوتا بە زەوییـەكـەداو هەڵفڕی.

............

دوو ڕۆژ دواتر، سمـایل بەردەكەی بە ڕۆن چەوركردبوو و هەروا تەماشای دەكرد، ئەمێستا ڕەنگەكەی ئاڵ ببوو و شێوەی پیـاوێكی تەواوی بەرجەستـە دەكـرد، پیـاوێكی قیت و لە سرووتێكی ئایینی نزیك دەبۆوە، لە جێیەكی باشتر دەگەڕا تا بیشارێتەوە، لە ئاكامدا خستییە بەر باخەڵی و بەرەو سەنگەرەكە پێی هەڵگرتەوە، لە دیواری پشـتـەوەی سـەنگەرەكـەدا، لە كـەلێنی چەند بەردێكدا دایناو داپۆشی، كوردۆ كە بینی، وتی:

– تا جۆگەكە دەچم، ها.. دووربینەكە بگرە.

دووربینەكەی لە ملی كردەوەو دایە دەستی، لەو كاتەدا شـڵـپـەیەكی بەهێـز دایچـڵـەكـاندن، زرمـەی تـەقین و بەركـەوتـن زارەتركی كـردن، ئەوانیش بەترسـەوە لەخۆوە كەوتنە تەقەكردن بە ئاسمـاندا، سمـایل بەشڵەژاوییەوە وتی:

– دووكەڵێكم بینی، شتێك لەوێوە جووڵایەوە!

تەمـاشـای جـێگەكـەیـان كرد و دوای تـاوێك كـوردۆ بە ئەبڵەقییەوە وتی:

– ئەو پیكابە! گووللەی ئارپیجی بوو، ئەها........!!

سمـایل دڵەكوتێی پێكەوت، چەند ئوتومـبێلێك لەوێ ڕاوەستـان و بەرەو لای كارەساتەكە ڕۆیشتن، ئەوانیش بۆ سـەر جـادەكـە شـۆڕبوونەوە و ڕووانیـیـانە قـوڵـتـەكـە، كەلێنەكەش نە بای دیبوو نە باران.

..........

تەواوێ دووچاری سەرسوڕمان ببوون، ئەگەرچی دوای لێكۆڵینەوە بەرپرسیار نەكرابوون لەو ڕووداوەدا، بەڵام لە ناوەوەیاندا ویژدانیان ئاسوودە نەبوو، كوردۆ وتی:

– باشـە ئەم شـتـە ناودەنێـیت چی؟! دەڵێن هەر لەو ئاستەشەوە پێكراوە! ئێمە بۆ هیچمان نەبینی؟!

– ئەشكەوتە!.. زاركی ئـەشكەوتێكی داپۆشـراوە و كەس نایزانێت.

– باشە با وای دابنێین ڕاستە و ئەشكەوتێكی تێدایە، ئەی بۆ ناپرسیت چۆن لەو قوڵتەوە دەیبینن ؟! ئەی بۆچی هەر ئوتومـبـێلی تایبـەتی پێـوە دەبێت؟! تۆ بڵـێی لە خۆیانەوە تەقە بكەن!! چۆن شتی وا دەبێت؟!

– مـەبەسـتـت ئەوەیە پێـشـتـر ڕێگاكـە دەبینن؟ ئوتومبێلەكان لە دوورەوە!

– دەبێ ببـینن.. لە دوورەوە دەیبینن و خۆیان ئامـادە دەكەن.

سمایل قەیرێك ڕاما و دوایی وتی:

– كـەواتە یەكـێك چاوەدێری دەكـات، ئەوەی تریش ئامادە دەبێت.

– بەڵگەش بۆ ئەوە، لەو كاتەدا بوو كە بە دووربینەكەوە خەریك بووین و كەسمان جێگەكەمان نەدەبینی!

سمایل وتی:

– بابڕۆین تەماشای بكەین...

پێكەوە چوونە سەر بەرزاییەكە و لەسەرەوەڕا سەرنجیان لە قوڵتەكەدا، هیچ شتێكی ناسروشتی دیاری نەدەدا و وەك هەمـوو كەلێن و قـەڵشـەكانی دیكە وابوو، سمـایل وتی:

– خۆزگە لەوبەرەوە، لە شوێنێكی دوورەوە بە دووربین سەیرمان بكردایە!

– ئەوەتا لەپێش چاوماندایە.. هیچی تێدایە؟

– گـومـانم لە هەمـوو بەردەكـان هەیە، پێـدەچێت داخرابێتەوە!

كوردۆ بەپێكەنینێكی گاڵتەئامێزەوە وتی:

– بۆچی چییە! فیلمە! خەونە!!

سـمـایل سـەرنجی لە شـوێنەكـە دا و تەمـاشـایەكی سەنگەرەكەی خۆیانی كرد، وتی:

– بڕوانە ئەم بەردە، ئەم بەردە چی دەكات لێرە؟! ئەگەر كەسێك لە پشتییەوە سەرەتاتكێ نەكات!

– بەردە وەكو هەموو بەردێكی تر...

.......

بۆ سبەی، سەر لە نیوەڕۆ.. سمایل لەناو سەنگەرەكەوە بە كوردۆی وت:

– تەمـاشـای ئەو بەردە بكە كـە پێم وتـیت.. هەست ناكەیت شوێنەكەی گۆڕابێت؟!!

كوردۆ سەیری كرد و بێ باكانە وتی:

– هێندە بە گـومـان مـەبە.. دەڵێی چی!! ناڕۆیت بۆ خواردنەكە؟

– ئەمڕۆش تۆ بڕۆ، پێرێ كردمە دەمەقاڵێ لە بارەگا.. ئێمە لێرەین و كەسیش خـواردنمان بۆ ناهێنێت هەر هیچ نەبێت بەنۆرە دوو كەسی تر ڕەوانە بكەن!

كوردۆ قەیرێك تێدامایەوە و لە پاشاندا وتی:

– باشە، دەڕۆم.

نیو كاتژمێر تێپەڕیبوو، سمایل لەناو سەنگەرەكەدا هەر

دەیڕوانییە بەردەکە و کەوتبووە نێو جیهانێکی ترەوە، بەردە قەزوانییەکە هێشتاکە ڕەنگەکەی خۆی نەگۆڕیبوو، بەو ڕۆنەی کە لێیدابوو تەڕ دەهاتە پێش چاو، ڕوخساری پەیکەرەکەش لەو ساتەدا بە مەینەتییەوە دەیڕوانی، سمایل هەڵەوگێڕی کردەوە و ڕژایە نێو لێکدانەوەوە:

«بە ئاراسی هاوڕێم دەڵێم.. ئەو لەگەڵ بیانییەکاندا ئیش دەکا و پێوەندی باشە لەتەکیاندا، بە سێباستیان و گێلا بڵێت، پیشانی ئەوان و چەند کەسێکی تری بدات».

لە پشت دیمەنی بەردەکەوە هەستی بە جوولەیەک کرد، بەردەکەی لادا و لە شوێنەکە قوولبۆوە، بڕێک شپرزە بوو و سامێکی لێ نیشت، بتەکەی خستە کەلێنی گوێنی و بەردەکانی بنەوەو ڕاستبۆوە، ئینجا بەردێکی خڕی دەست دایێ، خۆی ئامادە کرد و لە دواتردا بەردەکەی هەڵدایە قۆڵتەکەوە، لە بەری پشتەوە، لە ئاستی نزمایی و جۆگەلەکەدا خشپەیەکی کەوتە بەر گوێ، تاوێک سرتەی لە خۆی بڕی و گوێی هەڵخست، پاشان دوو فیشەکی بە ئاسماندا تەقاند و هێندەی تر دنیاکەی کشومات کرد، سەرلەنوێ خشپەکە لە تەرزی دەنگی پێ سەری هەڵدایەوە، فیشەکێکی تری تەقاند و لە سەنگەرەکە وەدەرکەوت، ڕووە و دەنگەکە کشاو، لەناکاو.. لەگەڵ دەنگی تەقەیەکدا هەستی بە قورسایی لاقی کرد، لە جێیەکی نەزانراوەوە فیشەکێک بەلەکی پێکا، کەوت و لەخۆوە چەند فیشەکێکی تری کرد بە هەوادا و دنیای شڵەقاند، ئینجا بەلەش قورسییەکەوە ڕووە و سەنگەرە لێڵەکە کشایەوە.. بڕێک گێژبوو و چەکەکەی لەدەست بەربۆوە، خۆی درێژکرد و لەسەر پشت بە لێژاییەکەدا شۆڕبۆوە، ئەو دەمەی گەیشتە لێواری جادەکە، ئۆتومبێلێک لە ئاستیدا ڕاوەستا و دوای کەمێک لەگەڵ خۆیاندا بردیان.

..........

فیشەکەکە لە تەنیشتەوە ئێسکی بەلەکی شکاندبوو، پاش نزیکەی دوو مانگ کە هەستی کرد دەتوانێت بەبێ بەکارهێنانی دارشەق ڕێ بکات، بیری لە بەردە سەوزەکەی کردەوە، ئەو شێوە بتەی لە سەنگەرەکەدا جێی هێشتبوو، بڕیاریدا سەردانێکی بکاو لەگەڵ خۆیدا بیبات.. بەخۆی وت:

«هەر کەسێکی لێبێت هەر دەڕۆم.. ڕەنگە کوردۆش هەر لەوێ مابێت»

هێشتا نەگەیشتبووە ئاستی سەنگەرەکە، لە ئۆتومبێلەکە دابەزی، حەزی نەکرد بیبینن لە ئۆتومبێلەکە دادەبەزێ و بۆ شتێکی گرنگ لادەدات، ویستی شتەکە زۆر ئاسایی بنوێنێ و ئەوە بەدەربخات کە کاتژمێرێک، یان هەر پێداویستییەکی تری لێ جێماوە و بە ڕێکەوت وەبیری هاتووەتەوە.

بە پێ ڕێگەکەی بڕی و هەر بیری لە شتێکی دیاریکراو دەکردەوە تا گەیشتە نزیک لاپاڵەکە، دوای چەند هەنگاوێک تەواوێ حەپەساو دنیایەکی تری بینی، نە لاپاڵ پاشماوەی مابوو نە دیمەنی سەنگەرەکەش، ئەوەی هەبوو زەوییەکی تەخت بوو و بڕێک بۆ پشتەوە، لە جێی جۆگەلە ئاوەکەدا، کۆمەڵە تاوێرێکی شکاو و کەڵەکەی بەدیکرد، سەر جادەکە چاک کرابۆوە و بەری چەپی فراوان ببوو.. وەک ئەوەی باوەڕ بە چاوی خۆی نەکات شوێنەکەی لێکدایەوە، لێکدانەوەیەکیش کە هێندەی تر جێگەکەی لێبووە گرێ و نهێنی و بەرەو جیهانی پەنهان ملی دەنا.

دوای تێپەڕبوونی کاتژمێرێک، خۆی خستە پشتی پیکابێکەوە و بەڕێگەکەی خۆیدا گەڕایەوە ، ئەو چەند کەسەیش کە لە پشتی پیکابەکەدا دانیشتبوون، بێ ئەوەی دیمەنی پاشماوەی لاپاڵەکە سەرنجیان ڕابکێشێ، سەریان نەوی کردبوو و بێباک بوون، سەرنجی لەو مێردمنداڵەی بەرامبەری داو لێی پرسی:

– ئێرە جێی ڕووداوەکە نەبوو؟!

– بەڵێ خۆی بوو...

مێردمنداڵەکە ئاوڕێکی لە شوێنەکە دایەوە و وتی:

– ئیتر دوای ئەوە، شەوێک بەرزاییەکەیان بە تی ئێن تی تەقاندەوەو شۆقڵ ڕایدا.. بەوە وای لێهات.

سمایل بە بزەیەکی تاڵەوە سەری بۆ لەقاند و ئاوڕێکی دایەوە.. هەستی کرد جگە لەو پیاوە بەردینەیەی کە هەپروون بووە و کەوتووە بەژێر ئەو وێرانەیەدا، خۆزگەکانیشی بەهەمان شێوە بەرەو ئەو قووڵاییانە ڕۆدەچن، وەک ئەو تاقی ئەشکەوتانەی لەپێش چاودا وەبەر تیشک و ڕووناکی کەوتن و هەرگیز بە ڕاستەقینە نەبینران.

**(١) مەبەست لە پەیکەری نیوەی (نیڤرتیتی)یە، ژنی فیرعەون ئەخناتوونە.**

# باژێرێ خەونان

**نەفیسا ئیسماعیل**
**(دهۆک)**

ئێڤارییەکا زڤستانێ یا درەنگە، سەرمایەکا نەرم هەموو باژێر داگیرکریە و ئەورا ئاسمان نخافتیە، تە نەڤیا دلێ وی بهێلی دەمێ داخوازکری بچنە گەڕیانەکا نێزیک ل گوندی، سەقای تو هاندای قەبوول بکی، دەمێ هوون ب سەر شەقامی کەفتین دیمەنەک ئاشۆپی ل بەراهییا هەوە خویا دبوو، دەنگێ سترانا ژ رادیۆیا تورومپێلێ دهات هندەک یاد دسینگێ تەدا دلڤلڤاندن، کت و ماتێن تورومپێلان دهاتن و دچوون، باژێر ل پشت هەوەڤە دما، تو ل خوە دزڤڕی دناڤبەرا هەردوو چیانرا دیمەنێ باژێری دناڤ مژێ وەرببوو، وەکو کەڤالەکێ شێوەکاری دیار دکر، وی دگەل سترانێ دستراند، دەستێ تە یێ نێزیک دگرت، ئارامییەک ب سەر گیانێ تەدا دهات خوار، هوون پتر دوور دچوون، هەر چەندە تە نە دڤیا، بەلێ خوەشیا سەقای و دیمەنێن جوان هوون پتر دکێشان، دوور ژ شەقامی ول بەر لێڤا رووباری چەند تۆلازان سەمایەکا هۆڤانە دکر، دگۆتە تە: ئەو دمەستێ تورومپێل پتر دناڤ جوانیا سروشتی دکەفت، هەتا دگەهشتنە بەر لێڤا ئاڤێ، ل سەر لێڤا ئاڤێ ول بەتەنا گرکەکی رادوەستی کوور دفوکوری، رەنگڤەدانا سروشتی و گرک و چیا و دارێن خەمگین ژ بەر ژ دەستدانا بەلگێن خوە ئەوێن بووینە خەملەکا جوان بەرپێن وان داپوشین و ئەو کتێن بالندێن ژ بەر مشەختبوونێ ڤەرەستین و رەشاتیا ئەورا هەمیا دئاڤێدا باژێرەکێ خەونا خەملاندبوو و یا جوانتر ئەو بوو تیشکێن تاڤێ دناڤ ئەوران را رێیەک ڤەکر بوو و رەنگێ ئاڤابوونێ دگەل زەراتیا بەلگێن داران وەکی زەراتیا زێرێن بووکێ ل خەملا رۆژا بووکانییێ دناڤ ئاڤێدا خویادکر، بێدەنگییا سروشتی و باژێرێ خەونان خەمێن تە دئازراندن، ترسەکێ خوە ل دلێ تەددا، بۆ چرکەکێ تە خوە ب تنێ دگەلدا ل ناڤ ڤی سروشتێ بێ دووماهی ددیت، ترساتە کوورتر لێ دهات، ئەو مژوولی ئاگر هلکرنێ دبوو، دگۆتە تە خوەشیا ڤی سەقایی ب ئاگر هلکرن تمام دبت، ل ئالییێ دی یێ گرکێ تو ل سەر راوەستیای کۆچکەک هەبوو، وە دیارە یێ هندەک سەیرانییان بوو، دگۆت: ل ڤێرێ دێ زووتر ئاگر هلبت، بۆ دەمەکی تە خوە ب تنێ دیت، ئەرد و ئاسمان و ئاڤ و باژێرێ خەونان ل بەرامبەری تە دەنگ و دۆرەکی سەرێ تە تژی کر ترسا تە ڤەلڤاند، چەند تۆلازەک نێزیکی تە دبوون و تۆ دکێشای، تە دکر هاوار، لێ دەنگێ تە ب تنێ ئەوران دکەفت و دناڤ باژێرێ خەوناندا بەرزە دبوو، بزدیان د ئاورێن تەدا دیار دبوو، چ بکی؟ تە هزرا خوە کر، پاکا ئەو، کێڤە چوو؟ دەمێ تە هزرا وی کری



ئارامـیـیـەک ب سـەر لەشێ تەدا هات خـوار، لێ ل بەر چاڤێن تە نە دکەفت، تە دگەل خوە دگۆت: ئەو ب تنێ دێ چ ل ڤـان کت؟ بۆ چەند چرکـەکـان هزار هزر دسـەرێ تەدا وەکی کون مێرییێ غولغولین، وان پتر تو دکێشای و تە پتر خوە ب دارەکا ژ هێز کـەفتی ڤە دشداند، دیسان هزرێن تە پێکۆل دکرن ل دەرفەتەکا رەڤێ بکەرن، تۆ بەر ب باژێرێ خەونان دبری ئێک ژێ دەرکـەڤت و تە قـورتال بکت، یـان تە هزر دکر ئەگـەر ژ دەسـتـێـن وان بڤـەرەسی، باشتر ئەوە خوە بهاڤێژی ئاڤێ و باژێری خەونان دێ تە دناڤ خـوەدا بەرزەکت، ترسێ تو بێـهـێـز دکـری و ئەو ل سەر نیازا خوە درژد بوون، دململانا وەدا ئەو سەردکەفتن و تو دکێشای ئالییێ دی یێ گرکی، تو کریە دنیڤا خوەدا و دەست ب سـەمـاییێ دکـرن و ل دۆر تە دەست دقـوتان و دزڤرین، تە ب هەمـوو شـیـانێن خوە هەولا رەڤێ دکر، لێ ئەو دەرفـەت بو تە نـەدهێـلان، دەسـتـێن هەڤـدو دگـرتن و دەست ب ستران گوتنێ دکرن، خوە نێزیکی تە دکرن، هەر یەکی تو بۆ ئالییێ خـوە دکـێشـای، تە دکر هاوار چپکێن بارانەکـا هوور دگـەل رۆنـدکـێن تـە تێکەل دبوون، دگـەل هاوارا تە دەنگی وی تو قورتال دکری.

– وەرە ئاگر هلبوو.

تو ڤـەجنقی، ل بەر لـێـڤـا ئاڤـێـی و باژێری خـەونان سەرنجاتە رادکێشیت.

**کانوونا بچووک/ ٢٠٠٤**

# گەشتی مەرگ

گزنگ ئەسعەد هۆرمزی

لە ڕۆژیکی مانگی تەمووزدا، لە ئێوارەیەکی درەنگی بێگەرددا، کەناراوەکانی شاری ئەزمیر وێنەیەکی پرشەنگیان دەنەخشاند، سیما پەمەییەکەی خەڵکەکە و جموجووڵی هێمنی پاپۆڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەریاکە لەگەڵ پێکەنین وگاڵتە و دەست لەملانێی کچۆڵە ڕووتەکان و گەنجە مەلەوانە بەهرەمەندەکانی کەناراوەکە ئاوێتە ببوون. تینی خۆرەکە زۆر بەهێز بوو، بەڵام تاو ناتاوێک شنەبایەکی فێنک لە دەریای ئیجەوە هەڵی دەکرد و باوەشی دەکردەوە، هونەری سەمای فێری پاپۆڕەکان دەکرد و ماچێکی لە ڕووە سوورەکەی شاری ئەزمیر دەدزی، ئەمانە هەموویان پێکەوە دیمەنێکی بێ هاوتایان دەنواند. لەلای ڕاستی گۆشە پان و بەرینەکەی سەر کەناراوی دەریاکە سێ خێزان، دووانی کورد و ئەوی تریشیان عەرەب وەستا بوون، لەلای چەپیشەوە سێ گەنجی کورد، هەر بۆ کات بەسەربردن و ڕزگاربوون لەو چاوەڕوانییەی کە دوو کاتژمێری خایاندووە، پشتیان لە خێزانەکان کردبوو، لە کوردیان نەدەکرد، چونکە بە دەم گاڵتەکردنەوە، بە بینینی هەر کچێکی تورک، وەک بڵێیت پێشتر کچیان لە کوردستان نەبینیبێت، گۆرانی «بەژنت داری لاولاوە...»ی حەسەن زیرەکیان دەچڕی. ڕۆژئاوایی ئاسا ڕەفتاریان دەکرد:

– ئەو کچە مایۆ سوورە زۆر جوانە!.

– نەخێر، مایۆ شینەکە کە لەگەڵ کوڕە شۆرت ڕەشەکەدایە، لە هەموویان ناسکۆڵەترە!

– هێی کچە جوان! ئەگەر دۆلارێکت پێ بدەم، ڕازی دەبیت لەگەڵ کوڕە کوردێک ببیتە گێرڵ فرێند!.

ئەمانە و چەندەها تانەی تر کە سێ خێزانەکەی سەر گۆشەکەی بێزار دەکرد. باوکەکان پەشۆکابوون لەوە دەترسان ئەو ڕەخنە و گاڵتە و وشە کوردیانە ئاشکرایان بکات. لەوانەیە ئەم حاڵە بۆ خێزانەکان زۆر ناخۆش بێت، بەڵام بۆ گەنجەکان شتێکی نائاساییان تێدا بەدی نەدەکرا، چونکە ئەمە جاری یەکەمیان نییە لەم گۆشەیە دەوەستن، بەڵکو دوو جاری تریش لێرە ماون و دواتر دەستگیر کراون و سنوورداش کراونەتەوە. منداڵەکان تەواو ئاشنای یەکتر ببوون، چەشنی پەپوولە بەدەم یاری کردنەوە لەم سەر بۆ ئەو سەر بە دوای یەکتری دەکەوتن و جارجاریش بەردیان دەگرتە سەرنشینە ڕووتەکانی پاپۆڕەکان. ئەم گڕوگاڵەی منداڵەکان دایکەکانی هەراسان کردبوو، کە تا ئەوکات ئەوانیش وەک منداڵەکان خۆیان بەیەکتری ناساند بوو و هەرکەس باسی خۆی بۆ ئەوانی تر دەگێڕایەوە.



– ئاکار، کوڕم دوورمەکەوە. یەکێک لە دایکەکان کە پەروین خانی ناو بوو، بانگی کوڕەکەی کرد.

– عەلی، نەدا، بەسە دەنگە دەنگ مەکەن، وەرنەوە ئێرە، زوو.

دایکە عەرەبەکە بە زمانی عەرەبی هاواری بۆ کوڕە ١٠ ساڵەکە و کچە ٧ ساڵەکەی کرد.

کاک فارس ئاغا، کە خۆی و سێ منداڵ و مامۆستا ڕووناکی خێزانی لەگەڵ دوو خێزانەکەی تر وەستا بوون، بە دەنگێکی بەرز و نیوەچەوان گرژەوە ڕووی کردە منداڵەکان و دایکەکان:

– ششششش، چیتر با دەنگتان نەیەت، ئەی ئێوە نازانن هەر وشەیەکی کوردی یان عەرەبی لە دەمتان دەربچێت، قوڕمان بەسەردا دەکات.

ئینجا بە گەنجە ئاژاوەچییەکانیشی گوت: کاکە بەسە عەیبە، گۆرانی بە کوردی مەڵێن، تکایە.. ڕیسەکەمان لێ مەکەنەوە خوری!

– مامۆستا گیان، ئەمجارە نا جارێکی تر، زۆر زۆر ئەم جارەش سنوورداش دەکرێینەوە، خوا یار بێت هەر دێینەوە ئەم ڕێگایە، جا یان تێ دەچین یان دەردەچین.

گەرمیان بە زەردەخەنەوە ڕووی لە دەریاکە سووڕاند و وەڵامی فارس ئاغای دایەوە.

– بەخوا ئەگەر کار وا بڕوات هەر تێ دەچین بەسایەی ئەو توانج و پلار و گۆرانییە کوردیانە.

کچۆڵەیەکی ناسک کراسێکی پرتەقاڵی و شۆرتێکی تەسکی سپی لەبەر بوو بە خێرایی بەلایانەوە تێ پەڕی، بە ئاستەم سەیرێکیانی کرد، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات هەڵوەستەیەکی کرد و ڕۆیشت. گەرمیان چیتر خۆی پێ نەگیرا، بە دەنگێکی بەرزتر لە جاران و بە ئاوازەوە " لەسەر ماچێکی شەڕە خەنجەرە...... " .ئەم گۆرانییە هەموویانی خستە پێکەنینەوە، هەرچەندە منداڵەکانیش گۆرانییەکەیان نەدەزانی، بەڵام بە لێوجوولان دەیان وتەوە.

باوکەکانیش بەیەکەوە: خۆزگەم بە دڵتان، چیتان هەیە خەمی لێ بخۆن؟ نە ماڵ، نە منداڵ، نە ئەرک!

تەکسییەکی زەرد لەسەر شەقامە گشتییەکەی بەرامبەر گۆشەکەی کەناراوەکە ڕایگرت و گەنجێکی ڕەشتاڵەی باڵا کورتی ناشیرین و کچێکی شۆخ و نازداری لێ هاتە خوارەوە، گەنجەکە بە دەستێکی جانتاکەی هەڵگرت و دەستەکەی تریشی خستە ناو دەستی کچەکەوە، پێدەچوو هاوسەری یەکتر بن، بەرەو گۆشەکە هاتن و لە دووری خەڵکەکە وەستان. چاوەکان وەک دەرزی تێیان چەقین "دەبێت چی یەکتری بن؟ هاوسەری یەکتر؟ باشە بۆ لێرەن؟"، " خۆ نیازیان نییە بە ڕێگای قاچاغ بڕۆن؟"، " ئەو نەرمۆڵە و ناسک، ئەویشیان ڕەقەڵە و یەکجار ناشیرین".

شلێر خانی خێزانی کاک عومەر لە ژێرەوە نوقورچەیەکی لە پیاوەکەیدا و لە ژێرلێوانەوە: عومەر، سەیرکە، ئەم خەڵکە کچ دەدات بە کێ؟ داخەکەم چۆن خۆی خەسار کردووە!.

– مادام هەندەرانە دەیدەن؟ خۆ کە گەیشتە ئەوروپا پارە و دۆلار ڕەوانە دەکاتەوە!.

هەر سێ گەنجەکەش هەمان ڕایان هەبوو، بۆیە لەنێو خۆیان سەریان لەیەکتر لەقاند و هەر بەچاو ئاماژەیان پێیان دەکرد.

– دەک عەمرت نەمێنێت پیاو، چۆن دڵت دێت ئەم نازدارە بە ڕێگای قاچاغ بگەیەنیت؟!.

– تۆ بڵێ عەمری دایک و باوکی نەمێنێت، ئاوایان بوار پێداوە بەم شێوەیە بیبات.

گەرمیان کە ئەوکات جگەرەکەی لە دەم بوو، قومێکی قووڵی کێشاو سەیرێکی کچە کوردە نازدارەکەی کرد: "بە داخەوە، چۆن غیرەتی قبووڵی کرد وا بکات، بەس بۆ نا، ئەوان هەر خەمیانە بگەنە هەندەران و تەواو، ئیتر چۆن دەبیا و چۆن دەیهێنێت کەیفی خۆیەتی.

سەردار بە ڕووگرژی ڕووی کردە هاوڕێکانی: مرۆڤ قسەی ڕاست بکات، کچەکەی لێ خەسار بووە، سەیری کەن چەند لووتی بەرزە!. عەیبیش ناکات خۆی و دەستگیرانەکەی بەم ڕێگایە دەڕۆن.

دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت گڵۆپەکانی ئۆتۆمبێل و سەر شەقامەکان یەک لە دوای یەک دادەگیرسان شەوقیان لە دەریاکەوە دەشکایەوە و ڕووی منداڵەکانی گەشتر و بەرەونەقتر دەکرد، بازاڕ لە جووڵە نەکەوتبوو . بەڵام سەر پاپۆڕەکان هێواش هێواش چۆڵ دەبوون. سەر کەناراوەکان تێنووی شوێن پێ و خەندە و گاڵتەی گەنجە ڕووتەکان بوو، دەریا ڕقی لەو خەڵکە هەڵساوە، بۆیە تا دەهات شەپۆلەکانی توندتر دەکرد و پاپۆڕەکانی دەهەژاند.

پاسێک وەستا، دوو خێزانی حەوت کەسی و گەنجێکی باڵا بەرزی ڕەنگ گەنمی لێ هاتە خوارەوە. سەیرێکی ئەم لاو ئەولایان کرد، بەرەو گۆشەکە چوون، ئەم گۆشەیە ئەو شوێنەیە کە کابرای قاچاغ وادەی پێدابوون. یەکێک لە کچەکانی کاک فارس کە تەمەنی ١١ ساڵ دەبوو بە پێکەنینە پاکەکەیەوە: بەخێربێن، بەخێربێن .

" کچێ وس ... عەیبە بێدەنگ بە "مامۆستا ڕووناک

زاری منداڵەکەی گرت.

دوو خێزانە تازە هاتووەکە بەرەو لای خێزانەکان چوون و گەنجەکەش بێگومان بەرەو گەنجەکان. هەر کە خێزانەکان گەیشتن هەمووی بە ڕووی یەکتر پێکەنین. ئەوانەی لێرە کۆبوونەتەوە سی کەس زیاترن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە پاساوی خۆیان هەیە بۆ کۆچ کردن و گرتنە بەری ئەو ڕێگا نایاساییە. بەڵام هۆکارەکان جیاوازن، یەکێکیان لەبەر هەژاری و نەداری، ئەوی تریان لەبەر نالەباری باری دەروونی، یەکێکی تر بەهۆی نا سەقامگیری باری کۆمەلایەتی و هەندێکیشیان نائارامی سیاسی و نەگونجان لەگەڵ حزبی دەسەلاتداری شارەکەی، بەڵام هەندێکیشیان لەبەر پارەو خۆش ڕابواردن و هێنانەدی خەونی شەوە سوورەکان لەگەڵ فریشتەکانی ئەوروپا تەنگی پێ هەڵچنی بوو. ئەوانەی لێرەن تەنیا نەدار و خەڵکی ڕەمەکی و ناتێگەیشتوو نین، بەڵکو دەوڵەمەند و پۆستی بەرز و خاوەن بڕوانامە و کەسایەتی پلەدار و تێگەیشتوویانیش تێدایە. وا پێ دەچێت هیچ کەسێک لەوانە ڕازی نەبوبێت جڵەوی ئارەزوو و خەونەکانی خۆی بداتە دەست ناهەمواری بارودۆخی کوردستان.

گەرمیان لە کوڕە تازەهاتووەکە چووە پێش تۆقەیەکی لەگەڵ کرد : بەخێر بێیت

– سوپاست دەکەم مەمنوون....، تازەهاتووەکە بۆی دەرکەوت ئەوانیش وەک ئەو کوردن.

– ببوورە، ناوت بەخێر چییە؟ خەڵکی کوێیت؟.

ناوم ڕاوێژە، خەڵکی هەولێرم، ئەی جەنابتان؟

گەرمیانم ناوە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گەرمیانم، بەڵام ١٠ ساڵە لە سلێمانی دادەنیشم. ئەوانی تر یەکەکە تۆقەیان لەگەڵ ڕاوێژ کرد و خۆیان پێ ناساند:

– من دلێرم، خەڵکی سلێمانیم.

– سەردار، سلێمانیم.

" پێخۆشحاڵێن" تاکە وەڵامی ڕاوێژ بوو.

ڕاوێژ یەک بە یەک سەیری خەڵکی سەر گۆشەی کەناراوەکەی کرد، لە پڕ چاوی زەق ما، زیاتر تێی ڕاما، لە دڵی خۆیدا: ئەمە چی دەکات لێرە؟! بۆ لێرەیە؟! چۆن براکەی ڕازی بووە بەم شێوەیە بینێرێتە ئەوروپا؟.

ڕووی سووڕاندە لای هاوڕێ تازەکان. گەرمیان هەستی بەم هەڵوێستەی ڕاوێژ کرد. پاکەتێکی شڕی لەناو گیرفانی دەرهێناو لەبەردەمیانی ڕاگرت.

– فەرموون، دانەیەک بکێشن . دلێر هەڵی گرت، بەڵام ڕاوێژ و سەردار سوپاسیان کرد.

گەرمیان جگەرەکەی خۆی پێکرد و بەدەم کوژانەوەی شخارتەکە: پەلەت نەبێت، لە ئەوروپا شتی جوانتریشی لێیە!

– ببوورە، لەگەڵ منت بوو؟ ڕاوێژ تێ گەیشت گەرمیان مەبەستی چییە، بەڵام خۆی وا نیشاندا نازانێت.

– لەگەڵ ئەو کچەمە... ئاماژەی بە کچەکەی تەنیشت کوڕەکەدا کە ئەو کات هەردووکیان دەستیان خستبووە ناو دەستی یەکتری سەیری دیمەنی ڕۆژئاوا بوونەکەیان دەکرد.

ڕاوێژ ڕقی هەڵستا و بەڕوو گرژییەوە : من هەرگیز بیرم لەو شتانە نەکردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ناچمە هەندەران، ئەو سارایەش ئەوەندە ناهێنێت!

– چۆن زانیت ناوی سارایە؟.

ڕاوێژ پرسیارەکەی بە هۆیێک زانی و ڕەنگی سوورهەڵگەڕا، بە تووڕەییەوە : لەبەر ئەوەی خەڵکی گەڕەکەکەی خۆمانە .

– باشە تووڕە مەبە، هیچم گوتووە؟

هەموویان بێدەنگ بوون، شەپۆلەکان لە هاژەی خۆیان نەدەوەستان، کەناراوەکەش لە تۆ وایە بیابانێکی تێنووە، بەڵام ئەم جارەیان تێنووی مرۆڤە نەک ئاو!.

لەولاوەش خێزانە تازەهاتووەکان تەواو لەگەڵ ئەوانەی پێشوو گونجابوون. دیاربوو لەگەڵ هەندێکیان لە چەند لایەکەوە ناسیاو دەرچوون. مامۆستا ڕووناکی خێزانی فارس ئاغا بە فیزێکەوە سەیری ئافرەتەکانی تری کرد: باوکی منداڵان پارە و زێڕەکانی لەلای من دانا، دەستی کردە بەر پشتێنەکەی: لە ترسی ون بوون و دزین لێرەم شاردوونەتەوە.

– دەستت خۆش بێت!، ئیشی چاکە!... ژنەکان بە دەست خۆشی لێکردنەوە: ئێمەش وەک تۆمان کردووە.

گەرمیان دوای ئەوەی گوێی لە قسەکانی مامۆستا ڕووناک بوو: دنیا زۆر سەیری..! سەیرکەن پیاوی دەوڵەمەندیش هەروەک پیاوی فەقیر دەیەوێت بە بەلاش بگات بە هەندەران، بەڵام قەیناکا، داخەکەم بۆ منداڵەکان و ئەو کچۆڵە نازدارەیە وا ئاوا لەگەڵ دەستگیرانەکەی بە نیازی دەرەوەن. دلێریش بەدەم جگەرە کێشانەوە سەیری سارا و دەستگیرانەکەی کرد، سەری لەقاند و ڕووی لە گەنجەکان کرد:

– کاک گەرمیان، بارودۆخی ئەمڕۆی کودستان سەدان دایک و باوکی هەڵخەڵەتاند و وای لێکردن کچەکانی خۆیان تەنانەت کوڕەکانیشیان لەدەست بدەن، ساراش یەکێکە لەو قوربانیانە، باش نییە ئەمە شووی بە

یەکێکی گەنج کردووە... هەرچەندە ناشیرینیشە، دڵنیام ئەویش نالەباری کوردستان ڕاپێچی هەندەرانی کردووە.. ئێی بێگومانیش کە لە هەندەران بە پارەیەکی زۆر بێتەوە، حەقی خۆیەتی کچێکی وا نازدار وەک ئەوەی لایەتی، ئێستا هەڵبژێرێت.

دوا قومی لە جگەرەکەی دا و تووڕی دایە ناو دەریاکە: سەدانی وەکو سارا، تەنیا لەبەر ئەوەی کابرا لە هەندەرانە، شوویان بە پیاوی لە تەمەن باوکیان کردووە، من خۆم خوشکی خۆم تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو کەچی شووی بەپیاوێکی تەمەن ٤٥ ساڵ کرد، مادام هەندەرانە... بەسە!

کەس وەڵامی نەدایەوە، ناچار دووبارە سەیری دەریایان کردەوە.

کاک فارس لەولاوە بێزارییەکی زەقی پێوە دیار بوو، بۆیە ڕووی لە هەموان کرد: نازانم کابرای قاچاغچی بۆ تاخیر بوو؟

– پەلەت نەبێت ئێمە وادەمان کاتژمێر یازدە و نیوی شەوە، جارێ کاتمان زۆر ماوە .

گەرمیان لە نهێنی ئەوانەی لەگەڵی بوون ئاگادار بوو، بە خشپە خشپ یەک دوو هەنگاو لە ڕاوێژ چووە پێش، نەیدەزانی چۆن بێدەنگییەکە کۆتایی پێ بهێنێت و بابەتەکە بکاتەوە.

– خۆ هیچت لە دڵ نەماوە؟

– تێ ناگەم......!

– ئەو کاتەی وتم، کچی جوانتر لە سارا لە ئەوروپا هەیە.

– نا نەخێر، من مەبەستی چوونە دەرەوەی وڵاتم بۆ ڕابواردن نییە. من بەهانەی خۆمم هەبوو، یەکەمیان، پێویستم بە پارە بوو، ئیشوکارێکی ئەوتۆم لە هەولێر نەدۆزییەوە کە بەرامبەر بە بڕواناکەم بێت، من خۆم دەرچووی کۆلیژی ئەندازەم، بەڵام بوار نەما لە هیچ شوێنێک دامەزرێم، بۆیە ناچارم سەری خۆم هەڵگرت و هاتمە ئێرە... قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بڕوام نەدەکرد بێمە ئێرە، هیچ کاتێک بیرم لە هەندەران نەدەکردەوە، بگرە گاڵتەشم بەوانەی هەندەران دەکرد.

چەند چرکەیەک لە قسەکردن وەستا و چاوی پڕ لە فرمێسک بوو: دووەمیشیان، دەزانیت هاوینی هەولێر چەند گەرمە!، ئەگەر دەتەوێت ئارەزووت بکەوێتە سەر کۆچ، بڕۆ بۆ ماوەیەک لە هەولێر نیشتەجێ بە، بێ سەهۆڵی و بێ کارەبایی و گەرما و تاریکی زستان بچێژە ئینجا قەت ئەو پرسیارە لە کوڕێکی هەولێری ناکەیت... ماوەیەک وەستا، بە تووڕەییەوە ئاماژەی بە پێنج خێزانەکە کرد کە تا ئەو کاتەی ڕاوێژ قسەی دەکرد ئەوان هەر باسی زێڕ و پارە و دۆلار و پایەی بەرز و خانووە گەورەکانیان دەکرد: من پێم سەیرە ئەوانەی حاڵیان باشە و نەدار نین لێرەن، باشە بۆچی؟.... کاکە، خۆ ئەوانە دەتوانن بە ڕێگای یاسایی بڕۆن، بۆ بە ڕێگای قاچاغ؟ تۆ بڵێیت پیاوەکان لە ژیانی ماڵ و منداڵیان نەترسن، بە ڕاستی زۆرم پێ سەیرە!.

ڕاوێژ ماوەیەکی درێژ بێ دەنگ بوو، هیچی تر لێوەکانی لەیەکتر نەترازان. ناچار دووبارە لە دەرفەتێکی تر گەڕا: ڕاوێژ.....

– بڵێ..

– سارا بە ڕاست دراوسێتانە؟

– ئەی خۆ بە گاڵتەش نا! بەڵێ دراوسێمانە.

– خەڵکی کوێیە؟

– خەڵکی هەولێرە.

– ئای لەوە!، هەولێر کچی وا جوانیشی تێدایە من نازانم!

ڕاوێژ ڕووی گرژاند و ویستی بابەتەکە بگۆڕێت: گەرمیان تکایە با باسی سارا نەکەین، ئێمە حەقمان چییە؟!، خوا لەیەکتریان پیرۆز بکات. من تەنیا بەوە سەخڵەت بوومە کە براو دایکی بەم جۆرە ڕەوانەی هەندەرانیان کردووە.

– ئای کە بە بەختی ئەوانەی کچی وایان دەست دەکەوێت، من وام بۆ ڕێک نەکەوتووە... بە نائومێدییەوە.

ڕاوێژ بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری گەرمیانی کرد و بە توندی گرتییە باوەشی خۆی دەستی بە پشتی داهێنا: کوڕە تۆش لە خۆمانی؟.....هااا!.

– ڕاوێژ مەزانە من بۆ ئەوکارانە دەچمە هەندەران، نەخێر، منیش وەکو تۆ، باری نائاسایی کوردستان و بێ هاوڕێیی بێ بێزاریان کردم و ناچار بڕیاری سەرهەڵگرتنم دا.

دیاربوو زۆری لە دڵ بوو بیڕێژێت، ڕاوێژ لە ژێرەوە سەیری کرد بە خەندەیەکی ئاستەمەوە چاوەکانی لێ داخستن و هانی دا قسەکان تەواو بکات. ئەویش وەک بڵێیت چاوەڕوانی ئەو گڵۆپە سەوزەیە بوو: تۆ هیچ نەبێت کەسوکارت زۆرن، باوکت و دایکت ماون، خوشک و برات هەیە، تۆ تەنیا لەبەر نەداری و گەرما و سەرما و بێ کارەبایی و بێکاری ڕووت لێرە کردووە. لەبەر بێکەسی و ڕێزنەگرتنی خەڵک و نەبوونی دایک و باوک

و خوشک و براو تەنانەت خزم و کەسی دوور هاتووینەتە ئەم شوێنە و ئا بەم شێوەیەش، ٩ ساڵ زیاترە هەواڵی کەسیان نازانم، نازانم مردوون ماون...؟! هیچی تر خۆی پێ نەگیراو دەستی کردە گریان، سەیرە ئەگەر پیاو بگریێت، بەدەگمەن دەگرین، بەڵام لە ئافرەتان زیاتر بەسۆزتر دەگرین... هەندێک جار دەڵێم خۆزگە منیش وەک ئەوان ئەنفال بکرابوومایە، خۆزگە ئەوکات لە شار نەبوومایە و لە گوندەکەی خۆمان شان بەشانی ژن و منداڵ وپیر و لاوەکان بمردابوومایە، زۆر چاکتر بوو لەوەی کە ٩ ساڵ بە بێکەسی بژیابوومایە و لە نێو خەڵکی بێ قەدر بوومایە، ئەگەر بچووبوومایە داخوازی هەر کچێک، پێمیان دەگوت کوا خێزانت؟ کوا ئەسڵ و فەسڵت؟ کوڕی کێت پێ دەڵێین؟ وەلحاسڵ لە هیچ شوێنێکی ئەم کوردستانە شوێنم نەدەبووەوە، تا مردن پێم دەگوترێت پاشماوەی ئەنفال، تا مردن وێڵ و سەرگەردانی پێکهێنانی خێزان و ماڵێکی شیاو دەبم، کێشەکەی من هەژاری و نەداری نییە، ڕاوێژ، کێشەی من بێکەسی و نەهامەتییە خەڵکینە، تێ دەگەن لێم؟! کێشەی من دەروونییە نەک پارەوپووڵ؟! تێ دەگەی لێم ڕاوێژ گیان...ها.. ئێستا هەر هەمووتان تێ دەگەن لێم؟!. من وەکو ئێوە نیم، من بستێکی ئەو خاکە و ئەو کەرکووکە بە هەموو ئەوروپا و هەندەران نادەم، بەڵکو بە هەموو سامانی دنیاش نادەم!. ئێستاش ئەگەر ناسیاوێکی لادێکەی خۆمان بدۆزمەوە لەگەڵی دەبم و تەنیا بۆ ساتێکیش بەجێی ناهێڵم.

لاوە سەرگەردانەکان سەریان بۆ لەقاند، درکیان بەوە کرد کە گەرمیان هۆکاری ماقووڵی خۆی هەیە بۆ کۆچ کردن نەک وەکو ئەوان لەبەر چەند کێشەیەکی دارایی وەک ئەوەی ڕاوێژ و یاخود کێشەکەی دلێر کە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی قسەکانی گەرمیانی دەکرد بۆ ئەوەی ئەویش هۆکارەکەی خۆی بڵێت: من ئەگەر باوکێکی پیاوانە و ئیشکەر و خەمخۆری ماڵم هەبوایە قەت کوردستانم بەجێ نەدەهێشت. ئێستاش گومانم هەیە، لەوانەیە ئازاری دایکم و خوشکەکانم بدات، ئەو زۆر دڕندەیە، تەنیا خۆی خۆش دەوێت، ئەگەر پارەی لێفە دروینی دایکم نەبوایە، تا ئێستا لەبرسان دەمردین، هەرچەندە ماڵم جێ هێشتووە، بەڵام خوا بکەم باوکم دڵی نەرم بووایە و تەنیا مانگێک چاوەڕوانی بکردایە تا دەگەیشتمە ئەوروپا و پارەم بۆ دەناردنەوە.

کەچی سەردار زۆر بێباکانە گاڵتەی بەو هۆکارانە دەهات، ناحەقی نەبوو، چونکە هاتنی ئەو بێ هۆکارە تەنانەت بۆ خۆشگوزەرانی و ڕابواردنە، لە هیچی کەم نەبوو .. نە لە پارە، نە ئۆتۆمبێل، بەڵکو لە ناز و نیعمەتێکی ئاوا دەژیان کە مرۆڤ بەخیلیشی پێ دەبرد. هەروەک خۆشی پێیانی گوت: بێزار بووم لە سلێمانی، بێ ئیش و بێ کار دەسووڕامەوە، ئەو پارەیەی خوشک و براکانم بۆیان ڕەوانە دەکردم هەر تەواو نەدەبوو، زۆریشم بەبا دەدا، بەڵام هەر تەواو نەدەبوو، بۆیە بڕیارم دا بەرەو هەندەران بڕۆم و منیش وەکو براکانم هەردەم لە خۆشی و ڕابواردندا بم و کەس پێمنەڵێت لە کوێ دێیت و بۆ کوێ دەچیت؟

هەموویان لە ژێرەوە سەیریان کرد، وەڵامێکی ناشیاو بوو: بەداخەوە، نەدەبوایە ئەمە بکەیتە بەهانە و کوردستان بەجێ بێڵیت، زۆر هەڵەیت!

– گوایە من باوەڕتان پێ دەکەم؟! هەندێکتان دەڵێ لەبەر نەبوونی ئاو و کارەبا و یەکێکی ترتان لەبەر ئەوەی پاشماوەی ئەنفالە وکەس خۆشی نەویستووە و یەکێکی تر لەبەر خراپی باوکی. من گاڵتەم بەو قسانە دێت. ئێوەش هەر بۆ مەبەستەکەی من هاتوون.

گەرمیان: " نەخێر وا نییە."

هەموویان بەگژی داچوون و نیمچە دەمەقاڵێیەکیان کەوتە نێوان.

کات بوو بە یازدە و نیوی شەو، خەڵکەکە تەواو شەکەت بوون، منداڵەکانیش لە پێکەنین و یاریکردن وەستان و چاوەکانیان خەو دەیبردنەوە.

گەنجە قاچاغچییەکە بەرەو ڕوویان هات و بێ سەلام کردن هەر بە کەللەی سەر ئیشارەتی بۆ پاپۆڕێکی سپی هێڵ سووری قەبارە مام ناوەندی کرد، بە خەڵکە چاوەڕوان کراوەکەی ڕاگەیاند کە خۆیان ئامادە بکەن و سواری پاپۆڕەکە بن بۆ گەشتەکەی چوونە ئەوروپا، گەشتێکی چارەنووس نادیار، گەشتێکی هات و نەهات. سەرەتا بە بینینی کابرای قاچاغچییەکە هەموویان دڵخۆش بوون، بەڵام کاتێک پاپۆڕەکەیان بینی هەموو بێ جووڵە و بێ نقە لە شوێن خۆیان وەستان. هەرچەندە ئەوانی تر ڕازی بوون، کەلوپەل و جانتاکانیان هەڵگرت و بۆ سەر پاپۆڕەکە کەوتنە بزووتن، بەڵام ڕاوێژ و گەرمیان کارەکەیان پێ پەسند نەبوو، بۆیە پاشماوەکەی ئەنفال بە تورکی بە کابرای گوت:

– ئەم پاپۆڕە زۆر بچووکە، شوێنی ئێمەی تێدا نابێتەوە. ئەم پاپۆڕە تەنیا بۆ ٢٠ نەفەر دروست کراوە، وەک دەبینیت ئێمە لە سی کەس زیاترین..

قاچاغچی بواری بە تەواو کردنی قسەکان نەدا و بە دەنگێکی بەرزەوە پێی گوت کەوا ئەگەر ڕازییە با سوار

بێت، ئەگەر نا پارەکەی دەداتەوە و بەجێی دێڵێت. خۆویستە پارەپەرستەکە زۆر بێباکانە ڕوویانی تێکرد و بۆیانی ڕوون کردەوە کەوا ئەم پاپۆڕە تەنیا ڕێگایە و لەوە باشتر دەست ناکەوێت. ئەگەر هەر کەسێکیش پەشیمانە، دەتوانێت بگەڕێتەوە وچاوەڕوانی هەفتەیەکی تر بکات بۆ ڕۆیشتن. ئەم قسە ڕەقانەی کابرای ستەمکار و دڵڕەق هەموویانی خستە گومانەوە، بەڵام چاریان نەبوو، یان دەبووایە سوار بن، یاخود پارەکەیان وەربگرنەوە و چاوەڕوانی دەرفەتێکی تر بن. گەرمیان ڕاڕا بوو لە هاتن، بەڵام بە هاندانی هاوڕێکانی، بەتایبەتی ڕاوێژ، ملی ڕێگەی گرتە بەر و لەگەڵ ئەوانی تر سواری پاپۆڕە ڕەنگ کفنەکە بوو، هەروەک گەرمیان ناوی نا بوو. کاتێک بۆ یەکەمجار زانی کە پاپۆڕی گەشتەکە ڕەنگی سپییە.

بە پاڵەپەستۆ و پاڵنان و جنێودان بەیەکتری، سەرنشینەکانی تایتانیکی سپی کفنی شوێنی خۆیان کردەوەو بە شێوەیەکی تەنگ و نائارام و بێ ڕەزامەندی ئەوەی تەنیشت دانیشتن، دایکەکان لە گلەیی وگازاندە و دوعا و پاڕانەوە بوون. باوکەکانیش بە یا ئەڵڵاه.. یا ئەڵڵاه دڵی یەکتریان دەدایەوە و بە چاوی پڕ لە ترسەوە سەیری یەکتریان دەکرد. کەس بارودۆخەکەی بەدڵ نەبوو، بەڵام غیرەتیش بە هەڵوێست نەبوو!

وا پێدەچێت قاچاغچی هەر خۆی شوفێریش بێت، بۆیە پاپۆڕەکەی خستە گەڕ. دەرگەی هەناسەکان بۆ ساتێک بەربەست کران!، چاوەکان زەق مان!، زمانەکان لاڵ بوون! قاچەکان چۆکیان دادا! هەردوو ڕیزە ددان وەک دوو بەرە دوژمن کەوتنە گیانی یەکتری! لێوەکانیش بەلەرزە لەرز وەک دوو عاشقی تامەزرۆ جووت بوون! ئەگەر ڕۆح ئیزنی پێ بووایە ئەویش بۆ ساتێک لە جەستەکان دەردەچوو و نەدەهاتە گەشتە چارەنووس نادیارەکە!، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بەربەستەدا، لەگەڵ ئەم هەموو نارەزاییەدا، دڵ بڕیاری جەنگی دا، دڵ تا هێزی تێدا بوو دەهۆڵی دەکوتی، تا هێزی تێدابوو ڕەشبەڵەکی مەرگی گەرمتر دەکرد.

لەگەڵ یەکەم جووڵەدا، شوفێری فێڵباز دەستی لە سووکانەکە بەرداو ڕووی کردە گەرمیان:

– ئێستاکە تۆ ببە بە شوفێر! ئەمە خەمی تۆیە! .

تورکە بەدناوەکە ئەمەی بە زەدەخەنەیەکەوە گوت و ڕای کرد.

– هەی حەرام زاد! بۆ کوێ ڕۆیشتیت؟ من نازانم پاپۆڕ بهاژۆم!.

ئەم هاوار و جنێوانەی گەرمیان و تووڕەیی ولە دەست دەرچوونی ڕاوێژ سوودی نەبوو، تازە کار لە کار ترازاوە، هیچ چارەیەکی تر نەماوە، ئێستا ناچارن هەریەک لەوانە جڵەوی پاپۆڕەکە بگرێتە دەست و بۆ شوێنێکی نادیار بیهاژۆات، ئەم کارە ئەوەندەی تر ململانێی دەروونی لای سەرنشینەکان سەختتر کرد. پاپۆڕەکە بێ شوفێرە زاناکە ماوەی پێنج خولەک دەبێت لە گەڕدایە، پاپۆڕەکە لە بەهانەدایە و بەولاو ئەولادا دەهەژێت. سەرنشینەکان کەوتنە باوەشی یەکتری، لە ترسی جووڵەی ئائاسایی و ناشارەزاییەکەی پاپۆڕەکە و پروشکی ئاوی دەریا ساردەکە کە جیاوازی نەبوو لەگەڵ بڵێسەی ئاگر، قیژەی ئافرەت و منداڵ و نەڕەی پیاوەکان تا دەهات بەرزتر دەبوو.

تاشەبەردە خوێناوییەکانی ئیجە تینووی جەستەی مرۆڤن، تینووی جەستەی کۆچبەرە نایاساییەکانن، هەر بۆیەش شاژنی دەریا، خاتوو ئیجە، فەرمانی چەخماخەی شەپۆلەکانی دا بۆ تیژکردنی تاشەبەردەکان، ئەم تاشەبەردانە زێرەڤانی دەریاکەن، ئەمانە لە سەنگەردان دژی هەر بیانییەک. ماوەی چارەگە سەعاتێک لەم دۆخە نالەبارەدا تابووتی مەرگ لە گەشتدایە، تا وای لێ هات لە هەڵەیەکدا کە، عەقڵ چاوەڕوانی نەدەکرد، جڵەوی تابووتەکە لە دەست گەرمیان دەرچوو و یەکێک لە تاشە بەردەکان شەڕەفی تێک شکانی پاپۆڕەکەی وەرگرت!. وەک دوژمنێکی زۆر داخدار بنکەی پاپۆڕەکەی لە خۆی چەقاند و تابووتی گەشتەکەی پارچە پارچە کرد و زۆر بێ بەزەییانە سەرنشینەکانی بۆ ناو گەدەی دەریاکە پەرتەوازە کرد. جگە لە گەنجەکان نەبێت ئەوانی تر هیچیان مەلە نازانن، جا کێ دەتوانێت بەرگەی ئەو دەمە گەورە و ئەم گەدە تێرنەبووە بگرێت، هاوار و قیژە و بابەڕۆ بێ هوودەیە، کەس گوێی لە ناڵە و گریان و پاڕانەوەی ئەوان نییە! کەس بەهانای خێزانەکان نایەت، ئەو خێزانانە ئەوانە بوون کە بیریان ئەوەندە لە گیانی خۆیان و جگەرگۆشەکانیان نەکردەوە، ئەوەندەی بیریان لە پاراستنی پارەو زێڕەکانیان کردەوە، ئەوانە نابێت گلەیی لە بەدبەختی خۆیان بکەن، ئەوانە تەنیا دەبێت لۆمەی ویژدانی خۆیان بکەن کە ئا بەم شێوەیە ڕێگای هەندەرانیان گرتە بەر. هەریەک بەدەم هاوار کردنەوە تا دواساتەکانی خنکان پەنای بۆ ئازیزترین کەسی دەبرد:

– ئەبو عەلی، ئەبو عەلی، لە کوێیت؟... ئەمە هاواری دایکە عارەبەکە بوو بۆ پیاوەکەی.

– موستەفا، کوڕم موستەفا... ئەمەشیان هاواری فارس ئاغا بوو بۆ کوڕە تاقانەکەی.

- بابە، دایە... هاواری هەریەک لە منداڵەکان بوو.
- گەرمیان، دلێر....
- ڕاوێژ....
- سەردار....

ڕەنگە بەلای زۆر کەسانەوە ئەم وشانە زۆر سادە بن، بەڵام ئەگەر لە ماناکانی بکۆڵیتەوە ئەوا بۆت دەردەکەویت کە هەر وشەیەک خۆی لە خۆیدا هۆنراوەیەکی دوور و درێژ دەردەبڕێت. هەر وشەیەکیان مانای ئازیزترین کەسە، هەر وشەیەکیان مانای باشترین و ئارامترین داڵدە دەگەیەنێت، بەڵام ئا لەم کاتەدا، گریان و فیغان، خۆشەویستی و ئازیزی داد نادات، چونکە ئەم کارەساتە جەرگبڕە بەرهەمی تەماعگیری و پووڵ پەرستی ئەو کەسانەیە کە ڕازی بوون بە گەشت کردن بە ڕێگای پاپۆڕێکی بچووک. لەبەردەوام بوونی دەستەویەخەبوون و بەرەنگاری کردن لەگەڵ شاژنی دەریا، ڕاوێژ و گەرمیان توانیان لەسەر تاشەبەردێکی بچووک بگیرسێنەوە.

ئەلحەمدولیللاه، هێشتا ماوین، گەرمیان سەلامەتیت؟

- بەڵێ، بەڵێ ڕاوێژ، هێشتا ماوم! شوکر ئەو دووانەمان ماوین!

هەردووکیان بە تاساوی و چاو پڕ لە ترسەوە بە جلوبەرگێکی تەڕ و نیمچە دڕاوەوە سەیری یەکتریان کرد، باوەشیان بەیەکتری دادا و وەکو دوو منداڵی هەتیو و بێکەس دەستیان کردە گریان. هاوار و دەنگەکان سات لە دوای سات کەمتر دەبوونەوە، سات لەدوای سات سەرما تەنگی بە دوو ڕزگاربووەکە هەڵدەچنی، تاشەبەردەکانیش ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی قوربانییەکانیان بۆ ئیجەی شاژن کۆتایی پێهێنا. ئێستا بەربەستەکان هەڵگیراون، هەناسەکان هاژەیان دێت، ددانەکان لەیەکتر کشانەوە، هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر بێزار بوون و لێک دابڕان، ڕۆحیش هەست بە ئاسوودەیی دەکات، بەڵام سەیرە، خۆ هێشتا دڵ لە لێدان نەکەوتووە، بەڵکو توندتر لە جاران دەگرمێنێت!.دەریا بە تەواوی کپ بووە، جگە لە دەنگی شنەبایەکی نەرم نەبێت کە سنگی لە سنگی دەریاکە دەخشاند و بە فیزێکەوە بە ڕووی دوو گەنجە ڕزگاربووەکە پێدەکەنی هیچی تر نەدەبیسرا.

**هاوینی١٩٩٩**

# هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە

گەزیزە
(سلێمانی)

**کەسایەتییەکان:**
**دایک**
**کچ**

**جوولەی یەکەم**

**جێگا:** ژوورێکە، سیمایەکی زۆر کۆنی پێوە دیارە، دەشێت ئەو ژوورە بە چەند شێوازێک سیمای کۆنی پێوە دیاربێت.

چەند بەرمیلێک بە قەبارە و شێوەی جیاواز بە بەتاڵی دانراون.

**کچ:** (سەری بۆ ناو یەکێ لە بەرمیلەکان شۆڕکردۆتەوە، وەک بۆ شتێ بگەڕێت، ماوەیەک بەو کارەوە خەریکە و جارجار بێزاری دەردەبڕێت).

**دایک:** (لەسەر کورسییەکی بزۆک دانیشتووە و پشتی لە بینەرانە، جگەرەیەکی بەدەستەوەیە و جار جار بە مژێک دووکەڵەکەی بەرز دەکاتەوە).

**کچ:** (لەبەرخۆیەوە) خەمێک ڕوخساری تەنیوم.

**دایک:** (بێ وەڵامە)

**کچ:** (دەنگی بەرزتر دەکاتەوە) دیسان خەمێک ڕوخساری تەنیوم.

**دایک:** (جۆری دانیشتنەکەی دەگۆڕێت)

**کچ:** (سەیرێکی دایکی دەکات و تووڕە دەبێت) وتم خەمێک ڕوخساری تەنیوم، دیارە گوێت لێ نییە، یان گوێت لێیە و ناتەوێت قسە بکەیت.

**دایک:** چی بکەم؟ چیت دەوێت؟

**کچ:** دەبێت لە سنووری ئەم ماڵەی تۆدا لە خەم زیاتر چی تر بێتە سەر ڕوخسارم؟!

**دایک:** (زۆر بە بێباکییەوە) ئەمن چیم پێ دەکرێت؟

**کچ:** چی؟ ئەتۆ چیت پێ دەکرێت؟

**دایک:**.........

**کچ:** بەرامبەر بەتۆ قسان دەکەم، ئەتۆ هەست ناکەیت کەسێکی ترت لەگەڵە؟ من بەرامبەرت وەستاوم، بۆ گوێم نادەیتێ؟ بۆ هەستم پێ ناکەیت؟

**دایک:** وتم چیم پێ دەکرێ؟

**کچ:** زۆرت پێ دەکرێ، زۆر زیاتریش لەوەی کە کردووتە؟

**دایک:** (جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ).

**کچ:** هەموو جارێک لەم کاتانەدا، بێ وەڵامی، قسە ناکەیت، هیچ ناڵێیت.

**دایک:** (هەر سەیری دەکات)
(شێوە لاواندنەوەیەک دەست پێدەکات)

**کچ:** دیسانەوە

**دایک:** (پاش لێبوونەوەی) ژانە سەرێکی زۆرم بۆ دێت.

**کچ:** هەموو جارێک لەم کاتانەدا، بێ وەڵامی، قسە ناکەیت.. هیچ ناڵێیت، یا بێدەنگی، یا دەلاوێنیتەوە..

**دایک:** (جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێ)

ژانە سەرمە...... (زۆر قەلەقە)

**کچ:** هەر کاتێک دەمەوێت لە دەرگای ئەو باسە بدەم، ژانە سەرەکە.... هەر ساتێک بمەوێت لێت بپرسم، ماندوویت هەر کاتێکیش بمەوێت بەرامبەرت ڕاوەستم خۆت بێ هێز نیشان دەدەیت، نەخۆشیت. توانات نییە، سەرت ژان دەکات.

**دایک:** (زۆر بە بێباکییەوە) وەک جاران توانای گوێگرتنم نەماوە، (سەری نارەزایی دەلەقێنێت و بەناچارییەوە) جارێ نامەوێت هیچ بڵێم.

**کچ:** جارێ؟ وانییە؟ جارێ ناتەوێت هیچ بڵێیت؟! واتە دەتەوێت، شتێ بڵێیت، بەڵام ئێستا نا؟ ئەی کەی؟ کە میوانەکان ڕۆشتنەوە؟ کەی؟

**دایک:** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە).

**کچ:** پاشان چی دەڵێیت؟ ئەی بۆ نایڵێیت؟ چما هیچ ماوە نەتگوتبێت؟

**دایک:** (جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێت) پاش هەموو وتنەکان تۆ بەشەڕ دێیت و بەشەڕیش لێی دەردەچیت جارێ زۆر منداڵیت.

**کچ:** نەخێر نامەوێت پێم بڵێی منداڵ، هەر کاتێک ڕاستی بڵێین بە منداڵ و بێ عەقڵە ناومان دەبەن، هەرگیز نامەوێت بە منداڵم دابنێیت.

**دایک:** بۆیە نامەوێت نە تۆش و نە خۆشم بەرمەوە بۆ باسە کۆنەکان.. نامەوێت ئەوانە دووبارە ببنەوە.. دەزانی گەلێ جار ئەو شێوە ڕق ئەستووریەت ئازارم دەدات.... نامەوێت (جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە)

نامەوێت بچمەوە سەر باسە کۆنەکان.

**کچ:** بۆ تۆ گرانە بچیتەوە سەر باسە کۆنەکان، بەڵام ئەو باسانەی کە لای تۆ کۆنە،.. بۆ من زیندوون.. ئەوانەشی لای تۆ زیندوون، بۆ من زۆر کۆنن و نەماون.

**دایک:** من ڕۆحم کۆن بووە و مردووە، زیندوویەتیم نەماوە، تا باسەکانم لەلا زیندوو بێت.

**کچ:** ئەو بەسەرهاتانەی تۆ پێیان دەڵێی کۆن، من وەک زیندوویەتی خۆم دەیانبینم، دەزانی بۆ؟ چونکە پێت دەڵێم، خەتات بوو، گرانە، چونکە چاوەڕێ دەکەیت کە پێت بڵێم: گوناهت لە ئاستی مندا کرد (بە تووڕەییەوە).

**دایک:** (دووکەڵی جگەرەکەی بەرز دەکاتەوە)

ئافرەتان ئەوەمان خراپە زۆر زوو هەڵدەچین و بەزوویش سارد دەبینەوە و خێراش بڕیار دەدەین، گەلێ جار ڕق جێ دەهێڵین و گەلێ جاریش خەندە.

**کچ:** من نامەوێت ئافرەتێکی وەک تۆ بم، کە هەڵدەچم نە ڕق جێ دێڵم و نە خەندە، من نامەوێت وەک تۆ بم پێم دروست نییە لە تۆش بم، من نامەوێت کە هەڵدەچم وەکو تۆ سارد ببمەوە.

**دایک:** (جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە)

**کچ:** دەڵێم نامەوێت وەک تۆ بم، گوێت لێم نییە؟

**دایک:** ناکرێت، نابێت ئێمە بەردەوام لەبەردەم دادگای یەکتردا بین.. ڕاستە تۆ ناتەوێت وەک من سارد ببیتەوە، بەڵام ڕۆژگار ناچارت دەکات لە منیش زیاتر سارد ببیتەوە دەزانیت، ڕۆژە شوومەکان بە خێرایی بەسەر دەچن، بەڵام ڕەگیان بە ژەهراوی و بەهێواش لە دەروونندا پەل دەکوتێ.

**کچ:** پێم وتی من نامەوێت وەک تۆ بم.

**دایک:** بەخۆت نییە، بتەوێت یان نەتەوێت تۆ لە منیت و جارێکی تریش دەبیتەوە بەمن و (جگەرەیەک دادەگیرسێنێ) ڕەنگە هەروەک منیش بیر بکەیتەوە.

**کچ:** لە باسەکە دەرمەچۆ، وەک تۆ دەڕوانم، یان نەء ئەوەیان جۆرێکی ترە، من بۆ خۆم بڕیاری لەسەر دەدەم نەک تۆ، باچاک بزانیت من چی تر ناتوانم، بێدەنگ بم.

**دایک:** (زۆر بە ساردییەوە تێی دەڕوانێت)

**کچ:** گوێت لێبوو چیم وت؟

**دایک:** .......

**کچ:** (دەنگ بەرز دەکاتەوە) وتم، ناتوانم بێدەنگ بم، ناتوانم چیتر کە ببینم قسە نەکەم، خۆ ناشکرێت گوێم لە هەرچییەک بێت وا بزانم کەڕم، بێ زمانیش بم وا بزانم لاڵم، تێدەگەیت؟

دایک لاڵیت؟ (بەگاڵتە پێکردنەوە) چما هیچ شتێکت نەوتووە؟

چی ماوە کە نەتوتبێت؟!

پاشان بۆ نایڵێیت؟ دەزانی ئێمە زۆر زیاتر دەڵێین لەوەی کە دەیکەین، گەر هەموو وتنەکانمان هێندەی کردنەکانمان بوایە، ئێستا ژیانمان زۆر جیاوازتر بوو، بیڵێ؟ لە چی دەترسێی؟ مەترسێ ئێمە هەروا نەبووین.. لە پشتی یەکتریەوە هەموو شتێ بە یەکتر دەڵێین..

جنێو... ناو و ناتۆرە... قسەی سووک.. گەلێ جار دەڕشێینەوە... دەڕشێینەوە بەتارمایی یەکتریدا. لەبەردەم یەکیشا، مل حیزین، ڕێزی یەک دەگرین... کڕنۆش بۆ یەک دەبەین.. دە بیڵێ.. ئەمجارەیان تۆ بەهێز بە جەربەزە بە... مەترسە... چی لە دڵتایە بیڵێ.. با میوانەکانیش گوێیان لێ بێت...

**کچ:** (دەیەوێت شتێ بڵێ، ناتوانێت)

**دایک:** (جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە) فەرموو.

**کچ:** هەرچییەکم بوێت دەیڵێم، ئەوەشی بمەوێت دەیکەم.

**دایک:** بۆ نا، خۆزگە بێ خەم بە، چاو نەترسانە.
**کچ:** لەبەرچاوی هەمووشیان دەیلێم.
**دایـک:** باشە بیلێ، بەڵام خۆ ناتوانیت هیچ بکەیت، زەمەنێکە تۆ زۆر دەڵێیت و کەچی هیچ ناکەیت! تۆ هەر ئەوانە دەڵێیتەوە کە ڕووی داوە، ئەوەندە ئەوانەت وتووە ناشیرین بوویت و نەتتوانی ڕۆژێک دووبارەی نەکەیتەوە نەتتوانی ساتێک باسی نەکەیت.
**کچ:** ناچارم بەردەوام بیانڵێمەوە، ئەگەر نەیلێم ئازارم دەدەن، ئەوانەی تۆ بەرامبەر بەمن کردت، لەت لەتیان کردم. بریندارایان کردم، بوومە گاڵتەچی دەستە خوشکەکانم، نەمدەوێرا بە هیچ لایەکدا بڕۆم. هەستم دەکرد لە ڕوخسارایاندا چەندەها قسەم پێ دەڵێن و کەچی دەنگیشیان نایەت، هەستم دەکرد.
**دایـــک:** (پێی دەبڕێت) کێن ئەوانەی تۆ بە نموونە دەیانهێنیتەوە.
(بە تەوسەوە) ئادەی با بزانم.
کام دەستە خوشکانە؟
ئەوانەی کە دەهاتنە لات. بۆ هەواڵی براکەت، کەچی پاش سڵاوکردن خێرا بێزار دەبوون! دڵیان تەنگ دەبوو. ئامادە نەبوون لەگەڵتا خەمخۆر بن، باسی کێ دەکەیت؟ بابزانم ئەوانەی کە تۆ بە نموونە دەیانهێنیتەوە کێن؟
ئەوانەی کە ڕۆژانی هەینی کۆڵیان بۆ هەڵپەڕکێ و سەیرانەکانیان دەپێچایەوە و ئاوڕیان لە فرمێسکی تۆ نەدەدایەوە؟! تۆ باسی کام دەستە خوشکانەت دەکەیت؟
ئەوانە بە قەڵەم هیچیان نەهێشتۆتەوە کە بوترێت، کەچی لە ناخیاندا جۆرێکی تر بوون، بۆیە بەرگرییان لێ دەکەیت؟ ها....
**کچ:** ....
**دایک:** بێدەنگی! بیرتە کە دەتوت:
**کچ:** (خێرا پێی دەبڕێت) بەڵێ بیرمە کە دەموت: دەبێ منیش و ئەوانیش خەباتێکی نەپساوەمان هەبێت دەم وت: دەبێت قەڵەمەکانمان خەنجەربێت بۆ سەر سنگی پیاوان و ژنانی دواکەوتووی نێو کۆمەڵگا.
**دایـــک:** (پێی دەبڕێت) ئەی هەر خۆتان نەبوون هاوڕێیەکی ئەو کۆنەپەرستانەتان دەکرد، قایل بوون بەوەی لەبەر دەمتانا مەرایتان بۆ بکەن و شاگەشکە دەبوون کە شیعر و شانامەیان بە پرچی ئاوریشمینتانا هەڵدەدا؟
زەردەخەنە دەیگرتن، کە بەچاوی گەشتاندا دەیانڕوانی و لە پشتانیشەوە (ئاماژەیەکی ناشیرین بەدەستی دەکا).. (زۆر بەتوڕەییەوە) ئەو دەستە خوشکانەی تۆ پێیانەوە دەنازیت جانتاکانیان هەردەم پڕی مەکر و سووراو بووە، بەرامبەر هەر پیاوەی لێویان ڕەنگێک دەکرد... ئێستا من وام لێهات ببمە گەدا و ئەوان کوێخا؟! ئەوانەی تۆ پێیانەوە دەنازی وەک کچانی تری ئەم شارە نەبوون. زۆر جیاوازتر بوون.
**کچ:** بەڵێ... ئەو کچانەی تۆ باسی دەکەیت.
**دایـک:** (پێی دەبڕێت) کچانی شار! کچ بوون، نەک بەناو. بە هەڵوێست، کچانی شار، ئێواران نانیان دەخستە نێو پەڕەی کتێبەکانیانەوە و دەیانگەیاندە بنکەی پێشمەرگەکانی ناو شار و ئەوانە...
**کـچ:** مەبەستت لە کچانی شار کێیە، پێم بڵێ، کێ؟ ئەی من و دەستە خوشکەکانم کچانی شار نەبووین؟
**دایـک:** ئێوە جۆرێکی تر بوون، جۆرێک زۆر جیاوازتر لەوان.
**کچ:** تکات لێ دەکەم، دایە تکات لێ دەکەم مەمبەرەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بەرامبەرت بەرقەوە دەوەستام، دایە (زۆر ماندووە و نازانێت چی بە دایکی بڵێ) من، من نامەوێت هەرگیز وەک تۆ بم، وەک تۆ بخەوم، بە وێنەی تۆ بنووم، وەک تۆ بیر بکەمەوە، وەک تۆ بخۆم.
**دایک:** (شەپازللەیەکی لێ دەدات)
بێ ئابڕوو، ئابڕوو تکاو..
**کچ:** (زۆر بە سەرسوڕمانەوە) کام ئابڕوو؟
دە پێم بڵێ بزانم کام ئابڕوو؟ ئەو ئابڕووەی کە تۆ باسی دەکەیت جۆرێکی ترە! لە جۆرەکانی ئابڕوو (وەک لاسایی بکاتەوە) ئابڕوو؟ ئەو ئابڕووەی لەپێناو سۆراخێکی کوڕەکەتدا بۆ دیدەنی کوڕەکەت، دەتدامە پێشی خۆت، بۆ بەردەم دەرگای بەندیخانەکانی شار؟ ئەو ئابڕووە؟.
پێمدەوتی: دایە گیان کوڕەکەی ئێمە نەماوە، تێدەگەیت؟
**دایـک:** (نایەڵێت قسەکەی تەواو کات دەست دەخاتە سەر دەمی)
**کچ:** (دەستی لادەبات دەیەوێت قسەکەی تەواو کات)
**دایک:** (دەکێشێتەوە بەدەمیدا)
**کـچ:** (بەدەنگی بەرز) بەڵێ، نەماوە، نە براکەی من و نە کوڕەکەی تۆش نەماوە، ئەو هەر زوو لەناویان برد!. ئەو ڕۆژانەی کە کۆڵی پڕ لە فرمێسکت بۆ دەپێچایەوە ئەو نەمابوو. ئەو ئێوارانەی کە لەبەر دەرگا چاوەڕێت دەکرد، ئەو نەمابوو.
پێمدەوتی: دایە گیان دە خۆت بڕۆ، چیدی من ناتوانم ئاخر ناکرێت... ئەمەی تۆ دەیکەیت دروست نییە، دایە گیان دە خۆت مەچۆ، تۆش مەچۆ، دایە با کەسمان نەچین، ئیدی ئەو نایەتەوە، کەچی دەت وت: من زمانی

دوژمن نازانم.

پێمدەوتی: تۆ پێویستیت بە زمانی دوژمن نییە.. ئەوانەی لەوێن، زۆرینەیان کوردن و لە تۆ تێدەگەن، چیت دەوێت و بۆچی دەچیت؟ دەمووت با من نەیەم، ئاخر مەگەر نازانی ئەوانە دوژمنن، دوژمن! نازانی کە دەمان بینن چی دەکەن؟ تۆ سەرنج نادەی تا زیاتر سەیریان بکردینایە زیاتر دڵنیایان دەکردینەوە لە نەمانی کوڕەکەمان! تا دەهات سمێڵیان زیاتر دەکرۆشت و لە سینە و بەرۆکی ئێمەیان دەڕوانی.

**دایک:** ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت شێت بوویت؟

**کچ:** بەڵێ شێت بووم! من لەوە شێت بووم تۆ ئەوانەت بە ئابڕوو چوون نەدەزانی؟

**دایک:** هەی بێ شەرم، تۆ سۆراخی براکەت بە ئابڕوو چوون دەزانیت؟

**کچ:** دایەگیان سۆراخکردن شتێکە و پاڕانەوە لەبەر دەرگای دوژمناندا شتێکی ترە! زۆر جیاوازە، جیاواز..

ئەم جۆرەیان لای تۆ ئابڕوو چوون نەبوو، من نەمزانی تۆ گڕی جەرگت پاڵی پێوە دەنایت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بەلای تۆوە دەنگ بەرزکردنەوە ئابڕوو چوون بوو! باسکردن لە حەقیقەت ئابڕوو چوونە! قسەکردن و پێکەنینی زۆر ئابڕوو چوونە!

**دایک:** گەر جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بێزووم بە تۆوە دەکرد لە بری هەناری ترش زەهرم دەخوارد!

تا زمانت لاڵ بوایە، گەر گەنج ببمەوە و سک بەتۆوە بکەم لە باری خۆمی دەبەم، گەر جارێکی تر بگەڕێمەوە ناو پێخەفی شەوانی ژن و مێردایەتی و باوکت بە مەبەستی تۆ بێتە لام، لەنیوە شەودا دەیخنکێنم..

**کچ:** (بەگاڵتە پێکردنەوە) بۆ ئەوساتە دەستت نەنایە گەردنی و بیخنکێنیت؟ بۆ ئەو شەوە نەتخنکاند؟

بۆچی لەگەڵی نووستی؟

تەنیا بۆ چێژێکی شەوانی خۆت منت دروست کرد؟

نەتزانی ئەو چێژە کەمە، منم و دەبمە ماری حەوت سەر و دەئاڵێمە ملت؟! نەتدەزانی ڕۆژێ حەوت شار دەتخنکێنم.؟

**دایک:** ئابڕوو تکاو، بێ شەرمی بێ حەیا، تانەم لێ دەدەیت؟ (زۆر تووڕەیە) پێم بڵێ چیت دەوێت؟

کۆشکێ لە ئاسماندا؟

پێخەفێک لە ئاوریشم؟

ماڵێک پڕ لە برا و باوک؟

ناکرێت؟ ئەمانە لە توانای مندا نییە؟ من هێزم لەبەر براوە! ئەم ڕقە ئەستوورەی تۆ بە من ناکوژێتەوە؟ شەڕەکان هەموو کۆتاییان هات، بڕانەوە، دوژمن لەناوچوو شەڕی براکوژی کۆتایی هات، شەڕی سەر سنوورەکان بڕایەوە هەمووان دامرکانەوە، تەنیا شەڕی ناو ناخی تۆ هەر دانامرکێتەوە.. نازانم، نازانم تۆ بەچی دادەمرکێیتەوە؟!

**کچ:** من بورکانێکم لە ڕق بەرامبەر بەتۆ، هەرگیز دانامرکێمەوە! ناتوانم ئەو ساتانە لە یاد بکەم، ناتوانم چیتر بێدەنگ بم و باسی نەکەم، چۆن نەیڵێمەوە؟

بیرەوەرییەکانی من لە هیچ شوێنێکی ئەم ماڵەدا نەماوە؟

**دایک:** (ڕووی لێ وەردەگێڕێت)

**کچ:** نامەوێت ڕووتم لێ وەربگێڕیت، گوێم لێ بگرە؟ بۆ تۆی باس دەکەم! دەزانی ئەو ڕۆژە...

**دایک:** (گوێی ناداتێ)

**کچ:** دەڵێم ئەو ڕۆژە بردیانینە سەردانی بەندیخانەیەکی ژنانە، هەردەبوو لەگەڵ مامۆستاکانی قوتابخانەکەماندا بچم، زۆر هەوڵم دا ئامادە نەبم.. بەزۆر داوایان لێ کردم کە لەگەڵیان بم، یەک یەک ژوورەکانیان نیشان داین... قوتابییەکان لە بینینی بەندییەکان زۆر سڵیان دەکردەوە. دەزانی ژنێکی زۆر جوانمان دی، لە ژوورێکی تەنیادا بوو! هەر بە شاژن دەچوو، هێشتا پەنجەکانی سوور بوون بە خەنە لە سەروپرچی مۆر دوو خاڵی کوتراوی ژێر چەنەی.. کە لێم پرسی:

نەیهێشت پرسیارەکەم تەواوکەم، وتی: کوشتم، ئا بەدەستی خۆم کوشتم، بە فەقیانە گوڵ گوڵینەکەم، خنکاندم!

وتمان: گوناهت کرد.

وتی: من گوناهم.. دەبوو من هەر بیکوژم، چونکە ئەو زۆر نزیک بوو لە مردنەوە، ئەی بۆ نەمرێت..!؟

ئەو هەر دەبوو بمرێت.

**دایک:** ژانە سەرێکی زۆرم بۆ دێت.

**کچ:** هەر دەبوو بمرێت.. ئەوێک (٨٠) ساڵ و من (٢٠) ساڵ کو دەبێت؟

دەیگوت: پەشیمان نیم، باوەڕ دەکەی نیگەران نەبوو.

دەیزانی، ئەوەی کردوویەتی ڕاستە.

**دایک:** کوشتن، ڕاستە، کوشتنی مرۆڤێکی پیر بەڕاست دادەنێی.

**کچ:** من بە ڕاستی نازانم، بەڵام ئەو ناهەقییەی لەو کچە کراوە ڕاستە باوەڕ دەکەی دایکە، ئەو ژنە نیگەران نەبوو! دەزانی لەبەردەمی خۆیەوە هەر گۆرانی دەوت بە گۆرانییەوە دەیوت..

ئەو هەر دەبوو بمرێت: دەمویست ئەو بەسەرهاتە

بنووسم. نەمدەوێرا، جانتاکەم کردەوە. تا قەڵەمەکەم دەربهێنم. لە داخا قەڵەمەکەمم شکاند. نەمدەتوانی هیچ بنووسم. دەمـــوت: نەبا ئەم جـــارەیان شـــەڕێک هەڵگیرسێەوە و جارێکی تر نووسینەکانم بسووتێنەوە.. ناچار بووم نەینووسم، وتم: با خەمەکانی ئەم خانمەش لەناو چوارچێوەی ئەو ژوورەی وەک خۆی لەگەڵ خۆی زیندانی بکرێت.

من نەمدەتوانی هیچ بنووسم! من دەگریام، کەچی ئەو گۆرانی دەوت! من بۆ نووسینەکانی خۆم و ئازارەکانی ئەو خانمە دەگریام، کەچی ئەو هەر گۆرانی دەوت (بەو شێوەیە چەند جارێک حوارەکانی دەکشێتەوە لە بارێکی نائاساییدا).

## جووڵەی دووەم

**دایــک:** (نزیک بۆتەوە لە کچەکەی و وەک بیەوێت بیلاوێنێ) کچەکەم، تۆ دڵنیابە من هەردەبوو ئەو کارە بکەم، من هەردەبوو بیانسووتێنم، تا ئابڕوومان نەچێت تا بە زۆر لەکەدار نەبین، باوەڕت بێ ناچار بووم وا بکەم من زۆر لە بارێکی ناهەموار و مەترسیداردا بووم.

**کـــچ:** لەکەدار؟ دیسا ئەوە ئابڕوو... ئابڕووی هەردووکیشمان؟ بۆچی دایە؟ ئێمە بە چی ئابڕوومان دەپێورێت؟! پێم ناڵێیت؟ تۆ بە سووتاندنی نووسینەکانی من پارێزگاری ئابڕوومان دەکەیت؟

**دایک:** (جگەرەیەک دادەگیرسێنێت)

**کـــچ:** لاپەڕەکانی منت کردە خۆڵەمێش تا لەکەدار نەبین؟

تەنانەت تۆ هەموو قەڵەمەکانی منیشت شکاندبوو.. ئەوەندە بەدەربەستی ئابڕوومانەوە بوویت؟

کچێ... دایە تۆ بۆ وات کرد؟ ئەی ئەو کاتانەی دەتدامە پێش خۆت بۆ بەردەم بارەگای بەعسییەکان، ئەوکاتە بۆ بیرت لە ئابڕووچوون نەدەکردەوە؟ بۆ قسە ناکەیت، بۆ؟

دایک (مژێک لە جگەرەکەی دەدات)

**کچ:** تەنیا هەر سۆراخی کوڕەکەتت لا مەبەست بوو؟
نان و ئاوت لێ کردبوومە ژەهری مار!

(لاسایی دایکی دەکاتەوە) براکەت بێ سەر و شوێنە تۆ لە جێگەی گەرما خەوتوویت. کوڕەکەم برسییە و تۆ سینیت بۆ دەڕازێتەوە. نووسینەکانی تۆ نەبوایە ئەم کوڕەمان بۆ وای لێدەهات؟

هەموو دەم منتان تاوانبار دەکرد! تۆ کوڕەکەت بە ڕەزامەندی خۆی ڕێگای خەباتکردنی گرتبوو، تاوانی من چی بوو؟ لەوەدا ئەو بە بڕوای خۆی بیری لەو مەسەلەیە کردبووەوە ئیدی من چیم بوو بەسەر ئەوەوە، پاشان دایە من کچت نەبووم، جەرگت نەبووم؟ ئیتر باسی ئابڕووچوونی چیم بۆ دەکەیت؟

پەککو لەو ئابڕووە ئەوە چی؟!

**دایــک:** (جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە) سەرم زۆر ژان دەکا! نامەوێت چی تر گوێ بۆ هیچ ڕادێرم.

**کـــچ:** کچێ دایە تۆ دەزانی چت سووتاند؟ بۆ گوێ ڕانادێری؟

تۆ بەناوی پاراستنی ئابڕووەوە، ژیانی منیش و هاوڕێکانی منیشت سووتاند.

دەزانی تۆ چیرۆکی (گوڵێ)ت سووتاند، گوڵێی دراوسێمان چەندەها شەو من تا بەرەبەیان نەنووستووم، تا ژیانی (گوڵێ)م کردۆتە چیرۆک.

**دایک:** گوڵێ بە ڕۆژی خۆی گەیشت و بڕایەوە!

**کـــچ:** نەخێر نەبڕایەوە، ئەوانەی گوڵێیان کوشت دەبێ ببڕێنەوە، ئەو بە تەنیا گوناهی ئەوەبوو کە لەسەر یەک ماچ کوژرا. ماچەکەش خۆی نەیکردبوو، ئەو تەنیا ماچ کرابوو. ئەو زۆر بێ گوناه بوو، ئاخر کەنگێ بووە کەسێک لەسەر یەک ماچ بکوژرێ؟ لە چ زەمان و فەرهەنگ و مێژوویەکدا بووە، پێم ناڵێی؟

کەچی تۆ جارێکی تر بە کوژراوی سووتاندتەوە.

تۆ دوو جاران گوڵێت لەناوبرد ئەی بۆچ پرسیارێ لە خۆت ناکەیت؟ تۆ هەر نووسینەکانی منت نەسووتاند.

تۆ ئەو کتێب و گۆڤارانەت سووتاند کە بە پارەی ڕۆژانەکەم کڕیبوومن، ئەی بۆ؟ لەخۆتت نەدەپرسی بۆ؟

**دایــک:** (هاوار دەکات بەسەریا) بیبڕەرەوە، دەڵێم بیبڕەرەوە ناچاربووم کە ئەو کارە بکەم، باوەڕت بێ ناچاربووم.

من هەموو جار لە تەپەی پێی سەربازەکان هەناوم دەچوو، هەستم بە بێکەسی خۆم دەکرد، گوێم لە نەعرەتەی ئەوان بوو تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە، گوێم لێبوو کە دەرگای ماڵەکانی گەڕەکیان چەند بە توندی دەکێشایەوە بە یەکدا.

زرمەی تۆپ و دەستڕێژی کلاشینکۆفەکانیان تۆقاندبوومی. دەترسام، لەناو ماڵەکەی خۆمدا ئابڕووم بەرن.

لە ڕاکردنی تۆ زراوم تەقیبوو.
ناچار بووم نووسینەکانت بسووتێنم.
ناچاربووم بیانخەمە ناو توونی حەمامەکەوە!

دەبوو ئەوکاتە ئاوی حەمامەکەمان بە وشەکانی تۆ بهێنمە کوڵ..

هیچ کاتێک ئاوی بەرمیلی ئەو حەمامە ئاوا قوڵپی

نەداوە...!
خۆ من دەمزانی ئەوە دڵی تۆیە دەسووتێ!
بەڵام چ دەسەڵاتێکم هەبوو؟
چ ڕێگەیەکی ترم لەبەردەمدا نەبوو ئەوە نەبێ؟
من تا ئێستاش پاشماوەی جەنگەکانم تیا ماوە.
دەترسام، لە گریانی خۆم دەترسام، لە بێ سەرو شوێنی کوڕەکەم (لێرەدا لاواندنەوەیەک).. خۆزگە ڕۆڵەکەم دەمزانی لەکوێ ماویت؟ کوژراویت.. خۆزگە خوێنە گەشەکەت بەسەر سینە و بەرۆکی مندا دەڕژا تا پەنجەکانم بە خوێنەکەی تۆ ببوایە بەلەشمدا، خۆزگە کوڕەکەم دەمزانی!

**کچ:** دایە گیان، دایە، ئارام بەرەوە.

**دایک:** بڕیارم دا زۆر دڵ ڕەق بم، تا لەبەردەم سەربازەکاندا نەترسم و نەلەرزم، دەمویست خۆمیان وا بۆ دەرخەم کە نە کچەکەم نووسەرە و نە بێوەژنم و نە کوڕەکەشم بێ سەروشوێنە.

**کچ:** دەبوو ماڵەکەت جێ هێشتایە، دەبوو لە بەرامبەر ئەوانەدا نەوەستی.

**دایک:** (بەسەرسوڕمانەوە) ماڵ جێ بهێڵم، بۆ من کەی ماڵم هەبووە؟
دەزانی پاش چی من ماڵم هەبووە؟
هەر شەوێک لە شوێنێک ڕۆژم دەکردەوە. لەبەر دەرگای بەندیخانەکاندا لەناو ماشێنی ڕێگا دوورەکاندا، لەبن بەردی سەنگەری پێشمەرگەکاندا، پاش ئەو چەرمەسەرییە بوومە خاوەنی ماڵێک نە ئەوکاتەش نەم دەوێرا جێی بهێڵم، دەموت:
ئێستا براکەت دێتەوە و کەس لە ماڵ نییە، ئێستا کوڕەکەم دەهێننەوە و کەسێ نییە دەرگاکە بکاتەوە؟

**کچ:** دایەگیان تۆ منیش و خۆشت دەخەڵەتاند تۆ دەتزانی براکەم نەماوە، کەچی...

**دایک:** هەی بێ شەرم چۆن دڵت دێت ئاوا بە ئاسانی دەڵێیت نەماوە.

**کچ:** دەڵێم نەماوە، دەبێ تۆش چاک ئەو ڕاستییە بزانیت کە کوڕەکەم شەهیدە، تۆ تاکەی منیش و خۆشت لە خەیاڵا دەژیەنیت؟

**دایک:** تۆ دەتویست ئەم ماڵە بۆ نووسینەکانی تۆ جێ بهێڵم؟
پاشان وەرە بزانم کام نووسینانە؟
من ئێستاش نازانم تۆ چیت دەنووسی؟
بۆ کێت دەنووسی؟
یان بۆ دەتنووسی؟
تۆ بە نووسینەکانت چیت لە ژیانی خۆتا گۆڕی؟
یان لە ژیانی دایکتا؟..
تۆ چ کاتێک ژیانی منت کردە نووسین؟
ئەو ژیانە سەختە.. توانیت؟ باوکت زۆر بە گەنجی منی بێوەژن کرد.. بۆ نەتنووسی؟ براکەت هەر چاوی کردەوە ئەم ماڵەی جێ هێشت و دوای پەیامەکەی باوکی کەوت..
تۆ لەبەر نووسینەکانت زۆر دوور بوویت لە من..
من نازانم کامتان بۆ ساتێک منتان ئاسوودە کرد؟

**کچ:** ئێمە کەسمان لە کەسمان حاڵی نەدەبووین.

**دایک:** بەڵێ حاڵی دەبووین، بەڵام کەستان نەتاندەتوانی هیچ بۆ من بکەن.. من تەنیا ڕێکخەری ماڵ و خواردن ئامادەکەر بووم بۆ ئێوە و دایک.

**کچ:** (وەک بیەوێت گوێ لە دایکی نەگرێت).

**دایک:** نەخێر دەبێ گوێم لێ بگری، دەبێ ئەوانیش کە هاتوون گوێ ڕاگرن.. تۆ دەمکەیتە تاوانباری مێژوو..
هەموو کات لەبەردەمی خواوەند و خەڵکیدا ڕوو ڕەشم دەکەیت؟ هەموو گوناهێکی من ئەوەبوو، دەمبردیتە بەر دەرگای بەندیخانەکان بۆ هەواڵی براکەت؟!
تاوانەکەم ئەوەبوو نووسینەکانم سووتاندی؟
ئەی بۆ ناپرسیت دایکم بۆ وای کرد؟
دایکم بۆ دەیبردم لەگەڵ خۆی؟ بۆ نووسینەکانمی دەسووتاند؟
بۆ ناپرسیت؟ ڕۆژێک ئەو پرسیارەت لە خۆت کرد؟
کچ (دەست دەگرێت بەگوێیەوە)
نامەوێت، نامەوێت گوێم لە هیچ بێت، نامەوێت هیچ بزانم.
دایک نەخێر، دەبێ بزانیت، بۆ ئەوەی نەپرسیت.
دەبێ بچینەوە سەر سەرەتای باسەکان.
نابێت ئەو میوانانە وا بە ئاسانی لەم هۆڵە بچنە دەرەوە تا لە ڕاستییەکان نەزانن، دەوورە (بە قژ ڕایدەکێشێت)
وەرە... بزانم، ڕاست بڵێ؟
(وەک لەبەردەم دادگا دابێت)
چیت کرد کە زانیت دوژمن دەیەوێت شەڕ هەڵگیرسێنێتەوە؟

**کچ:**...

**دایک:** دەڵێم چیت کرد؟

**کچ:** هەڵاتم.. ڕام کرد، تۆم بەتەنیا بەجێ هێشت.

**دایک:** ئەی باوکت

**کچ:** کەی باوکم دیوە؟ جگە لە تارماییەک نەبێت.

**دایک:** ئەی براکەت؟

**کچ:** بێ سەرو شوێنە، نەماوە.

**دایک:** بێ شەرم نەڵێی نەماوە.

هەریەکەشتان بەدوای چارەنووسی خۆیدا گەڕا.
منیش تاکە سەنگەری ئێوە بووم، هەرچیم دەوت:
دەتانوت: تۆ هیچ تێناگەی، نازانیت، چۆن وادەبێ؟
بەڵام نەتاندەزانی مەینەتییەکانی ژیان زۆر زیاتری لە خوێندنەوەکانی ئێوەی فێرکردم.
باشە پێم ناڵێیت ئەو ژیانەی کە ئێوە ببوونە خاوەنی چ ئەفسوونێکی تیا بوو؟ تا من لێی تێ نەگەم؟
**کــچ:** ئێ دایە گیـان ناکرێت جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر باسە کۆنەکان و باوکم بهێنینەوە ئاراوە؟
**دایــک:** باسە کۆنەکان؟! وانییە، ئەی لە سەرەتادا بۆ کـە دەمـوت بـاسـە کـۆنەکـان.. دەتوت بۆ مـن ئەو کـۆنـانـە زیندوون.. کـە زیـندوون دەبێ بەزیندوویـیش لەگـەڵـیـان بژیت، تێدەگەیت؟
**کچ:** دایە گیان ناتوانم.
**دایـــــک:** دەتوانیت دەبێ بـاوکـیـشت لە سـەرجـەم بـاســەکـاندا بێت، دەبێت پێـشـی هەمــوو شـتێ بـاس لە باوکت بکرێت ئەو سـەرچاوەی هەمـوو کوێرەوەرییـەکـانی من بوو.
**کـــچ:** باوکم پێش تۆ ئەو کوێرەوەرییانەی دی، هەمـوو ژیانی هەر شەڕ و ڕاکردن بوو.
**دایــک:** دەبێ باوکت بەردەوام لەگەڵمانا بێت.. دەبێ ئێستـا تۆ هەمـوو ڕاستـیـیـەکان بزانیت لە سـەرەتاوە تا کۆتایی.
تۆ دەزانـی بـاوکـت چۆن بـووە زاوا؟ دەزانـی شــــەوی بووکێنی من چۆن بوو.
**کـــــــچ:** دایە تۆ ئـاگــات لەخـــۆتە، ئەوە بـۆ کــوێ دەگەڕێیتەوە؟
**دایـــک:** بەڵێ ئاگـام لەخۆمـە دەزانی ئەو شـەوە لەژێر دەواری بنار شاخێکدا بووین، تا ڕۆژ بۆوە و باوکت چەند جـارێـک دەچووە دەرەوەی دەوارەکـە تا دڵنیـابێت لەوەی حەیوانە کێوی نامان گاتێ، شەوانە چەکەکەی دەخستـە ژێر بالیفەکەیەوە و ئەوجا دەنووست، هەموو ژیانی هەر لە سەنگەردابوو.. شەڕ.. شەڕ... شەڕ.
**کــچ:** دایە باوکم نـاوی لە لیـستی سـەرەوەراندا بووە و هەمیشە...
**دایک:** (پێی دەبڕێ) سەروەربوو بۆ خۆی.. ئەی ژیانی من؟ تایبەتییەکانی خۆم وەک مرۆڤێک؟
باوکت پاش هەر شەڕێک کە دەگەڕایەوە، خێرا دەهاتە لام و ئـەوەی دەیـویـست دەیکـرد لـە هـەر شـــــەڕێکـدا سەرکەوتوو بوایە بەدڵ لەگەڵم دەنووست، هەر شەڕێکیش نووشوستی بهێنایە بەشێوەیەکی زۆر نا بەدڵ کـارەکـەی لەگەڵ ئەنجام دەدام، پێم دەوت: ناکرێت، ئاخر من بیرت دەکـەم کـە لێم دوور دەبیت، زۆرترت بیـر دەکـەم دە دوو قسـەم بۆ بکە، بم لاوێنەوە، دڵنیام کە لە خۆشەویستی خۆت، ئێوە زۆر منداڵ بوون.
**کچ:** دایکە تۆ ئاگات لەخۆتە، باسی چی دەکەیت؟
ئەو خەڵکە دانیشتووە.
**دایـک:** ئێوە زۆر منداڵ بوون (بەردەوامە لە قسەکردن) کـەسێ نەبوو نـازی من بکێـشێ؟ کـە دەگـەڕایەوە لە سـەنگەر، خـێـرا ئێـوەی مـاچ دەکـرد، بۆ شـەو.. خـێـرا پەلاماری دەدام و خێرا جلەکانی لەبەر دادەکەندم و...
**کــچ:** دایکە، دایە تکات لێ دەکەم، بێ دەنگ بە، ئەو خەڵکە..
**دایـــــــک:** پاشـان کـە تەواو دەبوو خـێـرا خـۆی کـۆ دەکردەوە..
لە شـەڕێکی سـەنگەرەوە بۆ ناو شـەڕی پێـخـەف، من تەنیا لانەیەک بووم بۆ بەتاڵ بوونەوەی ئارەزووەکانی ئەو نازانم، من نازانم چی بووم، چی؟
**کــچ:** دایەگیـان دەبوو باوکم لەو جەنگانەدا بووبێت و ئامـــادەیی و بوونی هەبووبێت، دەبوو بـاوکم بەردەوام پەیامی خۆی بگەیەندایە.. دەبوو تۆش خێزانی پیـاوێکی ئاوا شـۆڕشگێـر بوویتـایە هەر بۆیە کـوڕەکەشـمـان ڕێگای باوکمی گرتەبەر.
**دایــک:** دەبوو تـۆش تەواوکـەری ڕێگای ئەوان بیت؟ وانییە؟
دەبوو منیش لەگەڵجییەوە بۆ ئێوە بژیم؟ دەبوو هەر لە جـــوانیـــــمـــەوە بێـــوەژن بم! وانیـــیــە؟ ئەی ئەوانەت بـۆ نەدەنووسی؟ تۆ باست لە کێشەکانی کچان و ژنان دەکرد و کەچی ئازارەکانی دایکتت دەخستە کونەوە تۆ بەرگریت لە مــافی ژنان دەکـــرد و دایکـتت بیـــر چووبووەوە، بۆ ئەوانەت نەدەنووسی؟
بۆ نەتدەنووسی، تا کـەی هێـڵـی سـوور بۆ سـەر ژیانی بێـــوەژنان بکێـــشـــرێت.. تا کـــەی خـــاڵی ترسناک بۆ بێوەژنان؟
دەبوو بنووسیت ژنێک چی دەنۆشێ و چەند دەچێژێ تا بە بێـوەژنی دەمــێنێتـەوە؟ دەبوو بزانیت دایکێک چۆن دەکۆشێ تا منداڵەکانی بە بێ باوک گەورە دەکات؟
کەچی تۆش لە پێناو چەند وشەیەکی حیزا، ڕۆژێ سەد جار لەبەرچاوی ئەو خەڵکە تاوانبارم دەکەیت؟
ڕقت لێم دەبێتەوە، بێزار دەبیت کە دەگریم بۆ براکەت.
دڵت تەنگ دەبێت کە چاوەڕێ دەکەم؟
کە دەلاوێنمەوە.. خێرا ژوورەکە بەجێ دێڵی!
تۆ شـــەرم لەخـــۆت ناکـــەیت بیـــرێکت لە ژیانی من نەکردەوە؟

ڕۆژێک وەک مرۆڤێک هەستت بە تەنیایی من کرد.

پرسیت ئەم دایکەی من چۆن ژیان دەگوزەرێنێ.؟

**کــچ:** چیت بۆ بکەم، دایە پێم نالێی چیت بۆ بکەم، لەو ڕۆژەوەی چاوم کـردەوە ڕوخسـاری تۆ هەر فـرمێسـک بوو، هەر پۆشاکی ڕەش بوو. چیم بـۆ بکردیتـایە.. بموتایە (وەک شەرم)

بم وتایە، دایە شوو بکەرەوە..

ئاخر پێم ڕەوا نەبوو هیچ پیاوێک لەسەر جێگای باوکم ببینم.

**دایــک:** (تا دەست بەرز دەکـاتەوە شەپا زللەیەکی لێ دەدات)

بۆ باوکتان جێگای شەوانی هەبووە؟

بۆ من زۆر خێـرم لە باوکت دی! تا بۆ پیـاو بگریم؟ من ئەگەر لەو شێـوە پیاوەم بدیایە کە بەختـەوەری دەکردم، هەقم بوو بگریم؟

بەڵام، وەرە، وەرە بزانم... پاشان بەلاتەوە شەرمە کچە نووسـەرەکـە، ژنێک بۆ پیـاو بگری پێـویسـتی بە پیـاو بێت؟!

بەلای تۆوە نەنگی بوو ئەگەر دایکت مێرد بکاتەوە!..

بە چاوێکی سـووکەوە سەیرت دەکـردم؟! چۆن ڕقم لێت نەبێتەوە؟ باوکی تۆ پـارچەیەک بارووت بوو، هەر شەڕ و شەڕ دواجار کە بۆ ئەو شەڕە ڕۆیشت، هاوارم کرد، گریام لێی پاڕامـەوە! مـەڕۆ ئەم شـەڕەی تۆ بۆی دەچی دروست نییـە شـەڕێکە خـۆشـتـان نازانن بۆ دەیکەن، تکات لێ دەکـەم. مەرج نیـیـە هەمـوو شـەڕەکـان تۆ ئامـادەبوونت هەبێت... بیـرێک لە ئێـمـە بکەرەوە، منداڵەکـانم وردن پێم دەوتی ئەم شەڕە زۆر جیاوازە لە شەڕەکانی تر خۆم لە پارێزتا بووم و بەخـوام دەسـپـاردی تا بەسـەرکـەوتوویی بگەڕێیـتـەوە، بەڵام ئەم جـارەیان پێم ڕەوا نیـیـە، ئەمـە شـەڕێکە برا، برادەکـوژێ.. تکات لێ دەکـەم مـەڕۆ دە ئەمجارەیان بیرێک لە من بکەوە؟

**کچ:** (دەگری)

**دایـــک:** پاش ئەوەی کـە تـەرمـەکـەیان هێنایەوە بەر دەرگا..

هەموو ئەو قسانەم لەسەر تەرمەکەی دووبارە کردەوە کە پێش ڕۆشتن پێم وتبوو.

پرسە.. پرسە.. گریان.. هێشتا پرسە تەواو نەببوو.

دایکم بە سەرپۆش و عەبا ڕەشەکەیەوە، بەر دەرگاکەی لێ گرتم، هەڵسە وەرەوە کاول بووەکەی بـاوکت.. تۆ لەم ڕۆ بەدواوە بێـوەژنیت، بەو جـوانیـیـە.. بەدوو منـاڵی وردەوە.. خــەڵکی زۆر بە ئاسـانـی دەتوانن تانەت لێ بدەن، ئێمە قایل نین تۆ بە تەنیا بژیت. هێشـتا پرسەکە تەواو نەبوو بوو دایکم زەنگی ئابڕووچوونی لێدا ئەو ڕۆژە حەزم دەکرد، دایکم بە لەچکەکەی سەری بخنکێنم و هەر بە عـەبا ڕەشـەکـەشی کـفنی کـەم بەدەسـتی خـۆم، چونکە وەک چەتەوڵ هاتە بەرچاوم (لاسـایی دایکی دەکـاتەوە) تازە تۆ بێوەژنیت.. دەزانی بێوەژن مانای چی؟.. چی دی ئەو ناگــەڕێتــەوە.. بەتەمــای چیت؟ بەرخی نێــر بـۆ سەربڕینە.

(لەبەرخۆیەوە) من-ش بۆ سەرکوتکردن! تف لە خۆتان و لە هەموو دروشمە سواوەکانتان.

(ڕوودەکـاتە کچەکەی) خانم تۆش لە وێنەی دایکمی، بەڵام بەشـێــوازێکی تر.. بەجـۆرێکی تر بەرامــبــەرم دەوەستی.. ئەوێکی بە تەمەن گەورە و بە جەستە بچووک تۆ یەک بە تـەمـەن بچـووک و بە جەسـتە گـەورە.. دەزانی دایکم تا ئەو ڕۆژەی مـردیش هەر لە ژوورێکدا بە تـەنیـا لەگەڵ باوکم دەخەوت!

تا توانای تیا بوو ژنیەتی خۆی بۆ باپیرت نواند.

کـەچی پێی شـەرم بـوو. کـچـەکـەی بێـوەژن بێت، نـەبا ڕۆژێک بیـر لە پیـاوێکی تر بکـاتەوە. دایکم بە هەمـوو تەمەنی یەک جار بە گەرمی منی لە ئامێز گرت، ئەویش ئەو ڕۆژە بوو کە پاش نەمانی باوکت منیـان لەگەڵ ئێوەدا بە زۆر بردەوە مـاڵی خـۆیان، پاشـان زانیم ئەو ئامـێـزە گـەرمـە، ئامـێزی کـۆتکردن بووە. نـەک ئامـێزی گـەرمی دایکایەتی.

بۆیە جـار هەیە ڕقم لێت دەبێـتـەوە، دەبیـتـە وێنەیەکی بچووک کراوەی دایکم.

**کــچ:** (پەشیمان دەبێتەوە) ئێستا دەزانم دایە گیان تۆ زۆر لەو نووسینانە گەورەتریت کە من دەمنووسین.

گەر ئەم جارە شەڕ بووەوە، خۆشم بسووتێنە، دایە من ئێـسـتـا بڕیاردەدەم، هەمـوو نووسـینەکـانم جـارێکی تر بنووسمەوە و لەبەرچاوی خۆم بەدەستی خۆم ئاگرێکت بۆ دەکـەمـەوە و بیـســووتێنە، بەڵام ئامــادەنیم بمکەیتــە وێنەیەکی تری دایکت.

نامەوێت وێنەی دایکت لە منا ببینیتەوە! بەهیچ جۆرێ پێم ڕەوانییە! دایە گیان وا بیر بکەیەوە.

**دایک:** (جگەرەیەک دادەگیرسێنێ)

بیرتە سەرەتا کە میـوانەکان دانیشـتن، چەند هەوڵم دا وەڵامت نەدەمـەوە... بێ سوود بوو وازت نەهێنا، بیـرتە پێم وتی، دوای هەمـوو باسکردنەکـان تۆ.. بەشـەڕ لێی دەردەچیت.

زۆرت وت و نەمدەویست وەڵامت بدەمەوە..

ناچارت کردم، هەموو شتێ بڵێم.

کە ئەو ساتانەم دێتەوە یاد، دەمەوێت بە چەقۆیەک لە

قوڕ قوڕاگەمەوە بیدڕێنم تا خوار ناوکم،

حەز دەکەم کاسەی سەری خۆم هەڵگرم و بە چەکووشێک بیکەمە خۆڵ، تا لەو بیرەوەرییانە دەربازبم..

حەز دەکەم هەموو ڕابردووەکانم ڕۆژانە لەناو تووتنی ئەم جگەرەیەمدا لوول کەم و بە بەرچاوی خۆمەوە بیکەمەوە دووکەڵ.

حەز دەکەم هەر خۆم بم ڕابردووم نەبێت، حەز دەکەم ئەوکاتانە، دایک نەبم، دایکی تۆش نەبم.

**کچ:** (دەگری) دایە گیان بۆ وا ئازارم دەدەیت، دایکە من بە قوربانی دڵی تۆ بم.

**دایک:** ئەو کاتانەی کە ژیانم لا جوان بوو، هەموو ئازارتان دەدام.

لەجوانییەکانی خۆم داتان دەماڵیم، منیش ڕقم لێتان دەبووەوە کەچی لەکاتی نووستنەکانتانا کە سەیرم دەکردن زیاترم خۆش دەویستن، بەزەییم پێتانا دەهاتەوە.

**کچ:** دایە گیان ئەوە بەزەیی خۆشەویستی بوو، ئێستا دەزانم کە تۆ ژنێکی زۆر پیری، لێواو لێو لە کارەسات، تۆ چەندە بەهێزی لە ئاست ئەو هەموو کارەساتانەدا دڵنیابە دایە گیان من چیتر ناتوانم ئازارت بدەم.

**دایک:** (دەست بەسەریەوە دەگرێ و دەیلاوێنێتەوە)

چاوەڕێی ڕۆڵە ناوونیشانم.

بنووسە لە شوێنی ناوی جوانت

با بگاتە لام بە خەتی پەنجەت

(بە دەم لاواندنەوەی ئەم وشانەوە بەردەوامە.

لە پڕ بێ دەنگ دەبێت و دەست پێدەکاتەوە)

**کچ:** لە لاواندنەوەکانتا، لە بێ دەنگیدا زیاترم خۆش دەوێیت.

**دایک:** (هاوارێکی زۆر بەتین)

**کچ:** دایە... دایە، وەڵامم بدەوە، بۆ بێ دەنگ بوویت، دایە، گیان نەمریت، دایە جارێ زووە قسەکانمان تەواو نەکردووە.

دایە گوێم لێ ڕاگرە لەگەڵ تۆمە جارێ زووە.

جارێ هیچ وەڵامێکی تەواوت دەست نەکەوت..

هەڵسە دایە گیان دڵنیات دەکەمەوە، دایە هەر ئەوانە دەنووسمەوە کە تۆ بۆت باس کردم، دایە گیان، هێشتا زۆرمان ماوە کە نەمانوتبێت.. مەمرە، مەرگ بۆ تۆ دوورە، تۆ لێواو لێوی لە بەسەرهات.

**حوزەیرانی (٢٠٠٥)**

# نیگارکێشان بە ڕەنگی ئەکریلیک

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

ڕەنگی ئەکریلیک لەچاو ڕەنگەکانی تردا، ڕەنگێکی نوێیە و بەکارهێنانی زۆر بە خێرایی بڵاوی بەخۆوە دی و خواستێکی زۆری هونەرمەندان لەسەری بووەتە مایەی هەرچی زیاتر میللی بوونی ئەم جۆرە ڕەنگە، ئەگەر بەدوای شارەزایی تەواو قووڵدا بگەڕێین لەسەری، تێبینی ئەوە دەکەین کە تەنانەت سەرچاوەیەک بەدی ناکەین لەمیانی زوبانی عەرەبیدا بۆ لێدوان دەربارەی ئەم جۆرە مادەیە، چون سەرەتای پەیدابوونی گەلێ لەو سەرەتایانە نوێترە کە سەرچاوە عەرەبییەکانی تێدا فەراهەم بووە (هێندەی لەبەردەستی ئێمەدا بێت و بزانین)، هەر لەبەر ئەوەیە بە میدیەمێکی مۆدێرن لە قەڵەم دەدرێت و مێژووی سەرهەڵدانی و بەکارهێنانێکی گشتی لە خۆرئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠ کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆ مێژووی دوور و درێژی هونەری خۆرئاوا، مێژوویەکی نوێ و نزیکە، بەڵام لەگەڵ ئەم مێژووە نزیکەشدا ئامادەییەکی دیار و کاریگەری بۆ خۆی سەندووە بەرەنجامی ئەو توانایەی هەیەتی بۆ بەکارهێنانی لە جۆرەها مەبەستدا و بە جۆرەها تەکنیک و ڕێگەی کارکردن. چون دەکرێت وەک تەکنیکی کارکردنی زەیتی بەکاربێت ڕاستەوخۆ لەتبووە ڕەنگەکان بڕژێنرێتە سەر پالێت و بە پەڕەمووچی زەیتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام بە توێنەرەوە و نێوەند و پەیوەستی تایبەت بەخۆیەوە کە لە کۆمپانیای وەک Winsor & Newton یان کۆمپانیاکانی تر تایبەت بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم دەهێنرێت، هەر چۆن دەکرێت وەک تەکنیکی کارکردنی ئاوی یاخود گواش کاری پێ بکرێت، ئەمانە گشت وێڕای سادەیی و سانایی لە بەکارهێنان و گەشی و بەهای تایبەتی ڕەنگەکانی.

پێکهاتەی ئەم جۆرە بۆیەیە بریتییە لە ڕێژەگەلێکی تایبەت لە تۆزی ڕەنگی و ئاو و ماددەی پەیوەستی تایبەت بە ئەکریلیک، کە ساتێ وشک دەبێتەوە و ڕەق دەبێت توێژاڵێکی پاک دەبەخشێتە ڕەنگەکانی لەدوای بەهەڵم بوونی ئەو ئاوەی تێیدایە و هەروەها کاردەکات بۆ تێک نەچوونی ڕەنگەکان جارێکی تر بە تەڕی. یاخود گەر پەڕەمووچی تەڕی لێوەدرا، هەر ئەم سیفەتەشە وێڕای سیفەتەکانی تری کە ئاماژەمان پێدا وا دەکات، بۆیە و ڕەنگی ئەکریلیک جیاواز بێت لە ڕەنگی ئاوی و پۆستەر و گواش، چون هەر کامێک لەو سێ جۆرە ڕەنگە دوای وشک بوونەوەیان بە تەڕی و ئاو (گەر بەریان بکەوێت) تێکدەچن و دەگۆڕێن، بەڵام ئەکریلیک لەپاش وشک بوونەوەی تێک ناچێت و ناگۆڕێت.

وەک ئاماژەمان پێدا، ئەمانە گشت ئەو پەیوەستە

کـەتیـرەییـە تایبــەتەی ئەکـریلیک ئەو توانا و بەهاو بەرگرییە دەبەخشێتە ئەم جۆرە ڕەنگە، هەر ئەوەشە وا دەکات کە تۆزە ڕەنگییەکەی نێوی بەگەشی و بریقەداری بمێنێتەوە.

ئەکـریلیک پرۆسـەی وشک بوونەوەی لە کـاتێکی کەمدایە، واتە زۆر بە زوویی وشک دەبێتەوە، ئەمەش لە بێـــزاری چاوەڕوان کـــردنی وشک بوونەوەی تابلۆ بۆ کـاتێکی درێژخـایەن قـوتارمـان دەکـات، بەتایبـەت گـەر بمانەوێت چینی ڕەنگی جیاجیا بخەینە سەریەک لەپاش وشک بوونەوەکان. ئەو چینە توێژاڵییەی دروستی دەکات گـەلێ نەرمـتـرە لە هی مـادەکـانی تر هەر ئەمـەشـە وای لێـدەکـات ئەگـەری درزبردن و شـەق بردنی نەبێت. وەک ئاماژەمان پێدا ئەکریلیک بەرگری هەیە بەرامبەر ئاو و تەڕی سـاتێ وشک بۆوە، ئەمـەش مـانای ئەوەیە چەند چینی ڕەنگی بخرێتە سەریەک کار لە یەکتر نەکەن و ڕەنگەکانی ژێر خۆیان تێک نەدەن.

بەتایبەت لە حاڵەتێکدا کە هونەرمەند مەبەستی بێت ڕەنگی چینی ژێرەوەی کـارکـردنی بمێنێـتـەوە یاخود گـەر بیـەوێت بە شـەفافی و ڕوونی کاری لەسەر بکاتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەنگەکانیش دەکرێت ئاو بەکاربێت یاخود میدیەمی تایبەت بە ئەکریلیک خۆی. بەکارهێنانی ئاو وەک میدیەمێک و لە هەمان کاتدا بۆ شتنی فلچەکان، کە ئاویش مادەیەکە ئامادە دەست و هەبوو لە زۆر شوێن و کاتدا، زۆری و دەستکەوتنی بەبێ هیچ بەرامبەرێکی ئەوتۆ هێندەی تر ڕۆڵی گێڕاوە بۆ خواست لەسەر بوونی هەرچی زیاتری ئەم جۆرە ڕەنگە.

ڕەنگی ئەکـریلیک لە تۆندا (واتە تۆخی و کـاڵی) ســاتەوەخـــتی وشک بوونەوەی تاریک دەبێت، ئەم تاریکبـــوونەی لە چاو گـــەشی ڕەنگەکـــانیـــەتی لە ساتەوەختی تەڕی ڕەنگەکان و کارپێکردنیدا. لەبەر ئەوە هونەرمـەند دەبێت حیسابی ئەم کـاریگەرییـە بکات هەر لەسەرەتای کارکردنەکەیەوە یاخود ساتی تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان، جا ئەم حیساب بۆکردنە لە شێوازێکی وەک ڕەنگی ئاوی کـــارپێکردنی بێت یاخـــود وەک ڕەنگی زەیتی. هەڵبەتە کە باس لەم جۆرە تاریکبوون یاخود مات بوونەی ڕەنگەکـان دەکـەین، ئاست و ڕادەی ئەم جـۆرە مـاتبـوونەی ڕەنگەکـان بە هێندایی مات بـوون و نەمـانی گەشێتی ڕەنگی ئاوی نییە کاتێ وشک دەبێتەوە. چون هەروەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا ئەو چینە توێژاڵییە ڕوونەی مـادەی پەیوەست بە ئەکـریلیک لەخـۆی دەگـرێت ڕێگرە لەبەردەم مــات بوون و تـاریک بوونێکی وەهادا. ســاتێکیش دەڵێین ڕەنگی ئەکــریلیکی دەکــرێت وەک هەردوو تـەکـنیـکی ڕەنـگی ئاوی و زەیتی کـــاری پێ بکرێت، مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە لاساییەکی کاڵ و کـــرچی تـەکنیکی ئەو دوو مـــادەیە بێت، بەڵکو ئەم بەشێـوازی خـۆی توانایەکی سـاحیـرانە دەداتە ئەو دوو تەکنیکە کـارکردنە، بە ڕادەیەک وای کـردووە گـەلێک هونەرمەندی پرۆفیشناڵ بەشێوازی جیاواز بەکاری بهێنن.

### ڕەنگی ئەکریلیک بە تەکنیکی زەیتی

ساتێ ویستی بەکارهێنانی ڕەنگی ئەکریلیکمان هەبوو بە تەکنیکی زەیتی، واتە ڕۆکردنی بۆیەی ئەکریلیکەکە بە ڕاستەوخۆیی لە تیوبەکە یاخود قـوتووی ئەکریلیکەکەوە بەخەستی بۆ سەر پالێتی کارکردنەکەمان، ئەوا کارەکەمان پتـــەوییـــەکی دەبێت زۆر نزیک لە پتـــەوی ڕەنگی زەیتییەوە، هەروەک بۆیەی زەیتی ئینتباعی وەشاندن و ساوی پەڕەمووچ یاخود چەقۆی کارکردنمان دەداتێ. واتە چینی خەست و لەسەریەک بەدیاری جێ پەڕەمووچ یاخود چینی ئەستووری چەقۆی کارکردن، ڕێی ئەوە بەهونەرمەند دەدات مـــامـــەڵەیەکی گـــرنگ و شـــایســـتـــە بە جـــۆرە جیاوازەکان کاریگەری ساوی ڕووەکان بکات. کە خودی ئەم ڕووە بەدیهـــێنراوانە بەســاوە جـیـــاوازەکـــانیـــیـــەوە، تامـوچێـژێکی ئیـسـتـێـتـیـکی جیـاجیـا دەبەخشـێت و کاریگەریی خۆی دەکات و دەبێت.

### بە بەراورد لەگەڵ زەیتیدا:

١- وەک ئامـــاژەمـــان پێـــدا ئەکـــریلیک زوو وشک دەبێـتـەوە و توانای ئەوەمان دەداتێ لەدوای کـاتژمـێرێک کـــاری تر لەســــەر ئەو چینە ڕەنگە وشک بووەوەیەدا بکەین، لێرەدا هەمان سیفەتی بۆیەی زەیتی هەیە، بەڵام زەیتی درەنگتر وشک دەبێتەوە.

٢- ساتێ ئەکریلیک وشک دەبێتەوە زۆر خۆڕاگرە و لە هەمــان کـاتدا نەرم و شلە کـە ئەمــەش بەو مــانایەی دەتوانرێت لەسەر ڕووی ساف و لووس یاخود چەور کاری پێبکرێت بێ درز بردن و هەڵوەراندنی، بەڵام ساتێ چینی بۆیەی زۆر بکەوێتە سـەریەک و ڕووی کـارکـردنەکـەمـان ئەسـتـوور ببێت، ئاگاداری ئەوە بین کە بەهیچ شێوەیەک نابێت دوای وشک بوونەوەی تەواوی چینە ڕەنگییـەکـان کارەکە لوول بکەین.

٣- یەکێ لە سیفەتە جیاوازەکانی ئەکریلیک لە زەیتی

ئەوەیە کە ئەکریلیک پێویستی بە ئامادەکردنی ڕووی کارکردنەکەی نییە، دەکرێت ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووی کارتۆن یاخود کاغەزی ئەستوور یا قوماش یاخود لاینۆ و تەختەکاری پێبکرێت. بە تێبینی ئەوەی بە جیا لەم توانایەی ئەکریلیک لای زۆرێک لە هونەرمەندان وا پەیڕەو کراوە کە چینێک جیسۆ بەکاردەهێنن بۆ ئامادەکردنی ڕووی کارکردنەکەیان بەتایبەت گەر ڕووەکە قوماش بێت.

٤- لەبەر ئەوەی ماددەی ئەکریلیک بەئاو دەگیرێتەوە، دەکرێت تا وشک نەبووبێتەوە بە ئاو و سابوون لەسەر هەر شتێ کە بمانەوێت لابرێت، بەتایبەت بۆ شتنی پەڕەموو‌چەکانمان چون لەگەڵ وشک بوونەوەی تۆپەڵ دروست دەکات بەسەر مووی پەڕەمووچەکانەوە و بەهیچ جۆرێک لێ نابێتەوە، ئەمە هەمان شت بۆ ڕووی پالێتەکانیشمان ڕاستە. لەم خاڵەشدا هەمان سیفاتی بۆیەی زەیتی هەیە.

٥- ئەکریلیک توانای خۆڕاگری و بەرگری هەیە بەرامبەر کەشوهەوا (وەک زەیتی) بەڵام ئەم ڕەنگەکانی گەشتر و ڕوونتر و ڕاستەوخۆتر دەمێنێتەوە.

**ڕەنگی ئەکریلیک بە تەکنیکی ئاوی**

بە ڕوونکردنەوەی ئەکریلیک بە بڕێکی کەم لە ئاو یاخود هەر نێوەندێکی ئەکریلیک، کارکردنەکەمان دەشێت بەرەنجامی شەفاف و ڕوون وەک ڕەنگی ئاوی بدات بەدەستەوە. بەکارهێنانی نێوەندی تایبەت بۆ شل و ڕوونکردنەوەی ئەم بۆیەیە پێکهاتەیەکی وەک ڕەنگی ئاویمان دەداتێ، بەڵام بە پتەوی و بەهێزی ڕەنگەکانییەوە.

**بە بەراورد لەگەڵ ڕەنگی ئاویدا:**

١- چون ئەکریلیک لەگەڵ وشک بوونەوەیدا بەرگری هەیە بۆ تەڕی و ئاو، دەکرێت بۆ دانانی چینی شەفافی ڕەنگ لەسەر یەکتر، بێ تێکچوونی چینی ژێرەوە سوودی لێ وەربگیرێ.

٢- لەبەر هەمان هۆکار، پێویست بە خستنە نێو شووشە ناکات و بۆ پاراستنی یەدەکیش دەتوانرێت وارنیشی تایبەت بە ئەکریلیک بەکاربهێنرێت.

کاتێک ئەکریلیک بەکاردەهێنرێت، هەموو کاتێ دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە پالێتەکەمان دوای کارکردن لەسەری پاک بکەینەوە، بۆ خۆپاراستن لە دروست بوون و بەرزبوونەوەی تۆپەڵی ڕەنگی وشک بۆوە.

**ڕووی کارکردنی ڕەنگی ئەکریلیک**

ساتێ دەبینین و هەست بەوە دەکەین ئەکریلیک وەک میدیەمێکی جیهانی ئارەزووی لەسەرە و کاری پێدەکرێت، لامان سەیر نابێت کە زۆرێک لە ڕووەکان بەکاربێت و گونجاو بێت بۆ پراکتیزەکردنی کاری ئەکریلیک لەسەری، لەنێوان ئەم ڕووانەدا دەکرێت ئاماژە بدەین بەجۆرەهای کاغەز، مقەبا، کارد بۆرد و کەپس Hard bord (لەوانەش ئەمڕۆکە بەکارهێنانی جۆری «Mdf» خواست و ئارەزوویەکی زۆری لەسەرە و لەلایەنی تەکنولۆژیشەوە بەکارهێنانی بەحاڵەتێکی تەندروست لە قەڵەم دەدرێت، چون هیچ جۆرە مادەیەکی ترشەڵۆکی سلیلۆزی یاخود دراتنجی لە پێکهاتەیدا بەکارنایەت واتە شێوازی پرۆسێسی ترشاندن لە بەرهەم هێنانیدا ناگرێتە بەر) ئەمە وێڕای جۆرەها قوماشی چنراو و کانڤاس کە هەر کامێک لەم ڕووانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و هەر کەس بەپێی شارەزایی و تاقیکردنەوە و گونجاوی لەگەڵ شێواز و تەکنیکی کارکردنێک باشترینیان هەڵدەبژێرێت.

ئەکریلیک وەک ڕەنگی تر (بۆ نموونە زەیتی) پێویستی بە ئامادەکردنی ڕووەکان نییە بۆ کارکردن لەسەری یاخود گەر کاری پێکرا بەبێ ئامادەکردن ڕەنگەکانی خامۆش ببن یاخود بڵاوببنەوە و پێز و بەهایان نەمێنێت، بەڵام هەروەک ئاماژەمان پێدا کەسانێک بۆ هەرچی زیاتر دەرکەوتنی چینی بەرز و ئەستوور یاخود بەدیهێنانی تێکسچەری تایبەت بۆ کارەکانیان ئامۆژگاری بە بەکارهێنانی جیسۆ دەکەن بۆ ئامادەکردنی ڕووەکە.

لەبەر هەرزانی و لەبەر دەستابوویی زۆربەی جار وەرەقەی ئاسایی بەکاردەهێنرێت بۆ کاری ئەکریلیک، جا ئەو وەرەقانە سپی بن یاخود ڕەنگی جیاواز. کاغەزی کارکردنی ئاوی بە باشترین و گونجاوترین ڕوو دەزانرێت بۆ کارکردن لەسەری بەم مادەیە ئەویش لەبەر توانا بەخشین بە بەدیهێنانی ڕووی توێژاڵی یاخود نیمچە توێژاڵی هەندێ کاغەز گەر پێکهاتەی دروستکردنیان بەشێوەیەکی باش چارەسەر نەکرابێت، ئەوا ناشێت بۆ ئەم جۆرە کارکردنە و دەبێتە هۆکاری پیس بوون و تێک چوونی ڕەنگەکان. هەر لەبەر ئەمەیە وەرەقەی ئەستوور و خاوەن پەستانێکی زۆر بەکار دەهێنرێت، یاخود گەر ئەستوور نەبوو دەتوانرێت ڕاکێشانی بۆ بکرێت هەروەک لە کاری ئاویدا پەیڕەو دەکرێت.

وێڕای ڕووی کاغـەزین هەردوو ڕووی مـقـەبا Card board و ڕووی Strwboard کــاریگەری گــرنگ لەتێکســچـەر و بەهای ڕەنگ بەدی دێنن. کـانڤـاسی ئەکریلیکیش دوو جۆری هەیە: جۆرێکیان خاوەن ڕوو و ساوێکی ئاسـاییـە لە زبریدا و جـۆرەکـەی تریشــیـان ساوێکی ورد و ناسکی هەیە. ئەم جۆرانە زۆر سووکەڵەتر و هەرزانترن وەک لە کانڤاسێ کە بەچوارچێوەوە بێت.

هەندێ لە هونەرمەندان حەز بە کارکردن لەسەر ڕووی جۆرەکـانی تەختـە یاخـود کـەپس وەک مـەعـاکس یاخـود فایبەر (Masonite) دەکەن، کە پەیداکردنی ئاسانە و بەهێـزە. لە فـایبـەردا (وەک لە زەیتـدا) هەمـیـشـە بۆ کـارکــردن لەســەری دیوە ســافـەکــەی بەکــاردێت بۆ ئامادەکردنیشی (گەر بمانەوێت ئامادەی بکەین) ماددەی ئامـادەکـراوی لێ دەدەین لە دوا سمـارتە کردنی. هەندێ ڕووی تری وەک کەبسی تەختە جۆرێک لەمادەی چەوری بەســەر ڕووەکــەیانەوە هەیە کــە زیان لە پرۆســێــسی کـارکـردنەکـەمـان دەدات هەر بۆیە پێـویست بەلابردنی دەکـات پێش کـار لەسـەرکـردنی یاخـود ئـامـادەکـردنی بۆ کـارکـردن، ئەم کـارەش دەبێت لە هەردوو دیوی تەختـە کـەپسـەکـەوە ئەنجام بدرێت بە سڕینی ڕووەکـە بە پارچە پەڕۆیەک کـە لە ئیسپـرتۆ هەڵمـان کێشابێت لە هەردوو دیوەوە، هەرچۆن دەبێت ئەم کارە بەدەستکێشەوە ئەنجام بدەین چون تێکەڵ بوونی ئەم دوو مــادەیە، مــادەیەکی ژەهراوی دروست دەکـات کـە لەسـەر پێـست کـاریگەری خۆی دەکات.

هەمـیـشـە بۆ ئەو ڕووانەی وەک (مـعـاکسی ئاسایی و فـایبـەر وان مـادەی ئـامـادەکـراوی لە تێکەڵی هێلم و هەمــەڵشـن لە هەردوو ڕووەکــەی دەدرێت بۆ خــۆڕاگـری زیاتر، هەرچۆن هەندێ جار قوماش دەگیـرێتە ئەم ڕووانە و ئامادە دەکرێت زیاتر بۆ ئەوکارانەی تەڕی و ئاوی زۆری تێــدا بەکــاردێت، ئەمــە ســەرباری بەکــارهێنان و ئامادەکردنی جۆرەهای قوماش لەسەر چوارچێوەی تەختە، هەندێ جـار قـومـاشی ڕەنگاو ڕەنگ یاخـود نەخـشین بەکـاردەهێنرێت و ڕاسـتـەوخـۆ کـاری لەسـەر دەکـرێت بە ســوود وەرگــرتـن لەو جــۆری نەخش و ڕەنگاو ڕەنگی قـوماشە یاخـود جۆری سادەی وەک خامی سپی یاخـود قوماشی کاوبۆیی و چادر بەکاردێت و ئامادە دەکرێت یان بە مـادەی جیـسۆ یاخـود بە ئۆکسـیدی زینک یان بۆیەی هەمــەڵشـن و هێلم، یاخــود وەک هەندێ هەر هێلم بەکاردێنن.

دوا وتەمــان لە باری ڕەنگی ئەکـریلیکەوە بەوە کـۆتا پێدێنین، ڕاستە ئەم جۆرە کارکردنە ئەمێستا لەجیهاندا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە و خواستێکی زۆری هەیە، بەڵام ئەو بەرەنجامانەی ڕەنگی زەیتی لە بەهای جوانی و قورسی مادەکە دەیبەخشێت جیاوازە لە بەرەنجامەکانی ئەم مــادەیە، جگە لەمـەش بەهۆکـاربی پرۆسـێـسی زوو وشک بوونەوەی چینە ڕەنگییـەکانی ئەم مادەیە گەلێک تەکنیک لە بەدیهــێنانی تۆنی زۆردا بۆ پانتــاییــەکی کارکردنی دیاریکراو بەدی نایێت بەتایبەت بۆ کەسانێک کە شارەزایی زۆریان نەبێت یاخود شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەخــودی ئەو مــادەیەدا نەبێت، هەمــان حــاڵەت بۆ خوێندکارانی هونەر لە قـۆناغی کارکردنی ئەکادیمییـاندا ڕاسـتـە. چون درەنگ وشک بوونەوەی ڕەنگی زەیتی لەو بارەدا یارمەتیدەرە بۆ دانان و دەرهێنانی زۆرێک لە توند ڕەنگییەکان.

لەپاڵ ئەم حـاڵەتەدا دەکرێت ئـامـاژە بەوەش بدەین کـە گەشی و پاکی ڕەنگەکـانی ئەکـریلیک گـەلێ جـیـاوازی هەیە لە ڕەنگی زەیتی، تا ئەو ئاسـتـەی هەندێ ڕەنگی ئەکــریلیک بەتایبــەت لە «ســەوز، زەردی لیــمــۆیی، پرتەقاڵی، پەمەیی و مۆر»دا جۆرێک کە گەشی فسفۆری بەدی دەکـەین و هەست پێ دەکـەین کـە ئەمـە لە ڕەنگی زەیتیدا نابینرێت.

# هەندێ لە سیفاتەکانی فیلمسازی

و-ئا: کامەران حاجی ئەلیاس

نواندن لە فـیلم پێـویسـتی بە سادەیی و زیرەکی هەیە، بەرجەستەکردنی پێویستی بەو زیادەڕۆییە نییە وەکو لە شانۆدا هەیە، چونکە بینەران لە فیلمدا زۆر نزیکن کە لە شێوەی ئامێـری وێنەگرتن و مـایکرۆفـۆن خۆیان نیشـان دەدەن، هەندێ بنەمـای تایبـەتی هەیە کـە پەیوەسـتـە بە فیلم و هیچ پێوەندییەکی بەشانۆوە نییە.

نواندن لەلای وێنەگـری سـینەمـایی بە دوو شـێـوازی جـیـاواز تۆمـار دەکـرێت، وێنەکـە لەسـەر کـاسـێت تۆماردەکرێت هەروەکو فیلمەکانی مالان، یان وێنەگرتنی جـێگـیـر ئەمـە وەکـو سـەرەتـا، پاشـان دەنگەکـە لەسـەر کـاسـێـتێکی مـوگناتیسی تۆمـار دەکرێت و فـیلمەکـە بۆ کـارگە ڕەوانە دەکـرێت، لەوێ هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بۆ هەمـوو مـادەیەک کـە دەرهێنەر ڕەزامـەندی لەسـەرداوە، واتە وێنەگـرتنە باشـەکـە بۆ کـۆمـپـانـیـای بەرهەمـهـێنەر دەنێـردرێت، بەلام دەنگەکـە لەسـەر کـاسـێتێکی مـوگناتیسی تۆمـار کـراوە لەگـەل فـیلمەکـە بەسـتـراوە ئینجـا دەگـوازرێتـەوە بۆ مـاجـسـتـرایب واتە شریتی سینەمـایی کە لە هەمـوو شتێ بەتالە بە شریتی موگناتیسی دەبەسترێتەوە بەپانی 1/4 (بۆسـە) ئینجـا ڕێکخەری فیلم (مۆنتێر) هەردوو بنەما سەرەکییەکە کە (دانـەیەکی کـارگـە-work prist) کـە وێنەو مـاجـسـتـرایبی لەسـەرە لەگـەل دەنگەکـە ڕێک دەخـات، پاشـان دەست دەکـات بە هەلبـژاردنی بەشـەکان لە وێنە و دەنگ کـە دەبێـتـە هۆی ڕێکخـسـتنی وێنەی کـۆتـایی فـیلمـەکـە پاش ئەوەی هەمـوو دیمەنەکـانی وێنەیی کـۆ دەکـرێتـەوە، بەجـۆرێ کـە ڕازی بوونی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری لەسەر بێت، جا کـاریگەرە دەنگییەکان و مۆسـیـقـای بۆ زیاد دەکـرێت، هەمـوو بنەمـاکـانی دەنگ جـۆراوجـۆر لەسـەر شـێـوەی بەش بەش دەگـوازرێتـەوە سەرکاسێتی دەنگ پاشان هەموو کاسێتەکانی دەنگ لە قۆناغێک کە پێی دەلێن تێک هەلکێشان کۆ دەکرێتەوە ئینجا هەمـوو بەشەکانی بیستن دەخرێتە سەر فـیلم لەگەل پاراستنی هاوسەنگی بۆ ئەوەی وێنە و کـاریگەرییەکانی بینین یەکسـان بێت و بە وێنەیەکی کـۆتایی بگاتە فـیلم، بەم شێوەیە کۆتایی فیلم دەنگ لە حالەتی موگناتیسی نامـێنێ بەلام بینراوی دەبێ، کـە لەلایەکی وێنەگـر بەشـێـوەی ڕووناکی دیار دەبێت پاشـان ئەم شـێـوە ڕووناکـیـیـە جارێکی تر لەکـاتی بەئامێـر نمایش دەڕوات دەنگەکە دەگەڕێتەوە کۆکردنەوەی کۆتایی لە نێوان، وێنە و دەنگ لەسـەر کـاسـێـتی فـیلم پێی دەوترێت «دانەی کۆکـراوە» ئێـسـتـا با هەندێ لە زاراوەکـان کـە لە کـاتی کارکردن بەکاری دەهێنن بناسین:

*** (ئامێری وێنەگرتن)**

ئەو ئامێرەیە کە فـیلمەکەی بەناو دەڕوات و وێنەکانی



لەسەر تۆمار دەکرێت، چەندین جۆر لە ئامێرەکانی وێنەگرتن هەیە هەریەکە و بەچەندین هاوێنەی جۆراوجۆر کاردەکات ئەو هاوێنەی کە سەنتەری دووری درێژە پانتاییەکی بچووکترە وێنە دەگرێت وەکو پانتایی گرتەی نزیک و ئەو هاوێنانەی دووری سەنتەری کورتە پانتایی فراوانتر وێنە دەگرێت هەرچەند ژمارەی دووری زیادبێت بۆ هاوێنە پانتاییەکە بچووکتر دەبێت، بە مانایەکی تر هەرچەند ژمارە کەم بێت پانتایی وێنەکە فراوانتر دەبێ و چەند ژمارە زیاتر بێ پانتایی وێنەکە بچووکتر دەبێ.

*** ( گالیسکەی ئامێری وێنەگرتن)**

گالیسکەی ئامێری وێنەگرتن لە سەکۆیەک پێکهاتووە کە بەچەند تایەکی بەهێز بەستراوە کە شوێنی ئامێری وێنەگرتن و وێنەگری پسپۆری لەسەرە بۆ ڕێکخستنی تەرکیزی سەنتەر و چەندین جۆری هەیە گرنگترینیان ئەم دوو جۆرەی خوارەوەیە:

**١-(گالیسکەی کابوریا )**

بۆ ئەوە دروست کراوە وەکو کابوریا بجوولێتەوە دەتوانێ بۆ پێشەوە و دواوە بجوولێتەوە بۆ سێ گۆشەکان بەهۆی ڕێکخستنی سادەیی تایەکانی.

**٢-( بەرزکەرەوەی تشمابمان)**

دەزگایەکی گەورەیە لەسەر گالیسکەیەکی جوولە جێگیرە ئامێری وێنەگرتن لە کۆتایی ئەو باسکە درێژ و قورسە جێگیر دەبێ بەهۆی چەند قورساییەک هاوسەنگ دەکرێت بێگومان شوێنی دانیشتنی هەیە بۆ هەریەک لە وێنەگر و دەرهێنەر و ڕووپێودانی ڕێکخستنی سەنتەر ئەم باسکە دەتوانرێ بەرز و نزم بکرێتەوە و بۆ هەموولایەک بسووڕێتەوە بەهۆی دەستەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت کە کۆنترۆڵەکەی یا لەسەر زەوی دەبێ یان لەسەر گالیسکە دەبێ، بەڵام کە بەهۆی پاتری دەسووڕێتەوە لەکاتی وێنەگرتن بۆ ئەوەی هیچ دەنگێ دەرنەچێ.

**٣- (باسکی مایکرۆفۆن)**

مایکرۆفۆن(مایک) بە باسکێکی درێژ دەبەسترێتەوە لەسەر سەکۆیەکی جوولێنەر پسپۆری دەنگ لەسەری دادەنیشێ، پێویستە لەسەری ئاگاداری مایکرۆفۆنەکە بێت کە بەشێوەیەکی ڕاست ئاراستەکراوە، نزیکە لە ئەکتەر بەبێ ئەوەی لەناو وێنەکە دەربچێت، ئەو مایکرۆفۆنانەی بەکار دەهێنرێن زۆر هەستیارن بەم شێوەیە پێویست ناکات ئەکتەر دەنگی خۆی بەرزبکاتەوە لەکاتی دیالۆگدا، وا باشترە لەگەڵ کەسێک قسە بکات بە جۆرێ وا بزانێ مایکرۆفۆن هەر نییە دەنگەکان هەموو دەردەچن جا هەڵوێستەکە چۆنە بەو شێوەیە دەبێ.

*** (ڕووناکی)**

چەندین جۆر ڕووناکی هەیە هەر لەشێواز و فۆرم و ئەرکدا، ئەوەی پێویستە بزانین ئەوەیە کە ڕووناکی سەرەکی بە زۆری ئاراستە دەکرێت بۆ دەموچاو، بەڵام ڕووناکی گشتی دیمەنەکە بەگشتی ڕووناک دەکاتەوە

هاوکاری لەنێوان ئەکتەرەکان زۆر پێویستە بۆ ئەوەی سێبەر دروست نەبێ ئاسانکاریشە هەم بۆ وێنەگر هەم بۆ دانەری ڕووناکی (مصمم انارة).

*** (مۆڤیۆلا)**

ئامێرێکە بۆ ڕێکخستنی فیلم بەکاردێ (مۆنتێر) هەموو مادەکان کە وێنەی گیراوە لەگەڵ کاسێتەکانی دەنگ بۆ ڕێکخەری فیلم دەنێردرێ بۆ هەموو کاسێتەکانیش چەند هێماو ئاماژە هەیە بەجۆرێ دەتوانرێ هەموو وێنەکان بناسرێ، ڕێکخەری فیلم دەست بە کۆکردنەوەی هەموو ماددەکان دەکات کە کۆتایی هاتووە، زۆر جار لەگەڵ دەرهێنەر بەیەکەوە ئەم کارە دەکەن تا دەگەنە ڕێکخەری دەرهێنەر، واتە ئەو فیلمەی کە کۆکراوەتەوە دەرهێنەر بڕیاری خۆی داوە زۆر جار بەرهەمهێنەر دەبێتە خاوەن وشەی کۆتایی لە ڕێکخستن، بەڵام هەرچۆنێ بێ دانەری کۆتایی فیلم لە ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و هاوکاری لەنێوان ڕێکخەر و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر دەبێ.

*** (گرتەی سەرەکی)**

گرتەی سەرەکی گرتەیەکی فراوانە کە زیاتر لە ئەکتەرێ لەخۆ دەگرێ و ئامێری وێنەگرتن بە دوای جوولەی ئەکتەرەکان دەگوازرێتەوە لەوانەیە گرتەی سەرەکی لەسەرەتای دیمەن تا کۆتایی نەوەستێ لەوانەشە چەند جارێ بوەستێ، چونکە دەرهێنەر هەر لەسەرەتاوە دەزانێ کە گرتەکە دابەش دەکرێ بەشێوەیەکی کۆتایی پاش ڕێکخستن.

*** (گرتەی دووانە)**

ئەو گرتەیەیە کە دوو کەسییە لە کادر دەردەچن.

*** (گرتەی سەرستان)**

ئەو گرتەیەیە کە دەموچاوی ئەکتەر بە دەردەکەوێ لە دواوەی پشت ئەکتەرەکەی ترە جێبەجێکردنی ئەم گرفتانە لەسەر شانی یەکێ لەم دووانە دەبێ کاتێ ئامێری وێنەگرتن بۆ هەردوو پشتەوە و بۆ هەردوو دەموچاو و بۆ هەردوو شێوەی جیا، بەڵام بەرامبەر یەکتر.

***(گرتەی نزیک)**

ئەم گرتەیە لە دەم و چاو یان دەموچاو و مل، یان لەگەڵ هەردوو شان بۆیەک ئەکتەر پێکدێ بۆ گرتەی نزیک ئەکتەرەکە ڕووناکییەکی زۆری لەسەرە هەروەها گرنگی بە هەڵبژاردنی شوێن دەدرێت، بەڵام ئەو ئەکتەرەی لە دەرەوەی وێنەگر و لە تەنیشت ئامێری وێنەگرتن دەوەستێت و دەورەکەی خۆی جێبەجێ دەکات، بە داخەوە ئەم ئەکتەرانە لەبەرئەوەی لەوێنەگرتن دەرناچن زۆر گرنگی بە دەورەکەی خۆیان نادەن ئەمەش کاردەکاتە سەر ئەکتەری بەرامبەر، بۆیە وا باشە نواندنیان وا بکەن کە وەکو بۆ وێنەگرتن بێ. (تۆنی بار) دەڵێت: (کاتێ چوومە هۆلیوود و یەکەم ئەرکی نواندنی سینەماییم دەست پێکرد، هیچ فکرەیەکم لەسەر سروشتی نواندن لە سینەما نەبوو جا لەکاتێ کە یەکەم گرتەی سەرەکی دەرهێنەر هاتە لام وتی (ئۆکەی ئێستا گرتەی نزیکی بۆ وێنە دەگرین نەجوولێیت) گرتەکەم جێبەجێ کرد، بەڵام لە حاڵەتێکی ترسی وا دابووم لەوە دەترسام کە بجووڵێم هەموو جیهان دەڕووخێ پاش ئەوەی فیلمەکەم بینی هەستم بەوە کرد کە جیهانی دەرهێنەر ڕووخا من وەکو ئەرک ڕاوەستابووم، بۆیە دەتوانرێ لەکاتی گرتەی نزیک بجووڵێی، بەڵام دەم وچاوت لەناو شاشە بێت و بشزانی کەوا جووڵەکانت سنووردارە دەتوانی لە دەرهێنەر بپرسی پاشان زۆر بە ئاسانی لە چوارچێوەی ئەم سنوورە جووڵە بکەیت.

**(گرتەی سینگ)**

گرتەی یەک ئەکتەرە و سینگی بە دیار دەکەوێ.

*** (گرتەی ناوەند)**

ئەو گرتەیەیە کە ڕادەکەی دەگاتە ناوەندی ئەکتەر.

*** (گرتەی تەواو)**

ئەو گرتەیەیە کە ڕادەکەی دەگاتە هەردوو پێیەکانی ئەکتەر.

*** (گەیشتن بە هێماکان بە ڕێکی)**

کاتێ دەرهێنەر دەست دەکات بە هەر گرتەیەک چۆنیەتی و شوێنی ئەکتەرەکان زۆر گرنگە بۆیە دەبێ زۆر کاتی دەرهێنەر جێبەجێ بکرێت و هەندێ نیشانە لەسەر شوێنەکە دیاردەکرێت بە مەبەستی دیاریکردنی هەنگاوەکان لە کۆتایی هەر جووڵەیەکدا دەبێ بجوولێ بۆ ئەو شوێنەی کە نیشانەکانی لێ دانراوە بەبێ ئەوەی سەیری بکەی تاوەکو بینەر هەست نەکات تۆ دەجوولێی بۆ ئەو شوێنەی پێشتر لەسەری ڕێکەوتوون لەوانەیە ئەم کارە سەرەتا تۆزێ ترسناک بێ، بەڵام شێوازی پراکتیزەکردنی لۆژیکی، ئاسان بێت، بەڵام پێش دەستکردن بە گرتەکە پێویستە چەند جار پرۆڤە بکەین بۆ ئەوەی ئاسان بێ، ڕێگایەکی تر هەیە کە لەمانە ئاسانترە ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی پارچەیەک لە شتوومەک (الاثاث) یان دەستنیشانکردنی گۆشەیەکی کتێبخانە یان لایەکی کورسی، بەڵام ئەگەر بەرامبەرت ئەکتەرێک بجووڵێتەوە، ئەوا ئەو ئەکتەرە دەبێتە یارمەتیدەرت بۆ

ئەوەی بەرێکی بگەیتە نیشانەکان، دیمەنی سینەمایی هەموو رووناک نییە وەکو شانۆ جا لەبەر ئەوەی بەهای ڕووناکی زۆر هەستیارە بۆ وێنەگر کاتێ دەم و چاو ڕووناک دەبێتەوە دژی باگراوندەکانی ئەکتەر ڕووناکی زۆر و پڕ پێویستە بە مەرجێ ڕەنگەکان و سێبەرەکان بەهای سینەمایی بێت، چونکە ئەم ڕووناکییە ناتوانێ بە دوای جوولەی ئەکتەر بکەوێ بنەمایەکی تریش هەیە بۆ ئەوەی بگەینە نیشانە بەرێک و پێکی ئەویش بریتییە لە تەرکیزی سەنتەری هاوێنەی وێنەگرتن کاتێ بۆچوون جێگیر دەبێ لەسەر باری ئامێری وێنەگرتن بۆیە زۆر پێویستە یارمەتی وێنەگر بدرێت بۆ ئەوەی ماوەی نێوان ئامێری وێنەگرتن و دەم و چاو بپێورێت لەسەر ئەم بنچینە تەرکیزی سەنتەر ڕێک دەخرێت جا ئەگەر هاتو تۆ یان ئامێری وێنەگرتن جوولا، ئەوا پێویستە پێوانی ماوەکە دووبارە بکرێتەوە و دەبێ دووبارە ئاگاداری تەرکیزی سەنتەر بێ ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی ڕێک نەگەیشتە نیشانەکانی کاریگەری لە پێکهاتەی وێنەکە دەبێت.

*** (گونجاندنی گرتەکان)**

دیمەنی وێنە لە چەندین بەش پێک دێت و ئەو ڕێگایە پەیڕەوکراوە بەم شێوەیەیە:

گرتەی سەرەکی وێنە دەگرێت لە ناوەڕۆکی دیمەن لە گرتەیەکی فراوان کە زیاتر لە دیمەنێ لە خۆی دەگرێ ئینجا بۆ دارشتنی گرتەکانی نزیک و گرتەکانی سەرشان پێک دێت پاشان ئەم بەشی پەستانە کۆدەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر شاشە وا دیاربێ کە جوولە بەردەوام بەیەک بەستراوە لە هەمان کاتدا کارێکی لۆژیکیشەئەمیش ئەوەیە کە ئەکتەر ئەو کردارەی لە گرتەی سەرەکی دەیکات لە گرتەکانی نزیک و لە گرتەکانی سەرشان دەقاودەق دووبارە بکاتەوە بە مەبەستی دارشتنی فیلم، فەرموو ئێوە و نموونەیەک:

ئەکتەر لە گرتەی سەرەکی دەڵێت: «ئێستا هاتی ئەو هاتووە بڕۆن بۆ هەولێر» ئینجا پیاڵەی قاوە بەرزدەکاتەوە و قومێکی لێ دەخواتەوە پیاڵەکەی لەبەردەمی دایە، ئینجا دەبێت «خۆزگە وام نەکردبایە» جا ئەگەر هاتو دەرهێنەر و مۆنتێر بڕیارن دا لە گرتەی سەرەکی بچنە گرتەی سەرشان لەوکاتەدا ئەکتەر دەڵێت (ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم بۆ هەولێر» و پیاڵە قاوەکە بەرامبەر دەمی بەرز دەکاتەوە پاش دەربڕین و بۆ گرتەی نزیک پیاڵەی قاوەکە لە بەردەمی ئەکتەر دیارناکەوێت، ئەوەی ئاشکراو ڕوونە تا ڕادەیەک دیمەنەکە نامۆ و سەیر دەبێت، بۆیە دەرهێنەر سەرجەم کاستەکە بە دوای چەند چارەسەرێکی تر دەگەڕێن، بەڵام ئەگەر هاتو گرفتەکە شێوەکەی گەورەتربوو ئەوا دەبێ کۆمپانیاکە دووبارە وێنەی دیمەنەکە بگرێت، ئەمەش خەرجییەکی زۆری دەوێ، بێگومان ئەم جۆرە کارانە هەموو ئەو کەسانە لێی بەرپرسیارن کە سەرپەرشتی سیناریۆ دەکەن دەبێ ئاگاداری لەیەکچوونی جوولەکان بێ هەروەها لەیەکچوونی جلوبەرگ و قژ و فرمێسکەکان بێ دەبێ ئەکتەریش ئاگاداربێت.



**شێوە:** هەر شێوەیەکی نوێ بۆ ئامێری وێنەگرتن یان گۆڕینی وێنە پێی دەوترێت «شێوە»

**(تێکهەڵکێشان):**

ئێمە زۆرجار بۆ جێبەجێکردنی دیمەنێک یەک مایک بەکار دەهێنین، لەو کاتەدا کاتێ گرتەکە نزیک دەبێت مایکەکە زۆر نزیک دەبێ و هیچ مایکێکی تریش نییە ئەو ئەکتەرەی کە لە ناوەوەی وێنەگرتنە بەم شێوەیە دەنگەکە زۆر ڕوون و زیندوو دەبێ، بەڵام ئەکتەرەکەی تر بە شێوەیەکی نارێک و زایەڵەیی دەبێ ئەوەی گرنگە لەم حاڵەتەدا دەنگی تۆ لەگەڵ دەنگی ئەکتەری تر تێکەڵ نەبێ بە تایبەتی لە گرتەی نزیک، چونکە تێکەڵکردنی دوو دەنگ یەکیان ڕوونە ئەوەی تریان نارێکە کە زایەڵەی هەیە، دەنگەکە سروشتی نابێ و نەشاز دەبێ، بۆیە دەبێ وەستانێ هەبێ ئەگەر کورتیش بێ بەشێوەیەک کە بتوانێ دەنگی ڕوون لەگەڵ دەنگی ئەو ئەکتەرەی کە لە دەرەوەی وێنەگرتنە جیا بکرێتەوە ئینجا دەتوانین دەنگی ڕوون لەگەڵ ئەکتەرەکەی تر ببەستینەوە لەو کاتەی وێنە دەگرێ لە گرتەی نزیک و بە دەنگی تۆ هەندێ کاتیش هەیە زیاتر لە مایکێ بەکار دەهێنرێ یان کاتێ مایکەکە بەشێوەیەک دادەنرێ بۆ ئەکتەرەکە بۆ ئەوەی تێکهەڵکێشان هەبێ نەک هەر قبووڵ بێ، بەڵکو مەرغوبیش بێ ئەمەش دەرهێنەر بڕیاری لەسەردەدات کە تێکهەڵکێشان هەبێ یان نەبێ، بەڵام یاسای گشتی ئەوەیە کاتێ گرتەی نزیک جێبەجێ دەکەین دەنگەکەت لەگەڵ ئەکتەری تر تێکەڵ بێ جا بەرامبەر ئامێری وێنەگرتن بێ یان دەرەوەی بێ ئەگەر واپێویست بوو کە دیالۆگەکە ببڕێت جا ئەگەر هاتو تۆ بەرپرس بووی بە بڕینەکە، نابێ دەست بە دیالۆگەکە بکەیت تاوەکو ئەکتەرەکەی تر نەوەستێ جا لەوانەیە سەرەتا هەستەکەی لەلا نامۆ و غەریب بێ، چونکە وەک ئەوە وایە کە ئەکتەرەکەی تر بە تەنیا بەجێت بهێڵێ، بەڵام لە ڕووی تەکنیکییەوە زۆر پێویستە.

**(فێڵکردن)**

زۆر جار داوا لە ئەکتەر دەکرێ فێڵ بکات ( مەبەستی ئەوە نییە فێڵ لە هاوەڵی ئەکتەری خۆی بکات)، بەڵام دەورەکە و هەڵوێستەکە وا دەخوازێ یان وێنەگرتنەکە داوا دەکات کە ئەکتەرەکە شێوەی جەستەکەی سروشتی نەبێ وەکو لە ژیانی ڕۆژانەیدا یان ناچار دەکرێت شێوەی جەستەی یان تەماشاکردنی بۆ کەسێک یان بۆ شتێ ئاسایی نەبێ لەم کاتەدا دەبێ شێوەی جەستەکەی خوار بکاتەوە و وا نیشان بدات کە ئاساییە، چونکە ئامێری وێنەگرتن وا دەخوازێ کە نزم بێ یان بەرزبێ یان بۆ لای چەپ بسووڕێ چەند فێڵی تریش هەیە وەکو وێنەگرتن وا دەخوازێ کە نزم بێ یان بەرز بێ یان بۆ لای ڕاستی یان بۆ چەپ بسووڕێ چەند فێڵی تریش هەیە وەکو وەستان بەرامبەر ئامێری کامیرە وەکو ئەوە وایە بەرامبەر ئەکتەری بەرامبەر وەستاوین هەروەها نابێ بینەران بزانن کە تۆ فێڵیان لێ دەکەیت، بەڵکو دەبێ زۆر ئاسایی بێ.

*** پێوەندییەکانی شوێن بە ئەکتەرەکان:**

ئەکتەرەکانی فیلم لەناو کادر(شاشە) دادەنرێن بەشێوەیەک کە کاریگەری هەبێ بۆ ئەو بۆشاییەی کە لەدەورپشتدا هەیە بۆ ئەوەی بینەران هەست بەو بۆشاییە نەکەن کە لەنێوانیاندا هەیە لەگەڵ ئاماژەپێکردن بەوەی نێوانیان جیاوازە لەگەڵ ماوەی ڕاستەقینە زۆرجار پێوەندی شوێنی ڕاستەقینە لە نێوان ئەکتەران بەرچاوی بینەران وا دیارە کەوا ڕاستەقینە نییە، هەربۆیە داوا لە ئەکتەر دەکرێ لەکاتی دووربینین دەبێ زۆر نزیک بێ لەگەڵ ئەکتەری تر بە جۆرێ هەندێ جار تووشی نارەحەتی دەبێ لەگەڵ ئەمەشدا دیاریکردنی شوێن بەم جۆرە لەلایەن دەرهێنەر زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بینەران هەست بەو میانە بکەن ماوەی نێوان دوو دەم و چاوی ئەکتەر لەوانەیە زۆر نزیکە کە زۆر ناخۆشە بۆ ئەکتەر، چونکە ٥٠-٦٠ سم لەیەک نزیکن، بەڵام بۆ بینەران زۆر ئاساییە لە هەمان کاتیشدا نێوانەکە بۆ دیالۆگیش ئاساییە و هەندێ جار دیمەنەکە وا دەخوازێ کە ئەکتەرەکان نزیکەی «٣٠» سم لەیەک نزیک بن پێوەندی شوێن لە نێوان ئەکتەرەکان لەوانەیە ئاسایی بێت هەرچەندە هەردوو ئەکتەرەکان هەست دەکەن لەیەک نزیکن و تارادەیەک نارەحەتن.

*** (جارێک لەکاتی وێنەگرتن)**

بە مانای ئەوەیە ئەو گرتەی کە وێنەی بە کردەیی وێنەگیراوە وەکو پرۆڤە و ڕاهێنان وایە.

*** (چاپی کە)**

ئەم ڕستەیە دەرهێنەر دەیڵێت لەکاتی ئەوگرتەیەی کە وێنەگیراوە ڕاستەوخۆ باستە وەدەبێ دابنرێ بۆ ئەوەی چاپ بکرێ.

*** (دووبارەکردنەوەی بەشێک)**

دەرهێنەر ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بەشێک لەو گرتەی کە پێشتر وێنەگیراوە بەشێکی بچووکی دووبارە وێنە بگرێتەوە زۆر لە گرتەیەک لە خاڵێکی

دیاریکراو کەموکورییەک دەبێ پاش ئەوەی گرتەکە چاپ دەکرێت لەوانەیە بەشێکی دووبارە وێنە بگیرێتەوە دەرهێنەر بڕیار دەدات لەسەری کە چۆن و لەکوێ ئەم کردارە بکرێت جا لەوانەیە گرتەکە «٢-٣» خولەک بێت یان ئەکتەرێ وشەیەکی هەڵە کردبێ.

*** (بجووڵێ)**

ئەم وشەیە دەرهێنەر بەکاری دەهێنێ لەو کاتەی دەیەوێ بە ئەکتەرەکان بڵێ دەست بکەن بە بینینی دەورەکەتان دەبێ چاوەڕوان بن تاوەکو دەرهێنەر دەڵێ (ئەکشن) ئەگەر نا دەست بەگرتەکە دەکرێت پێش ئەوەی کاسێتەکە خول بخواتەوە لە ناو ئامێری وێنەگرتن، یان پێش ڕێکخستنی خێرایی، یان پێش ئەوەی هەموو هونەرییەکان کە پەیوەستن بە گرتەکە ئامادەبن..

*** (ببڕە)**

ئەم وشەیە لەلایەن دەرهێنەر دیاری دەکرێت بۆ وەستانی وێنەگرتنی گرتەکە.

*** (گرفتەکان)**

زۆرجار لەکاتی وێنەگرتن تووشی چەند ڕووداوێ دەبین کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرتەکە بەردەوام نەبێ بۆ ئەکتەر باشترە گرنگی بەم جۆرە ڕووداوانە نەدات و بە لاوەی بنێ، بۆ نموونە ئەگەر هاتو یەکێ لە یاریدەدەرەکان خۆی لە ئامێرێکی ڕووناکی دا لەوانەیە کاردانەوەیەک بۆ تۆ دروست بێت و بوەستێت، بەڵام وا باشترە نەوەستێ لە نواندنەکە تاوەکو دەرهێنەر نەڵێ ببڕە، جا ئەگەر گرتەکە ئاسایی دەڕۆیشت و دەرهێنەر نایەوێ بوەستێ هەرچەندە لەوانەیە بەشێکی لە وێنەگرتنەکە دووبارە بکاتەوە لە ساتێکی دیاریکراو کە کاتێ ئامێری ڕووناکییەکە کەوتۆتە خوارێ لەوانەشە ڕووناکییەکە لە کاتێکی وا کەوتبێ کە لە خاڵێک بێ کاسێتەکە دەنگی لەگەڵ بەکارنایەت، یان لەبەر هەر هۆیەکی تربێ هەندێ جار دەرهێنەر لەکاتی وێنەگرتن قسە لەگەڵ ئەکتەرەکان دەکات بەبێ ئەوەی ببێتە گرفت بۆ وێنەگرتن لەوانەیە داوا بکات ڕستەکە دووبارە بکەیتەوە، یان بۆ دواوە بگەڕێیتەوە جا ئەگەر ئەمە ڕووی دا تەرکیز نەبڕێ و هەوڵ بدە ئەوەی دەرهێنەر داوا دەکات جێبەجێی بکەیت بەبێ ئەوەی بوەستێت و ئەگەر هاتوو لە ڕستەیەکدا هەندێ وشەت تێکەڵاوکرد لەکاتی گرتەکە چەند ڕێگا چارەی تر هەیە جێبەجێی بکەیت لەوانە بوەستە بەڵام وازبێنە با دەرهێنەر بڵێ «ببڕە» لەسەرتۆ پێویستە بەردەوام بی وا دابنێ دەرهێنەر ئەم گرتەیەی زۆر پێ باشە ئینجا دوا بەش دووبارە دەکەیتەوە کە هەندێ وشەت تێکەڵاو کردووە لەوانەشە دەرهێنەر لەم تێکەڵاوییە مەبەستی خۆی هەبێ.

*** (داواکردنی ئەکتەر)**

دەبێ بزانین لەوانەیە کاتژمێرێک پێش کاتی دیاریکراو لەلایەن یاریدەدەری یەکەمی دەرهێنەر داوای بکات بۆ کارە هونەرییەکە جا هەرکاتێ گەیشتییە شوێنەکە ئاگاداری یاریدەدەری دەرهێنەر بکەوە بۆ ئەوەی بزانیت کە ئامادەبوویت، جا ئەگەر لەگرتەکانی یەکەم کارت کرد، دەبێ ڕاستەوخۆ بچیتە ژووری ماکیاژو ژووری جلوبەرگ پێش ئەوەی دەست بەکار بکرێت بۆ ماوەی کاتژمێرێک تاوەکو سێ کاتژمێر بەتایبەتی ئەگەر ماکیاژەکە زەحمەت و ئاڵۆز بوو. وا باشترە نیو کاتژمێر زووتر لە هۆڵی وێنەگرتن ئامادەبی و هەموو ئەو کەلوپەلەی کە لە دیمەنەکە بەکاری دەهێنی ئامادەبێ، هەروەها لەوانەیە ئەو شوێنەی کە وێنەی لێ دەگیرێ هەندێ سەیر و نامۆبێ بۆیە باشترە زوو بچیتە شوێنەکە بۆ ئەوەی بتوانی هەموو داواکارییەکانی کاتێ جێبەجێ کاران جێبەجێی بکەی و لە هەمووی گرنگتر ئامادەبوون لە کات و ساتی دیاریکراو ئەمە یەکێکە لە سیفەتەکانی ئەکتەری سەرکەوتوو.

*** (کاستی فیلم)**

کاستی فیلم لە حاڵەتی زنجیرەی تەلەڤزیۆنی بێت، یان فیلم بێت ژمارەی ئەوانەی کاری لێ دەکەن ژمارەیەکی گەورە و زۆرە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە بێگومان ژمارەی کاستی فیلم زۆرترە لە ژمارەی کاستی زنجیرەی تەلەڤزیۆنی کاستەکەش لەم بەشانە پێکدێت:

**١- کاستی ئامێری وێنەگرتن:**

**أ-بەڕێوەبەری وێنەگرتن:** بەرپرسە لە باشی و جوانی وێنەگرتن لە فیلم، بەرپرسە لە هەڵبژاردنی ڕووناکی و هەڵبژاردنی جۆری فیلمی خاڵی گونجاو و بەکارهێنانی هاوێنەکان بەشێوەیەکی ڕاست بۆ ئەوەی هەموو خواستەکانی دەرهێنەر جێبەجێ بکات و سەرپەرشتیاری تەواوی کاستی وێنەگرتن دەکات، زۆرجار پێویستییەکانی بەڕێوەبەری وێنەگرتن وا دەخوازێ هەندێ داواکاری لە ئەکتەر بکات لەڕووی شێوەی وەستان کە لەوانەیە هەندێ جار شێوەی وەستانی زەحمەت و ناخۆش بێ، بەڵام حاڵەتی وێنەگرتن وا دەخوازێ.

**ب- وێنەگر:** ئەو کەسەیە کە ئامێری وێنەگرتن

بەکاردەهێنێ لەکاتی وێنەگرتن بە دوای ئەکتەرەکان دەبێ لە جوولەی سەریان ئاسۆیی بەپێی داواکاری وەخۆی بەرپرسە لە پێکهاتەی کۆتایی وێنەکە «ئەم پێکهاتە زووتر دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتن لەسەری پێک هاتوون»

**ج- پسپۆڕی ناوەندی تەرکیز:** ئەم ئەندامە لە کاستەکە لێپرسراوە بەوەی دڵنیایە لەوەی کەوا ئەکتەرەکان هەموو کاتێ لەناو ناوەندی تەرکیزی هاوێنەکاندان پێش وێنەگرتن پێوەری وەرگرتووە لەنێوان ئامێری وێنەگرتن و ئەکتەرەکان.

**د- لێپرسراوی پاڵدانی گالیسکە:** ئەندامی تیپی یاریدەدەرانە بەرپرسە لە جووڵاندنی گالیسکەی ئامێری وێنەگرتن بەو شێوەیەی کە دەرهێنەر پێشتر دیاری دەکات تاوەکو هەموو ساتەکانی دیمەن وێنە دەگیرێ بەو شێوەیەی کە دەرهێنەر دەیەوێ، دیاریکردنی شوێنی گالیسکە و شوێنی ئامێری وێنەگرتن بۆ ئەکتەرەکان چۆنیەتی جووڵاندنی گالیسکە کە زۆر پێویستە بۆ ڕێکدەرچوونی گرتە.

**هـ- یاریدەدەری وێنەگر:** ئەم ئەندامە لە کاستی بەرپرس یاریدەدەر بەشێوەیەکی گشتی فیلمی خام ئامادە دەکات بۆ ئامێری وێنەگرتن هەروەها تابلۆی ژمارەکان هەڵدەگرێ و تابلۆی ژمارەکان «کلاکسیت» پێکهاتووە لە تەختەیەکی ڕەشی بچووک کە چەند زانیارییەکی داواکراوی لەسەرە بە هەموو شێوەکانی وێنەگرتن ناوی کۆمپانیاکە، ناوی ئەو فیلمەیە کە وێنە دەگیرێت، ناوی دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتن، ڕۆژە یان شەوە، مێژوو، ئایا وێنەگرتنەکە بێ دەنگە یان بە دیالۆگە، تابلۆیەکە لەلایەن یاریدەدەر بە دەست دەگیرێ بۆ ئەوەی ئامێری وێنەگرتن وێنەکەی بگرێت، هەروەها ڕێکخستنی ئامێری وێنەگرتن و تۆماری دەنگ لەڕووی خێرایی. تابلۆی ژمارەکان گەلێ ئەفسانەی لەسەر وتراوە لێرەدا باسی یەکێ لەو ئەفسانانە دەکرێن کە هۆلیوود قسەی لەسەر هەیە لەوانەیە ڕاست بێ لەوانەشە ڕاست نەبێ سەرەتای دیمەنەکان لە ڕۆژانی یەکەم سینەمای دیالۆگ وێنەگرتنی بەبێ دەنگ بوو جا کاتێ دیمەنەکە بەبێ دەنگ بوو لەو کاتەدا یاریدەدەری لێپرسراو لە تابلۆی ژمارەکان ویستی بزانێ چۆن مۆنتێر دەنگەکە دابنێ بۆ ئەوەی بە دوای کاسێتی دەنگ ماندوو نەبێ بێگومان لەوکاتەدا دەرهێنەر لە هولیوود کۆنتڕۆڵی هەموو شتێکی کردبوو، هەربۆیە بە بێ دوودڵی وتی « لەسەری بنووسە بەبێ دەنگ» «وشەکەی تێکەڵاوکردبوو کە سەرەتای وشەکە ئەڵمانی بوو کۆتاییەکەی ئینگلیزی بوو»!! بەم شێوەیە تابلۆیەکە کورتکراوەی وەرگرت m.o.s کە تاوەکو ئێستا ئەم دەستەواژە کاری پێدەکرێ.

**٢- کاستی دەنگ:**

**أ- پسپۆڕ لە تێکەڵکردن:** سەرۆکی کاستەکە لێپرسراوە لە باشی دەنگ بە گشتی، دادەنیشێ لەتەک ئامێری ڕیکۆردەر و هێتفۆنەکانی لەسەر گوێیەکانی داناوە بۆ ئەوەی بەکەرەی دەنگ بجووڵێنێ ، یان بوەستێنێ بەپێی داواکردن و ڕێکخستنی دەنگەکان و دڵنیابێ لە دیالۆگی ئەکتەرەکان ڕوونە و هیچ دەنگێکی تر تۆمار نەکراوە جگە لەو دەنگەی کە داواکراوە.

**ب- پسپۆڕ لە باسکی مایکرۆفۆن:**

یەک کەس هەیە کە پسپۆڕە لە بەکارهێنانی باسکێکی درێژی مایکرۆفۆن هەندێ جار حاڵەتەکە دەخوازێ زیاتر لە کەسێ ئەم کارە بکات هەر ئەم بەرپرسە لەوەی مایکەکە زۆر بە باشی دیالۆگەکان وەردەگرێ لەکاتی جێبەجێکردنی دیمەنەکە پێویستە مایکەکە بجووڵێنێ لەوکاتەی ئەکتەرەکان دەجووڵێن و ڕووی مایکەکە بەرامبەر ئەکتەرەکان بێ بە شێوەیەکی ڕاست لەوانەیە ئەم پسپۆڕە باسکی لار بەکاربهێنێ لەسەر گالیسکەیەکی جووڵەدار دادەنرێ و دەبێ کێشەکەی سووک بێ.

**ج- کرێکارانی کێبڵەکان**

بەشێوەیەکی گشتی یارمەتیدەرن.

**٣- کاستی ڕووناکی:**

**أ- کرێکاری یەکەم:**

بەرپرسە لە ئامێرەکان لەوەی کە هەر هەموویان ئامادە بکات بۆ کارکردن هەروەها یاریدەدەرێکی گرنگی بەڕێوەبەری وێنەگرتنە.

**ب- یاریدەدەرانی یەکەم:**

**ج- لێپرسراوی مەکینەی کارەبا:**

کارەکە وادەخوازێ کە یەکێ بەرپرس بێ یان زیاتر بە گوێرەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بۆ بەکارهێنانی مەکینەی کارەبایی لەکاتی وێنەگرتن لە شوێنی دەرەکی، یان دوور بۆ ئەوەی دەنگی مەکینە دەرنەچێت لەکاتی گرتەکان.

**٤- یاریدەدەران:**

**أ- لێپرسراوی یاریدەدەران:**

بەرپرسە لە هەموو دیمەنەکان و دارتاشی و بەکارهێنانی تیشک و ڕووناکی ڕۆژ و جووڵانەوەی گالیسکەکانی

ئامێری وێنەگرتن.

**ب- یاریدەدەران:**

ژمارەی یاریدەدەران جیاوازە بەپێی پێداویستییەکانی تیپی جێبەجێ کار بەپێی ئەو خشتەیەی ڕۆژانەی لە کاردەبێ.

**٥- بەشی کەلوپەلەکان «ئیکسسوار»**

ئەم بەشە پێکدێت لە لێپرسراوی کەلوپەلەکان و یاریدەدەرەکان کارەکانیان بریتییە لە ئامادەکردنی کەلوپەلی دیمەنەکان و ئەکتەرەکان و هەموو پێداویستییەکانیان.

**٦- بەشی جلوبەرگ:**

ئەرکی کرێکارانی ئەم بەشە دابینکردنی جلوبەرگە بۆ ئەکتەرەکان.

**٧- بەشی ماکیاژ:**

ئەوانەی لەم بەشە کاردەکەن بەرپرسن لە هەموو جۆرە ماکیاژێک.

**٨- شۆفێرەکان:**

وێنەگرانی فۆتۆگراف، فێرکەرانی ئاژەڵەکان...تاد.

**٩- یاریدەدەری یەکەمی دەرهێنەر:**

بەرپرسە لە پاراستنی یاسا لەناو شوێنی وێنەگرتن و داسەپاندنی هەموو هەنگاوەکانی بەرهەمهێنان بەباشی دەڕوات و بەرهەمهێنەر و بەڕێوەبەری بەرهەم پشت بە یاریدەدەری دەرهێنەر دەبەستن بۆ ئەوەی هیچ گرفتێ بەرامبەر دەرهێنەر دروست نەبێ.

**١٠- یاریدەدەری دووەمی دەرهێنەر «سێیەم»:**

بەرپرسن لە هەموو ئامادەکارییەک لە قۆناغی دانان وەک ئەوەی هەموو ئەکتەرەکان ئامادە دەکەن گرنگی بە هەموو وردەکارییەک دەدەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین لەوانەیە زۆربەی زاراوەکانی سینەما لەلایەن دەرهێنەرەوە لە کاتی ئیشکردندا بەکارنەبەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم زاراوانە هەمووی ئەکادیمین ئەگەرچی پەیرەویشی نەکردبێ لەکاتی کارکردندا دەبێ لە ڕووی تیۆری بیانناسین.

**سەرچاوە:**

التمثیل للسینما والتلفزیون، نووسینی: تۆنی بار، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: احمد المضری.

# «میوانی ئەم ئێوارەیە»ی گەزیزە

حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئەوەی بەگشتی بە هونەری گەزیزەدا قووڵ بێتەوە، دەگاتە سێ دەرەنجامی بنەڕەتی، کە ڕەنگە ئەو دەرەنجامانە وەک ناسنامەیەکی هونەری گەزیزە بن و تایبەتمەندی خۆیان هەبێ و لای کەم لە هونەرمەندی شانۆکارەکانی دیکەمان ئەو خەسڵەتە تایبەتیانە ڕەنگ بدەنەوە، لەوانە:

١- هەمیشە گەزیزە وەکو لابۆرێک وابووە بۆ دروستکردنی ئەکتەری شانۆیی ئافرەت، کە ڕەنگە ئەو ئەرکە دووجار بەقەد دروستکردنی ئەکتەری شانۆیی پیاو سەختتر بێت، سەرباری ئەوەی کە لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆکەدا شانۆی ئێمە دووچاری نەزۆکی بووە لە ڕووی دروستکردنی ئەکتەر.

ئەگەر بینەریش زەین بداتە توانای جەستەیی و ئەدای ئەو ئەکتەرانەی کە لە شانۆگەرییەکانی گەزیزە دێنە سەر تەختەی شانۆ، درک بەوە دەکات کە ئەوانە هەمیشە وەک ئەکتەر خۆیان بە بینەر ئاشنا دەکەن، نەک وەک ئافرەتێک کە بۆشایی شانۆیان پێ پڕ بکرێتەوە.

٢- چ وەک نواندن، چ وەک دەرهێنان- گەزیزە پرۆژەیەکی بەردەوامی شانۆیی بووە، هەتا لە هەلومەرجە سەخت و تەنگەتاوەکاندا، چونکە شانۆو گەزیزە- یەک هاوکێشە بوونە و لێک جودا نەکراونەتەوە.

٣- بە دەسەڵاتترین دەرهێنەرێک، یان ئەکتەرێک بووە بۆ گوزارشت کردن لە ناخی ئافرەت و دەربڕینی ئەشکەنجە و ئازارەکانیان، گەزیزە ئەو دەسەڵاتە هونەرییەی هەبووە کە ئەو ناخە بخاتە سەر شانۆو بینەر بەسانایی بیخوێنێتەوە، گەورەیی دەسەڵاتی دەرهێنەریش لەوەدایە کە بینەر لە ڕووکەشیەتی بە دوورخاتەوە و دیوی ناوەوەی کاراکتەرەکان دەرخات.. لە شانۆیی (میوانی ئەم ئێوارەیە) دیسان گەزیزە لە هەمان بازنەو جیهاندا دەخولێتەوە و ڕوویەکی مرۆیی ئافرەتێک دەخاتە ڕوو کە لە زەمەنێک تەنگە تاوی شەڕ و شۆڕ و ئاگرباراندا دوازدە ساڵان بە حەسرەتی ئەوە دەبێت، ببێت بە دایک و منداڵێکی چاوگەش لە ماڵەکەی خۆیدا ببینێ، سێبووری تەنیایی و گۆشەگیری خۆی لە چاوی ئەو منداڵەدا ببینێ، کە قەرەبووی زۆر لە کێشە دەروونی و جەستەییەکانی بۆ بکاتەوە، لەگەڵ پیاوێکی نەخۆشدا، لای ئەو خاتوونە شتێ نییە ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو منداڵەی ئەو چاوەڕوانی دەکات، چونکە بەلای ئەوەوە ئەو منداڵە هەموو مانایەک بەژیان دەبەخشێت، ڕەنگە ببێتە مایەی جێ گرتنەوەی فەرامۆشی مێردە پەککەوتەکەی و هەموو ئەوانەی لە دەست چوونە.

زەمەن لەو شانۆگەرییەدا ئەوەندە تاریک و نووتەک و پڕ لە مەرگەساتە کە مرۆڤ تێیدا هیچ بەقایەکی بەژیان نامێنێت کە دڵنیا نییە لە ژیانی خۆی، دەکەوێتە بەردەم لافاوێکی توندوتیژی ئەوتۆی ڕۆژگار کە نەتوانێت جگەرگۆشەیەکی خۆی پێ بەخێوبکرێت، ئەو زەمەنە



لەگەڵ حاڵەتی دەروونی ژنە نەزۆکەکە یەکتر دەگرنەوە، هەر لە ئەنجامی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە کە دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی بووە، ناوە ناوە پەلاماری بۆ دێنێ و ئازاری دەدا، لەوەش زێتر هەمیشە جەستەی ماندووی لە ئازارێکدا بوو ئەگەر نازداری خزمەتکاری نەبوایە کە ناوە ناوە بە دەستە ناسکەکانی ئارامی پێ دەبەخشی و هێوری دەکردەوە ئەوە ئازارەکانی زۆر زێتر دەبوون.

ئەو گرێ دەروونییەش کە خانمەکە هەیەتی نەبەکراسە ڕەنگاوڕەنگەکانی، نە بەو نازو نیعمەتەی تێیدایە چارەسەر دەبێت، تەنیا ئومێدێکی بەو میوانەیە کە ئەو چاوەڕوانی دەکات، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئازارەکانی بێنێ، بەڵام بینەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو خۆ ئامادە کردنەی خانم- دەیکات، بە خۆڕازاندنەوە و هەڵبژاردنی جلە جوانەکانی مەزەندەی بۆ ئەوە دەچێت کە خانم- وەک ئاشقێک دەیەوێت پێشوازی لە میوانەکە بکات، نەک بۆ چاوەڕوانی ئەو میوانەی کە منداڵێکی پێ دەبەخشێت، ئەو هەلومەرجەی کە خانم تێیدایە هی ئەوەن کە بینەر مەزەندەی ئەوە بکا- کە ئەو خانمە ئەو هەلە دەقۆزێتەوە بۆ هەندێ مەرامی تایبەتی خۆی و پێویستەکانی، بۆیە دەرهێنەر لە چاوەڕوانی کردنی میوانەکە هەردوو مەرامی پێکەوە لێک بەستۆتەوە، بەڵام دواتر بینەر مەزەندەکانی لەبار دەچێت، کە دەبینێ میوانەکە ئەوە نییە کە ئەو بیری لێ دەکردەوە.

نەک هەر خانم، خزمەتکارە تەمەن بەهاریەکەشی ئەویش چیرۆکێکی مرۆیی خۆی هەیە، ئازارە دەروونییەکانی ئەویش وەک ئافرەتێک لە ئازاری خانمەکەی کەمتر نییە ئەگەر زێتر نەبێت، بەڵام ئەو لەبەر ئازاری خانمەکەی بەتەنگ ئازارەکانی خۆیەوە نابێ، نازانێت چۆن دەست بەرداری جگەرگۆشە نابیناکە بێت، بەڵام ئەویش وەک خانمەکەی دڵ ڕەقە لە ئاست منداڵە نابیناکان کە هەر هەموویان لە دەستی ڕادەکەن، باوکی منداڵەکە کە لەکاتی غافڵ بوونی خانم بەنهێنی دەڕواو منداڵەکە بەجێ دێڵێ، خانمەکە کە لێی دوور دەکەوێتەوە نازدار کە نازانێ چۆن خۆ دەرباز بکات.

ئەمە کرۆکی ناسنامەی کاراکتەرەکانی گەزیزەن کە هەر یەکەو جیهانێکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لە دایکبووی یەک زەمەن و یەک واقیعی تاڵن.

گەزیزە لە خستنە ڕووی کاراکتەرەکانیدا لایەنی مرۆیی دەخاتە سەرووی زۆر لە کێشەکانی دیکەی، ئەو کێشەی نەزۆکی ئافرەتێک دەخاتە ڕوو کە کێشەیەکی نوێ نییە و ڕەنگە لە زۆر کاری درامی دیکەدا ئەو پرسە خرابێتە ڕوو، بەڵام گەزیزە بەستایلی تایبەتی خۆیەوە هەوڵی ئەوەی داوە بەجۆرێک بەرجەستەی بکات کە بینەر درک بە قووڵایی ئێش و ئازاری مرۆیی کاراکتەرەکان بکات، لە هەمان کاتیشدا هەندێ لەو کێشانە بە کۆمەڵێ واقیعی تاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێنەوە کە کۆمەڵگای ئێمەی لەژێر باڵدا دەژی و ئەو واقیعە کاریگەری خۆی بەسەر ڕەوتی ژیان و ئایندەی ئەواندا بەجێ دێڵێ، بەتایبەت پیاوە میوانەکە کە جگەرگۆشەکەی دەبێتە قوربانی ئەو واقیعە تاڵە و خۆشی لە بازنەی چارەنووسێکی نادیاردا دەخولێتەوە.

### کوشتنی ئومێد

دەرهێنەر لە چارەسەرکردنی درامیانەی شانۆگەرییەکەدا بەدەستەبەربوونی منداڵێک ئاواتی ئافرەتە نەزۆکەکەی نەهێناوەتە دی، لەبەر ئەوەی لە دەرەنجامیدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو کۆرپەیە کۆرپەیەکی نابینایە، بەمەش هەموو هیواو ئاواتەکانی دەڕووخێ.

دەرهێنەر هەموو ئومێدێکی لە شانۆگەرییەکەی خۆیدا کوشتووە، بینەر هەست بە تروسکاییەک ناکات دڵی خۆی پێ ڕۆشن کاتەوە، ئەمەش کەسایەتی پاڵەوانەکەی لاواز کردووە، بێجگە لەوەی کە دەرهێنەر کەسایەتی خانمەکەی، وەک کەسایەتییەکی دڵ ڕەق نیشان داوە، چونکە بێجگە لەوەی کە هیچ سۆزێکی نییە بەرامبەر بە پیاوە نەخۆشەکەی و پشت گوێی خستووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو دڵ ڕەقییە بەرامبەر بە کۆرپەیەکی نابیناش نیشان دەدات کاتێ کۆرپەکە زۆر بە توندی ڕەت دەکاتەوە و هیچ سۆزێکی دایکانەی لەگەڵدا نابزوێ، من پێم وایە ئافرەتێکی نەزۆک کە دوازدە ساڵ بە حەسرەتی منداڵێک بێت، بەو دڵ ڕەقییە ڕەفتار لەگەڵ منداڵێکدا ناکات کە

هەموو بنیادەمێک سۆزی لەگەڵیدا دەجوولێ.
دواتریش خانمەکە بەجلی ڕەشەوە لە شانۆ دەچێتە دەرەوە و هەموو حاڵەتەکان وەک خۆیان دەمێننەوە، بەمەش ڕیتمی شانۆگەرییەکە لە ڕووی چارەسەرکردنی درامییەوە لە کۆتاییدا پووک دەبێتەوە و دەرهێنەر ناتوانێت بە هێمایەک، تەعبیرێکی شانۆیی ڕۆشنایییەک لە دڵی بینەردا بەجێ بێڵێ، هەر بەم ڕەشبینییەش شانۆگەرییەکە قفڵ دەدات.. ئەگەرچی دەرهێنەر لە ڤۆڵدەری شانۆگەرییەکەدا دەڵێت: دەبێت چیتر لە ڕووناکی خۆر بێبەش نەبیت، بەڵام هەر خۆشی پاڵەوانە ئافرەتەکانی خۆی نەغرۆی ژێر تاریکی کردووە و ئەو دەسەڵاتەیان ئاواتی خۆیان لەژێر ئەو تاریکییە ڕزگارکەن، یان بەلانی کەمەوە ئەو ڕووناکییە لە دەروونیاندا ببینن.

### ئامرازەکانی بەرجەستە بوون

ستایلی گەزیزە لە زۆربەی شانۆگەرییەکانیدا لێک دەچن، چونکە ئامراز و کەرەستەکانی پێکهاتەی شانۆگەرییەکانی بەیەک شێوە دەخرێتە کار، بەڵام لە میوانی ئەم ئێوارەیەدا گەزیزە زێتر پشتی بە دوو فاکتەری سەرەکی بەستبوو بۆ بەرجەستە بوونی دیمەنەکانی، یەکەمیان: گۆرانی و مۆسیقا، دووەمیان ڕووناکی، ئەو دوو فاکتەرە هۆیەکی کاریگەر بوون و یاریدەدەر بۆ بەرجەستەبوونی شانۆگەرییەکە و ڕەخساندنی ئەو کەش و هەوا ڕۆمانسییەی کە بینەر دەلاوێننەوە و ڕۆحی دەشۆنەوە.
بینەر لەگەڵ هارمۆنیای ئەو ڕەگەزە شانۆییانەوە دووچاری ژێر کاریگەری سیحرێک دەبێت کە دەرهێنەر لێی دەکا بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی چاوی و زاخاو دانەوەی مێشکی و لاواندنەوەی دڵ و دەروونی، لە هەمان کاتیشدا وێڕای ئەو ستاتیکایەی بینەر لەسەر شانۆ دەیبینێ، لە هەمان کاتیشدا پەل گرتنێکی بینەرە بۆ خوێندنەوەی ناخی ئەکتەر.

### ڕیتمی شانۆگەرییەکە

دەرهێنەر قەت ئەو بوارە نارەخسێنێ کە ڕیتمی شانۆگەرییەکە لەگەڵ ئەو، سیحری دابەزێ و ئەکتەرەکانیشی بخاتە ناو قالبێکی چەسپاو لەسەر شانۆدا، بگرە هەر زوو فریای خۆی دەکەوێ، بە بزووتنەوەیەکی خێراو لە ناکاوی ئەکتەر ئەو ڕیتمە دەگەڕێنێتەوە سەر ئاستی خۆی و ئەو تەوژمەش دەرەوێنێتەوە کە جۆرە ساردییەک لەسەر شانۆدا دروست بکات، فاکتەری سەرەکی ڕیتمی شانۆیی لای گەزیزە ئەکتەرە زێتر لە ڕووداو، ئەکتەرەکان بە چەشنێک دەخاتە جووڵە کە بینەر لە گەڵیاندا هەمیشە هەست بە زیندوویەتی شانۆ بکات، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا ئەو ترسەی دەرهێنەر لە ڕیتم- وای کردووە کە بینەر درک بەوە بکات کە هەندێ بزووتنەوە لای ئەکتەر زێدەڕۆییان تێدایە و هیچ بیانوویەکیان نییە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ جار ئەوەندە زێدەڕۆییان تێدا دەکرێت، دەبێتە مایەی بێزاربوونی بینەر، بۆیە هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ ڕیتمی شانۆیی ئەوەندە ناسک و وردە کە دەرهێنەر لە هەموو ڕیتمی شانۆیی ئەوەندە ناسک و وردە کە دەرهێنەر لە هەموو حاڵەتێکا دەبێ هاوسەنگی بۆ دابنێت.

### باگراوندی شانۆیی

کاتی خۆی چیخۆف گرنگیەکی تایبەتی بە باگراوندی شانۆیی دەدا، مەبەستم لەوەشدا ئەو ڕووداوو دەنگ و کەسایەتیە نادیارانەیە کە بینەر لە پشت پەردەکانی شانۆ درکیان پێ دەکا، بەڵام نایانبینی، بۆ نموونەش لە «باغی گێلاس»دا بینەر گوێی لە نرکەنرکی باغەوانەکە هەیە کە دار گێلاسەکان دەبڕێتەوە، بەڵام بەچاو هیچ نابینێ، لەو حاڵەتەدا بینەر خۆی لە ناخی خۆیدا ڕەسمێک بۆ ڕووداوەکان، یان کەسایەتییەکان دەکێشێت بەو شێوەیەی کە ئەو بۆی دەچێ، نەک ئەوەی دەرهێنەر بەسەریدا دەیسەپێنێ، ڕەنگە لەو بۆچوونە ئازادەدا زۆر خەیاڵی جوانی بۆ بێت، زێتر لەوەی کە دەرهێنەر لەسەر شانۆ نیشانی دەدا، گەزیزەش لە «میوانی ئەم ئێوارەیە»دا هەندێ لەو باگراوندە جوانانەی هەیە، وەک دەنگی مێردە نەخۆشەکەی خانم. کە لەمدیو شانۆوە گوێمان لە دەنگی دەبێت بانگی نازدار دەکات، من وەک بینەرێک ئاواتی ئەوەم دەخواست کە خاوەنی ئەو دەنگە نەبینم، چونکە لەگەڵ بینینی هەموو وێنە جوانەکانی مێشکم هەڵدەپرووکان، یان دەنگی فڕۆکە و شەڕ و گوللەبارانی ژێر پەردە، دیسان هەر حسێکی درامی لەبیری بینەردا دروست دەکەن بۆ ڕەسمکردنی زەمەنی شەڕ، ئەوستایلە شانۆییە دەروونییە لای (بیکیت)یش هەیە لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)دا، هەموو چێژی شانۆییەکە لەوە دایە کە بینەر گۆدۆ نابینێ، خۆ ئەگەر بیکیت، لە کۆتاییدا

«گۆدۆ»مان نیشان بدا، ئەوکاتە زۆر لە تێڕوانینەکانی بینەر لەبار دەچوون و هەموو چێژە خەیاڵیەکانیشی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵی، ئێمە لە (میوانی ئەم ئێوارەیە)دا زۆر بە پەرۆش بووین میوانەکە ببینین بەرلەوەی بێتە سەرشانۆ، ئەو چاوەڕوانییەی هاتنی میوانەکە چێژێکی زۆری هەبوو.

### دروشم لە (میوانی ئەم ئێوارەیە)دا

هەموو ئەو سیحرە شانۆییانەی دەرهێنەر لەسەر شانۆدا دەیانەوێنێ. بۆ ئەوەن کە بینەر پەلکێشی دنیایەکی ئەفسووناوی و فانتازیایی بکەن، کە جودا بێت لە دنیای ئاسایی ئێمە، بینەر هەست بەوە بکات ئەوەی دەیبینێ لە خەون دەچێ، لەژێر ئەو کاریگەریە دەروونییە بینەر درک بە ڕاستگۆیی ئەو حاڵەتە دەکات کە لەسەر شانۆ دەیبینێ، بۆیە هەر نزیک بوونەوەیەک لە (ڕاستەوخۆ)ی ئەو خەونە جوانە لای بینەر دەڕەوێنێتەوە و هەموو پاساریەکانی خەیاڵی دەفڕێنێ، تێکڕای ئەو فڕوفێڵە هونەرییانەش کە دەرهێنەر بۆ هەڵخەڵەتاندنی بینەر لەسەر شانۆ ئەنجامیان دەدات ئاشکرا دەبن.

گەزیزە لەم شانۆگەرییەدا ئەو ڕاستەوخۆییە لە زۆر دیمەندا نیشانی بینەر دەدات و بەشێوازی دروشم و موخاتەبە کردن زۆر ستاتیکای شانۆیی و دەروونی لەلای بینەر ڕەواندۆتەوە.


من پێموایە دەرهێنەر، خەتیب نییە تا ئامۆژگاری بینەر بکات، وەک ئەو مافەشی نییە شانۆ بکاتە مینبەر، بەقەد ئەوەی ئەو کەشو هەوا درامیە بەشێوەیەک خۆش بکرێت کە بینەر خۆی بەدوای خوێندنەوەی وێنەو بزووتنەوە و ئەداو ڕەنگەکاندا بگەڕێت و ببێت بە پارچەیەک لە جەستەی شانۆگەرییەکە، بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتە و خۆ نزیک کردنەوە لە ڕاستەوخۆیی، دەرهێنەر بەزۆر پەلی بینەر دەگرێت و لەو کەشوهەوا ڕۆحیەی جودا دەکاتەوە، پەنا بردنە بەر دروشم لە شانۆدا لە کاتێکا دەبێت کە دەرهێنەر دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت ئەوە بخاتە سەر شانۆ کە ویستیەتی، بۆیە پەنا بۆ دایەلۆژی زەق و ڕاستەوخۆ دەبات.. وەنەبێت ئەو دروشمانە لە شانۆگەرییەکەی گەزیزەدا بووبن بە دیاردە.. بەڵام تەنیا دروشمێکیش بەسە بۆ ڕووخاندنی شانۆگەرییەک.

# یەکەمین مامۆستا

لێدوانی: جەبار سابیر
(سلێمانی)

ئێمەی کورد قەرزاری پیاوێکین، وەک چۆن خۆمان فەرامۆش کردووە ئەو پیاوە و تەواوی مێژوویەکی دوور و نزیکمان فەرامۆش کردووە، پیاوێک سەراپای تەمەنی بۆ ئێمە و فێربوونی ئێمە تەرخان کرد، پیاوێک ئامادەبوو سووکایەتی منداڵ و گەورەی ئەم شارە قبوڵ بکات بۆ ئامانجێکی پیرۆز، ئامانجێک کە ئێمە تا ئەمڕۆش هەستی پێناکەین، کەچی ئەو هەشتا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ هەستی پێکرد. ئێمە یادەوەریمان نییە و ئەویش دوورترین بەرزایی دەبینی و دەیویست ئێمەش و خۆیشی بەسەرا هەڵگەڕێنێ. ئەو پیاوە توێکڵە شووتی و تەماتە ڕزیویان تێدەگرت و ئەویش بە وشەی کوردی پەتی وەڵامی دەدانەوە. ئەو پیاوە دەیویست ئێمە فێر بین یەکترمان خۆشبوێت.! کەچی ڕقمان لێی دەبۆوە و بەردبارانمان دەکرد، ئەو پیاوە فێری خۆشەویستی دەکردین و ئێمەش تا هێزمان تێدابوو بە سەر و چاویدا دەڕشاینەوە. ئەو پیاوە «نەجمەدینی مەلا» بوو، خاوەنی کەشتیی نووح. نووح کە زانی دنیا لە لافاوەکەدا غەرق دەبێت و کەس ڕزگاری نابێت کەشتییەکی دروست کرد و ئەوەندەی بۆی کرا نێر و مێی هەموو بوونەوەرێکی خستە ناو کەشتییەکەوە و بەرەو بەرزاییەکانی چیای جوودی هەڵکشا و دواتر خۆیشی و زۆر بوونەوەری تری ڕزگار کرد. نەجمەدینی مەلاش کەشتی نووحی دامەزراند و دەیویست هەموومان لە لافاوی جەهل ڕزگار بکات، بەڵام ئێمە ئێستاش نەچووینە ژێر باری ئەو بڕوایەی کە خوێندن ڕزگارمان دەکات. تا کۆتایی ساڵانی پەنجای سەدەی بیست لە شاری سلێمانی شەش هەزار و پێنجسەد کەسی فێری نووسین و خوێندەواری کردووە، هەر ئەمەشە ئەوی وەک مامۆستای گەل ناساندووە.

بەدرێژایی سەردەمەکان ژنان زوڵم لێکراوترین مەخلووقێک بوون کە کەس پشتی نەگرتوون و خۆشیان نەبوونەتە پاڵپشتی یەکتری، ئەمە بۆ هەر کۆمەڵگە و سەردەمێک وا بووە و گەر لێرە و لەوێ جیاوازییەک هەبووبێ، مانای ئەوە نەبووە کە ژنان تەواو بارودۆخیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەر لەو کاتەوەی کە مرۆڤ هەستی بە مافخوراویی خۆی کردووە و هەوڵی گۆڕینی بارودۆخی خۆی و کۆمەڵگەکەی داوە و ئامادەکاری بۆ شۆڕش هەڵگیرساندن کردووە، بەشێکی زۆری خەمەکانی لە بێ مافی ژناندا کۆکردۆتەوە و مافدانی بە ژن کردۆتە دروشمێکی سەرەکی شۆڕشەکەی، دوور و نزیکیش شۆڕشەکان مافیان بۆ ژنان دەستەبەر کردووە و زۆرجاریش ئەو شۆڕشانە لە وەختی سەرکەوتنیاندا لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە.



تا پێش هەڵکشانی میدیا و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن تاکە دەروازە بۆ پەردەلادان لەسەر خەم و مەینەتییەکانی ژن ئەدەب و کاری ئەدەبی بووە و لەم ناوەشدا ئەوەندەی پیاوان لەمەڕ ژنیان نووسیوە کەمتر ژنان خۆیان ئەو کارەیان کردووە و لە ئەمڕۆشدا ژنان توانیویانە ئەو بارە نالەبارە بگۆڕن و بێنە مەیدانی نووسین و هونەرەوە و خۆیان بدوێن و باس لە ئازار و مەینەتییەکانی خۆیان بکەن و ئازارەکانیان بێننە قسە.

چەنگیز ئیتماتۆڤ لە ڕۆمانی «یەکەمین مامۆستا»دا دەبێتە مێژوونووس و مێژووی گرنگترین قۆناغی قیرغیزستانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام تەنیا وەک مێژوویەکی وشک و بارگاوی بە لایەنگیری نا بەڵکو وەک شاکارێکی ئەدەبی بالاّو پڕ لە وێنەی ئەفسووناوی. یەکەمین مامۆستا مێژووی یەکەمین وەرچەرخانی کۆمەڵگەی قیرغیزییە لە فیوداڵییەوە بۆ سەرمایەداری و دواتر بۆ سۆسیالیستی، لێرەدا بۆ یەکەم جار خوێندنگە دەکرێتەوە، بۆ یەکەم جار کچ دەچێتە پۆلی خوێندنەوە، بۆ یەکەم جاریش گوند ملکەچی بڕیارەکانی شار دەبێت.

کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی هەموویان لە یەک دەچن و تەنیا کات و شوێن دەبێتە تاکە جیاوازی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، ئەو قۆناغە تاڵ و شیرین و خۆش و ناخۆش و چارەنووسسازانەی کۆمەڵگەیەک پێیدا تێدەپەڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی تریش وایە، زۆرجار کارەکتەری ڕۆمانێک کەسێکت بیر دەخاتەوە کە لە کۆمەڵگەکەی خۆشت هەبووە و ڕەنگە ئەو کەسە نزیکیشت بووبێ، پێت سەیرە بۆچی ئەمەی لای خۆمان نەبۆتە پاڵەوانی ڕووداوێک و ئەوەی ئەوانیش بووەتە پاڵەوان و چووەتە ناو مێژوو، یاخود دەڵێی دەبوو ئەو ڕۆمانە کوردی بوایە نەک بەو زمانەی پێی نووسراوە.

زۆرجار کەسایەتییە مێژووییەکان بە پاسپۆرتی ئەدەبەوە بەرەو سنوورەکانی مێژوو ڕۆیشتوون، زۆریش هەبوون کە ئەدەبیات بایەخی پێنەداون و ئیتر ون بوون و مێژووش فەرامۆشی کردوون، وەک لای خۆمان سەدان پاڵەوانی نەتەوەییمان بیرچوونەوە و ناویشیان لە یادەوەریماندا کاڵ بوونەوە و تەواو، «مەهدی حسێنزادە»ی پاڵەوانی ڕۆمانی «دووره وڵات»ی عەین قاسمۆف کتومت لەو پێشمەرگانەی خۆمان دەچێت کە لە سەنگەرەکانی خەباتدا قارەمانانە شەهید بوون، بەڵام مەهدی بووە ڕەمزی نەتەوەیەک بە هۆی ڕۆمانێکەوە و ئەوانەی ئێمەیش لە یادەوەریدا کاڵ بوونەوە. ئەوەشە تاقە جیاوازیی گەورەی ئێمە و ئەوان، نەتەوە بەو شتە بچووکانە گەورە دەبێت و دەبێتە نەتەوە کە ئێمە بەو گەورەییە نایانبینین.

«دوێشن» کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی یەکەمین مامۆستایە، بەڵام کلیلی ڕووداوی تەواوی ڕۆمانەکە بەدەستی «ئاڵتینای سلێمانۆڤا»وەیە. ئاڵتینای پرۆفیسۆرێکە و خەڵکی گوندی «ئایۆڵە»: سەردەمی منداڵی لە ئایۆڵ بەسەر بردووە و لە سەرەتای تەمەنیدا بەهۆی ڕووداوێکەوە ئەوێی جێهێشتووە و ڕووی لە مۆسکۆ کردووە، ئەم ڕۆمانەش هەوڵی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەمان بۆ دەدات و دواتر لە دەرگای کۆمەڵێک قۆناغی مێژوویی دەدات. کۆمەڵگەی قیرغیزی کۆمەڵگایەکی فیوداڵی و پاشکەوتوو بووە و بە بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا ئەویش بەهرەمەند دەبێت و بۆ یەکەمجار بڕیار دەدرێت خوێندنگەی لێبکرێتەوە، دوێشن تاقە پیاوێکە کە لە گوندی ئایۆڵدا سەوادی هەبێت و خوێندەوارییەکی کەمی هەبێت، بۆیە کردنەوەی خوێندنگە بە دوێشن دەسپێرن، دوێشن ڕۆژێک بە گونددا دەگەڕێ و داوا لە خەڵکی گوندەکە دەکات منداڵەکانیان بنێرنە خوێندن. دوای چەند ڕۆژێک خوێندنگە دەکرێتەوە و کۆمەڵێک کچ و کوڕی گوند دەبنە خوێندکار، «ئاڵتینای سلێمانۆڤا» یەکێک لەو کچە خوێندکارانە دەبێت. کارکردنی ئایتماتۆڤ لەم ڕۆمانەدا لەسەر دوو شتە: یەکیان مەسەلەی ئافرەت و ئەوی تریان دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینینە.

خەڵکی گوند دژایەتی دوێشن دەکەن و هاوکاری ناکەن بۆ کردنەوەی خوێندنگەکە و بەرەو پێشچوونی، وەک چۆن ئێمە هاوکاری نەجمەدینی مەلامان نەکرد بۆ کردنەوەی کەشتی نووح و خوێندنگەکانی لە ساڵانی پێشووتردا. ڕۆمانەکە پێکهاتووە لە نامەیەک کە ئاڵتینای بۆ دۆستە شێوەکارەکەی دەنێرێ لە گوندی ئایۆڵ کە زێدی سلێمانۆڤا و زێدی شێوەکارەکەیشە. ئاڵتینای سلێمانۆڤا داوەتی کردنەوەی پێشانگەیەکی شێوەکاری و خوێندنگەیەکی گەورە کراوە لە گوندی ئایۆڵ، کە پێشتر چەند جارێک هەوڵیان لەگەڵ داوە چەند شەوێک لەلایان بمێنێتەوە، ئەوان شانازی بە ئاڵتینایەوە دەکەن، بەڵام ئاڵتینای دڵی لەوێ هەڵکەندراوە و ناتوانێ شەوی تێدا ڕۆژ کاتەوە. «پۆشکین» لە ڕۆمانی «کیژی سەرۆک»دا لە ڕێگەی تابلۆیەک کە بە دیوارێکدا هەڵواسراوە مێژووی قۆناغێکی خوێناوی ڕووسیای قەیسەریمان بۆ

دەگێڕێتەوە، ئەم ڕۆمانەش مێژووی قۆناغێکی قیرغیزستانی کردۆتە شاکارێک بۆ ئێمە و لە ڕێگەی نامەیەکەوە ڕووداوەکان باس دەکات.

ساڵانێکی زۆر بەسەر کردنەوەی یەکەمین خوێندنگە و دەستبەکاربوونی یەکەمین مامۆستادا تێپەڕیوە. ئەو کچەی یەکەمجار مامۆستاکەی بینی و حەزی کرد ببێتە خوێندکاری ئێستا بەهۆی ئەو مامۆستایەوە کە بووە گاڵتەجاری گوند، ئەم بۆتە پرۆفیسۆر و داوەت کراوە بۆ گوندەکەیان. ئاڵتینای پرۆفیسۆر لەو بڕوایەدا نییە کە «دویشن» ئەو مامۆستا و باوکەی ئەمی پێگەیاند لە ژیاندا مابێت و لەم گوندە شوێنەوارێکی مابێت. خەڵکی گوند و خودی ئەو شێوەکارەیش کە داوەتی سلێمانۆڤایان کردووە لە ئاڵتینای کۆبوونەتەوە و باسی پێشکەوتنی گوندەکەیانی بۆ دەکەن، ئاڵتینای بە نیازە و بەڵێنی داوە شەو لە لایان بمێنێتەوە، بەڵام لەناکاو پیاوێکی پیر لە پێش دەرگا دەردەکەوێت و پۆستێکی پێیە و دوای ئەوەی لێی وەردەگرن ئەو لە چاو ون دەبێت.! ئاڵتینای بە بینینی ئەو چاوی پڕ دەبێت لە ئاو و بێدەنگی دایدەگرێت، ئەوان نازانن دویشن کێیە و چی کردووە، ئاڵتینای ئەو چرکەیە هەموو مێژووی ژیانی خۆی دێتە بەر چاو و بڕیاری گەڕانەوە دەدات بۆ مۆسکۆ.!

دوای مشتومڕێکی زۆری خەڵکی گوند و ئاڵتینای، ئاڵتینای دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و دوای چەند ڕۆژێک نامەیەک بۆ دۆستەکەی دەنێرێ و ئیتر لێرەوە ڕۆمانەکە دەست پێدەکات، دویشن منداڵان فێری خوێندن دەکات و کەس هاوکاری ناکا و بەگاڵتەجارییشی دەزانن، ئاڵتینای یەکێکە لەو کچە خوێندکارانەی کە دویشن هەست بە زیرەکی و بلیمەتی دەکات، ئاڵتینای لای پوورێکی پەروەردە بووە و ئەو سەرپەرشتی بەخێوکردنی دەکات. مامۆستا و خوێندکار بەردەوام دەبن تا ڕۆژێک پووری ئاڵتینای بڕیاری بەشوودانی ئاڵتینای دەدات، ئەو سەردەمە خوێندن بۆ ئافرەت یاساغ بووە و تەنیا دەبوو شوو بکەن، ئاڵتینای حەزی لە خوێندنە و پووریشی بڕیاری خۆی داوە و لە پیاوێکی دڕندەی خاوەن ژنی مارە کردووە، ڕۆژێک پیاوەکان خۆیان دەکەن بە خوێندنگەکەی دویشن-دا و هەر ئەوەندەی دویشن نارەزایی دەردەبڕێ ئیتر ئەوان هەموو گیانی دەشکێنن و ئاڵتینای لەگەڵ خۆیان دەبەن و لە گوندێکی تر بە زۆر دەیکەن بەژن.

لێرەدا دۆخی ژن لە کۆمەڵگەی قیرغیزی ئەو سەردەمەدا خراوەتە ڕوو، ژن داماو و بێکەس وەک کاڵایەک بەدەستی پیاوانەوە هەڵسووڕاوە و بەکارهاتووە، ئاڵتینای لەگەڵ ژنی یەکەمی ئەو پیاوەدا دوو ڕۆژێک بەسەر دەبا و دواتر دویشن بەخۆی و دوو پۆلیسی سۆڤیەتەوە دەگاتە سەریان و کابرای مێردی ئاڵتینای بە زەبری تفەنگ پێش خۆیان دەدەن و هەم ژنەکەی پێشووی ڕزگاری دەبێت هەم ئاڵتینای، ئیتر لێرەوە بەخت یاوەری ئاڵتینای دەبێت و بەرەو مۆسکۆ دەکەونە ڕێ و کابراش تەواوی ژیانی لە گرتووخانەکاندا بەسەر دەبات و ناوی لەناواندا نامێنێ. ئەو ڕووداوە بۆ ئاڵتینای دەبێتە سەرەتایەکی گەش و ئیتر جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ گوندی ئایۆڵ، تا ئەو ڕۆژەی ڕووداوی ڕۆمانەکەی تێدا دەست پێدەکات. ئاڵتینای لە مۆسکۆ پلەکانی خوێندن بەسەرکەوتوویی دەبڕێت و لە کۆتاییدا دەبێتە پرۆفیسۆر، دویشنیش دەچێتەوە گوند و خۆی بەخوێندنگەیەوە خەریک دەکات، ئەو دوو کارەکتەرە سەرەکییەی ڕۆمانەکە تا ئەو چرکەیە بێئاگان لە یەکتر و یەکتر نابیننەوە. ئاڵتینای چەند جارێک هەوڵی بینینی مامۆستاکەی دەدات، بەڵام بێ سوود دەبێت، هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی مامۆستاکەی لەو نامەیەدا خستۆتە ڕوو کە بۆ دۆستەکەی ناردووە و بریتییە لەم ڕۆمانە.

ئەم ڕۆمانە هەرچەند بە قەبارە بچووکە بەڵام بەناوەرۆک و تەکنیکی ڕۆمان شاکارێکە بۆ خۆی، ئەوەمان پێدەڵێت کە نەتەوەی بچووکیش ڕۆمانووسی گەورەی تێدا هەڵدەکەوێت و مێژووی نەتەوەکەی سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامییەتی بۆ نووسینی ڕۆمان، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئێمەش پێویستیمان بە پیاوێکی وەک ئیتماتۆفە تا بێت و مێژووی دوور و نزیکمان بکاتە سەرچاوەی ئیلهامی خۆی.

**ئەم ڕۆمانە لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە و فایەق سەعید وەری گێڕاوە.**

# ڕۆژی کورد

**لێدوانی: ئازاد عوبێد ساڵح**

ناوی کتێب: ڕۆژی کورد، ۱۹۱۳، ئەستەموول
ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە
پێشەکی: د. ئیسماعیل شوکر
چاپ و بلاوکردنەوە: بنکەی ژین، سلێمانی ۲۰۰۵

ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان، تۆمارێکی زیندووی واقیعی ئەو سەردەمە دەردەخەن کە تێیدا دەرچوون و سەرچاوەیەکی ڕەسەن و گرنگی نووسینەوەی مێژوون. بۆیە سۆراخکردن و سەر لەنوێ چاپکردنەوەیان کارێکی تا بڵێی نەتەوەیی مەزنە، بۆ ئەوەی تۆژەروان و مێژوونووسان بتوانن لە کارەکانیاندا لەبەر دەستیان بێت و کەڵکی لێوەربگرن.


خۆشبەختانەش خەڵکانێکی دڵسۆز و کارامەی بەخۆوە خەریک کردووە و کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەزگای تایبەتی بۆ دابمەزرێت لەو ڕوانگەیەوە، لە چاپدانەوەی گۆڤاری «ڕۆژی کورد» جارێکی دیکە بە تەواوی ژمارەکانییەوە و ساخکردنەوەی هەندێ لایەنی کارێکی تابڵێی دانسقەیە.

دوا بەدوای ماندووبوونێکی بێ ئەندازە و لە خۆبوردنێکی زۆر، عەبدوڵڵا زەنگەنەی خەمخۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و هەر شتێکی کورد، توانی تەواوی هەر چوار ژمارەکەی «ڕۆژی کورد» چاپ و بڵاو بکاتەوە، پاش ئەوەی کە کاتی خۆی جەمال خەزنەدار بۆ یەکەمجار لەساڵی ۱۹۸۱، تەنیا سێ ژمارەی لێ بڵاو کردەوە، کە بۆ ئەو ڕۆژە کارێکی نایاب بوو.

ئەمڕۆش عەبدوڵڵا زەنگەنە، جارێکی دیکە چاومان بەهەر چوار ژمارەکە ڕووناک دەکاتەوە.

بێگومان پێداگری و پەرۆشی و لە خۆ بردوویی ئەو پیاوە، ئەو گەوهەرە لە نرخ نەهاتووەی خستۆتە بەرچاو و دەستی هەمووان و بەمەش سەروەرییەکی بێ هاوتای ڕووناکبیری بۆ خۆی تۆمار کرد.

ئەو ڕاستییانەی د. ئیسماعیل شوکر لە پێشەکیدا بە پێداگرتنەوە تۆماری کردوون، زۆر لە شوێنی خۆیەتی بۆ ئاگاداربوون لە کاری ئەوانەی بەو گیانە نەتەوەییە بەرزەو بەبێ هەڵپەو خۆڕانان و سینگ دەرخستن کاری مەزن دەکەن، چ بۆ هاندانی خەڵکانی دیکە و چ بۆ تۆمارکردنی ڕاستییەکان و دیارکردن و خستنە بەرچاوی ماندووبوونی خەڵکی دڵسۆز و ماندوو وەک مافی خۆیان.




«ڕۆژی کورد، ئەستەموول، (ئەستەنبۆل ڕاستترە- ئازاد)، گۆڤارێکی جڤاتی «هێڤی»ی قوتابیانی کورد. سەرەتا پێشکێشی بەڕێزان: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. مارف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار، کەمال ڕەئووف

محەمەد، سدیق ساڵح کراوە؛ کە هەر هەموویان ناوی دیار و خەمخۆر و پەرۆشی کەلەپوور و بەڵگەنامەو ڕووناکبیری کوردین و جێ پەنجەیان بە ئاسمانی ڕووناکبیری نەتەوەکەمانەوە دەدرەوشێنەوە... لە دامێنێ ئەو پێشکێش کردنەش ئەم دەستەواژەیە نووسراوە:

(دژە تەوەر) و (دژە بۆچوون)ەکانی ئەو بەڕێزانە نەبوایە لەوانەیە ئەم کتێبە بەرهەم نەهاتبایە.

ئینجا «سوپاس و پێزانین»ی ئەو کەسانەی کردووە کە دەستیان لە هاتنە دنیای ئەو کتێبەدا هەبووە و کۆمەڵە ناوێکن. بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە لەگەڵ ناوی «ئەو برادەرانەی....»، ناوی (حاجی ڕەحیمە خەلیفە مەلازادە» خێزان و خوشکی گەورەمان هاتووە، کە دەبوا، یان بەجیا بوایە یان ئەو وشەیەی «ئەو برادەرانە...»ی لاببردبایە..

د. ئیسماعیل شوکر مامۆستای مێژوو، لە «پێشەکی»دا باسی عەبدوڵڵا زەنگەنە دەکات، وەک ڕووناکبیرێکی خەمخۆری نەتەوەکەی و هەندێ لەو کارانەی بەسەر دەکاتەوە کە کردوونی، تا چەند بۆ دنیای ڕووناکبیری کوردی و مێژوو و ڕۆژنامەوانی گرنگ و بایەخدارن. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ هەڵوێستی شایانی زەنگەنە دەردەخات، کە چ قوربانییەکی داوە لە پێناو کەلەپووری ڕووناکبیری نەتەوەکەمان.

لە ئاماژەیەکیدا لەسەر زاری مێژوونووسی گەورەی کورد د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. ئیسماعیل شوکر دەڵێت: (کە چوویەوە عەبدوڵڵا زەنگەنە ببینە و لەجیاتی من دوو ماچی لێ بکەو پێی بڵێ ئەو کە ئاوەها لە «ژیانەوە» و «ژیان» گەیشتووە چەند ڕۆژێکی تر دەستنووسی کتێبەکەی لەگەڵ ئەو «پێشەکی»یەی داوای لێکردبووم بۆی دەنێرمەوە، ئەوە ئەو لە هەولێر دانیشتووە ئەگینا دەبێ بە زیندوێتی پەیکەری بۆ بکرێت، توخوا زۆر ئاگاتان لێی بێت، دەزانی بۆ پێشەکی کتێبێکی داوای چ مەرجی لێ کردووم؟).

بێگومان ئەگەر ئەوە پەسنی دکتۆر کەمال بێت لەسەر «ژیانەوە»، ئەدی بۆ کارەکانی دیکەی و بەتایبەتیش ئەو «ڕۆژی کورد»، و ئەوانەی داهاتوو... دەبێ چی بڵێت.!

دوابەدوای ئەو پێشەکییە کورتەی د، ئیسماعیل کە وەک خۆی دەڵێت کەوتۆتە «کاتی تاقیکردنەوەی قوتابیانی زانکۆ و باری تەندروستیشی تۆزێک نالەبار بوو، بۆیە لە ڕووی بابەتی زانستییەوە، نەپەرژاومەتە سەر هەڵسەنگاندنی تەواوی ناوەرۆکی گۆڤارەکە، لە بنەڕەتیشدا کارەکەی کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە ئەوەندە مەزنە کە ناتوانرێ و ناکرێ لەکاتی نووسین و لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری، کە دەکرێ چەندین بروانامەی بۆ پلەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر وەربگیرێ، نەگەڕێینەوە سەری بۆیە ئەم لایەنەیان لێدەگەڕێین بۆ دەرفەتێکی دیکە.»

بە دووی پێشەکییەکەی «د. ئیسماعیل شوکر»دا، کاک عەبدوڵڵا خۆی وتارێکی نووسیوە و ئاماژە بە بایەخی ململانێ و کێبرکێ لە ژیانی مرۆڤدا دەکات و پێی وایە کە کاری دژە تەوەر، مرۆڤ بەرەو هەواری مەبەست دەبات.

لێرەدا باسی هەموو ئەوانە دەکات کە باسی گۆڤاری «ڕۆژی کورد»یان کردووە. هەر لە د. کەمال مەزهەر و د. جەلیلی جەلیل و د. مارف خەزنەدار و جەمال خەزنەدار و خوردکردنەوەی ڕا و سەرنجەکانیان لەمەڕ ژمارەکانی «ڕۆژی کورد» کە سەرەتا بە سێ ژمارە دانرابوو.

پاشان نووسەر دێتە سەر ساخکردنەوەی ناوی خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرسی «ڕۆژی کورد»، (عەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵڵای کەرکووکلی زادەی خەڵکی سلێمانی)، کە وەک دەزانین گرێ کوێرەیەکی زۆر ئاڵۆز بوو، کە تا ماوەیەکی نزیک لەنێو ڕووناکبیران و مێژوونووسانی ڕۆژنامەوانیی کوردی وا باو بوو کە (کەریم ڕۆستەم، کەریم شالووم)ە.

لە چیرۆکی دۆزینەوەی ژمارەکانی ڕۆژی کورد بەرێکەوت لە ماڵی د. ئیسماعیل شوکر بە ژمارە چواریشەوە، کە ئەو بۆ «دەنگی گێتی تازە» چوو بووە لای، کەچی هەر چوار ژمارەی ڕۆژی کوردی دەکەوێتە بەردەست و چۆن پێیەوە شاگەشکە بووە و وەک ئەوەی گەوهەرێکی دۆزیبێتەوە، سەربردەکەی دەگێڕێتەوە.

ئەم دۆزینەوە ڕایدەکێشێتە سەر ئەوەی پاش چەندین پێشنیاز و بەڵێن و گفت لەگەڵ د. ئیسماعیل بەیەکەوە کاری لەسەر بکەن، بەڵام پاش چاوەڕوانیەکی زۆر خۆی واتە کاک عەبدوڵڵا بە ئاگاداری د. ئیسماعیل دەخەبتێ بۆ وەرگێڕانی بابەتە تورکییەکان و هێنانە سەر ڕێنووسی تازەی بابەتە کوردییەکان، بۆ ئەمەش پەنای بۆ زۆر کەس بردووە و لە دەرگای زۆر کەسی داوە هەیانە بە دەنگییەوە چووە و هەشیانە وێڕای بەڵێن دان چیان بۆ نەکردووە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بووە تا کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە.

ئەوەی جێی سەرنجە کاک عەبدوڵڵا لە کارکردن ڕاستگۆیانە مەبەستی گەیاندنی (پەیام)ە وەک خۆی

گوتەنی: «ئەم جارە چاوپۆشیم لە گێڕانەوەکانی "د. ئیسماعیل شوکر" کردووە و دەشڵێم هەموویان ڕاستن، ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی لای من زیاتر وەکو «پەیام» تەماشا کراوە، لەوەی بۆ خۆ هەڵنان و بەخۆدا هەڵگوتن بێت..».

بۆیە دەبینین لە وەرگێڕانی بابەتەکان ناوی چەند کەس هاتووە و چۆن بە پشوودرێژی کاری بۆ کردووە. ئەمەش ناوی ئەو بەڕێزانەیە کە هاوکارییان کردووە: شوکر مستەفا بە (٤) بابەت، د. مارف خەزنەدار (٥) بابەت، نەژاد بەرزنجی (٤) بابەت، جەلیل محەمەد شەریف (٢) بابەت، عوسمان موفتی (٢) بابەت، عەبدوڵڵا حەداد- نیاز قایەچی (١)، ئەحمەد تاقانە (٣)، شێرزاد کەریم ڕۆستەم (٢)، ئازاد عوبێد (٣)، سالار عەبدولڕەحمان.

هەر لێرەدا وێڕای «ئیسماعیل شوکر، جارێکی دیکە کاک عەبدوڵڵا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە «ڕۆژی کورد و یەکبوون و هەتاوی کورد و کۆمەڵەی هێڤی» جێی خۆیەتی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرایان لەسەر بنووسرێ.

لە کۆتایی ئەم بەدواداچوونەدا کاک عەبدوڵڵا دەڵێت کە ئەو «بەبێ بەرنامەڕێژی» ئاماژەی بۆ زۆر لەو پرسانە کردووە کە گۆڤارەکە شایەنێتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوا ئەو ئامادەیە کتێبخانەکەی، بۆ هەر کەسێک واڵا بکاتەوە تۆژینەوە لەسەر ڕۆژی کورد و کۆمەڵەی هێڤی بکات.

پشتی ئەم بەدواداچوونە بە وتارێکی (٦٤) لاپەڕەیی و بە پاڵپشتی (٨٠) سەرچاوە، لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی، کۆمەڵەی «هێڤی» و «ڕۆژی کورد» نووسیوەو لە دەروازەکەیدا دەڵێت: «ئەرکی مێژوو بریتییە لە دیارکردنی بەسەرهاتی هەمەجۆری ژیانی ئادەمیزاد پێکڕا یا جیاواز، بەپێی قۆناغ یا بەشێک لە قۆناغ، وێڕای دەستنیشانکردنی هێزی بزوێنی و تایبەتییەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەریدا هاتوون، لەگەڵ ڕوون کردنەوەی دەرسەکانی بەپێی سەنگ و قەوارەیان.

دیارە ڕەوڕەوەی مێژوو یەکجار گەورە و زەلامە بەرەو پێش بردنی هەرگیز لە وێزەی تاکە کەسێکدا نەبووە و نییە.»

دواتر نوێشکێکی مێژووی کورد و هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان و داگیرکردن و دابەشکردنی لەلایەن دەوڵەتانی فارس و تورک و ملمەلانێی نێوان میرنشینەکان و چەکەرەکردنی هەستی نەتەوایەتی و هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی کورد و سەرکوتکردنیان و دامەزراندنی کۆمەڵەی نهێنی و دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرەی پێتەختی میسر و کوودەتای تەممووزی ١٩٠٨، لە سۆنگەی ئەمەوە مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ زۆربەی کۆمەڵە سیاسییەکان ڕەخسا، لەوانە، کۆمەڵەی «هاریکاری و پێشکەوتنی» کوردان لە شارەکانی بەتلیس و مووسڵ و دیاربەکر و ئەرزەرۆم و بەغدا لق بکاتەوە و ڕۆژنامەی کورد دەربکەن، تا دەگاتە دامەزرانی کۆمەڵەی «هێڤی» لە ١٩١٢/٧/٢٧ کە گۆڤاری «ڕۆژی کورد»یان دەرکردووە وەک گۆڤارێکی جڤاتی «هێڤی»ی قوتابیانی کورد کە هەنووکە لەبارەیەوە دەدوێین.

لەسەر ناوی («ڕۆژی کورد» چۆنیەتی دەرچوونی)، دەنووسێت، بەپێی پەیڕەوی کۆمەڵەی «هێڤی» یەک لە ئامانجەکانی وەشاندنی گۆڤارێک بە زمانی کوردی و تورکی بووە.

سەبارەت بەو گۆڤارە کاک عەبدوڵڵا دەبێژێ: «لە دەرچوونی هەر گۆڤارێکەوە تاوەکو ئەمڕۆ، هەر کتێبێک دەرچووبێت و باسی مێژووی کوردی کردبێت، بە دەگمەن وابووە باسی ئەم گۆڤارەیان نەکردبێ، هەڵبەتە هەیانە زانیاری دروستیان لە بارەیەوە داوە، هەشیانە پڕ لە هەڵەت و پەڵەتن.!!

سەبارەت بە مێژووی دەرچوونی گۆڤارەکەش جیاوازی زۆر لە سەرچاوەکاندا هەیە، کە دواتر ڕۆژی دروستی دەرچوونی بە ١٩١٣/٦/١٩ دیاری کرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژمارە | کۆچی | ڕۆمی | زایینی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | ١٤ی ڕەجەبی ١٣٣١ | ٦ حوزەیرانی ١٣٢٩ | ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣ |
| ٢ | ١٤ی شەعبانی ١٣٣١ | ٦ تەمووزی ١٣٢٩ | ١٩ی تەمووزی ١٩١٣ |
| ٣ | ١١ ڕەمەزانی ١٣٣١ | ١ ئاغستۆس ١٣٢٩ | ١٤ی ئابی ١٩١٣ |
| ٤ | ١ی شەوالی ١٣٣١ | ٣٠ ئاغستۆس ١٣٢٩ | ١٤ی ئەیلوولی ١٩١٣ |

بەسەرناوی (ناسینەوەی خاوەن ئیمتیاز و نووسەرەکانی «ڕۆژی کورد») لە خاوەن ئیمتیاز و نووسەرەکانی ڕۆژی کورد دەدوێت بەپێی ئەو سەرچاوانەی بەردەستی و هەبوونی زانیاری دەربارەیان ئەوەندەی قەڵەمی بۆ سوار بووە، ئەو زاتانەی ناساندووە، کە بێگومان هێشتا زۆرتریشی دەوێت، چونکە ژمارەیەکی

زۆریان زانیـاریان لەبارەوە زۆر کـەمـە. تەنانەت سـاڵی بوون و مردن و شوێنی لەدایک بوونیشیان نازاندرێ.

لێرەدا بە عـەبدولکەریمی حاجی عـەبدوڵڵا کەرکـوکلی زادە نەک کـەریم ڕۆسـتەم وەک خـاوەن ئیـمـتیـازی ڕۆژی کورد، وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، دەست پێدەکات پاش سـاخکردنەوەی کـە ئەو زاتە لە عـەبدولکەریم سلێمانی (١٨٨٠- ١٩٢٩/٩/١٨) کورتەیەکی ژیانی تۆمارکردووە.

ئەمـەش نـاوی نووسـەرەکـانی دیکە کـە بابەتیـان لە گـۆڤـارەکـە بڵاوبۆتەوە: دیاربەکـری فکری نەجـدەت، ڕووناکـبـیـرێکی بەرز بووە، فـوئادی تەمـۆ کـە ڕەنگە یەکـەمین چیـرۆکنووسی کـوردبێت- غـەزال، فـازیل مـوخلیس- عـەشـیـر مللی، زێوەر (١٨٧٥- ١٩٤٨/١١/١٠)، مـەلا عـەبدوڵڵای زێوەری شـاعیـر، کـەندوویان کـەندۆ، کـوردی، بەنی ئەردەڵان ئەحـمـەد موحسین، غ. سەری زەر ئەکرەم کە ڕەنگە کوڕی جەمیل پاشـا بێت، د. عـەبدوڵڵا جـەودەت ١٨٦٩- ١٩٣٢؛ پزیشک، نووسـەرو لێکۆڵەر، وەرگـێـڕ، فـەیلەسـووف، سیاسەتوان و کورد پەروەر بووە. ئیسماعیل حەقی بابان (١٨٧٦- ک٢/ ١٩١٤)، نەجـمـەدین حـوسـێن کەرکووکی (١٨٨٦- ٦٠)، مـەسعـوودی سلێمانیـەیی (١٨٨٩- ١٩٧٩) کـە بە (مـەسـعـود خـانی)ش بەناوبانگە، بولغارستانلی طوغان، ح. ب. خەرپووتی، فەخری، میدحەت (میـقداد مەدحەت)، عەبدولعـەزیز بابان، لوتفی فکری، حوسێن شوکری. ی. ج ئەرغـەنی مەعدەنی، خەلیل خەیاڵی (١٨٧٦- ١٩٢٦)، محەمەد ساڵح بەدرخان (١٨٧٤- ١٩١٥) زانیـاری زۆر لەمـەڕ ئەو زاتە و کـارەکـانی تۆمـار کـردووە بەتایبـەتی لایەنی ڕۆژنامـەوانییی لە دەرکـردنی گـۆڤـاری ئومـێـد (١٩٠٠)، ڕۆژی کـورد (١٩١٣)، یەک بوون ١٩١٣، د. ئەحـمـەد حەیدەری لەگەڵ هەندێ وێنەی ئەو نووسەرانە.

دوا هەواری ئەم وتارە بە ئەنجـام دەگـات کـە نووسـەر پوختـەی بۆچوون و ئەنجـامـەکـان لە (١٤) خـاڵ تۆمـار دەکـات. پاشـان لیـسـتی سـەرچاوەکـان دێت کـە (٨٠) سەرچاوەیە، ئەمە جگە لە پەراوێزی زۆر درێژ لە شـوێنی پێویست..!

ئیـدی دەقی هەرچوار ژمـارەی گـۆڤـارەکـە، سـەرەتا بەرێنووسی کوردی و بە وەرگێڕانی بابەتە تورکییەکان و بەدواشیدا ژمارە ڕەسەنەکان وەک خۆی بڵاوکراونەتەوە.

ئەمەش دەقی ناوەرۆکی هەرچوار ژمارەکە:

**ژمارە (١)، ١٤ ڕەجەبی ساڵی ١٣٣١، ٦ حوزەیرانی ساڵی ١٣٢٩، ١٩ حوزەیرانی ١٩١٣.**

تێدا نووسراو بە تورکی

- ئامانج، ڕێباز....
- پەیامێک
- کـۆمـەڵەی قـوتابیـانی کـورد و خزمـەتی کـوردان بۆ پایەی خەلافەت...
- دەردو دەرمان
- جموجووڵە میللییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
- باری کۆمەڵایەتیمان
- بەهرەی شارستانێتی لەناو کورداندا
- پوختەی ئەندێشان
- هێزە گشتییەکانی حکومەت
- پیتەکانمان و بەئاسانی خوێندنەوە

تێدا نووسراو بە کوردی

- تاڵ و شیرین...
- منداڵ بۆچ زوو فێری خوێندن نابێ
- بە تەئسیری موحیتی مادی و مەعنەوی علم و فەن
- جۆنکاری
- چیرۆک
- دەما کالی مە- چاغامە- دەماتێ
- دیوانی نالی
- خوەندن و خەبات

**ژمـارە (٢)، ١٤ی شـعـبـانی سـاڵی ١٣٣١، ٦ی تەمووزی ساڵی ١٣٢٩، ١٩ی تەمووزی ١٩١٣**

تێدا نووسراو بە تورکی

- لە دەست دانێکی گەورە...
- ئەرکی سەرشانتان بەرانبەر نەتەوەکەتان... بولغارستانلی تۆغان
- ئیسلامچیەتی و کوردایەتی... بابان زادە ئیسماعیل حەقی
- ڕێگەی یەکگرتن... د. عەبدوڵڵا جەودەت
- ئەندیشەمان دەبێتە ڕاستی... م. ساڵح بەدرخان
- ئومیدمان بە «هیڤی»یە... خ. ب

- پیتەکەمان و سانا خوێندنەوە...
م. س. ئازیزی
- سەلاحەدین ئەیوبی
- شارێی بیروبۆچوون

تێدا نووسراو بە کوردی

- بونا کرمانجی ونداکی مەزن
- هەر من بم و کەسی تر نەبێ- عەبدولکەریم سلێمانی
- عیبرەت
- هشیار بن م. س ئازیزی
- چیروک فوئاد تەمۆ
- پیرۆز نامە مودانی خ
- زمان و نزانیا کوردان...
- خەبات و خوەندن

**ژمارە (٣)، ١١ی رەمەزانی سالی ١٣٣١، ١ی ئاغستۆسی ١٣٢٩، ١٤ی ئابی ١٩١٣**

تێدا نووسراو بە تورکی

- پێشکەوتنی کوردان.. بابان زادە ئیسماعیل حەقی
- بەدرخانی حسینی پاشا...
- قەڵەم بەر لەشیر... سالح بەدرخان
- سەلاحەدینی ئەیوبی م....
- دوورووییمان خ...
- نامە و ئیعلان

تێدا نووسراو بە کوردی

- بە فریاکەوتن سلێمانی عەبدولکەریم
- تەفسیری شەریف م...خ
- زیمان م...خ
- عەردامە فکری نەجدەت
- بەری شیر قەڵەم م. سالح بەدرخان
- بەخت رەشی و مەحرومیا کوردان م..خ

**ژمارە (٤)، ١٠ی شەوالی سالی ١٣٣١/ ٣٠ی ئوغستوسی سالی ١٣٢٩/ ١٤ی ئەیلوولی ١٩١٣**

تێدا نووسراو بە تورکی

- نەتەوایەتی کورد لوتفی فکری
- کێشەی خاک حسەین شوکری
- سیمای ئازایەتی لەناو کوردان بابێ رەوشۆ
- رێزگرتنی لاوان م. بەدرخان
- مەسەلەی ژن لەلای کوردان ی.ج
- تکایەک لە ئەدیبەکانمان و...
بابان عەبدولعەزیز
- پێشکەوتنمان کۆششکردنی گەرەکە کارگێری

تێدا نووسراو بە کوردی

-شیعر سلێمانی زێوەر
- ئەسل و نەسلی کورد کوردی
- هەلاتنی رۆژی ئیقبال سلێمانی عەبدولکەریم
- لە تاریکی بۆ رووناکی بەنی ئەردەلانی: ئەحمەد موحسین
- ژمەزنێ «کوردان»را م. خ
- بەخت رەشی و مەحرومیا کوردان م. خ
- تەعلیم و تەربیە ع. سەری زەر
- مەنقەبەک ژمیرانیا کرمانجیتییە دوو کرمانجی میرە شێر- بابێ رەوشۆ
چیرۆک بابێ رەوشۆ
- بەرێ و نها ئەکرەم.

بەرگی هەر ژمارەیەکیش بە وێنەیەک رازاوەتەوە:
- سەلاحەدینی ئەیوبی، ژ (١)
- کەریم خانی زەند، ژ (٢)
- حسێن کەنعان پاشای بەدرخان ژ (٣)
- شاری ئەرزەرۆم، ژ (٤)

بێگومان ئەم کارەی کاک عەبدوڵڵا سەرەتا و ئاو رژاندنێکە بۆ تۆژەران بە وردی لە هەموو لایەنەکانی بکۆڵنەوە...

لەگەڵ هیوای تەندروستی بەردەوام و تەمەنێکی درێژ، چاوەڕوانی کارە مەزنەکانی داهاتووین. خودای گەورە نموونەیان زۆر بکات.

# لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی

لێدوانی: جوان حوسێن
(سلێمانی)

بۆ ئەوەی لە خۆشەویستی وەک ئەوەی مومارەسە دەکرێت تێبگەین، پێویستە بە سروشتی ئەم پەیوەندییە ئاشنا بین. بێگومان خوێندنەوەی کۆمەڵناسییانە بۆ ئەم پەیوەندییە بەرهەمهێنەری چەندین بەرەنجامی جیاواز لە هەمان کاتدا قەناعەت پێکەرن بە ئێمە، چونکە خۆشەویستی بە بڕوای من یەکێکە لەو پەیوەندییە فەرامۆشکراوانەی کە کەمترین خوێندنەوەی کۆمەڵناسییانە و زانستییانەی بۆ کراوە، هەروەک لە پانتاییە واقعیەکەیدا وەک هەستێکی مرۆڤگەرایانە هەمیشە هەوڵی شاردنەوەی دراوە.

ئەم کتێبەی خوێندنەوەی بۆ دەکەین. پێویستی بەوەیە کە خوێنەر چەند جارێک تەواوی ڕستەکانی بخوێنێتەوە و فەهمی بکات چونکە بە دەروازەیەکی زانستی گرنگی دەبینم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆشەویستی، بۆ ئەوەی ئاشنابین بەوەی کە خۆشەویستی لە چ فەزایەک لەسەر چ بنەمایەک مومارەسە دەکرێت و ئەم هەستە تا چەندە مرۆڤەکان وەک خۆیان دەپارێزێت. ئایا ئەم پرۆسەیەش وەک پرۆسە باوەکانی تر دابەش دەبێت لەنێوان بکەر و بابەتی پەیوەندییەکە، یان مرۆڤەکان یەکسانن لە دەربڕین و چێژ وەرگرتن و سۆز گۆڕینەوەدا بەرامبەر بە یەکتر؟ ئەمانە و چەندین گریمانە و پرسیاری گرنگتر لە کۆی تێڕوانین و خوێندنەوەکانی «ڕێبوار سیوەیلی»دا لەم کتێبەدا کۆکراوەتەوە و پێویستی بە لەسەروەستان هەیە.

ئەم کتێبە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لەگەڵ دوو گفتوگۆی دوورو درێژی نووسەر کە پێشتر لەسەر هەندێ دیاردە و جۆری پەیوەندییەکان لەگەڵیدا سازکراوە و لە کۆتایی کتێبەکەدا هاوپێچ کراوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، نووسەر دەروازەیەکی گشتی بۆ چوونە ناو سەرجەم بابەتەکانی کتێبەکە سەبارەت بە پێناسە و تێگەیشتن لە چەمکەکانی «حەزلێکردن، خۆشەویستی، عەشق» دەخاتە ڕوو، هەر بۆ زیاتر هاوڕێیەتی کردنی خوێنەر لەگەڵ ئەم بابەتانەدا هێڵکارییەکی ورد و گرنگ بۆ جیاکردنەوەی ئەم سێ چەمکە دەخاتە ڕوو، نووسەر پێی وایە حەزلێکردن پرۆسەیەکی تاک جەمسەرییە و، تاک بە تەنیا بەرهەمهێنەریەتی. تاکەکەس کاتێ حەز لە یەکێکی تر دەکات ئەو کەسە هێشتا نەبۆتە بەشێک لەو پرۆسەیە، ئەم پەیوەندییە لە ئەنجامی کەفوکوڵی دەروونی و جەستەیی ئۆرگانی تاکەکەسەوە دروست دەبێت و بە پەیوەندییەکی نەرگزیانە تاک لەگەڵ خۆیدا نمایش دەکرێت.

بەم پێیە حەزلێکردن پێویستی بە ئەوی فەنتازیکراوە، بۆی هەیە ئەم بارودۆخەش ببێتە پەیژەیەک بۆ خۆشەویستی تا دەگات بە ئەویتری واقیعی، یان ئەوەتا لە ئەنجامی قەبوولنەکردنی لەلایەن کەسی دووەمەوە، کەسی یەکەم ئایدیالیزەی کەسی دووەم بکات و وێنەیەکی یەزدانی پێ ببەخشێ. بەمەش



حەزلێکردنەکە دەبێتە عەشقێکی عارفانە لە زەینی کەسی یەکەمدا.

سەبارەت بە خۆشەویستی، پەیوەندی تاکەکەسێکە بە کەسێکی ترەوە، دەخوازێ کەسی دووەم جگە لە فەنتازیا ئامادەیی کردەییشی هەبێت لەو پەیوەندییەدا. ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی جووت جەمسەرییانەی واقعیە، دوو کەسەکە مرۆڤایەتی یەکتر وەک ئەوەی کە هەن قەبووڵ دەکەن، ڕێز لە جیاوازیی یەکتر دەگرن، چونکە ئامانجیان تەنیا گەیشتن نییە بە یەکتر بەڵکو گەیشتنەوەیە بە خۆیان لە ڕێگای ئەویترەوە، هەر بۆیە نووسەر دەڵێت: «خۆشەویستی گەرانتێکە بۆ دروستبوونی خودێتی مرۆڤ، ئەمەش لەبەر ئەوەی خودێتی بڕواپێکراو و جێی متمانەی هەر تاکێک لەیەکبوون و ئاوێزانبوونی ئەوەوە دێت لەگەڵ مرۆڤێکی دی لە ڕەگەزەکەی تر».

سەبارەت بە چەمکی عەشق دەکرێت بە پەیوەندی مرۆڤ بە بوونێکی نامرۆڤانەوە تێبگەین کە دەشێت یەزدان بێت، وەک ئەوەی لە تەسەووفی ئیسلامدا هەیە.

نووسەر لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا پانتایی باسەکەی لەسەر چەمکی خۆشەویستییە، کە وەک پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو مرۆڤ لەسەر بنەمای سۆزگۆڕینەوە و هەستەوەری پێناسەی دەکات.

نووسەر دەڵێت خۆشەویستی وزە و هاندەرێکی نەگۆڕی هەیە و لەناوناچێت بەڵام بەپێی گۆڕانی کولتوور و دابونەریت و ڕادەی دەستێوەردانی هێز و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێت.

بۆیە ئاساییە لە هەندێ کۆمەڵگادا باس لە دۆخی قەیراناوی و داڕمان و ئاوابوونی خۆشەویستی بکەین، چونکە بەردەوام ئەم پەیوەندییە تێکەڵ و پاسیڤی مێژووی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بووە و هەر ئەوان بواری سەربەخۆییان بۆ ڕەخساندووە و لێشیان سەندۆتەوە.

سەبارەت بە خۆشەویستی وەک پەیوەندییەکی هەستەوەرانە، نووسەر باس لە تێڕوانینی فەیلەسووفەکان دەکات کە بە گشتی بە دوو جۆر قسەیان لەسەر هەستەکان کردووە، لایەنگرانی ئەفلاتوون پێیان وایە کە ناکرێ مرۆڤ پشت بە هەستەوەرەکان ببەستێت، چونکە ئەوان لە جەستەی مرۆڤدان و جەستەش قابیلی گۆڕان و لەناوچوونە، بەلای ئەمانەوە مرۆڤ پێویستە پشت بە ئاوەز و ژیری ببەستێت، بەڵام لایەنگرانی فەلسەفەی ئەزموونگەری لەو بڕوایەدان ئەوەی مرۆڤ پێی دەگات لە ئەنجامی ئەزموونکردنەوەیە و هەستەکانیش سەرچاوەی هەموو ئەزموونکردنێکمانن.

نووسەر دەیەوێت ئیعتبار بۆ هەستەکان بگێڕێتەوە و وەک سەرچاوەی وەرگرتن و خاڵی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەریانبخات، بۆ ئەم مەبەستەش تێزە نوێکانی بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی هاوچەرخ ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بە توانای هەستەکان و ئەو بڕیارانەی مرۆڤ لە ڕێگای هەستەکانەوە دەیدات سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤی تر و ژیان لە کۆمەڵگایەکدا کە هەستەکانی دیسپلین دەکات.

نووسەر بەدیوێکی تردا دەڵێت هەستەکان هەمیشە لەگۆڕاندان و دەتوانن بە هەڵەماندا بەرن و خەیاڵی شەڕانگێزمان تێدا دروست بکەن. هەروەک بیرکردنەوەی عەقڵانیش ناتوانێت هەمیشە لە ئەزموونە هەستەوەرییەکان تێبگات.

لێرەوە سیوەیلی دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت خوێندنەوەی کۆمەڵناسییانەی پەیوەندی خۆشەویستی گرنگی بەو ژیانە هەستەوەرییە دەدات کە بیرکردنەوە و پلانە عەقڵانییەکان ناتوانن مافی تەواوی خۆی بدەنێ و بە تەواوی ئازادی بکەن.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ بایەخدانی کۆمەڵناسانە بە ژیانی سۆزگەرایانە و هەستەوەری مرۆڤ لە کولتووری ئەکادیمی خۆرئاوادا و نووسەر باس لە تێڕوانینی چەند کۆمەڵناسێکی بەناوبانگ دەکات لەسەر ئەم پەیوەندییە چۆن ئەوان باس لە خۆشەویستی دەکەن وەک پەیوەندییەکی هەستەوەرانە کە پێویستی بە خودێتی مرۆڤەکان هەیە بۆ ئەوەی ئەویتر ببینن و هەوڵی نزیک بوونەوە بدەن. من نامەوێت لەسەر ئەم بەشە قسە بکەم، دەچمە سەر بەشی سێیەم، ئەویش ئاوابوونی خۆشەویستییە. ئەم بەشە دابەش دەبێت بەسەر دوو تەوەردا، تەوەری یەکەم بارودۆخی خۆشەویستی، تەوەری دووەم ترس لەخۆشەویستی، لە تەوەری یەکەمدا نووسەر دەڵێت خۆشەویستی لە هەلومەرج و بارودۆخی جیاوازدا دەبینرێت و ئەو گۆڕانکارییانەش دواجار دەمگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە خۆشەویستی ئاوا دەبێت، چونکە دەبینم کە خۆشەویستی ناچار دەکرێ لە پەیوەندییەکی هەستەوەری و ڕۆحییەوە بچێتە ناو چوارچێوەیەکی ئامانجدار، دەبینم سێکسگەرایی بۆتە ئامانجی خۆشەویستی و بۆتە ئەو پێوەرەی کە شتێکمان بۆ دەپێوێ کە لەبنەمادا خۆی ناپێورێ...

نووسەر پاش ئەوەی باس لە ئاوابوونی خۆشەویستی دەکات دێتە سەر باسی ترس لە خۆشەویستی و بە دوو دیوی یەک دیاردەیان دەزانێت.

نووسەر دەڵێت ترس لە خۆشەویستی لە ئەنجامی ترس لە ئافرەت، خەسڵەتی ئاشکرای زۆربەی کولتوورەکانە، خۆشەویستی ئەوکاتە ئاوا دەبێت کە ئەو هەلومەرجە کولتووری و کۆمەڵایەتی و مەعنەویانەی پێویستن بۆ مانەوەی نامێنن و لەجیاتی ستایشکردنی ئەڤینداری، کولتووری کۆمەڵگا ترسی خۆی لە خۆشەویستی و ڕقی خۆی لە مێینە بەرجەستە دەکات.

لە بەشی چوارەمدا نووسەر ئاماژە بە ڕاوبۆچوونی چەند گەڕیدە و خۆرهەڵاتناسێک و چەند ڕۆشنبیرێکی کورد دەکات لەسەر ئەم پەیوەندییە و چۆن ئەم دیاردە مرۆڤگەرانەیان لە چیرۆک و شیعر و داستانی کوردیدا تەوزیف کردووە.

دوا بەشی ئەم کتێبە کە من بە زیندووترین بەشی ئەم کتێبەی دادەنێم و وەک نووسەریش ئاماژەی بۆ دەکات پانتاییەکی فراوانی کارکردنی سۆسیۆلۆژییە و نووسەر سەرەداوی چەندین توێژینەوەی پراکتیکی دەخاتە ڕوو کە زۆر گرنگن بۆ خوێندنەوەی واقعی ئەم پەیوەندییە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەنجام بدرێن و لەسەری بوەستین.

ئەم بەشە کە ناوی ناوە ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستاندا، دەتوانم بڵێم خوێندنەوەیەکی زانستی و کۆمەڵناسییانەی خۆشەویستییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. نووسەر سەرەتا باس لە کولتووری داخراو و تەقلیدی کۆمەڵگا دەکات و دەڵێت لە کۆمەڵگایەکدا کە تاکەکەس بەهایەکی ئەوتۆی نییە کارێکی سەخت و دژوارە قسە لە پەیوەندییە سۆزگەراکان و ژیانی هەستەوەری بکەین. نووسەر کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگایەکی نێرسالاری وەسف دەکات و دەڵێت: «خۆشەویستی هەمیشە پەیوەندییەک بووە کە تیایدا بکەر نێرینە و بابەتی پەیوەندییەکەش مێینە بووە. ئەمەش بەمانا فراوانەکەی ئەوەی ڕێپێدراوە خۆشەویستی بکات نێرینەیە و مێینەش پاسیڤە، کە فێرکراوە نابێت لە باسکردنی ژیانی هەستەوەری خۆیدا نەرم و وشک و ڕاشکاو بێت، هەربۆیە کاتێک کوڕان داوای پەیوەندی لە کچان دەکەن و دەیانەوێت ئەو هەستە بگۆڕنەوە، کچان خاڵی بەهێزی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە «ڕەفز» بدەنە بەرامبەرەکەیان. هەر ئەوەش چاوەڕوانی کۆمەڵگای نێرسالارە لە ئافرەت و سەرچاوەی چێژە بۆ نێرینە». نووسەر لەم بارودۆخەی خۆشەویستییەوە دەچێتە سەر کولتووری شاخ و ئەو جۆرە خۆشەویستییەی لە شاخ مومارەسە کراوە، ئەو پێی وایە لەگەڵ ئەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بانگەشەی یەکسانی نێوان هەر دوو ڕەگەزەکە دەکات، بەڵام لە واقیعدا هەمان کولتووری نێرسالاری دووبارە کردەوە و لەگەڵ ئەوەی ئامادەییەکی واقیعی هەبوو لەلایەن ژنان و کچانەوە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، بەڵام ئەم ئامادەییە هیچ گۆڕانێکی لەتێڕوانینی پیاو نەگۆڕی بەرامبەر بە ئافرەت. نووسەر ئاماژە بەو چاودێرییە ورد و بەردەوامە دەکات کە پیاوان هەیانبووە بۆ خوشک و خێزان و کچەکانیان و توانیویانە لەژێر پەردەی دیسپلینی حزبیدا هەمان هەلومەرجی کۆمەڵگایان بەسەردا بسەپێنن. بەم جۆرەش ئافرەت دیسانەوە بە قۆناغی سڕینەوەی خوددا تێپەڕ بووە و شاخ بۆتە فەزایەکی لەبار بۆ بە نێرایەتی کردنی مێینە، چونکە تەنیا نێرایەتی و ڕەمزەکانی نێرینە لە ستایشکردنێکی بەردەوامدابوون و ئەو خەباتە پێویستی بە هێزی چەک و توانای پیاو هەبووە.

هەربۆیە لەپێناو بەشداربوون لەو خەباتەدا ئافرەت دەست لە بەها و کێشەکانی خۆی هەڵدەگرێت و خۆی تەسلیمی پرۆسەی بە پیاوبوون دەکات و بەم جۆرە ئافرەت و پیاو بەیەکتر نامۆ دەکرێن و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئایدیۆلۆژی سەنتەر جێگەی پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەگرێتەوە و ئەمەش نووسەر بە چەپاندنێکی دوولایەنەی هەردوو ڕەگەزەکە وەسفی دەکات کە قۆناغی پاش ڕاپەڕین و تەقینەوەی هەموو غەریزە سێکسییەکان دەبێتە دەرەنجام و وەڵامی ئەو پرۆسەیە.

سیوەیلی، دێتە سەر باسی ژیانی هەستەوەریی دوای ڕاپەڕین کە چۆنێتی مومارەسەکردنی هەستەکان لەژێر کاریگەری دەرەکی و ناوەکی کۆمەڵگادا گۆڕانی زۆری بەسەردادێت، هەر لە دیاردەی فرە ژنی و جیابوونەوە تا دەگاتە دەستدرێژی سێکسی و کوشتنی ژنان و ئیستغلال کردنی ژنانی کارمەند و...تاد.

پێم وایە نووسەر لەم باسەدا وەک خۆی دەڵێت چەند تێبینییەک دەخاتە ڕوو کە خوێندنەوەی تایبەتی خۆین بۆ دیاردەکان، ئەو خوێندنەوانەی (سیوەیلی) پانتاییەکی فراوان دەداتە خوێنەر بۆ تێڕوانین و تەفسیری جیاوازتر، هەمان کات پێشنیاری چەندین توێژینەوەی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی تێدا دەبینرێت کە پێم وایە ئەمانە ئەو بابەتە زۆر گرنگانەن کە پێویستە توێژینەوەی زانستی و سۆسیۆلۆژی لە بارەوە بکەین، دەتوانم بڵێم سیوەیلی لەم بوارەدا توانیویەتی بڵندگۆیەکی زیندوو بێت و هەروەک پێشتریش وتوومە لە بواری سۆسیۆلۆژیا و مێژووی خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم نووسەرە پشکێکی گەورەی بەردەکەوێت و دەکرێت وەک یەکێک لە توێژەرەوە جددی و بە ئەزموونەکانی کۆمەڵگا بۆی بگەڕێینەوە.

# هەولێر لە سەردەمە جیاجیاکاندا
## «أربل في مختلف العصور»

لێدوانی:
ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

(أربــل فــي مـخـتلف العصـور - اللواء والمـديـنـة) (هەولێـر لە چەرخـە لێکجیاکانی - لیوا و شار) کتێبێکی پارێزەری ناسراوی عیراقی، (عەباس عــەززاوی)یە.. لە دوو توێی (١٨٤) لاپەڕەی قــەوارە (١٥ × ٢٥سم)، لە لایەن (محەمەد عەلی قەرەداغی) ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراق - دەستەی کـورد، پێداچوونەوەی بۆ کـراوە، پەراوێز و پێشـەکـیی بۆ نووسراوە و چاپی یەکـەمی لە سـاڵی (٢٠٠١) لە کـۆمـپـانـیـای (خـەنسـا) لە بەغـدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

### گرنگی ئەو کتێبە

(مـحـەمـەد عـەلی قـەرەداغی) لە پێشـەکـیـیـەکـەی خـۆیدا بۆ ئەو کـتـێـبـە نووسیویەتی: (کاتێک کوردێک بۆ پەسندانی کەسێک، یان شتێک دەیەوێت زێدەڕەوی بکات، دەڵێت: (لە هەولێـر کـۆنـتـرە).. ئەم کـۆنی و ئەو قـوولـیـیـە مـێـژوویـیـە و ئەم ڕۆچوونە لـە ڕابردووی کـۆن، وا لە هەولێـر دەکـات، ببـێـتـە پارچەیەکی مـێـژوویی جـوگـرافی شـوێنەواری شـایان بەو چاوەدێریـیـە زۆر و گرنگیـپـێدانە وردانە، بۆ دۆزینەوەی بارەکـانی و سەردەمەکانی و هەڵکەنینی شوێنەوارەکـانی، تا ڕابردوو بە ئێـستـا لە زنجیرەیەکی تۆکمەی بەدوای یەکدا هاتوو، ببەسترێتەوە.

هەروەها شـارێکی خـاوەن ئەو مـێـژووە و ئەو قـوولّی و بە سـاڵاچوویەی، بێگـومـان دووچاری چەندین شـاڵاو هاتووە، ڕووبەڕووی دوژمنـانـی زۆر بۆتەوە و بەرپەرچی داونەتەوە، وەکـو قـەڵا سـەربەرزەکـەی سـەربەرزانە بە ڕووی ئەو دوژمنانەیدا وەسـتـاوە، هەروەها بێگـومـان چەندین جـاریش بەهـۆی هێـز، یان فێـڵێک لە فێـڵەکـانی دوژمنانی، یان کـەمـتـەرخـەم و ناپاکی بەکرێگیـراوانی ناوەخۆی داگیرکراوە.

دەی چەند ئەڵقەی ون لە مێژووی ئەو شارەدا هەیە؟ چەند ڕووداوی گرنگی تۆمارنەکراون؟ یان تۆمـارکراون و ون بوونە؟ یان تا ئێـسـتـاش لە کـتـێـبـخـانـە کەسی و گشتییە پێنەزانراوەکاندا چاوەڕوانی دەستی لێکۆڵەرێکی ئازایە، تا بۆشـایی ئەو ئەڵقـانە پڕ بکاتەوە، کـەمی زانیـارییـەکان تەواو بکات، مێـژووی ئەو وڵاتە بکاتە توحفەیەکی شایان بە پایە مێژووییەکەی.

لێرەوەیە وای دەبینین، کە هەمـوو ئەوەی لەبارەی هەولێرەوە نووسراوە، یان دەنووسـرێت، بە دووبارەکـردنەوە و قـسـەی زیاد ناژمـێـردرێن، ئەو وتار و کتێبانەش کە لە کۆندا گەیشتوونەتە خوێنەر و لێکۆڵەران لە (تاريخ أربل)ی



عەززاوی کەم ناکەنەوە، ئەو کارەی کە تا ئێستا هەلی بۆ نەڕەخساوە بلاوبکرێتەوە، زیاد لەوەش، هەموو نووسەرێک شێوازی تایبەت و جودای خۆی هەیە لە گواستنەوە و هەڵێنجانی زانیاری لە سەرچاوەکان و هەروەها لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانیش.. خوێنەری ئاسایی چەشە لەو جۆراوجۆرییە دەکات کە لای ئەم و ئەو بەدیی دەکات، لێکۆڵەری وردیش لای هەندێ وردەباس دەوەستێ، کە لای نووسەرێک دەیبینێ و لای نووسەرێکی تر بەدیی ناکات.. (ل٤).

کەواشبێت گرنگی ئەو کتێبە لە گرنگی هەولێر بەرجەستە دەبێت، کە بەقەد کۆنی مێژوو کۆنە و شاری ژیار و شارستانییەتێکی گەورەی هەزاران ساڵی بەر لە ئێستایە، کە تا ئەمڕۆش هەر مەڵبەندی ژیار و شارستانی و فیکر و شۆڕش و زانست و ئەدەب و هاوڕەوەتی پێشکەوتنی ولاتانی دنیایە.

**ناونیشانە گرنگەکانی ئەم کتێبە**

ئەم کتێبە کۆمەڵە باسێکی گرنگ لەخۆوە دەگرێت، بەم شێوەیە ڕیز دەبن:

- هەولێر لە چاخە جۆراوجۆرەکان (لیوا و شار)، ل١٠
- ژیانی هەولێر لە کۆن و نوێ، ل١٣
- هەولێر لە مێژووی کۆن، ل١٤
- هەولێر لە چەرخە ئیسلامییەکان، ل١٦
- مێژووی هەولێر تا ڕۆژانی (ئال بەکتکین)، ل١٦
- دامەزراوە سیاسی و کارگێڕییەکان، ل١٦
- ئال بەکتکین – موزەففەرەددین کۆکبری، ل٢٤
١- مێژووی سیاسی، ل٢٨
٢- میرەکانی ئەو بنەماڵەیە، ل٣١
٣- زەینەددین عەلی کوجک، ل٣٣
٤- جێگرەکانی، ل٣٩
٥- فەرمانڕەوایی جاری یەکەمی موزەففەرەددین کۆکبری، ل٤١
٦- ژیانی موزەفەرەددین کۆکبری لە دەرەوەی هەولێر، ل٤٢
٧- ئەبو موزەففەر زەینەددین یووسف ینالتکین، ل٤٨
٨- موزەففەرەددین کۆکبری، ل٥٢
٩- سکە لێدراوەکانی سەردەمی، ل٥٣
١٠- ڕووداوی گوازتنەوە لە ئەیووبییەکان، ل٥٤
١١- هەولێر دەگەڕێتەوە ژێر باری خەلافەی عەباسی، ل٥٨
١٢- هەولێر لە سای عەباسییەکاندا، ل٦٣
١٣- ژیانی زانستی و ئەدەبی، ل٦٤
١٤- قوتابخانەکان لە هەولێر، ٦٨
١٥- بەرهەمی ئەو قوتابخانانە، یان زانایان لە هەولێر، ل٧٢

- زانایانی هەولێر، ل٧٣
- هەولێر لە سەردەمی مەغۆل و تورکەکان، ل٧٨
- مێژووی سیاسی، ل٧٨
١- شەڕ و گەمارۆکان، ل٧٨
٢- میرانی هەولێر و کارگێڕییە ڕاستەوخۆییەکان، ل٧٩
٣- میرانی مەغۆل لە هەولێر، ل٨١
٤- میرانی تورکمان لە هەولێر، ل٨٢
٥- کارگێڕی، ل٨٢
- ڕووداوە گرنگەکان، ل٨٤
- باری کۆمەڵایەتی، ل٨٦
- هۆزە سۆرانییەکان، ل٨٨
- باری زانستی و ئەدەبی، ل٩١
- بەناوبانگترین زانا و ئەدیبەکان، ل٩٢
- زانا و ئەدیبەکانی سەردەمی مەغۆل و تورکمانەکان، ل٩٢
- شار و لیوا، ل٩٦
- قەلات، ل٩٦
- هەولێر لە سەردەمی عوسمانی، ل١٠١
- بەناوبانگترین مزگەوتەکان، ل١٠٨
- میرنشینی (ئەربل)، ل١١٥
- سەرەنجامی میرنشینی سۆران، ل١١٦
- میرانی سۆران، ل١١٩
- دامەزراوە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە هەولێر، ل١٢٣
- ئەدەبی کوردی لە هەولێر، ل١٤١
- هەولێر لە چەرخی دوای عوسمانییەکان، ل١٤٣

ئەمانە و گەلێ سەرەباسی تر کە لێرەدا لەبەر زۆر درێژبوونەوە بە پێویستمان نەزانی هەموویان یاداشت بکەین. لەژێر هەموو ئەو ناونیشانانەش مێژوویەکی چڕ و گشتگیری هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆن و نوێی هەولێر

تۆمار کراوە.

## پاشبەندی ئەم کتێبە

لە پاشبەندی ئەم کتێبەدا (٦) پاشبەند هەیە، بەم ناونیشانانە:

١- پێڕستی ناوداران.
٢- پێڕستی ناوی مزگەوت و تەکیە و قوتابخانەکان.
٣- پێڕستی ناوی کتێب.
٤- پێڕستی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکان.
٥- پێڕستی ناوی دەوڵەت و میرنشین و شوێنەکان.
٦- پێڕستی ئایەتە قورئانییە پیرۆزەکان.

ئەم پێڕستانەش گرنگییەکی گەورەتر بە کتێبەکە دەدەن، چونکە کار بۆ لێکۆڵەران و قوتابیانی زانست زۆر ئاسان دەکەن، بە شێوەیەک هەر شتێکی بیانەوێت، دەتوانن لە پێڕستەکاندا لە چەند وردکەیەکی کەم بیدۆزنەوە و بشزانن ئەم شتە لە کتێبەکەدا چەند جار دووبارە بۆتەوە.

## گرنگی ئەم کتێبە

گەلێ هۆ هەن وا دەکەن ئەم کتێبە گرنگییەکی گەورەی هەبێت، لەنێو ئەوانە:

١- ئەم کتێبە لە لایەن ڕۆشنبیرێکی عەرەبی دۆست و نزیک بە کورد نووسراوە.. خاوەنەکەی کە (عەباس عەززاوی)یە ئەو بەڕێزە لە کورد نزیک بووە، لە نزیکەوە زۆرێکی ئەو تاڵی و سوێرییانەی دیوە کە بەسەر کورد هاتووە، بۆیە خۆشی ویستوون و ئەو خۆشەویستییە وای لێکردووە، بێت بەشێکی کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژوو و جوگرافیای ئەو میللەتە تەرخان بکات، بە حوکمی ئەوەش کە هەولێر شارێکی مێژوویی و گرنگی کوردە، هاتووە، ئەم کتێبەی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆن و نوێ و بارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو شارە تەرخان کردووە.. کەواشبێت ئەم کتێبە بە ویژدانەوە نووسراوە، ئەوەش وا دەکات، لە ڕووی زانستییەوە گرنگی خۆی هەبێت و زانیارییەکانی ناوی باوەڕپێکراو بێت.

٢- ئەم کتێبە وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، مێژووی کۆن و نوێ و بارەکانی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ژیاری و شارستانی هەولێر و... تاد، بە کورت و بە پوختی بەخۆوە دەگرێت، واتە کەشکۆڵێکی هەمەلایەنەی گشتگیرە لەبارەی هەولێرەوە.

٣- وەکو (عەززاوی) خۆی لە لاپەڕە (١٠)ی کتێبەکەیدا دەنووسێت، (مێژوو لەبارەی نەتەوە و شارەکانی نەنووسیوە، بە زۆری ژیاننامەی خەلیفە و پاشاکانی تۆمارکردووە و گرنگی بە بێجگەی ئەوانە نەداوە، بۆیە - لەلای عەرەب - لێکۆڵینەوە لەسەر شار و مەمالیکەکان بە گشتی و بە تایبەتیش شار و نەتەوەکانی عیراق کەمە، ئەوەی هەشە پەرشوبڵاوە).. جا (عەززاوی) هاتووە لەم کتێبەی و لە هەوڵەکانی دیکەیدا، ویستوویەتی ئەو ڕاستییە بگۆڕێت و سەرنجی مێژوونووسانی نوێ و هاوچەرخ بۆ ئەوە ڕابکێشێت، کە بوارەکانی مێژوو دەوڵەمەندە و دەبێت جێگەی هەموو نەتەوە و شوێنە ئاوەدانکراوەکانی تێدا ببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەیشی یەکەم نووسینی بۆ (هەولێر) داناوە، کە ئەم کتێبەی بەردەستمانە.

## دوا سەرنج

ئەم کتێبە بەری ڕەنجی ڕۆشنبیرێکی گەورە و بە ویژدانی عەرەبە، کە پارێزەری بە ڕەحمەتچوو (عەباس عەززاوی)یە، ئەو نووسەرەی بەشێکی باشی کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی کورد و وڵاتی کوردان تەرخان کردووە و لە کارەکانیدا دەردەکەوێت چەندەی کورد خۆشویستووە، ئەمەش جێی ڕێزە و جێی خۆبەتی ئێمەی کوردیش ڕەنجی ئەو بەڕێزە و هاوشێوەکانیان بنرخێنین، تا پردەکانی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیرانی هەردوو میللەت هەر تۆکمە و بەهێزبێت، کە هەر لەم ڕێگەیەشەوەیە، دەتوانرێت هەردوو لا ڕێز لە یەکتر بگرن و کەس هەوڵی پێشێلکردنی مافی ئەوەی تر نەدات.

لە کۆتاییدا سوپاسمان بۆ (عەباس عەززاوی)ی ڕێز لە کوردنەر و سوپاس بۆ (محەمەد عەلی قەرەداغی)یش، کە ئەگەر ئەویش نەبوایە، دوور نەبوو، تا ماوەیەکی دووری دیکە ئەو کتێبە هەر بە دەستنووسی و دوور لە چاپ بمابووایەوە.

# ڕێبەری ئیندێکسی گۆڤاری ڕامان و ژمارە تایبەتی و دۆسییەکانی ژ (١-١٠٠)ی ساڵی ١٩٩٦- ٢٠٠٥

شوان سلێمان یابە
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی زمان)

**ئازاد شەوقی**

١- دۆسییەیەکی تایبەت بە هونەرمەندی کۆچکردوو ئازاد شەوقی، ژ (٧٥)ی ئەیلولی ٢٠٠٢، ل١١٠- ١٢٥.

**ئارسەر میللەر**

٢- تۆمارێک لە بارەی (ئارسەر میللەر)ی شانۆکارەوە، ژ (٩٧)ی حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل٩١- ١٠٦.

**ئەحمەدی شاملوو**

٣- تەوەرێک لە بارەی ئەحمەد شاملوو، ژ (٥٣)ی تشرین دووەمی ٢٠٠٠، ل٤٩- ١٠٠.

**ئافرەتی کورد**

٤- مێزگردێک بۆ ئافرەتە شاعیرەکان، ژ (٣٨)ی ئابی ١٩٩٩، ل ١٣٩- ١٤٥.

٥- قەڵەمی ئافرەتی کورد لە چوار ساڵەی تەمەنی گۆڤاری (ڕامان)دا ١٩٩٦- ٢٠٠٠، د. شوکریە ڕەسووڵ، ژ (٥٥)ی ٥/١/٢٠٠١، ل٣٠- ٣٨.

٦- پێداچوونەوەیەک بە باری ئەدەبی و کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد لە دیدی پیاوانەوە، ژ (٥٥)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١، ل١٠٢- ١١٢.

٧- مەلەفی ئافرەتان، ژ (١)ی ٥/٧/١٩٩٦، ل٤٢- ٤٤.

٨- مەلەفی قەڵەمی ئافرەتان، ژ (١٤)ی ٥/٨/١٩٩٧، ل١٧٢- ١٨٦.

٩- فایلێکی تایبەت بە چیرۆکی چەند ئافرەتێکی کورد، ژ (٢٠)ی ٥/٢/١٩٩٨، ل١٢١- ١٤٥.

**ئەدەبی منداڵان**

١٠- مێزگردێک سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان، ژ (٣٣)ی ئازاری ١٩٩٩، ل١٠٢- ١١٣.

١١- مێزگردێک لە بارەی ئەدەب و هونەری منداڵان، ژ (٣٥)ی مایسی ١٩٩٥، ل١٠٦- ١١٢.

١٢- مێزگردێک لە بارەی شانۆی منداڵان، ژ (٣٥)ی مایسی ١٩٩٥، ل١١٣- ١١٤.

**ئەدەبیاتی کوردستانی ئێران**

١٣- مەلەفی تایبەت بە ئەدەبیاتی کوردستانی ئێران، ژ (٩)ی ٥/٣/١٩٩٧، ل١٢١- ١٢٩.

١٤- مێزگردێک لە بارەی ئاستی ڕەخنەو خوێندنەوە لە کوردستانی ئێراندا، ژ (٧٣)ی تەمموزی ٢٠٠٢، ل ١٢٠- ١٣٤.

**ئینتەرنێت**

١٥- ئیندێکسی بابەتی ئینتەرنێت لە (٧٦) ژمارەی ڕامان، شوان سلێمان یابە، ژ (٧٧)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢

١٦- ئەو کتێبانەی بە زمانی کوردی لە بارەی (ئینتەرنێت)ەوە چاپکراون، شوان سلێمان یابە، ژ (٧٧)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢.

**بەختیار عەلی**

١٧- کرۆنۆلۆجیای بەشێک لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بەختیار عەلی، ژ (٥١)ی ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، ل١٤١.

١٨- تەوەرێک لە بارەی بەختیار عەلی، ژ (٥١)ی ئەیلوولی ٢٠٠٠، ل٢٨- ١٤١.

**بونیادگەری**

١٩- مێزگردێکی تایبەت بە بونیادگەری، ژ (٢١)ی ئاداری ١٩٩٨، ل٩٩- ١١٠.

**بیبلۆگرافیای گۆڤاری ڕامان**

٢٠- بیبلۆگرافیای چوار ساڵی لە ژ (١)ی ٥ی تەمووزی ١٩٩٦ تا ژ (٤٨)ی ٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٠، سابیر ڕەشید و عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٠، ٤١٣ ل.

**چیرۆکی کوردی**

٢١- فایلێکی تایبەت بە چیرۆکی چەند ئافرەتێکی کورد، ژ (٢٠)ی ١٩٩٨/٢/٥، ٢٠٦ل.

٢٢- ژمارەی تایبەت بە چیرۆک و لێکۆڵینەوە،، ژ (١٣)ی ١٩٩٨/٧/٥، ٢٢٢ل.

٢٣- ژمارەی تایبەت بە چیرۆک و لێکۆڵینەوە،، ژ (١١)ی ١٩٩٧/٧/٥، ٢٢٤ل.

٢٤- مێزگردێک بۆ چیرۆکنووسە لاوەکان، ب ١، ژ (٤١)ی ت ١ی ١٩٩٩، ل١٠٨- ١١٩.

٢٥- مێزگردێک بۆ چیرۆکنووسە لاوەکان، ب٢، ژ (٤٢)ی ک١ ١٩٩٩، ل١٣٣- ١٤١.

**حاجی قادری کۆیی**

٢٦- تۆمارێک لە بارەی «حاجی قادری کۆیی»ەوە، ژ (٩١)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ل٣٢- ٤٤.

**خەڵاتی نۆبل**

٢٧- تۆمارێک لەبارەی خەڵاتی (نۆبڵ)ەوە، ژ (٩٢)ی ک٢، ٢٠٠٥، ل١٧٤ - ١٨٨.

**دڵدار**

٢٨- تۆمارێک لەبارەی (دڵدار)ەوە، ژ (٩٦)ی مایسی ٢٠٠٥، ل٧٢-٩١.

**دیاردەی دزیی ئەدەبی**

٢٩- مێزگردێک لە بارەی دیاردەی دزیی ئەدەبی و مافی نووسەر بەسەر بەرهەمەکانی و ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە بەسەر پرۆسەی داهێنان، ژ (٤٨)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل١١٥- ١١٨.

**ڕۆژنامەگەری کوردی**

٣٠- مێزگردێکی ڕۆژنامەنووسی، ژ (٢٣)ی ئایاری ١٩٩٨، ل٧٧- ٨٦.

٣١- تەوەری ڕۆژنامەنووسی، ژ (٢٣)ی ئایاری ١٩٩٨، ل١١٢- ١٩٩.

٣٢- مێزگردێک لە بارەی کاری نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی، ژ (٤٧)ی مایسی ٢٠٠٠، ل١٢٣- ١٣٠.

٣٣- تەوەری ڕۆژنامەگەری، ژ (٥٩)ی مایسی ٢٠٠١، ل٧٨- ١١٣.

٣٤- شاعیران لە ناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ژ (٥٩)ی مایسی ٢٠٠١، ل١٤٢- ١٥١.

٣٥- تەوەرێک لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە، ژ (٧١)ی مایسی ٢٠٠٢، ل١٤٥- ١٦٤.

٣٦- دۆسییەی ڕۆژنامەگەری، ژ (٨٤- ٨٥)ی مایس و حوزەیرانی ٢٠٠٤، ل٦-٢٧.

**ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەرەوە**

٣٧- بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەندەران ١٩٤٩- ٢٠٠٢، ب١، فەخرەدین تاهیر، ژ (٧٦)ی ٢٠٠٢/١٠/١، ل.

٣٨- بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەندەران ١٩٤٩- ٢٠٠٢، ب٢، فەخرەدین تاهیر،، ژ (٧٧)ی ٢٠٠٢/١١/١، ل٢١٨- ٢٢٩.

**ڕۆژهەڵاتناسی**

٣٩- ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان زانست و ئامانجی سیاسیدا، ب١، ژ (٥٦)ی شوباتی ٢٠٠١، ل٩٩- ١٠٧.

٤٠- ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان زانست و ئامانجی سیاسیدا، ب٢، ژ (٥٧)ی ئاداری ٢٠٠١، ١١٣-

.١٢٢

**رۆشنبیری**

٤١- تەوەری رۆشنبیری (وێران و نەوێران) ژ (٩)ی ئاداری ١٩٩٧، ل ٥١- ٥٧.

٤٢- مێزگردێک بۆ تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لەبەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا، ژ (٣٢)ی شوباتی ١٩٩٩، ل٧٣- ٨٠.

٤٣- مێزگردێک لەبارەی پێوەندی نێوان تەکنەلۆژیاو زمان و ئەدەب و هونەر، ژ (٤٤)ی شوباتی ٢٠٠٠، ل١٣٣- ١٤٢.

**رۆشنبیری لە شاری هەولێر**

٤٤- مێزگردێک لە بارەی رۆشنبیری شەستەکانی هەولێر، ژ (٣٩)ی ئەیلوولی ١٩٩٩، ل ١٢١- ١٢٩.

٤٥- مێزگردێک بۆ ئەدەبی پەنجایەکان لە هەولێر و کۆیە، ژ (٤٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩، ل١٤٦- ١٥٥.

**زانکۆ**

٤٦- مێزگردێکی تایبەت بە زانکۆ، ب١، ژ (١٥)ی ئەیلوولی ١٩٩٧، ل٨١- ٨٥.

٤٧- مێزگردێکی تایبەت بە زانکۆ، ب١، ژ (١٦)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل٧٩-٨٢.

**زمانەوانی**

٤٨- دۆسییەک لە بارەی زمانەوە، ژ (٦٣)ی ئەیلوولی ٢٠٠١، ل١٠٣- ١٢٤.

**سینەما**

٤٩- مێزگردێک لە بارەی سینەما، ژ (٣٦)ی حوزەیرانی ١٩٩، ل٩٤- ١٠٦.

**شانۆ**

٥٠- تەوەری شانۆ، ژ (٧)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧، ل٤٥- ٤٩.

٥١- ژمارەی تایبەت بە دەق و لێکۆڵینەوەی شانۆیی،، ژ (١٠)ی ٥/٤/١٩٩٧، ١٢٦ل.

٥٢- ژمارەی تایبەت بە شانۆ،، ژ (١٠)ی ٥/٤/١٩٩٧، ١٢٦ ل.

٥٣- مێزگردێکی شانۆیی، ژ (٢٢)ی نیسانی ١٩٩٨، ل٤٧- ٥٢.

٥٤- ژمارەی تایبەت بە شانۆ، ژ (٢٢)ی ٥/٤/١٩٩٨، ٢٢٨ل.

٥٥- مێزگردێک لە بارەی شانۆی وێنە، ژ (٣٠)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل١١٥- ١٢٣.

٥٦- مێزگردێک لە بارەی چەند لایەنێکی دیمەنە شانۆییەکان، ژ (٣٤)ی نیسانی ١٩٩٩، ل١٠٢- ١١٣.

٥٧- مێزگردێک لە بارەی ئاستەکانی داهێنان لە بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا، ژ (٣٤)ی نیسانی ١٩٩٩، ل١١٤- ١٢٠.

٥٨- ژمارەی تایبەت بەشانۆ، ژ (٣٤)ی ٥/٤/١٩٩٩، ٣٧٠ ل.

٥٩- مێزگردێک لە بارەی فۆرمی شانۆیی، ژ (٤٦)ی نیسانی ٢٠٠٠، ل١٠٥- ١١٠.

٦٠- مێزگردێک لە بارەی ئەزموونی شانۆیی داهاتوو، ژ (٤٦)ی نیسانی ٢٠٠٠، ل١١١- ١١٥.

٦١- شانۆکارانی لاو چۆن گوزارشت لە شانۆ دەکەن، ژ (٥٣)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ ، ل١٣٥- ١٤١.

٦٢- ژمارەی تایبەت بەشانۆ، ژ (٥٨)ی ٥/٤/٢٠٠١، ٣٥٠ ل.

٦٣- شانۆی کوردی ١٩٨٠- ١٩٨٩، ب١، موحسین محەمەد، ژ (٦٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، ل٢٤٢- ٢٤٧.

٦٤- شانۆی کوردی ١٩٨٠- ١٩٨٩، ب٢، موحسین محەمەد، ژ (٦٨)ی شوباتی ٢٠٠٢، ل ٢٤٧- ٢٥٨.

٦٥- شانۆی کوردی ١٩٨٠- ١٩٨٩، ب٣، موحسین محەمەد، ژ (٦٩)ی ئاداری ٢٠٠٢، ل٢٥٤- ٢٦٢.

٦٦- ژمارەی تایبەت بە شانۆ، ژ (٧٠)ی نیسانی ٢٠٠٢، ٣٢٢ ل.

٦٧- دۆسییەی تایبەت بە شانۆ، ژ (٨٤- ٨٥)ی مایس و حوزەیرانی ٢٠٠٤،ل٣٢٢.

٦٨- مێزگردێک سەبارەت بە شانۆ، ژ (٧٠)ی نیسانی ٢٠٠٢، ل١٣٨ - ١٥٣.

**شیعری کوردی**

٦٩- مەلەفی تایبەتی شیعری نوێ،، ژ (١)ی ٥/٧/١٩٩٦، ل٤-٢٠.

٧٠- مێزگردێکی تایبەت بە شیعر، ژ (٢٠)ی شوباتی ١٩٩٨، ل٧٥-٨١.

٧١- مێزگردێک سەبارەت بە چامەی شیعری لە نێوان لاوازی و دروستی و جێی تەواوی چامە (شیعر) لە شیعری کوردیدا، ژ (٤٨)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ١١٩- ١٢٤.

٧٢- دۆسییەک لە بارەی شیعرەوە، ژ (٨٦- ٨٧)ی

تەمموز و ئابی ٢٠٠٤، ل٣٣- ٧٦.

٧٣- مێزگردێکی ئەزموونی نوێی شیعری لاوەکان، ژ (٢٦)ی ئابی ١٩٩٨، ل١٠٩- ١١٩.

**عەزیز سەلیم**

٧٤- دۆسییەک لە بارەی هونەرمەندی کۆچکردوو (عەزیز سەلیم)، ژ (٨٠)ی شوباتی ٢٠٠٣، ل ٩٠- ١٠٨.

**کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت**

٧٥- تەوەرێک لە بارەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، ژ (٧٧)ی ت٢ی ٢٠٠٢، ل١٠٧- ١٤٦.

**گۆرانی و مۆسیقا**

٧٦- تەوەری مۆسیقا ژ(٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧، ل٥١- ٥٥.

٧٧- تەوەرێکی تایبەتی بە گۆرانی و مۆسیقا، ژ (١٦)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل١٣١- ١٨٥.

٧٨- تەوەری گۆرانی و مۆسیقا، ژ (٢٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، ل١٧٠- ٢٠٥.

٧٩- لە ڕۆژی جیهانی مۆسیقادا- باسێک لەسەر بارودۆخی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ژ (٥٢)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠، ل١٢٠- ١٣٦.

٨٠- دۆسییەک لە بارەی گۆرانی و مۆسیقاوە، ژ (٧٦)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢، ل١٠٦- ١٤٦.

**گۆڤاری ڕووناکی**

٨١- ڕووناکی گۆڤاری پێشەنگ و ڕچەشکێنی هەولێرییان، ئیدریس عەبدوللا مستەفا، ژ (٨٢- ٨٣)ی ئاداری ٢٠٠٤، ل٢٣٥- ٢٤٦.

**گۆڤاری شەفەق**

٨٢- شەفەق ئەستێرەیەکی دیکەی گەشی دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی ١٩٥٨- ١٩٦٢، ب١، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ژ (٥٧)ی ئاداری ٢٠٠١، ل١٦٢- ١٧٢.

٨٣- شەفەق ئەستێرەیەکی دیکەی گەشی دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی ١٩٥٨- ١٩٦٢، ب٢، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ژ (٥٩)ی مایسی ٢٠٠١، ل ٧٨- ٨٤.

**مارف ئاغایی**

٨٤- دۆسییەک دەربارەی مارف ئاغایی، ژ (٥٢)ی نیسانی ٢٠٠١، ل٢٥٠ - ٢٢٦.

**منداڵان**

٨٥- مێزگردێک بۆ سایکۆلۆژیای پەروەردەو فێرکردنی منداڵان، ژ (٣١)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩، ل١١٢- ١١٩.

**٨٦- نۆڤلێت**

٨٧- نۆڤلێت لە دیدی نۆڤلێستانەوە، ژ (٥٠)ی ئابی ٢٠٠٠، ل١٤٠- ١٥٣.

**هونەری شێوەکاری**

٨٨- هونەری شێوەکاری لە تۆمارێکدا، ژ (٢٥)ی ١٩٩٨/١١/٥، ل١٢٨- ٢٤٩.

٨٩- مێزگردێک بۆ هونەرمەندە شێوەکارەکانی کوردستانی ئێران، ژ (٤٣)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠، ل١٣٦- ١٤٠.

٩٠- وروژاندنی چەند بابەتێکی شێوەکاری لەبەردەم نیگارسازانی کورددا، ژ (٥٤)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل٩٩- ١٠٧.

**هونەری نەحت**

٩١- مێزگردێک لەبارەی هونەری نەحت، ژ (٤٥)ی ئاداری ٢٠٠٠، ل ١٢٥- ١٣٥.

**هونەری فۆتۆگرافی**

٩٢- تۆمارێک لە بارەی هونەری فۆتۆگرافی، ژ (٢٥)ی ١٩٩٨/٧/٥، ل٦٢- ٨٣.

**وەرگێڕان**

٩٣- مێزگردێک لەبارەی وەرگێڕانەوە، ب١، ژ (٢٧)ی ئەیلوولی ١٩٩٨، ل٩٤- ١٠٣.

٩٤- مێزگردێک لەبارەی وەرگێڕانەوە، ب٢، ژ (٢٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، ل٩٠- ١٠٠.

٩٥- ژمارەی تایبەت بە وەرگێڕان، ژ (٣٧)ی ١٩٩٩/٧/٥، ل٣٤٦.

٩٦- بیبلۆگرافیای کتێبی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی، بزاڤی وەرگێڕان لە کوردستاندا، ئازاد حەمە شەریف، ژ (٣٧)ی ١٩٩٨/٧/٥، ل ٤-١٣.

٩٧- دۆسییەکی تایبەت بە وەرگێڕان، ژ ()ی ل ١٢١- ١٣٢.

٩٨- وەرگێڕان و دەستێوەردان بیروڕای کۆمەڵێک قوتابی بەشی زمانی فارسی کۆلێژی ئاداب، ژ (٦٠)ی حوزەیرانی ٢٠٠١، ل١٣٣- ١٣٩.

# نامەیەکی د. حەمید عەزیز

هاوڕێی خۆشەویستم کاکە ئازاد گیان

هیوادارم کە لەش ساغی و تەمەنی درێژ دۆست و هاونشینی هەمیشەییت بن. کامەرانی و بەختەوەری ڕاستەقینە باوەشی پڕ لە ئارامت بۆ بکەنەوە.

کاکە.. دەبوایە زووتر نامەت بۆ بنووسم و باسوخواسی خۆم و خوێندن و شارە نوێیەکەمت بۆ بنێرم.. بەڵام غەریبایەتی و کۆرسی زمان و ئیشوکاری ڕۆژانە و مەشغەڵەت دەرفەتیان نەداوم نەمپەرژاوە کە بۆت بنووسم، بەڵام ئەوە بزانە کە تۆ لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هاوڕێ و برادەرانەم بووی کە هەمیشە لە مێشک و یادمدا بووە کە نامە و ناوونیشانی خۆمتان بۆ بنێرم.

کاکی برا من ئێستا لە کوللیەی فەلسەفە لە زانستگای مۆنیستەر لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەخوێنم. لە زانستگا دەورەی فێربوونی زمانی ئەڵمانیای بۆ کردینەوە. دەورەکە لە (٢٢) قوتابی پێکهاتووە کە هی بەرازیل و پۆلیڤیا و کۆریا و ئەفغانستان و تورکیا و قوبرس و منم.

کوللیەی فەلسەفە لێرە زۆر لە کوللیەی ئادابی بەغدا گەورەترە و تەمەنی (٢٠١) ساڵە و باشترین مامۆستا دەرسی تێدا دەڵێنەوە. دوو مامۆستا - زمانی ئەڵمانیان - پێ دەڵێن، یەکێکیان پیاوە و ئەوی تریان ئافرەتە.

خوێندنی دکتۆراش پەیوەندی بە بەهرە و توانای قوتابییەکەوە هەیە. دوای کۆرسی زمان قوتابی هەیە دەتوانێ بە سێ ساڵ دکتۆرا وەرگرێ و هی تریش هەن بە پێنج ساڵ هەمان شەهادە وەردەگرن.

شاری مۆنیستەر کەوتۆتە ژووررووی ڕۆژئاوای ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە لە نزیک سنووری هۆڵەندە و فەرەنسایە. هەتا بڵێی سارد و سەرمایە و ئەگەر هەموو ڕۆژێ بەفر نەبارێ، ئەوا بە مسۆگەری بارانە و سەرمایە.

خەڵکی ئەم شارە زۆر پێشکەوتوون، زۆر مرۆڤ پەروەرن و زۆریش بەختەوەرن.

ئیتر تا نامەی ئایندە خوات لەگەڵ.


**برات**
**حەمید عەزیز سەعید**
**١٩٨١/١/٢٤**
**مۆنیستەر**

**تێبینی:**
زۆر سڵاو لە کاک ڕەئووف حەسەن و کاک عەبدوڵڵا ئاگرین و کاک دڵشاد مەریوانی دەکەم.



# لەگەڵ هونەرمەندی دەنگخۆش «ئەشرەف یووسفی»دا

**دەنگێکی زوڵاڵ و سیمایەکی مەزڵووم و هەستێکی ناسک و پاکی ئینسانی لەگەڵ تەوازوع و ڕۆحسووکییەکی تایبەت لە وجوودیدا کۆبوونەتەوە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە لەلای هەموو کەس بەڕێز و خۆشەویست بێت، ئەو ڕۆحسووکییە تەنانەت لە گۆرانی و چۆنیەتی چڕینی گۆرانییەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی جەستەی لەژێر باری گرانی ژیانی نائاسوودەییدا تێکشکاوە، بەڵام ڕۆح و دڵی بە هەمان مەزنی و گەورەیی هونەرمەندێکی ڕەسەن هەر ماوەتەوە، ئەوەندە بەستە کە داوای چریکەیەکی لێبکەیت یاخود بە مەبەستی ورووژاندنی ناخی، ورتەیەکت لێوە بێت و بدەیتە زەمزەمەی گۆرانییەک.. ئیدی دەبینی کە سەری خستە خوارەوە و نوقمی ئەو جیهانە خەیاڵاوییە بوو و بە جوانترین شێوە سیاچەمانەیەکی بۆ چریکاندی. با گوێمان لە پەیڤە جوانەکانی خۆی بێت...**



* حەز دەکەم کاک ئەشرەف لە زمانی خۆیەوە پێناسەی خۆی بکات:

– ناوم ئەشرەف یووسفی کوڕی غەفار، ناسراوم بە ئەشرەف دزاوەری، ساڵی ١٣٣٥ (١٩٥٦) لە گوندی دزاوەر سەر بە هەورامانی لهۆن لە دایکبووم و لەساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠)یشەوە ئاوارەم و نیشتەجێی شاری مەریوانم.

* لە کەیەوە گۆرانی دەچڕی؟

– لە تەمەنی ١٥ ساڵیمدا لەگەڵ ئەو دنیا بەرین و ڕەنگینەدا ئاشنا بووم و هەستم بەوەش کرد کە دەنگم خۆشە و دەتوانم گۆرانی بچڕم بەڵام لە ڕووم نەدەهات و جاروبار بەتەنیایی و بۆ خۆم دەمچڕی. بەرەبەرە بەهۆی هاوتەمەنەکانمەوە ناسرام و لە قوتابخانە بەشداریی گۆرانیم دەکرد، دوایش کە پێی ڕاهاتم دەستم پێکرد و تا ئێستاش لەگەڵی ژیاوم.

* زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکان لە «کەمینە»دا بوون، بەڵام تۆ لە «دزاوەر»یت، ئایا کەسانی دیکەش لە دزاوەر هەبوون؟

– بەڵێ، دزاوەر دەنگخۆشی زۆر بوون کە دەکرێ کەسانێکی وەکو: حەمەی ڕابیعە و حاجی یووسف و کاک عەلی محەمەد و تایەر سادقیانی و حاجی فەتاح و ئەحمەد و عەلی ڕەجەبی و تۆفیع عەلی محەمەدی و.... تاد، وەک نموونە ناو بەرین، پاشان دەمەوێ بڵێم هونەر تایبەت نادرێت بە شوێنێکی دیاریکراو، ڕاستە زۆربەی زۆری هونەرمەندە دەنگخۆشەکانمان لە کەمینە سەریان هەڵداوە بەڵام هەورامان بە گشتی و هەورامانی لهۆن بە تایبەتی لانکەی هونەر و گۆرانی بووە و گەلێ هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتووە، وەکو گوتم دزاوەریش کە یەکێکە لە گوندە جوان و خنجیلانەکانی هەورامانی لهۆن بەشی خۆی هونەرمەندی هەبوون کە جێ پەنجەیان لە گۆرانیدا دیار و بەرچاوە.

* بیستوومە خۆت دەفتەرێکی شیعرت هەیە..؟

– واش نییە. شتەکەم لێ گەورە مەکە (بە پێکەنینەوە) دەڵێن شاعیری ڕەجاڵییە. ئەتەوێ شەڕەکە لە کۆڵی خۆت بکەیتەوە و تووشی منی بکەیت؟... من جاروبار بۆ خۆم شتێک دەڵێم و پاشان وەک تێکەڵەیەک لەگەڵ شیعری شاعیران و هەندێ جاریش فۆلکلۆر لە گۆرانییەکانمدا بەکاریان دێنم. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە من شاعیر بم. پێموایە چی گۆرانیبێژ هەیە بەش بەحاڵی خۆی هەندێ هەڵبەستی تایبەتی هەیە و جاروبار بۆ دڵی خۆی و بەپێی چێژی خۆی شتێک دادەنێت و دەیخاتە نێو گۆرانییەوە، نموونەی ئاواشمان زۆرن کە پێویست ناکات ئاماژەی پێ بکرێت.

* لەم سەردەمەدا هەندێ شتی نوێ دەبیسرێن و کەسانێک هەن کە گۆرانیی نوێ دادەنێن، تێکەڵ کردن و شێواندنێکیش لەم پەیوەندییەدا دەبینرێت. تۆ چۆن سەیری ئەم دیاردەیە دەکەیت و خۆت چ زیادەیەکت خستۆتە سەر خەرمانی گۆرانی؟

– شوکر هونەرمەندەکانی پێشوومان ئەوەندە ڕەسەن و دەوڵەمەند و بەرز و بەڕێز بوون کە ئێستا ئێمە تەنانەت قسە کردنیشمان هەر هی ئەوانە، چ بگا بە گۆرانی. ئەگەر زیادەیەک هەبێت ئەوە ئەوان خستوویانەتە سەر خەرمانی گۆرانی و بەتایبەتیش نەخش و ڕۆڵی کاک ئوسمان لە گەشە پێدان و بووژاندنەوە و دەوڵەمەندتر کردنی ئەو سامانە ڕەسەنەماندا دیار و بەرچاوە و نکووڵی لێ ناکرێ. بەم پێیەش ئەڵێم منی قوتابیی ئەو قوتابخانە ڕەسەنە تەنیا و تەنیا شوێن پێی ئەوانم هەڵگرتووە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە شتەکەم تێکەڵ نەکردووە و ڕێچکە ڕەسەن و پیرۆزەکەم بەرنەداوە و بەلاڕێدا نەچووم و ئەمەش هیچ نەبێ بۆ خۆم جێی خۆشحاڵییە. بۆ دانانی نەزمی نوێش، من داهێنان و تازەگەری بەکارێکی پڕ بەها دەزانم و ڕێزی لێدەگرم و پەیڕەوی دەکەم و هونەرمەندێکیش لە لووتکەدا دەبینم کە توانای خوڵقاندن و داهێنانی هەبێت بەڵام بە پەیڕەوی لەسەر بنەما ڕەسەنەکە، چونکە بەڕای من نەزمی نوێ یان هەر کارێکی تازە ئەگەر لە سەرچاوە ڕەسەنەکەوە دوور بێت شتێکی نەشیاوی ناجێگیرە. ئەوانەی خۆیان لە بنەما ڕەسەنەکە دەدزنەوە و لاسایی کارە لاوەکییەکان دەکەنەوە بەلای منەوە وەکو ئەوە وایە بدەی لە تەنەکە، دیارە لە تەنەکەدانیش تەنیا دەنگێکی ناحەز و نالەبار و بێزارکەری هەیە و بەس. من لاسایی کردنەوەی ناڕەسەنانە و نازانستییانە بەتاوان دەزانم و لەلای خۆمەوە هەرگیزاو هەرگیز نایبەخشم. با ئەوەش بوەستێ کە وەکو خۆت ئاماژەت پێدا هەندێ دەنگی نوێ هەڵتۆقیون کە ئەوانیش هیچ کات و بە هیچ شێوەیەک بە دەنگی ڕەسەن و زیندووی هەورامان ناژمێردرێن و دەبێ بڵێم هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیانەوە مردوون!

* سیاچەمانە لای تۆ چییە و چ حاڵ و هەوایەکی هەیە؟

– سیاچەمانەی هەورامان هەڵقوڵاوی ڕەسەنترین بنەما و سەرچاوەی زەوق و چێژی هونەریی گەلی کوردە کە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت، واتە سیاچەمانە ئاوێنەیەکە یاخود باشترە بڵێم کتێبێکە کە سەرجەم مێژووی نەتەوەیەکی تێدا تۆمار کراوە و ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرز و پێشکەوتووی بواری سیاسی و سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاری و کولتووریمانە. پێمwایە دەتوانین بەهۆی مۆسیقاوە خۆمان وەکو نەتەوەیەکی زیندوو بناسێنین و لەبیرشمان نەچێت کە سەرچاوگەی زوڵاڵی مۆسیقای ئێمە هەمان سیاچەمانەیە. لە بوارە مەعنەویەکەشیەوە دەبێ کاتی بەرەبەیان چاو ببڕیتە دۆڵ و سروشتی سیحراویی هەورامان و سەرمەست لەو بۆن و ڕەنگ و تایبەتمەندییە هەرە جوان و دڵڕفێنەی هەورامان پڕ بەگەرووت «مینا گیان» یاخود «لەیلێ گیان»ێک بچڕی و بچریکێنی ئەوسا تێدەگەی کە سیاچەمانە چ تایبەتمەندی و سیحرێک و چ حاڵ و هەوایەکی هەژێنەر و زیندووکەرەوەی هەیە.

* گیرانی گەرووی ئوسمان هەورامی چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەرت وەکو هونەرمەندێک، ئەی پێت وایە جێی ئەو هونەرمەندە چۆن پڕ دەبێتەوە؟

– گیرانی ئەو قوڕگە زێڕینە و خامۆش بوونی ئەو چریکە ڕەسەنە داخێکی گران و کەسەرێکی کوشندەی بردە دڵی نەک هەر من یا دیکەی هونەرمەندان بەڵکو سەرتاسەری هەورامان و جیهانی مۆسیقای کوردی و هەمووانی ئازیەتبار کرد و دنیایەکی خستە ناو پەژارە و خەمێکی هەمیشەیی. کاک ئوسمان دەنگی ڕەسەنی هەورامان و کۆڵەگەی هەرە ئەستووری مۆسیقای کوردی و چرای ڕووناکیبەخشی دنیای سیاچەمانە بوو. ئاشکرایە کوژانەوە یا تەنانەت کزبوونی شوڵەی ئاوا چراو ئاوا مەشخەڵێک جیهانی ناخ و دەروونی هەموو خاوەن هەستێک تاریک و ئاڵۆز دەکات و بەتایبەتیش خەمێکی لە هەمووان زیاتر دەخاتە ناو دڵی هونەرمەندانەوە. من هەستم کرد کە خۆم خنکام. هەموو بولبولەکان تاسان. هەموو باخ و بەندەن و هەوارگەکان گریان و بەرزاییەکانی هەورامان پشتیان شکا. دەبوو ئێمەی کورد تازیەی گشتیمان بگرتایە بۆ ئەو کارەساتە و دەشبوو پەیکەری زێڕینی بۆ دروست بکەین. من دڵنیام کەس نییە و ناشبێت کە بتوانێ جێی ئوسمان بگرێتەوە. ئێمەش کە گۆرانی ئەڵێین بۆ ئەوەیە کە ئەو ڕچە و ڕێباز و شوێن پێیە بە تەواوەتی کوێر نەبێتەوە نەک بۆ ئەوەی کە جێی ئوسمان پڕ بکەینەوە، چونکە بە هەر هەمووشمانەوە ناتوانین ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە و جێی ئەو بگرینەوە. ڕاستە هەر کەسە و دەنگ و ڕەنگ و تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە و هەورامان بەسەرجەم هونەرمەندەکانییەوە جوانترە بەڵام ئوسمان بەتەنیا خۆی جیهانێک بوو، بە تەنیا جێی هەر هەموومانی پڕ دەکردەوە و هەورامانی دەوڵەمەندتر دەکرد. گەرووی ئوسمان دیاردەیەکی نائاسایی و ئاسمانی بوو بە سیحر و ئەفسوونێکی تایبەتی ئیلاهی، دیارە دیاردەی ئاوا هەمیشە و لەناو هەموو میللەتاندا تەنیا یەک جار سەرهەڵدەدات و دووبارە نابێتەوە. تۆ خۆت گوتووتە «سیاچەمانە سوڵتانی مۆسیقایە» ئیزنم بدە منیش بڵێم «ئوسمان سوڵتانی سیاچەمانە بوو» زۆر زۆر بەداخەوە...

* کامە گۆرانی لەلای تۆ لە هەمووی دڵگیرترە، واتە کاریگەری و چێژی زۆرتر لەکام بەزم وەردەگری؟

– سەرجەم گۆرانی و سیاچەمانەی هەورامان خۆش و ڕۆحنەواز و هەژێنەرن. تۆ گوێ بۆ هەر بەزمێک بگری و

بچـیـتـه ناخـیـەوه و له ناخـەوه تێكەڵی بی دەبینی تایبـەتمەندییـەكی دیار و كـاریگەرییـەكی له ڕادەبەدەری هەیه و چێژ و تام و حاڵ و هەوایەكی تایبەت و لەوەش گرینگتـر پەیامـێكی قـووڵی پڕ واتات پێ دەبەخشێ، بۆیه جیاكردنەوه یا هەڵبژاردنی بەزمێك وەكو باشترین یان خۆشتـرین بەزم كـارێكی ئاسان نییـه بەڵام ئەگەر بێینه سەر زەوق و سەلیقەی شەخسی ئەوەیان جیاوازه و منیش بەش بەحاڵی خۆم زۆرتر حەز له بەزمی «لەیلێ گیان» دەكەم و زۆرتر لەگەڵ خۆمدا دەیلێیمەوه. لام وایه ئەم بەزمه هەرچەند زۆر كۆن و مێژینەیه و هەرچەندیش زۆر گـوتراوەتەوه كـەچی هەر به تازەیی و جـوانی و شاداوی مـاوەتەوه. هەرگـیز كۆن نابێت و نابێـزرێت و هەرگـیـز تۆزی لێ نانیـشـێت و هەردەم ڕۆح هەژێن و دڵگیر و هەست وروژێنه. ئەم بەزمه هەمیشـه و لەهەر ئان و سات و هەلومەرجێكدا من دەخاته جیهـانێكی خـەیاڵاویی ئەوتۆ كـه تەنانەت هەست به بوونی خـۆم لەسەر زەوی ناكەم و لەم جیهانه مادییه دادەبڕێم.

✱ ئەگەر بڵێم قسەیەكیش لەگەڵ گۆرانیبێژه لاوەكاندا بكه چییان پێدەڵێی؟

– دوایین قسـەم لەگەڵ گۆرانیـبێژه لاوەكـاندا ئەوەیه كه داوایان لێبكەم دەست له لاسایی كردنەوەی ڕووت و ڕەمـەكی هەڵگرن و بەزمی داتاشـراوی بێ نرخ و بـایەخی دیتـران دووباره نەكـەنەوه، چونكه زیان بەخـۆیان و به فەرهەنگی ڕەسەنی هەورامانیش دەگەیەنێ. گۆرانیبێژی سەركـەوتوو ئەوەیه كـه هەوڵ بدات شـێواز و هەناسـه و ڕێچكەی تایبـەت بەخـۆی بدۆزێتـەوه و به پەیڕەوی له بنەما ڕەسەنەكه گەشه بدات بەكارەكەی خۆی نەك هەر لاسـایی بكاتەوه، ئەویش لاسایی كـەسانێك كه خۆیان لاسـایی دیتـران دەكـەنەوه و له دیتـران قـەرز دەكـەن. هیوادارم به هەمووومانەوه بتـوانین خزمەتێكی دڵسۆزانه بكەین له پێناو بووژاندنەوه و گـەشـەپێدانی سـامـانی دێرینی هونەری و مـۆسـیـقـایی هەورامـاندا و داوای سـەركـەوتنیش بۆ هەمـوو ڕێبـوارێكی ئەم ڕێبـازه پیـرۆزه دەكەم.

**ئا: جەلیل عەبباسی**
**(ڕۆژهەڵاتی كوردستان)**

---

# لەگەڵ هونەرمەندی فۆتۆگرافەر كامەران محەمەد تاهیر كۆیی



دوو مـانگ بەر له ئێـسـتـا دەنگێكی خـرۆش له ڕێی تەلەفـۆنەوه ڕەزامـەندی خـۆی پێ ڕاگـەیاندم لەسـەر تەماشاكردنی وێنه فۆتۆگرافییەكانی و قایل بوو لەسەر ئەوەی چاوپێكەوتنێكی لەگـەڵ سـاز بكرێ بۆ گـۆڤـاری Photography Middle Eeast. خـــاوەنی ئەم دەنگه كامەران محەمەد تاهیر بوو.

له یەكـەم چاوپێكەوتندا كـامـەران زۆر به شـێنەیی كۆمەڵێك له وێنه فۆتۆگرافییەكانی خۆی پیشان دام، ئەم كۆمـەڵه وێنەیەی به «ڕوخسـاره كوردسـتانییـەكـان» ناو دەبرد. ئەو چیـرۆك و سـەربرده و باسـانەی له زاری «كامەران» له بابەت كوردستانەوه بیستم به ڕادەی وێنه فۆتۆگرافییەكان كاری له هەست و نەستم كرد. هەر لەم چاوپێكەوتنه بڕیاری چاوپێكەوتنێكی ترمـان دا، ئەمجارەیان دانیشتنێكمان له كونجێكی لابەلاو هێمنی Cafe Mo2ard,ی شاری (دوبەی) سازكـرد تا باس له ژیان و كاره هونەرییەكانی كامەران بكەین. كامەران خەڵكی كوردستانی عێراقه. بەم جۆرەش باس له خۆی دەكات:

«من له كـۆیه كـه شـارێكی خنجـیـلانه و جـوانی كـوردسـتـانی عـێـراقـه له دایك بووم.» دەمـێكی بۆ فنجانەكەی برد و قاوەكەی فڕ نەكرد، دیاربوو هەگبەكەی كـامـەران پڕ بوو له باس و خـواسی كـوردان «كـۆیه له



شوێنێکی جوان و دڵڕفێنە. ئەم شارە بێ ئەندازە جوانە. کەوتۆتە دامێنی چیا سەرکەشەکان. دیمەنێکی زۆر ئیلهام بەخشی هەیە. بەهاران دەشت و دەری ئەم ناوچە دەبێتە مێرگی گوڵان. هەربۆیەشە کەژی بەهار خۆشترین ساتەکانی ژیانمە. سروشتی کۆیە سروشتێکی هەمەڕەنگی ئیلهام بەخشە. خەڵکی کۆیەش خەڵکانێکی بەهرەمەندن. زۆر ئارەزوویان لە مۆسیقا و کاری هونەرییە.»

(لەم کاتەدا کامەران بەدەم قسەکردنەوە چەند وێنەیەکی لەسەر پەڕە کاغەزەکانی بەردەمی دەکێشا). کامەران منی گەڕاندەوە ڕۆژانی جەنگی جیهانی یەکەم: کاتێ دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان لە ئەنجامی ئەم جەنگە کوردستانیان بەسەر پێنج دەوڵەت دابەش کرد؛ تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، یەکیەتی سۆڤیەتی جاران (ئەرمێنیا).

کولتووری کورد، کولتوورێکی تەمەن چەند هەزارساڵییە، لەم ماوە دوور و درێژەدا چەندان گۆڕان و تێکەڵاوبوون و تێک هەڵچوونی بەخۆیەوە دیوە، هەردەم نەوە نوێیەکانی کورد ئەم کولتوورەیان بە بیروبۆچوونی خۆیان دەوڵەمەند کردووە.

کورد گەورەترین نەتەوەی بێ وڵاتی دنیایە. سێیەمین نەتەوەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە دوای عەرەب و فارس بە ژمارە لە تورکان زیاترە هەروەها یەک لە میللەتە هەرە گەورەکانی سەردەمی ئێستایە کە ڕووبەڕووی داپڵۆسین و ڕاگواستن و تواندنەوە بووە. دیکتاتۆرییانە و عەسکەرتارییانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی دەکرێ.

تا ئیمڕۆش دوارۆژی ئەم میللەتە ڕوون و ئاشکرا نییە و ئارامی و ئاسایش بۆ ئەم میللەتە لە دوارۆژێکی نزیک بۆ ئەوان لە ئارادا نییە.

کامەران گوتی: «سەرەڕای ئەم مێژووە پڕ ستەم و ناحەق و خوێناوییە کورد بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خاک و خۆڵ دەکات و زۆر پەیوەستە بەخاک.. بە نەرم و نیانی مامەڵە لەگەڵ سروشت دەکات... سروشتیش ئەم چاکە و مامەڵەی میللەتی کوردی لەبەرچاوە و چاکەیان دەداتەوە و زەوییەکی بە پیت و بەرەکەت و بەرەوای پێ بەخشیون. دیمەنەکی خوایی و دڵڕفێن و ئیلهام بەخش... ئەم سروشتە دەوڵەمەند و بە بەخششە پارێزگاری لە مانەوەی کورد کردووە.»

کاتێ کامەران دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی ئەم ساتانەی بیردەکەوێتەوە کە هێشتان تەمەنی هەشت ساڵان بوو: «تا دەمرم ئەم ساتەم بیرناچێتەوە، مامۆستاکەی دەرسی ڕەسم وێنەیەکی سروشتی لەسەر تەختە ڕەشەکە بە تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ بۆ کردین. هەرگیز ڕەنگی ئەم گوڵ و باڵندە و ڕووبار و چیایەی ئەم وێنەیەم لەبیرناچێ. من لە خەیاڵی خۆم دەمگوت چۆن کەسێک دەتوانێ سروشت بخولقێنێ، ڕۆح بکاتە بەر باڵندە. ئەمە یەکەم ساتی عەشقم بوو لەگەڵ هونەر، هونەری وێنە».

سەردەمێک کامەران قوتابی زانکۆی ئەندازەی تەکنەلۆجی بووە، لەدوا ساڵی خوێندن لەبەر هۆی سیاسی دەرکراوە. کامەران دەڵێ: «تەنیا خەڵکانی سەر بە سەدام لە عێراق بێ کێشە و گرفت بۆیان دەرەخسا خوێندن تەواو بکەن. تەنیا ئەو کەسانە بڕو بیانووی سیاسییان بۆ

نەدۆزرایەوە و ناچار نەدەکران دەست لە خوێندن هەڵگرن، هەر کەسێ لە زانکۆ سەر بە دامودەزگای ڕژێمی سەدام نەبوایە هۆیەکیان دەدۆزیەوە بۆ تۆقاندنیان.» پێش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) کەس بۆی نەبوو بێ ڕەزامەندی ڕژێم بەئازادی کامێرا بۆ کاروباری هونەری بەکاربهێنێ، بەڵام ساڵی (١٩٩١) لە دواساتەکانی شەڕی کەنداو کورد ڕاپەڕینێکی گەورەی بەرپاکرد و دەزگای داپلۆسینی ڕژێمی سەدامی لە کوردستانی عێراق ڕامالّی و بەشێکی گەورەی لەکوردستانی عێراق ئازاد کرد و ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لێ دامەزراند هەربۆیەش لەم ساتەوە خەڵکان ئازاد بوون لەوەی حەز و ئارەزووەکانی خۆیان پراکتیک بکەن.

منیش یەکێک بووم لەو خەڵکە ئازادە و ئازاد بووم لەوەی کارە هونەرییەکانم ئەنجام بدەم. لەسەرەتاوە خۆم بە وێنەکێشان خەریک کرد دواییش دەستم بەکاری ڤیدیۆیی و کامێرایی کرد، لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢) و (١٩٩٣) دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا و بۆ خوێندنی هونەری کامێرا لە کۆلێجێکی ناوەخۆ، لەنێوان ساڵی (١٩٩٤) تا (٢٠٠٠) دەرفەتێکی سەفەرکردنم بۆ ڕەخسا، ئەمە یەکەم سەفەرم بوو بۆ دەرەوەی وڵات ئەم سەفەرەش بوارێکی باشی بۆ ڕەخساندم بۆ زیاتر شارەزابوون لە هونەری کامێرا و قووڵ بوونەوە لە هونەری فۆتۆگراف جگە لەوەی کە ئەم سەفەرە دەروازەیەک بوو بە ڕوومدا کرایەوە، کە وردتر سەیری شتەکان بکەم.»

کامەران ئێستا بریتییە لە گەڵاڵەبوونی تاقیکردنەوە و شارەزایی دە ساڵان. ئەم وێنانە تەنیا باس لە تاقیکردنەوە و کاری هونەریی کامەران ناکات، ئەمە باسی ژیان و کێشەی میللەتێکە کە لەسەر مەسەلەی مان و نەمانی کەوتۆتە قەیران.

کامەران دەڵێ: «بە فۆتۆگراف تێنویتیم دەشکێ فۆتۆگراف دیارییەکی مەزنی ژیانە بۆ من لە بری دۆڕاندنەکانی ناو دنیای مادیات.

من دەمەوێ ژیانی خەڵکی وڵاتەکەم بە فۆتۆگراف تۆمار بکەم. سەرەڕای ئەم هەموو زوڵم و زۆرەی لێمان کراوە خەڵک دەستیان لە ژیان بەرنەداوە، بەشێوە ئاسایی و ساکارەکەی خۆیان ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەبەن. بێباکن لە ڕۆژگار. ئەم ژیانە ساکار و ئاسایی و پڕ مانایە دڵ و دەروونی داگیرکردووم. بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە ژیان و گوزەران و کێشەکەیان و ساتەکانیان تۆمار بکەم، ئاخر قسەکانی ئەم خەڵکە بەشێکە لە مێژووی کوردستان.»

کامەران بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «من دەمەوێ چیرۆکی ئەم خەڵکە بە ساکاری و بێ ڕتووش لە ڕێگای ڕوخساریانەوە تۆمار بکەم، هەر ئەم ڕوخسار و دەم و چاوانە بەسن بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانەمان پێ بڵێ کە دەبێ بگوترێ.» ئەو کاتانەی کامەران خەریکی وێنەکێشان نەبووە ئەوە بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر کاری بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ناو کوردستان کردووە تا ئەو کاتانەی بڕیاری داوە کە واز لە کاری ڤیدیۆیی بێنێ و خۆی بۆ کاری فۆتۆگرافی تەرخان بکات تا شتێک لە ڕێی فۆتۆگرافەوە بۆ مێژووی داهاتووی کوردستان بکات: «ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستیم بۆ فۆتۆگراف گەشە دەکات. لە منداڵییەوە ئەم خۆشەویستییەم لەگەڵ گەورە دەبێ.. عەشق و خۆشەویستیم بۆ هونەری وێنەگرتن و کاری ڤیدیۆیی و سینەمایی لە ڕۆحم ڕەگی داکوتاوە بەڵام لەگەڵ بەسەرچوونی کات پەیوەندیم لەگەڵ وێنەگرتن زیاتر و قووڵتر دەبێتەوە».

«ڕوخسارە کوردستانییەکان» ئەم کۆمەڵە وێنەیە کە ساڵی پار پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە ئەنجامی گەیاندوون «سەفەرەکەم سەفەرێکی دژوار و سەخت بوو، کەچی کە گەیشتمەوە کوردستان نەچووم لە ماڵەوە دانیشم و بڕیارێک لەسەر ژیانی داهاتووم بدەم، هەر یەکسەر کامیراکەم بە دەستەوە گرت و جەولەیەکی دوور و درێژم بە هەموو کوردستان کرد و دەرئەنجام ئەم کۆمەڵە وێنەی لێ کەوتەوە. هەر لەگەڵ ئەم وێنانە شریتێکی ڤیدیۆییم تۆمار کرد.

فیلمە ڤیدیۆکە چیرۆکی خەڵکانێکە کە بە ئاگری شەڕ ژیانیان سووتاوە و گوللەی شەڕ خۆشەویستەکانیانی بۆ هەتایە لێ ون کردوون. ویستوومە ئەوە نیشان بدەم کە ئەم خەڵکە چەند قوربانییەکی گوناهن، کەچی بڕوایەکی پۆڵایینیان بە ژیانە».

لای کامەران فۆتۆگراف و کاری ڤیدیۆیی دوو شتی لێک نەترازاون. هەردووکیان ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبینن بۆ تۆمارکردن و ناساندنی ژیانی کوردان، بەڵام لە فۆتۆگراف تۆ پێویستیت بەهیچ شتێک نییە کە هاوتەریب بێ لەگەڵ وێنە. هەر یەکسەر ڕوخساری خەڵکەکە باس لە هەموو شتێ دەکات.

«لەم وێنانەدا تەنیا مەبەستم چیرۆکی خەڵکەکە نییە من ئەوەشم مەبەستە کە پردێک لەنێوانی تێگەیشتنەکانمان و چیرۆکی ئەم خەڵکە دروست بکەم، ئەوە بەشێکە لە ئەرکی سەرشانم تا جۆرە تێگەیشتنێک بۆ چیرۆکەکانی ئەم خەڵکە بە ڕێی ئەم وێنانەوە لای خەڵک دروست بکەم».

«کەسانێکی کەم لە دەرەوەی کوردستان هەن کە ئەم پەیوەندییە ڕۆحییەی وەک من لەگەڵ ناوچەکە مابێ. کاتێ من پەنجەم دەخەمە سەر پەلاپیتکەی کامێرا بەشێک لە ڕۆحم دەچێتە ناو کامێرا. وێنەکە و خەیاڵ و ڕۆحم تێکەڵ بە یەک دەبن و دەیانەوێ شتێکی ئەفسووناوی بخوڵقێنن. تۆ دەزانی ئەرکی من چیرۆک نووسینەوە نییە لە ڕێی چاوی کامێرا، بەڵکو من دەمەوێ

شتێک لەسەر دەستم لە دایک بێ کە نزیکە لە شیعر».
کامەران دەڵێ:
«من دەمەوێ لە ڕێگای فۆتۆگراف نەمری بە ساتەکان ببەخشم.. واتە ساتەکان تۆمار بکەم و ئەوجا نەمریان بکەم، چونکە من هەست دەکەم کە خەڵکی کوردستان شایەنی ئەوەن ساتەکانی ژیانیان بچێتە خانەی نەمرییەوە، من بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە ساتە دژوار و ئینسانییەکانی ئەم میللەتە بە ئەسڵ و فەسڵە تۆمار بکەم و خەڵکی لە کێشەی ئەم میللەتە هۆشیار بکەمەوە.»
من وای بۆ دەچم کە «کامەران» دەیەوێ پەیامێک ئاراستەی ئێمەی خەڵکی وڵاتە بەناو «پێشکەوتووەکان» بکات و شتێکمان لە بابەت شێوەی ژیانمان و گوزەرانمان پێ بڵێ بە بەراورد لەگەڵ ژیانی خەڵکی کوردستان.
ئایا کامەران بە ئێمەی خەڵکی ئەم وڵاتە پێشکەوتووانە دەڵێ «کە پەیوەندی ئێمە» بە خەڵکی ڕۆژئاوا و سروشت پچڕاوە؟ کامەران گوتی: بەڵێ بێ شک ئێمە لە کولتووری هەموو دنیا ئەم پچڕان و دابڕانەی نێوان مرۆڤ و سروشت بەدی دەکەین. لە هونەر و مۆسیقای ئیمڕۆ ئەم کارانەی ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێ فەرامۆشی هەموو لایەنێک دەکات بۆ وەدەست هێنانی سوودمەندی ماددی و تایبەت ڕەنگە بە ساختە ئەم شتانە جۆرە گوڕاحیەک ببەخشێ، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو پەیوەندیەکانی نێوان سروشت و مرۆڤی پچڕاندووە تا ئەو ڕادەیەی دێتە سەر پچڕاندنی نێوان مرۆڤ و ژیان».
«کاتێ لە کوردستان بەناو مێرگ و چیمەن و گوڵزارەکان ڕەت دەبم هەست بە کامڵبوونی جەستە و ڕۆحم دەکەم. من دەمەوێ ئەم هەست و نەستەش لەناو وێنەکان بەرجەستە بکەم و بە خەڵکی ببەخشم.»
«نەمرییەک بدەمە ئەم ساتانە پێش ئەوەی پەیوەندیمان بە تەواوەتی لەگەڵ سروشت بپچڕێ.
لە شارە گەورەکان مەحاڵە گوێمان لە جریوەی باڵندە بێ یان بە هێمنی و ڕەهایی هەست بە خوڕەی ئاوی ڕووبار و جۆگە و قەڵبەزەکان بکەین... هیچکات ئاگامان لە ڕۆژ هەڵاتن و ڕۆژئاوابوون نییە.. من دەمەوێ بەشێک لەم شتانە بگوازمەوە ناو هونەرەکەم.»
«لە وڵاتی ئێمە کە پەنجەرەت کردەوە تەنیا ڕووناکیەک کە خۆی بە ژوور بکات بە ڕەهایی تیشکی خۆر و تریفەی مانگە.. لای ئێمەش کارەبا و گلۆپ هەیە، بەڵام نەک بەو چڕ وپڕیە بێ سەرو بەریەی لای ئێوە کە گلۆپەکان بەشێکی گەورەی ژیانی شارە گەورەکانی وڵاتی ئێوەن».
«پەیوەندیی نێوان خەڵک و سروشت بۆتە بەشێک لە کولتووری میللەتی کورد. سروشت بە هەموو ڕەنگە ئاڵ و واڵاکانی ژیانی ئێمەی خەملاندووە. خەڵک لای ئێمە هەر خەریکی هەڵپەی گوزەران نین.. بەڵکو پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری بەشێکە لە گوزەرانی ڕۆژانەیان. ئەوان خۆرسک یەکتریان خۆش دەوێ و بە هانای یەکتری دێن و مشووری یەکتر دەخۆن.. ئەم پەیوەندییەش بەشێکی گەورەی کولتووری کۆمەڵایەتی میللەتەکەیە.»
کامەران لە کۆتاییدا گوتی: «ئەم میللەتە پەیوەندیە ڕوحی و نەمرەکەی لەگەڵ سروشت بەردەوامە و لە هەموو وێنەیەکیش سەرەڕای ئەم هەموو خەمانە بە خەندە پێشوازی لە وێنە و چاوەکان دەکات.»

**لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی**

## دیداری شێوەکاری کورد

کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/٧/٢٤ مۆزەخانەی نیشتمانیی سلێمانی، پێشانگایەکی هاوبەشی لەژێر ناوی «دیداری شێوەکاری کورد» لە گەلەری «پانۆرامای ئەنفال» لە ئەمنە سوورەکە بۆ ١٥ هونەرمەندی ڕۆژهەڵات و باکوور و خۆراوای کوردستان کردەوە کە هەر کام لەم هونەرمەندانە بە چەند تابلۆ بەشداریی ئەم پێشانگایەیان کرد، هەر کام لە بەرهەمەکانیش بەشێوازو تەکنیکی جیاواز و تایبەت بە خودی هونەرمەند بەرهەم هاتبوون. ئەم پێشانگایە لە دوو بەشی فۆتۆگراف و تابلۆی وێنەی شێوەکاری پێک هاتبوو.
ئەم بەشە لە پێشانگا کە تایبەت بوو بە بەرهەمە فۆتۆگرافییەکان فەزایەکی جیاوازتری پێکهێنابوو، لەم ڕووەوە کە هونەری فۆتۆگراف لقێکی بەرچاو و کاریگەرە لەناو هونەردا بەگشتی. هەرچەندە بەرهەمە فۆتۆگرافییەکان بە چەشنێکی سادە و ساکار بەرهەم



هاتبوون و خاوەن تەکنیک و داهێنانێکی نوێ نەبوون، دیارە فۆتۆگرافی، ئەم لقە لە هونەرە کە پێویستی بە کامیرای باش هەیە بۆ بەرهەم هێنان و تەکنیکەکانیش زۆر جار لەناو خودی کامێراوە ساز دەبێ، بەڵام ئەوەی لەم پێشانگایەدا بینرا، بەتایبەت لە بەرهەمە فۆتۆگرافییەکانی «حیشمەت نارنجی»دا ئەوپەڕی سادەیی و لاوازی بوو. لە لایەکی ترەوە سالم سەلەواتی، بە چەندین بەرهەم بەشداری ئەم پێشانگایەی کردبوو کە تا ڕادەیەک لە ڕووی تەکنیکی و بابەتییەوە لەوانی تر بەهێز تر بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنتراستە ئاشکرایەی کە بەدی هێنابوو، (ڕەش و سپی و تۆنە جیاوازەکانی نێوانیان). ئەمەش بەرهەمەکانی بایەخدارتر کردبوو.

بەڵام ئەم بەشە لە پێشانگاکە بە بەرهەمی زۆرینەی هونەرمەندان ڕازابۆوە و بەشدارییەکی باشی تێدا کرابوو تایبەت بوو بە تابلۆ و ڕەنگ، هەر کام لەم بەرهەمانە تایبەت بە خودی هونەرمەند و لە ڕاستیدا ئەم بەشە سەرکەوتووەی پێشانگای «دیداری شێوەکاری کورد» بوو.

«عومران یوونس» کە لە حەسەکە لە دایک بووەو ماجستێری لە هونەرە جوانەکان بەدەست هێناوە، بە چەند تابلۆیەکی ئەبستراکت بەشداریی ئەم پێشانگایەی کردبوو و بەرهەمەکانی ڕۆڵێکی بەرچاوی دەگێڕا و ڕەنگ سەرەکیترین بابەتی ئەم بەرهەمانە بوو. هونەرمەند «جوان محەمەد نەجیم» کە لە حەڵەب لە دایک بووەو لە بەشی شێوەکاری زانکۆی دیمەشق دەخوێنێ، بە چەند بەرهەمێکی تایبەت بەشداری کردبوو. بەرهەمەکانی کە لە دوو ڕەگەزی سەرەکی هێڵ و ڕەنگ پێک هاتبوو، لێکۆڵینەوەیەک بوو سەبارەت بە ڕەنگ و هێڵ و لە فیگەرەکانیش بۆ بابەت کەڵکی وەرگرتبوو.

هێڵەکان بە چەشنێکی زیندوو بەکار هاتبوون و خێراییەکی تایبەتییان بە فیگەرەکان دابوو، ئەم بەرهەمە لەگەڵ ئەوەدا کە هێڵ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ، دەچێتە خانەی وێنەکێشان بە ڕەنگ. هونەرمەند

هارمۆنییەکی لە هێڵ و ڕەنگ بەدی هێنابوو و ئەمەش بەرهەمەکەی پڕ بایەخ کرد، ئەمە جیا لەوەی کە خودی ڕەنگی تابلۆ، خاوەن هارمۆنیی خۆیان بوون.

هەروەها لەم پێشانگایەدا چەند بەرهەمێکی سوریالیستی تێدا دەبینرا کە هی هونەرمەند «عەلی عەلۆ» بوون. هونەرمەند لەم چەند بەرهەمەدا فەزایەکی تەواو سوریالیستی خولقاندبوو و بابەتەکانیشی دوور نەبوون لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و دەوروبەری خۆی.

«نیهاد الترک» هونەرمەندی خۆرئاوای کوردستان کە لە شاری حەڵەب لە دایک بووە، بە سێ تابلۆی قەبارە گەورە بەشداریی ئەم پێشانگایەی کردبوو. لە بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندەدا، فەزا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕا. ئەمەش بەم شێوەیە بوو کە لە هەر کام لەم سێ بەرهەمەی کە نیشانی دان، فەزایەکی قورس کە بریتی بوو لە ڕەنگ کە لە دووانیاندا ڕەنگی سوورو شین بەکارهاتبوون سەرانسەری تابلۆکەی داگرتبوو و لە هەرکام لەم تابلۆیانەشدا پەڵەیەک بە جۆرێکی وێناکراو لە بەشی خوارەوەی ئەم فەزایەدا هاتبووە وێناندن، ئەوە نیشانەی بوونەوەرێکی زیندوو بوو کە لە ناو چوارچێوەیەکی تەسک و بەرتەنگدا خۆی گرمۆڵە کردبوو و لەنێوان لەناوچوون و مانەوەدا، لەم فەزا قورس و گرانەدا دەبینرا ژیان لە بەرهەمەکانی «نیهاد الترک»دا بریتی بوو لە: فەنابوون و لە ناوچوون، بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە لە بەرهەمە پڕ بایەخەکانی ئەم پێشانگایە بوو.

لە بەشەکانی تری ئەم پێشانگایەدا چەند هونەرمەندێکی تر بە چەندین تابلۆی شێوەکاری بەشداری ئەم پێشانگایەیان کردبوو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە، ئەوەیە کە هونەرمەندانی خۆرئاوای کوردستان-یش وەکو هونەرمەندانی پارچەکانی تری کوردستان، جەخت دەخەنە سەر بەرهەمە سەڵت «ئەبستراکت» و دەربڕین (ئێکسپیرسیۆن)ەکانی تایبەت بە کۆمەڵگاو واقیعی کورد.

**وریا بوداغی**
**(سلێمانی)**



## یادی ئەنفال
## لە فەڕەنساوە بۆ کوردستان

کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە (٢٠٠٥/٨/٢)، بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەولێر، پێشانگایەکی تایبەتی لەژێر ناوی «یادی ئەنفال لە فەڕەنساوە بۆ کوردستان» لە گەلەری کوردستان، هۆڵی میدیا بۆ هونەرمەندی ئێکسپێرسیۆنیست کاری کورد «ئیسماعیل خەیات» کردەوە. هونەرمەند لەم پێشانگایەدا بە (٣٩) تابلۆی بچووک و گەورە یادی ئەنفالی کردەوە. کەرەسەی

بەرهەمەکانی بە تێکەڵبوون لەگەڵ بابەتی پێشانگاکەی ئەم پرۆژەیەی بەکۆتایی گەیاند و هاتە بەرهەم. هێڵ سەرەکیترین ڕەگەز و تەنیا رەگەزێک بوو کە هونەرمەند بەکاری هێنابوو. هێڵ لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامدا بوو بۆ وێناندنی یادی ئەنفال و نیشاندانی ئەنفال. سەرجەم شێوە و فۆرمی بەرهەمەکان تەنیا بەهێڵ و لە چەند بەرهەمێکدا نەبێت کە ڕەنگی کاڵ فەزای تابلۆی داپۆشیوە بەرهەم هاتبوون. دیارە هێڵ ئەو ڕەگەزە پڕ جووڵە و پڕ هەستەیە کە بەپێی هەستی هونەرمەند و بابەتی بەرهەم جۆرەکانی خۆ دەنوێنن، بەڵام ئەم جۆرە هێڵەی کە لەم بەرهەمانەدا بەکارهاتبوون، هێڵی شکاو بوون، ئەمەش بەپێی بابەتی بەرهەم و دواتر هەستی هونەرمەند بەرهەم هاتبوون. هونەرمەند لەم پرۆژەیەدا جەختی زۆری کردۆتە سەر جەستەی ئەنفال کراوەکان، یان ئەوانەی کە بڕیارە ئەنفال بکرێن، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی بینەر زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ ئەوەیە کە هونەرمەند لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا بەجیا لە پۆرترە و هەیکەلی کوردە ئەنفال کراوەکان، وێنەی مرۆڤێکیان زیاتر لە هەمووان گرنگی پێ درابوو، ئەمەش لە هەندێک تابلۆدا تەنیا جەستەی ژنێکە و لە بەشێکی تریشیاندا ژن و پیاوێک کە ئەمەش ڕەگەزەکانی عەشق و خۆشەویستی ئەم مرۆڤانەیە بۆ ژیان، یان ئەم ئاوات و ئامانجانەی کە لە پاشیان بەجێ ماوە و ئیسماعیل خەیات باسی دەکات.

تابلۆکانی یادی ئەنفال، سەرەڕای ئەم قەرەباڵغییەی کە لە گشت پورترێت و جەستەی مرۆڤەکان بە هاوکاری هێڵ پێک هاتبوو تێیدابوو، قەبارەکەشیان بچووک بوو، بەڵام لەم بچووک بوونەشیاندا، توانییان ڕاستییەکانی کارەساتی ئەنفال نیشان بدەن. جێگەی ئاماژەپێدانیشە کە ئەم پێشانگایە لە شاری (لیل)ی فەڕەنسا بەرهەم هێنراوە و هەر لەوێش لە گەلەری «مۆزۆن فولی دی مولان» ڕێکەوتی (٢٥/٢/٢٠٠٥) بۆ یادی ئەنفال ئەم تابلۆیانەی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات پێشان دراوە.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات ساڵی (١٩٤٤) لە خانەقین لە دایک بووە. ساڵی (١٩٦٦) خانەی مامۆستایانی بەعقوبەی تەواوکردووە. ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عیراق و جیهانە. ماوەی چەند ساڵ مامۆستای پەروەردەی هونەر بووە لە قوتابخانەکانی سلێمانی. ساڵی (١٩٩٢- ١٩٩٨) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەری شێوەکاری بوو و ئێستاش سەرپەرشتیاری هونەری شێوەکارییە لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی (١٩٦٦- ٢٠٠٤) سی و چوار پێشانگای تایبەتی لە بەغدا و کوردستان کردۆتەوە. لە ساڵی (١٩٦٥) وە تا (٢٠٠٤)، بەشداری زیاتر لە (٥٤) پێشانگای هاوبەشی کردووە، لە بەغدا و شارەکانی کوردستان، سووریا، ئوردن، ڕووسیا، ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کۆریای باشوور، ژاپۆن، فەڕەنسا، سوێد، ئێران، نەمسا، سویسرا و دانیمارک.

ساڵی (٢٠٠٤) خەڵاتی داهێنانی بواری شێوەکاری لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێ بەخشرا.

**ئا: ڕامان**

## عەلی مەندەلاوی کاریکاتێر بە ئاوێنەی ژیان دەزانێت

عەلی مەندەلاوی یەکێکە لە هونەرمەندە شێوەکارە دیارەکانی کورد کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە بە ستایل و تایبەتمەندی خۆیەوە هاتە نێوەندی هونەری، بەشێوازێک لەگەڵ بینینی هەر تابلۆیەکی ئەو ڕاستەوخۆ تەکنیک و تایبەتمەندی لە ڕوخساری تابلۆکەدا دەبینێت، ئەمەش دیارترین ڕەگەزی تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەیە.

بۆ ئەم مەبەستەش سەر لە ئێوارەی ٢٠٠٥/٧/٣٠ەوە لە گەلەری زاموا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ میوانداری «عەلی مەندەلاوی» و دوو هاوڕێی کاریکاتێریستیان کرد تا پێشانگەیەکی تایبەتی و دوا بەرهەمی خۆیان پێشکەش بە بینەران و هونەرمەندانی سلێمانی بکەن، ئەو دوو کاریکاتێریستەش هەردوو هونەرمەندی بەناوبانگی عەرەبی و عێراقی «عەبدولڕەحیم یاسر» و «موئەیەد نیعمە» بوون، کە هەریەکەیان بە کۆمەڵێ بەرهەمی ناوازە



و تازەترین ئیشیان بەشدارییان لەم کارە هاوبەشەدا کرد.. دیارە ئەم سێ هونەرمەندە نەک لە عێراقدا، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتاتی ناوچەکە و وڵاتە عەرەبییەکان ناسراون و هەریەکەیان خاوەن چەند پێشانگەو چەند خەڵاتێکی جیهانین، ئەمە جگە لەوەی هەریەکەیان لە چەند ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگدا وەک کاریکاتێریست کاریان کردووە.

عەبدولڕەحیم یاسر: ساڵی ١٩٧٥ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ش ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادی تەواوکردووە و ماوەیەکی زۆریش لە گۆڤاری «المتفرج» و گۆڤاری «الف باء» و گۆڤاری «النهضة والانساني» لە قاهیرە کاری کردووە.

عەلی مەندەلاوی ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٨٦یش ئەکادیمیای تەواو کردووە و لەو ساڵەوە تا ئێستا وەک وێنەکێشی مناڵان و کاریکاتێریست لە چەندین گۆڤاری عێراقی و عەرەبیدا کاری کردووە و بەشداری زۆر پێشانگەی نێودەوڵەتیشی کردووە لە «قاهیرە و پاریس و لەندەن و وارشۆ»، ساڵی ١٩٩٠یش خەڵاتی پێشبڕکێی پێبەخشراوە لە قاهیرە.

موئەیەد نیعمە ساڵی ١٩٧١ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، لە زۆرێک لە ڕۆژنامە عەرەبی و عێراقییەکاندا وەک کاریکاتێریست کاری کردووە، ساڵی ١٩٧٩ خەڵاتی نێونەتەوەیی لە بولگاریا پێبەخشراوە، ساڵی ١٩٨٩ خەڵاتی یەکەمی کاریکاتێری پێبەخشراوە، ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی داهێنانی لە عێراقدا و لە بواری کاریکاتێردا پێبەخشراوە، چەندین پێشانگەی لە وڵاتانی وەک «بەلجیکا، یۆگسلاڤیا، ژاپۆن و کوبا» کردووەتەوە و ئێستاش کاریکاتێریستە لە ڕۆژنامەی «الصباح، المدى، طريق الشعب».

ڕەنگە بێ باگراوندێکی قووڵ و پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بەرفراوان لە دنیای کاریکاتێر قسەکردن لەسەر تابلۆی ئەم هونەرمەندانە تووشی شکڵێک لە وتەی نازانستی ببین، ئەوەندە هەیە وردبوونەوە لە تابلۆکانی ئەم هونەرمەندانە تووشی ڕاوەستانێکی گەورەمان دەکات لە ئاست دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وڵاتی خۆمان، بەشێوازێک هەست دەکەین ئەم زمانە واتە زمانی کاریکاتێر زمانێکی زۆر تیژو خێرایەو ئەوەی ڕەنگە بە چەند تابلۆیەک یان بە چەند کۆڕ و وتاری سیاسی بمانەوێت بیلێین ئەم هونەرمەندانە بۆ هەریەک لەو کێشانە بە یەک تابلۆی کاریکاتێری گوزارشتێکی گەورەتریان کردووە. سەبارەت بە گرنگیی کاریکاتێر، مەندەلاوی گوتی: ئەوەندە دەتوانم بڵێم کاریکاتێر ئاوێنەی ژیانە، بەڵام ئاوێنەیەکی بێ ڕتووش و لێڵی، هەموو جوانی و ناشیرینییەکان وەک خۆی دەبینێت.

عەبدولڕەحیم یاسریش سەبارەت بە تەکنیک لە کارەکانی ئەودا گوتی: دەبینیت کارەکانی من زیاتر ڕەهەندێکی ڕۆژنامەگەرییانەیان هەیە. چونکە من ماوەیەکی زۆرە لەو بوارەدا کار دەکەم، کاریکاتێرەکانی من زیاتر وێنەی کەسایەتییە دیارەکانی بواری سیاسەت و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرە، بەڵام خۆم جارێکی تر کارم تێدا کردوونەتەوە و ئەندامێک لە ئەندامەکانی ڕوخساریم بارز کردووە، وەک چاو یان گوێ یان لووت ئەمەش ڕەگەزێکی دیار و پڕ ڕەونەقی دنیای ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخە.

## «ژیان هاوار» لە یەکەمین پیشانگەی فۆتۆی فۆلکلۆریدا

بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کورد، لە چالاکیەکیدا، پیشانگەیەکی فۆتۆگرافی تایبەتی فۆلکلۆری بۆ هونەرمەند خاتوو (ژیان هاوار دزەیی) لە هەیوانی کتێبخانەی ناوەندی گشتی هەولێر کردەوە لە ڕۆژانی ٥-٢٠٠٥/٧/٧، هونەرمەند توانیبووی بە زیاتر لە (٣٠) گرتەی فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگ چەندین بابەتی فۆلکلۆری بە گۆشەنیگا و ڕووناکی ئاست بەرز نیشان بدات، کە بەڕاستی هەست بەوە دەکرا زۆر لە وێنەکان لە ئاستی وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان بوون، دیارە گرتنی ئەو هەموو بابەتە جۆراو جۆرانە، ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو، چونکە نەهاتبوو تەنیا ژیانی گوندێک لە چەند گرتەیەکدا بەرجەستە بکات، بەڵکو لە زۆر وەرزی جیاجیا و گوندی زۆر لەیەک دوور کە شێوازی ژیانیشیان جیاوازی هەبوو بەرجەستەی کردبوون. لەگەڵ ئەوەی ئەمە یەکەمین پیشانگەی فۆتۆگرافی تایبەتیەتی، بەڵام لە دوو تا سێ پیشانگەی فۆتۆگرافی هاوبەشی تر بەشداری کردبوو، تێیاندا خەڵاتی بەرزی وەرگرت، لە میانیاندا خەڵاتی زیوین لەسەر ئاستی هەموو عێراقی فیدراڵ، کە کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی لقی کۆمەڵەی لە بەغدا لە ٢٠٠٥/٦/٧ لە هۆڵی (الواسطي) سازی دابوو.

**ئا: ڕامان**

## «ئازاد لەشکری» لە یەکەمین پێشانگەی فۆتۆگرافیدا



لە درێژەی چالاکییە هونەرییەکانی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان، بە چاودێری بەرێز سامی شۆڕش وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەمین پێشانگەی تایبەتی فۆتۆگرافی هونەرمەند «ئازاد لەشکری» لە هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی لقی کەرکوک (١٣-٢٠٠٥/٧/١٥) کرایەوە، تێیدا هونەرمەند (٥٢) تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی قەبارە (٣٠ × ١٤٠سم )ی لە سێ تەوەری سەرەکی خستبووە ڕوو، تەوەرێکیان لەسەر ئازادکردنی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی بوو، تەوەری دووەم پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا، تەوەری سێیەم لەسەر بابەتی سروشتی جوان و بابەتی گەشت و گوزار و جیهانی منداڵێتی بوو، هونەرمەند ویستی لە میانی ئەم پێشانگەیەیدا سێ لایەنی گرینگی کوردستانی ئازاد کراو بە براکانمان لە کەرکووکی دڵی کوردستان ئاشنا بکات کە چەندین ساڵە لەم جۆرە جوانی و چالاکییانە بێبەش بوونە، هەروەها ئەم پێشانگەیە بووە هەوێنێ کە بتوانین لقی کۆمەڵە لە کەرکووک بکەینەوە و چەندین هونەرمەندی بەتواناش هەڵبژێردران بۆ دەست بەکاربوون لەو لقە، تا بتوانن بەهرەو توانای خۆیان لە داهاتوودا بە پشتیوانی و یارمەتی مادی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی باڵای کۆمەڵەی وێنەگران کارەکانیان بە جوانی ئەنجام بدەن. ئەمەو بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک و پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی پێشانگەکە بوون.

ئازاد لەشکری جگە لەوەی کە وێنەگرێکی ڕۆژنامەنووسە، هەستێکی ناسکی هەیە و جار جارە لە پەنای ئیشەکانی ڕۆژانەی چاوی هەندێ گۆشە نیگای وا تۆمار دەکات کە کەم کەس بەدی کردووە، بۆیە لە چەند پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی هاوبەشدا چەندین خەڵات و بروانامەی ڕێزلێنانی وەرگرتووە و بۆ یەکەمین جاریش لە پێشانگەیەکی هاوبەشدا کار و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی بە فۆتۆ لە پۆڵۆنیا لە (نەورۆزی ٢٠٠٥) نمایش کردن. ئومێدی لێ دەکرێ وێنەگرێکی لێهاتووی لێ دەربچێت و بەهرەکەی بەرەو پێش ببات.

**ب. هەوراز**

## پێشانگەیەکی تایبەتی بۆ چلەی «دلێر عوبێد»ی شێوەکار



لەژێر دروشمی «ژیان کارەساتێکی بەردەوامە لەگەڵ شتە گونجاوەکاندا» گەلەریی زاموا سەر لە ئێوارەی ڕۆژی (٧/٢٨ تا ٢٠٠٥/٨/٢) لە هۆڵی باخچەی گەلەریی زاموا لە سلێمانی پێشانگایەکی تایبەتی بۆ تابلۆکانی هونەرمەندی جوانە مەرگ «دلێر عوبێد» کردەوە، کە لە یادی چلەی کۆچکردووودا هاوڕێیانی دلێر و گەلەری زاموا ئەم پێشانگەیەیان ساز کردبوو.


ئەم پێشانگەیە کۆمەڵێک تابلۆی لە خۆگرتبوو کە سەرجەمیان لە یەک قەبارەدا بوون و هەمووشیان بە مادەی «بۆیەی ئاوی» کاری کردبوو کە سەرجەم تابلۆکان بە «شێواز و ڕیتم و تەکنیک»ێک بوو کە دەتوت هەموویان یەک تابلۆن، ئەمە جگە لە بوونی فیگەری ژن وەک دیارترین فیگەری نێو تابلۆکانی هونەرمەند.

لە ڕووی چیرۆک و بابەتیشەوە هەر تابلۆیەک بۆ خۆی گێڕانەوەی هێمایەک دەردەخات کە دەڵێی چیرۆکی کەسێکی تێکشکاوە یان ڕاڕایی مرۆڤێک لەبەردەم

هەڵبژاردنی بابەتێکدایە کە تا چرکەساتی دەستنیشانکردن نەزانێت کامیان هەڵدەبژێرێت.
لە ڕووی ڕەنگیشەوە ڕوخساری ڕەنگەکانی هەموویان ڕەنگی پاک و درەوشاوە و فسفۆڕین، ئەمەش دیارترین خەسڵەتی تابلۆکانی هونەرمەند دلێر عوبێدن.
لەگەڵ یەک دوو سکێچی فیگەری پیاوی مۆزیکژەن دەڵێی وێنەیەکی دەقیقی فۆتۆگرافن کە فلچەی هونەرمەند لە چرکەساتێکی ڕۆمانسیدا گرتوونی.
* دلێر عوبێد لە ساڵی (١٩٦٣) لە دایک بووە.
* ساڵی (١٩٨٣) لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بوو، بەڵام تەواوی نەکرد و چووە دەرەوەی وڵات.
* ساڵی (١٩٩٠) بەشی گرافیکی لە دانیمارک خوێندووە، ماوەیەک مامۆستای ڕەنگ بووە لەو وڵاتەدا.
* تائێستا خاوەنی چەندین پێشانگەی هاوبەش و تایبەتە لەناوەوە و دەرەوەی وڵات.
* چەند پۆستەریکی دروست کردووە و لە وڵاتی دانیمارک خەڵاتی لەسەر وەرگرتوون کە ئەوانیش بریتی بوون لە: «ئەنتەرناسیۆنال فورئوم، سۆسیال دیموکرات ڤیستەر بوور- کولتوور، مافی مرۆڤ، ڤیستیڤاڵی کورد».
* دلێر عوبێد لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/١٨) بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاک سپێردرا.

## چەند تێکستێکی نوێ... کۆڕێک بۆ فەرهاد پیربال

ڕۆژی (٢٠٠٥/٧/١٧) لە هۆڵی دیالۆگ لە سلێمانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ کۆڕێکی ئەدەبی بۆ د. فەرهاد پیربال سازکرد، کۆڕەکە بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی یەکجار زۆر بەڕێوە چوو کە تێیدا فەرهاد پیربال سێ تێکستی ئەدەبی خۆی خوێندەوە، ئەمە جگە لە وەفاتنامەکەی خۆی کە پاش مردنی ئاواتی بۆ دەخوازێ.
لە وەفاتنامەکەیدا پیربال بەشێوەیەکی گشتی مونتاجێکی دروست کردبوو کە تێیدا بانگەشەی بۆ مەرگی ڕابردوو و ئاواتی بۆ نەوەی ئێستا و ئایندە دەخوازی و بە ئاشکرا جاڕی مەرگی سەلەفیەتی دەدا و دەیوت شتێک نەماوە بە ناوی کۆنخوازی و ڕابردوو پەروەرییەوە، پێویستە هەموومان بچینەوە دیوەخانەکان دەروازە بۆ نەوەی نوێ و لاوان بکەینەوە، لەکۆی گشتی ئەم وەفاتنامەیەی کۆڕگێڕدا نەفیکردنی سەلەفیەت و ڕابردوو خوازی و نەوەی پیری ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بوو بانگەشەیەکی ئاشکراش بوو بۆ ئەو نەوە تازەیەی کە ئێستا بەڕێوەیە.
دواتر سێ تێکستەکەی خوێندەوە کە بریتی بوون لە: «مناڵباز، ژنێک، ڕەئیس ڕەمەزانەکان»
بەشێوەیەکی گشتی هەرسێ تێکستەکە خاڵی هاوبەش هەبوو لە نێوانیاندا، بەتایبەتی لە ڕووی بونیادی کارەکتەر و زمان و تەکنیکی نووسیندا.
گەرچی فەرهاد پیربال پێشتریش ڕۆمانێکی هەبوو بەناوی «مناڵباز»، بەڵام وەک خۆی گوتی بیرم کردووەتەوە و ئاساییە ڕۆمانێک و چیرۆکێکیشم هەبێت بەناوی منداڵبازەوە، ئەم چیرۆکەش لە زۆر ڕووەوە درێژکراوەی هەمان ڕۆمان بوو، کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمان و ئەم چیرۆکەش کەسی یەکەمی تاکە و پیربال خۆی بووەتە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەی بە شێوازێک زۆرجار کارەکتەری سەرەکی شان بەشانی کارەکتەری خۆی باوکی دێتە ناو چیرۆکەکەی، ئیدی ڕووداوەکان ئاوێزان دەبن لە وێنە وەهمییەکان و وێنە ئەفسوونییە حەقیقییەکانی ڕۆژگاری نووسەر.
هەروەک خۆشی ئاماژەی پێدا فەزای گشتی ئەم تێکستە بەرەنجامی حاڵەتێکی واقیعی بووە کە ڕەنگە منداڵیی نووسەر باشترین پاڵنەربێت بۆ خەڵقکردنی ڕووداو و دروستبوونی هەڕەمی ڕووداوەکان یەک بەدوای یەکدا.
دووەم تێکستی، بەناوی (ژنێک) بوو، نووسەر بە هەمان شێوەی تێکستی یەکەم هەوڵی دابوو گەمەیەک بەزمان و تەکنیکی تێکستەکە بکات و خۆی وەک (خوێنەر- نووسەر) بەشدارییەکی ئەکتیڤانەی لە ڕووداوەکانیدا هەبێت، ئەمە جگە لە ئامادەیی جوگرافیا و شوێنی تێکست کە نووسەر لە چەند جێگەیەکدا ئاماژەی پێدەدات، کە شار و کۆڵان و جێگەکە بەناو و ناونیشانەوە لە هەولێردایە و یادەوەریی خوێنەر دەباتە قوژبنێک لە قوژبنەکانی پیرە هەولێر.
سێیەم تێکستی «ڕەئیس ڕەمەزانەکان»ە، نووسەر لەم دەقەیدا فۆرمێکی سوریالیانەی داوە بەم تێکستە و زۆرجار لە وێنەکاندا زۆر بە وردی و بە تەکنیکێکی جوان و سەرنج ڕاکێش ئەندێشەی ئامادەبووانی بۆ لای تێکستەکەی ڕادەکێشا، ئەمە جگە لەوەی ئەم تێکستە و پاڵەوانەکەشی بە هەمان شێوەی ئەوانی تر ئەو پاڵەوانە زیندووانەن کە مێژوویان لەو شارەدا هەیە کە نووسەر زۆرێک لە ژیانی خۆی تێدا بەسەر بردووە.
بەم شێوەیە ئەم کۆڕەی فەرهاد پیربال کۆتایی هات و کەشێکی مۆسیقی جوانی هاوینەی دروست کرد کە مەگەر تەنیا تێکستە جوانەکانی ئەدەبی کوردی بتوانێت ئەو کەشە گەرمانە دروست بکەن.




## سەیوان سەعیدیان: هەستی ئیستێتیکی لەم شارەدا مردووە!

ئیشکردن بە فۆرم و ستایلێکی جیاواز یەکێکە لەو تەکنیکانەی کە هونەرمەندی لاو سەیوان سەعیدیان کاری لەسەر دەکات، بە شێوازێک ئەمڕۆ هونەری شێوەکاری ئەوەندە فراوان بووە، ڕەنگە پێڕانەگەین کە جیاوازی و لێکچوونەکانی بدۆزینەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە ئەو هونەرمەندانەی کە بە شێوازێکی جیاواز کار دەکەن هەمیشە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە زیاترین تیشکیان لەسەر بێت.

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٨/١ تا ٢٠٠٥/٨/٣ لە هۆڵی گەلەری ئەمنە سوورەکە لە سلێمانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆی نەوا نۆیەمین پێشانگەی تایبەتی «سەیوان سەعیدیان»ی لەژێر ناوی «یەکەمین گوناه» کردەوە.

سەعیدیان لە ساڵی ١٩٧٢ لە مەهاباد لە دایک بووەو قوتابی کۆلیژی هونەرە جوانەکانە و تا ئێستاش چەندین پێشانگەی تایبەتی لە کوردستان و دەرەوە کردووەتەوە، ئەم پێشانگەیەشی زیاتر فۆرمێکی «ئینستالیشن»ی هەیەو بریتی بوو لە چەند گۆڕێکی دروستکراو کە سەرجەم گۆڕەکان گۆڕی ئافرەتانە بوو تەنها دانەیەکیان نەبێت گۆڕی شەهیدێک بوو کە دەکرێت ئەم کارە بۆ خۆی هێمایەکی ڕەمزیانەی بۆ بکەین و ئەو چیرۆکەی لێ بەرهەم بهێنین کە باس لە گێڕانەوەی مێژووی مەسەلەی ئافرەتان دەکات و ئەو زوڵم و زۆرەی لە مێژوودا لەم کارەکتەرە کراوە، لە هەمان کاتدا وەک خۆی پێی وایە ئەمەکداری ئافرەتە بەرامبەر ژیان و چۆنیەتی جوانترکردنی ئەو ژیانەیە.

ئەمە جگە لەوەی هونەرمەند زۆر هەوڵی دابوو لە سیمبۆل و ئێلمای کوردەواری سوودمەند بێت و لەم کارەیدا بەشێوازێکی مۆدێرن تەوزیفی کاتەوە، بەتایبەتی لەو کەرەستانەی وەک «سێوی مێخەکبەند» کە سێوی سوورەو بە مێخەک چنراوە و کەرەستەیەکی کۆنی کوردەوارییە و لەلایەن ژنانی پێشینەی کوردەوە بەکارهاتووە، بەتایبەتیش کاتێک دوو خۆشەویست لە یەکتر تۆراون کچ بۆ ئاشتکردنەوەی کوڕەکە ئەمەی پێشکەش کردووە، ئەم کەرەستەیە لەسەر ئەو کۆمەڵە گۆڕە هەبوو کە مادەی سەرەکی پێشانگەکەی هونەرمەند بوو.


ئەمە جگە لەوەی هونەرمەند هەوڵی داوە زیاتر بەو هێما نەتەوەییانە کار بکات کە تا ئێستاش وەک سیمبۆل و پیرۆز لە کولتووری کورددا کاریان پێدەکرێت، بوونی ئەو گۆڕانە دیارترین نموونەی ئەو کارکردنەی هونەرمەندن.

لە پرسیارێکدا تایبەت بە «ڕامان» سەبارەت بە ڕادەی چێژ بینینی بینەری سلێمانی لەم ئەزموونە هونەرمەند وتی: من ناتوانم بڵێم لەسەدا سەد بینەر چێژی بینیوە، چونکە ڕادەی چێژ بینین شتێکی نیسبییە، بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم لەم شارەدا هەستی ئیستێتیکی مردووە!! ئەگینا شارێکەو شەقامەکانمان هێندە پیس نەدەبوون، ئەی پێم ناڵێن هونەرمەند لەم شارەدا ئیشی چییە؟ سەرەکیترین شەقام لێرە «مەولەوی و سالم»ە بەڵام سەیری بکە چەند پیس و شپرزەن! تۆ شەوان بەو دوو شەقامەدا بگەڕێ بزانە چەندێک خاشاک دەبینیت، ئەمە نمانەوێت یان نا بەشێک دەکەوێتە سەر شانی هونەرمەندی ئەم شارە، تۆ کە هەستی ئیستێتیکیت بۆ شارەکەی خۆت نەبێت ئەی چۆن بۆ کاری من دەتبێت؟!

لە پرسیارێکی تر سەبارەت بەوەی کە ماوەی پێشانگەکە سێ ڕۆژ بوو هەر ڕۆژەی شتێک نمایش دەکرا، ئایا ئەمە مافی ئەو بینەرە ناخوات کە ناتوانێت هەر سێ ڕۆژەکە بێت بۆ ئەم پێشانگەیە؟ سەعیدیان وتی: من ڕەنگە لە زۆرێک لە هونەرمەندەکانی تر زۆرتر ریکلامم بۆ پێشانگەکەم کردبێت بە هەموو هۆکارەکانی «پۆستەر، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن» جا بینەرێک نەیتوانیبێت ئەم سێ ڕۆژە لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم پێشانگەیە بڕوات ئەوە ڕەنگە گوناهی خۆی بێت نەک من.

**پەیامی ڕۆشنبیری و هونەری شاری سلێمانی**
**کامەران سوبحان ئامادەی کردووە**

# لەتیف قەرەداغی نووسەر و شاعیر



نووسەر و شاعیری کورد مامۆستا لەتیف سابیر ساڵح قەرەداغی لە ساڵی ١٩٤٥ لە قەرەداغ لە دایک بووە، هەر لە سەرەتای لاویدا، واتە (١٩٥٨– ١٩٥٩) خزاوەتە ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان هەروەها لە حزبی (کاژیک) بووە بە ئەندام.

هەر لەو سەردەمیدا خولیای شیعرو نووسین کەوتووەتە مێشکی و زۆر شیعری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی نووسیوە.

لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ خوێندن چووەتە بەغدا و پەیمانگەی هەرەوەزی کشتوکاڵی (معهد التعاون الزراعي) تەواوکردووە.

هەر لە سەرەتای هاتنە ناو دنیای نووسین، کەوتووەتە ژێر کاریگەری (ڕەفیق چالاک) کە ئەوکات، ڕەفیق چالاک بەرپرسی ڕۆژنامەی (برایەتی) بووە لە سلێمانی لە ساڵانی شەستەکاندا.

لەم بارەیەوە دەڵێ: جارێکیان پارچە هۆنراوەیەکم بۆ ڕۆژنامەی برایەتی نارد، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستخەتم ناخۆش بوو، بۆیان نەخوێندرابووەوە و بڵاویان نەکردەوە.

ئەمەش بەشێکە لە هۆنراوەکە:

**چاوم هەڵهێنا**
**ئەو کوڵم و گۆنا نەخشینا**
**ژیانی تیا بەدی ئەکەم**
**ئەی گیانەکەم**
**شیرینەکەم**
**لە وڵاتانی مافی دەست کەوتوو...**

وێڕای شیعر نووسین، لەتیف قەرەداغی سەرپەرشتی بە چاپ گەیاندنی چەند کتێبێکیشی کردووە، لەوانە (کیژۆڵەی قارەمانی کورد، نووسینی مەحموود ئەحمەد ساڵی ١٩٨٥، هەروەها پێشەکیشی بۆ نووسیوە.

کتێبێک بەناوی (لەیلا قاسم) ئەو کچەی ڕژێمی بەعس لە سێدارەی دا (چاپ نەکراوە)

(کامیل ژیر و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا) ساڵی ١٩٨٥ چاپ کراوە.

(مام برایم، نەتەوەی داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەڕ) ساڵی ١٩٩٣ چاپ کراوە.

لە ساڵانی شەستەکاندا بەیادی (نەورۆز و کاوە) لە کۆڕێکدا شیعری خوێندووەتەوە و مایەی پەسندی ئامادەبووان بووە، مامۆستای هێژا سەیدا (ساڵح یووسفی)ی شەهیدیش ئامادە بووە و پیرۆزبایی لێ کردووە و دەستخۆشی و ئافەرینی لێ کردووە.

ئەمەش بەشێکە لە شیعرەکە:

**یادە یادی ئاسنگەری**
**چەکوش وەشێنی کوردپەروەری**
**هەڵکراوە ئاگری قین**
**بۆ گڕ بەردانە خوێن مژین**
**بۆ سەرکەوتن بە هۆی بڕوا**
**بەسەر ئەوەی مێشک ئەخوا**
**مێشک ئەکات هونجڕ هونجڕ**
**خوێن تێکەڵە لە باوک و کوڕ**

جگە لە شیعر نووسین، لەتیف قەرەداغی دەقی شانۆییشی نووسیوە.

لەوانە لە ساڵانی هەشتاکاندا شانۆگەری (بووکی سلێمانی) نووسیوە و بڵاوکراوەتەوە.

زۆر کەیفی بە نووسەران و ئەدیبانی کورد دەهات و برادەراتی لەگەڵ زۆربەیاندا هەبوو لەوانە: کامیل ژیر، عەبدولڕەقیب یووسف، عەبدوڵڵا ئاگرین، ئەحمەد حوسێن، فوئاد محەمەد ئەمین سەراج، ئەحمەد سەلام، نزار محەمەد، شێخ حوسێن نێرگزە جاڕی... تاد)

مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف، یەکێک بووە لە برادەرە نزیکەکانی و هەمیشە سەردانی یەکتریان دەکرد، مامۆستاعەبدولڕەقیب لەم بارەیەوە دەڵێ: «زانیارییەکی زۆرم لێ وەرگرتووە، چونکە کابرایەکی بیرتیژ بوو، خەڵکی دەناسی و زۆریشی لەبارەیانەوە دەزانی.»

مامۆستا جەمال نەبەزیش یەکێکی دیکە بوو لە هاوڕێیە نزیکەکانی لەتیف قەرەداغی، زۆری پێ سەرسام بوو، هەتا کتێبێکی هەر بەناوی (جەمال نەبەز) داناوە و لە هەوڵی چاپکردنیدا بووە.

پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەتیف قەرەداغی بەهاوکاری لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکەی وەک (عەبدولڕەقیب یووسف، سەعید ناکام، خالید دلێر، عەبدولڕەحمان مزووری...) هەوڵیان دا کۆمەڵەیەک بەناوی (کۆمەڵەی ئیسلاح) دابمەزرێنن بۆ پاکسازیکردنی ڕیزەکانی نووسەران و ڕۆشنبیران لە کەسانی مشەخۆر و گەندەڵ و ئەڵقە لەگوێی ڕژێمی بەعس، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت.

دوای ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری و خەمی گەورە، لەتیف قەرەداغی لە شەوی ٢-٣/١٠/١٩٩٦ لە سلێمانی ماڵئاوایی لە دنیای نووسین و ژیان کرد.

**پەری عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**

## دەرکەوتنی ڕۆمانێکی «مارلۆن براندۆ»

لە ژیانیدا مارلۆن براندۆ وەک ئەکتەرێک کە خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێناوە لەگەڵ نامۆیی لە هەڵسوکەوتەکانیدا بەناوبانگ بووە، بەڵام ئەمڕۆکە و دوای کۆچکردنی وەک نووسەرێک دەردەکەوێت، بەجۆرێک لەم دواییانەدا یەکێک لە بەرهەمەکانی دۆزرایەوە کە باس لە سەرکێشی کەشتیوانەکان دەکات، کە چیرۆکێکە و براندۆ بەهاوبەشی لەگەڵ بەرهەمهێنەری سینەمایی (دۆناڵد کامیل) بەر لە (٣٠) ساڵ نووسیویانە. ئەم بەرهەمە کراوەتە ڕۆمانێک و لە سەرەتای ئەم مانگی نۆیەدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

بەرهەمەکەی براندۆ تیشک دەخاتە سەر ژیانی ئەستێرە بەناوبانگەکانی هۆلیوود، ڕووداوەکانیشی لە بیستەکانی چەرخی پێشوو ڕوودەدەن، پاڵەوانی ئەم بەرهەمە کە ناوی (فان تان)ە، چیرۆکی سەرکێشییەکی گەورە دەگێڕێتەوە کە باس لە دزینی گەنجینەیەکی ئاڵتوون دەکات لەسەر یەکێک لە کەشتییە بەریتانییەکان ئەمە جگە لە گێڕانەوەی چەندین شەڕ و کوشتاری چڕوپڕ کە کەشتیوانەکان لەگەڵ یەکتریدا ئەنجامی دەدەن.

## بەخشینی خەڵاتی «ڕومۆلۆ کالاجیۆس» بە نووسەرێکی ئیسپانی

لە بەرامبەر ڕۆمانی «لە دوێنێدا» کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا لێکەوتەوە و مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا نووسەری ڤەنزویلی (ئیزاک روزا) خەڵاتی (ڕومۆلۆ کالاجیۆس)ی ئەدەبی ئیسپانی پێ بەخشرا کە پڕ بەهاترین خەڵاتی ئەو بوارەیە.

(ئیزاک روزا)ی تەمەن ٣٠ ساڵ لە ئاهەنگێکدا کە لەم دواییانە و بەو بۆنەیەوە لە پایتەختی ئیسپانیا سازکرابوو خەڵاتەکەی وەرگرت.

نووسەری ڤەنزویلی ئەوەی ڕەت کردەوە کە لیژنەی هەڵسەنگاندن لە هەڵبژاردنی ڕۆمانەکەیدا لایەنگری نواندبێت بەهۆی مەیلی بۆ بیرۆکە چەپڕەوەکان و لەو نێوەندەشدا نووسەری سەرکەوتوو بە خەڵاتەکە توانی بەسەر زیاد لە (٢٠١) بەرهەمی ئەدەبی تر سەربکەوێت کە لە نووسەرانی زیاد لە (١٨) دەوڵەتەوە پێشکەش کرابوون.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ڕۆژنامەنووسێکی ئیسپانی دەگێڕێتەوە کە لەسەر وەختی فەرمانڕەوایەتی (فرانکۆ)ی دیکتاتۆر لە دەوروبەری شەستەکان لە وڵاتەکەی خۆی دوورخرایەوە.

جێی باسە ئەم خەڵاتە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە وەک ڕێزلێنانێک لە ناوی نووسەر و سەرۆکی دەوڵەتی ڤەنزویلی (ڕۆمۆلۆ کالاجیۆس).

## تێپەڕینی ٢٥٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی «مونتسکیو»

لە ئێستادا نێوەندە ڕۆشنبیرییەکانی فەرەنسا بە بۆنەی تێپەڕینی (٢٥٠) ساڵ بەسەر کۆچکردنی نووسەر و فەیلەسووفی فەرەنسی (مونتسکیو) ئاهەنگ دەگێڕن کە لە چەرخی هەژدەدا ناوبانگی دەرکرد.

لەو بۆنەیەدا لە شاری (بوردوی) فەرەنسی پێشانگایەک لە کتێبخانەی سەر بە شارەوانی شارەکە دەکرێتەوە بەناونیشانی (مونتسکیو- ڤۆڵتێر) لە چەرخی ڕۆشنگەریدا کە هەتا (١٠)ی مانگی سێپتەمبەر بەردەوام دەبێت.

ئەم پێشانگایە کۆمەڵێک کتێب دەگرێتە خۆ کە فەیلەسووفی کۆچکردوو (مونتسکیو) نووسیویەتی لەوانە (٢٢) کتێبیان بۆ یەکەمجارە دەچێتە فەرەنسا و لە کتێبخانەی نیشتمانی ڕووسیا پارێزراو بوون و کاترینی دووەمی ئیمپراتۆری ڕووسیا لە ساڵی ١٧٧٨ فەرمانی دابوو بە کڕینی سەرجەم ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە هەردوو فەیلەسووف (ڤۆڵتێر و مونتسکیو).

ئەمە و لە ژیانیاندا هەردوو فەیلەسووف ڕەخنە و ڕوانینی خۆیان بەرامبەر یەکتر گۆڕیوەتەوە.

## ئوسکۆتلەندا لە میوانداری «پۆل گۆگان»دا

ئەکادیمیای شاهانەیی لە (ئەدەنبرە)ی پایتەختی ئوسکۆتلەندا هەتا (٢)ی مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو پێشانگایەک بەخۆوە دەبینێت بۆ بەرهەمەکانی وێنەکێشی فەرەنسی (پۆل گۆگان) لەژێر ناوی (جیهانبینییەکانی گۆگان) کە گرنگترین ئەو تابلۆ هونەرییانە لەخۆ دەگرێت کە خاوەن ڕێچکەیەکی کاریگەرن لە وێنە کێشاندا.

لە گرنگترین بەرهەمەکانی «پۆل گۆگان ١٨٤٨- ١٩٠٣» پۆرترێتێکی خۆی و تابلۆیەکی هونەرمەندە بەناونیشانی (سپێدەت باش بەڕێز گۆگان).

**شۆڕش محەمەد حوسێن**
**(سلێمانی)**

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی، ٢٠٠٥/٨/٨

# دامەزرانی دەزگای وەرگێڕان لە هەولێر

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی دامەزرانی دەزگایەکی تایبەت بە چاپکردنی کتێبی وەرگێڕان، کەوتە سەر زار و زمانی ئۆگرانی ڕۆشنبیریی کوردییەوە.

بۆ ئاگاداربوون لە چەند و چۆنی پرۆژەکە لە گفتوگۆیەکی کورتی تەلەفۆنیدا بەڕێوەبەری دەزگاکەم دواند (کە خۆیان پێی دەڵێن سەرنووسەر و ئەو دەستەواژەیە ڕەنگە تەنیا بۆ بەڕێوەبەری گۆڤار و ڕۆژنامە دەست بدا و لە دەرفەتێکی دیکەدا پتری لەسەر دەڕۆین).

**میقداد شاسواری** لە وەڵامی یەکەم پرسیارمدا کە ئایا دەزگاکەتان حکوومییە، گوتی: **«نەخێر دەزگای وەرگێڕان کە ماوەی چەند مانگێکە هەوڵی بۆ دەدەین و توانیمان لەو مانگەدا دایمەزرێنین دەزگایەکی ئەهلییە.»**

شاسواری لە بارەی پێداویستیی دامەزراندنی دەزگاکەوە گوتی: «دیارە بەر لە ئێمەش دەزگای وەرگێڕان دامەزراون و ئیش دەکەن، بەڵام شێوازی کاری دەزگاکەی ئێمە لە هی ئەوان جیایە.»

ئینجا هاتە سەر شیکردنەوەی پلان و بەرنامەکانیان و گوتی: **«ئێمە خۆمان کتێب بۆ وەرگێڕان دەستنیشان دەکەین، بۆ ئەم کارەش ڕاوێژکاری شارەزامان هەن و لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا کتێب چاپ دەکەین. هەروەها لیژنەی زانستیمان هەیە کە بەسەر وەرگێڕاوەکاندا دەچنەوە، هەم لە ڕووی وەرگێڕانەوە لەگەڵ دەقی زمانە سەرەکییەکە بەراوردی دەکەنەوە و هەم لە ڕووی زمانەوانی و زمانی کوردییەوە هەڵیدەسەنگێنن»**.

شاسواری هەروەها گوتی: **«ئێمە زۆر بایەخ بە حەز و ویستی خوێنەران دەدەین و بزانین بازاڕی کتێب تامەزرۆی چ کتێبێکە، هەوڵ دەدەین زیاتر ئەوانە بڵاو بکەینەوە.»**

هەر لەو بارەیەوە، ئەندامێکی دیکەی دەزگاکە، **حەسەن دانیشفەر** گوتی: **«ئێمە هەوڵ دەدەین بەشێوەیەک، سەنعەتی چاپی کتێب وەڕێ بخەین و کتێبێک چاپ دەکەین کە تا ڕادەیەکی زۆر لە فرۆشرانی دڵنیا بین. بەم شێوەیە لە داهاتی دەزگاکە ڕێژەیەک بۆ تێچووی چاپی کتێبەکە، ڕێژەیەکی دیکەی وەک هەقە وەرگێڕان دەدرێ بە وەرگێڕ و ڕێژەیەکیش بۆ قازانجی دەزگاکە و بەردەوامیی چالاکییەکانی لەبەرچاو دەگیرێ.»**

دانیشفەر لە بارەی پلانی داهاتووی دەزگاکەوە گوتی: **«ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا کۆمەڵێک کتێب کە لە زمانە بیانییەکانەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی بڵاو دەکەینەوە. بۆ قۆناغی دووەمیش هەڵبژدەیەک کتێبی باشی کوردی کە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانە بیانییەکان لە چاپ دەدەین و بایەخێکی تایبەتیش بە چاپی کتێبی منداڵان دەدەین.»**

لە دانیشفەرم پرسی: ئەگەر وەرگێڕێک خۆی کتێبێکی تەرجەمە کردبێ، ئایا ئێوە بۆی چاپ دەکەن؟ لە وەڵامدا گوتی: **«بەڵێ لێی وەردەگرین و تەرجەمەکەی بەهەمان قۆناغی کتێبە دەستنیشانکراوەکاندا تێدەپەڕێ و ئەگەر لیژنەی بەراورد و هەڵسەنگاندن ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، ئینجا لە چاپی دەدەین.»**

هەروەها ڕایگەیاند: **«ئێمە بەپێی گرێبەستێک کە لەگەڵ وەرگێڕەکان ئیمزای دەکەین، لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا کتێبەکان چاپ و بڵاو دەکەینەوە.»**

ئەوە پوختەیەک بوو لە پلان و بەرنامەکانی دەزگای وەرگێڕان کە چاوەنۆڕین بگەنە ئەنجام.

شکی تێدا نییە وەرگێڕان ڕێگایەکی قەدبڕە کە ڕێگای دوورودرێژی ئەزموونی خۆماڵی کورت دەکاتەوە و لەوێوە دەشێ دەلاقە و پەنجەرەی ڕووناک بە ڕووی زانست و هونەر و ئەدەب و بەگشتی دەسکەوتە فیکرییەکانی دنیای پێشکەوتوودا بکەینەوە.

ئەوی ئەوان بە ڕەنج و ئارەقی ڕۆحی و فیکریی سەدان ساڵە پێی گەیشتوون، ئێمە دەتوانین پوخت و ڕوخت بیگوازینەوە نێو ماڵی ڕۆشنبیریی خۆمان.

گومانم نییە هەموومان لەسەر ئەو ڕایە کۆکین، بەڵام چۆناوچۆنی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە، شتێکە کە هێشتا لەسەری ساغ نەبووینەتەوە.

من هێندە ڕەشبین و هیچ نەبین نیم، بڵێم ئێمە لە بواری وەرگێڕاندا هیچمان نەکردووە یان وەرگێڕانمان نییە. هێندە خۆشباوەڕ و بەخۆنازیش نیم بە بردنی ناوی چەند کەڵە وەرگێڕێکمان، پاڵی لێبدەمەوە و خۆ گێڤ بکەم.

پێم وایە بزاڤی وەرگێڕان لای ئێمە دەمێکە وەڕێ کەوتووە. لێرەو لەوێ، بە تەنیا باڵی و یەکتەنەش بێ قەڵەمی وەرگێڕەکانمان هەر هەڵسووڕاون. بەڵام لەچاو پێداویستیی بیر و، تینوێتی فەرهەنگ و ئەدەبمان و لە چاو ئەو هەموو بەرهەم و کرە نازدار و فرە زەروورانەی بێگانان خولقاندوویانن، ئەوی کردوومانە یەک بە هەزاریش نییە.

بۆ ئەوەی هێندێک ئاگەداری باری نالەباری وەرگێڕانی لەمەڕ خۆمان بین، هێندە بەسە ئاماژە بە نموونەیەکی بچووک بکەم کە ڕەنگە ڕاستیی گەورەترمان بۆ وەدەربخات.

هەر ئەو قەڵەمەی ئێستا تۆ خوێنەری خۆشەویستی بەو وشانەی خۆیەوە خەریک کردووە، هەر لەم لاپەڕەیە و لە دووژمارەی بەرێدا، هەواڵی بڵاوبوونەوەی کتێبە چیرۆکێکی پڕ خوێنەری بڵاوکردەوە کە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا لە ماوەیەکی کەمدا بە ملیۆنانی لێ فرۆشا و تکای کرد بەشکو وەرگێڕێکی بە هیممەت قۆڵی لێهەڵماڵێ، بەڵام مخابن!

کەچی هەر لەو بنەوپاڵەوە، فارسەکان تا ئێستا بە دوو وەرگێڕانی جیا لە چاپیان داوە و ڕەوانەی بازاڕیشیان کردووە!

بە لێکدانەوەی من بۆ گەیشتن بە بارودۆخێکی وا کە ئێمەش شان بەشانی ڕووداوە فەرهەنگییە جیهانییەکان بتوانین ڕێ بکەین و هەنگاوەکانمان لەگەڵ ڕەوتی وەرگێڕانی جیهانی ڕێک بخەین، دەبێ بەوردی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە بناسین کە ڕێگەیان لە پێش کەوتنمان لەو بوارەدا گرتووە.

یەک لە کۆسپە هەرە سەرەکییەکان نەبوونی پیشەی وەرگێڕانە لە وڵاتی ئێمەدا. هەتا وەرگێڕەکانمان، وەکو پیشە، نەخرێنە کارەکەوە، بەو شێوە تەقەڵ شل و تورک واتەنی «هاردان بیر»ی وەرگێڕانەوە ناگەینە هیچ ئەنجامێکی دڵخواز.

ئەوەش کاتێک سەردەگرێ کە وەرگێڕ لە هەمبەر کردەی وەرگێڕاندا مزە وەرگرێ و بە وەرگێڕان بتوانێ بژیت. ئەمەش تا سەنعەتێکی ڕێکوپێکی بڵاوکردنەوەی کتێب وەڕێ نەخرێ، نایەتەدی. هەرگا بتوانین چەرخەیەکی ئابووری و فەرهەنگی لەنێوان بڵاوکەرەوە و وەرگێڕ و کتێبفرۆشدا وەگەڕ بخەین کە بە قازانجی هەموویانە و لە هەموانیش زیاتر سوودی خوێنەری تێدایە، هاوکات لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی وەرگێڕاندا دەتوانین هەل و ڕووداوە فەرهەنگییە گرنگەکان بقۆزینەوە و گەرموگوڕییەکیش بدەینە بازاڕی کتێب.

لەمانەش گرنگتر ڕەنگە بکرێ لە وڵاتێکدا کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکەکەی خوێندەوار بەڵام بە خوێندنەوە نامۆن، کولتووری کتێب کڕین و کتێب خوێندنەوە جێگیر بکرێ.

**سولەیمان دڵسۆز**

# به مێژوو گێڕانی ئەدەب، یان بە ئەدەب گێڕانی مێژوو

نیگار نادر
(بەریتانیا)



هەموو درۆ و دزی و هەڵەیەک دەبێتە مێژوو، بەڵام زۆر بە دەگمەن مێژوو دەبێتە دزی و درۆ و هەڵە، مێژوو بە هەموو پرسێک دەگەڕێ لێ کەم پرس هەن بە مێژوو گەڕێن. زۆر جاران وا ڕێدەکەوێ مرۆڤی زۆر ترسنۆک و نەزان مێژوو دروستیان دەکا یا بە پێچەوانەوە مرۆڤی گەلەک بیرکۆڵ و دۆڕاو مێژوو دروست دەکەن، لە بۆیە شەرت نییە تەنیا کەسانی ئازا و ڕۆشنبیر و هەڵکەوتە مێژوویەک دروستیان بکا یا کەسانی بیرمەند و هۆشیار و ئازاد مێژوو دروست بکەن.

نەتەوە و گەلە دواکەوتووەکان تا ئێستاش وا دەڕوانە مێژوو چاوەڕێی ئەوەیانە لێی هەموو خۆڕانان و ڕووکەشکاری و درووشمکاری و سەرکەوتن و کردارە چاکەکانیان بۆ بنووسێتەوە و هەموو تێشکان و گەمژەیی و کۆڵەوارییەکانیان بۆ داپۆشێ و مێژووی ئایینی و مێژووی سیاسی هەموو مێژووەکانی تری لێ خستوونەتە پەراوێزەوە.

وەختێک دەرگا لەسەر ئەدەبی زۆربەی گەلانی دنیا دەکەیتەوە پێش هەر شتێک مێژووی ئەو میللەتەت لە ئەدەبێکی باڵادا و بە زمانێکی تۆکمە وەبەر چاو دەکەوێ و هەست دەکەی مێژوو چۆن بە پارێزراوی و چۆن بە ڕاستگۆیی و بە چ هونەرێک وەرگەڕێنراوەتە سەر ئەدەب و چ نەمرییەکی بەخشیوەتە ئەڤ ئەدەبە.

بە دیوێکی دیدا کە دەرگا لەسەر مێژووی زۆربەی گەلانی دنیا هاوەڵە دەکەی تووشی هەژەند دەبی وەختێک دەبینی ئەدەب چەندە بە پیرۆزی بە شارەزایی و بە ئەمانەتەوە لە مێژوویاندا جێگەی خۆی ژ بۆ تەرخان کردووە و چۆن ئەو مێژووە ئەدبیەکانی نەمر کردوون و پاراستوون.

بە هەزاران بیرمەند و زانا و ڕۆشنبیر کۆ ببنەوە ناتوانن پەڕەیەکی مێژوو بگۆڕن و لەبەر یەکی هەڵوەشێننەوە و پاکنووسی بکەنەوە، بەڵام مێژوو دەتوانێ زمان و دڵ و هزری هەموو نەتەوەیەک بە ڕۆشنبیر و بیرمەند و زاناکانییەوە بهێنێتە گۆڕین و پاکتاوکردن و هەڵوەشاندنەوە. گەلانی کۆڵەوار نە سیاسەتی مێژوویی و نە پلانی مێژوویی و نە داهێنانی مێژووییان هەیە و هەر بەردەوامیشن لە نووسینەوەی مێژوویان بە هەڕەمەکی و کاوێژکردنەوەی مێژووەکەیان و بە ڕادانی مێژووەکەیان و سەنگەردانانن بەرامبەر ڕەخنە لە مێژوویان.

تێفکرین لە مێژوو، شێوازی نووسینی کاری هەموو ڕۆشنبیرانە. ئەڤ گەلانەی بێ ئاگان لە ڕەخنەگرتن لە مێژووی خۆیان و هەڵکۆڵینی مێژوویان بە چەند چاو و دەستان هەمیشە لە پاشەوەن و مێژووەکانیان تەنیا وەکی دروشمێک وایە بە دەستیانەوە ژ بۆ هەر پرسیار و قەیرانێکیش مێژوو بە وەڵام دەهێننەوە ژ بۆ هەموو کەموکورتییەک مێژوو دەکەنە گەواهی.

بە هەزاران کەس لە دنیادا تێدەکۆشن و دەکارن و ژیان لە دەست دەدەن بۆ ئەوەی بچنە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە بێ ئەوەی بزانن دەرکەکانی مێژوو بە ڕێکەوت دەکرێنەوە و زۆر جارانیش کلیلەکانیان بەدەست مێژوونووسانێکی ناکامڵ و ترسنۆک و بەربارن.

مێژوونووسی نەتەوە دواکەوتوو و بندەستەکان پەککەوتەتر و نەخوێندەوارتر و بێ جیهانبینیتر لە سیاسی و ڕۆشنبیر و ئەکادیمییەکانی ئەو نەتەوانە و لە خەت و سنوورە کێشراوەکان واوەتر قەڵەم نابزێون و چاو هەڵنایەنن. دڵنیاشن ڕۆژێک نایە ڕەخنەیەک پێبگا و هەموو پرۆژە سواوەکان هەڵتەکێنێ.

کاتی ئەوە هاتووە هەموو بزانین مێژوو ژ هەموو شتێک پتر جەسارەتی پێدەوێ و نە مێژووی بێ بە ئەدەب گەڕاو نە ئەدەبی بێ بە مێژوو گەڕاو وەکی پووشی بەر بان و کەس نایانبینێ.

٢٠٠٥/٦/١